# گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی

**"ئایندەی ململانێی عەلمانی- ئیسلامی لەکوردستاندا"**
**لێکۆڵینەوە،وتووێژ، بەڵگەنامە**

سەلام عەبدولکەریم

چاپی یەکەم

٢٠٠٩

ناوی کتێب:  گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی
نوسەر: سەلام عەبدولکەریم
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاین:
بەرگ: توانا ئەحمەد
چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.
چاپخانەی:
لەبڵاوکراوەکانی خانەی رەهەند ژمارە()
ژمارەی سپاردن() وەزارەتی رۆژشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان

"ئیسلامی سیاسی کوردستان بەم ڕێبازو ئایدۆلۆژیاو پراکتیکەسیاسییەی، کەتائێستا پەیڕەوی کردووە، هەڕەشەیە لەئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کوردی"

**ڕەفیق سابیر(کولتورو ناسیۆنالیزم)**

"ئیسلامییەکان بەتایبەت عەلمانییەت ڕەتدەکەنەوەو تەنها دیموکراسییان لەفۆرمە سیاسییەکەیدا قبوڵە"

**مەلابەختیار(دیموکراسیو دوژمنانی)**

"بزوتنەوە ئیسلامییەکان زادەی کۆمەڵگەی کوردینو لەوێ هەنو دەمێننەوەو دەبێ بەرمەبنای سیاسەتێکی حەکیمانە مامەڵەیان لەتەکدا بکەین"

**فاروق ڕەفیق(ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار)**

"شەڕکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بەبێ شەڕکردن بۆ دیموکراسییەت مەحاڵە"

**مەریوان وریا قانیع(دەربارەی ئیسلامو خێڵو ڕۆشنگەری)**

"سبەینێ لەهەموو کوردستاندا دەسەڵات پەیدا دەکەین، بەدڵنیاییی نایەڵین خواردنەوە لەبازاڕ بفرۆشرێ"

**م.عەلی باپیر(سنورە قەدەغەکان مەشکێنن)**

## ناوەرۆك


پێشەكی

**بەشی یەكەم(چەمكی ئۆپۆزیسیۆن و بنەماكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)**

باسی یەكەم(مانای ئۆپۆزیسیۆن و ئامرازو جۆرەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

تەوەرەی یەكەم(ماناو پێناسەكانی ئۆپۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

تەوەرەی دووەم(ئامرازو جۆرەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

باسی دووەم(مەبەست و ئامانجەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

باسی سێیەم(پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەكۆمەڵگەی كوردیدا)

**بەشی دووەم(ئیشكالییەتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەكۆمەڵگەی كوردیدا)**

باسی یەكەم(ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەدەسەڵاتی سیاسی كوردی و هێزە عەلمانییەكانەوە)

باسە دووەم(دەسەڵات و وێناكردنی ئیسلامی سیاسی وەك مەترسی)

باسی سێیەم(پرۆژەی بەعەلمانیكردنی كۆمەڵگەی كوردی و ئایندەی ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا)

**بەشی سێیەم(گرفتەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەكۆمەڵگەی كوردیدا)**

باسی یەكەم(ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەگوتاری ئیسلامی سیاسی و هێزە ئیسلامییەكانەوە)

باسی دووەم(سەرەتاكانی دەستپێكردنی رێكخستنی سیاسی ئیخوان موسلیمین لەكوردستاندا)

باسی سێیەم(گوتارو پرۆژەی ئیسلامی كوردی چەكدارو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

بزوتنەوەی ئیسلامی وەك نموونە

باسی چوارەم(گوتارو پرۆژەی ئیسلامی كوردی نەمیانڕەو، نەچەكدار)

بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی وەك نموونە

باسی پێنجەم(پێكهێنانی بزوتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی لەكوردستان)

باسی شەشەم(پێكهێنان و راگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامی)

باسیحەوتەم(هەڵوێست بەرامبەر بەچەمكی دیموكراسی و ئازادی تاكەكەس و بابەتە پەیوەندیدارەكانی)

باسی هەشتەم(گوتارو پرۆژەی ئیسلامی میانڕەو)

یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان وەك نموونە

باسی نۆیەم(پرۆژەی بەعەلمانیكردن و بەئیسلامیكردنی كۆمەڵگەی كوردی و ئایندەی ململانێكان)

**دەرئەنجام**

**سەرچاوەكان**

**پاشكۆی وتووێژو دیدارەكان**

- وتووێژ لەگەڵ(ئەبەبەكر عەلی)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی و رووناكبیرو ئەكتیڤیستی ئیسلامی.
- وتووێژ لەگەڵ(عادل باخەوان) توێژەر لەبواری ئیسلامی سیاسی.
- وتووێژ لەگەڵ(شوان ئەحمەد)، شارەزا لەبواری ئیسلامی سیاسی.
- وتووێژ لەگەڵ ئەیوب نیعمەت(ئارام قادر)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی كۆمەڵی ئیسلامی و كەسایەتی ئەكتیڤیستی ئیسلامی.
- وتووێژ لەگەڵ(محەمەد بازیانی)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی.
- وتووێژ لەگەڵ(د.سەباح بەرزنجی)، رووناكبیرو كەسایەتی ئیسلامی.
- وتووێژ لەگەڵ(عەلی باپیر)، ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی لەكوردستان.
- وتووێژ لەگەڵ نەجمەدین فەرەج(كرێكار)، ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام لەكوردستان.
- وتووێژ لەگەڵ نیاز سەعید عەلی، پسپۆڕ لەبواری ئیسلامی سیاسی و تیرۆر.
- **پاشكۆی بەڵگەنامەكان**
- **پاشكۆی وێنەكان**

**بەهاوڕێی بەڕێزم...**

**ئەرسەلان تۆفیق..... مرۆڤێك پڕ پڕ لەمانا جوانەکانی هاوڕێیەتی پێشکەشە**

## پێشەکی

ڕەنگە قسەکردن لەسەر جوڵانەوەی ئیسلامی یاخود پرۆژەو گوتاری هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان لەکۆمەڵی کوردیدا هەروا ئاسان نەبێت، هەروەك ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەریشی کارێکی هەروا سانا نییە، بەتایبەت کەرۆشنبیریی کوردیی ئێمە، یاخود لەدامو دەزگا زانستیو ووناکبیریو سیاسییەکانی کوردستاندا سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە، یان ناوەندێکی ئەکادیمی بۆلێکۆڵینەوە لەدیاردەی جوڵانەوەی ئیسلامیو پرۆژەو گوتاری هێزە ئیسلامییەکان بەگشتیو هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بەتایبەت بوونی نییەو ئەوەی تائێستا هەستی پێدەکرێت، بریتییە لەچەند هەوڵێکی تاکەکەسیو پچڕ پچڕ، کەئەنجام دەدرێت.

دەست نەگرتنو هاوکاری نەکردنی توێژەرانی ئەو بوارەو دیاردەی ئیسلامی سیاسی(مەبەست لەو هێزو گروپە ئاینیو ئیسلامییانەیە، کە لەپاڵ ئامانجی ئاینیدا ئامانجی سیاسییان هەیە)، بۆخۆی هۆکارێکی تربێت لەوەدا، کەنەتوانرێ توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمی لەسەر ئەم دیاردەیە بکرێت، لەکاتێکدا بزوتنەوە ئیسلامییەکانو گوتارو پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکان بەکوردستانیشەوە بەشێکن لەململانێ سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەو ناکرێ وازیان لێبهێنرێ، بەتایبەت کەئایندەی ململانێ سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانو مەسەلەکانی ئازادی تاکەکەسو مافە مەدەنیو سیاسییەکان تاڕادەیەکی زۆر بەم ململانێیانەوە بەندن، کەچی بەداخەوە خەمساردیو کەمتەرخەمییەکی زۆر لەرۆشنبیریی ئێمەو لەدامو دەزگا ئەکادیمیو رۆشنبیریو رۆژنامەوانیو سیاسییەکانی ئێمەدا بەدی دەکرێت، ئەمە جگەلەوەی تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی زانستی خودی مێژووی سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئیسلامیو مێژووی پارتو گروپە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی زانستیو لەژێر ۆرۆشنایی میتۆدێکی زانستیدا کەئامانجی بەرهەم هێنانی مەعریفە بێت نەنوسراونەتەوە، مەگەر

هەندێ هەوڵی کەم نەبێت. هەروەها سەرکردە سیاسییەکانو ئەندامانو کەسایەتییەکانی نێو ئەو گروپو هێزە ئیسلامییانەش نەمێژوو، نەیادداشت، نەژیاننامەی خۆیانو نە رووداوەکانی نێو دیاردەو جوڵانەوەیەیان بەباشی تۆمار نەکردووە، کەئەمەش هەم کەمتەرخەمییەو هەم بۆشاییەکی گەورەش لەمێژووی جوڵانەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەباشوری کوردستاندا دروست دەکات.

لەلایەکیتریشەوە پرۆژەی جوڵانەوەی ئیسلامی تازەیە بەنیسبەت کۆمەڵگەی کوردییەوەو گۆڕانکاری زۆر گەورەش لەگوتارو پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکاندا روویداوە، بەجۆرێك نەتوانرێ بەرێکو پێکی پرۆژەیەك وەربگیرێو توێژینەوەی لەسەر بکرێت. بۆیە وەك هەوڵێکی زانستیو تاکەکەسیو هەستکردن بەگرنگی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەو بوارەو لەبواری پرۆژەو گوتاری هێزە ئیسلامییەکانولەپێناوی خزمەتکردنی کایەی رۆشنبیریی کوردیو پڕکردنەوەی کتێبخانەی کوردی لەو بوارەدا، بەپێویستمانزانی ئەم توێژینەوەیە تەرخان بکەین بۆقسەکردن لەسەر گوتارو پرۆژەی جوڵانەوەی ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیو ئاماژەکردن بۆئایندەی ململانێی عەلمانی — ئیسلامی لەکۆمەڵگەی کوردیدا. بەتایبەت ئێمە زیاتر قسەمان لەسەر چەند تەوەرەیەکی گرنگ کردووە، کەپەیوەستن بەو پرسیارانەوە بۆچی هێزە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا لەکۆمەڵگەی کوردیدا؟ ئایا هێزە ئیسلامییەکان لەرابردوودا و لەوکاتەدا کەخاوەنی نفوزی سیاسیو کۆمەڵایەتیو تەنانەت سەربازی خۆیان بوون بڕوایان بەچەمکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی وەك بەشداریی سیاسی هەبووە، بۆخزمەتکردنی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیو فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسییەتو ئازادی تاکەکەسیو ئازادی سیاسیو کۆمەڵایەتی، یان لەبیرکردنەوەو هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیسلامیدابوون؟ ئایا تێگەیشتن لەچەمکی دیموکراسی لای هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان چۆنەو تاچ ئەندازەو ئاستێکە؟ ئایا گوتاری ئیسلامی کوردی لەسەرەتاوە کاری لەسەر پاراستنو بەخشینی تایبەتمەندێتی ناسنامەی

نەتـــەوەیی کـــوردیی کـــردووە، یـــان گرێیـــداوە بـــەگوتاری کۆسمۆپـــۆلیتیو یونیڤێرسـاڵیانەی ئـاینیو ئیـسلامییەوەو پـرۆژە ئـاینیو ئیـسلامییەکەی بەسـەر پـــرۆژە نەتەوەییەکـــەدا سەرخـــستووە؟ ئایـــا ململانێـــی عـــەلمانی– ئیـــسلامی لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەرەو کوێ دەڕوات؟ لەگەڵ زۆر پرسیاری تـر کەهەوڵدراوە وەڵامیان بدرێتەوە.

لەلایـــەکیترەوە ئێمـــە بەشـــێکی زۆری زانیارییـــەکانمان بەبەڵگەنامـــەوە وەرگرتـووەو هەوڵمانـداوە بەشـێوەیەکی بێلایەنانـەو زانـستییانەوەك توێـژەرێك مامەڵـــەیان لەگەڵـــدا بکـــەینو قـــسە لەســـەرکردنو هەڵـــسەنگاندنی بۆخوێنـــەر جێـدەهێڵینو لەکوێـشدا پێویـست بووبێـت بـیروڕای خۆمـان لەسـەر بابەتـەکان دەبڕیوەو هەوڵمانداوە ناوەڕۆکی گوتارو پـرۆژەی جوڵانـەوەی ئیـسلامی کـوردی لەمەڕ زۆر بابەتو چەمكو مەسەلەی گرنگ روون بکەینەوە.

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەشی سـەرەکی پێکدێت، لەبەشـی یەکەمـدا ئێمـە قـسەمان لەسـەر مانـای ئۆپۆزیـسیۆنو ئـامرازو جۆرەکـانی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسیو مەبەستو ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسـیو پێویـستی کۆمەڵگـەی کـــوردی بـــەبوونو ئامـــادەیی ئۆپۆزیـــسیۆنی سیاســـی کـــردووەو بنـــەماکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیمان خستۆتەڕوو. هەرچـی بەشـی دووەمـە تـەرخان کـراوە بۆگیروگرفتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیداو بەسەر دوو باسـی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەجۆرێك لەباسی یەکەمدا ئـەو گرفتانـەمان باسـکردووە، کەپەیوەستن بەدەسـەڵاتی سیاسـیو رۆشـنبیرانی کـوردەوەو تێڕوانینیـان لەمـەڕ دیـاردەی ئیـسلامی سیاسـیو بەمەترسـیدانانی پـرۆژەی جوڵانـەوەی ئیـسلامی، بەتایبەت بیروڕاکـانی هەریەکـە لـە(رەفیـق سـابیر، فـاروق رەفیـق، مەلابـەختیار، مەریوان وریا قانیع)و لەگەڵ هێنانـەوەی بـیروڕای ئەمانەشـدا گفتوگۆو تـاوتوێی ئەو بۆچوونانەمان کردووە. هـەر لـەم بەشـەدا بـاس لـەپرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردیو گرفتو کەموکورتیو کەمتەرخەمییەکانی کراوە.

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆقسەکردن لەسەر ئەو گرفتانەی، کەپەیوەستبوون بەهێزە ئیسلامییەکان خۆیانو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردییو سەرنجو تێڕوانینی ئەوان خراوەتەڕوو، بەتایبەت چۆنێتی سەرهەڵدانو دەستپێکردنی جوڵانەوەی ئیسلامی لەکوردستان وەك درێژکراوەی ڕێکخستنو پرۆژەی سیاسیو ئیسلامی ئیخوان موسلیمینو کاریگەری لەسەر هەڵوێستی سیاسییان بەرامبەر بەکێشەی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیو هەندێ بابەتی تر. هەر لەم بەشەدا بەزانیاری متمانە پیکراوەوە پرۆژەو گوتاری ئیسلامی کوردیمان جیاکردۆتەوەو تێڕوانینو مامەڵەی هەر یەکێکیشیانمان لەگەڵ مەسەلەکانی ئازادیو دیموکراسیو دەسەڵاتو هەندێ بابەتی پەیوەندیداریتر خستۆتەڕوو. هەروەك باسیشمان لەتەوەرەکانی ململانێی عەلمانی– ئیسلامی لای هێزە ئیسلامییەکان کردووە.

ئێمە لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پاشکۆیەکمان داناوە، کەچاوپێکەوتنو وتوێژە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی نێو جوڵانەوەی ئیسلامیو هەندێ لەو کەسانەی، کەوە ك چاودێرو شارەزاو پسپۆڕ لەبواری جوڵانەوەی ئیسلامیو هێزو گروپە ئیسلامییەکاندا کار دەکەن، ئەمەش بۆچەند مەبەستێك، لەوانە رەنگە هەندێ بیروبۆچوونی ئەو کەسایەتییانە لەتوێژینەوەکەدا باسکرابێ، کە لەسەردەمێکی مێژوویی تایبەتو لەهەندێ بارودۆخی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیدا کرابن یان نوسرابن، بۆئەوەی مافی بیروبۆچوونی نوێی ئەو کەسایەتییانە لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئەم توێژینەوەیە نەفەوتێو دەرفەتێکیش هەبێت بۆبەخشینی زانیاریو لێکدانەوەی نوێ لەسەر ئەو بابەتانەی قسەیان لێکردووە. هاوکات بەشێك لەو کەسایەتییانە خۆیان لەنزیکەوە لەنێو سەرهەڵدانو قۆناغەکانی گەشەکردنی جوڵانەوەی ئیسلامیدا بوونو بەشێك لەو رووداوانەو ئەوان دروستییان کردووەو رۆڵیان هەبووە تیایانداو ئاراستەیان کردوونو کارلێکیان لەگەڵدا کردوون، بۆئەوەش ئەو مێژووە لەزاری کەسایەتییەکانی ئەو قۆناغانەوە تۆمار بکرێو لەلەبیر چوونەوە

بپارێزرێن. هاوکات بۆئەوەی لەئێستادا قسە لەسەر ئایندەی ململانێ سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانو گواستنەوەی بۆچوونەکان زیندوو بێت بۆخوێنەر. هەندێکیتر لەو بەڕێزانەی ئێمە وتووێژو چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردوون وەك کەسی تایبەتمەندو شارەزاو چاودێرو پسپۆڕ لەبواری جولانەوەی ئیسلامیو کارو پرۆژەو گوتاری ئیسلامی سیاسیدا کاردەکەنو بیروراکانی ئەوان وەك شیکردنەوەی ئەزمونی جولانەوەی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بەبێ پابەندبوون بەبیرو بۆچوونەکانیانەوە، تەنها وەك کارێکی زانستی بیرو بۆچوونو لێکدانەوەکانیان بۆخوێنەر گوازراوەتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەهەندێ لەو وتووێژنەدا کۆمەڵێك زانیاریو نهێنی تایبەت بەرووداوەکانی نێو دیاردەی ئیسلامی سیاسیو جولانەوەی ئیسلامییەوە ئاشکرا کراون، کەتاوەکو ئێستا باسیان لێوە نەکراوە، بەتایبەت هەندێ لەو زانیاریانە دانپێدانانن لەسەر رووداوەکان.

بەشێکی زۆری ئەم وتووێژو چاوپێکەوتنانەش پێشتر لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەئامانجی ئەوەی، ئەگەر سەرنجو تێبینیو رەخنەیەك هەبێت لەسەریان، بەر لەبڵاوکردنەوەیان لەچوارچێوەی ئەم کتێبەدا پیایاندا بچینەوە.

لەکۆتاییدا هەموو ئەو زانیاریانەی، کەبەکارهاتوون لەم توێژینەوەیەدا زانیاری متمانەدارو پشت پێبەستراون، بەجۆرێ بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمی سەرچاوەکانمان بەکارهێناوە. هەروەها سەرچاوەکان بەشێوازێکی زانستی بۆنوسینی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوەو هەوڵمانداوە دوور بکەوینەوە لەزمانی ئایدۆلۆژییو مامەڵەی نازانستی، بەڵکو تەرکیزی تەواومان خستۆتە سەر خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆئاشکراکردنی چەند نهێنیو نەزانراوێكو بێلایەنانە لەبابەتەکانمان روانیوە. دواجار هیوادارم ئەم بەرهەمە کەلێنێك لەکتێبخانەی کوردیو رۆشنبیریی کوردی لەبواری کارکردن لەسەر جولانەوەی ئیسلامی پڕبکاتەوەو هاندەرێکیش بێت بۆ بایەخدان بەلێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارەدا.

ئوەی کەپێویستە لەدوا وشەی ئەم پێشەکییەدا بیڵێم ئەوەیە، ئەم کتێبە بەتایبەت لێکۆڵینەوەکەی نێوی بەرهەمەی کاری زانستی نزیکەی دوو ساڵ بەر لەئێستایە، کەئێمە پێیەوە سەرقاڵبووین، بەلام بەهۆی نەبوونی دەرفەتو سەرقاڵییەوە بلاوکردنەوەی کەوتە ئێستا. هەوڵیش دەدەین لەداهاتوودا و بۆچاپەکانیتر کاری باشتری تێدا بکەینو کەلێنەکانی لەچەند روویەکەوە پڕ بکەینەوە. هەر خوێنەرێکی بەڕێزیش بەڵگەنامە یان شتێکی پێویستو پەیوەندیداری بەم بابەتەوە هەبێت، یان سەرنجو رەخنەو تێبینییەکی هەبێت لەسەر ئەم کتێبە دەتوانێت بەو ناونیشانە ئەلیکترۆنییە پەیوەندیمان پێوە بکات، ئێمە مەمنوین دەبینو دەستی هاوکاری دەگوشین. سەبارە بەبەڵگەنامەکانیش هەوڵی زۆرماندا وە بەڵگەنامەی زیاترمان چنك بکەوێت بۆئەوەی بلاوی بکەینەوەو داواشمان لەزۆربەی کەسایەتیو خودی لایەنە ئیسلامییەکان کردووە، کەهەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیداریان بەم باسەوە هەبێت بلاوی بکەینەوە، بەلام دیارە ئەوەندەمان دەستکەوت. بۆیە بۆداهاتوو کارمان لەسەر ئەوە کردووە، کەبەڵگەنامەی زیاترمان چنگ بکەوێتو بلاوی بکەینەوە.

**سەلام عەبدولکەریم**

خوێندکاری دوا قۆناغی ماستەر لەزانکۆی سلێمانی

Salam_1980@yahoo.com

٢٠٠٩/٩/١٥

# بەشی یەکەم

## (چەمکی ئۆپۆزیسیۆن و بنەماکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

### باسی یەکەم

### (مانای ئۆپۆزیسیۆن و ئامرازو جۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

### تەوەرەی یەکەم

### (مانا و پێناسەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

هـەموو چـەمکێك پێویـستی بەناسـاندن هەیـە، بـەجۆرێك بـیرورای جیـاواز دەربـارەی چـەمکی ئۆپۆزیـسیۆن بەگـشتیو ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی بەتایبـەت هەیـە. ئۆپۆزیـسیۆن دیاردەیـەکی تەندروسـتە لـەدیاردەکانی دیموکراسـییەتو بیرورای جیاوازی لەسەرە، هەریەکێکیان لەگەڵ ئەوی تردا لەیەکتری جیاوازە.[١]

دەکـرێ لێـرەوە بـەکورتی لەچـەند پێناسـەیەکدا شوناسـی ئۆپۆزیـسیۆن بخەینەروو:

- سـەرەتا زانـراوە، کـە لـەرووی زمانەوانییـەوە وشـەی ئۆپۆزیـسیۆن زاراوەیەکی خۆرئاواییەو وەرگێڕانێکی حەرفی وشەی(opposition)ە. لـەرووی زاراوەییـەوە ئۆپۆزیـسیۆن بەتایبـەت لەچـەمکەخۆرئاواییەکەیدا وادەناسـرێت، کەبریتییـە لەبەرنامەیـەکی سیاسـی گۆڕانکـار بەرامبـەر بەبەرنامەیـەکی سیاسـی تـر، لەگـەڵ ئـەوەی دەبێـت چـەمکی بنـەڕەتی ئۆپۆزیسیۆن بریتی بێت لەخزمەتکردنی نیشتمانو دانانی بەرژەوەنـدی بـاڵا لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانی ترەوە.[٢]
- بۆچوونێکی تر پێی وایە ئۆپۆزیسیۆن لەکۆمەڵگـەی مەدەنیـدا، بریتییـە لـەبوونی هێزێـك یـان چـەند هێزێـك لـەدەرەوەی دەسـەڵات، کەهەڵدەسـتێ

بەپــشکنینی دەســەڵاتو هۆشــیارکردنەوەی خــەڵکو تەنانــەت خــودی دەسەڵاتیش لەکێشەو کەموکورتییەکان.(٣)

– بیرورایەکی تـر دەڵێـت:" ئۆپۆزیـسیۆن واتـە رەتکردنەوەیـەکی تـەواوی بـەڕێوەبردنی دەسـەڵات. ئەگـەر هـاتوو دەسەڵاتەکەناشـەرعی بـوو، ئـەوا ئۆپۆزیسیۆن بەهیچ شتێکی دەسـەڵات رازی نابێـتو لەبنەڕەتـەوە کۆشـش دەکــات بــۆلاوازکردنو تێکــدانی دەکــات، لەبەرئـــەوەی دەســـەڵاتێکی ناشـەرعییە. هـەروەها هـیچ چاکـسازیو دەسـتکاریکردنێکی دەسـەڵاتیش قبوڵ ناکات، تەنانەت ئەگەر ئەو چاکسازیو دەستکاریکردنە پـۆزەتیڤیش بێـت. بۆیـە ئۆپۆزیـسیۆنو دەسـەڵات لـەدۆخی ململانێیـەکی تونـد دانو هەریەکەیان هەوڵ بۆریشەکێشکردنی ئەویتریان دەدات.(٤)

– بۆچـوونێکی تــر وایدەناسـێنێت کـە:" ئۆپۆزیـسیۆن بریتییـە لــەرای کەمینەی پێچەوانەی رای زۆرینە.(٥)

– هەندێکیتر ئۆپۆزیسیۆن واپێناسـەدەکەن کەدیاردەیەکە لـەدیاردەکانی خــەباتی سیاســی هاچــەرخ لەکۆمەڵگــەدا(٦)، بــەئامانجی چــاودێریکردنی دەســـەڵاتو پـــشکنینی رەوشو بـــارودۆخی کایـــە جیاوازەکـــانی ژیـــان لەکۆمەڵگەدا.

– لەشوێنێکی تـردا بـەجۆرێکیتر پێناسـەی ئۆپۆزیـسیۆن کـراوە، بـەجۆرێك هەندێ لەو پێناسانەی پێشوو دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوەو لەگەڵیانـدا ناتـەبا دەوەسـتێتەوەو رایدەگەیـەنێتن کەئۆپۆزیـسیۆن بـەمانای روبەڕووبوونـەوە لەگــەڵ دەســـەڵاتدا نایــەت، بـــەڵکو ئۆپۆزیـــسیۆن بریتییـــە لەچـــاودێری هەمیشەییو بەردەوامی ئەدای حکومەت، بەجۆرێك کەدیراسەی هـەنگاوەکان دەکاتو کارەکانی حکومەت هەڵدەسـەنگێنێو رەخنـە لـەو مومارەسـاتانەی دەسـەڵاتی حکومـەت دەگرێـت، کـە لەگـەڵ یاسـاو سیـستمو بەرژەوەنـدی دەوڵەتو کۆمەڵگەدا دژ دەوەستێتەوە.(٧)

ئـــەوەی کەپەیوەســـتە بـــەتێڕاونینی ئـــاینیو ئیـــسلامییەوە بۆچـــەمکی ئۆپۆزیـــسیۆن ئەوەیـــە، کـــەتێڕوانینی ئیـــسلامی بۆچـــەمکی ئۆپۆزیـــسیۆن تێڕوانینێکەتاڕادەیـــەکی زۆر لـــەنێو جیهـــانبینی دەقـــە ئاینییەکانـــەوە سەرچـاوەی گرتـووە. هەرچـەندە لەئیـسلامدا وشـەیەك بەشـێوەی زاراوەی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی نییـە، بـەڵکو زاراوەی(فـەرمان بەچـاکەو ڕێگـری لەخراپـە)بـوونی هەیـە، بـەجۆرێك گـەل مـافی ڕەخنـەگرتنو چـاودێریو ئاراسـتەکردنی پێدەبەخـشرێت. هـەروەك ئۆپۆزیـسیۆن لەئیـسلامدا بریتییـە لـــەراو بۆچـــوونو ئامۆژگـــاری[٨]. لەهەمانکاتـــدا ئۆپۆزیـــسیۆنی سیاســـی لەئیـــسلامدا بـــەوە جیادەکرێتـــەوەو ئـــەو خاســـییەتەی هەیـــە، کەبریتیـــە لەپابەنـــدبوونی فـــەرمانڕەواو فـــەرمان لەســـەرکراو بەبنـــەماو پرەنـــسیپە ئیـسلامییەکانەوە.[٩]. هـەروەك دیـسان لەدیـدی ئیسلامیـشدا ئۆپۆزیـسیۆن ڕێگەیەکەبۆگەیـــشتن بەخـــستنەڕووی ڕاســـتیو ناڕاســـتییەکان، هـــەروەها هۆکارێکیـــشە بۆرێگـــەگرتن لەســـتەمو لادانو چەوســـاندنەوەی حـــوکمی تاکڕەویو بەرکەنارگیرکردنی دەنگو بیروڕاکانی تر.[١٠]

بۆیـە لێـرەوە تێدەگـەین، کەچـەمکی ئۆپۆزیـسیۆن لەدیـدی ئیـسلامیدا زیـاتر بارگاوییە بەپرۆژەی ئیسلامی بۆکۆمەڵگـە، واتـە ئۆپۆزیـسیۆن یـەکێك لـەو کایـە سیاسییانە دەبێت، کەبەشێك لەپێکهاتەی گوتاری سیاسی ئیسلامی پێکهێنـاوەو یـەکێك لەرێگـە چارەکانیـشە بۆگەیـشتن بەدەسـەڵاتو فەرمانڕەوایـەتیکردن. ئەمـــەش مانـــای ئەوەیـــە، کـــەناتوانرێت چـــەمکی ئۆپۆزیـــسیۆن لـــەگوتاری بەئیـــسلامیکردنی کۆمەڵگـــەو کایـــە جیاوازەکـــانی دابـبڕدرێـــت، چـــونکەگوتاری ئیـسلامی دەرهاویـشتەی ئـەو پرۆسـە دوورو درێژەیـە، کەدەشـێ نـاوی بنـێین پـــرۆژەی بەئیـــسلامیکردنی کۆمەڵگـــە. لـــەنێو پـــرۆژەی بەئیـــسلامیکردنی کۆمەڵگەشدا، کە لەلایەن هێزە ئاینیو ئیسلامییەکانەوە کـاری لەسـەر دەکرێت، کـارکردنی سیاسـیو پێکهێنـانی گـروپو پـارتی سیاسـیو نیـشاندانی وەزیفـەی ئاینیو ئیسلامی لەفۆرمـە سیاسییەکاندا، لەهـەرە دیـارترین چـالاکی ئـەو هێـزە

ئیسلامییانەیە، کە لەرێگەیەوە دەیانەوێت پێکهاتەو تەوەرەکانی تری پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی تێدا پراکتیك بکەن.

لەلایەکیترەوە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لەدیدی ئیسلامیدا هەمیشە بەستراوەتەوە بەچەمکەکانی تری وەك(چاکەو خراپە، فەسادو ئیسلاح، رەواو ناڕەوا، راستو ناڕاست، ستەمکاریو دادپەروەری،...تاد). واتە کاتێك لەگۆشەنیگای ئیسلامییەوە باس لەخراپە دەکرێت، ئەوا بەدوایدا باس لەچاکەوەك ئەلتەرناتیڤێك دەکرێت. بۆیە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لەتێڕوانینی ئیسلامیدا هەڵگری خەسڵەتی گۆڕانکاریو خاوەنی گوتاری دەستکاریکردنە تائاستی بەکارهێنانی ئامرازو رێگە چارەکان، زۆرجار بەبەکارهێنانی رێگەی توندوتیژیو سەربازیشەوە، بگرە بەشێکی زۆر لەهێزە سیاسییە ئیسلامییە چەکدارییەکان یان ئەو گروپانەی، کەخاوەنی گوتارێکی ئیسلامی سەلەفیو جیهادین بەکارهێنانی هێزو خەباتی چەکداری بەباشترین رێگە دەزانن بۆگەیشتنە دەسەڵاتو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیو ریفۆرمکردنی بوارەکانی کۆمەڵگەو تەنانەت بەرپاکردنی گۆڕانکاری رادیکاڵیو دەستکاریکردنەوەی دامەزراوەو دیاردەو پێدراوەکانی کۆمەڵگەو دانانی ئەلتەرناتیڤو جێگرەوەی ئیسلامی لەژێر رۆشنایی پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەدا. زیاتر ئەمجۆرە رەوتو گروپە ئیسلامییانە دەچنە ژێر تێزە ئیسلامیو سیاسییەکانی هەریەکە لەئەبو عەلای مەودودیو سەید قوتبەوەن کەخاوەنی تیۆری دەسەڵاتخوازی ئیسلامینو گۆڕانکاری رادیکاڵیو رەگو ریشەیین لەکۆمەڵگەداو بەکورتی پێیانوایە ئیسلاحی کۆمەڵگەو بەئیسلامیکردنەوەی خەڵكو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ بەبەرپاکردنی حوکمی خودا دەست پێدەکات، کەئەمەش سەرەتایەکەبۆچاکسازی لەبوارەکانی ترداو بۆچوونیشیان وایە، کەگروپە ئیسلامییەکان دەبێ هەڵگری پرۆژەی بەرپاکردنی حوکمی خودایی بنو سەرەتا لەگۆڕینی دەسەڵاتەوە دەست پێبکەن، کەبەکارهێنانی هێز یەکێك لەرێگە چارەو ئامرازە رێگە پێدراوەکان دەبێت[11].

بەهەرحاڵ بەڵگە زۆرە لەسەر ئەوەی، کەئۆپۆوزیسیۆن‌و گۆڕینی دۆخی خراپی کۆمەڵگە لەدیدی ئیسلامیدا مانای تایبەتی خۆی هەیەو ئەو ئامرازو هۆکارانەش دیاریدەکردووە، کەبەهۆیەوە بەرهەڵستیکاری دەسەڵاتی سیاسی بکرێت لەپێناوی گۆڕینی دۆخە خراپەکانی کۆمەڵگەدا. بۆنموونە پەیامبەری ئیسلام(د.خ) دەفەرموێت:"من رای منکم منکرا فليغيره بيده فان لم يستطع فبلسانه، وان لم يستطع فبقلبه، وذلك اضعف الايمان".[١٢]. واتە:" ئەگەر یەکێك لەئێوە خراپەیەکی بینی، بابەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی بیگۆڕێت، ئەگەر هەر نەیتوانی بابەدڵی، کەئەوە لاوازترینی باوەڕە". لەشوێنێکی تردا هاتووە:" افضل جهاد كلمة عدل امام سلطان جاهر".[١٣] واتە:"چاکترین جیهادو خەباتو تێکۆشان بریتییە لەوتنی وشەیەکی راست لەبەردەم فەرمانڕەوایەکی ستەمکاردا".

بێگومان بیروڕای جیاواز لەمەڕ چەمکی ئۆپۆزیسیۆن‌و شێوازی کارکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەدیدی ئیسلامیدا ئامادەیی هەیە، بەشێوەیەك بەشێك لەگوتاری ئیسلامی توندڕەوو پەرگیر کەمتر بڕوای بەفۆرمە سیاسیو مەدەنییەکەی چەمکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە، بەڵکو زیاتر کار لەسەر چەمکی شۆڕشگێڕیو خەباتی چەکداریو رێگەچارەی سەربازیو کودەتا دەکاتەوە بەسەر دەسەڵاتداو پێی وایە گۆڕانکاری یاخود ئۆپۆزیسیۆنبوون بەگۆڕینی دەسەڵات دەست پێدەکات، نەك ریفۆرمکردنی دەسەڵات، کەئەو دەسەڵاتە ئەلتەرناتیڤەش بریتی دەبێت لەدەسەڵاتی ئیسلامی یاخود هەندێ جاریش دەسەڵاتی ئاینی، کە لەهەموو بارەکاندا شوناسو پێکهاتەو فۆرمو شێوازەکانی دەسەڵاتی یەکەم رەتدەکاتەوە. دەشێ ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە زیاتر وای دابنێین، کە لەنێو فیکری ئیسلامیدا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیدایەن کەزیاتر فۆرمێکی تۆتالیتاریانە لەخۆدەگرێت[١٤]، بەڵام تێڕوانینە میانڕەوەکانی نێو گوتاری ئیسلامی، ئۆپۆزیسیۆن وەك هێزێکی پۆزەتیڤو بونیاتنەر

وێنادەكات بەئامانجی فەرمانكردن بەچاكەو رێگریكردن لەخراپەو پەیوەستبوون بەپاراستنی مافو بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگەوە.[١٥]

## تەوەرەی دووەم
## (ئامرازو جۆرەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

كاتێك بیروڕایەك یان بیرۆكەیەك پێشنیاز دەكرێت دوو ئەگەر هەیە، ئەو دوو ئەگەرەش بریتین لەراستی یان هەڵەو خەڵكیش جیاوازن لەدەستنیشانكردنی ئامرازەكانی ئۆپۆزیسیۆندا. بۆیە لێرەوە چەمكی ئۆپۆزیسیۆنو جۆرو ئامرازەكانی لەسەر چوار ئاستو بابەت دابەشدەكەین، كەئەوانیش ئۆپۆزیسیۆنە بەگوێرەی(ژمارە، كات، ئامرازو هۆكار، شێوازو ستایل)ە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەكەم: ئۆپۆزیسیۆن لەرووی ژمارەوە

ئەلف- ئۆپۆزیسیۆنی تاكەكەسی: بریتییە لەكەسێك، كەبیرۆكەیەك بونیاتدەنێتو بەرگری لێدەكات، بەچاوپۆشین لەبەرهەڵستكارو نەیارانی تر.

بێ- ئۆپۆزیسیۆنی بەكۆمەڵو دەستەجەمعی: بریتییە لەبەرهەڵستیكارییو نەیاریی كۆمەڵە كەسانێك لەمەڕ بیرۆكەیەكی رێكخراوی حزبێك یان كۆمەڵێك، یان پرۆژەیەكی دیاریكراو.

### دووەم: ئۆپۆزیسیۆن لەرووی كاتەوە

ئەلف- ئۆپۆزیسیۆنی كاتیی: بریتییە لەو ئۆپۆزیسیۆنەی، كەبەكۆتایی هاتنی بابەتو مەسەلەو كێشەكان ئەویش كۆتایی دێت، وەك موناقەشەو وتووێژكردن لەسەر یاساو ماددەیەك لەنێو پەرلەماندا، كەبەكۆتایی هاتنی وتووێژكردن لەسەر یاساكەو گەیشتنە ئەنجامی كۆتایی ئەمجۆرە ئۆپۆزیسیۆنەش كۆتایی دێت.

بـێ– ئۆپۆزیـسیۆنی ڕێکخـراو یـان بەرنامـەدار: بریتییـە لـەو جـۆرە ئۆپۆزیـسیۆنەی، کـەحزب یـان ڕێکخراوێکـی سیاسـی بەشـێوەیەکی میتـۆدیو بەرنامە بۆداڕێژراو بونیاتی ناوەو لەپەرلەمانەوە درێژدەبێتەوە بۆدەرەوە.

**سێیەم: ئۆپۆزیسیۆن لەرووی ئامرازو هۆکارەوە**

ئەلف– ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕیو کودەتایی: ئـەو جـۆرە ئۆپۆزیـسیۆنەیەن کەبەئۆپۆزیـسیۆنێکی توندوتیـژ دادەنرێـتو کۆشـش بۆگـۆڕینی سیـستمی فەرمانڕەوایەتی دەکات، بۆگۆڕینو ئاڵوگۆڕ پێکردنی میتـۆدێکی تـر یـان گـۆڕینی حزبێك.

بێ– ئۆپۆزیسیۆنی چاکسازیی: بریتییە لەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی، کەکۆشش بۆچاکـسازیکردنی کـەمو کـورتی لەپێکهاتـەی سیاسـی پەیوەسـت بەکەناڵـە دەستورییەکانەوە دەکات، بەبێ گۆڕین یان ئاڵوگۆڕ پێکردن.

چوارەم: ئۆپۆزیسیۆن لەڕووی شێوازو ستایڵەوە

ئەلف– ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار: ئەو جـۆرە ئۆپۆزیـسیۆنەیە، کەشـێوازی هێـزو توندوتیـژی دەگرێتەبـەر بۆسـەپاندنی بـیروڕاو بۆچـوونی خـۆی، ئەگەرچـی بەکودەتای سەربازیش بێت.

بـێ– ئۆپۆزیـسیۆنی بێچەكو مـەدەنی: بریتییـە لـەو جـۆرە ئۆپۆزیـسیۆنەی، کەهەڵدەسـتێ بەگوزارشـتکردن لـەبیروڕاو هەڵوێـستەکانی خـۆی بەشـێوازێکی یاساییو دەستوریی.[١٦]

## باسی دووەم

## (مەبەستو ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

بەگشتی زۆربەی بیروڕاکان لەسەر سەرجەم مەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوونو ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کۆکن. هەروەك زۆرجار ئۆپۆزیسیۆنبوون وەك جۆرێك لەبەشداری سیاسی لەقەڵەم لەفەرمانڕەواییدا دەدەن، لەپێناوی بەهێزکردنو توندوتۆڵکردنو نەهێشتنی کەمو کورییەکانی دەسەڵاتدا.[١٧]. بۆیە کاتێك باس لەمەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەکەین دەبێ بیر لەپێویستیو زەرورەتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەدا بکەینەوە، بەجۆرێ پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەدا خۆی بۆخی دەبێتەوە بەبنەماکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، چونکەهەمیشە زەرورەتو پێویستی دەبێتە بنەمایەك بۆکارکردن بۆبەدیهێنانی ئەو مەبەستو ئامانجانەو دیسان بۆکارکردنی خودی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی.

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کەئۆپۆزیسیۆنبوون بۆخۆی یەکێکە لەمافە سیاسییەکان، وەکچۆن هۆکارو ئامرازێکیشە بۆکەمکردنەوەی مەترسی دەسەڵات لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانو ئازادییە تاکەکەسیو دەستە جەمعییەکان. ئەگەر باشتر وورد ببینەوە لەمەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، گرنگە ئاماژە بەوتەیەکی زانای بواری سیاسی بەناوبانگ(سانت جێست)بکەین کاتێك دەڵێت:"ناکرێ هیچ کەسێك بەپاکێتی فەرمانڕەوایەتی بکات".[١٨] لێرەوە یەکسەر زەینو بیرکردنەوەمان بۆئەوە دەچێت، کەئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەدا بوونێکی ناچاریو ئیجبارییە، چونکەهەروەك(مۆریس دێڤرجە)ش باسی دەکات:"دەسەڵات هەموو چرکەساتێك ئەگەری تاکڕەویکردنو دیکتاتۆربوونی هەیەو هەمیشە مەترسی ئەوەشی لێدەکرێتن کەدەستدرێژی بکاتە سەر ئازادیو مافە مەدەنیو تاکەکەسییەکانی هاوڵاتیان".[١٩]واتە پێویستبوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن جگە لەوەی زەرورەتی چاودێریکردنی

دەسەڵاتە، دیسان زەرورەتی ئاگاییە لەبەرامبەر چالاکیو بڕیارەکانی دەسەڵاتو پێویستی دانانی سنور لەبەردەم سەڵاحییاتەکانی دەسەڵاتو بەرتەسکردنەوەیاندا، چونکەئەوانەی مومارەسەی دەسەڵات دەکەن هەمیشە ئەگەری خراپ بەکارهێنانو مومارەسەکردنی دەسەڵاتیان بەشێوەیەکی تاکڕەوانە هەیە.[٢٠]

دواجار دەشێ پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بریتی بێت لەپێویستی دیموکراسیکردنی بەردەوامی دەسەڵاتو کایەکانی فەرمانڕەوایەتیو سەروەرکردنی یاساو هێشتنەوەی دۆخی دیموکراسیو مەدەنیو بەرەو پێشبردنیو ڕێزگرتن لەبەهای ئازادیو ڕێزگرتن لەمافە مەدەنیو سیاسییەکان لەکۆمەڵگەدا، چونکەهیچ دەسەڵاتێکی سیاسی ناکرێ بەدەسەڵاتێکی دیموکراسیو ئازادیخوازو مەدەنی لەقەڵەم بدرێت، ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا چاودێری چالاکیو جموجوڵەکانی ئەو دەسەڵاتە نەکات، یان لانیکەم تاڕادەیەکی زۆر بەشێکی زۆری ئەو مافە مەدەنیو سیاسییانەو ئازادی تاکەکەسی دەستەبەر کردبێت، لەبەرئەوەی هەموو چالاکیو بڕیارو جموجوڵێکی دەسەڵات بەبێ سانسۆرو چاودێریکردن، بەبێ ئاگایی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەبەرامبەریاندا، بریتی دەبێت لەچرکەساتەکانی تاکڕەوبوونو دیکتاتۆربوونو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو چوون بەرەو مەیلی زۆرداریو زیانگەیاندن بەبەرژەوەندیو مافو ئازادی هاوڵاتیان.

لەم نێوەندەدا لەدیدی ئیسلامییەوە پێویستی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بەپێویستییەکی گرنگ دادەنرێت، چونکەهەموو چالاکیو جموجوڵو دەنگو ڕەنگو بیروبۆچوونو دیاردەیەك، کەپێچەوانەی دیدی ئاینیو ئیسلامی بێت یان دژی بەرژەوەندی گشتی بێت، پێویستی بەدەستکاریکردنو گۆڕینو نەیاریکردنو بەرهەڵستیکردن هەیە، تاڕادەی بیرکردنەوە لەگۆڕینو دانانی ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی لەجێگەیدان بەگرتنەبەری هەموو شێوازو ڕێو شوێنەکان بەڕێگەو شێوازی سەربازیو توندوتیژییشەوە ئەمەش بەگوێرەی بیرکردنەوەی گروپە

ئاینیو ئیسلامییەکان هەریەکەیان بەجیا. بەمشێوەیە کاتێك ئۆپۆزیسیۆنبوون لەدیدی ئیسلامیدا دەبێتە پێویستی، کەدۆخێك لەئارادابێت پێچەوانەی جیهانبینی ئیسلامیو جیاواز لەدۆخی ئیسلامی، کەدەیخوازێت بۆکۆمەڵگە لەکایە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەدا دەستەبەری بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی گرفتە بەنیسبەت گوتاری ئیسلامیو دیدی ئیسلامییەوە ئەو شێوازەی دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیە لەنێو دیدی ئیسلامیدا، بەجۆرێ بەشێکی زۆری گوتاری ئیسلامی هاچەرخ بەتایبەت لەفۆرمە ئسولیو فەندەمێنتالیزمو سەلەفیو جیهادیو کۆنسێرڤاتنیزمییەکەیدا، دەرکەوتنو بوونی ئۆپۆزیسیۆن بەرووخانو لابردنی دەسەڵات بەپێویست دەزانێت، نەك وەك بەشداری سیاسی، کەئەمە گرفتی گەورەی بۆزۆرێك لەهێزە ئیسلامییەکان لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی ئیسلامیدا دروستکردووە، چونکەجگەلەوەی دەسەڵات بەقۆناغێکی دژوار لەلایەن هێزە سیاسییە فەرمانڕەواکانەوە بەرهەم هاتووە، هاوکات لەدیدی ئەو هێزە سیاسییە فەرمانڕەوایانەشەوەن کایکی ناڕەوایە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنێکی ئیسلامی لەو شێوەیەوە دەسەڵاتیان بروخێنرێتو بکەونو لەدەسەڵات دوور بخرێنەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامییە بڕوای بەدیموکراسیو پێکەوەژیانو پلورالیزمی سیاسی نەبێت، بەڵکو دەسەڵات لەم دۆخەدا ریفۆرم بەپێویست دەزانێت لەرێگەی بەشداری سیاسییەوە. بۆیە گوتاری ئیسلامی لەهەموو ئەو شوێنانەی، کەدیدی فەندەمێنتالیزمو کۆنسێرڤاتیزمی ئیسلامی تیایدا زاڵەو خاوەنی گوتارو پرۆژەی ئیسلامی سەلەفیو جیهادین لەبەردەم گرفتو قەیرانی گەورەدا دەژی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، تا ئەو جێگەیەی، کەبەریەککەوتنی راستەوخۆو زۆرجاریش خوێناوی لێکەوتۆتەوەو دەکەوێتەوە. بۆیە جیاوازی روانین بۆ زەرورەتو پێویستیو ئامانجو مەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەدا لەدیدی ئیسلامییەوە دەمانباتەوە سەر ئەو راستییەی، کەتا ئەم ساتەوەختە بەکۆمەڵگەی کوردیشەوە هێزە ئاینیو ئیسلامییەکان لەقەیرانێکی

گەورەدا دەژین‌و توانای تێپەڕاندنی پێدراوە مێژووییەکانیان نییە بەنیسبەت چەمکی ئۆپۆزیسیۆن‌و پێویستی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە، کەزۆربەی کات خۆیان وەك ئۆپۆزیسۆنی سیاسی لەقەڵەمداوە هەرچەنە زۆرجار لەدەسەڵات‌و حکومەتیشدا بەشداربوون. بۆیە ئە م دیدو تێڕوانینە جیاوازانەش بۆپێویستی‌و مەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی زیانی گەورەی لێداون، لەلایەك تاڕادەیەکی زۆر وەستان‌و متبوونی خستۆتە نێو پرۆژەی کارکردنی سیاسییانەوە، لەلایەکی تریشەوە، کەدەگەنە دەسەڵات هەر زوو خۆشیان دەبنەوە بەمۆدێلێکی تری دەسەڵاتی تۆتالیتاری‌و تاکڕەوی‌و دەبنە مایەی مەترسی‌و هەڕەشە لەسەر جیاوازی‌و ئازادیی تاکەکەسی‌و مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان، کەنموونەی ئەزموونی تاڵیبان لەئەفغانستان بەڵگەیە لەمڕووەوەن چونکە زۆربەی ئەو هێزانە توانای بەرهەم هێنانی گوتاری پێکەوە ژیانی هاوچەرخانەیان نییەو لەبەردەمیدا دەستەوسانن.

بەئێستاشەوەو لەدۆخی ئەمڕۆوە هەر بیرکردنەوەیەك بۆ بوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەلایەن گوتاری ئسلامی‌و هێزە ئیسلامییەکانەوە بەئامانجی سڕینەوەی دەسەڵاتی سیاسی‌و خستنی دەسەڵات نەك وەك بەشداری سیاسی، دەرئەنجامی پۆزەتیفی لێناکەوێتەوەن چ بۆخودی هێزە ئاینی‌و ئیسلامییەکان خۆیان‌و چ بۆ خودی کۆمەڵگەو کایە جیاوازەکانی‌و بگرە مایەی مەترسیش دەبێت بۆسەر ئازادی‌و جیاوازی‌و پێکەوەژیان. لەبەرئەوە بەشداریکردنی دەسەڵات، یاخود پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەدیدی ئیسلامیدا بەمۆدێلی چاودێریکردنی دەسەڵات‌و ئامادەیی بۆپاراستنی تایبەتمەندێتییەکان‌و بەرگریکردن لەجیاوازی‌و مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان‌و ئازادیە تاکەکەسییەکان، باشترین ڕێگەیە بۆرزگاربوونی هێزە ئیسلامییەکان لەفەوتانی خۆیان‌و دوورکەوتنەوە لەخۆکوشتنی سیاسی.

## باسی سێیەم
## (پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا)

ئەگـەر پێـشتر باسمـان لەپێویـستیو زەرورەتو ئامـانجو مەبەسـتەکانی ئۆپۆزیسۆنی سیاسـی بەگشتی کردبێـتو لـەرووی تیۆریـەوە هەنـدێ زانیاریمـان لەبارەیـەوە باسـکردبێت، ئـەوا لێـرەوە هەوڵـدەدەین بـاس لەپێویـستبوونی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی لەکۆمەڵگـەی کوردیـدا بکـەین. بۆیـە هـەر لێرەشـەوە ئاماژەیەك بەدۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کـوردی دەکـەین بۆئـەوەی بـەدوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا بگـەڕێین کـەئاخۆ کۆمەڵگـەی کـوردی لـەرابردووی ئـەزموونی حکـومڕانی دەسـەڵاتی سیاسـیو لەئێـستای فەرمانڕەوایـەتی ئـەو دەسەڵاتە سیاسییەدا پێویستی بەئۆپۆزیسیۆنی سیاسی هەبووەو هەیە؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە هـەروا ئاسـان نییـە، چونکەپێویـستمان بەئاشکراکردنو راوەسـتان لەسـەر زۆر بابـەت هەیـەن کەرەنگـە کێشەو ئـاڵۆزی زۆرمان بۆ دروست بکات، چـونکەهەر لـەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی تـەنها بەمدواییانە نەبێت، کەیەکیگرتۆتەوەو تاڕادەیەك گوتارێکی سیاسی یـەکگرتووی هەیـە ، ئـەوا پێـشوەخت جگـە لـەوەی خـۆی وەك ئـەزموونی سیاسـی نوێیـەو لەدایکبووی کەمتر لەچارەکەسەدەیەکە، هاوکات تاماوەیەکی زۆریش دوو مۆدێلی حزبی سیستمی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی هاوشێوەو لەیەکچوو، کوردستانیان بەڕێوەبردووە، نـەك یـەك دەسـەڵاتی سیاسـی. بۆیـە دەبێـت ئێمـە قـسە لەسـەر دوو جـۆر کۆمەڵگـە بکـەین لـەکاتی هـەر گەڕانـەوەو باسـکردنێك لەرابردوو، کە لەهەردوو بارەکەدا روانینو جیهانبینی ئیشکردنی سیاسی تیایانـدا جیاوازبووە، بەڵام بەحوکمی بوونی کۆڵکەهاوبەشـەکانی کـارکردنی سیاسـی ئـەو دوو حزبـە بەگـشتیو ئـەو بابەتانـەی، کەپەیوەسـتن بەپێویـستی کـارکردنی سیاسییەوە، رەنگە تاڕادەیەك بتوانین لەشوێنی خۆیدا قـسە لەسـەر مەسـەلەی پێویستی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا بکەین. گەر لێرەوە دەست

بکـەین بەوەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەی پێـشوو، کـەئایا کۆمەڵگـەی کـوردی پێویـستی بەئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی هەیـە؟ یـاخود ئایـا ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی لەکۆمەڵگەی کوردیدا شەرعییەتی سیاسی لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا هەیـە؟ دەبـێ لێـرەوە جـارێکیتر بگەڕێینـەوە بـۆ بنـەما تیۆرییـەکانی چـەمکی ئۆپۆزیسیۆن بەگشتیو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بەتایبەت، چونکەماناو بنـەماکانی پێویـستی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی مـوڵکی هـیچ کۆمەڵگـەو شـوێنێك نییـەو لەبنەڕەتیشەوە وەك کۆمەڵێك پێوەر بۆکارکردن بوونیان هەیە، بەجۆرێ لەکوێـدا هەسـت بەسـتەمی سیاسـیو نادادپـەروەری کۆمەڵایـەتیو شـپرزەییو خراپـی بوارەکانی ژیان لەکۆمەڵگەدا کرا، ئیدی لـەوێوە بـوونو ئامـادەیی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی بـەئامانجی چـاودێریکردنی دەسـەڵاتی سیاسـیو پـشکنینی دۆخـە جیاوازەکـانی کۆمەڵگـەو هەوڵـدان بۆچـاك کردنـی دەبێتـە بـوونێکی ناچـاریو سـەپێنراو لەسـەر کـۆی ئـەو هێـزە سیاسـییانەی، کـە لـەدەرەوەی دەسـەڵاتن. سـەرباری ئـەوەی، کەئۆپۆزیـسیۆنبوون لـەڕووی دیموکراسـییەوە مـافێکی سیاسییەوەو گروپو هێزە سیاسییەکان دەتوانن وەك مـافێکی سیاسـی دەسـتە جەمعی گوزراشتی لێبکەن.

کاتێك باس لەوە دەکەین، کەئایا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بەئۆپۆزیسیۆنی سیاسـی هەیـە یـان نـا؟ بێگومـان دەبـێ سـەیری دۆخـی سیاسـیو ئـابوریو کۆمەڵایـەتیو فەرهـەنگی کۆمەڵگـەی کـوردی بکـەین. هەرچـەندە ئێمـە لـەرووە تیۆرییەکەیەوە پێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسـیمان سـەلماندو روونکـردەوە، بەڵام زانینی دۆخـی جۆراوجـۆری کوردسـتانو شـێوازو ئاسـتەکانی مومارەسـەی سیاسی کـوردیش، پێویـستبوونی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی دەسـەپێنن. هـەر لـەو چرکەسـاتەوە، کەیەکـەمین پەرلـەمانو کابینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان پێکـدێت، تـادواین کابینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، کەزۆربـەی هێـزە سیاسـییەکان تیایـدا بەشـدارنو کابینەیـەکی یـەکگرتووە(لێـرەدا مەبەسـت لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە)، ئـەوا بـوونی ئۆپۆزیـسیۆنی

سیاسی بەئامانجی چاودێریکردنی ئەدای حکومەتو دەسەڵاتی سیاسیو بێدەنگ نەبوون لەئاستی مافە مەدەنیو سیاسیو تاکەکەسییەکانو خراپی رەوشی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەسەپێنێ. دەبێ ئەو راستییەش بوترێ، کەئۆپۆزیسیۆن چ سیاسی بێت یاخود چ لەفۆرمی دیکەدا بووبێ بەدرێژایی ئەزموونی سیاسی دەسەڵاتی کوردی ئامادەیی هەبووە، بەڵام لێرەدا گرفتو قسە لەسەر جۆرو چۆنێتیو رادەی پێکهاتنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بووە، کەدەمانەوێ لەم توێژینەوەدا قسە لەسەر هێزە ئیسلامییەکان بکەین وەك بەشێك لەپێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگەی کوردیو بزانین بۆچی نەیانتوانیوە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی ئەزموونی سیاسی دەسەڵاتی کوردی ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا؟ یان ئایا ئەم هێزە ئیسلامییانە بڕوای تەواویان بەچەمکی دیموکراسی بەهەموو رەهەندەکانییەوە هەبووە لەبەرنامەی سیاسیو پرۆگرامی پەروەردەییاندا بۆگەیشتن بەدەسەڵات، بەجۆرێ جیاوازیو فرەییو پێکەوەژیان نەسڕنەوە؟ بەمانایەکی تر ئایا لەنێو چەمکی هاتنەئارای قەوارەی ئیسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا دەرفەتێك بۆ کاری سیاسی هێزە سیاسیو سیکولارو عەلمانیو چەپەکان هەیەو....تادن دەبێت؟ ئایا لەژێر رۆشنایی دیدو تێڕوانینو پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکانو هێزە عەلمانییەکاندا ئایندەی ململانێی عەلمانی – ئیسلامی بەرەو کوێ دەچێتو چارەنوسی هەردوو پرۆژەی بەعەلمانیکردنو بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی چی لێدێت؟

ئەگەر لەسەرەتاوە سەیری بواری سیاسی بکەین لەکۆمەڵگەی کوردیدا، جگە لەوەی تێبینی ئەوە دەکەین، کەکەشو هەوایەکی تارادەیەك تاکڕەویو تاك حزبی باڵی بەسەردا کێشابوو، چ لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیو دەسەڵاتی سیاسی لەهەولێر یاخود دەسەڵاتی سیاسی لەسلێمانی لەماوەی رابردووداو پێش یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان. هاوکات دۆخێکی سیاسیش لەئارادا بووە، کەپڕبووە لەکەمو کورتیو سیمای نادیموکراسیو زۆر دیاردەی تر لەپێشێلکردنی مافە مەدەنیو دیموکراسییەکانو دوورکەوتنەوە لەهەنگاونان

بــەرەو كــەشو هــەوای مەدەنیانــە، بــەجۆرێك لەهــەردوو جــۆری مۆدێلــە سیاسییەكەدا(هەولێرو سلێمانی) یەك سیستمی بیركردنەوەو یەك عەقڵییەتی سیاسیو كۆمەڵایەتی جیاواز لەپێكهاتەو روانیندا، بەڵام هاوبەشو لێكچوو لەشێوازی ئەداكردندا بوونی هەبووە، بەشێوەیەك چ لەسلێمانی یاخود لەهەولێر تاكەحزبێك پێكهێنەری زۆرینەی كابینەو پۆستە حكومییەكان بووەو لەولاشەوە هەر ئەو تاكەحزبە مۆنۆپۆڵی زۆرێك لەكایەكانی تریشی كردبوو. بۆیە لەرووی دیموكراسییەوە لەكوێدا هەست فەرمانڕەوایەتی سیاسیو دەسەڵاتی سیاسی تاكڕەوو خراپی بارودۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوری كرا، ئەوا بوونو ئامادەیی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەبێتە دیفاكتۆو پێویستی حاڵەتێكی ناچاری بۆكۆمەڵگە. ئەمەش بۆئەوەی تاكەحزبێك یاخود پارتێكی سیاسی كۆنترۆڵی كایە جیاوازەكانی كۆمەڵگە نەكاتو مەترسی بۆسەر ئازادییە تاكەكەسیو مەدەنییەكانو...تا، دروست نەكات.

بێگومان لەم جۆرە مۆدێلە سیاسییەشدا، كەحزبێك یان چەند پارتێكی سیاسی كۆنترۆڵی بوارە جیاوازەكانی كۆمەڵگە دەكات، ئەگەرەكانی سەرهەڵدانی كەموكورتیو دروستبوونی گەندەڵی بەهەموو جۆرەكانییەوە ئەگەرێكی چاوەڕوانكراو دەبێتو لەئێستاشدا هەست بەو گەندەڵیانە دەكەین، كە لەكاتی دوو ئیدارەییو دوو دەسەڵاتی سیاسی كوردیدا روویانداوە، سەرەڕای گەندەڵییە بەلێشاوەكانی پاش یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەو كابینەی یەكگرتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان[٢١]. لەلایەكیترەوە دەبێ باس لەو تێوەگلانەی هەردوو هێزە سیاسییە سەرەكیەكەبكەین(یەكێتیو پارتی)لەشەڕی ناوخۆ، چ ئەو شەڕانەی كە لەنێوان خۆیاندا روویداو چ ئەو شەڕانەشن كە لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەكانیتردا ئەنجامیاندان كەهەموو ئەو شەڕانە كاریگەری خراپو نێگەتیڤیان بەسەر رەوشی سیاسی كوردستانەوە جێهێشتووە، بەجۆرێ لەهەموو رەهەندەكانییەوە تائێستا هەستی پێدەكەین.

لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە دەستگرتنی گروپێکی کۆمەڵایەتی کەمینە بەسەر زۆربەی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، دەرفەتی هاتنە پێشەوەی گروپەکانیتری بۆنێو چالاکییە سیاسییەکان کەمتر کردەوە، هەروەك درێژەکێشانی ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییە ناسروشتیو نائاساییە زۆر دەرئەنجامی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە لێکەوتەوە، کەدروستکردنی کەلێنو بۆشایی گەورە بوو لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیو تێکدانی نەسیجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییدا، بەجۆرێ تاڕادەیەك بەرەو دروستکردنی دوو جۆر کۆمەڵگەو دوو شێواز لەدۆخی کۆمەڵایەتی لەسنوری سلێمانیو هەولێردا هەنگاوی دەنا. هەروەك دەرئەنجامی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییانە بوونەهۆی ئاوارەبوونی سەدان خێزانو یەکەی کۆمەڵایەتیو بەدوای خۆشییاندا کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی دیکەیان دروستکردو هێندەی تر بواری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیان شپرزەتر کرد، کەتائێستاش بەئاشکرا هەست بەئاکامو شوێنەوارەکانی دەکرێت.

لەرووی ئابوریشەوە جگەلەوەی ژمارەیەك لەبەرپرسە حکومییەکان لەهەردوولا لەسەر سامانو داهاتی میللەت دەوڵەمەند بوون، هاوکات رێژەیەکی گەورەی داهاتی نیشتمانیو نەتەوەیی بەفیرۆچوو، کەدەبوو لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا خەرج بکرایە. جگەلەوەی داهاتی ئابووری بەگشتی لەنێوان ئەو دوو حزبەدا دابەشکراو تائێستاش نازانرێت حساباتی یاساییو ئیداری ئەو داهاتە چی بەسەر هاتووەو ئەم دوو هێزە سیاسییە ئامادەنین ئاشکرای بکەن. تاڕادەیەکی زۆر بەئێستاشەوە داهاتی گشتی بووە بەموڵکی یەك حزبی سیاسی لەدوو ئیدارەو دوو شوێنو دوو دەسەڵاتی سیاسیدا جیاواز لەیەكو تائەم چرکەساتە قسەکردن لەسەر داهاتی کوردستان بەگشتیو داهاتی یەکێتیو پارتی یەکێکە لەبڤە سیاسییەکانن نەك تەنها لەبەردەم هاولاتیاندا بەڵکو لەنێوان خۆشیاندا پڕە لەنادیارىو تەمومژ، بەجۆرێ باشترین بەڵگە یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داراییە بەشێوەیەکی کرداری لەکابینەی پێنجەمی حکومەتدا. بەمەش دەرفەتی گەورە کرایەوەو دەکرێتەوەو کراوەتەوە بۆدروستبوونی

گەنـدەڵیو دزی گـەورەو بـەتاڵانبردنی سـامانی میللـەتو دروسـتبوونی دەیـان کۆمپانیای ئەهلی بەناڕەواو گرێبەستی وەهمیو خەیاڵی، کەزۆربەیان سەرچاوەی داراییان بریتی بووە لەسامانی گـەلو نەتـەوەو کۆمـەڵانی خـەڵك، بەئێستاشەوە ڕۆژانە ئەو گەندەڵییـە ئـابوریو داراییو ئیدارییانـە ئاشـکرا دەبنو دەردەکـەون کەپێشترو لەسەردەمی دوو ئیدارەیی دەسەڵاتی سیاسیو تەنانـەت لەسـەردەمی یەکگرتنەوەی حکومەتو کابینەی پێنجەمـدا ئەنجامـدراون. جگەلـەوەی لـەمڕۆدا جۆرێك لەبەرەڵڵایی ئابوری بـەناوی بـازاڕی ئـازادەوە کایـەی ئـابوری کۆمەڵگـەی کوردی کۆنترۆڵکردووەو ئەوەی پێی دەوتـرێ چـاودێری دارایـی لـەبازاڕو شـوێنە گـشتییەکاندا بـەمانا کرداریـیو کاراییەکـەی بـوونی نییـەو بـاجی ئـەم هـەموو شپرزەییە ئابورییەش هاوڵاتیانی رەشو رووت دەیدەن. بۆیە تائەم چرکەساتەش کەحکومەت یەکیگرتۆتەوە، بەڵام هـەردوو وەزارەتـی دارایـی بـەکرداریی یـەکیان نەگرتۆتــەوەو کـەموکوڕی زۆر لەدابەشـکردنی داهـاتی گـشتیدا هەیـە. بەهــەمان شێوە ئەم مۆدێلەی دۆخی ئابوری کاریگـەری هـەبووەو هەیـە بۆسـەر کۆمەڵگـەو بۆسەر ئازادیو ئەرکو مافی هاوڵاتیانی کوردستان.

گەر لەڕووی ڕۆشنبیرییو فەرهەنگیشەوە قسە بکـەین لـەکاتی دوو دەسـەڵاتی سیاسیو دوو ئیدارەییدا، ئەوا دوو جۆر فەرهـەنگو ڕۆشـنبیریی بـوونی هـەبووەو دوو کولتوری بارگاویکراو بەئایدۆلۆژیای دوو حزبە سـەرەکیەکەهەژموونی بەسـەر کایـەی روونـاکبیرییو فەرهەنگیـدا کردبـوو، بـەجۆرێ بریتـی بـوو لەفەرهـەنگی نەفیکردنـــەوەو ســـڕینەوەی بەرامبـــەرو رەتکردنـــەوەی دیـــالۆگو وتووێـــژی شارستانییانەو لێکگەیشتنو بەپێچوانەشەوە دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆدوو بەرەی دۆسـتو دوژمـنو دابەشـکراو بەسـەر هـەردوو حزبەکـەداو پێکهێنـانی لەشـکرێك لەنوسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوانی حزب. لەلایەکیتریشەوە کـارکردنی هـەر حزبێـك بـەجیا لـەژێر قەڵـەمڕەوی خۆیـدا بۆسـەپاندنی کولتـورو بیرکردنـەوەو گوتـاری سیاسـی خـۆیو فەرهـەنگی حزبایـەتی خـۆی، کەئەمـەش کاریگـەری گـەورەی هــەبووە لەســەر کوشــتنو پاشەکـشەپێکردنی هــەر فەرهــەنگو ڕۆشــنبیریو

کولتورێك، کەویستبێتی بیر لەگۆڕینی ئەم دۆخە یەك فەرهەنگییە بکاتەوەو ببێتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی هەردوولا.

ئەمەی پێشەوە باسکرا پوختەیەك بوو لەو دۆخە جیاوازانەی کۆمەڵگەی کوردی لەماوەی رابردوودا، کەبەروانین بۆهەموویانو بەپشت بەستن بەبنەما تیۆرییەکان، تێبینی ئەوەدەکەین، کە لەرابردوودا کۆمەڵگەی کوردی پێویستییەکی یەکجار زۆری بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنو دەنگی نەیارو بەرهەڵستیکاری سیاسی هەبووە، بەجۆرێك نەك هەر شەرعییەتی سیاسیشی هەبووە، بەڵکو نەبوونی یاخود کارا نەبوونیشی زیانی زۆر گەورەی هەم بەئەزمونی سیاسی کورد گەیاندووەو هەم مەترسی زۆریشی بۆسەر مافو ئازادی هاوڵاتیانی کوردستان دروستکردووە. پاش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پێکهێنانی کابینەی پێنجەم، دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری بەتەواوەتی باش نەبووە. بۆیە رەنگە لەئێستادا سەرەڕای زۆر دەستکەوتو زۆر هەوڵی حکومەت بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی دوو ئیدارەییو دوو دەسەڵاتی سیاسیدا بۆباشترکردنی ئەدای خۆیو پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەکایە جیاوازەکاندا، زیاتر هەست بەپێویستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەکرێت، چونکەجگە لەوەی ئامادەیی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەرووی دیموکراسیو مەدەنییەوە ئامادەییەکی بەردەوامو کۆتایی نەهاتووەو دەسەڵات بەردەوام پێویستی بەبوونی کۆمەڵێك هێزی ئۆپۆزیسیۆن هەیە بۆچاودێریکردنی دۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو ئەدای دەسەڵاتو ئەو بڕیارانەی کەحکومەت دەری دەکات. هەروەك دەسەڵات هەموو چرکەساتێك ئەگەری تاکڕەویی بوونو دیکتاتۆربوونی هەیە. لەلایەکیتریشەوە مافە مەدەنییەکانو ئازادی تاکەکەسیو دەستە جەمعییەکان پێویستیان بەسانسۆرو چاودێریکردنو پاراستن هەیەو پێویستە بەردەوام پارێزراوبن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش یەکگرتنەوە هێشتا چالاكو کارا نییە لەراپەڕاندنی ئیشو کارەکانیداو خەڵكو هاوڵاتیان بەدەست گرفتە

سـەرەکییەکانی ژیـانو پێداویـستییەکانی ژیانـەوە، وەك کارەبـاو سـوتەمەنیو پـرۆژەی خزمـەتگوزاریی دەنـاڵێنن. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی هێـشتا چـەندین مەسەلەی گرنگ، کەئایندەی سیاسییان پێوە بەندە بەکـەموکورتی ماونەتـەوەو چارەسـەر نـەکراون، وەك سـەروەر نـەبوونی یاسـاو دامـو دەزگـا یاسـاییەکانو بڵاوبوونەوەو تەشەسەندنی گەندەڵی ئیداریو دارایـی لەفەرمانگەکانـداو نـەبوونی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتیو بـەرەڵابوونی بـازاڕو فراوانبـوونی بازنـەی کۆچـکردن بۆدەرەوەو جێهێـشتنی نیـشتمانو...تـاد. بۆیـە لـەم دۆخـە شـپرزەو خراپانـەدا کۆمەڵگەی کوردی لەرادە بەدەر پێویستی بەهێزی ئۆپۆزیـسیۆن هەیـە بۆئـەوەی قورسایی لەسەر دەسەڵات دروست بکاتو دەسەڵات ناچار بکات گوزەرانی خـەڵك باشتر بکاتو لەئاسـتی بەرپرسـیارێتی خۆیـدا بێـت، بـەئامانجی چارەسـەرکردنی کێـــشەو گرفتـــەکانی هاوڵاتیـــانو کـــارکردن بۆدروســـتکردنی کۆمەڵگەیـــەکی دیموکراسیو مەدەنی، کەتیایدا مرۆڤ هەست بەمرۆڤبوونی خۆی بکـاتو خـاوەنی ئـەرکو مـافو ئـازادیو پێداویـستییەکانی ژیـان بێـت. لێرەشـدا گرنگـە بـاس لەشوناسو پێکهاتەی ئەو ئۆپۆزیـسیۆنە سیاسـییە بکـەین کەکۆمەڵگـەی کـوردی پێویستی پێیەتیو ڕەوشی شێواوی کۆمەڵگەی کـوردی دەیخوازێـت، بەلەبەرچـاو گرتنی ئەزموونی سیاسـی کوردسـتانو کێـشەی کـورد بەتایبـەتی لـەم دۆخـەداو پاراســتنی دەســکەوتەکانی شۆڕشــی رزگاریخوازانـــەی کوردســـتانو خـــەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

بێگومان چ لەرابردوو، چ لەئێستاشدا هێزە ئیسلامییەکان بەتایبەتی ئەوانەیان کەکاری سیاسی دەکەنو دەچنە خانەی ئیسلامی سیاسییەوە لـەدوای یـەکێتیو پارتییەوە ئەو هێـزە سیاسـییە بـوون، کـەچ خۆیـان زۆرجـار وەك ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی گوزارشـتیان لـەخۆیانکردووە،وە چ وەك تێبینیکردنـی دۆخـی سیاسـی کۆمەڵگەی کوردی، توانای سیاسییان بۆ ئۆپۆزیسیۆنبوون هەیەو زۆرکـەس پێـی وایە ئەگەر یـەکێتیو پـارتی نـەتوانن ئـەدای سیاسـی خۆیـان بـاش بکـەن، ئـەوا دوورنییە ئیسلامییەکان گرەویان لێببەنەوە، بـەڵام ئەمـە بۆچـوونێکی کـۆنکرێتی

نییــەو لــەداهاتوودا باشــتر وەڵام دەدەینــەوە. بۆیــە پێویــستە چ وەك ئــەوەی کەتوێژینەوەکـــــەی ئێمـــــە پەیوەســـــتە بەمەســـــەلەی ئۆپۆزیـــــسیۆنبوونی ئیـــــسلامییەکانەوەو چ وەك ئەوەشـــــن کەئێمـــــە خۆمـــــان تـــــەرخانکردووە بۆوەڵامدانــەوەی چــەند پرســیارێك لــەم توێژینەوەیــەدا لــەو رووەوە، کەبۆچــی ئیسلامییەکان لەماوەی رابردووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا نـەیانتوانیوە ببنـە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا؟ ئایا ئیسلامییەکان لەبنەڕەتەوە بڕوایان بەچەمکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسـی وەك بەشداری سیاسـی هــەبووەو هەیـە یـان لـەرابردوودا زیاتر کاریان بۆگرتنە دەستی دەسەڵات کردووەو هەوڵیان بۆ پێکهێنانی قەوارەی ئیسلامی داوە، بەتایبەت باڵی چەکداری نێو ئیـسلامییەکانو ئـەزمونی ئیـسلامی چەکدار؟

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. خليل العنانی: مازق احزاب المعارضة السياسية فی مصر، ئینتەرنێت، ماڵپەڕی(جزيرة نت).

٢. رۆژنامەی(الثورة)ی ئەلیکترۆنی، تصدر من(مؤسسة الوحدة للصحافة والطباعة والنشر).

٣. فاروق رەفیق: ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل(١٦١).

٤. محمد المهدی: المعارضة من النفس الى الكون، ئینتەرنێت.

٥. خليل العنانی: مازق احزاب المعارضة، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦. د.حسن الزين: الاسلام والفكر السياسی المعاصر، دار الفكر الحديث للطباعة والنشر، بيروت– لبنان، ١٩٩٧، ل(١١١).

٧. قاسم خضير عباس: مفهوم المعارضة فی الفكر السياسی الاسلامی، ئینتەرنێت، ماڵپەڕی(المنتديات السياسی).

٨. عبدالمحسن يوسف جمال: المعارضة السياسية فی الكويت، ماڵپەڕی Ksm.maktoob.blog.com.

٩. هەمان سەرچاوە.

١٠. د.محسن عبدالحميد: حق المعارضة السياسية فی المجتمع الاسلامی، ط١، دار احسان، ١٩٩٤، مطبعة پيام، ل(٢٧).

١١. مەسعود عەبدالخالق: رابوونێکی گشتی ئیسلامییەکانی کوردستان، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری(٢٠٠٧)، ل(٢٤).

١٢. د.محسن عبدالحميد: حق المعارضة السياسية فی...هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٨).

١٣. هەمان سەرچاوە، ل(٢٩).

١٤. سۆران سێوكانی، دیداری گۆڤاری(لڤین)، ژ(٥٣)، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل(١٨،١٩).

هەروەها بڕوانە مەسعود عەبدالخالق: رابوونێكی گشتی ئیسلامییەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٤).

١٥. د.محسن عبدالحمید: حق المعارضة، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٩).

١٦. عبدالمحسن یوسف جمال: المعارضة السیاسیة فی الكویت، ئینتەرنێت، سەرچاوەی پێشوو.

١٧. لەمبارەیەوە بگەڕێرەوە بۆسەر زۆر ماناو پێناسەكانی چەمكی ئۆپۆزیسیۆن‌و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەباسی یەكەمی ئەم بەشەدا.

١٨. د.حسن الزین: الاسلام والفكر السیاسی المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٩).

١٩.هەمان سەرچاوە.

٢٠.هەمان سەرچاوە، ل(١٣٠).

٢١ بۆ زانینی بوونی گەندەڵی لەئیدارەكانی پێشوو، ئیدارەی ئێستای حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بڕوانە رۆژنامە ئەهلییەكان بەتایبەت رۆژنامەكانی(ئاوێنە، هاوڵاتی، میدیا، گۆڤاری لڤین، رێگا، زۆر رۆژنامەی تر)، كەرۆژانە فایلی گەندەڵی ئاشكرا دەكرێن.

# بەشی دووەم

## (گیروگرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا)

### باسی یەکەم

### (ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەدەسەلاتی سیاسی کوردیو هێزە عەلمانییەکانەوە)

### تەوەرەی یەکەم(دەسەلات و وێناکردنی ئیسلامی سیاسی وەك مەترسی)

یـەکێك لـەو گرفـتو هۆکارانـەی، کەبەگـشتی وایکـردووە ئامـادەیی هێـزی ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـی لەکۆمەڵگـەی کوردیـدا، ئامادەییـەکی لاوازو کـرچو کـاڵو بێتواناو لەهەندێ کاتیشدا بەشێوەیەکی کارا بوونی نەبێت، لـەوەوە سەرچـاوەی گرتووە، کەبەردەوام دەسەلاتی سیاسی کوردی لەسەردەمی دوو ئیـدارەییو دوو دەسـەلاتی سیاسـییەوەو لەئێـستای یـەکجۆر دەسـەلاتی سیاسیـشدا بەرامبـەرو رکابـەر سیاسـییەکانی خـۆی وەك مەترسـی وێنـاکردووە، بەتایبـەت رێکـەوتنی سـتراتیژی نێـوان یـەکێتیو پـارتی بـەدەر لەرەچـاوکردنی دۆخـی سیاسـی کوردستانو زۆر لایەنی پۆزەتیف، بەلام بەشێکی پەیوەندی بەو ترسـەوە هەیـە، کەهەریەکـەیان کـاتی خـۆی بـەجیا هـەیانبووە لەبەرامبـەر هێـزە سیاسـییەکانی دەرەوەی خۆیانو ئێستاش پاش یەکگرتنی حکومەتو نزیکبوونەوەی هەردوولاو یەکخـستنی مەترسـییەکانو روبەڕووبوونەوەیـەتی بەهاوبەشـیو بەتایبـەتیش مەترسی هێزە ئیسلامییەکان، چونکە یەکێك لەدەنگۆکانی ئەو رێکەوتنە ئەوەیە، کەتا(١٠)ساڵ یەکێتیو پارتی لەهەڵبژاردنـدا بەیـەك لیست دادەبـەزنو هاوبـەش بن(هەڵبژاردنـەکانی ٢٥ی تـەمووزی ٢٠٠٩ بەڵگەیـە لەمباریـەوە)، جگـە لەهەنـدێ ئامـــاژەی تـــریش، کەپەیوەســـتن بەمەســـەلەی مەترســـی هێـــزە

ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە(بەتایبەت دەرکەوتنی لیستی گۆڕان وەك هێزێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن). گومانی تێدانییە دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگەی ئێمەش بەشێکە لەخێزانی دەسەڵاتی سیاسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو بەشێکی زۆری ئەو هێزانەی، کەدەگەنە دەسەڵات جگە لەوەی بیر لەتاکڕەویکردن دەکەنەوە، هاوکات بیریش لەدروستکردنو وێناکردنی مەترسی لەدەرەی خۆیان دەکەنەوە، بەجۆرێ هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خۆیان دەخەنە چوارچێوەی مەترسیەوە[1] و ئەم وێناکردنی مەترسییە بەشێك لەکۆنەستی دەسەڵاتی سیاسی ئێمەی بەدرێژایی چەندین ساڵ پێکهێناوەو بۆخۆیشی جۆرێکە لەترسی سایکۆلۆژی. بۆیە کاتێك هێزە سیاسییەکانی دی لەکۆنەستی دەسەڵاتدا دەبنە مایەی مەترسیو سەرچاوەی ترسی سیاسی دەبن بۆدەسەڵات، ئیدی دژایەتیکردنو کارکردن بۆلاوازکردنیان بەشێك لەبیرکردنەوەو پلانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەبێت.

هەر ئەمەشە وایکردووە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە لەئەزمونی سیاسیو دەسەڵاتدارێتی کوردیدا هەموو ئەو هێزانەی، کەدەچنە خانەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە، لەلایەن دەسەڵاتەوە تاڕادەیەکی زۆر وەك مەترسی وێناکراونو دەسەڵات خەونی ناخۆشی پێوە بینیون. لەدۆخێکی واشدا لاوازیو بێتوانایی دیارترین سیماو شەقڵو خاسییەتی ئەو هێزانە دەبێت. بەتایبەتیش کاتێك باس لەوە دەکەین دەسەڵاتی سیاسی کاری لەسەر دروستکردنی مەترسی کردووە، ئەوا بۆ ئیسلامییەکانو هێزە ئاینیەکان رەنگە بۆچوونەکەمان تاڕادەیەکی زۆر راست بێت.[2] چونکەدەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەر لەسەرەتاوە ناتەبایی خۆی لەگەڵ گوتارو پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکاندا خستەڕوو، لەدواتریشداو لەچەند قۆناغێکدا وێناکردنی ئەو مەترسییەی هێزە ئیسلامییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە هاتەدیو بەریەککەوتنی چەکداری لەو نێوانەدا لێکەوتەوەو لەهەندێ باردا شەڕەکان درێژەیان کێشاو هێندەی تر دۆخی سیاسی کۆمەڵگەی کوردیان شپرزەتر کرد.[3] وێناکردنی ئیسلامییەکان وەك مەترسی لەلایەن

دەسەڵاتی سیاسییەوە، پێشوەخت لەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کەئەم هێزانە لەدوارۆژدا گرەوی سیاسی دەبەنەوە بەتایبەت، بەڵکو لەوە سەرچاوەی گرتووە، کەئەم هێزانەوەك هێزی بیانیو دەستی دەرەکیو لەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە ئەژمارکراونو هەوڵدراوە بکرێنە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە.[٤] لەلایەکیتریشەوە ململانێ لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان یان ئیسلامی سیاسیدا، خۆی لەدوو پرۆژەدا دەبینێتەوەن کەدەشێ ناوی لێبنرێ پرۆژەی عەلمانی بۆکۆمەڵگەی کوردیو پرۆژەی ئیسلامی بۆکۆمەڵگەی کوردی، یاخود پرۆژەیەك بۆبەعەلمانیکردنی بوارو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیو پرۆژەیەکیش بۆبەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی. لەراستیشدا گومان لەوەدانیە، کەسەرەتای جموجوڵی ئیسلامیو بناغەی فیکریو ئاینی دروستبوونی رێکخستنی هێزە ئیسلامییەکان لەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە دێتو لەرێگەی میتۆدو پرۆگرامی سیاسی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینی میسرەوە بەهۆی (محەمەد مەحمود سەواف)لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا دەگاتە کوردستان[٥]. پاش چەندین گۆڕانکاریو قۆناغی مێژوویی لەنێو چەند گروپو پارتێکی سیاسیو خێرخوازیدا دابەش دەبێت، کەئەمڕۆ بوونیان لەسەر شانۆی رووداوە سیاسییەکانی کوردستانو عێراق هەیە. بۆیە ئەگەر تادوێنێ دەسەڵاتی سیاسی کوردی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکانی بەوە تاوانبار کردبێت، کە لەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتوون، ئەوا پاش ماوەیەکی زەمەنیو بەهۆی شەڕی نێوان یەکێتیو پارتیو هەندێ هۆکاری ترەوە ئەم هێزانە توانیان پێگەی خۆیان بەهێز بکەنو لەنێو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا رەگی خۆیان دابکوتنو دامو دەزگاو ئۆرگانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو بانگخوازی دابمەزرێننو بەمدواییانەش بوونی سیاسی خۆیان لەپرۆسەی سیاسیو دیموکراسی کوردستاندا بسەپێنن.

کەواتە بمانەوێو نەمانەوێ ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی کوردی پاش شکستێکی نەوعی پرۆژەی عەلمانییەت لەکوردستاندا جگەلەوەی بوون بەبەشێك

لەکۆمەڵگەی کوردی وەك گوتاری ئیسلامیو پرۆژەی سیاسی نەك وەك بوونی فیزیکی، ئەوا بوون بەبەشێك لەپرۆسەی سیاسی کوردستانو پێویستە بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێتو ئێستا لەپەرلەماندا بەهۆی نوێنەرەکانیانەوە داکۆکی لەپرۆژەی بەئیسلامیکردنی خۆیان دەکەنو دژی هەر هەوڵێکیشن، کە دەدرێت بۆبەعەلمانیکردنی کایەکانی کۆمەڵگەی کوردی(بەتایبەت داکۆکیکردن لەسەر ئەوەی، کەئاینی ئیسلام بکرێت بەسەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بەڵگەیەکی روونە لەمبارەیەوە). هاوکات ئەگەرچی ئیسلامییەکان لەئێستادا قەبارەیان بچووك بێتو بەرێژەیەکی کەم بەشداربن، بەڵام هێزە عەلمانییەکان هیچ گرەنتییەکیان نییە بۆئەوەی دڵنیابن دۆخی سیاسی ئەوان بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، بەتایبەتیش کاتێك هەست بەخەمساردیو کەمتەرخەمی عەلمانییەکان دەکرێت لەبەرامبەر ئیسلامییەکان بەگشتیو لەبەردەم بەگەڕخستنی ماشێنی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا. هەروەك بەشێك لەو هۆکارانەی ترن کەوایکردووە ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا وەك مەترسی وێنا بکرێت ئەوەیە، کەنادیاریو تەمومژێك لەگوتارو ئامانجو مەبەستی ئەم هێزانەدا هەبووەو عەلمانییەکان پێیانوایە بەشێکی گەورە لەئیسلامی سیاسی کوردی لەرابردوودا بڕوای بەچەمکی دیموکراسیو پێکەوەژیانو پلۆرالیزمی سیاسیو بڕوایان بەچەمکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی وەك بەشداری سیاسی نەبووەو نییە، بەتایبەت ئەو هێزانەی، کەخەباتیان بۆچەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی کردووەو خاوەنی گوتارێکی جیهادیو چەکداری بوون.

بەهەرحاڵ سەرەڕای بەمەترسی دانانی ئیسلامی سیاسی کوردیو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە، هاوکات هێزە عەلمانییەکان بەکەمترین تفاقو کەرەستەوە چوونەتە نێو بەرەو ململانێیەکەوە لەگەڵ ئیسلامییەکانداو تائەم ساتەوەختەش سیحری دەستی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بۆروبەڕووبوونەوەو ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیو ئیرادەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئەواندا،

بریتییە لەگوتارێکی سیاسی بارگاوی بەئایدۆلۆژیا.[٦] ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات، کەخۆی وەك دۆستی عەلمانییەت دەناسێنێ‌و دەیەوێت کایەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەعەلمانی بکات، زۆرترین پەیوەندی‌و تەماس‌و نزیکبوونەوەی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان‌و ئیسلامی سیاسی کوردیدا کردووەو بگرە لەهەندێ دۆخیشدا لەحزبە ئیسلامییەکان زیاتر داکۆکی لەپرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە کردووە. لەمبارەیەوە(مەریوان‌وریا قانیع) دەڵێت:" دەسەڵاتی کوردی باس لەعەلمانییەت دەکات، کەچی لەپشتی ئیمامە کۆنەپارێزەکانەوە نوێژ دەکات"[٧]. مەبەستی مەریوان لەنادیاری شوتاسی عەلمانیبوونی ئەو هێزانەیە، کەلافی عەلمانییەت لێدەدەن، بەڵام کاتێك دێنە ئاخاوتن دەچنە ئەودیوی هێزە ئیسلامییەکانەوە. هاوکات(فاروق رەفیق) لەمەڕ دوالیزمی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەگەڵ ڕێکخراوو حزبەئیسلامییەکاندا پێی وایە لەیەك کاتدا دوو مامەڵەی جیاواز لەگەڵ ئیسلامییەکاندا دەکەن، کاتێك دەڵێت:"سەرکردەکانی هەردوو حزبە گەورەکەی کوردستان دیدێکی ئاڵۆزیان هەیە، تاڵەبانی‌و بەرزانی لەگەڵ سەرکردەی ئەو ڕێکخراوانەدا(مەبەستی ئیسلامییەکانە-توێژەر)کۆدەبنەوەو لەوتارە سیاسییەکاندا جەخت دەکەنەسەر گفتوگۆکردن...، بەڵام ئاڵۆزییەکەئەو کاتە دەردەکەوێت، کە لەسەر ئاستی دامودەزگا حکومی‌و ئیعلامییەکانی ئەو دوو حکومەتە سیاسییەتێکی تر پیادە دەکرێت".[٨]

سەبارەت بەوەی دەسەڵات ئیسلامییەکانی بەمایەی مەترسی‌و هەڕەشە وێناکردووە، (ئەبوبەکر عەلی) وەك ڕووناکبیرو ئەندامێکی باڵای نێو یەکێك لەهێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، ئەم بیروڕایە پشت ڕاستدەکاتەوەو دەڵێت:"نزیکەی ٦٠٪-٧٠٪ی هەموو ئەو نوسینانەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئیسلامیەکان نوسراوە، ئەو جۆرە نوسینانەنە، کەئیسلامییەکان بەهەڕەشەو مەترسی دەداتە قەڵەم...".[٩] هەر لەسەر وێناکردنی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان وەك مەترسی‌و وەك کۆمەڵە هێزێك لەدەرەوەی

کۆمەڵگەی کوردی(رەفیق سابیر)بۆچوونی وایە، کە:" ئیسلامییەکانی کوردستان بەرهەمی سروشتی کۆمەڵگەکەیان نین، دەربڕی بەرژەوەندیو خواستی نیشتمانیو نەتەوەیی نین، بەڵکو دەربڕی بەرژەوەندی ئەم یان ئەو دەوڵەتی بیانین".[١٠] رەفیق سابیر درێژەی پێدەداتو دەبێژێ:" ئیسلامی سیاسی هەڕەشەیە لەچارەنوسو ناسنامەی گەلی کوردستانو دەیانەوێت کورد لەناو گەلانی باڵادەستدا بتوێننەوەو سیاسەتەکانیان بەزەبری تیرۆرو کوشتنو سەربرین دەسەپێنن، ئیسلامی سیاسی هەڕەشەیە بۆگێڕانەوەی کوردی باشوری کوردستان بۆدیلێتیو ئەنفال".[١١]

هەروەها مەلابەختیار چ وەك سیاسییەكو چ وەك نوسەرێكیش زۆرترین بەرهەمو نوسینەکانی خۆی تەرخانکردووە بۆقسە کردن لەسەر ئیسلامی سیاسیو خستنەڕووی مەترسی ئیسلامی سیاسیو بەئاشکراو بەراشکاوی بۆچوونەکانی لەمبارەیەوە خستۆتەڕوو. دەربارەی نامۆبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسی بەکۆمەڵگەی کوردی لەنوسراوەکانیدا باسکردووە. تەنانەت مەلابەختیار قسەشی لەسەر سەرەتاکانی چۆنێتی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆکوردستانو ناوچە کوردییەکان کردووە، کەبەبۆچوونی ئەو ئاینی ئیسلام لەرێگەی لەشکرکێشیو پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامییەوە، کاریگەری لەسەر کولتورو ئاینو ترادیسیۆنی خەڵکی کوردستان جێهێشتووە. بۆیە لەمڕووەوە مەلا بەختیار دەڵێت:"ئیسلام لەبەرئەوەی لەگەڵ پەیدابوونی خۆی دەسەڵاتی رۆحیو دونیایی دەرخستووە، هەرزوو حسابی بۆ بەرژەوەندییە ئابورییەکانو کێشە سیاسییەکانو پایە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. سیاسەتی بنەڕەتی ئیسلام بۆچەسپاندنی دەسەڵات، جیهادو فتوحات بووە....".[١٢] لەشوێنێکی تریشدا دەڵێت:"ساڵی(٣٧٠ك/٩٨٠ز) سوپایەك بۆسەر کوردەکانی هەکاری نێردرا، کوردەکان گەمارۆدران، بەمانە بەڵێندرا ئەگەر خۆیان بدەن بەدەستەوە گیانیان ئەپارێزێ. کوردەکان باوەڕیان بەگفتەکانیان کردو خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام فەرماندەی سوپای

هێرشبەرەکەهەموویانی بەدرێژایی پێنج فرسەخی نێوان جادەی مەلاتیەو موسڵ بەدارا هەڵواسی". [١٣]

دەربارەی ئیسلامی سیاسیش مەلابەختیار دەبێژێ:" ئەوەتەی ئیسلامییەکان حزبیان دامەزراندووە، پێموایە گەورەترین زیانیان لەخودی ئیسلام گەیاندووە، چونکەئیسلام، کەخرایە بەرنامەیەکی سیاسی حزبی تایبەتەوە، ئیدی لەناو کۆمەڵدا ناکۆکی ئایدۆلۆژی دەخرێتە ناو ئەو خەڵکەی کەمسوڵمانن، بەڵام ئیسلامی سیاسی نین. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان پێشئەوەی ئاینو پەیامی قورئان لەبەرچاو بگرن، بەرژەوەندی چینایەتیو سیاسیو دەستەو تاقمی خۆیان دەخەنە سەرووی هەموو مەسەلەیەکەوە....، هەتا رادەی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ بێگانەو بێگانەپەرستی". [١٤] مەلابەختیار زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕواتو دەڵێت:" هێزە ئیسلامگەراکان رێگرن لەخەملێنی پێکهاتەی نەتەوە، بەڵکو پرۆسەی پەرەسەندنی نەتەوەو پێگەیشتنی پێچەوانەی بنچینەکانی ئیسلامو ئیسلامگەراکانە، بۆیە هیچ هێزێکی ئیسلامگەرا ناتوانێ لافی خەباتی نەتەوایەتی لێبدا، ناشتوانێ بەناوی نەتەوەوە کالا فیکریەکانی بخاتە ناو کایە سیاسییەکانەوە"، [١٥] بەڵام(رێبین ئەحمەد هەردی) هەرچەندە کەمتر بەبەراورد بەرۆشنبیرەکانیتر دەربارەی ئیسلامی سیاسی قسەی کردووە، لەمبارەیەوەو دەربارەی بەمەترسی زانینی هێزە ئیسلامییەکانو ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا بیروڕای پێچەوانەیەو لەشوێنێکدا دەڵێت:" ئەوەی من بەهەڕەشەو مەترسی دەبینم ئیسلامی سیاسی نییە،بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی من بەهەڕەشەی هەرە گەورەی دەبینم ئەو جۆرە قسەکردنەیە، کەئیسلامی سیاسی بەهەڕەشەو شمشێر بەدەستو پیاو کوژ وێنادەکات.....". [١٦]

واتە رێبین مەترسییەکان بەگشتیو مەترسی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا بۆناوەڕۆکی قسەکردنو شێوازی گوتارەکانی هێزە عەلمانییەکان دەگێڕێتەوە، نەک خودی ئیسلامی سیاسی خۆی. (رەفیق سابیر) لەکتێبی(کولتورو

ناسیۆنالیزم)دا دەربارەی پەیوەندی نێوان ئاینو نەتەوە دەدوێو هێڵێکی ئەو مەترسییەی ئیسلامی سیاسیمان بۆدەستنیشان دەکاتو لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئایین وەك تۆخمێکی گرنگی سیاسیو فیکری، شوێنێکی گرنگی لەناو ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کورددا نەگرتووە. هەروا لەچاو لایەنەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوەیی قورساییەکی سیاسی پێنەدراوە. خەباتی سیاسی ئایین، یان خەبات بۆپاراستنی ناسنامەی ئاینی کورد نەبۆتە فاکتەری خۆجیاکردنەوەو بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانو بنەمای ئایدۆلۆژی سیاسی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان...".[١٧] رەفیق سابیر دەربارەی مەترسی ئیسلامی سیاسیو گرتنە دەستی فەرمانڕەوایەتی دەبێژێ:"هەر هێزێکی ئیسلامی سیاسی ئەگەر بیەوێت پرەنسیپو دەستوری مەزهەبەکەی خۆی لەکۆمەڵێکی فرە ئایینو فرە مەزهەبی وەك کوردستاندا بسەپێنێت، ئەوا نەك ئازادی مرۆڤ بەگشتی، بەڵکو سنوری ئازادی ئایینو مەزهەبەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان تەنگەبەر دەکاتەوەو دەشێت تەنانەت مەترسیو فشارو پەلاماری رۆحیو فیزیکیان بۆدروست بکات....".[١٨] هەروەها رەفیق سابیر لەمڕووەوە رونتر قسە دەکاتو ئەو مەترسییەی ئیسلامی سیاسی بەرجەستە دەکات، کاتێك دەڵێت:" ئیسلامی سیاسی کوردستان بەم رێبازو ئایدۆلۆژیاو پراکتیکەسیاسییەی کەتا ئێستا پەیڕەوی کردووە، هەڕەشەیەکە لەئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، چونکەحزبە ئیسلامیەکان قورسایی سیاسی خۆیان تەنها بەلایەنی ئیسلامی ناسنامەی کورد دەدەن، دەیانەوێت ناوەڕۆکی ئیتنیکی–کولتوری ناسنامەی کورد بگۆڕنو ناوەڕۆکێکی سیاسی پێبدەن".[١٩]

لێرەدا خوێندنەوەی رەفیق سابیر بۆمەترسی ئیسلامی سیاسی لەخاڵێکی فیکرییەوە سەرچاوە دەگرێت، کەبەبڕوای ئەو گوتارە کۆسمۆپۆلیتییەیە، کەئیسلام هەیەتیو لەلایەن زۆر هێزی ئیسلامی سیاسیەوە برەوی پێدەدرێت. واتە رەخنەی رەفیق سابیر لەئیسلامی سیاسی نەبوونی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی ئەو گوتارو پرۆژە ئیسلامییەیە، کەئیسلامی سیاسی کوردی بەرزی

کردۆتەوە لەکۆمەڵگەی کوردیداو دیسان ئەو گوتارە بەبیروڕای رەفیق سابیر دەیەوێت خەسڵەتە جیهانیو یونیڤێرساڵییەکەی خۆی بەسەر نەتەوەی کورددا بسەپێنێت، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەو نەتەوانەی، کەبەناوی ئاینی ئیسلامەوە لەقۆناغەکانی مێژوودا فەرمانڕەوایەتیان کردووە ئامادە نەبوون مۆرکی نەتەوایەتی خۆیان بسڕنەوە، بگرە بەتەواوەتیش سیمای نەتەوەیی خۆیان بەسەر ئاینی ئیسلامدا سەپاندووە، بەتایبەت فارسەکانو عەرەبەکان–توێژەر–. تەنانەت بەشێك لەئیسلامی سیاسی دەربارەی گوتاری نەتەوایەتیو ناسیۆنالیزمی کوردی رەخنەی خۆیان هەیەو پێیانوایە نەتەوایەتی حەرامو رێگە پێنەدراوە، تەنها بەگوێرەی تێڕوانینی ئیسلامو بەگوێرەی پێناسەو شوناسی تایبەتی ئاینی ئیسلام بۆنەتەوایەتی.[٢٠] بەکورتی رەخنەو دیدی رەفیق سابیر بۆمەترسی ئیسلامی سیاسی کوردی رەهەندێکی فیکری هەیە، روانینێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی نییە.

فاروق رەفیق وەك یەکێکی لەرۆشنبیرەکان بۆچوونی تەواو جیاوازی لەسەر مەسەلەی ئیسلامی سیاسیو ئاینو عەلمانییەتو تەنانەت ململانێی ئیسلامی سیاسیو عەلمانییەت لەکوردستاندا بەگشتیو بەتایبەت دەربارەی مەترسی هێزە ئیسلامییەکان هەیە، کەجیاوازتر بیر دەکاتەوەو زیاتر لەگۆشەنیکای مەعریفەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات. ئەو بۆچوونی وایە ئیسلامییەکان زادەی کۆمەڵگەی کوردینو لەمبارەیەوە دەڵێت:" بزوتنەوە ئیسلامییەکان زادەی کۆمەڵگەی کوردینو لەوێ هەنو دەمێننەوەو دەبێ بەرمەبنای سیاسەتێکی حەکیمانە مامەڵەیان لەتەکدا بکەین".[٢١] فاروق رەفیق بیروڕای وایە، کەمەترسی ئیسلامی سیاسی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەئەم بزوتنەوە ئیسلامییانە هەڵگری پرۆژەی ریفۆرمو رێنیسانس نینو رەهەندە شارستانییەکەی ئیسلامیان ونکردووە، کاتێك دەڵێت:" بەئاینیکردن یان بەئیسلامیکردنی بواری سیاسیو کۆمەڵگەی کوردیو بەسیاسیکردنی ئیسلامن کەبزوتنەوە ئیسلامییە کوردییەکان دەیکەن، لەدیدی ئێمەدا شوێنی ئیشکالییەتەو ئێمە ناتوانین

لەتەکیـدا هەڵبکـەین". [٢٢] هاوکـات فـاروق دژی ئـەو جـۆرە سیاسـەتکردن‌و کارکردنەی ئیسلامییەکان دەوەستێتەوەو دەبێژێ:" بۆ ئێمـە سـەختە رازی بـین بـەوەی پرسـیارە میتافیزیکییـەکان، رەهەنـدە رۆحـی‌و فیکرییـەکان، فیکـرو فەلسەفەی سیاسـی، مانـا وجودییـەکانی جڤات، سـەرجەم کـورت بکرێنـەوە بـۆ سیاسەتی شەریعەت لەئیسلامدا، کـە لـەناو ئیـسلامییەکاندا تائـەمرۆ هـیچ نییـە، جگە لەدابەزاندنی لیستی حەڵاڵ‌و حەرام، ئەمە بکەو ئەوی دیکەمەکە...". [٢٣]

تەنانەت فاروق ئەوەش دەڵێت، کە:" بزوتنەوە ئیـسلامییەکان گـورزی گـەورە دەدەن لەئیـسلام بـەوەی، کەیەکەیـەکی رۆحـی‌و فیکـری‌و شارسـتانی کـورت دەکەنەوە بۆیەك رەهەند". [٢٤] هەروەها فاروق ئەم مەسەلەیە وردتـر دەکاتـەوەو بزوتنـــەوە ئیـــسلامییەکان بەناتەندروســـت دەزانێـــت لەهەنـــدێ رووەوەو دەبێـژێ:"بزوتنـەوە ئیـسلامییەکان لەکوردسـتاندا دیاردەیـەکی ناتەندروسـتن، ناتەندروسـت لـەوەدا، کەشـوێنی بزوتنەوەیـەکی خـاوەن پـرۆژەی رێنیـسانێکی ئیـسلامیان گرتـۆتـەوە، بـەڵام بێئـەوەی پرۆژەیـەکیان پێبێـت‌و بێئـەوەی لەبەرنامەیانـدا شـوێنەواری بیرکردنـەوە لەرێنیسانـسێك ببینرێتـەوەو بێئـەوەی خاوەنی تێگەیشتنێك بن، هـەم لەترادیسیۆنی ئیـسلام‌و هـەم لـەدنیای مـۆدێرن‌و هەم لەهەوڵە فیکریـەکانی دیکـەی ترادیـسیۆنە جیاوازەکـان". [٢٥] دواجـار فـاروق رەفیـق لەسـەرووی هـەموو ئەمانـەوە بـوونی هێـزە ئیـسلامییەکان بەپێویـست دەزانێـت‌و لـەم نێوەنـدە جیاکارییـەك دەکـات‌و پێـی وایـە پێویـستە ئیـسلامییە میانڕەوەکان بەشداری سیاسی پێ بکرێن‌و بهێنرێنە ناو گفتوگۆکانەوەو فشاریان بۆ بهێنرێ، بۆئەوەی دوورە پەرێز نەبن‌و ناچار بکـرێن رێگـەی مەدەنیانـە بگرنـە بەر...". [٢٦]

ئەگەر لەمبارەیەوە بگەڕێینەوە بۆلای مەلابـەختیار ، ئـەوا ئـەو بەپێچەوانەوە بـیر دەکاتــەوەو جیاکــاریش ناکــات لــەنێوان ئیــسلامی میــانڕەوو ئیــسلامی توندڕەوداو بڕوای وایە کێشەی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە، کەکۆمەڵێ شـتی قبـوڵ نییە، لەسەرووی هەموویانەوە عەلمانییەت. لەمبارەیەوە دەڵێت:"یەکێك لەکێشە

سیاسـییەکانی یـەکگرتوو، دژایەتیکردنیانـە بۆعەلمانییـەت، ئـەوان دیموکراسـی سیاسی قبوڵ دەکەن، بەڵام عەلمانییـەت ڕەتدەکەنـەوە".[٢٧] هـەروەها ئـەوەش دەڵێت، کە:" هەموو هێزە ئیسلامییەکان بەبێ جیاوازی سەرچاوەی ئەندێشەو فەلـسەفەو ئایدۆلۆجییـەتیان یـەك میتـۆدە، بـەڵام نـەهجیان جیـاوازە، نـەهجی یـەکگرتوو جیـاوازە لەقاعیـدە، بـەڵام نـەهجی بیرکردنـەوەیان یـەك میتـۆدە، کەئەویش میتۆدی ئیسلامی سیاسییە".[٢٨] واتە مەلابـەختیار جگـە لـەوەی وەك فاروق ڕەفیق جیاکاری لـەنێوان ئیـسلامی میـانڕەوو تونـدڕەودا ناکـات، هاوکـات مەترسـی ئیـسلامی سیاسـی کـوردی بۆئـەوە دەگێڕێتـەوە، کەئەوانـە بڕوایـان بەعەلمانییەت نییـە، یـاخود بڕوایـان بەچـەمك‌و ڕەهەنـدەکانی تـری دیموکراسـی نییەو تەنها دیموکراسی لەفۆرمە سیاسییەکەیدا قبوڵ دەکەن.

## باسی دووەم

## (پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردیو ئایندەی ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا)

رەنگە یەکێکیتر لەو گرفتانەی، کەرێگربووە لەبەردەم هێزە ئیسلامییەکاندا، بۆئەوەی نەتوانن بەئاسانی ببنە ئۆپۆزیسۆنێکی سیاسی کارا، ئەوەبوو بێت، کەدەسەڵات زۆر بەگرنگی زانیوە وەك گوتارێکی دژە ئاراستە بەرامبەر بەپرۆژەی ئیسلامییەکان، کەدەشێ ئێمە ناوی بنێین گوتاری عەلمانییەت، یاخود کارکردن بۆبەعەلمانیکردنی کایە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردی. هەرچەندە فاروق رەفیق ئەم پرۆژەیە ناودەنێت پرۆژەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگەی کوردی[٢٩]، بەڵام من بۆخۆم لەگەڵ ئەم رایەی فاروقدا نیمو بیروڕام وایە، کەدەسەڵاتی کوردی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوتاری لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگەی کوردی رانەگەیاندووە، تاوەکو بیکاتە پرۆژەو کاری بۆبکات، هەرچەندە فاروق مەبەستی هەیە لەبەرامبەر بەکارهێنانی دەستەواژەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگەدا. هاوکات دەسەڵاتی کوردیو هێزە عەلمانییەکان بەگشتیو یەکێتیو پارتی بەتایبەت تائەم ساتەوەختەش نەیانتوانیوە بەکرداری خۆیان بۆگوتاری عەلمانییەتو بەگەڕخستنی پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردی تەرخان بکەنو یەکلایی بکەنەوەو جۆرێك لەتێکەڵاویو ناڕۆشنی لەمڕووەوە بەدی دەکرێت، بەجۆرێك دەسەڵاتی کوردیو هێزە عەلمانییەکان بەگشتیو یەکێتیو پارتی پێیەکیان لەناو پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەو پێیەکەی تریان لەناو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردیدایە.

بێگومان کاتێك دەسەڵات پرۆژەی عەلمانییەت بایەخ پێدەدات، لەبەرامبەردا پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە گرفتی زۆری دێتەڕێ، بەشێوەیەك هەموو جوڵەیەکی دەسەڵاتی سیاسی بەئاراستەی بەعەلمانیکردنی کایەکانی کۆمەڵگەی کوردی، دواجار جوڵانە بۆبەرتەسك کردنەوەو لاوازکردنو

بێهێزکردنـی پـرۆژەی هێـزە ئیـسلامییەکان، بـەڵام گرنگـە قـسە لەسـەر ئاسـتو قەبارەو ناوەڕۆكو شێوازی پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگە بکەین. هەرچـەندە پـرۆژەی هێـزە عەلمانییـەکان کاریگـەری هـەبووە لەسـەر پاشەکـشەپێکردنی پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە، بەڵام ئەم پرۆژەیە بۆخـۆی خـاوەنی گرفـتو ئیشکالییەتی گەورەیەو کـەموکورتی زۆریـشی تێدایـەو گـەر دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی پێـی وابێـت بـەم سـتایلو مۆدێلـە دەتوانێـت دژی پـرۆژەی هێـزە ئـسلامییەکانو ململانێـی پـرۆژەی بەئیـسلامیکردنی کۆمەڵگـە کاربکـات، ئـەوا لەهەڵەیـەکی گـەورەدا دەژی، گـەورە تائـەو رادەیـەی، کەرەنگـە لەقۆناغـەکانی داهاتووداو لەئایندەی ململانێ سیاسییەکاندا توشی شکستی زۆر گەورە ببێت.

رەنگـە هێـزی عـەلمانی نـەبێت لـەدونیادا هێنـدەی هێـزە عەلمانییـەکانی کۆمەڵگەی کوردی شەرمنو کەمڕوو بێت، بەجۆرێك تائێستاش ناتوانێت گوزارشت لەئەلتەرناتیڤو سیماکانی بەعەلمانیکردنو بنەماکانی پـرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی بکـات، سـەرەڕای ئـەو شـەرمنیە، هاوکـات پـرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی تـەنها لەسـەر ئاسـتی گوتـارێکی سیاسـیو ئایدۆلۆژی بەڕێوە دەچێتو ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەنـد نییـە بەمەعریفـەی بابـەتیو روانینی ئەبستمۆلۆژی فراوانو پرۆژەی دامـەزراوەیی. هـەر ئەمەشـە وایکـردووە، کـەپرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی لـەرووی رێکـردنو رۆیـشتنو خێراییەوە سیفەتی رۆیشتنی کیسەڵ وەربگرێت.

بەراستی لـەم پرۆژەیـەدا جگەلـەوەی دەسـەڵاتی کـوردی کەمتەرخـەمو لاوازو شەرمنە، هاوکات تێکەوڵاوییـەکیش لـەم پرۆژەیـەدا هەیـەو تائـەم چرکەسـاتەش نەیتوانیوە جیاکارییەك بکات، چونکەکاتێك پـرۆژەی بەعـەلمانیکردن بۆکۆمەڵگـە پێشکەش دەکات، لەبری شـەڕکردنی ئیسلامی سیاسـیو هێـزە ئیـسلامییەکانو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگـە، شـەڕی خـودی ئیـسلام وەك ئـایین دەکـات. کەئەمە هەڵەیـەکی کوشـندەیەو عەلمانییـەتی کـوردی تێـی کـەوتووەو بـەمجۆرە شەڕکردنەش ناتوانێ گرەوی ململانێی سیاسی لەئایندەدا بباتـەوە. بۆیـە هـەموو

شەڕکردنێك لەگەڵ ئیسلامی سیاسیو هێزە ئیسلامییەکاندا دەشێ ئەنجامی هەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە شەڕکردن لەگەڵ پرۆژەی ئاینی ئیسلامدا وەك ئاینی رۆحی خەڵکی کوردستان بەزیانو شکستی گەورە بۆهێزە عەلمانییەکان دەگەڕێتەوە.

لەمڕووەوە هێزە عەلمانییەکان جگە لەپێشکەشکردنی گوتارێکی ئایدۆلۆژی ئەبستراکت بەگشتی، ئەوا هەنگاوی کرداریو دامەزراوەییان نەناوە بۆبەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردیو تەنانەت بۆململانێی پرۆژەی ئیسلامی سیاسیش.

فاروق رەفیق لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئەو هێزەی چاوی لەپرۆسەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگەی کوردی بڕیوە، پڕ چەك نییە بەعەقڵو فیکرو ئەرگومێنتو دامو دەزگای مەعریفیو تەنها پڕ چەکەبەسۆزو عاتیفەو حەماسەتو خۆزگە، بەدوور لەبیرکردنەوەی عەقڵانی، بەدوور لەپرۆژەیەکی پتەوی لەسەر مەبناو دیدێکی ئاشکراو رۆشن بیناکراو. هەروەها پڕ چەکەبەبوغز لەئیسلامو لەشارستانییەتی ئیسلامیو بگرە عاشقبوون بەمۆدە فیکرییەکانی رۆژئاوا".[٣٠] دیسان من لێرەدا لەگەڵ هەندێ لەبیروڕاکانی فاروقدا نیمو پێموایە هێزە عەلمانییەکان بەگوێرەی روانینو لۆژیکی خۆیان ئەرگومێنتو فیکریان پێیەو پڕ چەکیشن بەعەقڵ، بەڵام دەشێ قسە لەسەر ئەو میتۆدو شێوازە بکەین، کەهێزە عەلمانییەکان دەیانەوێت شەڕی ئیسلامی سیاسی پێ بکەن. بۆیە من رام وایە گرفتی هێزە عەلمانییەکان لێرەوەو لەم خاڵەوە دەست پێدەکات، واتە دەربارەی پێکهاتەو ئاستی پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگە، نەك ئەوەی، کەفاروق بەرەهایی پێی وایە عەلمانییەکان بێ دامودەزگاو بێ دامەزراوەو بێ پرۆژەن بۆ بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەو بۆململانێی ئیسلامی سیاسی کوردی. دەربارەی ئەم تێکەڵاویو دوانایەتییەی گوتاری هێزە عەلمانییەکانو تێکەڵاوی لەپرۆژەی بەعەلمانیکردنی بوارەکانی کۆمەڵگە،(مەریوانوریا قانیع)دەڵێت:"بەگژاچوونەوەی ئیسلامی سیاسی بەوە نابێت، بڵێیت ئیسلام

دینێکـی نامۆکـەرە، کولتـوری کـوردی شـێواندووە، ئایـدۆلۆژیاو بیروبۆچـوونی داگیرکــەرانی بۆهێنــاوین". [٣١] لەلایــەکیترەوە مــەریوان پێــی وایــە شــێوازی بەگژاچـوونەوەی ئیـسلامی بـەوە دەبێـت، کەئیـسلامییەکان ناچـار بکـەیت رێـز لەدەستوری دیموکراسـیو پەرلـەمانو یـەکێتی نەتـەوەیی‌و مـافی فـرە دەنگـیو جیاوازیو ئاڵوگۆڕی دەسـەڵاتو سـەربەخۆیی قـەزاو.....تـاد، بگرێـت، [٣٢] بـەڵام بەپێـچەوانەی ئـەم بیروڕایـەی مـەریوان وریـا قانیعـەوە، مەلابـەختیار بۆچـوونی جیاوازی هەیەو رای وایە، کەئیسلامییەکان بڕوایان بەعەلمانییەتو مەدەنییـەتو دەستوری عەلمانی نییەو بەهاتنە سەر حوکمی ئیـسلامییەکان بەشـێکی زۆر لـەو مـافو ئازادیانــەی بەدەسـت هـاتوون لەناودەچـنو مەلابـەختیار راشـی وایـە، کەئیـسلامییەکان بەتایبـەت عەلمانییـەت رەتدەکەنـەوەو تـەنها دیموکراسـیان لەفۆرمە سیاسییەکەیدا قبوڵە. [٣٣] ئەو لەمبارەیەوە دەڵێـت:" ئێـستا چـوار سـاڵ ئەم دەسەڵاتە تەسلیمی کێ بکەین؟ یەکێ لەحزبەکانی ئیـسلامی بـۆ چـوار سـاڵ تاقیان بکەینـەوە، بـزانن چـی لەئینـسانەکانی کۆمـەڵو چـی لەئێمـەش دەکـەن. بێگومـان نابووتیـان دەکـەنو هـەموو دەسـتکەوتەکان، کەئێـستا بـەدی هـاتوون هەموو ئەو دەستکەوتانە ئەپێچنەوە..". [٣٤] دەشێ ئەم دیدگایەی مـەلا بـەختیار وەك دیدگایەکی سیاسیو ئایدۆلۆژی بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی لێکبدەینەوە.

بەهـەرحاڵ مـن رام وایـە ئـەو گوتـارەی، کەعەلمانییـەکان هەنـدێ جـار وەك پـرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـە کـاری لەسـەر دەکـەن بەرامبـەر بەکۆمەڵگـە بەگـشتیو بەرامبــەر بــەهێزە ئیــسلامییەکان بەتایبــەت، لــەڕووی سیاســیو لەئەزموونی فەرمانڕەواییەوە هیچ گرەنتییەکی پێ نییە بۆدڵنیابوون لەسەرکەوتن لەو ململانێیەی، کەڕوو دەکاتە ئایندەی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کـوردی لەگەڵ هێـزە ئیـسلامییەکانو لەبەرامبـەر پـرۆژەی بەئیـسلامیکردنی کۆمەڵگـەدا، چونکەگەر بەگشتی بڕوانین هێزە عەلمانییەکان خراپترینو شەرمنترینو لاوازترین گوتـارو ئـەدای عـەلمانیان لـەدوای راپـەڕینی بـەهاری(١٩٩١ز)ەوە لەکۆمەڵگـەی کوردیــدا بەرجەســتەکردووە، بــەجۆرێ ئومێــدی ســەرکەوتنی پــرۆژەی

بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگە جۆرێك لەناڕۆشنیو تەمو مژی پێوە دەبینرێت، چونکە لەلایەکیترەوە لەبری دروستکردنی بەهەشتێك بۆکۆمەڵگەی کوردی، هێزە عەلمانییەکان نەیانتوانیوە لانیکەم نزیکمان بکەنەوە لەجیهانبینیو ئەو خزمەتە دونیاییەی، کەدەشێ عەلمانییەت پێشکەشی کۆمەڵگەی بکات، بەڵکوئەوەی هەیە تەنها لەدونیای تیۆرو گوتارو نوسراوی سەر کاغەزدا ماوەتەوە. هەروەك هێزە عەلمانییەکانی کوردستان لەتەمەنی فەرمانڕەوایەتیکردنی خۆیاندا نەیانتوانیوە سەرکەوتووانە مۆدێلی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری پێشکەش بکەن. لەمبارەیەوە(مەریوان وریا قانیع) دەبێژێ:" تاهێزە باڵادەستەکانی کوردستان مۆدێلێکی بەڕێوەبردنی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەخەڵکی کوردستان نیشان نەدەن، کەلانیکەمی دادپەروەریو یاساو هیواو خەونو مژدەی تێدابێت، هەموو شەڕێك لەگەڵ گروهی توندڕەوی ئاینیو نائاینیدا گەمەیەکی دۆڕاوە".[٣٥] لێرەدا هەرچەندە تێبینیم هەیە لەسەر ئەم بۆچوونانەی کاك مەریوانو بیروڕام وایە هێزە باڵادەستەکانی کوردستان مۆدێلی بەڕێوەبردنیان پێشکەش کردووە، بەڵام بوونی کەمو کورتیو کەلێن هۆکاری شکستخوادنی پرۆژەی هێزە عەلمانییەکان بووە. هەروەك مەریوان زۆر راست دەکات لەوەدا، کەمۆدێلی بەڕێوەبردنی هێزە عەلمانییەکان لەزۆر باردا خاڵیبووە لەدادپەروەری کۆمەڵایەتیو لەخەونو لەهیواو خۆزگە، لەکاتێکدا دونیای عەلمانییەت دونیایەکی لێوان لێوە لەخەونو خۆزگەو بەبەهەشتکردنی دونیا.

بۆیە تاساتەوەختی ئێستاش گوتاری بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردی گوتارێکی هەیە، بەشێوەیەك هەر لەسەرەتاوە خەمساردو کەمتەرخەم بووە لەئاستی خزمەتکردنی هاوڵاتیانی کوردستانو چ لەئاستی پرۆژە عەلمانییەکەی خۆشیداو دواجار چ لەئاستی پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکاندا. بۆیە ئەمە بیروڕای هەندێ لەکەسانی عەلمانیشەو راشکاوانە دان بەم راستیەدا دەنێن. مەلابەختیار لەکتێبی(دیموکراسیو دوژمنانی)دا دەڵێت:" هێزە سیاسییەکان بەدەستەڵادارو بەرهەڵستیکاریشەوە، لەراپەڕاندنی ئەرکەکانی سیکولاریزم لەبەرامبەر هێزە

ئیسلامگەراکاندا هەتا کۆتایی نەوەدەکانیش زۆر کەمتەرخەم بوون، تەنانەت حزبە عەلمانییەکانی کوردسان سەرەڕای ئەوەی باوەڕیان بەعەلمانییەت هەیە، بەڵام ئێستاش لەبەرنامەکانیاندا باسی عەلمانییەتیان بەڕۆشنیو بەراشکاوی نەکردووە...". [٣٦] لەشوێنێکی تردا مەلابەختیار روونتر لەم خەمساردییەی عەلمانییەکان دەدوێو دەبێژێت:" لەدوای راپەڕین خەمساردی بەرامبەر ئیسلامگەراو نەخشەو پیلانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو عەقیدەییان زیانێکی زۆری لەئەزمونی دیموکراتیو باری کۆمەڵایەتی ئاراستە جیاوازەکانی ئازادیو دیموکراسییەت دا". [٣٧] تەنانەت مەلابەختیار لەقسەکردن لەسەر ئەم کەمتەرخەمیو خەمساردییە رەخنە لەحزبەکەی خۆیشی دەگرێتو بەخەمساری لەقەڵەمدەدا. بەتایبەت کاتێك دەڵێت:" پێموایە یەکێتی دوای لایەنە چەپو پێشکەوتووە رەسەنەکان لەبەرامبەر راپەڕاندنی ئەرکێکی وادا(مەبەستی توێژینەوەو قسەلەسەر کردنی ئیسلامی سیاسییە– توێژەر–) هەمیشە کەمتەرخەم بوون. تەنانەت ئێستاش لەناو دامو دەزگاکانی یەکێتیدا، لەسەرکردایەتییەوە بۆخوارەوە، هەن دەرکی زانستی چۆنێتی خەباتکردن بەرامبەر ئیسلامی سیاسییان نەکردووە، بەڵکو هەندێ جار لەرووی فیکرو ئایدۆلۆژیشەوە، هەندێ کارو ئەرکو هەڵوێستیان هەیە لەخزمەتی ئیسلامگەراییە لەکوردستاندا...". [٣٨]

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١. رەفیق سابیر: کولتورو ناسیۆنالیزم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ل(١٤٩).

٢. مەلابەختیار: دیموکراسیو دوژمنانی، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل(١٠٩،١٠٨).

٣. بڕوانە بەرپابوونی شەڕی نێوان یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٩٣و ١٩٩٧).

٤. رەفیق سابیر: کولتورو ناسیۆنالیزم، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥١)، هەروەها بڕوانە مەلابەختیار: دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی،٢٠٠٠ز، ل(٢٨٦،٢٩٥).

٥. گفتوگۆ لەگەڵ(م.سدیق عەبدولعەزیز)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری٢٠٠٧ز، (١٤).

٦. بۆنموونە لەهەموو کوردستاندا تەنها یەك سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمان نییە بەدیاردەی ئیسلامی یاخود بەئیسلامی سیاسیو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە، کە لەلایەن هێزە عەلمانییەکانەوە دامەزرابێت، بەڵکو هەموو ئەو قسانەی عەلمانییەکان لەسەر ئیسلامی سیاسیو پرۆژەکانیان دەیکەن تەنها لەسەر روپەڕی رۆژنامەو گۆڤارو میدیاکانەو نەچووەتە دۆخی دامەزراوەییەوەو هەوڵێکی تاکەکەسیو پچڕ پچڕە.

٧. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو رۆشنگەری، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢ز، ل(٢٢).

٨. فاروق رەفیق: ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥٦)

٩. ئەبوبەکر عەلی: ئیسلامو تەوژمی ئیسلامی لەبەردەم جەنگی شێواندنی وێنەکاندا، چ١، ٢٠٠٣ز.

١٠. رەفیق سابیر: ئیسلامی سیاسی.. هەڕەشەیەك لەناسنامەی نەتەوەیی کورد، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٥٧٧،٢٥٧٦)، رۆژی(٦-٧/١٠/٢٠٠١ز).

١١. هەمان سەرچاوە.

١٢. مەلا بەختیار: دیموکراسیو دوژمنانی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٥).

١٣. هەمان سەرچاوە، ل(٢٦).

١٤. مەلابەختیار: دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٨٦).

١٥. هەمان سەرچاوە، ل(١٤٦).

١٦. هەمان سەرچاوە، ل(١٥١).

١٧. رەفیق سابیر، کولتورو ناسیۆنالیزم، ل(١٥١).

١٨. هەمان سەرچاوە، ل(١٥٦).

١٩. هەمان سەرچاوە، ل(١٥٨،١٥٧).

٢٠. موسلیح ئیروانی: ئیسلامو ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٣، ل(٥٤-٦١).

٢١. فاروق رەفیق: ماڵێکی... سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٠).

٢٢. هەمان سەرچاوە، ل(١٥٩).

٢٣. هەمان سەرچاوە.

٢٤. هەمان سەرچاوە.

٢٥. هەمان سەرچاوە، ل(٣٣).

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل(١٦٠-١٦١).

٢٧. مەلابەختیار: دیموکراسیو دوژمنانی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠٩).

٢٨. هەمان سەرچاوە، ل(٣٨٤).

٢٩. فاروق رەفیق: ماڵێکی... سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٨-٣٧).

٣٠. هەمان سەرچاوە، ل(٣١).

٣١. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو رۆشنگەری، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١).

٣٢. هەمان سەرچاوە.

٣٣. مەلابەختیار: دیموکراسیو دوژمنانی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠٩).

٣٤. هەمان سەرچاوە، ل(٣٠٦).

٣٥.	مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠).

٣٦.	مەلابەختیار: دیموکراسیو دوژمنانی، سەرچاوەی پێشوو، دەروازە، ل(١٨،٧).

٣٧.	هەمان سەرچاوە، ل(١١٠).

٣٨.	مەلابەختیار: دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا، ل(٢٧٥).

## بەشی سێیەم
## (گرفتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا)

### باسی یەکەم:
### (ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەگوتاری ئیسلامی سیاسیو هێزە ئیسلامییەکانەوە)

### تەوەرەی یەکەم(سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا)

لەم بەشەدا باس لەو گیرو گرفتانە دەکەین، کەراستەوخۆ پەیوەستن بەگوتاری ئیسلامیو خودی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانو پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردییەوە، بەجۆرێ قوڵبوونەوە لەو گیروگرفتانە زۆر لایەنی نهێنی لەمەڕ گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیو ئایندەی ململانێی عەلمانی– ئیسلامی ئاشکرا دەکات. چونکەبەر لەهەموو شتێك گوتاری ئیسلامیو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی هەر لەسەرەتاوە گوتارو پرۆژەیەکی تۆکمەو بەهێز نەبووە لەرووی ئۆپۆزیسیۆنبوونەوەو تەنانەت چەمکی بەشداری سیاسیش لەنێو ئەم گوتارو پرۆژەیەدا تاڕادەیەکی زۆر تەمومژاویو نادیارو پەرتەوازەو نائامادەو کرچو کاڵبووە. لەلایەکیتریشەوە گرنگە پۆلێنی گوتارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی بکەین لەم سەرەتایەوە لەکوردستاندا، بەشێوەیەك من لێرەوە دابەشم کردووە بۆگوتارو پرۆژەی ئیسلامی میانڕەو لەگەڵ پرۆژەی ئیسلامی چەکدار یاخود ئەو پرۆژەیەی، کە لەنێویدا بڕوای بەخەباتی چەکداریو جیهاد هەبووە لەکاری سیاسیو بەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا. ئەگەرچی بەخشینی شوناسەکان بەهەریەکێکیان وردو بابەتی نەبێت، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرن بۆباشتر قسەکردنو شیکردنەوەی پایەکانی نێو هەر یەکێك لەو گوتارو پرۆژانە.

گرنگە ئەوەش لەسەرەتای ئەم بەشەوە ئەوە روون بکەینەوە، کاتێك باس لەپرۆژەو گوتاری ئیسلامی کوردیو ئیسلامی سیاسیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی

سیاسی دەکەین، ئەوا لەڕووی کاتەوە مەبەستمان ئەو ماوە زەمەنییەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی(١٩٩١ز)ە، تاوەکو ساتەوەختی ئەمڕۆ. هەرچەندە جموجوڵی ئیسلامیو کاری ئیسلامیو ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی پێش ئەم مێژووە بوونی لەکوردستاندا هەبووەو هەندێ بۆچوون بۆکۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەگێڕنەوە، کەبۆیەکەمجار گوتارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی کوردی بەگوتاری ئایینیو پرۆژەی ئیسلامی ئیخوان موسلیمین دەست پێدەکات[1] ، بەڵام دیارە مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمە لاوازی ئۆپۆزیسیۆنبوونی ئیسلامی سیاسی کوردییە لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەو ماوە مێژووییەی، کەپێشتر باسمان کرد، هەروەك تاڕادەیەك خوێندنەوەیەکیشە بۆئایندەی ململانێی عەلمانی– ئیسلامی لەکۆمەڵگەی کوردیداو قسەکردنە لەسەر هەردوو پرۆژەی بەعەلمانیکردنو بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی. بۆیە لێرەوە ئێمە هەوڵدەدەین جومگەکانی گوتارو پێکهاتەکانی پرۆژەی ئیسلامی سیاسیو بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە شیدەکەینەوە.

پێویستە پێشوەخت خاڵێکی گرنگ ڕوون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە، کەسەرەتاو دەستپێکی گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردیو پرۆژەی بەئیسلامیکردن لەکوردستاندا وەك ڕێکخستنی سیاسیو لەڕووی پێکهێنانی ڕێکخستنی سیاسیو جموجوڵو چالاکی سیاسییەوە بەمۆدێلو گوتارو پرۆژەی ئیسلامییانەی ئیخوان موسلیمین دەست پێدەکاتو پێش ئیخوان لەعێراقدا ڕێکخستنێکی تر بوونی نەبووەو ئەو هەوڵە ئیسلامییانەی تریش، کەهەبوون لەئاستی تاکەکەسیو بنەماڵەییدا بوونو هەڵگری خاسییەتی کۆمەڵگەی کوردیو کولتوری کوردەواری بوونو خاوەنی تایبەتمەندێتی گوتاری نەتەوەییو نیشتمان پەروەری کوردی بوون. واتە کاتێك دەڵێین گوتاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا بەگوتارو مۆدێلی ئیخوان دەست پێدەکات، مەبەستمان ئەوەیە کەکوردستان دەبێتە یەکێکی تر لەکێڵگە کۆمەڵایەتییەکانی برەو پێدانی فیکری ئایینیو سیاسی ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمینو ڕێکخستنی ئیسلامیو گوتاری

ئیسلامی کوردی لقێك دەبێت لەپرۆژەو گوتاری ئیخوانی جیهانی نەك پرۆژەیەکی ئیسلامی لەدایکبووی کۆمەڵگەی کوردی. سەرەتاکانی پەیوەندیو بڵاوبوونەوەی بیری ئاینیو سیاسی ئیخوانیش لەکوردستاندا بۆکۆتایی چلەکانو سەرەتاکانی ساڵانی پەنجەکاندا دەگەڕێتەوەو لەڕێگەی یەکێك لەقوتابیەکانی قوتابخانەی ئیخوان موسلیمینی میسرەوە، کەبریتی بووە لە(محەمەد مەحمود سەواف)و پێشتر لەپەنجاکاندا هاتووەتە ناوچەی هەڵەبجە[٢] و فیکری ئیخوان وەك جموجوڵو ڕێکخستنی سیاسیو کاری ئیسلامی گەیشتۆتە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامانو شارەزوورو کەرکوك.[٣]

بۆیە لەپاش بڵاوبوونەوەی مۆدێلی ئیسلامیو سیاسییانەی ئیخوان موسلیمین، کەتاساڵی(١٩٧١/٤/٤) یەك گوتارو ڕێکخستنی سیاسی یەکگرتووی هەبوو. ئیتر ئیخوان بەبڕیارێکی فەرمی ڕێکخستنو کارو بانگەوازی ئیسلامیو سیاسی خۆی رادەوەستێنێ لەسەرانسەری عێراقداو چالاکییەکانی خۆی سڕ دەکات.[٤] ئیدی دوای تاوەکو نزیکی ساڵی(١٩٧٨) جموجوڵی ئیسلامی ئیخوان موسلیمین راوەستاوەو تەنها بەشێوەیەکی سست کاری کردووەلەم قۆناغەدا ئیسلامی سیاسیو دواریش کەدەستی بەکارو چالاکی کردۆتەوە ئاوڕی بەلای مەسلەی نەتەوایەتیو کێشەی کورددا وەك خەباتی نەتەوەەیی نەکردۆتەوە، بەڵکو زیاتر پێی لەسەر بابەتو مەسەلە ئایینیو ئیسلامییەکان داگرتووە، لەکاتێکدا لەو قۆناغانەدا مەسەلەی کورد پێویستییەکی زۆری هەبوو بەوەی پشتگیریی بکرێت چ لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانو هێزە ئایینیو نەتەوەییەکانو چ لەسەر ئاستی هێزە ئیسلامییەکان، کەئەوکات ڕێکخستنی ئیخوان بوونی هەبووە لەکوردستاندا، بەڵام نەك هەر گوێیان پێنەدا، بەڵکو بەشێکیشیان گوێڕایەڵی پشگتیریی نەکردنی شۆڕشی کوردیان کرد، بەتایبەت لەرووی ئەنجامدانی چالاکی دژی عێراق لەو سەردەمەداو یەکێك لەنهێنییەکانی پشت راوەستاندنی کارو ڕێکخستنی سیاسی ئیخوان دەشێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کەئیخوان پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا باشبووە.[٥] پاش ئەو مێژووەش واتە دوای ساڵی(١٩٧٨ز) باڵێك

لەئیخوانی کوردستان، کەباڵی(م.سدیق عەبدولعەزیز)ە، ئامادە نابێت پابەند بێت بەوەستاندنی کاری ڕێکخستنو بانگەوازی ئیسلامییەوە لەکوردستانداو بڕیارە فەرمییەکەی سەرکردایەتی ئیخوان ڕەتدەکاتەوەو سەربەخۆیانە لەساڵی(١٩٧٩ز)وەك باڵێکی ڕێکخستنی سەربەخۆ کاری ئیسلامی دەکاتو درێژە بەڕێکخستنی سیاسی ئیخوان دەدات.[٦]

تەنانەت ئەوبڕیارە فەرمییەی ئیخوانی جیهانی بۆوەستاندنی کارو چالاکی لەعێراقدا نابێتەهۆی بەئاگاهاتنەوەی سەرکردەکانی ڕێکخستنی ئیخوان لەکوردستانداو بەیەکجاری واز لەگوتارو پرۆژەی ئیسلامیو سیاسی ئیخوان بهێننو خۆیان بەتاوتوێکردنی بارودۆخی کێشەی کوردو کۆمەڵگەی کوردی لەعێراقدا سەرقاڵ بکەنو بەبەخشینی خاسییەتو سیمای کوردانە درێژە بەڕێکخستنی سیاسی ئیسلامیيانەی خۆیان بدەن، بەڵکو تادواتریشو تەنانەت باڵی(م.سدیق عەبدولعەزیز)پاش پابەند نەبوونی باڵی یەکی ئیخوان بەسەرکردایەتی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) بەڕێکەوتننامەی نێوانیانەوە، لەساڵی(١٩٩٢ز) دەبنە پارتێکی سیاسی ئیسلامی سەربەخۆو دابڕاو لەگوتاری ئیسلامی پرۆژەی سیاسی ئیخوانی جیهانی.[٧]واتە گەر لێرەدا بڕوانین دەبینین جیاوازیە مێژووییەکەزۆر زۆرەو تەنانەت باڵی یەکی ئیخوان، کە(م. سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)سەرکردایەتی دەکرد چ دوای ڕاوەستاندنو سڕکردنی کارو چالاکی ئیخوان لەعێراقدا لەرۆژی(١٩٧١/٤/٤)و چ دوای ئیعلانکردنی خۆیان سەرەتا بەناوی ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی خێرخوازیو چ وەك یەکگرتووی ئیسلامی ئامادەنابن خۆیان لەئیخوانی جیهانی دابڕنو تائێستاش باس لەوە دەکرێتن کەتەوجیهاتی سیاسی لەئیخوانی جیهانییەوە وەردەگرن، هەرچەندە زۆرجار خۆیان ئەمە ڕەتدەگەنەوە. ئەگەرچی بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەم مەسەلەیەدا لەئارادا نییە، بەلام کەس گومانی لەوەنییە، کەگوتاری سیاسیو ئیسلامییانەی یەکگرتووی ئیسلامی، هەروەها پرۆژەی سیاسیو ئیسلامییانەی یەکگرتوو، لەسەر هەمان میتۆدی ئیخوانیانە بەڕێوە دەڕوات.

بۆیەوەك وتمان لەرۆژی(١٩٧١/٤/٤)بەدواوە پرۆژەو رێکخستنی ئیخوان درزو کەلێنی تێدەکەوێتو دوو باڵ دروست دەبێت، کەئەوکات پێی وتراوە(هێڵی یەکی رێکخستنی ئیخوان)، کە(م. سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) سەرکردایەتی کردووەو پابەند دەبێت بەوەستاندنی کاری ئیسلامیو سیاسییەوە لەسەر تەوجیهی سەرکردایەتی ئیخوانی جیهانی، باڵەکەی تر ناوی(هێڵی دووی رێکخستنی ئیخوان)، کە(م. سدیق عەبدولعەزیز) سەرکردایەتی کردووە، هەرچەندە وەك ئیخوان دەمێنێتەوە، بەڵام رێکخستنو کاری سیاسیو ئیسلامی راناوەستێنێ. ئەم دوو باڵە تاوەکو ساڵی(١٩٨٥)بەجیا دەمێننەوەو پاشئەوەی ئیخوانی جیهانی کەسێك دەنێرێتو ئەوکاتەش بەهۆی ئاشکرابوونی رێکخستنی ئیخوانو کاری ئیسلامییەوە لەکوردستان ئەم دوو باڵەی ئیخوان بۆئێران هەڵدێنو لەئۆردوگاکانی ئێراندا درێژە بەکارو رێکخستنی سیاسی خۆیان دەدەنەوە. لەوێ پاش گفتوگۆ رێکدەوکەونو رێکەوتننامەیەك ئیمزا دەکەنو تێکەڵاو دەبنەوە.[8] بەگوێرەی رێکەوتننامەکەدەبێ لەئێران باڵی سدیق عەبدولعەزیز پابەند بن بەسەرکردایەتی باڵی هێڵی یەکەوە لەژێر گوێڕایەڵی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)دا بن، کاتێکیش کەگەڕانەوە بۆکوردستان باڵی(م. سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) پەیوەندی بکەن بەباڵی(م.سدیق عەبدولعەزیز)ەوەو لەژێر تەوجیهو گوێڕایەڵی ئەودا بن، بەڵام پاش ئازادکردنی کوردستانو راپەڕینی(١٩٩١)و گەڕانەوەی هەردوو رێکخستنەکەی ئیخوان بەتێکەڵاوی بۆکوردستان، باڵی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) پابەندی رێکەوتننامەکەی ساڵی(١٩٨٥ز)نابن. ئیدی پاش چاوەڕوانیکردنی زۆری باڵی دووی ئیخوان بەسەرکردایەتی(م.سدیق عەبدولعەزیز) لەساڵی(١٩٩٢)وەك پارتێکی سیاسی سەربەخۆ لەبەرنامەی سیاسی ئیخوان خۆیان رادەگەیەنن بەناوی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی(حرکةالنهضة الاسلامیة).[9] هەرچەندە پێش راگەیاندنی ئەم پارتە نوێیە، وەك رێکخراوی رۆشنبیری بوونیان هەبووەو چالاکییان دەنواند، بەتایبەت بەناوی

رێکخراوی(یەکێتی رۆشنبیرانی مسوڵمانی کورد)ەوەو گۆڤاری(رابەر)یان دەردەکرد. بۆیە لەبنەڕەتدا گۆڤاری رابەر زمانحاڵو ئۆرگانی راگەیاندنی بیروڕا ئاینیو ئیسلامیو فیکریو رۆشنبیرییەکانی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بوو.

هەرچی هێڵی یەکی ئیخوان بوو، کەباڵی(م. سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) بوو، وادیاربوو رێکەوتننامەکەی ساڵی(١٩٨٥ز)یان وەك فێڵو پیلانێکی سیاسی دژی هێڵی یەك بەکارهێناوەو توانیویانە زیرەکانە بیقۆزنەوە بۆخۆیان، چونکەپاش هاتنەوەیان بۆکوردستان نەك هەر پابەندی رێکەوتننامەکەنەبوون، بەڵکو بەچاوی بەزەییشەوە بۆباڵەکەی(م. سدیق عەبدولعەزیز)یان دەڕوانیو پێیانوابووە شەرعییەتی سیاسیو ئیسلامیشیان نییە، چونکەهەر لەسەرەتاوە(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) سەرکردەیەکی گوێڕایەڵی تەوجیهاتی ئیخوانی جیهانی بووەو لەبڕیارەکانی ئیخوان لاینەداوەو پێدەچێت سەرکردایەتی ئیخوانی جیهانیش زیاتر متمانەیان بەو هەبوو بێت، بۆیە ئیخوانی جیهانی لەزۆر بۆنەدا زیاتر لایەنگرو پاڵپشتی(م. سەلاحەدین) بوونو بەکرداریش(م.سەلاحەدین)و باڵەکەی شەرعییەتی سیاسیو شەرعییەتی کارکردنی سیاسیان هەبوو. بۆیە باڵی(م.سەلاحەدین محمەد بەهائەدین) سەرەتا وەك رێکخراوی خێرخوازی بەناوی رابیتەی ئیسلامی کوردەوە دەستیان کردە کارکردن لەکوردستاندا، تاساڵی(١٩٩٤) خۆیان وەك حزبێکی سیاسی ئیسلامی راگەیاند بەناوی(یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)ەوە.[١٠] هەرچەندە هەندێ کەس پێی وایە رابیتەی ئیسلامی کورد رێکخراوێکی ئیسلامی خێرخوازی سەربەخۆ بووەو پەیوەندی بەسیاسەتەوە نەبووە، بەڵام دەشێ رابیتەی ئیسلامی کورد لەقۆناغێك لەقۆناغەکاندا چەترێك بووبێت بۆکۆکردنەوەی رێکخستنی یەکی ئیخوان تاساتەوەختی خۆ ئیعلانکردنیان بەناوی یەکگرتووی ئیسلامییەوە. لێرەشدا پێویستە خاڵێکی گرنگتر روون بکەینەوە سەبارەت بەهێڵی دووی ئیخوان بەسەرکردایەتی(م. سدیق عەبدولعەزیز) کاتێ لەکوردستان ساڵی(١٩٩٢)وەك حزبێکی سیاسی ئیسلامی خۆیان راگەیاند، وردە وردە

دووركەوتنەوە لەفيكرو شێوازی ئیسلامی سیاسی ئیخوان، ئەوا نەهاتن دیسان وەك حزبێكی سیاسی ئیسلامییانەی كوردی خۆیان رابگەیەنن‌و گوتارو پرۆژەی ئیسلامییانەی خۆیان تێكەڵ بەگوتارو پرۆژە نەتەوەیی‌و نیشتمانییە كوردییەكەبكەن، بەڵكو وەك گوتارو پرۆژەیەكی ئیسلامی مانەوەو بگرە لەئاستی مەسەلە نەتەوایەتی‌و نیشتیمانییەكاندا زۆر توندتر بوون. تەنانەت لەهەندێ دۆخدا سەرنجی تایبەتی‌و رەخنەی گەورەیان لەحكومەتی هەرێمی كوردستان هەبووە چ لەهەولێرو چ لەسلێمانی‌و لەگەڵ بەشداری سیاسیشدا نەبوون، بگرە وەك بڵاوكردنەوەی تەوجیهو رۆشنبیری ئەندامو لایەنگرانیان بەشداری سیاسیان بەجۆرێ لەكوفرو ناشەرعی لەقەڵەم دەداو زۆر هۆگربوون بەبیروباوەڕی سەلەفییەتەوە چ لەرووی سیاسی‌و چ لەرووی عەقیدەیی‌و فیقهیشەوە. واتە بەكورتی جیابوونەوەی باڵی(م.سدیق عەبولعەزیز) لەئیخوانی جیهانی هەڵگری روانین‌و جیهانبینی گوتاری نەتەوەیی‌و نیشتمانیانە نەبوو، ئەوەندەی هۆكارو بیانووی شەرعی‌و دەروونی هەبوو، بەمانایەكی تر لەرووی شەرعییەوە پێیانوابوون كەفیكری ئیخوان لەئاستی واجباتە ئیسلامییەكاندا كەمتەرخەم‌و ترسنۆكەو لایداوە. لەرووی دەروونیشەوە تۆڵەسەندنەوەیەك بوو لەئیخوان‌و باڵی یەكی ئیخوان بەسەركردایەتی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)و ئەو ناڕەحەتییە رۆحی‌و دەروونییەی، كەچەندساڵ بوو بەدەست باڵی یەكی ئیخوانەوە چەشتبوویان‌و چاوەڕوانی زۆر تەواو نائومێدو نیگەرانی كردبوون. هەربۆیە پاش راگەیاندنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بوونە سەرسەخترین دوژمن‌و نەیاری یەركگرتووی ئیسلامی بەتایبەتی‌و فیكری ئیخوانی بەگشتی.[١١] دواتر بەدوورو درێژی لەم بابەتە دەدوێین.

باسكردنی سەرەتاكانی رێكخستنی ئیخوان موسلیمین لەكوردستاندا بەم كورتی‌و پوختییە گرنگ بوو، چونكەكاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر بەشێك لەگوتارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی كوردی، كەزیاترو لەگۆڕەپانی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی كوردستاندا یەكگرتووی ئیسلامی نوێنەرایەتی‌و وێنای كردووەو

دەكاتو دەشێ وەك مۆدێلێكی جیاوازی نێو گوتارو پرۆژەی ئیسلامی كوردی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، كەهەندێ جار بەمۆدێلی گوتارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی میانڕەو ناودەبرێت.

هەر لەم سەرو بەندەدا گرنگە باس لەجۆرێكی تری گوتارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی كوردی بكەین، كە لەكوردستاندا لەدەرەوەی مۆدێلی ئیخوان موسلیمین دروست دەبێ بەناوی(بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لەكوردستانی عێراق)، كە لەزۆربەی لەمەلاو كەسایەتییە ئاینییەكان پێكهاتبوو. دیارترینییان(ئەحمەد عەبدوڵلا دەلاك، كەماڵ دۆڵپەمووییی، شێخ محەمەد بەرزنجی، مەلا لەتیف پێنجوێنیو مەلا عەلی بیارەو.......تاد). بیروڕا وایە ئەم ڕێكخستنو پارتە نوێیە ساڵی(١٩٧٥-١٩٧٦ز)دروست بووبێت، بەڵام بیروڕای راستتر ئەوەیە، كەساڵی(١٩٧٨)بەدەستپێكی ئەم پارتە دادەنێن. ئەم پارتەش بەردەوام دەبێت لەكاری سیاسیو ئیسلامی خۆیو بەنهێنی دەمێنێتەوە تاژمارەیەك ئەندامیان دەچێتە شاخو لەرۆژی(١٤/٩/١٩٨٤ز) بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بەفەرمی رادەگەیەنرێو شێخ محەمەد بەرزنجی دەبێتە یەكەم رابەری ئەم حزبە نوێیە.[١٢]

بۆیە ئەم پارتە نوێیەش بەردەوام دەبێت تادامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧). هاوكات پەیوەندی ئیسلامی هێزی چەكداری هەبووە بەپێچەوانەی رێكخستنەكانی ئیخوانەوە، بەجۆرێك لەرۆژی(٤/٩/١٩٨٥ز) باڵی سەربازی بەناوی(لەشكری قورئان)پێدەهێنیو مەلاعەلی بیارە دەكرێتە بەرپرسی ئەم باڵە سەربازیە.[١٣]

پێش كۆچكردنی ژمارەیەكی زۆر لەزاناو كەسایەتی جەماوەری هەڵەبجەو دەوروبەری بەرەو ئێران، كەهەندێ لەسەركردەكانی ئیخوانیان لەگەڵدا بوو، لەمانگی حوزەیرانی(١٩٨٧)بزوتنەوەی ئیسلامی رادەگەیەنرێ[١٤] و پاش تێكەڵبوونو هەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی كوردستان. دیارە باسكردنی ئەم مێژووە وردە، هەرچەندە زانیاری زۆری ماوە بخرێتەڕوو، بەڵام گرنگە بۆتوێژینەوەكەمان، چونكە لەم بەشەدا باس لەگیروگرفتی گوتارو پرۆژەی

ئیسلامی کوردی دەکەین‌و لەدوای ساڵی(١٩٩١)یشەوە لەکوردستان تەنها ئەم سێ پارتە ئیسلامییە بوونیان هەبووە، کەبریتی بوون لە(بزوتنەوەی ئیسلامی‌و بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی‌و یەکگرتووی ئیسلامی). هەرچەندە گۆڕانکاری‌و پێشهاتی سیاسی زۆر روویانداو ئەم پارتە سیاسییانە وەك رابردوو نەماونەتەوە، بەڵام لەشوێنی خۆیدا ئاماژە بەو گۆڕانکاریانە دەدەین. بۆیە لێرەوە راستەوخۆ دەچینە سەر گروپە ئیسلامییەکان‌و باس لەگوتارو پرۆژەی ئیسلامی کوردی دەکەین.

## تەوەرەی دووەم

## (گوتارو پرۆژەی ئیسلامی کوردی چەکدارو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی)

## بزوتنەوەی ئیسلامی وەك نموونە

کاتێك باس لەگوتارو پرۆژەی ئیسلامی کوردی چەکدارو باس لەبزوتنەوەی ئیسلامی دەکەین، دەبێ باسیش لەپێکهاتەو دەسپێكو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو تەنانەت لەرووی کاتیشەوە باس لەکاتی دامەزراندنو راگەیاندنی بکەین، چونکەلێرەوە دەتوانین وەڵامی پرسیارەکەمان بدەینەوە، کەبۆچی ئیسلامی سیاسی کوردی نەیتوانیوە بەدرێژایی ماوەی دوای راپەرینی ساڵی(١٩٩١) لەکوردستاندا ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا؟ یاخود ئایا ئایندەی ململانێی سیاسی لەنێوان رەوتو گوتارو پرۆژەی عەلمانی–ئیسلامیدا بەرەو کوێ دەڕوات؟

ساتەوەختی راگەیاندنی دامەزرانی بزوتنەوەی ئیسلامی چرکەساتێکی ئاسایی نەبووە، بەحوکمی ئەوەی چەندین رووداوی پەیوەندیداری گرنگ بوونی هەبووەو کاریگەریشیان لەسەر گوتاری سیاسی ئەو حزبە هەبووە. بەجۆرێ بزوتنەوەی ئیسلامیوەك حزبێکی ئیسلامیو سیاسی دروست نەکرا، بەڵکو بزوتنەوەی ئیسلامی چووە سەر میراتی حازری بزوتنەوەیەکی تر، کەبریتی بوو لەبزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی. لەلایەکیترەوە کاتێك بزوتنەوەی ئیسلامی رادەگەیەنرێت لەمانگی حوزەیرانی(١٩٨٧)دا لەشاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان[١٥]. دەبێ باس لەوە بکەین، کەئەم پارتە لەکۆمەڵێك باڵو تەکەتولو گروپی کۆمەڵایەتیو ئاینی جیاواز پێکدێت. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی مێژوویی دەڵێت:"بزوتنەوەی ئیسلامی لەرووی پێکهاتنی ناوخۆوە تاڕادەیەك ناجۆر بوو، ئەوەش بەپلەی یەك دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەسەرەتاوە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە لەیەك قوتابخانەی فیکرییەوە نەهاتبوون، بنەمایەکی پەروەردەییو رێکخراوەیی پێشوەختیان

نـەبوو، ئـەوەی ئـەو پێکهاتـە نـاجۆرەی کۆکردبوویـەوە ئایـدۆلۆژیای ئیـسلام‌و پێویستی بەرەنگاری بەعس‌و تاوسەندنی چەوساندنەوەی گەلی کورد بوو". [١٦]

هـەر دەربـارەی بـوونی تەکـەتول‌و بـوونی بـاڵی جیاوازلـەناو بزوتنــەوەی ئیـسلامیدا، لـەدواتردا هێنـدە زەقدەبێتـەوە، کـەکار دەگاتـە ئـەوەی نـاکۆکی‌و ململانێی ئـەم باڵانـە درێـژە بکێـشێ‌و کەسـانی بەرژەوەنـدیخواز لەسـەر حـسابی ناکۆکی ناوخۆ بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان بـرەو پێبـدەن. جگەلـەوەی ململانێـی نێوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامی دەرگا لەبەردەم ئێران‌و نەیارانی بزوتنەوەدا ئـاوەڵا دەکات بۆدەست خستنە ناو کاروبـاری حزبەکـەوە. [١٧](م.عـەلی بـاپیر)ی ئـەمیری ئێستای کۆمەڵی ئیسلامی، کەئەوکات یـەکێك لـەباڵ‌و تەکەتولـە بـەهێزەکانی نـاو بزوتنەوەی ئیسلامی بووە باس لەوە دەکات، کەبەهۆی کەمئەزموونی(م.عوسمان عەبدولعـەزیز)ی رابـەری گـشتی بزوتنـەوەی ئیـسلامی لـەبواری سیاسـی‌و کـاری رێکخراوەییدا رێگە خۆش ببێت بۆکەسانی دەوروبەری رابـەری گـشتی، کەسـودی خــراپ لەپلــەو پایــەی ئــەوو هەنــدێ ئەنــدامی بــاڵای بزوتنــەوەو دارایــی‌و پەیوەندییــەکانی بزوتنــەوەی ئیــسلامی وەربگــرن[١٨]. لێرەشــەوە بــاس لەدروستبوونی دیـاردەی تەکـەتول دەکـرێ، کـەرۆژ لـەدوای رۆژ زەقـتر بۆتـەوە، تائەورادەیەی،کەسەرەنجام دووباڵ لـەناو بزوتنـەوەدا دەربکـەوێت، بـاڵی یەکـەم کەسـانی دەوروبـەری رابـەری گـشتی، کـەباڵی خـاوەن بڕیـاری نـاو بزوتنـەوەی ئیسلامی بوون. لەگەڵ باڵی دووەم، کەباڵی ئۆپۆزیسیۆن یان وەك ئەوەی خۆیـان بەناوی خۆیان ناونانبوو باڵی ریفۆرمخوازی ناو بزوتنەوە بوون، ئەمانە زیاتر بـاڵی عەلی باپیر بوون[١٩]. ئەم باڵەش لەناوخۆیاندا یەکگرتوو نەبوون‌و هەنـدێ جـاریش بـەناوی ریفۆرمــەوە بەرژەوەنـدی تایبــەتیان هــەبووە. [٢٠] ئـەم تەکەتولـەی نـاو بزوتنەوەی ئیسلامی لەقۆناغەکانی دواتری بزوتنەوەی ئیسلامیدا پێش یەکگرتنی بزوتنــەوە لەگــەڵ بزوتنــەوەی راپــەڕینی ئیــسلامیدا بەئاشـکرا باشـتر هەسـتی پێدەکران بەتایبەت لەمەڕ گوتاری سیاسی‌و کایەی چەکداری‌و...تاد.

بزوتنەوەی ئیسلامی راستە بۆبەگژاچوونەوەی رژێمی بەعسو سیاسەتەکانی دروستبوو، هاوکات بۆروبەڕووبوونەوەی شەپۆلی دژە ئایینیش بوو[٢١] ،کە لەلایەن پارتە سیاسییە کوردییەکانەوە برەوی پێدراوە[٢٢]. واتە لەدامەزرانی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە تێبینی دەستپێکردنی ململانێی عەلمانی– ئیسلامی دەکەین، چونکەمەبەستی شەپۆلی دژی ئاینی بڵاوبوونەوەو بایەخپێدانی بیری چەپو مارکسی بوو، کە لەو قۆناغانەدا لەلایەن حزبەسیاسییەکانی کوردستانەوە رەواجی پێدەدراو زیاتریش ململانێیەکی فیکری بووە.

لەلایەکیترەوە گرنگە ئامـاژەش بۆرەگەزە پێکهێنەرەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بکەین، کەبەزۆری لەمەلاو کەسایەتی ئاینی پێکهاتبوون، ئەمەش جیاوازی زۆری هەیە لەوەدا، کەپارتێکی سیاسی دامەزرێنەکانی کەسانی سیاسیو سیاسەتمەدارو مامۆستاو گەنج بن، چونکەهەروەك سەرچاوە مێژووییەکەئاماژەی پێداوە" سەرکردەکانی بزوتنەوە زۆربەیان زانای ئاینی بوون، پێشتر سەرقاڵی پەروەردەو زانستە ئاینییەکان بوون، تێکەڵ بەژیانی سیاسی نەبوونو لەو بوارەدا کەمئەزمون بوون. هەربۆیە لەگەڵ دامەزراندنی حزبی سیاسیو سەرکردایەتیکردنی ئەوکارەدا روبەڕووی گرفتی سیاسیو فیکریو ستراتیژیو دیپلۆماسی بوونەوە".[٢٣] بۆیە من لێرەدا بۆئەم مەسەلەیە دوو خاڵی تر دەستنیشان دەکەم، واتە لەروانین بۆدامەزرانی بزوتنەوەی ئیسلامی، کەجگەلەوەی بزوتنەوە بەرهەمی کۆمەڵێ باڵو تەکەتولی جیاواز بوو، هاوکات سیاسەتێکی یەکگرتوو، گوتارو پرۆژەیەکی ئیسلامیو سیاسی یەکگرتووشیان بۆمامەڵەکردن لەگەڵ رووداوو گۆڕانگارییە سیاسییەکاندا نەبوو، بەتایبەت ئەم حاڵەتەش پاش راپەڕینی بەهاری(١٩٩١) لەکوردستاندا بەئاشکرا بەدی کرا. بۆیە:

خاڵی یەکەم: زۆربەی دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی پیاوانی ئاینیو مەلاکان بوون. ئەمەش ئاماژەبوو، بۆکەمی شارەزاییو کەمئەزمونی سیاسیو سەرکردایەتیکردنو سیاسەتکردنی ئەو بزوتنەوەیە. هەروەها جەختکردنەوەش

بوو لەسەر زاڵبوونی عەقڵو بیرکردنەوەی شەرعیو فیقهیو ئایینیانە بەسەر پرۆژەو گوتاری سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامییەوەو کاریگەریشی هەبوو لەسەر ئامانجو مەبەستەکانی بزوتنەوە، کە لەپێناویدا تێدەکۆشاو بەگشتی بریتی بوو لەدامەزراندنی قەوارەی ئیسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتو بنەماکانی ئیسلامو دوور کەوتنەوە لەبەشداری سیاسی لەفۆرمە سیاسییەکەیدا.

خاڵی دووەم: سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەنێ, رووداوەکاندا روبەڕووی گرفتی سیاسیو فیکریو ستراتیژیو دیپلۆماسی بوونەوە. هۆکارەکەی لێرەدا ئەوەیە، کەپاش هاتنەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆکوردستانو بەشداریکردن لەراپەڕینی ساڵی(١٩٩١)و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لەساڵی(١٩٩٢). ئیدی لێرە بەدواوە بزوتنەوە نەیتوانی درێژە بەبەشداری سیاسی خۆیو درێژە بەگوتارو پرۆژەی سیاسی خۆی بدات دوور لەهەژموونی عەقڵی سەربازیو چەکداری. واتە بزوتنەوە لێرە بەدواوە کەوتە نێو گرفتی سیاسییەوەو نەیانتوانی وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کارا بمێنێتەوەو ئەو دەرفەتە گەورەیان لەدەستدا، چونکەئەو سەردەمو بۆدواتریش بەتایبەت لەنەوەدەکاندا بزوتنەوەی ئیسلامی هێزێکی سیاسی تاڕادەیەك بەهێزو جەماوەری بوو لەچاو هەردوو باڵو رێکخستنەکەی تری ئیخواندا(بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بەرابەرایەتی م.سدیق عەبدولعەزیز وەك هێڵی دووی ئیخوانو باڵی م.سەحەدین محەمەد بەهائەدین بەر لەراگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی وەك هێڵی یەکی ئیخوان).

لەدروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامیو خۆ ئیعلانکردنیشییەوە، گرنگە تێبینی چەند شتێك بکەین، یەکێك لەوانە ژینگەی راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی، کەبریتی بوو لەوڵاتی ئێران. هەرچەندە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەبوو، کەکوردستان لەساڵی(١٩٨٧) لەلایەن رژێمی بەعسەوە داگیرکرابوو، بەڵام رازیبوونی ئێران بەپێکهێنانو راگەیاندنی پارتێکی سیاسی ئیسلامی سوننەی وەکو بزوتنەوەی ئیسلامی لەرووی سیاسیەوە زۆر مانای دەگەیاند، کەیەکێك

لەوانە دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران بوو لەکاروباری ناوخۆی بزوتنەوە، تەنانەت تائەم دواییانەش ئێران بەردەوامبووە لەدەستوەردانە نێو کاروبارە نێوخۆییەکانی ئەو بزوتنەوەیە [٢٤]. ئەم راستییەش لەلایەن هەندێ لەسەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە جەختی لێکراوەتەوە.[٢٥]

لەلایەکیتریشەوە بزوتنەوەی ئیسلامی لەئێرانن کەرادەگەیەنرێت وەك بزوتنەوەیەکی جیهادیو چەکداری ئیسلامی خۆی رادەگەیەنێ. دەبێ لێرەشەوە باس لەکاریگەربوونی ئەم پارتە بکەین بەبنەماو پرەنسیپەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەسالّی(١٩٧٩)،[٢٦] چونکەشۆڕشی ئیسلامی ئێران شۆڕشێکی ئاینی چەکدار بوو، گوتاری سیاسی ئەو شۆڕشەش لەسەر بیرۆکەی شۆڕشو کودەتای سەربازی دامەزرابوو، نەك خەباتی سیاسیو بەشداری سیاسی، هەرچەندە ئەو سەردەم لەلایەن رژێمی شای ئێرانەوە رێبەرانی شۆرشەکەکاری سیاسییان لێقەدەغەکرابوو. بۆیە بزوتنەوەی ئیسلامی لەرۆژی راگەیاندنییەوە تائەم دواییانەش، کە لەکوردستاندا بەهێزبوون، گوتاری سیاسییان لەسەر بیرۆکەی شۆڕشو خەباتی چەکداری دامەزرابوو، سەرەڕای ئەوەی، کە لەهەلّبژاردنە پەرلەمانییەکەی بەهاری(١٩٩٢)ی کوردستاندا بەشدارییان کردو لەپێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەهەولێر، کەپارتی پێکیهێنابوو لەسالّی(١٩٩٣) بەدوو وەزیر(محەمەد بازیانیو عەبدولغەنی تەها) بەشداریکرد. دوای رووداوی(٣١/ئابی ١٩٩٦)یش لەئیدارەی سلێمانی لەدوای سالّی(١٩٩٧)و دوای ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی تاران لەنێوان یەکێتیو ئەواندا لەحکومەتی سلێمانی،کەیەکێتی دروستیکردبوو، بەشداربوون[٢٧]، بەلاّم ئەم بەشدارییانە بەهۆی بڕیاری یەکگرتووی ناو بزوتنەوەوە نەبوو، بەلّکو بەبڕیاری بالّو تەکەتولو کەسە بڕیار بەدەستی بزوتنەوەبووە. بۆنموونە عەلی باپیر، وەك بالّێکی بەهێزی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی بەراشکاوی ناڕازی بووە لەبەشداریکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەلاّم محەمەد بازیانی ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوەو دەلّێ بەشداریکردنی

بزوتنـــەوەی ئیـــسلامی لەکابینـــەی حکومەتەکـــەی پـــارتی بەزۆرینـــەی دەنگـــی ئەنـدامانی شـوراو سـەرکردایەتی بزوتنـەوە بـووە، نـەك بـەهۆی فـشاری بـاڵێکی باڵادەستی ناو بزوتنەوەکەوە. تەنانەت عەلی باپیر پێـی وایـە ئـەو دوو وەزیـرەی حزبەکەی تـەنها سـودیان بۆخۆیـان هـەبووە نـەك بۆبزوتنـەوە،(٢٨) بـەڵام لەگـەڵ هەموو ئەمانەدا بزوتنەوەی ئیسلامی هێنـدەی بـڕوای بەگرتنەدەسـتی دەسـەڵات هـەبووە لەرێگـەی هێـزو خـەباتی چـەکداریو سـەربازییەوەو لەگەڵیـدا هـەوڵیان بۆیانداوە، ئەوەندە بڕوایـان بەبەشـداری سیاسـیو خـەباتی مەدەنیانـە نـەبووەو هەوڵیـشیان بـەکرداریو بەیەکـدەنگی لـەگوتاری سیاسـیدا بۆنـەداوە. سـەرەڕای ئـــەوەی ئامـــانجی ســـەرەکی بزوتنـــەوەی ئیـــسلامی بریتـــی بـــوو لـــەپێکهێنانو دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامیو بەکرداریش لەدوای شەڕی نـاوخۆوە کاریـان بـۆکردو ناوچـەی هەڵەبجـەو هـەورامانو شـارەزوور تاڕادەیـەك لـەژێر دەسـەڵاتی ئەواندابوو، ئەگەرچی نەیانتوانیوە بەرنامەو پرۆگرامە ئاینییـەکانی خۆیـانی تێـدا پیادە بکەن.

لەگـەڵ راگەیانـدنی بزوتنـەوەی ئیـسلامیدا دیـسان بزوتنـەوە کاریگـەربووە بەشـۆڕشو خـەباتو جیهـادی هێـزە ئیـسلامییەکانی ئەفغانـستان دژی یـەکێتی سۆڤیەت لەسـاڵی لەساڵی(١٩٨٠)، کەئەمـە بـەرای مـن لەکاریگـەربوونی یەکـەمو کاریگەری فەلـسەفەی خـەباتی چـەکداریو بیرۆکـەی عـەقڵی شۆڕشـگێڕی ئـاینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەقۆناغەکانی دواتـری ژیـانی سیاسـی بزوتنـەوەدا زیـاتر رەنگیدایـەوە، رەنگـە هەڵەنـەبین گـەر بڵـێین تـادوا چرکەسـاتەکانی مانـەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی بەر لەپێکهێنانی بزوتنەوەی یـەکبوونی ئیـسلامی، تەنانـەت لەنێو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیشدا خاوەنی عەقڵییـەتو خـەباتی چـەکداری بوون، تاڕادەیەك لەسەر هـەمان مۆدێـلو ئاراسـتەی عەقڵییـەتی چـەکداری هێـزە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان، بەڵام بەدەستکاریو گۆڕانکارییـەوە، هـەر ئـەوانیش پێکهێنەرو لێپرسـراوو بەرپرسـی مەکتـەب عەسـکەریو ئۆرگانـە چـەکدارییەکانی بزوتنـەوەی یـەکبوونی ئیـسلامی بـوون. بۆیـە ئـەم کاریگەربوونـەی بزوتنـەوەی

ئیسلامی بەگوتاری خەباتی چەکداری ئیسلامی ئەفغانستان لێدانی گەورەبوو لەهەموو ئەو هەوڵو دەرفەتانەی کەهاتنە بەردەمی ئەم پارتە سیاسییە لەمەڕ بەشداری سیاسیو بوون بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا، چونکەبەردەوام لەبیری دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامیدا بوون لەکوردستاندان بۆئەوەی شەریعەتی ئیسلامی تێدا پەیڕەو بکەن. واتە پرۆژەی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی بەهۆی کاریگەری گوتارو پرۆژە ئیسلامییەکەوە بریتی بوو لەپێکهێنانو دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامی لەچوارچێوەی قەوارەیەکی کوردیدا، واتە حکومەتو دەسەڵاتێکی ئیسلامی لەناو حکومەتێکی کوردیدا، نەك بەشداری سیاسیو بوون بەئۆپۆزیسیۆنی سیاسی یەکێتیو پارتی بۆ بەهێزکردنو دیموکراسیکردنو مەدەنیکردنی ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان.

بەر لەوەی باس لەرەوشی سیاسی بزوتنەوە بکەین لەکوردستان، گرنگە ئەوەبوترێن کەبزوتنەوەی ئیسلامی سەرەڕای ئەو هۆکارو گرفتانەی پێشوون کەباسکران بۆخۆیشی خاوەنی عەقڵییەتێکی فراوان نەبوو، چونکەبەر لەراپەڕینی بەهاری ساڵی(١٩٩١)یش دەرفەتێکی هەرە مەزنو گەورە بۆبزوتنەوە هەڵکەوتو هاتە پێشەوە، کەچی نەیتوانی بیقۆزێتەوەو لەدەستیدا، کەئەویش دەرفەتی چوونە ناوەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو بۆناو بەرەی کوردستانی، بەشێوەیەك پاشئەوەی لەساڵی(١٩٨٨)لەچوارچێوەی ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان پارتە کوردستانییەکاندا، بەرەی کوردستانی پێکهێنرا، هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی رێکەوتننامەی لەگەڵ سێ پارتی ناوبەرەی کوردستانیدا هەبوو، بەڵام نەچووە ناو بەرەکەوە[٢٩] و (عەلی باپیر)هۆکاری بەشدار نەبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبەرەی کوردستانیدا بۆبوونی کۆمەڵێ پرەنسیپی ناکۆك لەگەڵ دیدو تێڕوانیی حزبە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانیدا دەگێڕێتەوە.[٣٠] کە لەبنەڕەتیشدا بریتی بوو لەجیاوازی بیرکردنەوەی سیاسیو بەرەی کوردستانی زیاتر گوتاری عەلمانیو چەپیان هەبووەو بزوتنەوەی ئیسلامیش گوتارو بیرکردنەوەو پرۆژەی

ئیسلامی هەبووە. هاوکات عەلی باپیر ئەوەش بۆئەم بەشدارینەکردنە زیاد دەکاتو باس لەوە دەکات، کەلایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی بانگهێشتی بزوتنەوەیان نەکردووەو ئەوانیش واتە بزوتنەوە زۆر پێیانخۆشنەبووە بەشداری بکەن، ئەمە جگەلەوەی باس لەوە دەکات، کەمەسەلەی گومرکیش کێشەیەك بووە، گوایە بزوتنەوە وەرگرتنی پارەی گومرکی بەجائیزو شەرعی نەزانیوە، لەمبارەیەوە ناوبراو دەبێژێت:"ئەوەی، کەمن ئێستا دێتەوە یادم ئەوەیە، کەنە ئەوان خولقی ئێمەیان کرد، بلێن کاکەوەرن بەشدار بن، بەڕاستی ئێمەش پێمان خۆشنەبوو بەشداری بکەین. وەرگرتنی مەسەلەی گومرکیش کیشەیەك بوو لەڕووی شەرعییەوە بۆئێمە".

هەرچی نەجمەدین فەرەج(کرێکار)یشە هۆکاری بەشدارینەکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆپاڵنەری بیرباوەڕیی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:" بزوتنەوەی ئیسلامی بۆیە بەشداری لەپێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا نەکرد، لەبەرئەوەی بەشەرعی نەدەزانی لەبەرەی حزبانێکدا بێت، کەئیسلامییان پیّ قبووڵ نییە". دیارە مەبەستی کرێکار ئەوەیە ئیسلامییان وەك بەرنامەیەکی سیاسی قبولّ نەبووەو میتۆدی ئەوان زیاتر لەو قۆناغەدا چەپو مارکسیو نەتەوەیی لەسەر ئاراستەیەکی عەلمانی بووە. (محەمەد بازیانی)یش تایبەت بەو مەسەلەیە دەڵێت:"سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی وای بەباش ئەزانی، کەنەچێتە ناو بەرەی کوردستانییەوە، لەبەرئەوە قەناعەتی ئەوکاتەی وابوو". (بۆوردەکاری بەشداری نەکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبەرەی کوردستانیدا بڕوانە پاشکۆی وتووێژەکان).

ئەمەش بەڵگەیەکی تر لەسەر بوونی ململانێی نێوان پرۆژەی عەلمانی–ئیسلامی، کەهێشتا بەزەقیو لەگۆڕەپانی کاری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەرنەکەوتبوو، بەڵام گوتاری ئیسلامی کوردی حساباتی خۆی بۆکردبوو، ئەگەرنا بۆچی بزوتنەوەی ئیسلامی بەو قەبارە سیاسیو سەربازییە بچوکەی ئەو سەردەمەوە نەچووە ناو بەرەی کوردستانییەوە، کەپارتە سیاسییەکانی ناو

بەرە زۆربەیان لەبزوتنەوە گەورەترو خاوەن نفوزی سەربازیو چەکداری تر بوونو لەئاستی نێودەوڵەتیو ناوچەییو دیپلۆماسیشدا چەندین پلە لەپێشی بزوتنەوەوە بوون. بۆیە ئەگەر بزوتنەوەی ئیسلامی بچوایەتە ناو بەرەی کوردستانییەوە، رەنگە رەوشی بزوتنەوەی ئیسلامی لەدواترو لەئێستاشدا بەم شێوەیە نەبووایە، کەتێی کەوتووە.

کاتێک بزوتنەوە لەئێران راگەیەنرا ئیخوانی بالّی یەک بەسەرکردایەتی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) کەوتنە دژایەتی ئەم بزوتنەوە نوێیە، نەك هاوکاریان نەکردنو نەچوونە ناویانەوەو لەگەڵیاندا یەکیان نەگرت، بەڵکو خودی(م. سەلاحەدین) دەچێتە وڵاتی ئیماراتو نامەیەکی نوعمان عەبدورەزاق سامەڕائی دەهێنێ بۆ(م.عوسمان عەبدولعەزیز)ی رابەری بزوتنەوە، ناوبراو لەنامەکەدا داوای کردووە بزوتنەوە دەستبەرداری کاری چەکداری ببێت.[٣١] جگەلەوەی بەردەوام لەئۆردوگاکانی ئێراندا خەریکی ساردکردنەوەی ئەندامەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بوونو سەرکردەکانی بزوتنەوەش وتاری ئاگرینیان دژی ئەوان دەدا.[٣٢] زۆر هۆکار لەپشتی ئەم داواکارییەی ئیخوانی جیهانییەوە هەبوو بۆوازهێنانی بزوتنەوەو سەرکردەکانی، بەڵام گرنگترینیان ئەوەبوو، کەئیخوانی نێودەوڵەتیو جیهانی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی بەعسو عێراقدا باشبووە، بەڵام لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیان ئاڵۆزبووە. هەربۆیە ئیخوان دژی هەر چالاکییەکی چەکداری بوون، کە لەدژی حکومەتی عێراق بکرێت.[٣٣] بزوتنەوەی ئیسلامی چەکی دژی رژێمی بەعس هەڵگرتبوو، جگەلەوەی ئیخوان بڕوایان بەکاری چەکداریو جیهادی نەبووەو نییەو ئەو شێوازەش رەتدەکەنەوە.[٣٤]

سەبارەت بەرەوشی بزوتنەوەی ئیسلامی لەپاش راپەڕینی ساڵی(١٩٩١) سەرەڕای بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا وەك بەشداری سیاسی نەمایەوەو بەحوکمی ئەو فەلسەفە سیاسییەی، کە لەپشتی کارکردنی سیاسییەوە هەبوو، وردەوردە لەنزیکبوونەوە بۆبوون

بەئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی دووری خستەوەو دەرفەتەکانی لەدەستدا، چونکەبەچڕی کەوتە خۆپرچەك کردنو بایەخدان بەخەباتی چەکداریو سەربازیو کردنەوەی چەندین بنکەو بارەگاو راهێنانی سەربازیو کەمترین بواریان بۆکاری سیاسیو مەدەنی هێشتەوەو دواجار بزوتنەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵی(١٩٩٣) کەوتە شەڕەوەو تێوە دەگلێ. پاشتریش لەشەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو پارتی دەچێتە لایەنی پارتییەوەو جارێکیتر بەشداری شەڕ دەکاتەوەن تارێکەوتننامەی تاران لەساڵی(١٩٩٧)و دواتر دەچێتە کابینەی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی یەکێتییەوەو بەدوو وەزیر بەشداری دەکات لەگەڵ چەند بریکار وەزیرێك.[٣٥]

لەکۆتاییدا بزوتنەوەی ئیسلامی وەك گوتارو پرۆژەی ئیسلامی چەکدار ئامانجی دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامی هەبوو لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوداو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی تێیدا، نەك بەشداریی لەئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا بکات. لەبنەڕەتیشەوە بزوتنەوە لەسەر تێزەکانی ئەبو عەلای مەودودیو سەید قوتب کاری دەکردو زیاتر لەو تێزانەوە نزیکبووەو پێی کاریگەر بووە، کەئامانجی ئەم دوو بیریارە ئیسلامییە گرتنە دەستی دەسەڵاتو پاشان دروستکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی، نەك بەشداری سیاسیو خەباتی مەدەنیانە. ئیدی بزوتنەوەی ئیسلامی دوای رێکەوتننامەی تاران، تاڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام لەئاستی باڵو تەکوتەلەکاندا وەکخۆیو بگرە زیاتر زەقبوویەوەو دواجار لەساڵی(١٩٩٩) لەگەڵ بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیدا یەکیان گرتو حزبێکی ئیسلامی سیاسی نوێیان بەناوی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەکوردستاندا پێکهێنا.[٣٦]

## تەوەرەی سێیەم(گوتارو پرۆژەی ئیسلامی کوردی نەمیانڕەو، نەچەکدار)
## بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی وەك نموونە

لەساڵی(١٩٩٢)ەوە رێکخستنی دووی ئیخوان بەسەرکردایەتی(م. سدیق عەبدولعەزیز)پاش چاوەڕوانییەکی زۆری هێڵی یەکی ئیخوان بۆئەوەی پابەندی رێکەوتننامەکەی ساڵی(١٩٨٥)ی نێوانیان بن، بەڵام دواجار خۆیان وەك حزبێکی سیاسی ئیسلامی سەربەخۆ لەدیدو بەرنامەو جیهانبینی ئیخوانی جیهانی راگەیاندو ناوی خۆیان ناونا بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی(حرکةالنهضة الاسلامیة). ئەم حزبە خاسییەتێکی جیاوازی هەبوو، کەبریتی لەوەی نە بەتەواوەتی حزبێکی ئیسلامی چەکداربوو، نەئەوەش بوو حزبێکی میانڕەوی بەتەواوەتی بێچەك بێتو چەك هەڵگرتنو پەنابردن بۆخەباتی چەکداری رەتبکاتەوە. بۆیە ئێمە لێرەدا ناومان ناوە گوتارو پرۆژەی ئیسلامی نەچەکدار نەمیانڕەو، بەڵام لەرووی رێکخستنو کاری سیاسییەوە بڕوای تەواوی بەچەکداریو خەباتی سەربازیو جیهاد هەبووە، ئەمەشیان بۆهەڵکەوتنی دەرفەت هێشتبوویەوەو لەدواقۆناغی مانەوەی ئەم حزبەداو پێش پێکهێنانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی توانیان مەکتەبی سەربازی پێکبهێنن‌و وردە وردە بەرنامەیان هەبوو ببنە حزبێکی ئیسلامی چەکدارو خاوەن گوتاری جیهادی، چونکە لەسنوری ناوچەی شارەزووردا هەندێ بنکەو بارەگای سەربازییان کردەوەو دەستیشیان بەکردنەوەی خولو راهێنانی سەربازی بۆبەشێك لەئەندامەکانیان کرد.

بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی پێش خۆ ئیعلانکردنی وەك رێکخراوی رۆشنبیریی کارو چالاکیان دەنواند، تاوەکو وادەی دابڕانی تەواوی هاتەپێشەوە لەرێکخستنی ئیخوانو ئیدی نەك هەر لەبەرنامەو پرۆگرامی ئیخوان لایاندا، بەڵکو بوونە سەرسەخترینی نەیارانی فیکرەی ئیخوانو تانەو تەشەری گەورەشیان لەئیخوانەکانی هێڵی یەکی کوردستانو ئیخوانی میسرو وڵاتانی تری جیهانی

ئیسلامی دەداو بەمایەی بەربەستو ڕێگریشیان دەزانین لەبەردەم پڕۆژەی بزوتنەوە چەکدارییە ئیسلامییەکاندا. قوڵبوونەوەی ئەم ناکۆکبوونەی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی پاش دامەزرانو ئیعلانکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەساڵی(١٩٩٤) بەئاشکرا دەرکەوتو ڕەنگیدایەوەو بۆماوەیەکی زۆریش درێژەی کێشا، تەنانەت هەندێ جار بەناوی لاوانی ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە چەندین نامەی سەرزەنشتکردنو چەندین نوسراوی سەرکۆنەکردنیان دەخستە ماڵی بەرپرسو کادرو ئەندامە چالاکەکانی یەکگرتووی ئیسلامییەوەو بەوە تاوانباریان دەکردن، کە لەیەکێتیو پارتی نزیك دەبنەوەو تەنازوڵی ئاینیان بۆدەکەن[٣٧].

لەلایەکیترەوە پاش دابڕانی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەبیرکردنەوەو پڕۆژەی سیاسیو ئیسلامییانەی ئیخوان موسلیمین، ئیتر کەوتنە ژێر کاریگەری مۆدێلی گوتاری ئیسلامیو ئاینیو سیاسی ئەزمونی گروپە چەکدارییە ئیسلامییەکانەوە لەنموونەی ئەفغانستانو سۆدانو کۆمەڵەی ئیسلامی لەمیسر بەسەرکردایەتی عومەر عەبدورەحمان. بەتایبەت ڕاپەڕینی ئیسلامی زۆر کاریگەربووە بەبیرکردنەوەی ئاینی کۆمەڵەی ئیسلامی میسرو ئەزموونی ئیسلامی سۆدان بەتایبەت پاشئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێناو حکومڕانی سۆدانیان گرتە دەست لەڕێگەی کودەتای سیاسییەوە. هەروەها جارناجارێکیش باس لەئەزمونی بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیر دەکراو لەملاشەوە لەرووی فیکرییەوە کەوتنە ململانێی توندی عەلمانییەتو پڕۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگە نەك تەنها لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی تانەو تەشەرو ڕەخنەی توندیان لەڕژێمە عەلمانییەکانی میسرو تونسو جەزائیر دەگرت لەئەدەبیاتی ڕۆشنبیریو سیاسیو ڕۆژنامەوانی ئەم بزوتنەوەیەدا بەروونی بەدی دەکرێت.

بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەشەڕی ناوخۆی کوردستاندا لایەنگیریی کەسیان نەکرد، بەتایبەت لەشەڕی نێوان یەکێتیو پارتیداو دەرفەتێکی گەورەبوو بۆگەشەکردنی زیاتریان. لەشەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامیو

یەکێتیـشدا بەسـەربەخۆیی مانـەوە، هەرچـەندە هەنـدێ بـیرورا پێـی وایـە، کەناڕاستەزخۆ یارمەتی بزوتنـەوەی ئیـسلامیان داوەو هەنـدێ لەکادرەکانیـشیان بۆتـەوجیهکردنی ئەنـدامو ڕێکخـستنەکانیان باسـیان لـەوە دەکـردن کەیارمـەتی بزوتنـەوەی ئیـسلامیان داوە. خـاڵێکی گـرنگ پێویـستە دەربـارەی بزوتنـەوەی ڕاپـەڕینی ئیـسلامی بخرێتـەڕوو ئەوەیـەن کەئـەم حزبـە زۆر زۆر کاریگـەربووە بـەمۆدێلی سـەلەفییەتی ئیـسلامی سـعودیەو سـەردانەکانی ئەمینـداری گـشتی بزوتنــەوەی ڕاپــەڕین بۆئــەو وڵاتــە بەڵگەیــەکی تــرە لەمبارەیــەوەن هەرچــەندە ئامانجی دیکەی لەپشتەوە بوو. هاوکات پەیڕەوو پرۆگرامو بەرنامـەو جیهـانبینی ئیسلامییانەی ئەم حزبەو بوونی بیرکردنەوەی توندی ئیـسلامی بەڵگەیـەکی تـری کاریگەربوونی ڕاپەڕینی ئیسلامییە بەشێوازی بیرکردنەوەی سـەلەفییەتی ئـایینی لەسـەر مـۆدێلی سـعودیەو تەنانـەت لەرادیۆکانیانـدا ئامادەنـەبوون مۆسـیقا بـەکاربهێنن. تەنانـەت بـەکارهێنانی ئـامرێکیتر جگـە لـەدەف زیـاتر بەبیدعـەو ناشـەرعیان دەزانـی. هـەروەك ئـەم کاریگەربوونـە بەشـێوەیەك ڕەنگیدایـەوە، کەزۆربـەی زۆری بڕیـارو تەوجیهاتـە سیاسـییەکان بەفـەتوای شـەرعی ئاراسـتە دەکـرانو بـوونی مەکتـەبی فـەتواو دیراسـاتی شـەرعی لەپەیکـەری بزوتنـەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیدا جەختکردنەوەبوو لەزاڵبوونی هەژموونی بڕیارە شـەرعییەکان بەسەر بڕیارە سیاسییەکاندا، بەمانایەکیتر مەکتەبی فەتواو دیراسـاتی شـەرعی فلتەرێك بـوو، کـەکاری سیاسـی بزوتنـەوەی ڕاپـەڕینی پێـدا تێپـەڕ دەبـوو. ئـەم هەژمونەی عەقڵی شەرعیو بڕیاری شەرعی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەشدار نەبوونو بەشدارینەکردنی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەکابینەکانی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان لەهـەولێرو سـلێمانی، چـونکە لەگـەڵ بەشـداری سیاسـیدا نەبوونو بەجۆریکیش لەلادان لەشەرعیان دەزانی، بەتایبەت بەشداریکردن لەگەڵ حزبەعەلمانییەکان بەگشتیو یەکێتیو پـارتی بەتایبـەت. هـەروەك هۆکـاری ئـەم بەشـدارینەکردنە جگەلـەوەی هۆکارەکـەی بـۆ بڕیـاری شـەرعیو بۆپاڵنـەرە شـەرعییەکان دەگەڕایـەوە، هاوکـات لـەداهاتوودا بیریـشیان لەدروسـتکردنی

قــــەوارەی ئیـــسلامی بۆجێبـــەجێکردنی شـــەریعەتی ئیـــسلامی دەکـــردەوە. لەلایەکیترەوە لەگەڵ وەرگرتنی بودجەی حکومەتدا نـەبوونو پێیـانوابوو پـارەی گــومرکو بــاجو ســەرانەیەو ئــەو پارەیــەش حەرامــەو نــابێ حزبــی ئیــسلامی وەریبگرێـت. تەنانـەت رەخنـەی زۆر تونـدیان لەبزوتنـەوەی ئیـسلامی دەگـرت، بەوەیئەوکات دوو ملیـۆن دیناریـان لەیـەکێتی مانگانـە وەردەگـرتو پێیـانوابوو حەرامە. ئەم مەسەلەیە بوو بوو بەیەکێك لەو تەوجیهە سیاسییانەی، کەبەردەوام ئاراستەی ئەندامو کادرەکانیان دەکرد لەرەخنەگرتن لەلایەنە ئیـسلامییەکانی تـر بەگـشتیو لەبزوتنـــەوەی ئیـسلامی بەتایبــەت. هەرچــەندە دەقێکـی تــەواومان لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەم حاڵەتانـەو ئـەم بیروڕایانـەی بزوتنـەوەی راپـەڕینی ئیـــسلامی شـــتێك نـــەبوو کـــەس نکـــوڵی لێبکـــاتو خۆشـــیان زۆر بەراشـــکاوانە رایاندەگەیاند، هەرچەندە لەنێو مەکتەب سیاسیو شـورای بزوتنـەوەی راپـەڕینی ئیـــسلامیدا دەنگـــی جیـــاواز هـــەبوو، بـــەڵام بـــەهۆی هـــەژمونی بیرکردنـــەوەی سەلەفییەوە ئەم دەنگانە توانای پێشنیازکردنی زۆر شتیان نەبوو.

گـرنگتر لەمـە، کەپێویـستە لەسـەری بـدوێین ئـەوەبوو بزوتنـەوەی راپـەڕینی ئیسلامی سەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ بەشـداری سیاسـیدا لەکابینـەکانی حکومـەتی یەکێتیو پارتیدا نەبوو، هاوکات حکومەتو دەسـەڵاتەکانی یـەکێتیو پارتیـشیان بەناشــەرعیو بەدەســەڵاتی عــەلمانیو نائیـسلامی دەزانــیو بەئەنـدامو لایـەنگرو کادرەکانیان دەناساندو پێیانوابوو نابێت بەهیچ شێوەیەك لێیـان نزیـك ببیتـەوە. بێگومـــان هۆکـــاری ئەمـــەش بۆبیرکردنـــەوەی ئـــاینیو ئیـــسلامییانەی تونـــدی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی دەگەڕایەوە. بۆیە سەرەڕای ململانێکردنـی تونـدی پرۆژەی عەلمانییەتو هێزە عەلمانییەکان، بەڵام بەهیچ جۆرێك بڕوایان بەچەمکی بەشــداری سیاســیو ئۆپۆزیــسیۆنی سیاســی نــەبوو، وەك خــەباتی سیاســیو مــەدەنی، بــەڵکو ئــەوەی هــەبوو بیرکردنــەوەبوو لەگرتنــە دەســتی دەســەڵاتو کــارکردن لەســەر گۆڕانکــاری رادیکــاڵی لەسیــستەمی فەرمانڕەوایــەتیو زیــاتر

لەئـــەدەبیاتی سیاســـیو فەرمانڕەوایەتیـــدا بـــەتێزە ئـــاینیو سیاســـیو فەرمانڕەواییەکانی سەید قوتبو ئەبو عەلای مەودودی کاریگەربوون.

بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی جگەلەوەی بەشداری لەخـەباتی رزگـاریخوازیو شۆڕشی چەکداری کوردیدا نەکردبوو، بەتایبەت ئەوکاتەی لەژێر ناوی هێڵی دووی ئیخوانـدا کـاری سیاسـییان دەکـرد. هاوکـات دوای راپـەڕین کـەخۆیان راگەیانـدو دەستیانکردە کاری سیاسی بڕوایان بەمەسەلە نەتەوەییو نیشتمانییەکان نەبوو، تـەنها لەچوارچـێوەی دیـدو تێـڕوانینو جیهـانبینی ئیـسلامی خۆیانـدا نـەبێتو پێیانوابوو، کەمەسەلەی نەتەوایەتیو بیری نەتەوایەتی سنوری دیاریکراوی خـۆی هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرنجو تێگەیـشتنو بیرکردنـەوەی تایبـەتی خۆیـان بۆچـەمکی نەتـەوەو نەتەوایـەتیو نیـشتمانپەروەری هـەبوو، بـەجۆرێك لەدەقـە شـەرعییەکانەوە ئـەم مەسـەلانەیان تـاوتوێ دەکـردو لەبەرنامـەو پرۆگرامـی سیاسـیو پەروەردەییانـدا پێیـانوابوو نەتەوایـەتیو نیـشتمانپەروەری سـنورو چوارچـێوەی تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئـەویش بـەگوێرەی دەقـەکانی قورئـانو فەرمودەو لـەوە بـترازێ ئـەوان بـەلادان لەبنـەماکانی ئـاینی ئیـسلامیان لەقەڵـەم دەدا.

ئـەوەی زۆر گـرنگ بـوو ئـەوەبوو، کەبزوتنـەوەی راپـەڕینی ئیـسلامی بـڕوای بەدیموکراسـییەت، تەنانـەت لـەرووەوە سیاسییەکەشـیدا نـەبوو، پێـشیانوابوو جیـاوازی زۆر گـەورەو یەکلاکـەرەوە لـەنێوان ئیـسلامو دیموکراسـییەتدا هەیـەو وایاندەناســاند، کەدیموکراســییەت حــوکمی گەلــە بۆگــەلو لــەبیروباوەڕی ئیسلامیــشدا تــەنها خــودا مــافی فەرمانڕەوایــەتیکردنی هەیــەو بڕوابــوون بەدیموکراسییەت بەم چەمکەلادانە لەبنەمانی ئیسلامو کەوتنە ناو کـوفرو هـاوەڵ پەیداکردنــە بۆخــوداو لــەبلاوکراوەو گۆڤــارو رۆژنامەکانیــشیاندا بەئاشــکراو بەراشـکاوی جیـاوازی بیرکردنـەوەی ئیـسلامی خۆیـان لەگـەڵ دیموکراسـییەتدا دەخستەڕوو.[٣٨]

دواجار ئەم حزبە سیاسییە ئیسلامییە نەك هەر بڕوای بەمەسەلەی خەباتی سیاسی نەبوو لەگەڵ حزبە عەلمانییەکاندا، بەڵکو نزیکبوونەوەشی بەمەبەستی بەشداری سیاسی لەگەڵیاندا بەناڕەواو ناشەرعی دەزانیو پێیانوابوو لەبیرکردنەوەی ئیسلامیدا پێکهێنانی قەوارەو دەسەڵاتی ئیسلامی ئامانجو مەبەستە. بەکورتی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بڕوای بەشتێك نەبوو، کەپێی دەوترێ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بەمانای بەشداریکردنی سیاسیو خەباتی سیاسیو مەدەنی، بەڵکو زیاتر بڕوای بەپرنسیپی شۆڕشو کودەتاو خەباتی چەکداری هەبوو، بۆیە ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە هۆکاری گەورەبوو لەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی لەفۆرمی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیدا نەتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا لەبەرامبەر یەکێتیو پارتیدا.

دواجار بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لەمانگی(٨/١٩٩٩)لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا یەکیانگرتو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیان پێکهێناو بوون بەیەك حزبی ئیسلامی خاوەن دیدو تێڕوانینی جیاواز بۆمەسەلەکان.[٣٩]

## تەوەرەی چوارەم

## (پێکهێنانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەکوردستان)

لەمانگی(٨/١٩٩٩)لەئەنجامی یەکگرتنی بزوتنەوەی ئیسلامیو بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دروستبوو،[٤٠] کە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کاریگەری زۆری هەبوو بەگشتیو بەتایبەت لەسەر بەگەڕخستنی ماشێنی ململانێی عەلمانی- ئیسلامیو کارکردن بۆبرەو پێدانو بەرەو پێشبردنی پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی. بەتایبەت بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی توانی لەماوەی ساڵێك کەمتردا گۆڕانکاری زۆر بەسەرخۆیدا بهێنێت چ لەگوتاری ئیسلامیو چ لەگوتاری سیاسیداو بەدوو وەزیریش لەئیدارەی حکومەتی سلێمانیدا، کەیەکێتی پێکیهێنابوو، بەشداریانکردن، ئەو دوو وەزیرەش بریتی بوون لەوەزیری ئەوقاف(محەمەد مەلا عومەر)و وەزیری داد(عەبدورەحمان نورەسی) وەزیری دادو چەند بریکار وەزارەتێك.

بۆیە بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەسەرەتاوە وەك بەشداری سیاسی هاتەپێشەوەو دەیویست لەرووی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە بەشێوەیەکی کرداری بوونی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیو پارتیو بەتایبەتیش پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە بباتە قۆناغێکی ترەوە. هاوکات بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی یەکێك لەو حزبانە بوو، کەبۆکۆنگرەی گشتی هێزە بەرهەڵستیکارەکانی رژێمی بەعسی عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بانگهێشتکرا. بۆیە گەر رووداوەکان بەو شێوەیە نەبوونایە، کەبەهۆیانەوە بزوتنەوەی یەکبوون تێکچوو، ئەوا رەنگە ململانێی عەلمانی-ئیسلامی دۆخێکی جیاوازتری لەو دۆخەی دواتر تێیکەوت وەربگرتایە، چونکەئەم حزبەخاوەنی هێزی پەروەردەییو سیاسیو سەربازی بوو، تاڕادەیەکی زۆریش بنکەی جەماوەری فراوان بوو. بەڵام هێندە هەیە بەشداریکردنی بزوتنەوەی یەکبوون لەحکومەتی

سلێمانیدا کۆدەنگی لەناو بزوتنەوەی یەکبووندا لەسەر نەبوو، بەڵکو هەندێك پێیانوابوو جائیز نییە حزبێکی ئیسلامی لەحکومەتی عەلمانیدا بەشداربێتو نەشیان دەشاردەوەن کەعەلمانییەکانیان هەندێ جارو لەهەندێ رووەوە بەکافر لەقەڵەم دەدا.

بێگومان یەکگرتنی هەردوو بزوتنەوەی ئیسلامیو راپەڕینی ئیسلامیو پێکهێنانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەهەردوولا هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەوەی تایبەتە بەتوێژینەوەکەی ئێمەوەو پەیوەست بێت بەبوون بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوەن ئەوەیە کە لەزاری ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەب سیاسی هەردوولاوە یەکبوونیان وەك پرۆژەیەکی ئیمانیو ئیسلامی لەقەڵەم دەدا، نەك وەك پرۆژەیەکی سیاسی بۆبەهێزکردنی ئەزمونی سیاسیو دەسەڵاتدارێتی سیاسی کوردستان. هەروەك لەبەیاننامەی یەکەمی ئەو حزبەشدادا ئەوە هاتبوو، کەئامانجی خزمەتکردنی خاکو نیشتمانو نەتەوەیە لەرێگەی ئاینی ئیسلامەوە.[٤١] ئەمەش مانای تایبەتی خۆی هەبوو لەدیدو تێڕوانینو جیهانبینی سیاسیو ئیسلامی بزوتنەوەی یەکبووندا، چونکەدواجار بەگشتی ئامانجیشیان ئەوە بوو، کەقەوارەیەکی ئیسلامی لەکوردستان دابمەزرێننو شەریعەتی ئیسلامی تێدا پیادە بکەنو دروشمەکانی راگەیاندنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی راستی ئەم قسەیە دەخاتەڕوو، هەروەك لەبڕگەیەکی تری بەیاننامەی دامەزراندنی بزوتنەوەی یەکبووندا بەم شێوەیە هاتبوو وەك جەختکردنەوەیەك لەسەر ئەم قسەیە: " بەڕێزان دەخوازین یەکبوونی ئیسلامی بتوانێ بەشدارییەکی کاریگەری لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی تر بکات، تاپێکەوە بتوانێت سود وەربگرین لەم هەلو مەرجەی، کەبۆناوچەکەمان رەخساوە بەمەبەستی چەسپاندنی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمانو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو...تاد".[٤٢]

لەهەمووی گرنگتر بۆسەلماندنی ئەوەی، کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیسلامی بەمەبەستی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەکوردستاندا داوە، بریتییە لەپێناسەی یەکبوونی ئیسلامی، کە لەبەشی سەرەوەی لاپەڕە یەکی ژمارە(٤٤)ی ڕۆژنامەی(ڕێگای یەکبوون)ی زمانحاڵی ئەو حزبەدا بەمشێوەیە پێناسەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەکاتو دەڵێت:"بزوتنەوەیەکی ئیسلامی گشتگیرەو لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سوننەتو جەماعەت. کاردەکات بۆچەسپاندنی فەرمانڕەوایەتی شەریعەتی ئیسلامی لەکوردستان تێدەکۆشێو هەوڵدەدات بۆبەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان".[٤٣] ئەمە بریتییە لەمادەی دووەم لەپەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی.

لەپاڵ پاڵنەرە ئایینیو شەرعییەکان بۆدروستکردنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەندێ نهێنیو هۆکاری تر هەیە، کەهەر خودی سەرکردایەتی ئەو حزبە بەمدواییانە دانیان پێداناوەو خستویانەتەڕوو ئەوەیەن کەپێیانوایە دروستبوونی یەکبوونی ئیسلامی لەئەنجامی سەرهەڵدانی ناکۆکی توندی نێوان باڵەکانی ئەم دوو حزبە دروستبووە، بەتایبەت پاشئەوەی بزوتنەوەی ڕاپەڕینیش باڵی سەربازیان دروستکردو مەکتەبی سەربازییان پێکهێنا[٤٤]، وردە وردە بایەخی زیاتریان بەگوتاری سەربازیو چەکداری خۆیان دا. واتە بزوتنەوەی ئیسلامی ترسی ئەوەی هەبوو، کەڕاپەڕینی ئیسلامی ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەوانو کاریگەری لەسەر ئەندامو پێشمەرگەکانیان دروست بکات، چونکە لەلایەکیتریشەوە بزوتنەوەی ئیسلامی حزبێکی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو لەکۆمەڵێك باڵو تەکەتولی جیاواز پێکهاتبوو[٤٥]، هەموو چرکەیەك ئەگەری لێکترازانو پەرتەوازەیی هەبوو، لەولاشەوە ڕاپەڕینی ئیسلامی حزبێکی یەکگرتوو بوونو خاوەنی میتۆدو پرۆگرامی فیکریو سیاسی ئیسلامی بەهێز بوونو لەقۆناغەکانی دواتری خەباتی سیاسییاندا باڵی چەکداریشیان بۆزیاد کرد. بۆیە بزوتنەوەی ئیسلامی قبوڵی نەکرد ڕاپەڕینی ئیسلامی مەکتەبی سەربازی بکاتەوەو پێیانوابوو لەڕووی

شــەرعییەوە نابێــت دوو بزوتنـــەوی جیهــادیو چــەکداری ئیــسلامی لەناوچــەو شــوێنێکدا بوونیــان هــەبێت. باشــترین بەڵگــەش لەمبارەیــەوە گرتنــی ناوچــەی خورماڵی راپەڕینی ئیسلامی بوو لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لەدەرئەنجامی ئــەم مەترسـییەو ئــەم نارەزایەتییــە. لەمبارەیــەوە(ئیکــرام کــەریم)ی ئەنـدامی پێشووی مەکتــەب سیاسـی بزوتنــەوەی راپــەڕینی ئیـسلامی دەڵێــت:" راپــەڕینی ئیسلامی مەکتەبی عەسکەری دامەزراند، بزوتنەوەی ئیسلامی بەمــە قــەڵس بــوو، ناوچەی خورماڵی راپەڕینیان داگیرکــردو هەڕەشــەی گرتنــی بنکــەکانی تریــشیان کــرد".[٤٦] ئیکــرام کــەریم درێــژەی پێــدەداتو دەڵێــت:" لــەو دانیــشتنانەدا، کەبۆچارەســــەری ئـــەو گرفتانـــە دەکـــرا، هەنـــدێ لـــەبرایانی بزوتنـــەوە دەیــانوت:یــەکبوون یــان بــەئارەزوو، یــان بــەزۆر دەکرێــت".[٤٧]واتــە مەبەســتی لەفــشارهێنانی بزوتنــەوەبوو بۆســەر راپــەڕینی ئیــسلامیو تەســلیمبوونیان بــوو بــەپرۆژەی یــەکبوون. بۆیــە ئیکــرام کــەریم یــەکبوونی ئیــسلامی بەپرۆژەیــەکی ناسروشتی لەقەڵەم دەدات، چونکەنواندنی کۆمــەڵێ هەڵوێست، وای لەهــەردوولا کرد هەنگاوی ناسروشتی بۆیەکبوون بنێن".[٤٨]

هەرچــی(یاســین حەســەن)ی ئەنـدامی پێــشووی ســەرکردایەتی بزوتنــەوەی ئیسلامیشە دەربارەی پرۆژەی یەکبوون دەڵێت:" هەردوولا بزوتنــەوەو راپــەڕینی ئیسلامی لەگەشە وەســتابوون، بزوتنــەوەی ئیــسلامی کۆمــەڵێك کێــشەی هــەبوو، بزوتنــەوەی راپــەڕینیش خــەریکبوو لــەزەوی دەدا، هــەردووکیان بەرامبــەر یــەك وەستابوون بۆئەوەی ئەگەر کەوتن، بکــەون بەســەریەکداو نەکەونــە ســەر زەوی، بۆیــە یــەکبوونی ئیــسلامی پرۆژەیــەکی ناسروشــتی بــوو".[٤٩] هــەروەها(یاســین حەســەن) پــرۆژەی یــەکبوون بۆئــەو هۆکــارەش دەگێڕێتــەوە، کــە لەهــەردوو بزوتنەوەکــەدا قــەیرانی ســەرکردە هــەبووە، لەلایــەك لەبزوتنــەوە لەرابەرایــەتی (م.عەلی عەبدولعەزیز) نارەزایەتی هــەبووەو لەراپــەڕینی ئیــسلامیش دەیانویــست خۆیــان لــە(م.ســدیق عەبدولعــەزیز) رزگاربکــەن، بۆیــە پــرۆژەی یــەکبوون دەرفەتێکبوو بۆئەو مەسەلەیە.[٥٠] زانینی ئەم هۆکارانەو زانینــی دۆخــی نــاوخۆی

بزوتنـــەوەی یـــەکبوونی ئیـــسلامی گـــرنگن، چـــونکەیەکبوونی ئیـــسلامی کاتێـــك هەڵوەشـایەوەن دواجـار بـووە چـەند تەکـەتولو بـاڵێکی جیـاواز. بەگشتی بـاڵی راپــەڕینی ئیــسلامی زۆرینــەیان لــەناو یــەکبوونی ئیــسلامیدا لەگــەڵ بەشــداری سیاسیدا نەبوونو بەشداری یەکبوونی ئیسلامییان لەحکومەتی ئیدارەی سلێمانی یەکێتیدا لەرووی شەرعییەوە پێباشنەبوو، بەڵام بەهۆی بڕیاری ناو بزوتنەوەکانی ناو یەکبوونەوە بەتایبەت باڵی رابـەری گشتیو هەنـدێ بـاڵی تـر لـەو حکومـەتی سلێمانیدا بەشداربوونو ئـەم رایـەیان سەرخـست. هێـشتا دامەزرانـدنی قـەوارەی ئیـسلامیو پیـادەکردنی شـەریعەتی ئیـسلامی ئامـانجی زۆرینـەی سـەرکردایەتی یەکبوونی ئیسلامی بوو، بەپێچەوانەشەوە لەگـەڵ بەشـداری سیاسـی بـەرفراوانو بـوون بەئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـیدا نـەبوون وەك خـەباتی مـەدەنیو سیاسـی دوور لەخەباتی سەربازیو چەکداری.

دواجار پاشئەوەی لەمانگی(٨/٢٠٠٠)واتـە سـاڵێك پـاش پێکهێنـانی یـەکبوونی ئیسلامی کۆنگرەی یەکـەم بەسـتراو لەسـەر ئەنجامـەکانی کـۆنگرە جیابوونـەوە روویکـردە ئـەم حزبـەو رێکنەکـەوتن.[٥١] پـاش چـاوەڕوانییەکی زۆر بزوتنـەوەی یەکبوونی ئیسلامی بۆچەند باڵو تەکەتولێك دابەشبوو بەمشێوەیە:

١. باڵی عەلی باپیر زۆربەی راپەڕینە کۆنەکان جگە لە(م.سدیق عەبدولعـەزیز)و زاواکــانیو هەڵەبجەییــەکانو هەنــدێ کەســی تــی، ئیــدی ئــەوانیتر لەیــەك نزیکبوونەوەو دواتر لەرۆژی(٢٠٠١/٥/٣١)کۆمەڵی ئیسلامیان راگەیاند.

٢. بـــاڵی(م.عـــەلی عەبدولعـــەزیز)و(م.ســـدیق)ی بـــرایو(ئەحمـــەد کاکەمەحمود)و(کامیلی حاجی عەلی)و(محەمەد مەلا عومەر)و هەندێکیتر، پێکەوە هەر بەناوی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی مانەوەو ئەوانیش پاش جیابوونـەوەو جیابوونەوەی تر، بزوتنەوەی ئیسلامییان راگەیاندەوە. بەهەمان نـاوی پێـشووی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە.

٣. بـاڵێکی دیکەبـەناوی هێـزی دووی سـۆران سـەربەخۆ جیابوونـەوەو دوایـی لەگەڵ کۆمەڵەی تەوحیدو حەماسدا یەکیانگرتو جوندولئیسلامیان دروستکرد.

٤. باڵی کرێکار، کەپێیان دەوتن باڵی ئیسلاح بەسەربەخۆیی مانەوەو دوایی لەگەڵ جوندولئیسلامدا یەکیانگرتو ئەنسارولئیسلامی کوردیان دروستکرد.[٥٢]

٥. باڵی شێخ محەمەد بەرزنجیو مەلا مەحمودی ئازادیو جەمال ئەشرەف قارەمانیو عەبدورەحمان نەورەسیو ئەوانیش سەربەخۆ مانەوەو پاش راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیو دوای چەند گفتوگۆیەك چوونە ناو کۆمەڵی ئیسلامییەوە.[٥٣]

هەندێ کەسی تر پێیانوایە لەکۆنگرەدا پلانێك هەبووە بۆپەراوێز خستنی باڵی(م.عەلی عەبدولعەزیز)و پرۆژەی یەکبوونی ئیسلامیو لەسەرەتاوە وەك کودەتای سیاسی دەزانن دژ بەبنەماڵەی(م.عەلی عەبدولعەزیز)و ئەمەش بەڵگەی بەهێزی هەیە، بەتایبەت ئەندامانی پێشووی راپەڕینی ئیسلامی جەختیان لەم کودەتایە کردۆتەوە[٥٤]،(لەمبارەیەوە بڕوانە وتووێژ لەگەڵ ئارام قادرو کرێکار لەپاشکۆی وتووێژەکاندا). هاوکات خودی(م.عەلی باپیر) لەکتێبی(سنورە قەدەغەکان مەشکێنن)دا ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووەو تێبینیان لەسەر زۆرشت هەبووە بۆنموونە: پەیوەستنەبوونی هەندێ کەس بەپەیڕەوو پرۆگرامەوە، نەبوونی دادپەروەری لەبەیتولمالدا، رانەگرتنی هەڵسوکەوتکردنی شەرعی لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت:" یەکەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەرۆژی(٢٠٠٠/٨/٨)گیرا، پێشئەوەی کۆنگرە بگیرێ، ئێمە لەگەڵ مامۆستا(مەلا عەلی عەبدولعەزیز) کێشەمان هەبوو لەگەڵ ئەوو ئەو خەڵکەی لەدەوری بوون، بەسەرپەرشتی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران رێکەوتننامەیەکمان لەنێواندا ئیمزا کرا، ئێمە هەر ئەوکاتە بەتەمابووین کاریێ بکەین مامۆستا(مەلا عەلی عەبدولعەزیز) لەکۆنگرەدا دەرنەچێ".[٥٥]

بۆیە بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بەهۆی نەگونجانیان پێکەوە نەك نەیانتوانی ببنە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کاران بگرە نەشیانتوانی وەك خۆیان بەیەکگرتوویی بمێننەوەو بۆچەند باڵێك دابەشبوونو هەموو دەرفەتە گرنگەکانی بوون بەئۆپۆزیسۆنیی سیاسییان لەدەستداو ململانێی عەلمانی–

ئیسلامی چووه قۆناغو شێوازێکی ترەوە، بەتایبەت لەگەڵ جوندولئیسلامو ئەنسارولئیسلامدا دواتر چووه قۆناغی شەڕی سەربازییەوەو ئامانجی ئەنسارولئیسلامی کوردی رووخاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لەسلێمانیو هەولێرو لەجێگەیدا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بوو. بۆیە لێرە بەدواوە دەبێ باس لەکۆمەڵی ئیسلامی بکەین کەوەك هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بوونی دەرکەوتو پەیوەستە بەتوێژینەوەکەی ئێمەوە.

## تەوەرەی پێنجەم

### (پێکهێنان و ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی)

#### کۆکردنەوەی دوو مۆدێلی جیاواز لەگوتارو پرۆژەی ئیسلامی

پێکهێنانی کۆمەڵی ئیسلامی لەباڵی(عەلی باپیر) لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو، لەگەڵ زۆرینەی ڕاپەڕینی ئیسلامی پێشوو، کەزۆرینەیان ئەندامانی دەرچووی کۆنگرەی یەکەمی یەکبوونی ئیسلامی بوون، لەگەڵ باڵی شێخ محەمەد بەرزنجی، کەدوای هەڵوەشانەوەی یەکبوونی ئیسلامی پێکهات. دیارە کۆمەڵی ئیسلامی بەگشتی بەوتەی خۆیان زۆرینەی ئەندامانی دەرچووی کۆنگرەی یەکەمی یەکبوونی ئیسلامیان لەگەڵدابوو، پاش پابەند نەبوونی(عەلی عەبدولعەزیز) بەئەنجامەکانی کۆنگرەوە(٥٦) و پاش چاوەڕوانییەکی زۆر لەرۆژی(٣١/٥/٢٠٠١) خۆیان ڕاگەیاندو چەندین بەڵگەی شەرعیو پاساوی ئیسلامیان بۆخۆجیاکردنەوەی خۆیانو دروستکردنی کۆمەڵی ئیسلامی هێنایەوە(٥٧). لەمبارەیەوە(ئیکرام کەریم)،کەیەکێك بوو لەئەندامە دەرچووەکانی سەرکردایەتی یەکبوونی ئیسلامی لەکۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی یەکبوون لەسەر باڵی(سدیق عەبدولعەزیز)، دەڵێت:"ئەو بەڵگانەی، کەکۆمەڵی ئیسلامی خۆی پێجیاکردەوە، هەر ئەو بەڵگانەبوون، کەجوندولئیسلام خۆی پێ جیاکردەوە".(٥٨)

لێرەدا گومان دەخاتە سەر شەرعییەتی خۆجیاکردنەوەی کۆمەڵی ئیسلامی. هاوکات هەندێ پێیاوانوایە بیرکردنەوە لەپرۆژەی یەکبوونی ئیسلامی، هەوڵێك بووە بۆ بۆکودەتاکردن بەسەر باڵی(عەلی عەبدولعەزیز)داو ڕاستتر بوترێ بەسەر بنەماڵەی(عەبدولعەزیز)دان کەئەوکات(عەلی عەبدولعەزیز) ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامیو دواتریش یەکبوونی ئیسلامی بوو، هەروەها(سدیق عەبدولعەزیز)ی برایشی ئەمینداری گشتی ڕاپەڕینی ئیسلامی بوو، لەهەردوولاش پلانێك هەبووە بۆ خۆرزگارکردن لەمان. ئەنجامی ئەم جێبەجێکردنی پلانەکەبوو

لـەكۆنگرەدا. سەرچـاوەیەك بـاس لـەوەدەكات، كـە لـەكۆنگرەدا خـەڵكێكی زۆر كۆكراوەتـەوە بۆئـەم مەبەسـتە[٥٩]، بـەڵام سەرچـاوەیەكی تـر پێـی وایـە پێـشتر كۆدەنگییـەك هـەبووە لەسـەر مانـەوەی(عـەلی عەبدولعـەزیز)وەك رابـەری گـشتی یەكبوونی ئیسلامیو هەموولایەك یەكدەنگبوون لەسەریو زیاتر سـەرنجو تێبینـی لەسەر ئەنجامەكانی كۆنگرەو ئەو رێكەوتنە ژێر بەژێرییە هەبووە لـەنێوان نـەهزە كۆنەكانو باڵی عەلی باپیرداو عـەلی عەبدولعـەزیز بـاجی خـەڵكی تـری داوە، نـەك باجی خۆی،[٦٠] بەڵام دوائـەنجامی پلانەكەبـەگوێرەی لێكدانـەوەی هەنـدێ كـەس بەخۆجیاكردنــەوەو راگەیانــدنی كۆمــەڵی ئیــسلامی كەوتــەوە.[٦١] هەرچــەندە بۆچوونێكی تر هەیە لەسەر ئەوەی گوایـە نەخشەكەپێـشوەختو بـەر لـەپرۆژەی پێكهێنانی یەكبوونی ئیسلامی دارێژراوە، بەڵام لەسەروبەندی بەستنی كـۆنگرەدا ئەم هەولانە دەركەوتنو هەستیان پێدەكرا.[٦٢]

سەبارە بەناسنامەو ئامانجو ستراتیژو بەرنامەی كۆمەڵی ئیسلامی(عەلی بـاپیر) بەمشێوەیە دەدوێ:" ئێمەوەك كۆمەڵی ئیـسلامی مەبەسـتی كارەكـەمان، خـۆی لـەوەدا دەبـینێ: بنكەیـەكی جـەماوەریی، لـەنێو خەڵكـدا دروسـتبكەین، تێیـان بگەیەنین پـەروەردەو هۆشـیاریان بكەینـەوە".[٦٣] هـەروەها دەبێـژێ:" كاكڵـەی كارەكەی ئێمە ئەوەیـە: خـەڵكی خۆمـان لـەئاینی ئیـسلام تێبگەیـەنین، ناشـڵێین خەڵكەكەمان مسوڵمان نییە، بەڵكو دەڵـێین لەئیـسلام دووركەوتوونەتـەوە. بۆیـە دەبێ سەرلەنوێ لەسەر بەرنامەكانی ئیسلام پەروەردە بكرێنەوە، تێبگەیـەنرێنو بەرچاویان رۆشن بكرێتـەوە، بـەڵام لەهەمانكاتیـشدا چـەكمان پێیـە لەبەرئـەوەی ئێـستاش لەلایەكـەوە دوژمنـەكانی گەلەكـەمان بۆمـان لەبۆسـەدان، لەلایـەكی دیكەشـەوە بەراسـتی هێنـدێ جـار برادەرانـی سـیكولاریش ناتـەباییمان لەگـەڵ دەكەن....تاد ".[٦٤]

لەشوێنێكی تردا ئەوەش دەڵێت كـە:" بنـچینەی كـاری ئێمـە لەگـەڵ خەڵكـە، بۆخەڵكەو هەر لـەنێو خەڵكیـشدایە، بـەڵام لـەم هەلومەرجـەی ئێـستای جیهانـدا، لەهەلومەرجی ئێستای كوردستاندا خۆت دەزانی رەوشەكەچۆنە ! كەسێ هێزێكی

نەبێ، دەنگێکی زولاڵو نێرانەی نابێ تـاگوێی لێبگیرێ.(٦٥) هاوکـات لەشـوێنێکی تریشدا باس لەهەڵگرتنی چەك دەکاتو بەیەکێك لەجیاوازییەکانی نێوان کۆمـەڵو یەکگرتووی ئیسلامی دەزانێت.(٦٦)

سـەبارەت بـەئامانجی کۆمـەڵی ئیـسلامیش(عـەلی بـاپیر) دەڵێـت:" لەراسـتیدا گەلەکەمان گەلێکی مسوڵمانە، گەلێکی مسوڵمانیش دەبێ هەموو شـتێکی بـەپێی ئاینەکەی بێت، بەپێی ئیـسلام بێـت. چ لەخـەباتی رزگـاریخوازی خۆیـدا بێـت، چ لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی خۆیدابێت. واتە کاتێ بیەوێت گرفتی رامیاری خۆی چارەسەرکاو میریی دامەزرێنێو بیەوێ یاهـەر ئامـانجێکی شـەرعی ژیان جێبەجێ بکا، دەبێ لەروانگەی شەریعەتەوە بێ، دەبێ لەسەر بنچینەی ئەو شـەریعەتە بـۆی بـچێ. ئامـانجی سـتراتیژیمان ئەوەیـە کۆمەڵگـەی کـوردەواری والێبکـەین، بیخەینـە ژێـر سـایەی شـەریعەتەوە".(٦٧) دەربـارەی ئامـانجی دامەزراندنی قەوارەی ئیسلامی کاتێك پرسیار لەخودی(عەلی باپیر) لێدەکەن بـەم شێوەیە:

–گەر هەلتان بۆبڕەخسێ، ئایـا ئامانجتـان ئەوەنییـە دەوڵـەتێکی کوردسـتانی ئیسلامی لەباشوری کوردستان دامەزرێنن؟

عەلی باپیر: وەڵڵا، گەر هـەلمان بۆبڕەخسێ چـی بـەقازانجی دونیـاو قیامـەتی ئەم گەلەمان بێ وادەکەین.(٦٨)

## تەوەرەی شەشەم

## (هەڵوێست بەرامبەر بەچەمکی دیموکراسیو ئازادی تاکەکەسو بابەتە پەیوەندیدارەکانی)

ئێمە لێرەدا هەڵوێستو بیروڕاکانی(عەلی باپیر) هەم وەك ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەخەینەڕوو، هەم وەك نوسەرو رۆشنبیرێکی نێو پڕۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەو یەکێك لەکەسایەتییە ئەکتیڤەکانی کۆمەڵی ئیسلامیو گوتاری ئیسلامی کوردی، کەخاوەنی چەندین کتێبو نوسراوەو جیهانبینیو دیدو تێڕوانینی تایبەتی خۆیی هەیە. بەشێك لەو بیروڕایانەی(عەلی باپیر) پێشترو تارادەیەکی زۆر ئێستاش لەسەر پڕۆژەو گوتاری سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی رەنگیداوەتەوەو ئەم بۆچوونانەی ئەمیری کۆمەڵ بۆسالی(٢٠٠٤)دەگەڕێتەوەو ئێمە لەکتێبەکانی خۆی یاخود لەو گفتوگۆیانەوە وەرمانگرتوون، کە لەگەڵیدا ئەنجامدراوە. هەرچەندە پێدەچێ بۆئەوکاتەو ئێستاش ئەمە بۆچوونی هەموو کۆمەڵی ئیسلامی نەبێت، یاخود خودی(عەلی باپیر) گۆڕانکاریی بەسەر ئەم بۆچوونانەیدا هاتبێتو بەجۆرێکیتر لێیان بڕوانێت(بۆزانینی زانیاری زیاتر لەسەر دیدو تێڕوانینی عەلی باپیر بڕوانە پاشکۆی وتووێژەکان)، بەڵام بەحوکمی ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە رەهەندێکی مێژوویی هەیەو بەدوای قۆناغەکانی کارو پڕۆژەی هێزە ئیسلامییەکاندا دەچێت، بۆیە ئەم بۆچوونانەمان هێنایەوەو لەمبارەیەوە وتووێژ کراوەیە لەسەری.

لەبارەی چەمکی دیموکراسییەوە(عەلی باپیر) لەکتێبی(سنورە قەدەغەکان مەشکێنن)دا، کەبریتییە لەوتووێژێکی(د.حسێن محەمەد عەزیز)، کە لەگەڵیدا ئەنجامیداوەو لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا لەمەڕ دیموکراسییەت بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:" من لەمێژ ساڵە گوتومە: دیموکراسی لەنێو سیستمەکانی فەرمانڕەواییدا لەهەموویان چاکترە، چاکی نێو خراپانە، کەمرۆڤ داینـاون، یا بەکوردی خۆمان دەڵێن: لەچاو شەلان پەیتە)، بەڵام کاتێك

دیموکراسـی وەك فەلـسەفە وەك میکـانیزم لەگـەڵ ئیـسلامدا بـەراورد دەکـرێن جیاوازی نێوان ئاسمـانو رێـسمانیان هەیـە، چـونکەناوەڕۆکی دیموکراسـی سـەر بۆئــەوە دەکێــشێ، کــەمرۆڤ جگــە لــەخودا شــتێکی دیکەبپەرســتێ، واتــە: بــەخوداکردنی مــرۆڤ، مــرۆڤ لەشــێوەی پەرلەمانــدا وەك خودایــەك تەماشــای بکەی....تاد".[٦٩] هاوکات لەجێگەیەکی تردان کەپرسیار لە(عەلی باپیر) دەکرێت دەربارەی هەندێ چەمكو مەسەلەن بەمشێوەیە وەڵامدەداتەوە:

–باوەڕتان بەپلۆرالیزم هەیە؟

عەلی باپیر: بەڵێ.

–کەواتە باوەڕتان بەدیموکراسی هەیە؟

عەلی باپیر: نەخێر.

–ئاخر پلۆرالیزم بەیەکێ لەپرنسیپە گرنگەکانی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێ!

عەلی باپیر: دەزانم.. من باوەڕم بەزۆرینەی پرەنسیپەکانی دیموکراسـی هەیـە، ئێـستە مـن بـۆت لەتەتەڵـە دەدەم، بـاوەڕم بـەکوێی دیموکراسـی هەیـەو بـڕوام بـەکوێی نییـە. بـڕوام بـەو شـوێنەی دیموکراسـی نییـە، ئـەوەیم لەگـەڵ بـاوەڕی ئیسلامیو لەگەڵ ئایندا لاناگونجێ، کەگـەل چ راسـتەوخۆو چ ناڕاسـتەوخۆ، واتـە نوێنەرەکانو پەرلەمان سەرپـشك بکـرێ بـەئارەزووی خۆیـان یاسـادابنێن. ئـەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ باوەڕو شەریعەتی ئیسلامیدا ناگونجێ.[٧٠]

دەربـارەی ئـازادی تاکەکەسـیش کاتێـك پرسـیار لـە(عـەلی بـاپیر) دەکـرێ، بەمـشێوەیە وەڵامدەداتـەوەو بۆچـوونی خـۆی دەردەبـڕێ:"لەئیـسلامدا ئـازادی چوارچێوەی تایبەتی بۆدانراوە،.... لەسیستمە دانراوەکاندا دەڵێ ئازادی تۆ لـەو شـوێنەدا کۆتـایی دێ، کـەمافی خـەڵك دەسـت پێـدەکا. ئێمـە وانـاڵێین، بـەڵکو دەڵێین: ئـەو سـنورە دیارنییـە، سـنورێکی ئەندێـشەییە. نـازانین ئـازادیی لـەکوێ دەست پێدەکاو هی تۆش لـەکوێ کۆتـایی دێ، شـەرع بڕیویەتییـەوە. ژن دەبـێ پۆشاکی وابێ، خەڵك نابێ بخواتەوە، بۆ؟ چونکەژیری لادەبا".[٧١] هەروەك(عەلی باپیر) هەندێ ئـازادی تاکەکەسـی بەسـوکایەتی دادەنێـت. بۆنموونـە دەبێـژێت:"

بۆدەبێ کابرا لەبازاڕ بخواتەوەو ئەو خەڵکەئیسلامییەش هەموویان لەوێ بن؟ جا باشە بۆئەو ئەوە بەئازادی دابنێ؟ واتە ئەوەی ئەو بەئازادی دادەنێ، ئێمە بەسوکایەتی دادەنێین، چونکەئەو دەتوانێ لەماڵی خۆیدا بخواتەوە بۆهەردەبێ لەبازاڕدا بخواتەوە". (٧٢)

سەبارەت بەگرتنە دەستی دەسەڵاتو دامەزراندنی قەوارەی ئیسلامی(عەلی باپیر) بەراشکاوی باس لەوە دەکات، کەکۆمەڵی ئیسلامی شەریعەتی ئیسلامی پیادە دەکاتو ڕێگری لەبێ بەندو باری دەگرێ، لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئێمە لەم ناوچەیەداین(ئەوکاتە کۆمەڵی ئیسلامی زۆربەی بارەگاو دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی لەناوچەی خورماڵو ئەحمەد ئاوا بووەو مەبەستی ئەوێیە، بەتایبەت ساڵی ٢٠٠٤، پێش لێدانی ئەو ناوچانە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە، وتووێژەکەی د.حسێن محەمەد عەزیزیش لەوکاتەدا ئەنجامدراوە—توێژەر)، لەهەر ناوچەیەکی دیکەش بین، گەر بزانین خەڵکەکەی لەگەڵمان دەبن وەك دەسەڵاتێکی شەرعی دەسەڵاتمان دەبێ، واتە: خەڵکەکەوایان دەوێ، جەماوەر داوا دەکا، ئەو شتانە نەبێ، بڵێین: سبەینێ لەهەموو کوردستاندا دەسەڵات پەیدا دەکەین، بەدڵنیایی نایەڵین خواردنەوە لەبازاڕ بفرۆشرێ". (٧٣) هەر لەمبارەیەوە زیاتر لەسەری دەڕواتو باسی ئازادی ژنانو مەسەلەی لەبەرکردنی جلو بەرگو لەچك دەکاتو دەڵێت:" ئێمە نایەڵین شتی بێ بەندو باری بکرێ، شتی ناشەرعی بکرێ. ژن بێ بۆبازاڕ، دەبێ پۆشاکی شەرعی لەبەرکا، ناشڵێین وەك تالیبان دەکەین،.........ئیسلام پێی خۆش نییە ژن بێتە بازاڕو مێیایەتی خۆی بەرجەستەبکاو دەربخا، چونکەئەوە دەماری شەڕ لەخەڵکدا دەجوڵێنێ. ئێمە گەر ئەوە ئازادیش بێ، گەر ئەو بەئازادیش لێکیبداتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا، ئەو ئەوەندە ئازادییەی لێدەگرینەوە، چونکەژن هەر دەتوانێ بۆمێردی خۆی خۆی رووتو قوت بکا". (٧٤) کاتێکیش کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیەنرا لەرۆژنامەی(کۆمەڵ)ی ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ئەو حزبەوە، بەتایبەت ژمارەکانی سەرەتا، کەبۆناساندنی بەرنامەو پرۆگرامو دیدو تێڕوانینی شەرعیو سیاسی

کۆمەڵی ئیسلامی تەرخانکرابوو چەندین مەسەلە باسکرابوو. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لەگەڵ راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیدا بەکارنەهێنانو لێنەدانی مۆسیقابوو لەراگەیاندنی بینراوو بیستراویانداو بەحەرامیان لەقەڵەمدا. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا نەبوون، کەژن بچێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنو دەربکەوێتو قەدەغەیان کردو بەحەرامیان دانا.

گرنگە باس لەوەش بکەین کەکۆمەڵی ئیسلامی لەرووی مەسەلەی نەتەوایەتیو بیری نەتەوەییەوە بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیەو زیاتر بیر لەئامانجە ئیسلامیو ئاینییەکان دەکەنەوەو هەم مەسەلەی نەتەوەییو نیشتمانیو هەم هەموو مەسەلەکانیتر لەروانگەی شەریعەتی ئیسلامیو دیدگای ئیسلامییەوە لێکدەدەنەوەو بەتەواوی کار لەسەر پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن.

ئەوەی باسکرا دەشێ ئامانجو بۆچوونو بیرکردنەوەی هەموو سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی نەبێت، لەلایەکو لەلایەکیتریشەوە ، ئێستاو پاش پرۆسەی ئازادی عێراق کۆمەڵی ئیسلامی ئەو ناوچانەیان لەدەستداو مەکتەبی سەربازیشیان جگەلەوەی کەوتە بەر هێرشی موشەکبارانی ئەمریکا، کەنزیکەی پەنجا تا شەست پێشمەرگەو ئەندامیان بووە قوربانی، هاوکات بەشێکی زۆری چەکەقورسەکانیشیان تەسلیم بەئەمریکا کردو ئێستا زیاتر سیمای حزبێکی سیاسیو مەدەنیان وەرگرتووە، بەڵام وەك لەقسەکردنو لێدوانەکانی(عەلی باپیر)ی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیدا دەردەکەوێت هێشتا بڕوایان بەهەڵگرتنەوەی چەكو گرتنەبەری خەباتی چەکداری هەیەو بەڕاشکاویش رایدەگەیەنن، کەرەچاوی هەلومەرجی رەوشی جیهانو ناوچەکەو کوردستان دەکەنو ئێستا زیاتر وەك بەشداری سیاسی لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیەو پێشتریش لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا(٢٠٠٥) بۆئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستانو عێراقو ئەنجومەنی پارێزگاکان بەشدارییانکردو دوو کورسیان لەپەرلەمانی عێراق بەدەست هێنا(هەردوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

رايانگەياند، كەئەو دوو كورسييە دەخەنە پاڵ كورسييەكانى ليستى هاوپەيمانى كوردستان بۆداكۆكيكردن لەداواكارييەكانى كورد لەچوارچێوەى پەرلەمانى عێراقدا، كەئەمەش هەڵوێستێكە لەرووى بەرژەوەندى نەتەوايەتييەوە دەبێ لەپێش چاو بگيرێت بۆمێژوو–توێژەر)و شەش كورسيان لەپەرلەمانى كوردستان بەدەست هێنا. لەهەڵبژاردنە پەرلەمانييەكەى كوردستان لە(٢٥ى تەمموزى ٢٠٠٩)يشدا لەچوارچێوەى ليستى خزمەتگوزارىو چاكسازيدا، كە لەكۆمەڵو يەكگرتوو، زەحمەتكێشان باڵى قادر عەزيزو سۆسياليست ديموكرات پێكهاتبوو، چوار نوێنەريان لەپەرلەمانى كوردستاندا هەيە. ئەم گۆڕانكارييانەى بەسەر كۆمەڵى ئيسلاميدا هاتووە دەشێ بەشێكى زۆرى بۆكاريگەرىو هۆكارى رووداوە سياسييەكانى بگێڕينەوەو كاريگەرى سياسەتى ئەمريكا بەتايبەت. بەشێكيشى بۆ بۆبيركردنەوەى هەندێ لەئەندامانى سەركردايەتى كۆمەڵى ئيسلامى خۆى، بەڵام مەرج نييە تاسەر بەمشێوە بەشداريكردنە بمێننەوەو وەك لەلێدوانەكانى خۆياندا جەختى لێدەكەنەوەن ئەمە تاكتيكى مەرحەلييەو دەرفەت بێتە پێشەوە گۆڕانگارى بەسەر ديدو شێوازى كارى سياسى خۆيانو ئامانجو ستراتيژييەتياندا دەهێنن. ئێستا كۆمەڵى ئيسلامى ئەوەندەى لەرواڵەتدا دەردەكەوێ بڕوايان بەبەشدارى سياسى هەيەو لەپرۆسەى سياسيدا بەشدارن، بەڵام لەهەمانكاتدا ململانێيەكى توندو سەرسەختانەى پرۆژەى بەعەلمانيكردنى كۆمەڵگە دەكەنو لەروويدا دەوەستنەوە.

**تەوەرەی حەوتەم**

**(گوتارو پرۆژەی ئیسلامی میانڕەو)**

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك نموونە**

کاتێك دەڵێین باڵی ئیسلامی کوردی میانڕەو مەبەستمان لەوەیە، کەگوتاری ئیسلامیو سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بەحوکمی ئەوەی لەسەر شێوازی گوتارو پرۆژەی ئیسلامی ئیخوان موسلیمین بووەو بەبەراورد لەگەڵ پرۆژەو گوتاری بزوتنەوەی ئیسلامیو راپەڕینی ئیسلامیو دواتریش یەکبوونی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیدا میانڕەوتر بووەو بڕوای بەچەكو خەباتی چەکداریو گوتاری جیهادی نەبووەو نییەو زیاتر بایەخ بانگەوازو بەپەروەردەی تاکەکەسی دەداتو خۆشیان بەمیانڕەو دەزانن(٧٥). تەنانەت کاتێك بزوتنەوەی ئیسلامی لەئێرانساڵی(١٩٨٧)رادەگەیەنرێت، باڵی(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)و ئیخوانەکانی هێلی یەك، نەك هەر هاوکاریان ناکەنو ناچنە ناویانەوە، تەنانەت خودی(م.سەلاحەدین) دەچێتە وڵاتی ئیماراتو نامەیەکی نوعمان عەبدورەزاق سامەرائی بۆ(م.عوسمان عەبدولعەزیز) دێنێتو داوای لێدەکات، کەواز لەخەباتی چەکداری بهێنێت.(٧٦).

بەگوێرەی هەندێ بیروڕا لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی(١٩٩٢)ی کوردستاندا رێکخستنی ئیخوانو باڵی(م.سەلاحەدین) دەنگیان نەداوەتە(م.عوسمان عەبدولعەزیز)ی رابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی، کەئەوکات خۆی بۆسەرۆکایەتی کوردستان کاندیدکرد بوو، بەپێچەوانەوە لەرێگەی رێکەوتنێکەوە، دەنگیان دایە(مەسعود بارزانی). لێرەدا بیروڕای جیاواز هەیە، بەجۆرێ (هەندێ لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی باس لەوەدەکەن، کەدەنگدان بۆپۆستی سەرۆکی کوردستان لەنێو لیستی ئیسلامییەکاندا ئیختیاری بووەو ئیجباری نەبووە، بەمەش ئەو تۆمەتە لەسەر ئیخوانی یەكو باڵی م.سەلاحەدین محەمەد بەهادین ساغ نابێتەوە–توێژەر) لەمبارەیەوە بگەڕێرەوە بۆوتوێژ لەگەڵ هەریەکە لە(کرێکار، عەلی باپیرن محەمەد بازیانی) لەپاشکۆی

وتووێژەکانــدا. هــەروەها لەســاتەوەختی راگەیانــدنی یــەکگرتووی ئیــسلامی کوردستان لەساڵی(١٩٩٤) ، ساتەوەختێکی ئـازاراویو تراژیـدیی بـوو بەنیـسبەت بزوتنــەوەی ئیــسلامییەوە، چــونکەتازە لەشــەڕ لەگــەڵ یــەکێتی نیــشتمانی کوردســتاندا تێکـشکابوو، لەوشەڕەشـەدا سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی ئیـسلامی گیرابــوو، خــودی(م,عوسمــان عەبدولعــەزیزیش) لەلایــەن یەکێتییــەوە بــەدیلی گیرابوو، جگەلـەوەی ژمارەیـەك کـادرو پێـشمەرگەو ئەنـدامی سەرکردایەتیـشیان کوژرابـــوو. بۆیـــە هەنـــدێ کـــەس ئـــەم راگەیاندنـــەی یـــەکگرتوو وەك تۆڵەسەندنەوەیەکی سیاسی لەبزوتنەوەی ئیسلامی دەزانـن. بۆیـە ئەمـە بریتییـە لەپوختــەی نـاکۆکبوونی گوتـارو پـرۆژەی سیاسـیو ئیـسلامی یـەکگرتوو لەمـەڕ گوتارو پرۆژەی ئیسلامی چەکدارو خەباتی چەکداری.

گەر بگەڕێینەوە بۆسەرەتاکانی دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردسـتان دەبـێ بـاس لەیەکـەم گـەراداناني رێکخـستنی ئیخـوان موسـلیمین لەکوردسـتاندا بکەین، چونکەوەك لەلایەن ئەمیندارو ئەندامانی بالآی یـەکگرتووی ئیـسلامییەوە جـەختی لەسـەرکراوەتەوە تـاوەکو دوای راپـەڕینی بـەهاری(١٩٩١)ی کوردسـتان بەشێك بوون لەرێکخستنی ئیخـوانی جیهـانیو بـەناوی ئیخوانـەوە لەکوردسـتانو لەدەرەوەشــدا لــەئێران خــەباتی سیاســییان کــردووە. هاوکــات پاشــئەوەی ســەرکردایەتی ئیخــوان لەســاڵی(١٩٧١/٤/٤)بڕیــاری وەســتاندنی کــارو چــالاکی سیاسی خۆی دەدات[٧٧]، ئیدی لێرەوە رێکخستنی ئیخـوان دووچـاری ئینـشیقاق دەبێتو دەبێت بەدوو باڵو رێکخستن، بەشێوەیەك(سـدیق عەبدولعـەزیز) پابەنـد نابێــت بــەبڕیاری ئیخوانــەوەو ســەربەخۆییانە کاردەکــات، بــەڵام هــەر بــەناوی ئیخوانەوەو بەناوی هێڵی دووی ئیخـوان لـەپاش ماوەیـەك لەراوەسـتاندنی کـاری بانگەواز بەردەوام دەبێت، باڵی یەکەمیش بەسـەرکردایەتی(سـەلاحەدین محەمـەد بەهائەدین) بەناوی هێڵی یەکی ئیخوانەوە پابەندی تەوجیـهو بڕیارەکـەی ئیخـوان دەبێتو لەسەر راوەسـتاندنی کـاری بانگـەواز دەمێنێتـەوە. پـاش ئاشـکرابوونی کاری سیاسی ئیخوان لەکوردستانو عێراق بەهۆی تونـدبوونی سیاسـەتی رژێمـی

بـەعس‌و راوەدووان‌و دەسـتگیرکردنی ئەنـدامانی ئیخـوان، هــەردوو ڕێکخـستنی ئیخوان دەچنە ئێران‌و پێشتریش هەندێ لەئەندامانی ئەم دوو ڕێکخستنە خۆیـان لەئێران بوون‌و ڕێکخستنەکانی کوردسـتان پـاش ئاشـکرابوون بـۆئێران هەڵدێن‌و لەوێ درێـژە بـەکاری سیاسـی خۆیـان دەدەن هـەر لـەژێر ڕێکخـستنی ئیخوانداو تـاوەکو سـاڵی(١٩٨٥) لەڕێگـەی ڕێکەوتننامەیەکـەوە کەبەچـاودێری نوێنــەری ئیخوان کە(عیسام ئـەلراوی)بـووە، ڕێکدەکـەون‌و یەکدەگرنـەوە. پاشـانیش دوای راپــەڕینی کوردسـتان، کەدێنــەوە تـاوەکو ڕۆژی خۆئیعلانکردنیـان هــەر بـەناوی ڕێکخـستنی ئیخوانــەوە کاردەکـەن، هەرچــەندە هەنـدێ سەرچـاوە پێـی وایـە، کەڕێکخراوی خێرخوازی(رابیتەی ئیسلامی کورد) لەساڵی(١٩٨٨)دروسـتدەکرێت‌و پاڵپــشتێکی باشــی کــاری ڕێکخــستن‌و سیاســی ئیخــوان دەبێــت‌و زۆربــەی هەڵسوڕێنەرانیشی لەوان دەبن‌و لەژێر ناوی رابیتەدا کاری خۆیان دەکەن تـاوەکو راگەیانــدنی یــەکگرتووی ئیــسلامی، وەك حزبێکــی سیاســی‌و ئیــسلاحی لەڕۆژی(٦/٤/١٩٩٤)[٧٨]، ئیـدی لێکجیادەبنـەوەو رابیتـە ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆ دەبێــت، کەتائێـستاش بـوون‌و چـالاکی لەکورسـتاندا مـاوەو د.عـەلی محێـدین قــەرەداخی سەرپەرشـتی دەکـات. بۆیـە مەسـەلەی ئیخوانبـوونی یـەکگرتووی ئیسلامی شـتێکی بەڵگەنەویست‌و حاشـا هەڵنـەگرەو خۆشـیان بەراشـکاوی ئـەم ڕاستییەیان وتووە.

بۆیە گرنگە پرۆژەی ئیسلامی‌و سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك پـرۆژەو گوتـارێکی ئیـسلامی نـاو مـۆدێلی ئیخـوان بخوێنینـەوە، چـونکەپرۆژەو گوتاری ئیخوان تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بـەکرداریش ئامادەییـان نییـە لەگـەڵ گروپــی ئیــسلامی چــەکداردا بــچنەنێو بەرەیەکــەوەو تــەنها مەگــەر لەڕێگــەی ڕێکـەوتنێکی سیاسـی کـاتی‌و پێکهێنـانی لیـستی هاوبەشـی کاتییـەوە نـەبێت. هەرچەندە بەمدواییانە باس لەڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان یـەکگرتووی ئیسلامی‌و کۆمــەڵی ئیــسلامی کــرا، کەهەنــدێ کــەس پێــی وابــوو دروســتبوونی بــەرەی ئیسلامییە، بەڵام من بڕوام وایە یەکگرتووی ئیسلامی لای خۆیەو بڕوای بەبـەرەی

ئیسلامی نییە لەبەر زۆر ئیعتیبارو هۆکاری تایبەتو بابەتیو خودی(م.سەلاحەدین)ی ئەمینداریگشتی یەکگرتووی ئیسلامیش بەراشکاوی لەرۆژنامەی یەکگرتووی رۆژی(سێشەممە، ٢٠٠٧/١٠/٨)دا باس لەوە دەکاتن کەئەو رێکەوتنەی نێوان کۆمەڵو یەکگرتوو بریتی نییە لەبەرەی ئیسلامیو برواشیان بەبەرەی ئیسلامیو عەلمانی نییە[٧٩]و لەزۆربۆنەشدا ئەندامانی باڵای ئەم حزبە پێکهێنانی بەرەی ئیسلامییەکان رەتدەکەنەوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆهەڵوێستی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەوا لەگەڵ بەشداری سیاسیدانو بۆچوونیان لەگەڵ دیموکراسی لەفۆرمە سیاسییەکەیدا تەبایە، بەڵام لەگەڵ چەمکی دیموکراسی لەفۆرمە کۆمەڵایەتیو ئابورییەکەیدا دژو ناتەبانو لەنێو یەکگرتووی ئیسلامیشدا ململانێیەکی توند هەیە لەنێوان باڵی موحافیزکارەکانو باڵی نوێخوازەکاندا، بەجۆرێك وەك ئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکگرتوو خۆیان رایدەگەیەنن،کەباڵی موحافیزکار بەسەر گوتاری سیاسی یەکگرتوودا زاڵە.[٨٠] هەروەها یەکگرتووی ئیسلامی تائێستا نەیتوانیوە گوتارو پرۆژەی ئاینیو ئیسلامیو پرۆژەو گوتاری سیاسی لەیەکتری جیابکاتەوەو زۆرجار مەلاو کەسایەتییە ئاینییەکانیان هەژموونیان بەسەر ئاراستەی سیاسی یەکگرتووەوە هەبووە.[٨١]

لەهەموو ئەمانە گرنگتر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەحوکمی ئەوەی، کە لەبنەڕەتدا بریتی بووە لەبەشێك لەرێکخستنی ئیخوانی جیهانی لەکوردستانداو بەهیچ شێوەیەکیش بەشداری بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیو شۆڕشی چەکدارییان دژی رژێمی بەعس نەکردووەو تەنانەت گوێڕایەڵبوونی ئیخوانی کوردستانو بەتایبەت هێڵی یەکی رێکخستنی ئیخوان بەسەرکردایەتی(سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) بۆبڕیارو تەوجیهاتی ئیخوانی جیهانی بۆوەستاندنی کارو چالاکی سیاسی لەعێراقدا، بۆئەوە دەگەڕایەوە کەئیخوانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا پەیوەندیان باشبوو، دژی هەر جموجوڵو چالاکییەکیش بوون، کەدژی عێراق ئەنجام بدرێت.[٨٢] بۆیە نەبوونی ئەم

خاسییەتە گرنگەو نەبوونی مێژووی خەباتی چەکداریو نەتەوایەتی زیانی زۆر گەورەی لەیەکگرتووی ئیسلامی لەگۆڕەپانی سیاسیدا داوە، بەجۆرێ زۆر دەرفەتی بوون بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنو بردنەوەی زۆر گرەوی سیاسی لەدەستداونو ناشتوانن بەئاسانی قەرەبووی بکەنەوە.

لەلایەکیترەوە کاتێك یەکگرتووی ئیسلامی خۆی رادەگەیەنێت لەرۆژی (١٩٩٤/٢/٦)ەوە، تائێستا واخۆی دەردەخاتن کەوەك حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن خەبات دەکاتو ئامانجی بریتییە لەخزمەتکردنی کۆمەلانی خەلکی کوردستانو باشترکردنی بوارەکانی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری، بەلام ئەوەی نکولی لێناکرێت یەکگرتووی ئیلامی کوردستان زۆر دوورە لەموعاناتی خەلکەوەو تەنانەت لەزۆر حالەتیشدا لەبری ئەوەی بچێتە بەرەی خەلكو کۆمەلگەوە بەرامبەر دەسەلاتی سیاسی کوردستان، بەپێچەوانەوە چووەتە بەرەی دەسەلاتەوەو بەکەمترین بەرژەوەندیو ئیمتیازی حزبی خۆیان بەبەلێنەکانی یەکێتیو پارتی رازیبوونو هەموو خەلكو کۆمەلگەشیان بەتەنهاییو بێخزمەتگوزاریی سپاردووە، چونکەگەر حزبێك بیەوێت ببێتە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا دەبێت هەمیشە لەبەرەی خەلکدا بێتو چاودێرێکی بەردەوامی دەسەلاتی سیاسی بێت، بەلام هەموو جارەکان بەبیانووی پاراستنی یەکریزی نەتەوەو نائاسایی دۆخی ئەزمونی سیاسی کوردستانەوە لەبەرەی خەلك کشاوەتەوەو بەتوندی باوەشی کردووە بەبەرەی دەسەلاتداو خۆی لەسەر کورسی دەسەلات قایمکردووە.

بەئێستاشەوە سەرەڕای خراپی باری سیاسی کوردستانو سەرەڕای گرانی بژێوی گوزەرانی خەلكو نەبوونی سوتەمەنیو ئاوو کارەباو نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەبری ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی ببێتە هێزی ئۆپۆزیسیۆنو بەرگریکاری خەلك، بەهیچ جۆرێك خۆی تێناگەیەنێتو بەئێستاشەوە لەبەرەی دەسەلاتدایەو رۆژێك لەرۆژان نەیتوانیوە لەسەر کێشەیەك بێتە جوابو هیچ نەبێت نارەزایی جەماوەری رێکبخاو خۆپیشاندانی هێمنانەو دیاردەو خەباتی

مەدەنییانـەی تـری بۆبگرێتەبـەر(مەبەسـت لێـرەدا بـەر لەهەڵبژاردنـەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ یە، هەرچەندە لەئێستادا رایگەیاندووە، کەناچێتە حکومەتـەوەو وەك ئۆپۆزیسیۆن دەمێنێتەوە–توێژەر).

ئـەوەی زۆر گرنگـە لێـرەدا باسـی بکـەین ئەوەیـە، کەدەرفـەتی گـرنگ بۆیەکگرتووی ئیسلامی هاتۆتـە پێشەوەن بۆئـەوەی ببێتـە ئۆپۆزیسۆنی کارای سیاسی دەسەڵاتی سیاسی، بەتایبەت کاتێك هەڵبژاردنەکانی عێـراق‌و کوردسـتان لەسـاڵی(٢٠٠٥) هاتـەئاراوە. لەیەکـەم هەڵبژاردنـدا، کـەبۆپێکهێنانی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق‌و کوردسـتان‌و پارێزگاکـان بـوو، لـەبری ئـەوەی یـەکگرتووی ئیـسلامی ئـەم دەرفەتـە بقۆزێتـەوەو بەتـەنها دابـەزێت یـان لانیکـەم لەگـەڵ ئیسلامییەکاندا لیـستی هاوبـەش پێکبێنێـت‌و بـرەو بـەپرۆژەی بەئیـسلامیکردنی کۆمەڵگـە بـدات‌و درێـژە بـەململانێی عـەلمانی– ئیـسلامی بـدات، بـەڵام ئەمانـەی نەکردو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردسـتاندا بـوو لەبەرامبـەر پێـدانی کورسـی‌و ئیمتیـازی حزبـی، لەکاتێکـدا کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـان چـاوەڕێ بـوون یەکگرتووی ئیسلامی ئەم دۆخە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییـە چەقبەسـتووەی کوردستان بشڵەقێنێ‌و گۆڕانکـاری دروسـت بکـات‌و نوێنـەری ئـەوان بێـت، بـەڵام هەرزوو ئەم خەونەی خەڵك‌و کۆمەڵگە نەهاتەدی‌و تەنانەت دەنگدانیان بەلیـستی هاوپەیمانی کوردسان بەئـەرکی ئـاینی‌و نەتـەوەیی لەقەڵەمـداو چاوپۆشـیان کـرد لەهەموو ئەو کەموکورتیانەی، کـە لەئـەزمونی دەسـەڵاتدارێتی یـەکێتی‌و پارتیـدا هەبوو لەکوردستاندا. بۆنمونـە(سـەلاحەدین محەمـەد بەهائـەدین) لەکۆبوونـەوەی ڕێکخـستنەکانی هــەردوو مەڵبەنــدی(هــەولێرو ســلێمانی) دەربــارەی لیــستی هاوپــەیمانی کوردســتان دەڵێــت:" لیــستی هاوبــەش پرۆژەیــەکی نیــشتمانی خزمەتگوزارییەو یەکگرتوو میوان نییە تیایدا".[٨٣]

هـەروەها(محەمـەد فـەرەج)ی ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی یـەکگرتووش بـەم شێوەیە وەسفی لیستی هاوپـەیمانی دەکـات:" لیـستی هاوبـەش سـەرکەوتنێکی زۆر گەورەیـە بۆگـەلی کوردسـتانی‌و عێراقـی".[٨٤] هەرچـی(مـەولود بـاوەمراد)ی

ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیشە بەمجۆرە شرۆڤەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکاتو دەڵێت:"لیستی پێکهاتنی نیشتمانییە، لیستی خەباتو شەڕی سیاسییە، لیستی بەدەستهێنانی فیدراڵییەتو گێڕانەوەی ناوچەکانی کوردستانە بۆسەر هەرێم، لیستی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوکو بنەبڕکردنی پرۆسەی راگواستنو ئاوارەکردنە، یەکگرتوو ئاوا دەڕوانێتە ئەو پەرلەمانە نوێیەو شەرەفێکی گەورەیە بۆخۆیو سەرجەم ئەندامو لایەنگرانی، کە لەو وێستگە چارەنووسازەی گەلەکەماندا بەشدارە، بابەیەك کەسیش بێت، لیستی هاوبەش بۆئێمە پاش قبوڵکردنی ئیلتیزامێکی شەرعیو ئەخلاقییەو دەبێت بەگەرمیو لەرووی ئەو تێگەیشتنە گشتییەمانەوە بۆ ئەولیستە بەشداری جددی تیادا بکەین". (٨٥)

کەچی کەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتەپێشەوە لەبری ئەوەی لەگەڵ لیستی کوردیو هاوپەیمانی کوردستانیدا بن، بەپێچەوانەوە نەهاتنە ناو لیستی هاوپەیمانییەوەو خۆیان بەتەنها و بەلیستی سەربەخۆ دابەزین لەئاستی عێراقدا، هەرچەندە مافی سیاسیو ئازادی سیاسی خۆیان بوو، بەڵام کاتێك ئێمە باس لەگرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەکەین لای گوتاری ئیسلامی کوردی مەبەستمان ئەوەیەن کەیەکگرتوو بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستانو بۆپەرلەمانی کوردستان لەبری ئەوەی بەتەنها بەشداربێتو دەنگی ناڕەزایی خەڵك بگەیەنێتە دەسەڵاتی سیاسیو چاکسازی بکات، کەچی ئەمەی نەکرد، بەڵام بۆپەرلەمانی عێراق، کە لەلایەك پەیوەندی راستەوخۆی بەرەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری کوردستانەوە نییەو تەنها بۆکۆمەڵگەی عێراقییەو کوردستان خۆی پەرلەمانی سەربەخۆی هەیەو ئەندام پەرلەمانی کوردستان کاریگەری لەسەر بارودۆخەکانی کوردستان هەیە، نەك ئەندام پەرلەمانی عێراق. لەلایەکیتریشەوە لەئاستی عێراقدا کێشەی کوردو مەسەلەی کورد تەنانەت نەك ئەو کاتە بەئێستاشەوە لەلایەن هێزە عێراقییە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی عێراقەوە هاودەنگ نین لەگەڵیداو بگرە زۆربەشیان دژو ناکۆکن لەگەڵ داواکاریو

مافه ڕەواکانی کورددا دژو ناکۆکن‌و پێویستبوو یەکگرتووی ئیسلامی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا بووایە، بەڵام بەبیانووی چاکسازی لەکوردستان‌و وەستانەوە لەرووی گەندەڵی بەلیستی سەربەخۆی خۆیان دابەزین. هەرچەندە مافی سیاسی خۆیان بوو، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانیش بوو، چونکەیەکگرتووی ئیسلامی خۆی بۆپەرلەمانی عێراق هەڵدەبژارد، کەچی باسی لەچاکسازی‌و نەهێشتنی گەندەڵی لەکوردستاندا دەکرد.

هەرچەندە لەدهۆك بارەگای مەڵبەندیان سوتێنراو چەند ئەندامێکیشیان بوونە قوربانی، کەجێگەی داخ‌و پێناخۆشبوون بوو، بەجۆرێ ئەزمونی هەڵبژاردنی دیموکراسی لەکوردستاندا خوێنی تێدا بڕژێ‌و جێگەی قبوڵکردن نەبوو، جگەلەوەی کارو ڕەفتارێکی زۆر قێزەونیش بوو. لەلایەکیتریشەوە مەسەلەی خۆجیاکردنەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لەلیستی هاوپەیمانی‌ن کە لەهەڵبژاردنی پێشتر لەگەڵیدابوون، بۆمەسەلەی ئیمتیازو بەرژەوەندی سیاسی‌و حزبی دەگەڕایەوە، چونکەبەگوێرەی لێدوانی خۆیان پشت ڕاستی ئەمە دەکەنەوە. هاوکات لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکاتی پێکهێنانی کابینەی ئیبراهیم جەعفەریدا لەپۆستە وەزارییەکان بێبەشیان کردن، لەکاتێکدا بەڵێنیان پێدرابووە‌وەزارەتێکیان بدرێتێ‌و ئەوانیش پاش هەوڵی زۆرو چاوەڕوانی بێسود، هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان کردو ڕایانگەیاند لەلیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بۆهەڵبژاردنەکانی داهاتوو نابن، هەربۆیە لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کەوتنە لێدان‌و هێرشکردنە سەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان‌و ڕەخنەی توندیان ئاراستەی ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئیداری‌و یەکێتی‌و پارتی کرد. کەچی لەو مێژووەوە بەدواوە تائێستا یەکگرتووی ئیسلامی ڕۆژانە ئەم هەموو کێشەو گرفت‌و گەندەڵییانەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا ڕوودەدەن، بەڵام خۆیان لێبێدەنگ کردووەو هیچی لەبارەوە ناڵێن، لەکاتێکدا ئەوان بۆنەهێشتنی گەندەڵی‌و چاکسازیکردن لیستی سەربەخۆیان پێکهێنابوو، بەڵام وادیاربوو تەنها تاکتیکی سیاسی‌و کەسبکردنی دەنگی خەڵکی کوردستان بوو. بۆیە

بەئێستاشەوە یەکگرتووی ئیسلامی بەرپرسیارێتی زۆری لەئەستۆدایە، بەڵام خۆی لێدەدزێتەوەن چونکەبوون بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کاتێکی دیایکراوی نییە، بەجۆرێ تەنها لەکاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردندا بوونی هەبێتو دواتر کۆتایی بێت، لەلایەکیتریشەوە کۆمەڵگەی کوردیو دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بەردەوامی بەئۆپۆزیسۆنی سیاسیو هێزی کۆمەڵایەتی چاودێر هەیە.

دواجار یەکگرتووی ئیسلامی بەو هەموو ئەو حاڵەتانەی، کەباسکراو بەئێستاشەوە، لەبەرامبەر کێشەکانی خەڵکو خراپی بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردی خۆی بێدەنگ کردووەو نەیتوانیوەو ناتوانێ ببێتە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بەم شێوازە کارکردنەیو ناشتوانێ ململانێی پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگە بکاتن کە لەلایەن هێزە عەلمانیەکان بەگشتیو یەکێتیو پارتییەوە کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کەیەکگرتووی ئیسلامی لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان کشاوەتەوەو ماشێنی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوژاندۆتەوە، بەڵکو ئەگەر لەرووی سیاسیەوە یەکگرتوو نەیتوانی بێت بچێتە بەرەی خەڵکەوە، بەڵام لەخستنەگەڕی پرۆژەی بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەداو لەرووە ئاینیو ئیسلامییەکەوە کاری زۆری کردووەو کاری زۆر تریش دەکات.. لەهەمووشی گرنگتر بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بوو لەلیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیدا لەگەڵ چەند حزبێکی ترداو دەنگۆی ئەوەش هەیە، کەبۆهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا لیستێکی هاوبەش پێکبهێنن، کەهەموو ئەمانەش خاڵی گرنگن بۆتوێژینەوەکردن لەسەر جوڵەی سیاسی یەکگرتوو. هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بەململانێی ئیسلامی–عەلمانییەوە لەکوردستان هەیە، بەتایبەت کاریگەریشیان لەرووە سیاسییەکەیدا دەبێت.

## تەوەرەی هەشتەم

## (بەریەککەوتنی پرۆژەی بەعەلمانیکردن و بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردیو ئایندەی ململانێکان)

هەرچەندە شتی زۆر باسکرا لەمەڕ پرۆژەی هێزە عەلمانییەکان لەلایەکو پرۆژەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان چ لەرابردوو چ لەئێستاداو ئاماژە کرا بەجیهانبینیو تێڕوانینیان بۆزۆر مەسەلەی گرنگو تایبەت لەلایەکیترەوە، بەڵام ئەوەی لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەمێنێتەوەو گرنگە قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە ئایا هێزە ئیسلامییەکانو گوتاری ئسلامی سیاسی کوردی لەبنەڕەتەوە بڕوای بەپێکەوەژیانی سیاسی هەیە یان نا؟ ئایا ئەم بارودۆخانە وەك تاکتیکی مەرحەلی بەکاردەهێنیو لەقۆناغی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا کاری سیاسی هێزە چەپو عەلمانییەکان قەدەغە دەکاتو ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو تاکەکەسییەکان بەر تەسك دەکاتەوە؟ ئایا جێبەجێکردنو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەو تێگەیشتنەی، کە لەلایەن بەشێك لەئیسلامی سیاسی کوردییەوە بوونی هەیە لەقۆناغی دروستبوونی دەوڵەتو قەوارەی ئیسلامیدا، مانای کۆتایی هێنان نییە بەبوونی سیاسی هێزە عەلمانیو چەپەکانو سنورداركردنی جموجوڵو ئازادی تاکەکەسیو دەستەجەمعی؟ ئایا حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بەگشتیو بەتایبەت باڵی چەکداری ناو ئەم هێزانە، هەرچەندە وەك بوونی فیزیکی هێزی چەکدار نەماوە، بەڵام وەك فیکر بەردەوام ئامادەیی هەیە، بەتەواوەتی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو وەك پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڕوایان بەپرەنسیپەکانی سیکولاریزم هەیەو لەکاتی سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بەرگری لەسیستمو دیاردە عەلمانییەکانی کۆمەڵگەی کوردیو پلۆرالیزمی سیاسیو ئاینی دەکەن( هەرچەندە سیستمی سیاسی کوردستان عەلمانی نییە–توێژەر)، یاخود دەچنەوە سەر مۆدێلی تالیبانی ئەفغانستانو کۆپیەکی تری ئەزمونی سیاسی ئیسلامی ئەو وڵاتە

دووباره دەكەنەوە؟ ئایا ئیسلامییەكانی كوردستان بەمشێوە ئەدا سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابورییە دەتوانن ململانێی پرۆژەی هێزە عەلمانییەكان بكەن؟ ئایا ئیسلامی سیاسی كوردی توانیویەتی لەئاستی داواكاریو كێشەی خەڵكو گرفتەكانی هاوڵاتیاندا بێت وەك هێزگەلێكی ئۆپۆزیسیۆنو بەرگری لێكردنو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، یاخود تەنها ئامۆژگاری شەرعیان پێیە؟

ئایا ململانێی عەلمانی– ئیسلامی لەكۆمەڵگەی كوردیدا بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟ بەسەركەوتنی پرۆژەی ئیسلامیكردنی كۆمەڵگە یاخود بەسودی پرۆژەی بەعەلمانیكردنی كۆمەڵگە؟ بەتایبەت لەئێستادا باس لەبوونی نزیكبوونەوەی نێوان یەكگرتووی ئیسلامیو كۆمەڵی ئیسلامی دەكرێو باسیش لەوە دەكرێ كەگوایە ئەم دوو هێزە ئیسلامیە سیاسیە دەیانەوێت بۆروبەڕووبوونەوەی روداوو پێشهاتە سیاسییەكانی داهاتوو بەگشتیو بەتایبەت بۆهەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق بەیەك لیست بەشداربن؟ ئایا هێزە ئیسلامییەكان دەتوانن لەداهاتوودا ببینە هێزی ئۆپۆزیسۆنی سیاسی كاراو گۆرانكاری لەشێوازی دەسەڵاتی سیاسیو شێوازی بەڕێوەبردنی كاروباری خەڵكی كوردستاندا بكەنو چارەسەری كێشەو گرفتەكانی كۆمەڵگە بكەن، یاخود تەنها گرفتو كێشەكانی كۆمەڵانی خەڵك لەكاتی هەڵبژاردنو رووداوە سیاسییەكاندا بۆبەرژەوەندیو ئامانجە حزبیەكانی خۆیان كەسب دەكەنو وەك پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو موزایەدسەی سیاسی بەكاردێنن؟ بەئاراستەیەكیتر ئایا هێزە عەلمانییەكان توانیویانە لەئاستی ئەو پرۆژەیەدا بن، كەدەستیان داوەتیَ؟ ئایا دەتوانن بەم شێوازەی ئێسا رووبەڕووی پرۆژەی بەئسلامیكردنی كۆمەڵگە ببنەوە یان شكستدێنن؟ ئایا بەراستی عەلمانییەكان لەكۆمەڵگەی كوردیدا دەستیان داوەتە پرۆژەی بەعەلمانیكردنی كۆمەڵگە، یان تەنها بانگەشەیەكی زارەكیو ئایدۆلۆژییەو بەس؟ ئایا لەئایندەی ململانێی عەلمانی– ئیسلامیدا گوتارو پرۆژەی عەلمانی دەتوانێ گرەوی سیاسی لەئیسلامی سیاسی كوردی بباتەوە، یان وەك زۆر هێزو دەسەڵاتی عەلمانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شکستدێنیٚ؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر، وەڵامەکانیان زیاتر لەپاشکۆی وتووێژەکاندا دەخوێننەوە. دواجار هێندە هەیە نەهێزە عەلمانییەکان بەمشێوازە کارکردنە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەو نەبەم مۆدێلە سیاسییەی فەرمانڕەوایەتیکردنو بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵكو کۆمەڵگە دەتوانن ململانێی ئیسلامی سیاسی کوردی بکەنو لەئاستی بەڕێوەبردنی پرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا بنو گرەوی ئایندەی ململانیٚ لەئیسلامی سیاسی کوردی ببنەوە، بەتایبەت کەپرۆژەو گوتاری عەلمانییەتو عەلمانیکردنی کۆمەڵگەی کوردی گوتارێکی سستو کەمتەرخەمو خەمساردو شەرمنە. لەولاشەوە هێزە ئیسلامییەکان بەمشێوەیە کارکردنە لەئاستی بەرپرسیارێتی سیاسیدانو نەدەشتوانن ببنە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کارا بۆناچارکردنی یەکێتیو پارتی بۆئەنجامدانی چاکسازیو باشترکردنی ئەدای سیاسیو دەسەڵاتدارێتیو ئیداری خۆیانو پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆکۆمەڵانی خەڵك لەکوردستاندا.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١. ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی ئیسلامی لەباشوری کوردستان(١٩٤٦–١٩٩١ن)، (٤١).

٢. گفتوگۆ لەگەڵ(م.سدیق عەبدولعەزین)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژمارە(١٣)ئازاری ٢٠٠٧، ل(١٥،١٤).

٣. هـ.س.

٤. هـ.س، ل(١٥).

٥. ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی ئیسلامی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٩).

٦. گفتوگۆ لەگەڵ(م.سدیق عەبدولعەزین)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥).

٧. موسلیح ئیروانی: ئیسلامو ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل(٧٦).

٨. گفتوگۆ لەگەڵ(م.سدیق عەبدولعەزین)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژمارە(١٣)، ل(١٦).

٩. موسلیح ئیروانی: ئاینو ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، ل(٧٦).

١٠. حوسێن محەمەد عەیزیز: سنورە قەدەغەکان مەشکێنن، ل(٦٧).

١١. لەمبارەیەوە بڕوانە: صالح حکیم، هۆشیارکردنەوەی هۆشیاری، ئۆرگانی نهێنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

١٢. ئيدريس سيوەيلی: ڕەوتی ئيیسلامی لەباشوری كوردستان، ل(١٤١).
١٣. هـ.س، ل(١٩٩).
١٤. هـ.س، ل(١٣١).
١٥. هـ.س، ل(١٨٣).
١٦. هـ.س، ل(١٨٨).
١٧. هـ.س، ل(١٩٠).
١٨. هـ.س.
١٩. هـ.س، ل(١٩٢).
٢٠. هـ.س.
٢١. هـ.س، ل(١٨٨).
٢٢. هـ.س، ل(١٨٧).
٢٣. هـ.س، ل(١٨٨).
٢٤. ياسين حەسەن ديداری گۆڤاری(لڤين)، ژ(٥٣)، ساڵ پێنجەم، حوزەيرانی ٢٠٠٧، ل(١٥).
٢٥. هـ.س.
٢٦. كاريگەری شۆڕشی ئێرانی لەسەر شۆڕشی كورد، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری٢٠٠٧، ل(٣٦– ٣٩).
٢٧. حوسێن محەمەد عەزيز: سنورە قەدەغەكان، گفتوگۆ لەگەڵ(م.عەلی باپير)، چ٢، چاپخانەی سيما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل(١٧٣،١٧٤).
٢٨. هـ.س، ل(١٧٦).
٢٩. ئيدريس سيوەيلی: ڕەوتی ئيیسلامی لەباشوری كوردستان، ل(٢٢٤).
٣٠. هـ.س.
٣١. هـ.س، ل(٢١٧).
٣٢. هـ.س.
٣٣. هـ.س، ل(٢١٩).
٣٤. هـ.س، ل(٢١٨).
٣٥. حوسێن محەمەد عەزيز: سنورە قەدەغەكان، گفتوگۆ لەگەڵ، ل(١٧٤).
٣٦. موسليح ئيروانی: ئيسلامو ناسيۆناليزم لەكوردستاندا، ل(٧٦).
٣٧. لەمبارەيەوە بەڵگەی تەواوم لەبەردەستايەو ناوی كەس ناهێنم لەو كەسانەی، كەهەڵدەستان بەئەركی تەسليمكردنی نامەكان بەكادرو ڕێكخستنەكانی خۆيان بۆئەوەی بيخەنە ماڵی كادرو ئەندامە چالاكو بەرپرسەكانی يەكگكرتووی ئيسلامی كوردستان.
٣٨. لەمبارەيەوە بروانە ژمارەكانی ڕۆژنامەی(ڕاپەڕين)ی زمانحاڵی ڕاگەياندنی بزوتنەوەی ڕاپەڕينی ئيسلامیو گۆڤاری(ڕابەر)ی زمانحاڵی يەكێتی ڕۆشنبيرانی مسوڵمانی كوردو بەتايبەتيش بروانە كتێبێكی بەڕێز(كاك فازل قەرەداغی) بەناونيشانی(ئەفسانەی ديموكراسی)، كەزۆر بيروڕاو سەرنجی لەسەر چەمكو بنەماكانی ديموكراسی خستۆتەڕوو.
٣٩. حوسێن محەمەد عەزيز: سنورە قەدەغەكان مەشكێنن، گفتوگۆ لەگەڵ.
٤٠. موسليح ئيروانی: ئيسلامو....، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٦).

٤١. بڕوانە ڕۆژنامەی(ڕێگای یەکبوون)، ژمارە(٤٤) ساڵی یەکەم، ڕۆژی(١٩٩٩/٨/٢١) بەتەواوی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی تایبەت بەراگەیاندنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بخوێنەرەوە.
٤٢. ڕۆژنامەی(ڕێگای یەکبوون)، ژمارە(٤٤)، سەرچاوەی پێشوو.
٤٣. هـ.س.
٤٤. دیداری گۆڤاری لڤین لەگەڵ(ئیکرام کەریم)ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، ژمارە(٥٣)، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٧، ل(١٥).
٤٥. ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لەباشوری کوردستان، ل(١٩٠).
٤٦. دیداری گۆڤاری لڤین لەگەڵ(ئیکرام کەریم)، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥).
٤٧. هـ.س.
٤٨. هـ.س.
٤٩. سالار مەحمود: کودەتای نەهزەییەکان بەسەر کۆمەڵی ئیسلامیدا، ڕاپۆرتی شیکاری، گۆڤاری(لڤین)، ژ(٥٥)، ساڵی پێنجەم، ئابی ٢٠٠٧، ل(٢٢-٢٥).
٥٠. هـ.س.
٥١. حوسێن محەمەد عەزیز: سنورە قەدەغەکان مەشکێنن، لەگەڵ، ل(٦٦).
٥٢. هـ.س، ل(٦٦-٦٧).
٥٣. لەمبارەیەوەوەك بەڵگە، هەندێ لەگفتوگۆکان لەبینای کۆمەڵەی بانگەوازو ڕووناکبیریی ئیسلامی کوردستان)ن کەبەڕێز(د.صباح بەرزنجی) سەرۆکی ئەو بنکەیە بوو لەگەڕەکی شۆڕش نزیکی باخی گشتی لەسلێمانی ئەنجامدرا.
٥٤. حوسێن محەمەد عەزیز: سنورە قەدەغەکان مەشکێنن، گفتوگۆ لەگەڵ، ل(١٨٨).
٥٥. هـ.س.
٥٦. هـ.س، هەروەها بڕوانە ژمارە یەکەمین‌و سەرەتاکانی ڕۆژنامەی(کۆمەڵ)، زمانحاڵی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی‌ن کەتەواوی ئەو بەڵگەو پاساوە شەرعییەکانی خۆجیاکردنەوەی کۆمەڵی ئیسلامی تێدا بڵاوکراوەتەوە.
٥٧. دیداری گۆڤاری لڤین لەگەڵ(ئیکرام کەریم)، ل(١٤).
٥٨. یاسین حەسەن دیداری گۆڤاری(لڤین)، ژ(٥٣)ساڵ پێنجەم سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦).
٥٩. هـ.س.
٦٠. کودەتای نەهزەییەکان بەسەر کۆمەڵی ئیسلامیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٣،٢٤).
٦١. هـ.س.
٦٢. حوسێن محەمەد عەزیز: سنورە قەدەغەکان مەشکێنن، گفتوگۆ لەگەڵ، ل(١٩٠).
٦٣. هـ.س، ل(٦٩).
٦٤. هـ.س، ل(٦٨).
٦٥. هـ.س، ل(٧٧).
٦٦. هـ.س، ل(١٩٠).
٦٧. هـ.س.
٦٨. هـ.س.
٦٩. هـ.س، ل(١٥١،١٥٠).

٧٠. هـ.س، ل(١٩٥).

٧١. .س، ل(١٩٦).

٧٢. هـ.س.

٧٣. هـ.س، ل(١٩٧،١٩٦).

٧٤. سەربوردەی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، بەشی دووەم، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٤)ساڵی دووەم، ٢٠٠٧، ل(١٥–١٩).

٧٥. ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی لەباشوری كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٧)، هەروەها بڕوانە گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)ئازاری ٢٠٠٧، چاوپێكەوتن لەگەڵ(سدیق عەبدولعەزیز)، ل(١٧).

٧٦. گۆڤاری(ستاندەر)، ژمارە(١٣)، گفتوگۆ لەگەڵ(م.سدیق عەبدولعەزیز)، ل(١٥).

٧٧. سەربوردەی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥–١٩).

٧٨. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە دیدارێكی رۆژنامەی یەكگرتوو لەگەڵ(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)، ژمارەی رۆژیسێشەممە(٢٠٠٧/١٠/٨).

٧٩. مەولود باوە مراد، دیداری گۆڤاری(لڤین)، ژمارە(٥٢٠)، ساڵی پێنجەم، ئازاری ٢٠٠٧، ل(١٦–١٩).

٨٠. لەمبارەیەوە بڕوانە عەبدورەحمان سدیق، دیداری گۆڤاری(لڤین)، ژمارە(٣١)، ساڵی سێیەم، ئابی ٢٠٠٥، ل(١٦– ١٩).

٨١. ئیدریس سیوەیلی: رەوتی ئیسلامی لەباشوری كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٩).

٨٢. بڕوانە رۆژنامەی(یەكگرتوو)، ژمارە(٥١٩)، رۆژی(٢٠٠٤/١٢/٢١).

٨٣. بڕوانە محەمەد فەرەج: رۆژنامەی(یەكگرتوو)، ژمارە(٥٢٠)، رۆژی(٢٠٠٤/١٢/٢٨).

٨٤. بڕوانە مەولود باوەمراد: رۆژنامەی(یەكگرتوو)، ژمارە(٥٢٠)، رۆژی(٢٠٠٤/١٠/٢٨).

٨٥. هـ.س.

# دەرئەنجام

پاش تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

– تاوەکو ئێستا بایەخێکی ئەوتۆ بەمەسەلەو دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی زانستیو بەشێوەی دامەزراوەی زانستیو ئەکادیمی بۆتوێژینەوە لەم بوارەدا نەدراوەو ئەوەی بەدی دەکرێت، بریتییە لەهەوڵی تاکەکەسیو پچڕ پچڕ.

– گرنگە قسە لەسەر دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەگشتیو ئیسلامی سیاسی کوردیو پرۆژەو گوتاری بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردی بکرێت بەشێوەی زانستیو بابەتی، چونکەبەشێکە لەململانێی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیداو ئەو ململانێیانەش پەیەستن بەئایندەی مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگەیانەوەو هەروەها پەیوەستە بەئازادیو دیموکراسیو مافو ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکانو سیستەمی سیاسییەوە.

– چەمکی ئۆپۆزیسۆنو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی هەڵگری زیاد لەپێناسەو تێگەیشتنێکە، بەجۆرێك پێناسەکردنی لەبیرکردنەوەی ئیسلامیو ئاینییەوە دەگۆڕێت بەبەراورد لەگەڵ بیرکردنەوەی عەلمانییەتو چەپو بیرکردنەوەی سۆسیال دیموکرات، بەجۆریك لەنێو تێگەیشتنی ئیسلامیشدا جارێکیتر بیروڕای جیاواز دروستدەبێت، بەجۆرێك چەمکی ئۆپۆزیسیۆن وەك دەرفەتو ڕێگەیەك بەکاردەهێنرێت بۆگەیشتن بەدەسەڵاتو سەپاندنی یەکجۆر بیرکردنەوەو پرۆژەو گوتاری سیاسیو سڕینەوەی پلورالیزمی سیاسیو بەشداریو جموجوڵی هێزە سیاسیو فیکرییەکان.

– دەسەڵاتی سیاسی وێنای ئیسلامی سیاسی بەگشتیو ئیسلامی سیاسی کوردی بەتایبەت وەك مەترسی کردووەو لەمبارەشدا بیروڕای جیاواز لەسەر شوناسی مەترسیبوونی ئیسلامی سیاسی هەیە، بەجۆرێك زۆربەی مەترسییەکان

لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کەگوتارو پـرۆژەی ئیـسلامی سیاسـی تاڕادەیـەکی زۆر وابەستەیە بەچەمکی دەسـەڵاتەوە، بـەجۆرێك لەگـەڵ گرتنـە دەسـتی دەسـەڵاتدا ئەجێندای ئـایینیو سیاسـی خـۆی بـسەپێنیٚو دەرفـەت بۆئـەوانیتر نەهێڵێتـەوەو لەلایەکیتریشەوە مەترسییەکەپەیوەستە بەوەی، کەهەندێ لەهێزە ئیـسلامییەکان لەبنەڕەتەوە بڕوایان بەچەمکی دیموکراسی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە نیـەو بگـرە تـەنها دیموکراسـیان لەفۆرمـە سیاسـییەکەیدا قبوڵـە. هـەروەك بـەهیچ شـێوەیەك بڕوایـان بەچـەمکی عەلمانییـەت نییـەو دوژمنایەتییـەکی زۆر سـەختی پـرۆژەی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەش دەکەن.

– پـرۆژەی بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی بەشـێوەیەکی زۆر سـستو خەمـــساردانە ڕێـــدەکات، بـــەجۆرێك هێـــزە عەلمانییـــەکان چـــوونەتە نێـــو ڕوبەڕووبوونەوەو ململانێیەکی توندی پرۆژەی ئیسلامی سیاسـییەوە، بەبێئـەوەی بەتـەواوی خۆیـان بۆتـەرخان کردبێـت، بۆنموونـە لانیکـەم تـەنها یـەك ناوەنـدو سەنتەری ئەکادیمی شك نابەیت بۆتوێژینەوە لەدیاردەی ئیسلامی سیاسیو گروپو هێزە ئیسلامییەکان.

– چرکەسـاتەکانی سـەرهەڵدانو دەسـتپێکردنی گوتـارو پـرۆژەی ئیـسلامی سیاسـی لەکوردسـتاندا، بـەمۆدێلو بیرکردنـەوەو ڕێکخـستنی سیاسـی ئیخـوان موسـلیمین لـەدەرەوەی کۆمەڵگـەی کـوردیو لـەدەرەوەی کولتـوری کـوردەواری دروسـتدەبێتو دووریـشبووە لەتایبەتمەنـدێتی کوردەوارییـەوە، واتـە هێنـدەی ئیـسلامی سیاسـی کـوردی وەك ڕێکخـستنی سیاسـیو وەك پێکهێنـانی گروپـی سیاسـی لـەدەرەوەی کۆمەڵگـەی کـوردیو کێـشەی کـوردو موعانـاتی کـوردەوە سەرهەڵدەداتو لەدایکدەبێتو دێت، هێندە بەگشتی وەك هێزی نەتەوەییو ئاینی کۆمەڵگـەی کـوردی دروسـتنابێت، تـەنها لەدروسـتبوونی بزوتنـەوەی پەیوەنـدی ئیـسلامیو ڕاگەیانـدنی بزوتنـەوەی ئیـسلامی لەسـاڵانی هەشـتاکاندا نـەبێت.. هەرچـەندە پـاش ڕاگەیاندنیـشی بەشـێکی زۆری ڕێکخـستنی ئیـسلامی سیاسـی کوردی ئـەو سـەردەمە هەڵـدەدات بۆسـاردکردنەوەو هەڵوەشـاندنەوەی بەتایبـەت

لابردنـی چـەك، چـونکەبزوتنەوەی ئیـسلامی خـاوەنی چـەكو خـەباتی چـەکداری دەبێتو تەنها ئەم حزبەش لـەنێو ئیـسلامی سیاسـی کوردیـدا بـەرگری لەکێشەی کوردو داوا رەواکانی خـەڵکی کوردسـتان دەکـاتو بەشـداری خـەباتی چـەکداریو بزوتنـەوەی رزگـاریخوازیی کـوردیی دەکـاتو لەراپـەڕینی مێـژوویی کوردسـتاندا بەشـداری لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانو کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـان دەکـات، هەرچـەندە بۆخـۆی سـەربەخۆ دەبێـتو ناچـێتە بـەرەی کوردسـتانییەوە ساڵی(١٩٨٨).

– گوتارو پرۆژەی ئیسلامی کـوردی بەگشتی خـاوەنی دوو قوتابخانـەو دوو بیرکردنەوەی سیاسیو ئیسلامی بووە، یەکێکیان قوتابخانەی ئیخوان موسلیمینە، کەهەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ئیسلامی سیاسی کوردییەوە ئامـادەیی دەبـێو بەگوێرەی کارنامەو ستراتیژی خۆیەن رێکخستنی ئیـسلامی سیاسـی کـوردی ئـەو سەردەم کەلقێك بوون لەخۆی تەوجیهو ئاراستە دەکـات. سـەرەڕای دروسـتبوونی جیابوونەوە لـەنێو ریزەکانیـدا، بـەڵام تـاوەکو ئێـستاش حزبـی ئیـسلامی کـوردی بوونی هەیە، کە لەسەر هـەمان بیرکردنـەوەو شـێوازی سیاسـیو تاڕادەیـەکی زۆر هەمان گوتارو پرۆژەی ئیسلامیو سیاسی ئیخوان خەباتی سیاسی دەکاتو زیـاتر لەگـەڵ بەشـداری سیاسـیدا بـووە، هەرچـی قوتابخانـەی دووەمـە بریتییـە لەقوتابخانـەی ئەزمونـە ئیـسلامییە چـەکدارەکانی جیهـانی ئیـسلامی، بەتایبـەت شۆڕشـی ئیـسلامی ئێـرانو خـەباتو شـەڕی جیهـادی ئەفغانـەکان بەرامبـەر بەسـۆڤێتو کودەتـای ئیـسلامییەکان لەسـۆدانو تاڕادەیـەکیش ئـەزمونی سـەلەفییەتی ئـاینی سـعودیە. کـەباڵی چـەکدارو پـرۆژەی هێـزە ئیـسلامییە چەکدارەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێیان کاریگەربوونو زیـاتریش ئـەم قوتابخانەیـە کاریگەرە بەتێزە ئاینیو سیاسییەکانی هەریەکە لە(ئەبو عەلای مـەودودیو سـەید قوتب) لەمەڕ چـەمکی دەسـەڵاتو هەوڵـدان بۆدروسـتکردنی قـەوارەی ئیـسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی.

– ململانـێو جیـاوازی زۆری ئـاینیو سیاسـی لـەنێوان بـاڵو گروپـەکانی ئیسلامی کوردی چ لـەرابردوو چ لەئێستاشدا بـوونی هەیـە، بـەجۆرێك لەشـێوازی خەباتی سیاسییاندا رەنگیداوەتەوەو هەندێ جاریش نزیکبوونەوە روویداوە، بەڵام تەمـەنی درێـژ نـەبووەو بگـرە لەهەنـدی بـاردا وەك پلانـی سیاسـی بـۆلاوازکردنی یـەکتری بـەکارهاتووەو کاریگـەری گـەورەی هـەبووە لەسـەر پـەرتبوونی هێـزە ئیـسلامییەکانو لاوازبـوونی هەوڵـەکانی پـرۆژەی بەئیـسلامیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردی، بـەڵام بەمدواییانـە تێبینـی نزیکبوونـەوەی دوو هێـزی سـەرەکی نێـو ئیـسلامی سیاسـی کـوردی دەکرێـت بۆروبەرووبوونـەوەی رووداوو پێـشهاتەکانی ئاینـدەو بەتایبـەت بـۆململانێی پـرۆژەی هێـزە عەلمانییـەکانو گوتـاری بەعـەلمانیکردنی کۆمەڵگـە، کەپێدەچـێت ئاراسـتەی رووداوەکـان تاڕادەیـەك بگۆڕێتو گۆڕانگاریش بەسـەر سـتایلو نـاوەڕۆکی ململانێـی عـەلمانی– ئیـسلامی لەداهاتووی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بکات.

– دواجـار بەشـێك لـەهێزە ئیـسلامییەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی تێـڕوانینو پێناسەیان بۆزۆر مەسەلەو بابـەتو چـەمکی گـرنگو هەسـتیار، بەتایبـەت لەگـەڵ هێـزە عەلمانییەکانـدا جیـاوازە، بەشـێوەیەك ئـەو بابـەتو چـەمکانە نـاوەڕۆکی ململانێـی عـەلمانی– ئیـسلامی پێکـدێنێو لەبنەڕەتیـشەوە بریتییـە لـەناوەڕۆکی پـرۆژەی بەئیـسلامیکردنی کۆمەڵگـەی کـوردیو ئـەوایان بڕوایـان بەهەنـدێ لـەو پێناسەو چەمکانە نییەن کەهێزە عەلمانییـەکان بڕوایـان پێیـەتیو لەبنەڕەتیـشدا بریتییــە لــەپرۆژەی بەعــەلمانیکردنی کۆمەڵگــەی کــوردی، بەتایبــەت وەك مەسەلەکانی دیموکراسیو ئـازادی بەگـشتیو ئـازادی تاکەکەسـیو ئـازادی ژنـان، چەمکی دەسەڵاتو سیستمی سیاسیو پلـورالیزمی سیاسـیو بەشـداری سیاسـی، هەرچەندە لەئێستادا گۆڕانکاری زۆر لەڕوانینو پـرۆژەو سیاسـیو ئیسلامی هێـزە ئیسلامییەکانی کوردستاندا بەرامبـەر ئـەم چـەمكو مەسـەلەو بابەتانـە روویـداوە، بـەڵام گۆڕانکارییـەکی رادیکـاڵیو بنـچینەییو یـەکجاری نییـەو پێدەچێت لەگـەڵ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانو بارودۆخـدا، بەتایبـەت لـەقۆناغی گرتنـە دەسـتی

دەسەڵاتدا ئەمانەش بگۆڕێن، ئەمە ڕەشبینیو دروستکردنی گومان نییە، ئەوەندەی پشت بەستنە بەڵێدوانو بیروڕاکانی هەندێ لەهێزە ئیسلامییەکان خۆیان، بەتایبەت ئەوانەیان هەڵگری گوتارێکی تایبەتن بەمەسەلەی دەسەڵاتی ئیسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیو دامەزراندنی قەوارەی ئیسلامییەوە لەداهاتوودا.

– هیچ یەکێك لەهێزە عەلمانیو هێزە ئیسلامییەکان ناتوانن بەمشێوازو مۆدێلە سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە ململانێو ڕوبەڕووبوونەوەکان لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێبهێنن، ئەگەر هاتوو گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا نەهێننو واز لەو کەمتەرخەمیو خەمساردییە نەهێنن، واتە پرۆژەی هەردوولا جۆرێك لەسستیو کەمتەرخەمی پێوە دەبینرێ، بەتایبەتیش هێزە عەلمانییەکان ناتوانن گرەوی ململانێکان ببنەوە، ئەگەر باش خۆیان ئامادە نەکەنو ئەدای سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتداریتی خۆیان نەگۆڕنو باشتر نەکەن، بەتایبەت لەئێستا کەموکورتیو تارادەیەکیش گەندەڵی دارایيو ئیداری لەئەزموونی فەرمانڕەوایەتی ئەواندا بەدی دەکرێو لەولاشەوە کەمتەرخەمن لەئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سیکولاریزمو دابینکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆکۆمەڵگەو پڕکردنەوەو دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیانی کوردستان.

– لەکۆتاییدا زۆر شتی دیکە لەم توێژینەوەیەدا وەك ئەنجام پێی گەیشتووینو دەکرێ بەخویندنەوەی تەواوەتی لەلایەن خوێنەرەوە هەستی پێبکرێو لەبەر نەبوونی دەرفەتو کاتو بوار نەمانتوانی بیانخەینەڕوو.

# سەرچاوەکان


١. خليل العنانی: مازق الاحزاب المعارضة السياسية فی مصر، ئينتەرنێت، ماڵپەڕی(جزيرة نت).

٢. رۆژنامەی(الثورة)ی ئەليكترۆنی، تصدر من(مؤسسة الوحدة االصحافةو الطباعة والنشر) لەسەر تۆڕی ئينتەرنێت.

٣. فاروق رەفيق : ماڵێكی لێكترازاو ويژدانێكی بيمار، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٢.

٤. محمد المهدی: المعارضة من النفس الی الكون، ئينتەرنێت.

٥. د.حسن الزين: الاسلام والفكر السياسی المعاصر، دار الفكر الحديث االطباعة والنشر،بيروت–لبنان،١٩٩٧.

٦. ئينتەرنێت، ماڵپەڕی(المنتديات السياسی).وتاری(مفهوم المعارضة فی الفكر السياسی الاسلامی)، قاسم خضير عباس.

٧. ئينتەرنێت، ماڵپەڕی Ksm.maktoob.blog.com

٨. د.محسن عبدالحميد: حق المعارضة السياسية فی المجتمع الاسلامی،ط١، دار احسان،١٩٩٤، مطبعة پيام.

٩. مەسعود عەبدالخالق: رابوونێكی گشتی ئيسلاميەكانی كوردستان، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری(٢٠٠٧).

١٠. سۆران سێوكانی، ديداری گۆڤاری(لڤين)، ژ(٥٣)، ساڵی پێنجەم، حوزەيرانی ٢٠٠٧.

١١. د.محسن عبدالحميد: حق المعارضة، سەرچاوەی پێشوو.

١٢. عبدالمحسن يوسف جمال: المعارضة السياسية فی الكويت، ئينتەرنێت، ماڵپەڕی Ksm.maktoob.blog.com.

١٣. رەفيق سابير: كولتورو ناسيۆناليزم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

١٤. مەلابەختيار: ديموكراسیو دوژمنانی، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٥. مەلابەختيار: ديموكراسی لەنێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی،٢٠٠٠.

١٦. ستاندەر: گفتوگۆ لەگەڵ(م.سديق عەبدولعەزيز)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری٢٠٠٧.

١٧. مەريوانوريا قانيع: دەربارەی فەلسەفەو ئيسلامو رۆشنگەری، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٩. ئەبوبەكر عەلی: ئيسلامو تەوژمی ئيسلامی لەبەردەم جەنگی شێواندنیوێنەكاندا، چ١، ٢٠٠٣.

٢٠. رەفيق سابير: ئيسلامی سياسی.. هەڕەشەيەك لەناسنامەی نەتەوەيی كورد، رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە(٢٥٧٧،٢٥٧٦)، رۆژی(٦–٢٠٠١/١٠/٧).

٢١. موسليح ئيروانی: ئيسلامو ناسيۆناليزم لەكوردستاندا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٣.

٢٢. ئيدريس سيوەيلی: رەوتی ئيسلامی ئيسلامی لەباشوری كوردستان(١٩٤٦–١٩٩١)، چ١، چاپەمەنی(گەنج)، سلێمانی.

٢٣. گفتوگۆ لەگەڵ(م.سديق عەبدولعەزيز)، گۆڤاری(ستاندەر)، ژمارە(١٣)ئازاری ٢٠٠٧.

٢٤. صالح حكيم، هۆشياركردنەوەی هۆشياری، ئۆرگانی نهێنی يەكگرتووی ئيسلامی كوردستان.

٢٥. ياسين حەسەن ديداری گۆڤاری(لڤين)، ژ(٥٣)ساڵ پێنجەم، حوزەيرانی ٢٠٠٧.

٢٦. كاريگەری شۆڕشی ئێرانی لەسەر شۆڕشی كورد، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٣)، ئازاری٢٠٠٧.

٢٧. بروانە رۆژنامەی(رێگای یەکبوون)، ژمارە(٤٤) ساڵی یەکەم، رۆژی(١٩٩٩/٨/٢١) بەتەواوی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی تایبەت بەراگەیاندنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بخوێنەرەوە.

٢٨. دیداری گۆڤاری لڤین لەگەڵ(ئیکرام کەریم)ئەندامی پێشووی مەکتەب سیاسی بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی، ژمارە(٥٣)، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٧.

٢٩. کودەتای نەهزەییەکان بەسەر کۆمەڵی ئیسلامیدا، راپۆرتی شیکاری گۆڤاری(لڤین)، ژمارە(٥٥) ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٧.

٣٠. سەربوردەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەشی دووەم، گۆڤاری(ستاندەر)، ژ(١٤)ساڵی دووەم، ٢٠٠٧.

٣١. دیدارێکی رۆژنامەی یەکگرتوو لەگەڵ(م.سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین)، ژمارەی رۆژی(سێشەممە٢٠٠٧/١٠/٨).

٣٢. مەولود باوە مراد، دیداری گۆڤاری(لڤین)، ژمارە(٥٠)، ساڵی پێنجەم، ئازاری ٢٠٠٧.

٣٣. عەبدورەحمان سدیق، دیداری گۆڤاری(لڤین)،ژمارە(٣١)، ساڵی سێیەم، ئابی ٢٠٠٥.

٣٤. محەمەد فەرەج: رۆژنامەی(یەکگرتوو)،

٣٥. ژمارە(٥٢٠)،رۆژی(٢٠٠٤/١٢/٢٨).

٣٦. مەولود باوەمراد: رۆژنامەی(یەکگرتوو)، ژمارە(٥٢٠)، رۆژی(٢٠٠٤/١٠/٢٨).

# پاشـــــكۆی

# وتووێژو دیــــــدارەكـــــان

– وتووێژ لەگەڵ(ئەبەبەكر عەلی)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامیو رووناكبیرو ئەكتیڤیستی ئیسلامی.

– وتووێژ لەگەڵ(عادل باخەوان) توێژەر لەبواری ئیسلامی سیاسی.

– وتووێژ لەگەڵ ئەیوب نیعمەت(ئارام قادر)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی كۆمەڵی ئیسلامیو كەسایەتی ئەكتیڤیستی ئیسلامی.

– وتووێژ لەگەڵ(محەمەد بازیانی)، ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی.

– وتووێژ لەگەڵ(د.صەباح بەرزنجی)، رووناكبیرو كەسایەتی ئیسلامی.

– وتووێژ لەگەڵ(شوان ئەحمەد)، شارەزا لەبواری ئیسلامی سیاسی.

– وتووێژ لەگەڵ(عەلی باپیر)، ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی لەكوردستان.

– وتووێژ لەگەڵ نەجمەدین فەرەج(كرێكار)، ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام لەكوردستان.

– وتووێژ لەگەڵ نیاز سەعید عەلی، توێژەرو پسپۆڕ لەبواری ئیسلامی سیاسیو تیرۆر.



## وتوویژ لەگەڵ(ئەبوبەكر عەلی)

**ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامیو رووناكبیرو ئەكتیفیستی ئیسلامی**

**سەلام عەبدولكەریم: یەكگرتووی ئیسلامی خۆی بەهێزێكی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن دەزانێت، یاخود بەشدار لەدەسەڵاتدا؟ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنە، شێوەكانی دەركەوتنی یەكگرتوو وەك هێزێكی ئۆپۆزیسیۆن لەكۆنو نوێدا كامانە بوون؟ هەروەك میكانیزمو كایەكانی كاركردنی ئۆپۆزیسیۆنانەی یەكگرتوو چین؟**

ئەبوبەكر عەلی: پێموایە لەمرووەوە یەكگرتوو بەهێزێكی(قلق) لەقەڵەم دەدرێت، چونكەدڵی زۆربەی ئەندامو سەركردایەتییەكەی لەگەڵ موعارەزەبووندایەو تەنانەت هەندێ پاساوی مێژوویی بوونی ئەم هێزە لەوەدا دەبیننەوە. لەهەمانكاتدا عەقڵی سەركردایەتییەكەی شتێكیتر دەڵێتو پێیوایە زەمینەی موعارەزەبوون لەكوردستاندا بوونی نییەو تائێستا وێنەی

دوژمنو(معارض)زۆر رێساو نەریتو دامەزراوو چەسپاونییە، بتوانێت بەرگەی گەمەی كێبڕكێی سیاسی تەندروست بگرێتو لەم نێوەندەشدا موعارەزە بەكۆڵەیەكی بەهێزی سیستمی سیاسی دابنرێتو گرفتی رەوایەتی نەبێت.... لەروویەكیترەوە یەكگرتوو ئەسڵ بەبەشداری لەدەسەڵاتدا دادەنێت، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا، چونكەهەمیشە(هاجس)ی ئەزمونی هەندێ دەوڵەت لەگەڵ تەوژمی ئیسلامیدا لەهۆشی سەركردەكانیدا ئامادەیە. بەواتایەكیتر سەركرداتییەكەی پێیوایە بڕیاری موعارەزەبوون یاخود بەشداری لەدەسەڵات، تەنها مەسەلە سیاسییە رووتەكان دیاری ناكات، بەڵكو ئیسلامیبوونی یەكگرتووش كاریگەری هەیەن چونكەئیسلامیبوون لەپەنجاساڵی رابردوودا، خولگەی چەندین كێشەو ململانێ بووە. هەندێجار ئەو ململانێیانە تائێسك شكاندنو وەحشیگەری رۆیشتووە. لەكۆمەڵگەی ئێمەشدا لەدوای راپەڕینەوە لەژێر كاریگەری سیاسەتەكانی بزاڤی ئیسلامی چەكدارو دواتر ململانێی سیاسی لەنێوان هێزەكانو پاشخانە ئایدۆلۆژییەكانو سنورداربوونی گەمە دیموكراسیو فرەییەكە، تاڕادەیەك وێنەیەكی(نمط)ی چەسپاو بۆئیسلامی خراوەتەڕوو. جۆرێ لەبوغزیش بەرامبەر بەئیسلامی لەرووە سیاسییەكەیدا لەئارادایە، ئەگەر ئەو تەوژمە ئیسلامییەش بەم رەهەندە هۆشیار نەبێتو لەكاتی هەنگاوناندا رەچاوی نەكات، ئاساییو چاوەڕێ دەكرێت دووچاری كێشە ببێتو فەزای كۆمەڵگەش لەگەڵ خۆیدا بەلەرزە بخات.

لێرەوە دەڵێین یەكگرتوو خۆی بەهێزێكی بەشدار لەدەسەڵاتدا دەزانێ، بەڵام دەیەوێت لەپێگەیەكی رەخنەگرانەوە بەشداری لەدەسەڵاتدا بكات. هەڵبەت رەخنەگرتن نابێت تێكەڵ بەموعارەزەبوون بكەین بەمانا سیاسییە هاوچەرخەكەی، بارووپەكی گرنگی موعارەزەبوونیش رەخنەگرتن بێت. ئەمەش لەو سۆنگەوە دێت، كەهەست دەكات بەشدارییەكەی لەدەسەڵاتدا راستەقینە نییە، چونكە لەخوار ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەندامەكانی لەزۆر بواردا لەدامو دەزگاكانی حكومەتدا وەك ئەندامی حزبێكی بەشدار لەدەسەڵاتدا مامەڵەیان

لەگـەڵ ناکرێـتو لەسـۆنگەی ئینتیمـای سیاسـییانەوە لەبەشـێك لەمافـەکانیان بێبەش دەبن. لەکاتێکدا ئەو مافانە لەدۆخێکی ئاساییدا مـافی هـەر هاوڵاتییـەکن بەیەکـسانی، چـونکەدەبێت هاوڵاتیـان لەبـەردەم یاسـادا یەکـسان بـن. ئـەم جیاکارییەی لەهەندێ دامو دەزگاکاندا لەگەڵ خەڵکی یەکگرتوو دەکرێت جۆرێك لەتالاوی بۆسەرکردایەتیو کادرەکانی دروستکردووە، چونکە لەروویەکەوە لەبـەر باوەڕبوونیان بەناسکی دۆخەکەو پارێزگـاری لەئاسایـشی خۆیـانو سـەقامگیریی کۆمەڵگـەو خاوکردنـەوەی ململانـێ ئایدۆلۆژییـەکانو لاوازی نـەریتی دیموکراسـی تـازە بنیـاتنراوی هـەرێم دەخـوازن بەشـداری لەدەسـەڵاتدا بکـەن، بـەڵام لەرووبەکیترەوە هەست دەکەن ئەم بەشدارییە لەچەندین رووەوە بەسەر جومگـە جۆراوجۆرەکانی بـەڕێوەبردنو دامـو دەزگاکانـدا رەنگنەداتـەوە، لێرەشـەوە ئـەو هەستەیان لادروستدەبێت، کەبەشداریشنو بەشداریش نین.

دەبێـت لەبەرچـاوی جـەماوەر بـاجی بەشـداربوون بـدەنو لەبەرهەمـەکانی بەشـداربوونیش زۆر بەهرەمەنـد نـەبنو ئـەو رۆڵـەیان نـەبێتن کەلانیکـەم خۆیـان بۆخۆیـانی بـەرەوا دەبیـنن. هـەروەها بەشـێ لەمافـە سروشـتییەکانی خـۆیو ئەندامەکانیشیان دەست ناکەوێت یاخود زۆر بەزەحمەت. ئەمـەش وادەکـات نـاو بـەناو لەهەنـدێ دەرفەتـدا وێنایـەك لـەخۆی نیـشاندا کەنیـشانی جـەماری بـدا، کەبەشـداری ئـەو لەدەسـەڵات واتـای رازیبـوون لەبارودۆخەکەناگەیـەنێ. ئـەو هێنـدەی چـارەنەبوونی مەسـەلە نەتەوایەتییەکـەو نـەبوونی زەمینـەی کێبڕکێـی سیاسی تەندروستو بەحزبیکردنی کۆمەڵگەو ناسکی حاڵەتی ئیسلامیبوون پـاڵی پێوەناوە بۆبەشداربوون، بەو ئەندازە بڕوابوونی بەجەدوای بوون لەناو دەسەڵاتدا پـاڵی پێوەنـەناوە. هێنـدەی مەبەسـتییەتی نـەکرێ بـەرەمزی تێکـدانی ریـزی نیـشتمانیو شکـستەکان بەسـەر ئـەودا نەشـکێنرێنەوەو خراپـی هەنـدێ دۆخ بەبوونی ئەو لەدەرەوەی دەسەڵاتدا لێکنەدرێتەوە، بەو ئەندازەیە بەشدارییەکەی لەو قەناعەتەوە نەهاتووە، کەدەتوانێت لەناو دەسەڵاتدا زیاتر خزمەت بکات وەك لەدەرەوەی دەسەڵات.

یەکگرتوو هەست دەکات لەئاستێکی زۆر نزمدا نەبێت بەشداری دروستکردنی بڕیاری سیاسیو ئیداری نییەو رەخنەی لەبەشێك لەو بڕیارانە هەیەو پێیوایە بەزیان بۆسەر کۆمەڵگەو پرۆسە سیاسییەکەدەشکێنەوە، کاتێ هەست بەو بەشدارنەبوونەش دەکات،وە بڕیارو سیاسەتەکانیش لەرابردوودا کۆمەڵێ کێشەیان لێکەوتەوە، دەیەوێت نیشانی دا ئەو تەحەمولی بەرەنجامی ئەو بڕیارانە ناکاتو بەرگریان لێناکات. ئەمەش مانای وانییە تەحەمولی مەسئولیات ناکات، بەڵکو پێیوایە دەبێت هەموولایەك بەئیجابی مامەڵە بکەنو بەشێ بن لەچارەسەر، چونکەسەرەنجام هەموو لایەنەکانو کۆمەڵگایەك چارەنوسی هاوبەشی سیاسیان هەیە، لانیکەم لەبەرامبەر دەرەوەی هەرێمدا، بەڵام ئەمەش مانای هەڵگرتنی ئۆبالی بڕیارو سیاسەتی هەندێ هێزی تر نییە، کەبەبڕوای ئەو هەڵەو ناعەدالەتیو قوربانی لێکەوتۆتەوەو خۆشی نەبووەو بەشێکە لەو قوربانیو ئەو نایەکسانیو ناعەدالەتییەی لەئارادایە هەیە.

ئەم دێڕانە بەشێ بوو لەخوێندنەوەی یەکگرتوو، بەمەش یەکگرتوو(قلق)ەکەی دەبێت بەبەشێ لەقەلەقی کۆمەڵگەو قۆناغەکەچاوەڕێیە پرۆسە سیاسییەکەبەکەنارێکی ئارامو لەکێبڕکێیەکی ئازا هەر کەسەو بەگوێرەی قەوارەو سەنگی خۆی رۆڵ بگێڕێتو بڕیار بدات ئاخۆ دەیەوێت لەپێگەی دەسەڵاتەوە ئەو رۆڵە بگێڕێت یاخود لەدەرەوەی دەسەڵاتەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی ئەو شپرزەییو گەندەڵییەی، کە لەئەزمونی سیاسی کوردستاندا لەسەر هەموو ئاستەکانی حزبو حکومەتو کۆمەڵگە هەیە، یەکگرتووی ئیسلامی قسەی پێویستیان لەسەر ناکاتو نەیکردووە بەپرۆژەی سیاسی بۆکارکردن لەسەریانو لەئاستیاندا بێدەنگە؟**

ئەبوبەکر عەلی: رەنگە قسەکردن رێژەیی بێت، منیش لەگەڵتام قسەکردنی یەکگرتوو لەسەر ئەو شتانە بەگوێرەی پێویست نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بێدەنگیش بووە، هەندێ جاریش لەسەر ئەو ئاستەش لەقسەکردن، کەهەیبووە دووچاری جۆرێ لەرەخنەگرتنو فشاری مەعنەوی بۆتەوە. سنورداری

قسەکردنەکانیش لانیکەم لەروانگەی رۆژنامەنوسێکی وەکو بەڕێزتانەوە دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێك لەوانەش قەناعەتی سەرکردایەتی ئەو حزبەیە، کەبەرامبەرەکان واتە دەسەڵاتو دوو حزبە دەستڕۆیشتووەکەئاسان نییە بەرگەی قسەکردنی زۆر بگرنو ئەوە بەهەل قۆزتنەوەو موزایەدە تێدەگەنو دەشترسن بەفراوانبوونی جەماوەرو رۆڵی سیاسی یەکگرتوو بشکێتەوە، بەتایبەتیش کەیەکگرتوو بەشداری حکومەتە، بشتەوێو نەشتەوێ بەشداری لەحکومەت جۆرێ لەپابەندی دروست دەکات، یەکێك لەوانەش ئەوەیە کەرەخنەو تەرحەکان لەمیدیاوە دەگوازێتەوە ناو چوارچێوەو دانیشتنو دامەزراوە رەسمییەکان، ئەمە جگەلەوەی قسەکردن بۆقسەکردن سەبارەت بەحزبێکی سیاسی گونجاو نییە، دەبێت بارودۆخێکی سیاسی وا لەئارادابێت ئەو رەخنانە بکات بەفشاری سیاسی ئەویش کاتێ مەیسەر دەبێت بەشدارییەکی سیاسی راستەقینەو هەڵبژاردنی خولی بێ گرفتو ئاڵو گۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات هەبێت، بەڵام ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین تائێستا حکومەتەکەی بەتەواوی یەکینەگۆتۆتەوەو پێکهاتنی دوو هێزە بنەڕەتییەکەکێبڕکێی سیاسیان بۆماوەیەکی نەزانراو دواخستووە.

ئەمەش وادەکات هێزەکان بیر لەوە بکەنەوە لەسەر ئاستی ژێرخانو پشوو درێژانە ئیش بکەن. تابەشێوازی تەواو بیر لێنەکراوە لەباتی چاکسازی رەهەندی نوێتر نەخەنە سەر کێشەکانی وڵاتەکەیان. ئەمە جگە لەوەی یەکگرتوو هێزێکی ئیسلامییە، ئەمەش لەمڕووەوە رۆڵی خۆی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانە گرنگانەی بەسەر یەکگرتوودا هاتووە بەبەراورد لەگەڵ سەرەتاکانی دەستپێکردنی خەباتی سیاسی ئاشکرای خۆی، بەڵام هێشتا بەتەواویو لەقوڵاییدا تازە نەبۆتەوە. مەبەستم ئەوەیە نەگۆڕاوە بەپرۆژەیەکی سیاسیو کەبەهەناسەیەکی ئیسلامییەوە پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێت تاکو ئێستا مەسەلەی دەعوە دینییەکەو پەروەردە ئیسلامییە جەماعییەکەبەشێکی بەرچاو لەوزەو تواناکانی دەبات، مەبەستم ئەوەیە کەهەموو تواناکانی یەکگرتوو لەڕووە

سیاسـییەکەیدا کۆنەبۆتـەوە.ئەمـەش وایکـردووە یـەکگرتوو لـەمڕووەوە کـەمو کورتی تیۆریو مەیدانی هەبێت.

**سـەلام عەبدولکـەریم: پێتانوانییـە یـەکگرتووی ئیـسلامی بـەردەوام لـەکاتی دەرفەتـدا لەپـشتەوەی هێنانـەوەی پاسـاوو بیـانووی جۆراوجـۆرەوە خـۆی دزیبێتەوە لەو ڕۆڵە ڕاستەقینەی‌ن کـەهێزی ئۆپۆزیـسیۆن دەبێـت لەکۆمەڵگـەدا بیگێڕێت؟**

ئەبوبەکر عەلی: پێموانییە مەسەلەکەخۆدزینەوە بێـت، هێنـدەی خوێندنـەوەو هەڵـسەنگاندنی ئـەم هێزەیـە بۆدۆخـە سیاسـییەکەو ئاسـتی پێگەیـشتوویو چەسـپاوی دامـەزراوەکانو سروشـتی قۆناغەکـەو تێڕوانینـی بەرامبـەرەکانو تواناکانی خۆیەتی. بەکردەوەش هەندێ تاقیکردنەوەی هەیەن کـەروونبوو بەچـی کۆتـایی پێهـات؟! یـەکگرتوو خـۆی بەئۆپۆزیـسیۆن نـازانێ، چـونکەبەکردەوە ئۆپۆزیسیۆن لـەولاتی ئێمـەدا نییـە، ئۆپۆزیـسیۆنبوونیش خـۆی لەخۆیـدا ئامـانج نییە، بەڵکو(اختیار)ێکە لەبەردەم هێزێکدا، لەکاتێکـدا بەبەرژەوەنـدی کۆمەڵگـەو سیـستمە سیاسـییەکەو خـۆی بزانـێ پـەنای بۆدەبـات. یـەکگرتوو پێیوایـە لەبارودۆخێکی وەکو کوردستاندا دەرفەت قۆستنەوە بێبیرکردنەوە لەئاکامەکانی بەکارەسات بۆسـەر خـۆیو کۆمەڵگـەو پرۆسـە سیاسییەکەدەشـکێتەوە، چـونکە لەگەڵ کاردانەوەی توندی هێزە دەسەڵاتدارو مێژووییەکان بـەرەو ڕوو دەبێتـەوەو لـەکێبڕکێی سیاسـی دەردەچـێتو ڕەهەنـدی نایاسـاییو نـالۆژیکی بـەخۆوە دەگرێت. کارە سیاسییەکانیش بەبەرئەنجامەکانیان دەپێـورێن. بۆیـە سیاسـەتی پشوو درێژی لەدۆخێکی لەو جۆرەدا بەرهەمی زۆرترە، گەرچـی لەگـەڵ نـاڕەزایی بەشێ لەنوخبەو جەماوەریش ڕووبەڕوو بێتەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: یەکگرتووی ئیسلامی لەمێژووی کارکردنی سیاسی خۆیدا شـەڕی بەرژوەندییـە حزبـیو سیاسـییەکانی خـۆی کـردووە، یـاخود شـەڕی بـەرگریکردن لـەمافو ئـازادیو پێداویـستیو کێـشەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستان؟ ئەگەر بەرگری لەمافو داواکاریو گرفتەکانی خەڵك کـردووە بۆچـی**

**لەبەرامبەر گەندەڵیو نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاوو سوتەمەنیو کارەبا بەکرداری هەنگاوی پێویست هەڵناگرێو تەنها لەرێگەی لێدوانو راگەیاندنەوە بەکەمی قسەیان لەبارەوە دەکات؟**

ئەبوبەکر عەلی: بێگومان حزبێ شەڕی هەردووکیان دەکات، چونکەگەر بەمانا سیاسییە هاوچەرخەکەش بێت شەڕی بەرگریکردن لەمافو ئازادیو ژیانی هاوڵاتیان لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حزبو لایەنێكو دەڕژێتە خانەی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری زیاتر، هەڵبەتە ئەگەر هەر لەبنەڕەتەوە دەرفەتو هەلو مەرجی شەڕی کۆمەڵایەتی هەبوون کەخوازیاری دیموکراسییەتو هەڵبژاردنو فرەییەکی راستەقینەیە. کەمی خزمەتگوزاریو گەندەڵیش بۆهێزێکی وەکو یەکگرتوون کەجەماوەرێکی سنوردار دەنگی پێنەداوە، دەبێت هەر لەرێی قسە لەسەرکردنو یادداشت پێشکەشکردنو هەڵوێستی ئەدەبی بێت، چونکە لەهەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی جەماوەر دەنگیان بەم نەداوە تابڕیاری سیاسیو ئیداری بکەوێتە دەستو سەرۆکایەتی حکومەت بکاتو بەکردەوە لەو روانگەوە هەنگاو هەڵگرێو بڕیار بدات.

حزبێکی سیاسی، کەتوانای داراییو دروستکردنی بڕیاری سیاسیو ئیداری لەدەستی ئەودا نەبێت، ناتوانێت بەکردەوە لەو ڕووانەوە هەنگاو هەڵبگرێت. مەگەر داوا خەڵك هێنانە سەر شەقام بکات، کەئەگەر وابکات دەبێت لەحکومەت بکشێتەوە. تەنها ئەوەندەش بەس نییە، دەبێت بیروڕای وابێت کەئەم هەنگاوە دەچێتە خانەی خزمەتی بەرەو پێشبردنی دۆخی هەرێمو زیادکردنی خزمەتگوزارییەکانو کەمکردنەوەی گەندەڵی، چونکە لەدۆخێکی وەك هەرێمدا ئەو جۆرە هەنگاوانە ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت بەئاقاری تردا برۆن یاخود ببرێن لەبری ئەوەی ببێتە فشارێکی راستەقینە رەهەندی تر بخاتە سەر کێشەکان. ئەمە جگەلەوەی کەهەندێ لەهۆکارەکانی لاوازی خزمەتگوزاری بابەتینو لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتو هەندێکیتریش دەگەڕێتەوە بۆئاکامە

خراپـــەكانی دابەشـــبوونی بڕیـــاری سیاســـیو ئیـــداری لەســـاڵانی رابـــردووداو كۆبوونەوەی گرفتەكان.

بۆیە كاتێ جەماوەر دەنگی بەیەكگرتوو دا بەجۆرێ خۆی حكومەت پێكبهێنێ یاخود لایەنێكی سەرەكی بێ لەپێكهێنانی حكومەتـدا دەتـوانرێ داوای هـەنگاوی كـرداری لێبكرێـت بـەدەر لـەوەی دەمێنێتـەوە سـەر جەختكردنـەوە لەسـەر مەسەلەكان لەسەر ئاستی ئەدەبیاتو دروشمـی سیاسـیو هەنـدێ شـێوازی تـری سنوردار.

**سەلام عەبدولكەریم: یەكگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەكانی پێشوودا(٢٠٠٥) بەوتەی خۆیان بۆدژایەتیكردنی دیاردەی گەندەڵیو ئەنجامـدانی ریفـۆرم خۆیـان جیاكردەوەو كـار گەیـشتە ئـەوەی كەچـەند ئەندامێكیـشی بكوژرێـت، بڕیـاربوو خەبات دژی گەنـدەڵی خـەباتێكی درێژخایـەن بێـت، بـەڵام لەئێـستادا نـەك ئـەو خەباتە بوونی نییە، بەڵكو خۆتان هەست ناكەن هیچیشی لـەبارەوە نـاڵێن، ئایا ئەو هەڵمەتانە هەڵمەتی پڕوپاگەنـدەیی بـوون تـەنها بۆكـاتی هەڵبـژاردن یـاخود بۆچی لەئێستادا درێژەی نییەو هەر زوو یەكگرتوو كۆتایی پێهێنا؟**

ئەبوبەكر عەلی: دیـارە ئـەو دروشمـە بۆهەڵبژاردنـەكانی عێـراق بـوو. گەرچـی یەكگرتوو خۆی لەخانەی هێـزە ئیـسلامخوازەكان لـەعێراقو لەهەرێمـدا دادەنـێ، كەدژایـەتی كردنـی گەنـدەڵی بەشـێكە لەنـەگۆڕە سیاسـییەكانی لـەگوتاری ئـەو جیانابێتەوە. ئەگەر لـەكاتی هەڵبژاردنەكانیـشدا دروشـمو مەسـەلەیەكی سیاسـی زۆرتر زەق بكرێتەوەو قسەی لەسەر بكرێـت شـتێكی ئاسـاییە، چـونكە لـەماوەی دیـاریكراوی هەڵمەتـەكانی هەڵبـژاردنو پڕوپاگەنـدەی سیاسـیدا حزبـێ زۆرتـرین تواناكـانی خـۆی دەخاتەگـەڕ بۆئـەوەی قەناعـەت بـەزۆرترین رێـژە لـەهاوڵاتیان بكـاتو متمانـەی خۆیـان بەپرۆژەكـەی ئـەو ببەخـشن. قـسەكردنەكان لەوكاتـەدا تەنها قسەكردنێكی میدیایی نییە، بەڵكو وادادەنـێ لێپرسـراوی خـستنە ئەسـتۆو دەربڕینی دژایەتیكردنی گەندەڵیش تەنها بڵاوكردنەوەی هۆشیاریو قسە لەسـەر كردنی گشتیو وروژانـدنی نییـە، بـەڵكو دەركردنـی چـەندین یاسـاو دامـەزراوەو

گۆڕینی بەشێ لەپەیوەندییەکانی دەوێتو پێداویستی خۆی هەیە، دەبێت بۆی دابین بکرێت، بۆئەوەی دۆخەکەپەرەی پێ بدرێت بۆئاستێك، کەگەندەڵکاران لەبەردەم دادگادا رابگیرێنو حوکمی یاساییان بەسەردا بسەپێنرێو کەسیش نەتوانێ لەو حوکمە رزگاریان بکات.

لەسەر ئەو ئاستانەش یەکگرتوو هەندێ ئیشی کردووە، بەڵام دیارە چەند هەندی تریش چاوەڕێی ئەوو سەرجەم کۆمەڵگاشە. لەبەرئەوە یەکگرتوو خەباتی دژی گەندەڵی کۆتایی پێنەهێناوە، بەڵام کاری مامەڵەکردن لەسەر دۆسێیەك لەسەر ئاستی کاری حزبیو هەڵوێستگرتنی سیاسە لەهەندێ رووەوە جیایە لەکاری رۆژنامەگەریو رۆژنامەوان. بەتایبەتیش لەکوردستانداو بەتایبەتی تریش بۆئیسلامی، کەهەڵوێستگرتنە سیاسییەکان هەستیاری دەخوڵقێننو هەندێ جاریش کێرڤی هەڵچوونەکان بەرامبەر تائاستێکی مەترسی لێکراو بەرز دەکاتەوە.

گرفتی ئەم قۆناغەی ئێمەش لەپەیوەندی بەرووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی گرفتی قسە لەسەرکردن نییە، چونکەمیدیای ئازادو تەنانەت بەشێ لەمیدیای ئاراستەکراوی ناڕاستەوخۆی حزبیش لەمڕووەوە درێغیان نەکردووە، گرفتەکە لەنەبوونی روونیو زانیاریو یاسا سەروەریو کێبڕکێی سیاسیو تەوزیفکردنی سیاسییانەی گەندەڵیدایە، چونکەوەك ئاماژەمان پێدا دژایەتیکردنی گەندەڵی تەنها بەهاوارو قسەکردن ناکرێو رووێکی یاسایی هەیەو لەبەردەمی دادگادا پێویستی بەساغکردنەوەو سەلماندنو سزا دیاریکردن هەیە.

لەکاتێکدا لەوڵاتی ئێمەدا ئەم دۆسێیە هێشتا لەچوارچێوەیەکی سنورداری حزبیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نەك لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی دادوەریدا. مەلەفی گەندەڵی لەکوردستانیشدا ئاڵۆزی خۆی هەیە، چونکەمەسەلەکەتەنها خراپی سودوەرگرتن لەپۆستی رەسمی نییە بۆبەرژەوەندی شەخسی. بەڵکو پێش ئەوەو پانتاییە گەورەکەخراپ سود وەرگرتنی حزبە لەبوونی لەهەرێمی دەسەڵاتدا، بەجۆرێك لەچەند ساڵی رابردووی

هەرێمدا هەستناکەیت گیرفانی حزبو حکومەت زۆر جیاوازیان بووبێت. کاتێ گەندەڵیش لەئاستێکی بەربڵاودا دەبێت بەدیاردە کەوەك ئەوەی لەئەمڕۆی عێراقدا دەبینرێت، ئەوکاتە چارەسەرکردنی هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوانی سەرجەم ریفۆرمخوازانی کۆمەڵگەی دەوێت.

**سەلام عەبدولکەریم: یەکگرتووی ئیسلامی لەئێستادا لەژێر کاریگەری مۆدێلی سیاسیو ئیسلامییانەی ئیخواندایە یاخود مۆدێلی دادو گەشەپێدانی تورکیا؟ ئایا یەکگرتوو لەبەرنامەی داهاتوویدایە بەرەو مۆدێلی ئیسلامی لیبراڵی بەنموونەی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڕوات؟ بەمانایەکی تر بۆچوونێك پێیوایە، کەیەکگرتوو لەداهاتوودا هەمان شێوە کارکردنی ئیسلامییانەی دادو گەشەپێدان پراکتیك دەکات، ئێوە بیروڕاتان چییە؟**

ئەبوبەکر عەلی: یەکگرتوو هەوڵیداوە لانیکەم لەسەر ئاستی کوردستان خۆی مۆدێلێکی سەربەخۆ بێتو کۆپی لەبەرگیراوی هیچ قوتابخانەیەکی فکریو تەوژمێکی سیاسی نەبێت، چونکەهێزێك بیەوێت هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکەی خۆی بێتو بۆشایی پڕبکاتەوەو چاوی لەوە بڕیبێت گوتارەکەی لەسەر ئاستی جەماوەر کاریگەربێتو بەشدارییەکی چالاکانەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی بێت لەسەرووی ئەو قۆناغەو ئەرکەکانی تێگەیشت بێت، کەوڵاتەکەی پیایدا تێدەپەڕێت. بۆئەوەی ئەم مەرجانەش لەخۆیدا بەدی بهێنێ دەبێت بەرووی ئەزمونە جۆراوجۆرە ناوخۆییو دەرەکییەکاندا کراوەبێتو ئەزمونە دەرەکییەکانیش لەگەڵ رەگەزە کولتورییە ناوخۆییەکان متوربە بکات. روونە ئەو ژێرخانە رێکخراوەییەی یەکگرتووی لەسەر دامەزرێنراو ئاشکرا کرا لەڕووی مێژووییەوە بەپلەی یەکەم لەژێر کاریگەری ئیخوان موسلیمیندا بووە، چونکەئەو قۆناغە واتە قۆناغی پێش نەوەدەکان فکری ئیخوان فکری زاڵی ناوەندە ئیسلامییەکەبووە، بەڵام تەنها بەئاشکراکردنی یەکگرتوو فۆرمەلەبوونی بەشێ لەئیسلامیبوونەکەی لەکوردستان لەچوارچێوەی حزبێکی مەدەنی هاوچەرخدا، لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە ناوخۆییو جیهانییەکانو کرانەوەی زیاتری ئاسۆی

فکـری سـەرکردەکانیو رەنگدانـەوەی مومارەسـەکردنی سیاسـی مەیـدانی کەرەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانو پێویست بوون بـەدەنگو متمانـەو لایـەنگیری جەماوەریو رێژەیی بوون لەتەرحو دەستو پەنجە نەرمکردن لەگـەڵ بەرامبـەری لەفکری سیاسیو لێهاتوویی نوێی راپەڕاندنی کاری دەوێت.

ئـەو کاریگەرییـەی جـارانی ئیخـوان کـەمبۆوە، چـونکەئەوە ناشـاردرێتەوە کەئیخوان دابڕاو نییە لەمۆرکی شوێنەکەی خـۆی کەژینگـەی عەرەبییـەو مـۆدێلی ئیخوان تیایدا دەعوە زاڵە بەسەر کاری سیاسـیداو دیدیـشی بەرامبـەر مەسـەلەی نەتەوایەتی بەتایبەتیش نەتەوە غەیرە عەرەبەکان روون نییەو ئەمەش وادەکـات کەهێزێکی ئیـسلامی لەکوردسـتاندا نـەتوانێ خـۆی بەتەفاصـیلی ئـەم قوتابخانـە ببەسـتێتەوەو تـەنها وەك یـەکێ لەئەزموونـەکانی ناوچەکەسـەیری بکـاتو بـەو ئەندازەی واقیعی کۆمەڵگەکەی دەیخوازێت سودی لێوەربگرێت.

هـەروەکو چـۆن دەبێـت سـود لەئەزمونـە ئیـسلامییەکانی تـر وەربگرێـتو بۆئەوەی دیاریشی بکات سود لەکێ زیاتر وەربگرێـت، دەبێـت بـەراوردی واقیعـی وڵاتەکـەی خـۆی لەگـەڵ ژینگـەی سیاسـیو فکـریو کۆمەڵایـەتی ئـەو ئەزمونـەو ئاسـتی وەڵامدانـەوە لای بـۆ پێداویـستییەکانی بـەرەو پێشچوونی لـەو قۆناغـەی تیایدا دەژی بکات، بەڵکو بەدەر لـەوەی دەبێـت تـەنها خـۆی لەبازنـەی ئەزمونـە ئیسلامییەکاندا قـەتیس نـەداتو بەچـاوی سـود لێـوەرگرتنی تـەواوەوە ئەزمونـە سیاسییە مرۆییە گەشەکانی دنیا بخوێنێتەوەو ئەزمونی خۆیـانی پـێ دەوڵەمەنـد بکات.

پێموایە لەئاستێکیشدا ئەمە ئەو کارەیە کەیەکگرتوو کردوویەتی. لەئێـستاشدا واهەسـتەکەم یـەکگرتوو بەتایبـەتیش لـەرووی سیاسـییەوە هێنـدەی لەئـەزمونی پـارتی دادو گەشـەپێدانو نمونـەی مالیزیـا نزیکـە ئەوەنـدە لەنمونـەی وڵاتـانی عەرەبیو ئیخوانەوە نزیـك نییـە. لـەناو بەشـێ لەسـەرکردەو کادرەکانیـشدا ئـەو تموحە هەیەو لەئایندەشدا خۆشی زیاتر لەوەی ئێستا هەیـە ببێـت بەنمونەیـەکی

سەربەخۆو لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك نمونەیەكی ئیسلامی دیموكراسی هاوچەرخ مەترەح بێت.

هەڵبەتە روونە كەبەدیهێنانی ئەو ئامانجە لەئاستێكی بەرزتر لەوەی ئێستا هەیە كۆششی فكریو سیاسی زۆرتری دەوێت. مەسەلەكەش بەشێكی پەیوەستە بەئاستی ئەو گەشەكردنەی كەژیانی سیاسی لەكوردستاندا بەخۆیەوە دەبینێ، چونكەبەو ئەندازەی دیموكراسییەتێكی راستەقینە لەكوردستاندا بچەسپێ، بەو ئەندازەیەش دەرفەتو زەمینە لەبەردەم خەملینی ئەزمونێكی گەشەكردووتری ئیسلامی دەسازێ. پێشموایە لەداهاتوودا ئەگەر تەڵەزگەكانی ژیانی سیاسی لەكوردستاندا نەبنە كۆسپو هەندێ پێداچوونەوەو ریفۆرمی تر لەناو یەكگرتوو خۆیدا ئەنجام بدرێت، ئەوا زیاتر بەرەو نمونەی دادو گەشەپێدان دەچێتن چونكەبۆولاتی خۆی لەزۆر رووەوە مۆدێلێكی سەركەوتووەو شایانی خوێندنەوەو سود لێوەرگرتنە. بەبڕوای خۆشم قۆناغی داهاتوو قۆناغی لیبراڵ ئیسلامی دەبێت تەنها میانڕەو بوون بەوجۆرەی فكری ئیخوانیو هەندێ بیرمەندی تر لەهەفتاو هەشتاكاندا تەرحیانكرد ناتوانێ رووبەرووی پێداویستی تازەبوونەوەو گەشەكردنی كۆمەڵگەو تەوژمەكەخۆشی ببێتەوە. ئەمەش مەسەلەیەكەخوا حەز بكات لەداهاتوودا زیاتری لەسەر دەنوسمو لەسەر دەوەستم.

**سەلام عەبدولكەریم: یەكگرتووی ئیسلامی بەردەوام لەكوردستانداو لای خەڵك خۆی وەك هێزی ئۆپۆزیسۆن دەردەخات، بەڵام لەولاشەوە بەكەمترین دەسكەوتی ئیداریو سیاسی سازش لەسەر هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنانەی خۆی دەكات، وەڵامی یەكگرتوو بۆئەم پرسیارە چییە؟ یەكگرتووی ئیسلامی تاچەند خۆی وەك ئۆپۆزیسۆنێكی ئایینیو ئیسلامی لەقەڵەم دەدات؟ خەسڵەتو مەرجو سیماكانی ئۆپۆزیسۆنی ئایینی كامانەن؟**

ئەبوبەكر عەلی: ئەوەی ئێوە باسی دەكەن لەراستیدا خۆ بەئۆپۆزیسیۆن دەرخستن نییە، بەڵكو نیشاندانی حەزو ئاراستەی بیركردنەوەی ناوەكی ئەم هێزەیە، كەئەگەر زەمینەی موعارەزە بوون لەكوردستاندا هەبووایە لەدۆخێكی

لەمجۆرەدا پێگەی سرشتی هێزێکی وەکو دەرەوەی دەسەڵاتو موعارەزەبوونە، چونکەبەو جۆرە خزمەتی زیاتر بەپرۆسە سیاسییەکەو پرۆژەکەی خۆشی دەکات. لەروویەکی ترەوە ئەو سیما تایبەتە ئاماژەیە بەناڕازی پێگەی خۆی لەدەسەڵاتدا، پێیوایە بەشدارییەکەی بەگوێرەی قەبارەی خۆی نییەو شۆڕنابێتەوە بۆجومگەکانی دەسەڵاتو بەشدارییەکی فەوقییەو لەو ئاستەشدا بەگوێرەی پێویست نییە.

سازشکردنەکەشی وەك لەپرسیاری پێشووتریشدا باسمانکرد لەسەر دەستکەوتی ئیداریو سیاسی ناکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەشدارییەکەی بێبەرهەمە، بەڵام لەراستیدا دەستکەوتە ئیدارییەکەسنوردارنو ئەوەی ئەویشی لەحکومەتدا هێشتۆتەوە سروشتی قۆناغەکەو بەلادا نەکەوتنی مەسەلە قەومییەکەو رەنگدانەوەکانی شوناسە ئیسلامییەکەیو ئاستی تازەبوونەوەی سیاسی هێزە سیاسەی بنەڕەتییەکانە. بەرای من ئەم رارایىو دوو دڵیەش یاخود سیاسەتکردنە لەژێر جەبری دەوروبەردا نەك ئامانجەکانی سیاسەتکردنێکی تەندروستدا، بەشێکە لەرەنگدانەوەکانی ئەو قۆناغەی کوردستانو گەلو ئەزمونی دەسەڵاتە نیشتمانییەکەی پێدا تێدەپەڕێت، کەهێشتا چەمكو پێناسەو رۆڵو دامەزراوەکان لەشوێنی سروشتی خۆیاندا نەگیرساونەتەوەو جۆرێ لەتێکەڵاوی قۆناغەکانو تێگەیشتنەکانو دیاردەکان سیمای جیاکەرەوەی ئەم قۆناغەیە. بۆیە ئاسان نیە بەگوێرەی تیۆرییە سیاسییە باوەکان هێڵی نێوان دامەزراوەو چالاکییە سیاسیەکان بەتەواوەتی جیابکرێنەوە.

گەر دەبینی چەمکی موعارەزە چەمکێکی ناڕۆشنو تەمومژاویو بارگاوییە بەجۆرەها هەستی دژ بەیەك، ئەوە بەجۆرێ لەجۆرەکان ئاماژەیە بەتەواو نەبوونی ناوەڕۆکی چەمکی حکومەت رووەو دەسەڵات ئەمەش وادەکات بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە بەحکومەتو حزبو کۆمەڵگەوە بەقۆناغێکی راگوزەریدا دەڕوات، ئەم قۆناغەش نیگەرانیو تێکەڵاویو سوێو ئازاری خۆیشی هەیە، چونکەقۆناغەکە لەروویەکەوە هەڵتەکاندنو پێداچوونەوەو دەستبەردار بوونو

رووخاندنـەو لەروویـەکی تـرەوە بنیاتنانـەوەو خـستنەرووی تـەرحو پێناسـەو شوناسـی نوێیـە. هـەر لـەم نێوەندەشـدا هێـزە سیاسـییەکانیش بەعـەلمانیو ئیسلامییەوە لەوانەش یەکگرتوو لـەژێر کاریگـەری گۆڕانـە خێراکـانو پاشمـاوەی قورسـایی فکـریو رێکخراوەیـی قۆنـاغی رابـردوو، خـەریکی خـۆ رێکخـستنەوەو گەڕانن بەدوای رۆڵی نوێدا.

تاچوارچێوە یاساییو لۆژیکیو دامەزراوەییـەکانی ئـەو رۆڵانـەش دەخـەملێنو دێنەکایـەوە، تـەرحو چارەسـەرو چـاوەڕوانییەکان تێکـەڵ بەسـۆزو هەڵـچوونو داچوونو هەندێ جاریش گـرژیو نائـارامی دەبـن، لەبـەر لاوازی پاشـخانی فکـری دیموکراسـیش سـەبارەت بەهـەموو تەوژمـەکان، هەنـدێ جـار هەڵـسوکەوتە مەیدانییـەکانو راسـتو هەڵـەکردن دەبێتـە سەرچـاوەی بەشـێ لـەخۆ راسـتکردنەوەکانو بەخۆداچـوونەوەو پـەرەدان بەئاسـۆ فکرییـەکانو میکانیزمەکانی کارکردن. لەم دۆخە تایبەتو تێکەڵاوەشدا ئاساییە لێکدانەوەکان بۆیەك دیاردە یاخود بڕیارو رەفتاری سیاسی جیـاوازبن. بۆنمونـە رەنگـە ئـەوەی لەم پرسیارانەدا بەسازش لەسەر دەستکەوتی ئیداری لێکدراوەتـەوە لای هەنـدێ لێپرسراوی یەکگرتوو بەناچارکردنو نەبوونی دەرفـەت بۆبڕیـاری ئـازاد تەماشـای بکرێت، ئازادی بەمانای بـاجێکی بـەدواوە نـەبێت کەدیموکراسـییەتو فرەلایـەنی راستەقینە دەیخوازێت.

لەبـەر تیـشکی ئـەوەی وتـرا یـەکگرتوو لـەم قۆناغـەدا خـۆی بەئۆپۆزیـسیۆن نازانێ، ئۆپۆزیسۆن بەو ئاماژانەوە، کەفەرهەنگی سیاسـی هاوچـەرخو بەتایبـەتی بـیری سیاسـی لیبراڵیـزم خـستویانەتەڕوو، بـەڵام دەیـەوێت بەشـداری کردنـی لەحکومەتدا یەکسان نەکات بەبێدەنگبوون لەسلبیاتەکانی ناو کۆمەڵگەو هەوڵیش دەدا ئەم رەخنەگرتنە تابگونجێت لەچوارچێوەی دامەزراوە رەسمییەکانـدا بێـت. گـەر بەشێکیـشی کەوتـە سـەر راگەیاندنـەکان پێموایـە بۆئـەمڕۆی کوردسـتان راگەیاندنی حزبە گەورەکان خۆشیان لەسنورێکدا ئەو رۆڵە دەبینن، مەسەلەیەکی زۆر گـرنگ نابێـت، چـونکە لەهـەموو کاتێکـدا زمـانی هەڵوێـستە رەسمییـەکان

رەچـاوی بەشـداری یـەکگرتوو لەحکومەتـدا دەکـەن و وەك هێـزێ هەڵـسوکەوت ناکات، کە لەدەرەوەی دەسەلاتدا بێت.

باسـکردن لـەموعارەزەی ئـایینی و ئیـسلامی پێویـستی بەلەسـەر راوەسـتانی ناوەرۆکی ئەم چـەمك و دەسـەتەواژانە هەیـە، چـونکەئەگەر مەبەسـت ئـەوە بێـت یـەکگرتوو هــەڵگری کێـشەیەکی ئاینییــە، ئــەوە یەکــەمجار وانییــەو گــەرواش بیربکاتــەوە زۆر بەهەڵــەدا چــووە. ئــەوەی کۆمەڵگــەی ئێمــە پێویــستییەتی موعارەزەی نیشتمانییە، چڕکردنەوەی سیاسەتە لەسەر مەسەلە بنەڕەتییـەکانی کۆمەڵگەو خەمەکانی هاولاتی و کێشەکانی کۆمەڵ و باشترکردنی ژیـان و گـوزەرانی تاکەکان و هەوڵدان بۆکەمکردنەوەی گیروگرفتەکان و قوڵکردنەوەی بەها گـەلێکی وەك دیموکراسـی، لێبـوردەیی و فرەیـی، ئـازادی، دادپــەروەری بـەلام ئەگـەر باسکردن لـەموعارەزەی ئیـسلامی تـەنها ئاماژەبێـت بۆشوناسـی فیکـری هێزێـك یاخود ئەو هەناسەی سیاسەتی پێدەکاتن نـەك بابەتـەکانی سیاسـەتکردن، ئـەوا ئاسـاییە کەیـەکگرتوو لەئێـستا هێزێکـی ئیـسلامییە، دەکـرێ لـەداهاتووش بـبێ بەبەشێ لەموعارەزەیەکی نیشتمانی یـاخود لەپێگەیـەکی بـەهێزترەوە بەشـداری دەسـەلات بکـات. گـەر بگەڕێینــەوە بـۆ پرۆگرامـی یـەکگرتوو مـاددەی یەکـەم شوناسـی فکـری و ئاراسـتەی سیاسـی یـەکگرتووی بـەجوانی دیـاریکردووەو بـەهێزێکی چاکسازیی نیـشتمانی پێناسـەکردووە، کـە لەدیـدێکی ئیـسلامییەوە هــەوڵی چارەســەرکردنی کێـشەکانی کۆمەڵگەکـەی و چەسـپاندنی دروشمــەکانی دەدات لەئازادی و برایەتی و دادپەروەری. لێرەشەوە دەکرێت بوترێت لەئاسـتێکدا یەکگرتوو نوێنەری تەوژمی ئیسلامی نیشتمانی کوردستانە.

**ســەلام عەبدولکــەریم: یــەکگرتووی ئیــسلامی تاچــەند بــڕوای بەچــەمکی دیموکراسی لەفۆرمە ئابوری و کۆمەلایەتییەکەیدا هەیە، چونکەبیروڕایەك پێیوایە یەکگرتووی ئیسلامی دیموکراسی تەنها لەفۆرمە سیاسییەکەیدا قبوڵە؟**

ئەبوبەکر عەلی: بۆئەوەی وەلامی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە دەبێـت مەبەسـت لـەفۆرمی ئـابوری و کۆمەلایـەتی دیموکراسـی روونبکرێتــەوە، چونکەدیموکراسـی

بەپلـەی یەکـەم پێـدراوێکی سیاسـییەو مۆدێلێکەبۆبـەڕێوەبردنی دەسـەڵات، کەچوارچێوەو زەمانەتو میکانیزمی خۆی هەیەو فرەییو ئاڵوگۆڕی ئاشـتییانەی دەسەڵات دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئەو رژێمە سیاسییەن، کەدیموکراسی شوناسـی پێکدەهێنێن بەڵام کۆمـەڵێ بیرمەنـد جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـەن، کەبۆئـەوەی دیموکراسی سەربکەوێت پێویستی بەبوونی بازاڕی ئازادو سەرمایەداریی ئـابووری هەیـە. هەرچـەندە ئێـستا مـۆدێلی سۆسـیال دیمـوکرات وەك ڕێگەیـەکی سـێیەم دەرکەوتووەو ئازادی بـازاڕو دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی لەچوارچـێوەی دەوڵـەتی خۆشگوزەراندا کۆکردۆتەوە. ئازادی کۆمەڵایەتیش گەر مەبەستی ئەوەبێت خەڵك لـەژیانی کۆمەڵایەتییانـدا لەچوارچـێوەی یاسـاو گەشـەکردنە کۆمەڵاتییـەکانی خۆیاندا ئازادبن، ئەوە ئاساییە دیموکراسییەکی راستەقینە دەبێـت هاوکـات بێـت لەگـەڵ چەسـپاندنی مـافو ئازادییـە گـشتییەکانو پاراسـتنی کۆمـەڵێ ئـازادی شەخسی، کە لەسەرچاوە تایبەتمەندەکاندا بەدرێژایی باسکراون.

هەڵبەت دەبێت لەسایەی جـۆرێ لـەموحافیزکاری کۆمەڵایەتیـشدا دیموکراسـی لەسەر ئاستی سیاسی پێشکەوێت هـەروەك لەمۆدێلـەکانی هنـدو یابـانو کۆریـای باشــووردا دەبینرێــت. پێموایــە یــەکگرتوو لەمڕووانــەوە لەئاینــدەدا زیــاتر نزیکدەبێتـەوە، بـەڵام ئەمـەش مانـای ئەوەنییـە بـەبیانووی پێویـستی ئـایینیو موحافیزکـاری بۆنموونــە ســەرپۆش بــەهێزی یاســا بــسەپێنرێ، چــونکەئەگەر سەرپۆش دینی بێ ئەوا ملکەچـە بۆئایـەتی(لا اکراه فـی الـدین)، ئەگـەر دینـیش نەبێت نابێ بەناوی دینەوە بچەسپێنرێ. هەرچۆنێك بێت زۆر گرنگـە هەمووﻻیـەك بەبێ دەستبردن بۆرەگـەزە سـەرەکییەکانی دیموکراسـی مـۆدێلێکی دیموکراسـی گونجـاو لەگـەڵ واقیعـی فەرهـەنگیو ئـایینیو نەتـەوەیی خۆمـان بنیـاتبنێنو گەشەکردنەکانی کۆمەڵگەش ئەزمونەکەزیاتر گەشەپێبدەنو بەرەو پێشی بـەرن. بەوردبوونــەوە لەئــەدەبیاتی یــەکگرتووش بانگەشــە بۆنموونەیـەکی جیـاوازی هەمەلایەنە ناکات، بـەڵکو جـەخت لەسـەر چـەمکەباوەکانی لیبراڵیـزمو ئیـسلامی میانڕەوی متوربەکراو بەنیشتمانێتی کوردستانی دەکاتەوەو لـەدوای قبـوڵکردنی

ئەو پرەنسیپو چوارچێوانە لەناو رژێمەکەخۆیدا مومارەسەی تایبەتمەندی خۆی دەکات، نەك لەدەرەوەی رەوایەتی حکومەت.

ئەمەش دەیکات بەهێزێکی موحافیزکاری نیشتمانیو دیموکراسی بەهەناسەیەکی ئیسلامییەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسەرجەم جەستەی رێکخراوەییەکەی یەکگرتوو توانیویەتی لەو ئاستەدا تازەبێتەوە، کە لەژێر پاشماوەکانی مۆدێلە باوەکانی قۆناغی رابردووی کاری ئیسلامیو کولتوری جەماعەتو رەنگدانەوەکانی تێڕوانینی دەعەوی بۆکاری سیاسی رزگاری بووبێت. دەتوانین بڵێین ئەوەی وترا هێڵە گشتییەکانی بیرکردنەوەی یەکگرتوون بۆئەوەی شوناسێکی ئیسلامی ئیسلاحی هاوچەرختریش وەربگرێت دەبێت ئاسۆکانی بیرکردنەوەو خۆ نوێکردنەوەی چەندجار لەوەی ئێستا بەرینتربێت.

**سەلام عەبدولکەریم: گەر سیستمی سیاسی کوردستان بوو بەسیستمێکی سیکولارو عەلمانیو یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئایا ئەوکاتە یەکگرتوو پارێزگاری لەو سیستمە عەلمانییە دەکات،وەك دادو گەشەپێدانی تورکیا یان لای دەبات؟ بەمانایەکیتر یەکگرتووی ئیسلامی بڕوای بەعەلمانییەت هەیە یان نا، پاشان تێڕوانینی بۆی چییە؟**

ئەبوبەکر عەلی: من پێموایە وشەی(عەلمانییەت)و(ئیسلامی) هەردووکیان تاڕادەیەك زۆر شوێنراون، رەنگە گەر بەو ئاقارەشدا بڕۆین وشەی ئیسلاحی یاخود موحافیزکار بۆئیسلامیو دیموکراسی یان عەقڵانییەت بۆعەلمانی بەکاربێنین، کۆمەڵێ شەڕی فکری لاوەکیمان لەکۆڵ بێتەوە. هەرچۆنێ بێت دەبێت لێرەدا ناوەڕۆکی عەلمانییەت روونبکرێتەوە تاوەکو هەندێ هەڵوێستی لەبارەوە وەربگرین. تازەترین پێناسەی عەلمانییەت وەك دەزانین بریتییە لەپیرۆزی دارنین لەدەسەڵاتو دەسەڵاتداران. وە هەوڵە بۆگێڕانەوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی لەئاسمانەوە بۆزەوی.

گەر عەلمانییەت ئەمە بێت واتە دەسەڵات دیاردەیەکی دنیایی بێتو گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێتو دەسەڵاتداران رەوایەتی لەهاولاتیانەوە وەربگرنو

دیموکراسی بەرقەرار بێتو هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن بەدەر لەشوناسی ئاینیی و نەتەوەیی و مەزهەبیو رەگەزی. وەدەسەڵات ملکەچی لێپێچینەوە بێتو دەستورێکی مەدەنی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی رێکبخاتو ئازادی ئایینی هەبێتو دەوڵەت بیروباوەڕێکی ئایینی دیاریکراو بەسەر خەڵکدا نەسەپێنێو ئەو مافەی نەبێو تاڕادەیەکی زۆر ناوەندێکی بێلایەن بێت بۆتەوژمەکانی کۆمەڵگە. گەر ناوەڕۆکی عەلمانییەت بەوجۆرە بێت باسمان کرد، دەبێتە مەرجێکی بەرقەرابوونی دیموکراسیو زەرورەتێکی ئەم سەردەمەشەو ئەو ناڕەزاتییەش ناخولقێنێ، کەعەلمانییەتی بەئایدۆلۆژیاکراو تاڕادەیەك بەرچاو دژی ئایینی لەپەنجا ساڵی رابردووی ناوچەکەماندا خولقاندویەتی.

ئەگەر ئەم مۆدێلە لەعەلمانییەت هاتەئاراوە، واتە توندڕەوی عەلمانییەت پاشەکشەی کرد، ئەوکاتە جیاوازییەکان بەوێنەی قۆناغی رابردوو لەنێوان ئیسلامیو عەلمانیدا نابن وەك دوو جەمسەری دژ بەیەکی لەگەڵ یەك هەڵنەکردوو، بەڵکو جیاوازی دەبێت لەنێوان عەلمانییەتی میانڕەوو عەلمانییەتی توندڕەو، ئەو مۆدێلە ئیسلامییە لیبراڵەی لەقۆناغی ئایندەدا چاوەڕێ دەکرێت بێتە کایەوە لەئاستی کۆمەڵگەدا زەمینەی گەشەکردنی بەها ئیسلامییەکان دەسازێنێ، نەك لەپێگەی دەسەڵاتەوە. ئەوەی پەیوەندی بەپێگەی دەسەڵاتەوە هەیە، هەوڵدەدات ئیسلامو ممارەسەی ژیانی ئیسلامی لەسەر ئاستی تاكو کۆمەڵ ئازاد بێو کۆمەڵگە واهەست نەکات دەوڵەتو نەتەوە لەدژی یەك لەسەنگەردان.

بەم بیرکردنەوەش دەبێت بەعەلمانییەتێکی میانڕەو، عەلمانییەتی توندڕەویش، کەداوای دژایەتی ئیسلامو سەپاندنی بەکۆمەڵی ئایدۆلۆژیاو چەمك بەسەر کۆمەڵگەدا بەناوی عەلمانییەتەوە دەکات، دەبێت بەجەمسەری بەرامبەرو مەترسی لەسەر تەبایی کۆمەڵایەتیو ئاشتی کۆمەڵگایی. ئەوەی پەیوەستە بەو پرسیارە گریمانەییە داهاتووشی هەیە راست نییە، لێرەوە باسی دوارۆژێکی نادیار بکەین، بەڵام گرنگە کەبزانین یەکگرتوو دەنگی بەدەستوری عێراقی داوەو

دەنگ بەدەستوری کوردستانیش دەدا لەکاتی راپرسی لەسەر کردنی بۆپەسەندکردنی. ئەم دوو دەستورەش بەتایبەت هی کوردستان بناغەی عەلمانییەتێکی میانڕەو دادەمەزرێنن، کە لەسایەیدا رێز لەشوناسی ئیسلامی زۆرینەی کۆمەڵگا گیراوەو لەهەمانکاتدا ئازادی ئایینی دەستەبەرکراوە. کەواتە یەکگرتوو گرفتێکی لەگەڵ ئەو مۆدێلە نوێیەی دەسەڵات نابێ، کە لەدەستوری کوردستان(ئەگەر وەك ئێستا بمێنێتەوە لەپەیوەندی بەپێگەی ئیسلامو بەلەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێ گۆڕنکاری لەبواری مافو ئازادییەکانو پێکهاتەکانو هەندێ بابەتی تر)، بناغەی دادەڕێژێ.

گەر باس لەدەستورێکی تریش دەکرێت لەسایەی دەوڵەتی کوردیدا، ئەوا دەبێ لەئێستاوە قسە نەکەین تائەو دەستورە لەدایك دەبێو بزانرێ بناغەی چ مۆدێلێ لەژیانی سیاسیدا دادەڕێژێ، بەڵام وەك قسەکردنێکی سەرەتایی بەو ئەندازەی ئەو مۆدێلە گریمانکراوە باوەڕی بەدیموکراسیو ئازادی سیاسیو ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتە بەو ئەندازەش هێزە سیاسییەکان قبوڵی دەکەن. گەر رێگە بەوە بدات هێزێکی وەکو یەکگرتوو بگاتە دەسەڵات بێگومان ئەوە خۆی لەخۆیدا زەمانەتی ئەوەیە، کەکەس نەتوانێ کودەتا بکاتو گەر گۆڕانێکیش پێویست بوو لەچوارچێوەی میکانیزمی دەستوریو رێو شوێنە یاساییەکاندا ئەنجام دەدرێتو پێموایە سەردەمی ئەوە بەسەرچووە هێزو شەپۆلێکی فکریو سیاسی بیر لەوە بکاتەوە سەرجەم کۆمەڵگە بەرەنگی خۆی رەنگ بکاتو هەژموونی خۆی بەسەر دامو دەزگاکاندا بسەپێنێو لەبیری وەدەرنانی نەیارە فکریو سیاسییەکانیدا بێت، بۆئەو دیو گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئاشتیخوازانە، چونکەواقیعی کۆمەڵگەکانمان لەهێزێ زیاتری تیایەو ئەوەش فرەییو دیموکراسی و رێژەیی تەرحەکەکانو بەیەکەوە هەڵکردن دەخوازێت. رەنگە یەکگرتووش یەکێ بێت لەو هێزانەی لەم راستییەی واقیعی هاوچەرخی کۆمەڵگە تێگەیشتبێت.

**سەلام عەبدولکەریم: بیروڕای یەکگرتووی ئیسلامی دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی یاخود قەوارەو دەسەڵاتی ئیسلامیو جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی چییە؟**

ئەبوبەکر عەلی: بۆوەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆپرۆگرامی یەکگرتوو، هەڵوێستی ئەم هێزە بەرامبەر بەماددەی(٧)ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم( ئێستا بوە بەماددەی(٦)–توێژەر). بەگەڕانەوە بۆپرۆگرامی یەکگرتوو دەردەکەوێت، کەئەم لایەنە یەکێکە لەو هێزە ئیسلامییانەی بانگەشەی خەلافەتی ئیسلامیو دەوڵەتی ئیسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەو جۆرەی هەندێ هێزی تری ئیسلامی دەیکات ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە بەشداربێت لەچارەسەر کردنی کێشەی کۆمەڵگەکەو چەسپاندنی بەها ئیسلامییەکانی وەك دادپەروەریو برایەتیو ئازادی، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێ کەهیچ تێگەیشتنێکی بۆشوێنی شەریعەتی ئیسلامی لەسیستمی یاساییدا نییە، بەڵکو هەروەك لەهەڵوێستدا بەرامبەر ماددەی(٦)ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم وەدیار کەوت لەگەڵ ئەوەدایە، کەبنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان بێت. لەسەر ئاستی ژیاریو سیاسیو کولتوریش پارێزگاری لەشوناسی ئیسلامی زۆرینەی کۆمەڵگە بکرێتو یاساکان بەگشتی لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامیو بنەماکانیدا ناکۆك نەبن. ئەم تێگەیشتنەش بۆپێگەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی خەریکەدەبێتە تێگەیشتنێکی دیاری ناوەندە ئیسلامییەکە. ئەمەش پرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخ لەوە رزگار دەکات یەکسان بێت بۆجێبەجێکردنی ئەحکامەکانی حدودو بنیاتنانی تێگەیشتنێکی فقهی مێژوویی بۆمەسەلەی ئیسلامو دەسەڵات. بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆحی ئەو ئەحکامانەو بنەما گشتییەکانی ئیسلامو ڕۆحە عەدالەتخوازەکانیو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانو فقهی واقع دەربارەی واقیعە جیاوازو جۆراوجۆرەکان.

**سەلام عەبدولکەریم: یەکگرتووی ئیسلامی تاچەند نوێنەرەکانی لەپەرلەمانی کوردستاندا هەستاونەتەوەو بەرگریان لەداواکاری‌و پێداویستی خەڵك کردووەو بەپێچەوانەشەوە دەنگی ناڕەزاییان لەسەر پرۆژە بڕیارەکان بەرزکردۆتەوە؟**

ئەبوبەکر عەلی: پێموایە رەنگە لەسنورێکدا توانیبێتیان ئەوە بکەن، بەڵام دیارە بەگوێرەی پێویست نەبووە، چونکەخودی پەرلەمان بەرگەی کێبڕکێی توند ناگری‌و لەبەرئەوەی بەرەنجامی(توافق)ێکی سیاسی ناتوانێ هەندێ رۆڵ بەتەواوی بگێڕێت. جگەلەوەی ئەندامەکانی لیستەکەشی وەك زۆربەی ئەندامی لیستەکانی تر هێشتا قالبۆوەی خەباتی پەرلەمانی نین‌و بەگشتی پەرلەمانتارانی کوردستان کەمو کورتی هەیە لەهەندێ رووەوە، کەبۆجێبەجێکردنی ئەرکی نوێنەرایەتی پێویستن.

لەولاشەوە بەشداری یەکگرتوو لەحکومەت پەیوەندییە حزبیەکەی کوردستانیشی، کەئەگەر وریا نەبێ بەئاسانی بەلەرزە دەکەوێت‌و رێگرە لەوەی لیستێ گەر بشیەوێت ئەوەی دەیەوێت بیکات، چونکەناچار کۆمەڵێ هەل‌و مەرج‌و هەستیاری رەچاو بکات‌و وانەزانێ لەولاتێکی سەقامگیردا پەرلەمانتارەکەنەریتێکی قوڵی دیموکراسی هەیە. ئەمە جگەلەوەی کەیەکگرتوو خۆی پێویستی بەوەیە پەرە بەدیدگاکانی خۆی بۆکاری سیاسی‌و پەرلەمانی بدات‌و تێکڕای جەستە حزبی‌و رێکخراوەییەکەبەهارمۆنی لەگەڵ میمبەرە جیاوازەکانی خەبات‌و گوزارشت لەخۆدانەوەو سیاسەتکردن هارمۆنی بێت.



# وتوویژ لەگەڵ عادل باخەوان

توێژەر لەبواری ئیسلامی سیاسی

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی جموجوڵی ئیسلامی سەرەتا وەك كات، لەپەنجاكانی سەدەی رابردوودا دەستپێدەكاتو لەڕووی شوێنیشەوە زیاتر لەهەڵەبجەوە چەكەرە دەكاتو دواتر دەبێت بەشێوەیەكی حەرەكیو تەنزیمی بەرفراوان بەكوردستاندا؟**

عادل باخەوان: قسەكردن لەسەر ئیسلامی سیاسی لەكوردستاندا راستەوخۆ ئەمانگێڕێتەوە سەر قسەكردن لەدەوڵەتی عێراق، كەپەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان دروستبوونی ئیسلامی سیاسی لەكوردستانو ئەو دەسەڵاتەی، كە لەو ساڵانەدا بەتایبەتی لەپەنجاكاندا لەبەغداد حوكمی دەكرد. پەنجاكانی سەدەی رابردوو سیستمی عێراقی سیستمی پاشایەتی بوو، هەر لەبیستەكانەوە

تاپەنجاکان، تاپەنجاو هەشت، کەئەگەینە ساڵی پەنجاکان لەنێوان چلەکانو پەنجاکاندا دوو هێزی(سۆسیۆپۆلەتیك) کۆمەڵایەتی سیاسی هەڕەشە لەدەسەڵاتی سەنتراڵ دەکەن. هێزی یەکەمیان بریتییە لەبزوتنەوەی کۆمۆنیسم، کەهەر لەبەسرەوە هەتاوەکو دەگاتە کەرکوك توانای ئەوەیان هەبووە جەماوەر مۆبیلیزە بکەنو جەماوەر بهێننە سەرجادەکانو بەهەزاران هەزار کەس، مانیفێستاسیۆنو خۆپیشاندان بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو گرەوو بەرژەوەندییانەی کەهەیانبوو. لەهەر چرکەیەکدا بزوتنەوەی کۆمۆنیسم بیویستایە لەهەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەکرێکاران لەجوتیاران لەخوێندکاران لەمامۆستایان لەپزیشکان ئەیتوانی جەماوەر مۆبیلیزە بکات، ئەمەش راستەوخۆ هەڕەشەیەکی زیندووبوو لەسەر دەسەڵاتی سەنتراڵی پاشایەتی، بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی ئەنتەرناسیۆنالیزەکراو.

لەلایەکیترەوە بزوتنەوەیەکی تری سۆسیۆپۆلۆتیك هەبوو کەپێی دەوترا ناسیۆنالیسمی کوردی، ناسیۆنالیسمی کوردیش هەر لەبیارەوە هەتا ئەگاتە بادینان، یانی کەبەراووردی دەکەی بەهەموو هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە زۆرترین توانای هەبوو جەماوەر مۆبیلیزە بکات، مۆبیلیزەی بکات دژی دەسەڵاتی سەنتراڵ. هەر یەکێك لەم دوو بزوتنەوەش گرەوو ستراتیژییەتو خەونی خۆیان هەبوو، کەیەکیان نەدەگرتەوە لەگەڵ خەونو ستراتیژییەتو بەرژەوەندی دەسەڵاتی پاشایەتی سەنتراڵی بەغدادا. لەناو کێڵگەیەکی سیاسیشدا بێگومان هەمیشە پێگە هەیە، پێگەی هەیمەنەدار هەیەو پێگەی هەیمەنە لەسەرکراو هەیە. هەیمەنەدار هەموو تواناکانی خۆی دەخاتەکار بۆ ئەوەی هەیمەنەی خۆی بپارێزێت، کەس لەسەر کورسی هەیمەنە دانابەزێت بۆ ئەوەی بەتۆی ببەخشێت، ئەم دوو هێزە هەیمەنە لەسەرکراوە، واتە ئەو هێزە ناسیۆنلیستەی کەدواتر دەبێت بەپارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو هێزە ناسیۆنالیستە کوردییە لەلایەکو هێزە کۆمۆنیستییەکە لەلایەکیتر، کەدوو هێزی هەیمەنە لەسەرکراو بوون لەلایەن دەسەڵاتی سەنتراڵەوە، لەڕێگای کۆکردنەوەو

مۆبیلیزەکردنی جەماوەرو ڕێکخستنو ڕیالیزەکردنی بەرژەوەندیو وەڵامدانەوەو نوێنەرایەتیکردنی خەونو ئارەزووەکانی جەماوەرەوە ئەیانویست ئەم پێگانە لەق بکەن. واتە لەهەیمەنە لەسەرکراوەییەوە ببن بەهەیمەنەدار، دەسەڵاتی سەنتراڵیش بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشەیە وەکو خۆی رابگرێت، بێگومان شەرعییەت بەخۆی دەدات، کەهەموو کەرەستەکانیتر بەکاربهێنێت. یەکێك لەوانە کەڵك وەرگرتن بوو لەئەزمونی میسری. ئیسلامی سیاسی لەکوردستانو لەعێراقدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەبرایانی موسوڵمانەوە، بێگومان لەسەر ئاستی فیکریو تیۆریو لەسەر ئاستی پراکتیکیش برایانی موسوڵمان توندترین بەرامبەرو ئەدڤێرسێری هەردوو بزوتنەوەکان بوون.

بزوتنەوەی کۆمۆنیسم لەو سەردەمە لەهەموو جیهاندا، بزوتنەوەی ناسیۆنالیسم. بۆ ئەم ئەزموونە ڕاستەوخۆ کەڵکی لێوەرنەگیرێت لەعێراقدا؟ ئەمەش ئەو پرسیارەبوو، کەدەسەڵاتی سەنتراڵ لەخۆی دەکرد، چی وامان لێدەکات کەڵکی لێوەرنەگرین؟ هیچ. لەبەرئەوە ڕێگا بۆ لەدایکبوونی ئیسلامی سیاسی سوننی خۆشدەکرێت لەعێراقداو دەسەڵات دەعمیان دەکات، دەسەڵات ڕێگەیان دەدات بارەگا بکەنەوە لەبەغدادن لەموسڵ، تەنانەت لەشارەکانی باشوریش کەشیعەنشینن.

دوای ئەوە لەکوردستان ئەوە بەخۆشحاڵییەوە، دەسەڵات نەك هەر پێی خۆشبوو، بەڵکو دەعمیان دەکات، پشتیوانییان لێدەکات، هاوکارییان دەکات. بۆچی؟ لەباشورو ناوەڕاست ئەم ئیسلامی سیاسییە ئەگەر بێتو بزوتنەوەی(کۆمۆنیسم)یش لەناو نەبات، ئەتوانێت جەماوەرییبوونەکەی کەمبکاتەوەو دایبەزێنێت. لەکوردستانیشدا دەسەڵاتی سەنتراڵ ئومێدی ئەوەی بەئیسلامی سیاسی هەبوو، کەئەگەر بێتو ناسیۆنالیسمی کوردی کەجەماوەر تەعبییە دەکات لەسەر هەموو ئاستەکان لەناویشی نەبات هەوڵبدات ڕاییبگرێتو کەمی بکاتەوە، بیخاتە ناو دوو کەوانەو قوفڵێکی لێبداتو بەوشێوە. لەبەرئەوە ئیسلامی سیاسی کەبەمشێوە دێتە عێراق دەبێت تێبگەین لەوەی ئەمە پیلانێك

نییە دەسەڵاتی سەنتراڵ دەیکات، بەڵکو لەمە دەسەڵاتی سەنتراڵ کەڵك وەردەگرێت لەو هەلومەرجە ناوخۆییو ناوچەییو جیهانییەی، کە لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی ناسیۆنالیسمو بزوتنەوەی کۆمۆنیسمو ئیسلامی سیاسی تیایدا دەژیا. واتە لەعێراق خۆشیدا هەلومەرجێکی واهەبوو، کەبتوانێت پێشوازی بکات لەئیسلامی سیاسیو دەسەڵات ئەم سیستمی ئامادەباشییە بەکارئەهێنێتەوە بۆئەوەی بیخاتە ناو ململانێی یارییەکانەوە، ململانێی پێگەکانەوە، ململانێی هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ئینجا بۆچی لەهەڵەبجەدا دروست دەبێت؟ ئەو ئەکتەرە باڵایەی کەئیسلامی سیاسی ئەهێنێت بۆ عێراق(صەواف)ە، هەموومان دەیناسین،(صەواف) لەموصڵدا لەدایکبووە، لەناو خانەوادەیەکی ئاینی ترادیسیۆنێلدا پەروەردە کراوە، ئەو پەروەردە ئاینییە ترادیسۆنە وای لێکردووە هەتا ئەو رۆژەی، کەمرد لەگەڵیدا ماوەتەوە، چونکەمناڵ زۆر بەدەگمەن دەتوانێت لەناو سۆسیالیزاسیۆنو بەکۆمەڵایەتیبوونی یەکەمیدا بێتەدەرەوە. هەر لەلەدایکبوونیەوە، کەمن بەدرێژی توێژینەوەم لەسەر بەکۆمەڵایەتیبوونی یەکەمی کردووە، چونکەدواتر کارایی دادەنێت لەسەر بەکۆمەڵایەتیبوونی دووەمیشییەوە لەگەڵیدا ماوەتەوە. (صەواف) کەدێت بۆ هەڵەبجە لەبەرئەوەیە، کەئەزانێت لەهەڵەبجە پێگەیەکی ئایینی بەهێز کاردەکات، ئەم پێگە ئایینیە بەهێزە لەشارەکانی تری کوردستاندا نەبووە. ئەویش کە لەوێوە راستەوخۆ دێت بۆ هەڵەبجە، لەبەرئەوە نییە، کەبەرێکەوت رێی کەوتۆتە هەڵەبجە، ئەوە دەرەنجامی توێژینەوەیەکە، کەدەسەڵاتی سەنتراڵ خۆی کردوویەتی، دەسەڵات لەگەڵ برایانی موسوڵماندا کردویەتی، وەك شارەزاییەك بەرامبەر ئەو ناوچەیە. لەبەرئەوەی لەو ناوچەیەدا ئەو گروپە ئاینییە توانیبوویان هەم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەم لەڕووی سیاسییەوە، هەم لەڕووی سەرمایەیەکی ئەخلاقییەوە هەیمەنە بکەن بەسەر ناوچەکەدا، ئەویش ئەوەی قۆستەوە بۆ ئەوەی کەبتوانێت لەساڵی(١٩٥٢) بەولاوە ئیسلامی سیاسی بێنێتە کوردستان،

" هەرچەندە ئەو ساڵە ساڵێك نییە هەموو ئیسلامییەكان ئیتیفاقیان لەسەری هەبێت، بەڵام با ئێمە ساڵێك دابنێین بۆئەوەی لێی تێبگەین".

سەلام عەبدولكەریم: كاتێك جموجوڵی ئیسلامی دروستدەبێت، بێگومان لەلایەن كۆمەڵێك رەمزی كۆمەڵایەتی لەكەسایەتییە ئاینییەكانو شێخو مەلاكانەوە دەستپێدەكاتو دواتر كەسی خوێنەواریشی دێتەناو، بەڵام لەوكاتەدا كەجموجوڵی ئیسلامی دروستدەبێت، هاوكات جموجوڵی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردیش بەسەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان هەبووە، بۆ ئەمان ناچنە ناوییەوە؟ واتە بۆچی ئەم جموجوڵە ئیسلامییە نابێت بەهێزێكی پاڵنەر بەشەمەندەفەرەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردییەوە لەپێناوی داوا رەواكانی كورددا، كەبەشێك لەو رەمزە كۆمەڵایەتییانەی ناو جموجوڵی ئیسلامیش بەهەمان شێوە، ئەوانیش جەخت لەسەر مافە نەتەوەییەكانی كوردو داواكارییەكانی لەو سەردەمەدا دەكردەوە، ئەگەر سەیری مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردیش بكەین، بەتایبەت لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، تێبینی ئەوە دەكەین نەك هەر پیاوانی ئایینی یان رەمزە كۆمەڵایەتییە ئاینییەكان چوونەتە ناو شۆڕشەكانەوە، بەڵكو بۆخۆشیان سەركردایەتی زۆرێك لەشۆڕشەكانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردیان كردووە؟

عادل باخەوان: ئەم پرسیارەم زۆر زۆر بەلاوە گرنگە، پێمباشە كۆمەڵێك هەڵەی كۆنسێتوێلی رۆشنبیرانی كورد راستبكەمەوە. كاتێك دەڵێم رۆشنبیرانی كورد لەهەموو بەرە ئایدۆلۆژییەكان بەوپەڕی چەپ هەتا ئەمپەڕی راست، بەوپەڕی ئیسلامی هەتا ئەوپەڕی سیكۆلار، هەموو ئەوانە. بەشێكی زۆر زۆر گرنگ لەرۆشنبیرانی كورد ئەیانەوێت قەناعەتمان پێبكەن، كەئیسلامی سیاسی كوردی درێژەپێدەری مێژووی هەزارو چوارسەد ساڵەی مێژووی ئیسلامە. لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیەكی میتۆدۆلۆژی ئەوەندە بەهێزو توندو زەبرو زەنگاوییە، كەئەگەر هەر زانایەك بیكات تووشی كارەساتی گەورەی دەكات. زۆر زۆر هەڵەیە بۆچوونمان وابێت ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامیسم لەكوردستانو هەموو جیهاندا

بەهیچ شێوەیەك درێژە پێدەری مێژووی(١٤٠٠) ساڵەی ئیسلام نییە، ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی ئیپێرت مۆدێرنە، "ئیپێرت" بەزمانی فەرەنسی واتە هەر زۆر مۆدێرنو لەدابڕانێکی بەهێزدایە لەگەڵ ئەو مێژووە ئاینییە، بەجدی لەدابڕاندایە. هەروەها بەرهەمی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییەیە، کە لەئێستاو ئێرەدا بوونی هەیە. یەکێك لەو بەڵگانە، کەمن ئەتوانم ئێستا بیخەمە بەردەستی بەڕێزتان، بەڵگە زۆرن، داتا زۆرن کەدەمانبەنەوە سەر ئەم دەرئەنجامە، من زۆر زۆر بەدرێژی کارم لەسەر کردووە.

بۆ ئیسلامی سیاسی کوردی لەچرکەی دروستبوونییەوە تاقۆناغی سێهەم(من مێژووی ئیسلامی سیاسیم دابەشکردووە بەسەر پێنج قۆناغدا) ئامادە نابێت بڕواتە ناو کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردییەوە، لەساڵی(١٩٥٢) تاکۆتاییەکانی ساڵی نەوەدو سیو سەرەتاکانی ساڵی(١٩٩٤) بۆچی ئیسلامی سیاسی ئامادەنییە ببێت بەبەشێك لەپرۆژەی سیاسی ناسیۆنال لەکوردستاندا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە من چوارچێوەیەکی کۆنسێتیۆلم هەیە. لەبەرئەوەی کەئیسلامیسم هەر لەسەرەتاوە کەدروست ئەبێت، شوناسێکی هەیە دژ بەشوناسی ناسیۆنال کار دەکات، ئیسلامێکەئەبێت هەموو سنورەکان تێپەڕێنێت، کاتێك دەڵێین هەموو سنورەکان، سنوری شوناسی زمان، شوناسی خاك، شوناسی ئیتنی، شوناسی رەنگو رەنگی مرۆڤ، شوناسێکەهەموو ئەم شوناسانە تێکدەشکێنێت، لەتو پەتیان ئەکاتو لەسەر ئاستی شوناسێکی گەورەترو باڵاتر دەردەکەوێت، کەبریتییە لەشوناسی(ئوممەت)، ئەم ئوممەتە یەك شەریعەتی هەیەو دانیش بەیەك کەسدا دەنێت کەکەسی موسوڵمانە، ئەم(ئوممەتە) چوارچێوەیەکی تیۆرییە، کەمەنهەجێکی پراکتیکی هەیەو بریتییە لەشەریعەتو بەتەنها دان بەیەك مرۆڤدا دەنێت، کەبریتییە لەمرۆڤی موسوڵمان. سنوری ئەم ئوممەتە بریتییە لەهەموو جیهان، شەریعەتەکەشی بریتییە لەو میتۆدۆلۆژیایەی، کە لەهەموو جیهاندا جێبەجێ دەکرێت.

ئیتر ئەم ئیسلامیستە کوردبێت، عەرەب بێت، تورك بێت، فارس بێت، فەرەنسی بێت، بەریتانی بێت، لەهەر کوێ بێت. ئەمە ئەو شوناسەیە، ئیسلامیسمی کوردی ئەگەر بێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال واتە دژی خۆی کار دەکات، واتە خۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، واتە ئیتر لەم قۆناغەوە ئەڕواتە قۆناغێکیتر، بەڵام کە(حەسەن بەننا) لە(١٩٢٨)برایانی موسوڵمان دروستدەکات لەبەرئەوە نییە ببێتە بەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال. لەڕاستیدا ئیسلامیسم مۆدێلێکە لەکۆمۆنیسم، بەڵام بەباگراوندێکی ترەوە، بەجیهانبینییەکی ترەوە، ئیسلامیسم جیهانبینیو ڕێکخستنێکەدروستکراو لەسەر وێنەی کۆمۆنیسم. چۆن کۆمۆنیسم وەك ئەو ئەزمونەی کەبینیمان شینۆمێنو دیاردەیەکی ئیپێرت مۆدێرنە، "ئیسلامیسم"یش وایە. زۆرکەس ئەیانەوێت پراکتیکو هەڵسوکەوتو گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردی لە(٢٠٠٦)دا بەوشێوە بخوێنێتەوە، کە لە(١٩٥٢)دا دروستبووە، بەو کەرەستەو ڕەگەزە میتۆدۆلۆژیانە بخوێننەوە، کەساڵی(١٩٥٢)مان پێخوێندوەتەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری ئەزمونی جموجوڵی ئایینیو ئیسلامی وڵاتانی دراوسێمان بکەین بەبەراورد لەگەڵ بزوتنەوەی ئایینیو ئیسلامی کوردیدا، وێنەیەکی جیاوازترمان دەستدەکەوێ، لەئێران ئەو کەمینە شیعەیەی کەدەسەڵاتیان گرتۆتە دەست زیاتر لەفارسێك جەخت لەسەر کولتوری فارسبوونو فارسێتیو تەنانەت ئێرانچێتیش دەکەنەوە، لەتورکیاشدا دادو گەشەپێدان بەهەمان شێوە، ئەمە گرێدراوە بەدۆخی کۆمەڵایەتییەوە لەکۆمەڵگەی کوردییدا؟ بۆچی دواتریش کەگەنجەکان دێنە ناوپرۆژەی ئیسلامی سیاسییەوە ناتوانن ئەم چوارچێوە تێکبشکێننو گوتارە ئاینییەکەبکەن بەبەشێك لەبزوتنەوە ڕزگاریخوازییە کوردییەکە، بەڵام بۆچی لەوڵاتانی دراوسێ ئەو حاڵەتە کراو ئێستاش دەکرێت؟**

عادل باخەوان: ئەوەش پرسیارێکی جوانە، بائەوەش دیسان وەڵام بدەمەوە، بێگومان لێرەدا ڕاڤەکردنو لێکدانەوەی ئێمە لەسەر ئەزمونی ئیسلامی سیاسییە

لەکوردستانو عێراقدا، بەڵام زۆر گرنگە بەراوردێك بکەین بەئێران، بەتورکیا بەولآتەکانیتر، بۆئەوەی تێبگەین. هەمیشە(دۆرکهایم)ی گەورە دەڵێت:"زانست لەدایك نابێت بەبێ بەراوردکردن". ئیسلامی سیاسی کوردی بەپێنج قۆناغدا تێدەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: من ناوم ناوە قۆناغی فۆرماسیۆن(دروستبوون)، دروستبوون لە(١٩٥٢) "ئەم دیرۆکەدیرۆکێکی هەڕەمەکییە ئەکرێت قسەی لەسەر بکرێت" هەتا راپەڕینی(١٩٩١) هەمووی قۆناغی دروستبوونە، هێشتا ئیسلامی سیاسی لەم قۆناغەدا بەتەواوی دانەمەزراوە لە(١٩٥٢)ەوە تا(١٩٩١) دروست دەبێت. قۆناغی دووەم: لەدوای راپەڕینەوە ناومناوە قۆناغی مانیفێستاسیۆن(دەرکەوتن)، کەئیسلامی سیاسی تێدا دەردەکەوێت وەك ئەوەی کەهەیە، نەك وەك ئەوەی کەدەبێت ببێت. بۆ یەکەمجار پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئیسلامی سیاسی دەبینێت، کەپێشتر ئاشنابوونێك نەبوو لەنێوان پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیو ئیسلامیسم وەك بزوتنەوەیەکی سۆسیۆپۆلەتیکدا. بەپەلەتێدەپەڕم بەقۆناغەکەندا، بۆ ئەوەی دوایی بگەڕێینەوە بۆچی لەولآتانیتردا دەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال بۆ لەکوردستاندا نابێت؟

قۆناغی سێیەم: بریتییە لەقۆناغی(کۆنفۆنتاسیۆن)واتە بەریەککەوتن، ئیسلامی سیاسیو ئیسلامیسم لەکوردستاندا زۆر بەتوندی ئەڕواتە ناو بارودۆخی بەریەککەوتنەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، ئەم بەریەککەوتنە بەریەککەوتنێکی هەم سامبۆلیکەهەم فیزیکە، کوشتنو خوێنی تێدەکەوێت. دەرئەنجامی ئەم کوشتنو خوێنو بەریەککەوتنە قۆناغی چوارەم دەستپێدەکات.

قۆناغی چوارەم: قۆناغی ناسیۆنالیزەکردنی ئیسلامی سیاسی کوردییە، بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچونەدا یەکدەنگ نیم، کەبۆچی ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە ببێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال لەکوردستاندا. من پێموایە لەقۆناغی چوارەمدا ئیسلامی سیاسیو بەشێکی گەورە لەبزوتنەوە گەورەکانی ئیسلامی

سیاسی کوردی ئەبن بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال لەکوردستاندا. ئینجا ئەم قۆناغە دەتوانین بگەڕێینەوە سەری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت.

قۆناغی پێنجەم: بریتییە لەقۆناغی رادیکالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی کوردی، کەبریتییە لەئەزمونی(ئەنسارو لئیسلام). ئەوەی کە لەئێراندا دروستدەبێتو ئەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، لەتورکیادا ئەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، لەکوردستانیشدا ئەبێت، بەڵام لەزەمەنێکی جیاوازتردا. ئێمە ئەوەی تێبگەین بۆچی( akp، پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا) دەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، بۆ شۆڕشی ئیمام خومەینی ئەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، بەڵام لە(١٩٩٤)دا ئیسلامی سیاسی نابێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال؟ ئەوە پەیوەندی بەو مێژووە کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە هەیە، کەهەر یەکێك لەو بزوتنەوانە تیایدا لەدایکدەبن. ئەو هەلومەرجەی کەئیمام خومەینی شۆڕشی تێدا دەکات لەئێران، یان(akp)ی تێدا دروستدەبێت لەتورکیا، هەمان ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو سیاسییە نییە، کە لە(١٩٥٢)ەوە درێژ دەبێتەوە هەتاوەکو(١٩٩٤)، کەتیایدا ئیسلامی سیاسی نوێنەرایەتی پرۆژەیەکی ئەنتەرناسیۆنال دەکات. هەمان ئەو هەلومەرجەی، کە لە(١٩٩٤)دا ئیسلامی سیاسی ناچار ئەکات بەوەی کەببێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال ئەو هەلومەرجە نییە، کە لەئێرانو لەتورکیادا کار دەکات، بۆیە وەڵامدانەوەکەمان زۆر ئاسانە بۆ تێگەیشتن لەمە، بۆ ئەمە ئەبێت؟ دەبێت لەو هەلومەرجانە تێبگەین، بەڵام دەبێت ئێستا تێبگەین لەوەی کەئێمە وەکو زانست قسە دەکەین، چونکەبەڕاستی زانست بێلایەنە، بێ ئایدۆلۆژیایە، بێ ئایینە. زانست بەشێوەیەکی زۆر زۆر بابەتیانە هەوڵئەدات مەعریفەیەکی رووتو قوت لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، وەك ئەوەی هەن بەرهەم بهێنێت. ئالەم سەرچاوەوە من ئێستا حەزدەکەم هەموو لایەك بزانن، کەقەناعەتم وایە ئیسلامی سیاسی بەگۆشتو ئێسقانەوە بووە بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال لەکوردستاندا، هەرگیزاو هەرگیز جەنابی کاك مەسعودو جەنابی مام جەلال ناسیۆنالانەتر

قسەناکەن، گوزارشت ناکەن لەکێشەی کورد وەك(سەلاحەدین بەهائەدین) لێی ئەکات، لەسەرکەناڵی(الجزیرة)، ئابەو شێوەیە من شتەکان دەبینم.

**سەلام عەبدولکەریم: ئەگەر سەیری رەمزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو جموجوڵی ئیسلامی سیاسی بکەین، زیاتر شێخو مەلاکانو کەسایەتییە ئاینییەکان بەدی دەکەین، ئەوان چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆی گوتاری ئایینی لەو قۆناغەدا جێهێشتووە؟ بۆچی تاوەکو دروستبوونو راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧) نەیانتوانی جموجوڵی ئیسلامی بەخۆماڵی بکەن، مەبەستم ئەوەیە سەرهەڵدانی جموجوڵی ئیسلامی وەك پرۆژەی کاری رێکخستنو سیاسی زیاتر وەك درێژبوونەوەی میتۆدو شێوازی کاری سیاسیو بانگەوازی برایانی مسوڵمانی میسر دەردەکەوێ، نەك لەناو کێڵگەی کوردیدا؟ پاش ماوەیەکی زۆریش رەمزەکانی ناتوانن بیخەنە نێو پرۆسەیەکی خۆماڵییەوەو سیمایەکی کوردییانەی پێببەخشن، تەنانەت لەناکۆکی هەردوو باڵو خەتی نێو رێکخستنی برایانی موسوڵمانیشدا هەر پەیوەندییان بەسەرکردایەتی برایانی موسوڵمانەوە دەمێنێتەوە؟**

عادل باخەوان: کاتێك دەڵێم ئیسلامی سیاسی لەمرۆدا بووە بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنالی کوردی، لەبەرئەوە نییە کەئارەزوی کردووەو پێی خۆشبووەو ویستویەتی ببێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنالی کوردی، لەبەرئەوە نییە کەئێستا کۆمەڵێك گەنج ئیسلامی سیاسی کوردی، یان بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی ئەبەن بەرێوە، دوێنێ کۆمەڵێك مەلا بردوویانە بەرێوە، ئەمرۆ بووە بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، دوێنێ نەبووە، یان بەهۆی جیاوازی مەلاکانو گەنجەکان، راستییەکەی من بەشێوەیەکی تر دەیبینم. حەتمەن ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کەبەشداری لەگروپێکی سیاسیدا بەشداری دەکەن، ئیتر ئایینی بێت یان نائایینی، ئینتیما کۆمەڵایەتییەکانیان کارایی دائەنێت بەسەر چوارچێوە گشتییەکانی هەڵسوکەوتو گوتاری هەر یەکێك لەو رێکخستنانەوەو لەو گروپانەوە. بەڵام بۆ ئیسلامی سیاسی ئەبێت لەم تیۆرییە

گشتییه بڕۆینه دەرەوەو بزانین ئیسلامی سیاسی خۆی چییەو چۆن ناسیۆنالیزه دەکرێت؟ بۆچی ناسیۆنالیزه نەکراوه بەدرێژایی ئەو مێژووەو ئێستا ناسیۆنالیزه کراوه؟ ئەوەی وا لەئیسلامی سیاسی دەکات کەناسیۆنالیزه بکرێت، سیکۆلاریسم قبوڵ بکات، دیموکراسی قبوڵ بکات، بڕواته ناو گەمەو یارییەکانی پەرلەمانەوە، مافەکانی مرۆڤ قبوڵ بکاتو واز لەچەمکی(ئوممەت) بێنێت، واز لەجێبەجێکردنی شەریعەت بێنێت. ئەوە لەبەرئەوە نییه کەئەو دەیەوێت ئەمە بکات، ئەوە لەبەرئەوەیه کەهەلومەرجێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی بەهێزتر لەو ناچاری دەکات، کەئەمە قبوڵ بکات، ئیسلامی سیاسی لە(١٩٥٢)ەوە تاوەکو(١٩٩٤) نابێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، لەبەرئەوەی ئەم هەلومەرجه کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابورییه هێنده بەهێز نییه، کەئیسلامی سیاسی ناچاربکات بەوەی دەست لەپرۆژه ئەنتەرناسیۆنالەکەی هەڵبگرێتو خۆی وەربگێڕێته سەر بزوتنەوەیەکی ناسیۆنال، بەڵام لە(١٩٩٤) کەدەبێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال، بەهۆی بەریەککەوتنی ئیسلامی سیاسییه لەگەڵ دەرەوەدا. ئەمەش بۆ(کریستیانیسم)یش ڕاسته، کاتێك بەدرێژایی سێ سەد ساڵ مەسیحییەت پیاوانی کەنیسه کەدەوڵەت ئەبەن بەڕێوەو چوارچێوەکانی سیاسەت دیاری ئەکەنو کەدەستیان وەردەدا لەهەموو شته بچوکەکانی کۆمەڵگه لەگەورەوه بۆ بچووك، دوای سێ سەد ساڵ لەململانێ لەگەڵ جمهورییەتی فەرەنسیدا ناچاردەبن بەوەی کەبڵێن(ئەوەی کەبەشی خودایه بۆ خودا، ئەوەی کەبەشی قەیسەره بۆ قەیسەر)، ئەگینا پێشتر ئەیانوت ئێمه بۆیه هاتووین کەحوکم بکەین، بەڵام دوای بەریەککەوتنێکی توند لەگەڵ جمهورییەتدا لەکۆتاییدا دەستدەکەن بەئینجیلدا ئەم ئایەته دەردەهێنن بۆ ئەوەی شەرعییەت بدەن بەوەرگێڕانه سیاسییەکانیان، یان بابڵێین بەو پراکتیکەسیاسییانەی لەئێستادا ناچاریان دەکەن بۆ ئەوەی بەرهەمی بهێنن.

ئەو گۆڕانکارییانه زیاتر پەیوەندی بەگۆڕانی ستراکتۆرەکانەوه هەیە، نەك بەخواستی زاتیانەی ئەکتەرەکانەوە. ئەگەر وردتری بکەینەوه کاتێك ئەم

ستراكتۆره كۆمەڵایەتیو ئابورییە "یەكگرتوی ئیسلامی" ناچار دەكات دەست لەپرۆژە ئەنتەرناسیۆنالەكەی هەڵبگرێتو ببێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنالی كوردی لەناو ئەو هەلومەرجەدا گروپێك دروست دەبن، كەبەئاشكرا داوای ئەوە دەكەن كەدەعوەو سیاسەت لەیەكتری جیابكرێتەوە. یانی ئەم گروپە بەرهەمی ئەم هەلومەرجەن، نەك ئەم هەلومەرجە بەرهەمی ئەم گروپەبن. كاتێك دەوترێت ئەمە یەكێكە لەوردەكارییەكانی "یەكگرتوو" كاتێك ئەڵێن دەعوەو سیاسەت لەیەك جیابكرێتەوە، ئەمە هەمان ئەو جیاكردنەوەیە، كەلایسیتێ لەفەڕەنسا دەیكات، بەڵام بەسیستمی وشەكانی یەكگرتوو.

**سـەلام عەبدولكـەریم: سـەردەمی دروسـتبوونو راگەیانـدنی بزوتنـەوەی ئیـسلامی، هەرچـەندە پـێش ئـەویش بزوتنـەوەی پەیوەنـدی ئیـسلامی هـەبوو بەسەركردایەتی شێخ محەممەد بـەرزنجی، بـەڵام یەكگرتنـەوەی ئـەم رەمزانـەو راگەیانـدنی لەچوارچـێوەی بزوتنـەوەی ئیـسلامی لەسـاڵی(١٩٨٧) لـەئێران، كەئەوكات ئێران پەناگەیەك بووە نەك بۆ جموجوڵی ئیـسلامی، بـەڵكو بـۆ هێـزە ناسـیۆنالە كوردییـەكانیش، بـەو حوكمـەی ناتـەبابووە لەگـەڵ رژێمـی عێراقـداو دواتریش كاریگەربوونی بزوتنەوە بەگوتاری ئایینی جیهادو شۆڕشی ئەفغانەكان دژی سـۆڤییەتی شـیوعی، ئەمانـە تاچـەند كارایيـان جێهێـشت لەسـەر شـێوازو ئاڕاستەی ئیـشكردنی سیاسـیو گوتـاری ئیـسلامییانەی بزوتنـەوەی ئیـسلامی؟ لەلایەكیترەوە تاچەند پێتوایە دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی تەكانێكیتر بوو بەبزێوتركردنی زیاتری جموجوڵی ئیـسلامی، كەئـەوكات لەئـەنجامی راوەسـتانی كـاری ئیـسلامیو سـستبوونی جموجـوڵی ئیخوانـەكانو نـەگونجانی ئـەدەبیاتی ئیخوان بەسروشتی بارودۆخی ئەو سەردەمەی كۆمەڵگەی كوردی؟ واتە پێتوایـە دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی راگەیاندنێكی ئاسـایی بـوو، یـان دەرەنجـامی ئەو حاڵەتە فیكرییەبوو، كە لەناو فیكری ئایینیو ئیسلامی ئەوكاتەدا سەریهەڵدا، كەچـیتر ناكرێـت ڕژێمێـك نەتەوەكـەت دەچەوسـێنێتەوەو لەبەرامبەریـشیدا لەئاسـتیدا بێـدەنگ بیـت ؟ بەمانایـەكیتر لـەدایكبوونی بزوتنـەوەی ئیـسلامی**

**هەستکردنبوو بەپێویستی بەرگریکردن لەچەوساندنەوەی نەتەوەیی، کەرژێم لەوکاتەدا پیادەی دەکرد، یاخود کاردانەوەی راوەستانی فیکری ئاینی ئیخوان بوو، کە لەگەڵ مۆدێلی چەکداریدا نەبوو؟**

عادل باخەوان: من بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دیسانەوە پێویستم بەکۆنسێپتێکیتر هەیە، یان بەهەمان ئەو کۆنسێپتەی کەبەردەوام قسەی لەسەر دەکەین، ئەویش کۆنسێپتی ئیسلامیسمە. چونکەئەو کەسانەی کە لەبواری زانستدا قسەدەکەن بەردەوام پێویستیان بەکۆنسێپت هەیە بۆ ئەوەی شتەکانی پێبخوێننەوە، ئەگەر کۆنسێپتت پێنەبێ تۆ بێ چەکیت، رۆشتویتە جەنگێکەوە بەبێ چەك. بەداخەوە لەکوردستاندا زۆرجار هەر قسەدەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ بوترێت!

ئیسلامیسم پێویستە پێناسەی بکەین، ئیسلامیسم بریتییە لەچی؟ بریتییە لەبزوتنەوەیەکی سیاسی خەبات دەکات لەپێناو دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە وەك سەرەتا وتمان هەموو شوناسەکان تێکدەشکێنێت بۆشوناسێکی گەورەتر، کەبریتییە لەشوناسی(ئوممەت)، بەرنامەیەکیش هەیە کە لەسەری کار دەکات، بریتییە لەشەریعەت. لەچرکەی دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لەکوردستاندا ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەم کۆنسێپتە کاری دەکرد، لەسەر ئیسلامیسم. کاتێك کەدەڵێین ئیسلامی سیاسی بەهەموویانەوە، بەهەموو باڵو تەوژمو کەسایەتییەکانیەوە لەسەر ئەمە ئیشیان دەکرد، پرۆژەیەکیتر نەبوو، جیهانبینیەکیتر نەبوو. پرسیاری سەرەکی دەبێت بەمشێوەیە بکرێت، کاتێك بزوتنەوەی ئیسلامی دروست دەبێت ئایا گۆڕانکارییەك لەم جیهانبینیەدا دروستدەبێت؟ ئایا دەستکاریکردنێکی ئەم پێناسەیە دەکرێت؟ من ئەڵێم نەخێر. بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەر هەمان جیهانبینی دروستدەبێت، کەبریتییە لەجیهانبینی ئیسلامیسم. واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کەشەریعەتی ئیسلامی مەنهەجەکەی بێت، کەدان تەنها بەموسوڵماندا بنێت، ئیتر لەهەر شوێنێك بێت، لەبیارە بێت، لەتەوێڵە بێت،

لەبەغدا بێت، لەبەسرە بێت، لەپاریس بێت، لەلەندەن بێت، ئەو گرنگ نییە بەلایەوە، ئەو بەرنامەی ئەمەیە، کاتێك بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی دەخوێنیتەوە ئەمە پرۆگرامیەتی. ئەو ئەمانباتەوە سەرچی؟ ئەمانباتەوە سەرئەوەی کەدروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی تەنها بەیەکێك لەمانیفێستاسیۆنەکانی ئیسلامی سیاسی، یان ئیسلامیسم ناوبەرین، نەك وەك دابڕانێکی چۆنایەتی لەگەڵ ئیسلامیسمدا. جیاوازی نێوان برایانی موسوڵمانو بزوتنەوەی ئیسلامی لەو قۆناغەدا، جیاوازی چۆنایەتی نییە، جیاوازییەکە لەسەر ئاستی چەندایەتی.

من چەك بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیەی ئیسلامیسم جێبەجێ بکەم، ئەویتریش دەڵێ من بانگەواز بەکاردێنم، بەڵام کاتێك ئەم جیاوازییە دروستدەبێت، کاتێك ئەم جیاوازییە ئەبێت بەجیاوازییەکی(کالیتاتیف) کەیەککگرتووی ئیسلامی کوردستان دروستدەبێتو لەناو پرۆژەی ئیسلامیسمدا دێتەدەرەوەو ماڵئاوایی یەکجاری دەکات لەئیسلامیسم وەك پرۆژەیەکی ئەنتەرناسیۆنال، بەڵام دروستبوونی لەشکری ئیسلامیو ئەنساری ئیسلامی هەشتاکانو دوای ئەوە لەشکری قورئانو هەتا دەگاتە بزوتنەوەی ئیسلامیو دوای ئەوە کۆمەڵی ئیسلامیو مامۆستا کرێکارو هەموو ئەوانە مانیفێستاسیۆنی هەمان پرۆژەی(ئیسلامیسم)ن.

کارابیەکانی جیهادی ئەفغانیو کاراییەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش هەر بەهەمان ئاڕاستەدا ڕۆیشتووە، شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندییدا نییە، کەئیسلامی سیاسی کوردی ببێت بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنالو شۆڕشی ئەفغانی هەر لەسەرەتاوەو ئەو ئەکتەرانەی کەکارابیان هەبوو بەسەر ئیسلامی سیاسی کوردییەوە بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندیاندا نەبوو کەئەوە ببێت، ئیسلامی سیاسی کوردیش لەبەرژەوەندیدا نەبوو بکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا، کەکاریان لەسەر ئیسلامی ناسیۆنالی ئەفغانی دەکرد، بەڵکو لەپەیوەندیدا بوون لەگەڵ ئەو ئەکتەرە ئەفغانیانەی کەخۆیان

لەئەساسەوە لەسەر پرۆژەی ئیسلامیسم بەمانا ئەنتەرناسیۆنالەکەی کاریان دەکرد. من هۆکارەکەی بەو شێوەیە دەبینم، نەك بەشێوەی تر. واتە بەکورتی بزوتنەوەی ئیسلامی گوزارشتکردنێکی راستەوخۆیە لەپرۆژەی ئیسلامیسم وەك برایانی موسوڵمان، بەڵام لەسەر ئاستی(کالیتاتیف) جیاواز.

**سەلام عەبدولکەریم: لەساڵی(١٩٨٨) کاتێك بەرەی کوردستانی پێکدەهێنرێت بانگهێشتی بزوتنەوەی ئیسلامیش دەکرێ بۆچوونە ناو بەرەوە، بەڵام (عەلی باپیر)دەڵێت:" ئێمە نەچوینە ناو ئەو بەرەیەوە، لەبەر کۆمەڵێك بیروبۆچون"، کەهەرچەند ئەو زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێنەداوە، بەڵام رەنگە زیاتر بۆبوونی جیاوازی بیروباوەڕی بگێڕێتەوە، کەئەوان ئیسلامی بوون و(یەکێتی و پارتی و شیوعی و سۆسیالیستیش بەشێوەیەکی سەرەکی) لەخانەی حزبی چەپ و مارکسی و لینینیدا بوون، پێتوایە بەشدارینەکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکۆی بزوتنەوەی ئیسلامیسمی کوردی ئەوکاتە، کەبنکەی فراوانتریشیان هەبووە و باڵی فراوانتریشیان هەبووە، کەئیخوانەکان بوون بەخەتی یەك و دووەوە، کارایی سلبی جێهێشتبێ لەسەر نەبوون بەهێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا لەقۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا؟**

عادل باخەوان: رەنگە وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکە زۆر زۆر گرنگ بێت، ئیسلامی سیاسی بانگدەکرێت بۆ ئەوەی ببێت بەبەشێك لەبەرەی کوردستانی، بەڵام نایکات، زۆر ئاسانە تێگەیشتن لێی بەڕاستی زۆر ئاڵۆز نییە بۆچی بەشداری ناکات؟ چونکە ئەو لەسەر پرۆژەیەك خۆی بیناکردووە، کەدژی پرۆژەی بەرەی کوردستانییە. بەرەی کوردستانی کۆمەڵێك حزبی چەپ و راستی کوردی تێدا بەشدارن، کەپرۆژەیەکی ناسیۆنالیان هەیە. ئیسلامی سیاسی کوردی لەسەر پرۆژەیەك دروستبووە، کە لەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنالدا نەبێت دان بەشتەکاندا نانێت.

**سەلام عەبدولکەریم: ببورە کاك عادل، کاتێك بزوتنەوەی ئیسلامی دروستدەبێت لەئەدەبیاتیدا بەهەمان شێوە ئەوانیش بڕوایان بەجۆرێك لەپرۆژەی**

**ناسیۆنال هەیە وەك لەزاری هەندێ سەرکردەی ناو بزوتنەوەشەوە هاتووە ئەوەیە، کەئامانج لەدروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی بەرگریکردن بووە لەمافی نەتەوەیی کوردو خەبات بووە دژی چەوساندنەوەو سیاسەتەکانی حزبی بەعسو هەوڵدان بۆ رزگارکردنی ناوچە کوردییەکان لەژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا، بەڵام ئەو هۆکارانە چی بوون، کە لەخاڵە هاوبەشەکاندا ئەم دوو ئاراستەیە(بزوتنەوەی ئیسلامیو بەرەی کوردستانی)یەکناگرن جگە لەبوونی بزوتنەوەیەکی ئایینی؟**

عادل باخەوان: من ناڵێم حزبێکی ئایینی بوون، ئەڵێم بزوتنەوەی ئیسلامی گوزارشتبوو لەئیسلامیسم لەسەر ئاستە جیهانییەکەی، راستە ئەوان ئەیانەوێت بیارەو تەوێڵە ئازاد بکەن، بەڵام پێشیان خۆشە پاریسو لەندەنیش ئازاد بکەن، ئەوان وەك ئامادەن هەولێرو سلێمانی ئازاد بکەن، ئاواش ئامادەن بەغداو بەسراش ئازاد بکەن، وەك ئامادەن بەغداو بەسرەش ئازاد بکەن، ئاواش ئامادەن مەککەو مەدینەش ئازاد بکەن. لەبەرئەوە ئەو پرۆژەیەی کەئەوان کاری لەسەر دەکەن راستە لەئەدەبیاتیاندا نوسراوە ئێمە کوردستان رزگار دەکەین، بەڵام ئەفغانستانیش رزگار دەکەین، چیچانیش رزگار دەکەین. هەموو ئەوانە بەشێکبوون لەپرۆژەکەی ئەوان، ئینجا بزوتنەوەی ئیسلامی چۆن رێگە بەخۆی دەدات بەشداری لەبەرەی کوردستانیدا بکات؟ نا، بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵێك زاراوەو لەسەر کۆمەڵێك کۆنسێپت دروستبووەن کەرێگەی پێنادات بەشداری بکات. ئەگەر بەشداریکرد یانی کۆتایی بەخۆی دێنێت، یانی پێدەنێتە قۆناغێکی ترەوە، بەڵام بزوتنەوەی ئیسلامی ئامادەنییە. یەکێك لەو کۆنسێپتانە کۆنسێپتی جاهیلییەتە. لەجیهانبینی بزوتنەوەی ئیسلامیدا پارتیو یەکێتیو بەرەی کوردستانی بەرەیەکی جاهیلییە، جاهیلیش بەلایەنی کەمەوە ئەبێت بەیەکێك لەدوو شێوەکان دابڕانی لەگەڵ دروستبکەیت. یان بەشێوەیەك لەسەر ئاستی هەست، کەئەبێت وەکو جاهیلییەت تەماشایان بکەیت، بەو شێوەیە بیانبینیت. یان لەسەر ئاستی هەستو فیزیك بەیەکەوە، واتە ئەبێت بەهەموو

شێوەیەك موقاتەعەیان بکەیت. بزوتنەوەی ئیسلامی لەو قۆناغەدا نەلەسەر ئاستی هەست ئەتوانێت تێکەڵ بەبەرەی کوردستانی ببێت، نە لەسەر ئاستی فیزیك ئەتوانێت تێکەڵ ببێت. لەسەر دۆستایەتی‌و دوژمنایەتی(الولاء والبراء) تۆ ئەڕۆیتە ناوبەرە ئەبێت ڕێککەوتن ئیمزا بکەیت، لەناو ڕێککەوتنیشدا ئەبێت دانوستان بکەیت‌و دوایی کەدەگەیتە ڕێککەوتننامەیەك ئەبێت دۆستایەتیت بۆ ئەو ڕێککەتننامەیە هەبێت، ئەو ناتوانێت، ئەو دەبێت دەست لەپرەنسیپەکانی خۆی هەڵبگرێت.

ئینجا لەو قۆناغەشدا نەبەرەی کوردستانی، نەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری کوردستان، نەکۆنتێکستە ناوچەییەکە، واتە دەسەڵاتی ئێرانی‌و تورکی‌و ئەفغانی، نەکۆنتێکستە جیهانییەکەش واتە ئەمەریکاو فەرەنساو وڵاتانی گەورە، کەجیهان دەبەن بەڕێوە، هیچی پاڵەپەستۆیەکی لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی دروستنەکردووە، بەوەی کەناچاری بکات دەست لەم پرۆژە ئەنتەرناسیۆناله هەڵبگرێت‌و بڕواتە ناو بەرەی کوردستانییەوە، یان بەلایەنی کەمەوە دانوستانیان لەگەڵدا بکات. تەنانەت لەکاتی دوای ڕاپەڕینیش کەبەرەی کوردستانی دانوستان لەگەڵ بەعسدا دەکات، هێشتا ئەو کۆنتێکستە، ئەو هەلومەرجە دروستنەبووە کەبزوتنەوەی ئیسلامی‌و ئیسلامی سیاسی ناچار بکات بەوەی، کەببێت بەبەشێك لەدانوستان. بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم ئەمێنێتەوە، لەدوورەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات، ئەوە دواتر ئەوانە دروستدەبن.

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجارو لەئێستاشدا باس لەنزیکبوونەوەو پرۆژەی یەکبوونی ئیسلامییەکان دەکرێت، وەکچۆن لەقۆناغی ڕابردووشدا هەردوو بزوتنەوەی ئیسلامی‌و بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی پێکهاتن، ئەگەر لەڕووی سۆسیۆلۆجیاوە سەیری بکەین هەر لەسەرەتاوە نیشانەکانی پەرتبوونی ئەم بزوتنەوەیە دیاربوو، بەحوکمی ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە جارێ هەریەکەیان لەناوخۆیاندا لەکۆمەڵێك ڕەمزی کۆمەڵایەتی‌و لەکۆمەڵێك ژینگەی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە یەکیانگرتبوو، بەجۆرێ هێشتا لەناو خۆیاندا شی نەبووبوونەوەو**

**ئاوێتە نەبووبوون، پێتوایە هەر پرۆژەیەکیتر لەداهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت، یان ئەویش هەر لەسەرەتاوە نیشانەکانی پارچە پارچەبوونو سەرنەکەوتنی دیارن؟ لەلایەکیتریشەوە راگەیاندنی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) جێگەی ئومێدی گەورەی ئیسلامییەکان بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەمەریکاو نێودەوڵەتیش حسابی تایبەتی بۆکراو وەك یەکێك لەهێزە گەورەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی بەعسیزمی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەو پارچە پارچە بوونە تاچەند کاریگەری جێهێشتووە لەئێستادا لەسەر مەسەلەی بەئۆپۆزیسیۆن نەبوونی کارای ئیسلامییەکان، کە لەئێستادا چ یەکگرتووی ئیسلامیو چ کۆمەڵی ئیسلامی خۆیان بەئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز دەزاننڤی ئایا ئەو قۆناغە مێژووییانە کاریگەری جێنەهێشتووە بەتایبەت لەسەر نەبوون بەئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا، کە لەئێستادا کۆمەڵگەی کوردی زیاد لەپێویست ئاتاجی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆن هەیە؟**

عادل باخەوان: سەرەتا دەبێت ئەو قۆناغە مێژووییە دیاری بکەین، کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی تێدا دروستدەبێت، دوایی بگەڕێینەوە سەر ئەو ئەکتەرانەی کەبزوتنەوەی یەکبوون دروستدەکەن، دوایی تێدەگەین لەوەی بۆچی ئاوا پەرتەوازە بوونو نەیانتوانی ببن بەئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە؟ بۆچی ئێستا لەهەوڵی دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆندان؟ لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆژیا ئەو قۆناغەی کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی تێدا دروستدەبێت، قۆناغی ناسیۆنالیزەبوونی ئیسلامی سیاسی کوردییە، قۆناغێکە کەئیسلامی سیاسی پشتی کردۆتە پرۆژەی ئەنتەرناسیۆنال، بزوتنەوە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی پشتیان کردۆتە زەبرو زەنگ دژ بەکێڵگەی ناسیۆنال.

ئیتر گرەوو ستراتیژو بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەیوەستکردۆتەوە بەگرەوو بەرژەوەندیو خواستەکانی کێڵگەی سیاسی کوردییەوە. لێرەدا کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دروستدەبێت ئەمە لەسەر ئاستی قۆناغ، ئەوانەی کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دروستدەکەن کۆمەڵێك ئەکتەری لێکدژی

بەرژوەندی بەیەکەوە نەگونجاوی لەیەك تێنەگەیشتووی لەیەك جیاواز لەسەر ئاستی پێگەی هەیمەنەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری، ئالەمەدا دروستدەبێت. کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەڵدەوەشێتەوە، خۆ بزوتنەوەی ئیسلامی لەدروستبوونییەوە هەتا بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەمان ململانێی تێدابوو، بەڵام بۆچی بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵناوەشێتەوە، بۆچی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەڵدەوەشێتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە ئەبێت توێژەر لەخۆی بکات، کەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەڵدەوەشێتەوە، بەبۆچوونی من لەبەرئەوە نییە کەبزوتنەوەی یەکبوون کەمتر نزیکە لەخوداوە تابزوتنەوەی ئیسلامی، تەقوایان کەمترە یان خراپترن بۆ ئیسلام لەبزوتنەوەی ئیسلامی، لەبەرئەوەیە ئەو ئەکتەرانەی کەئەیانەوێت پێگەکانیان بگۆڕن کۆمەڵێك ئەکتەری تر رێگەیان پێنادەن، ئەو ئەکتەرانەی تر کەئەبێت پێگەکانیان بگۆڕن ئامادەنین دابەزنە خوارەوە بۆ ئەوەی لەناو سیستمەکەدا شوێنەکانیان بگۆڕێت. بازۆرتر روونی بکەمەوە، ئێمە رابەری گشتیمان هەیە، مەکتەبی سیاسیمان هەیە، سەکردایەتیمان هەیە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)یش لەکێ پێکهاتووە؟ لەبزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی پێکهاتووە لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کۆن. ئینجا لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا چەند میحوەرێکی دەسەڵات هەبوون ئەم میحوەرانەی دەسەڵات توانیبوویان هاوسەنگی خۆیان بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی ئیسلامی رابگرن، هاوسەنگییەکە رابگرن، هاوسەنگی لەسەر ئاستی بڕیاری سیاسی، میحوەرێك بزوتنەوەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا پەیوەندی دەرەوەی خۆی هەیە، پەیوەندی ناوەکی خۆی هەیە، رێکخستنی خۆی هەیە، سوپای سەربازی خۆی هەیە، هەمووی لەژێر ئەم چەترەدا جێی دەبێتەوە، چونکە میحوەرەکەی تر نابێت بەهەڕەشە لەسەر ئەم، هەروەها ئەویتر لەسەر ئەویتریان، بەڵام کەبزوتنەوەی راپەڕین لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا دێنو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دروستدەکەن، لێرەوە جەنگی پێگەکان دروستئەبێت، بۆچی؟ چونکە ئەم ئەکتەرانە بەیەکەوە مێژوویەکی کۆمەڵایەتییان

نییە، مێژوویەکی سیاسییان نییە، مێژوویەکی ئایینیشیان بەیەکەوە نییە، ئەزموونێکی هاوبەشیان نییە کەبەیەکەوە کۆیانبکاتەوە، تەنها شتێك هەیە کەهەموویان بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بریتییە لەچی؟ بریتییە لەهەستێکی هاوبەش.

ئەم هەستە هاوبەشە دەکرێت بەدرێژی لەسەری بوەستین، بەڵام ئایا هەستی هاوبەش بەسە بۆ ئەوەی کەگروپێکی سیاسی، رێکخراوێکی سیاسی لەسەر بینا بکرێت؟ نەخێر، بەڵگەشمان بزوتنەوەی یەکبوونە. ئەوەی وا لەوە دەکات بزوتنەوەی یەکبوون هەڵبوەشێتەوە تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەیە، کە لەنێوان پێگەکاندا هەبوو، کەبزوتنەوەی یەکبوون دێت مەکتەبی رێکخستن ئەکەوێتە دەستی کێ؟ ئەکەوێتە دەست بزوتنەوەی راپەڕین، ئەکەوێتە دەست راپەڕینەکانی ناو بزوتنەوەی یەکبوون، مەکتەبی سەربازی ئەکەوێتە دەست کێ؟ ئەکەوێتە دەست بزوتنەوەکانی ناو ئەم گروپە تازەیە، هەروەها مەکتەبەکانی تریش یەك یەك، دوو دوو ئاوا دابەش دەبن، بەڵام ئەی کێ سیاسەتی گشتی ئەم گروپە دەستنیشان دەکات؟ راپەڕینەکانن؟ یان بزوتنەوەکانن؟ ئالێرەوە بەریەککەوتنی راستەوخۆ دروستدەبێت، بەڵام کەئەم بەریەککەوتنە دروستئەبێت، کێ کەڵکی لێوەردەگرێت؟ هەموو میحوەرە کۆنەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی، چونکە میحوەرەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی پێویستیان بەم هێزە تازەیە هەیە کەهاتووە، ئەم هێزە تازەش پێویستیان بەمیحوەرەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی هەیە، یەکتری مۆبیلیزە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین بەرژەوەندی بەدی بهێنن. لەکاتێکدا یەکێك لەمیحوەرەکانی کۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەبێت بەکەسی یەکەمی بزوتنەوەی راپەڕین، لەراستیدا لەبەرئەوە نییە کۆمەڵێك بەهای رۆحیو کۆمەڵێك بەهای ئایینی، ئەمو ئەو ئەبەستێت بەیەکەوە، چونکە ئەگەر ئێستاش لەمەڕ بەهای ئایینی قسە بکەین، هەیە هەر لەبزوتنەوە کۆنەکە، کۆمەڵێك بەهای زۆر زۆر بەهێزتر ئەیبەستێت بەکەسی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامییەوە.

لەبەرئەوەیە کەسی یەکەمی ئێستای کۆمەڵی ئیسلامی ئەتوانێت باشتر گوزارشت بکات لەبەرژەوەندیو ئارەزوو خەونەکانی ئەو گروپەی، کە لەهەردوولا لەگەڵ ئەمدا دروستبووە. بەکورتی من ئەمەوێت بڵێم ئێمە ناتوانین لەهەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لەهەموو ئەو بەرژەوەندییانەی، کەدەستنیشانی چوارچێوەکانی هەریەکێك لەو میحوەرانەی دەکرد.

**سەلام عەبدولکەریم: ئەی کاریگەری چی بوو، کەئیسلامییەکان نەبوون بەئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا؟**

عادل باخەوان: لەم قۆناغە ناتوانین باس لەئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی بکەین، بۆچی؟ چونکەئیسلامی سیاسی بووە بەبەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال. پرسیارەکە راستەوخۆ ئەوەیە، ئەی بۆ ئیسلامی سیاسی وەك بەشێك لەپرۆژەی ناسیۆنال لەگەڵ حزبەکانیتردا ناتوانن ببن بەئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا؟ بۆچی لەکوردستاندا ئۆپۆزیسیۆن لەدایك نابێت، نە ئیسلامی، نە نائیسلامی، نەچەپ، نەڕاست؟ بۆچی یەکێتی نابێت بەئۆپۆزیسیۆنی پارتی؟ بۆچی پارتی نابێت بەئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵ؟ بۆچی کۆمەڵ نابێت بەئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو؟ لێرەوە کەئەمە دروست نابێت، لەڕاستیدا ئەو سیستمەی کەئێستا لەکوردستان حوکم دەکات نەدیکتاتۆرییە، نەدیموکراسییە، نەسیکولارە، نەئاینییە، نەڕاستە، نەمۆدێرنە، نەترادیسیۆنە. واتە لەم چرکەیەدا ئەو سیستمەی کە لەکوردستان حوکم ئەکات، دەسەڵاتداری ئەکات، سیستمێکی ناجێگیرە، هێشتا جێگیر نەبووە. خۆ ئەو سیستمەش، کەئێستا لەفەرەنسا حوکم دەکات، لەئانوساتێکدا، لەدەساڵو حەڤدەساڵو بیست ساڵدا دروستنەبووە، دوای سێ سەد ساڵ لەململانێ لەگەڵ کریستیانیسمدا، جمهورییەت توانی جێگیربێتو شوێنی خۆی بگرێتو کێڵگەکە جێگیر ببێتو یاساو نۆرمو دۆگمەکانی ناو ئەو کێڵگەیە جێگیر ببێت. لەبەرئەوە بەکورتی ئەمەوێت پێت بڵێم کەئۆپۆزیسیۆن دروستنابێت، لەبەرئەوەیە کوردستان خۆی دروستنەبووە.

**سەلام عەبدولکەریم: بەڵام لەڕووی فیکرییەوە بۆنموونە تاپرۆسەی ئازادی عێراقیش، بەشێکی زۆر لەئەحزابی ئیسلامی بڕوایان بەچەمکی قەوارەی ئیسلامی هەیە، واتە دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی، پێتوایە ئەم نەکرانەوەو دووربینی نەبوونە بۆ ئایندەی کارکردنی سیاسیو بەشداریکردنی سیاسی بەشێوەیەکی فراوان ئامادەیی نییە؟ پێتوانییە مەسەلەی ئیشکردن بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامی لەماوەکانی رابردوودا دیسان ئەوەش کاریگەری جێهێشتبێ لەسەر مەسەلەی نەبوون بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی؟ بۆنموونە تۆ ئەگەر لەسەرەتاوە وەکو بەشداری سیاسی کار بکەیت، رەنگە لەقۆناغەکانی دواتردا دەرفەتی باشترت هەبێتو بتوانیت زووتر کایەکان ببەیتەوەو بۆخۆت قۆرغی بکەیت، تاوەکو ئەوەی کەتۆ ئامانجت دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆت بێت؟**

عادل باخەوان: بێگومان من هاودەنگم لەگەڵ جەنابتدا، بەڵام من بەشێوەیەکیتر شتەکان دەبینم، من پێموایە ئیسلامی سیاسی لەساڵی(١٩٩٤)ەوە پشتی کردۆتە پرۆژەکەی ئیسلامیسم، ئالەوێدا تۆزێك جیاوازم. لە(١٩٩٤)ەوە، واتە لەدوای قۆناغی بەریەککەوتنەوەو لەدوای دروستبوونی "یەکگرتوو"ەوەو لەدوای تێکەڵبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی بەحکومەتەوە، قبوڵکردنی ئەوەی کەبڕواتە ناو حکومەتەوە، ئیتر ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا هەموو چرکەیەك هەنگاوێك لەئیسلامیسمو ئیسلامیسمی ئەنتەرناسیۆنالیزەکراو دوور دەکەوێتەوەو هەنگاوێك لەئیسلامی ناسیۆنالیزەکراو نزیکدەبێتەوە. چرکەی(٢٠٠٣) چرکەی کۆتایی پێهاتنی رادیکاڵی ئیسلامی سیاسییە لەگەڵ ئیسلامیسمدا، ئیسلامی سیاسی لە(١٩٩٤)ەوە پشت ئەکاتە ئیسلامیسم، بەردەوام هەر هەنگاوێکی دوورکەوتنەوەیەکە لەئیسلامیسم نزیککەوتنەوەیەتی لەئیسلامی ناسیۆنالیزەکراو، بەڵام لە(٢٠٠٣)دا ئیتر ئەم دێبایە کۆتایی پێدێت، کۆتایی پێدێت بەشێوەیەکی رادیکاڵانە. بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەو جیهانبینییەی نەبوو؟ لەبەرئەوە بزوتنەوەیەکی سیاسی لەناو

مێژوویەکی کۆمەڵایەتی درێژدا دروستدەبێت. ئاخر ئەم مێژووە کۆمەڵایەتییەی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی ناسیۆنالیزەکراو بۆ کامڵبوونو دروستبوونی جیهانبینیەکی نویٚ لای بزوتنەوەیەکی سیاسی ئەسڵەن تەمەنێکە وەك تەمەنی پەپوولە، واتە زۆر زۆر کورتە. لەبەرئەوە بەکورتی ئەیڵێم دروستبوونی ئەو ئەزموونە پەیوەستی بەمێژوویەکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کەئەوان نەیانبوو، کەپێویستیان پێیەتی، کەبەردەوامیش دووپاتی دەکەنەوە کەئێمە تازە هاتووین پێوسیتمان بەکاتە.

**سەلام عەبدولکەریم: لەبەرامبەر جموجوڵی ئیسلامیدا گوتارێکی عەلمانی هەیە، کۆمەڵێك هێزی عەلمانی هەیە(ئەگەر بابەتیو زانستی بێت واناویان بنێین)، بەڵام سەیردەکەی ئەم هێزە عەلمانییانە بەبیٚ کەرەستەی زانستی، بەبیٚ بوونی ناوەندێکی توێژینەوەو زۆر پێداویستیتر لەململانێیەکی گەورەدان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، تۆ جاریٚ سەرنجت چییە لەسەر هێزی عەلمانی لەکوردستان؟ پێتوایە ئایندەی ئەم ململانێیانە بەرەو کویٚ دەڕوات؟ بەرەو بردنەوەی ئیسلامی سیاسی، یاخود بەرەو سەرکەوتنی ئەوەی کەپێی دەوترێت گوتاری عەلمانیو هێزە عەلمانییەکان؟ بەشێك لەهێزە عەلمانییەکان پێیانوایە ئیسلامی سیاسی لەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی دروستبووە، ئەمانە مەترسین لەسەر ناسنامەی کورد، مەترسین لەسەر دەستکەوتی کورد. لەم نێوەندەدا لێکدانەوەت چییە؟**

عادل باخەوان: لەڕاستیدا ئەو پرسیارە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام هەمیشە سەر لەخەڵکانی بواری زانستیش ئەشێوێنێت، تێکی دەدات، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتیو لەکوردستاندا بەتایبەتی کاتێك باسی عەلمانی ئەکەین، ئەو هێزانەی کەگوزارشت لەعەلمانییەت دەکەن، یەکسەر بەراستی سەرمان لێتێکدەچێت، مەبەستمان لەعەلمانییەت چییە؟ مەبەستمان سیکۆلاریسمە یان لایستێیە. لەبەرئەوە من تائێستا لەوەتەی هاتوومەتەوە بەردەوام ئەپرسم لەڕۆشنبیرانی کورد، لێیان ئەپرسم ئەریٚ ئێوە جیاوازی ئەکەن

لەنێوان لایسیتێ‌و سیکۆلاریسمدا؟ کاتێك ئەڵێن عەلمانییەت مەبەستتان چییە؟ مەبەستتان لایسیتێیە یان سیکۆلاریسم؟ رۆشنبیرانی پلەیەك نازانن تائێستا ئەم دووانە چ جیاوازییەکیان هەیە.

ئەمە وای لێکردم توشی شۆك بم، توشی شۆك بم بەوەی، کەچۆن رۆشنبیرانی کورد تائێستا کەباس لەعەلمانییەت دەکەن نازانن مەبەستیان کامەیە، دەرەنجام گەیشتوونەتە ئەوەی، کە بەهەڵە ئێمەیان لەعەلمانییەت تێگەییاندووە، عەلمانییەت نازانم چییە، عەلمانییەت لەهیچ زمانێکدا بوونی نییە، لەزمانی عەرەبیشدا ململانێی نێوان دەوڵەت‌و ئایین، قسەکردن لەسەر پانتاییە گشتییەکان‌و پانتاییە تایبەتییەکان لەسەرەتاوە قسەکردن‌و دێباو دیالۆگێکی عەرەبی نییە، لەسەرەتاوە دیالۆگو دێبایەکی فەرەنسییە، دوای خۆی ئەکات بەئەڵمانیادا، خۆی دەکات بەبەریتانیادا، خۆی ئەکات بەئەمەریکادا، خۆی دەکات بەهەموو وڵاتانی ئەوروپاو وردە وردە خۆی ئەکات بەتورکیادا، ئینجا بەئێراندا، دوای ئەوە عەرەبەکانیش دێنە سەر سفرەی حازری. عەرەبەکان دێنە سەر سفرەی حازری، بێگومان هەموویان ئاگادارن لەناسیۆنالیسمی عەرەب کەخۆیان بە(شعب اللة المختار) دەزانن، بە(کنتم خیر الامة) خۆیان بەباشترین ئوممەت دەزانن، ئینجا ئەم باشترین ئوممەتە پێویستە هەموو شتێك تەعریب بکات، هەموو شتێك، ئەگەر هەرنەشی بێت ئەبێت تەعریبی بکات، ئەبێ شتێکی بۆ بدۆزێتەوە.

لەهەموو جیهاندا وشەی لایسیتێ وەرناگێڕدرێت نەبۆ ئینگلیزی، نەبۆ ئەڵمانی، نەبۆ هۆڵەندی، نەبۆ هیچ زمانێك‌و توانای وەرگێڕانی وشەی لایسیتێی نییە، تۆچۆن وەریدەگێڕیت بۆ زمانی عەرەبی؟ ئینجا کەوەریشتگێڕاوە پێم بڵێ جیاوازی چییە لەنێوان عەلمانییەت‌و لایسیتێدا؟ لەنێوان عەلمانییەت‌و سکۆلاریسمدا، تۆپێمناڵێی ئەم جیاوازییە چییە؟ کەمن لەعەرەبەکان دەپرسم لەپاریس ئێوە کەدەڵێن عەلمانییەت مەبەستتان چییە؟ هێشتا ئێمە لەکوردستاندا تێنەگەیشتووین بەوەی کەئێمە هێزی لائیکین یان سیکۆلارین،

ئینجا چۆن ئیدیعای ئەوەبکەین ئێمە لائیکین یان سیکۆلارین؟ ئیسلامییەکانی کوردستان، تائێستا ئیسلامییەکم بۆبێنە لەسەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بابێت پێم بلێ من کاتێك لەعەلمانییەت قسە دەکەم، قسە لەکامیان دەکەم، قسە لەسیکۆلاریزم دەکەم، یان قسە لەلایسیتێ دەکەم؟ بۆ نموونە ئیسلامییەکانی فەڕەنسا ئەمەیان تێپەڕاندووە، یەکێکی وەك(تارق رەمەزان) کەخۆی کوڕی بچوکی(حەسەن بەننا)یە، ئێستا بەشێوەیەك لەشێوەکان گوزارشت لەموسولمانانی ئەورووپا دەکات، ئەو ئەلێ من لایسیتێم قبولە، بەلام کابرایەکی سیکۆلار نییە. بەکورتی باپێناسەیەکی هەردووکیان بکەم هەروا بەخێرایی: لایسیتیە: بریتییە لەیاسا، بریتی نییە لەپرۆژەیەکی فیکری، بریتییە لەیاسایەك کە لەدادگا بڕیار ئەدرێت پیاوەکانی سیاسەت بۆیان نییە ئیتر دەستبخەنە کاروبارە ئاینییەکانەوە، واتە بەئاینییەکان بلێن تۆ ئەم نۆڕمە، ئەم دۆگمە ئەبێت ئاوابێت، ئەبێت ئاوانەبێت. بۆنموونە پیاوانی سیاسەت بۆیان نییە بەکێلگەی ئایینی بلێن وەللا تۆ ئەبێت حوکمی مورتەد هەلبوەشێنیتەوە، وەللا تۆ دەبێت حوکمی فرەژنی هەلبوەشێنیتەوە، تۆ ئەبێت ئەمە نەکەی ئەمە بکەی، ئەمانە ئەو کێلگەو نۆرمانەن کەپەیوەندییان بەکێلگەی ئاینییەوە هەیە. پیاوی سیاسی بۆی نییە بێت بەکێلگەی ئایین بلێت تۆ ئەبێت دان بنێیت بەیەکسانی پیاوو ژندا، ئەمە یەکێکە لەو دۆگمانەی کە لەقورئاندا هاتووە، تۆ ناتوانیت بیگۆڕیت. لەهەمانکاتدا پیاوانی کێلگەی ئایینی بۆیان نییە بەهیچ شێوەیەك دەستکاری کێلگەی سیاسی بکەن، بێن بەئەکتەرەکانی کێلگەی سیاسی بلێن ئەبێت ئەو نۆرمانە بگۆڕن، ئەبێت پەرلەمان وابێت، ئەبێت هەلبژاردن وابێت، ئەبێت پانتاییە گشتییەکانی کۆمەلگە وابێت، ئەمە بەیاسا رێکدەخرێت، ئەمە یاسایە، ئەمە بریتییە لەلایسیتێ، بەیاسای لایستێ دێن کێلگەی سیاسیو کێلگەی ئایینی لەیەك جیادەکەینەوە. بەلام سیکۆلاریسم بریتییە لەچی؟ سیکۆلاریسم بریتییە لەبیناکردنی، پەروەردەکردنی دوورکەوتنەوە لەپانتاییە گشتییەکانی فلان کەسدا لەسەر ئەو بەهایانە کەئایینی نین. بۆنموونە لەپانتاییەکی گشتیدا

من بەو شێوەیە دەردەکەوم، ئەو بەهایانە مۆبیلیزە ئەکەم، ئەو بەهایانە بەکار ئەهێنم کەبەهای ئایینی نین. نمونەیەکت بدەمێ، لەبەریتانیا دەوڵەت بێ ئایین نییە، دەوڵەت ئاینێکی رەسمی هەیە، کەبریتییە لەکریستیانیسمی پرۆتستانت. بەڵام کۆمەڵگە چییە؟ کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی سیکولارە، خەڵکی پانتاییە گشتییەکان ئەسڵەن هیچ پەیوەندییەکیان بەئایینەوە نییە، لەفەرەنسا دەوڵەت لائیکە، کۆمەڵگەش سیکولارە، لەتورکیادا دەوڵەت لائیکە، کۆمەڵگە سیکولار نییە، بەڵام کوردستانی ئێوە چیتان دەوێت؟ پێمبڵێ عەلمانییەکانی کوردستان کامەن؟ ئیسلامییەکانی کوردستان کەڕەخنە لەعەلمانییەکان دەگرن، رەخنە لەکامیان دەگرن لەم دووانە؟

**سەلام عەبدولکەریم:چ سەرنجێکت لەسەر عەلمانییەت لەلای هەندێك لـەهێزە سیاسییە کوردییەکان هەیە؟**

عادل باخەوان: راستییەکەی باس لەو تاکوتەرا ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە سیاسییانە ناکەین کە تائاستێکی باش لەچەمکی سیکولاریسم یان لایستێ تێگەیشتوون، بۆیە ئەو دوو چەمکە بەکاردەهێنم، چونکە لەڕاستیدا عەلمانییەتی عەرەبی هەردووکی تێکەڵدەکات بەیەکەوە، ئەمە وەکو تاك، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی، لەسەر ئاستی هێزی سیاسیو هێزی کۆمەڵایەتی پێموایە لەسەر ئەم ئاستە تێنەگەیشتنێکی بەرفراوانی بکوژی کوشندە هەیە لەجیانەکردنەوەی چەمکی سیکولاریسم لەلایسیتێ. ئەو هێزانە کەئەمڕۆ خۆیان وەك هێزی سیکۆلار یان لائیك، یان با بەکوردیو عەرەبییەکەی بیلێین خۆیان وەك هێزی عەلمانی ئەناسێنن‌و خۆیان ئەخەنە سەر شانۆ لەکوردستاندا، تائەم چرکەیە بەئێمەیان نەوتووە، ئێمەی خەڵکی کوردستان، پێیان نەوتوین مەبەستیان لەعەلمانییەت، سیکولاریسمە یان لایسیتێیە. جائەگەر بێتو بەکورتی ئێمە پێناسەیەکی ئەم دووانە بکەین رەنگە کارێکی خراپ نەبێت.

لایسیتێ بریتییە لەو کارەی لەناوچەی یان لەزۆنی یاسادا کار دەکات، پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە نییە، شوێنی کارکردنی دادگاکانە، واتە بەیاسا

لەدادگاکاندا کێڵگەی سیاسیو کێڵگەی ئایینی لەیەکتر جیادەکەینەوە، نموونەیەکی سادە بخەمە بەردەستت: لەئایینی کریستیانیسمی کاتۆلیکدا لەباربردنی منداڵ قەدەغەیە، بەڵام بەپێی یاسای فەرەنسی ئافرەت مافی ئەوەی هەیە مناڵەکەی لەباربەرێت، ئێمەچی بکەین؟ ئایا کەنیسە بێت، یان ئایین بێت، جمهورییەت ناچار بکات بەوەی کەئەم یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە یان نا؟ یان جمهورییەت مافی ئەوەی هەیە بێت ئایینی کریستیانیسم ناچار بکات بەوەی کەئەم دۆگمە ئاینییە، یانی لەباربردنی منداڵ، هەڵبوەشێنێتەوەو لەناو ئاینەکەدا لای ببات، چونکە دۆگمێکی کۆنەپەرستانەیە یان نا؟پرسیاری سەرەکی ئەمەیە. بۆنموونە لەئایینی کریستیانیسمدا ئافرەتێك مافی ئەوەی نییە ببێت بەقەشە، هەموو جمهورییەتی فەرەنسیش لەسەر سیّ پرەنسیپ دامەزراوە، یەکێك لەپرەنسیپەکان بریتییە لەیەکسانی نێوان ژنو پیاو، هەموو ئەو پۆستانەی پیاو ئەتوانیّ هەیبێت، ژنیش ئەبێت هەیبێت، ئەمە یەکێکە لەپرەنسیپەکانی جمهورییەت، لەناو ئەم جمهورییەتەدا کریستانیسمو ئیسلامو جودایسمو بودایسمو هەموو ئەمانە ئایینو هەن. یەکێك لەوانە کریستیانیسمە، کریستیانیسم بەپێی ئایینەکەی دۆگمێك هەیە قبوڵی ناکات کەئافرەت ببێت بەقەشە. ئێستا لێرەدا دوو حاڵەتمان هەیە یان ئەوەیە جمهورییەت ئەبێت تەداخول بکات، بڵێت ئەم ئایینە لەبەرئەوەی ئەم دۆگمە کۆنەپەرستەی هەیە ئەبێت هەڵیبوەشێنێتەوەو لایبەرێت، بۆئەوەی ببێت بەئایینێکی مۆدێرن، یان ئەوەیە کەئەم دووانە لەیەکتر جیابکرێنەوە، جمهورییەت هاتووە لێکجیاکردنەوەکەی هەڵبژاردووە.

واتە جمهورییەت نایەت بڵێت ئایینی کریستیانیسم تۆ ئایینێکی دواکەوتوویت، کۆنەپەرستی، ئەگەر ئەم شتانەت نەگۆڕیت. نا جمهورییەت دێت ئەڵێت بەپێی یاسا ئێمە ئەم دوو دۆمێنە، ئەم دوو مەیدانە لەیەکتری جیادەکەینەوە، مەیدانی سیاسەت لەگەڵ مەیدانی ئاییندا. بۆنموونە پیاوانی ئایین نایەن بیسەپێنن بەسەر هەمووماندا بڵێن نابێت ئەو ژنە وەزیر بێت،

وەزیری بەرگری بێت، چونکە وەزیری بەرگری فەرەنسا تاماوەیەك لەمەوپێش ئافرەتێك بوو، وەزیری ناوخۆی فەرەنسا ئێستا ئافرەتێکە، ئەوەی خۆی کاندید کردبوو بۆ سەرۆکایەتی جمهوری فەرەنسا(سێگۆلین رۆیال) ژنێکە، ژنێکە چوار منداڵی هەیە هێشتا شوی نەکردووە، ئەمە بەپێی ئایینی مەسیحییەت کارەساتە، ئەمە کۆتایی جیهانە. ژنێك شوی نەکردووە خۆی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی جمهور، ئەمە هەر کوفرێکە نابێت بکرێت، بەڵام ئایا پیاوانی مەسیحییەت دێن دەستکاری ئەمە بکەن؟ نا، ئەمە بریتییە لەلایسیتیٚ. سیکۆلاریسم بریتییە لەچی، سیکۆلاریسم بریتییە لەبیناکردنی پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگەیەك لەسەر ئەو بەهایانەی کەبەهای ئایینی نین، ئەمەش بەشەڕ نابێت لەگەڵ ئاییندا. بەڵکو بەململانێیەکی مەدەنییانە، واتە بەپەروەردەی کۆمەڵایەتی ئەکرێت، پەروەردەی کۆمەڵایەتیش کردەیەکی مەدەنییە، نەك کردەیەکی چەکدارانەو خوێنڕشتنانە، تۆ لەکوردستاندا چیت دەوێت، ئایا "سیکۆلاریسم"ت ئەوێت یان لایسیتیٚ؟ بۆنموونە لەفەرەنسا دەوڵەت لائیکە کۆمەڵگەش سیکۆلارە، لەبەریتانیا دەوڵەت لائیك نییە، چونکە ئایینێکی رەسمی هەیە کەبریتییە لەکریستیانیسم، بەڵام کۆمەڵگە سیکۆلارە، لەتورکیادا دەوڵەت لائیکە کۆمەڵگە سیکۆلار نییە، ئەی کوردستانی ئێمە؟ گرفتەکە ئەوەیە ئایا پارتیو یەکێتی، سۆسیالیستو زەحمەتکێشانو شیوعیو کۆمۆنیست، کامیان لەمانەیان ئەوێت سکۆلاریسم یان لایسیتیٚ؟ ئینجا ئیسلامییەکان کاتێك رەخنە لەعەلمانییەت ئەگرن، رەخنە لەکامیان دەگرن لەسیکۆلاریسم یان لایسیتیٚ؟ بۆ نموونە موسوڵمانەکانی فەڕەنسا لایسیتێیان قبوڵە، بەڵام سیکۆلاریسمیان قبوڵ نییە.

بۆنموونە(تارق رەمەزان) کەوەکو نوێنەری موسوڵمانەکان لەئەورووپا زۆرجار ئەخرێتە سەرشانۆ بەئاشکرا ئەڵێت ئێمە لایسیتێمان قبوڵە، بەڵام بەئاشکراش هاوپەیمانی ئەکات لەگەڵ مەسیحییەکانو جولەکەکانو بودیستەکاندا دژی سیکۆلاریسم، هەموویان یەکدەنگن، بەڵام گرفتی ئێمە لەچیدایە؟ لەوەدایە

کەعەلمانیەتی کوردی تائێستا نازانێت کامیان لەمانەیان ئەوێتو ئیسلامیستە کوردییەکانیش نازانن لەگەڵ کامیاندا شەڕ دەکەن.

**سەلام عەبدولکەریم: لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی بەڕێزت، ئێمە دەتوانین بڕوا بەوە بهێنین کەبەکرداری هێزی عەلمانی بە(ی.ن.ک و پ.د.ک)یشەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە؟**

عادل باخەوان: ئەم دوو هێزە کەباستکردن، دوو هێزن لەناو پرۆسێسی خۆبەسیکۆلاریزەکردندان. واتە تائەم چرکەیەش دوو هێزی سیکۆلارنین، بەڵام لەناو پرۆسێسێکدان کەئەیانەوێت خۆیان سیکۆلاریزە بکەن. سیکۆلاریزم بریتییە لەچی؟ بریتییە لەمێژووی چوونە دەرەوە لەئایین، ناڵێم دژایەتیکردنی ئایین، ئەڵێم چونە دەرەوە لەئایین. چونە دەرەوە لەئایین مەبەست چییە؟ مەبەست ئەوەیە ئێستا تۆ وەرە ستاتیتیستێك بکە لەفەرەنسادا، لەسەدا نزیکەی شەستی فەرەنسییەکان ئاییندارن، ئایینیان هەیە، بەڵام لەسەدا هەشتای فەرەنسییەکان هاتوونەتە دەرەوە لەئایین، بەمانای ئەوەی ئیتر ئایین ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو دەروونیو کولتورییان رێکناخات، بەڵکو بەها مرۆییەکان ئەو پانتاییانە یەك لەدوای یەك رێکدەخات. بۆنموونە پەیوەندی ژن بەپیاوەوە، پەیوەندییەکەن کەبەها گەردونییە مرۆییەکان رێکیدەخات، پەیوەندی کوڕ بەباوکەوە، پەیوەندی کچ بەدایکەوە، پەیوەندی مناڵ بەخانەوادەوە، پەیوەندی دراوسێ بەدراوسێوە، پەیوەندی کرێکار بەسەرکارەکەیەوە، پەیوەندی خوێندکار بەزانکۆکەیەوە، پەیوەندی پرۆفیسۆر بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە، پەیوەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەدەوڵەتەوە، کۆی شتەکانی کۆمەڵگەیەك لەسەر ئەو بەهایانە بینا ئەکرێت کەبەهای نائایینین. لەبەرئەوە کەدەڵێیت ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو حزبی سیکۆلارن؟ لەوەڵامدا پێت ئەڵێم لەم چرکەیدا نا، بەڵام پرسیارێکم لێبکە ئایا ئەیانەوێت خۆیان سیکۆلاریزە بکەن؟وەك تیۆری وەڵامت ئەدەمەوە، بەڵێ لەسەر ئاستی تیۆری ئەم دوو حزبە بەردەوام گوتاری سیکۆلاریزم بەرهەم دەهێنن، ئەیانەوێت

خۆیان وابخەنە سەرشانۆ کەدوو حزبی سیکۆلارن، بەڵام ئەم سیکۆلاریسمەی "پارتیو یەکێتی" یەك بست لەئاستی تیۆری تێپەڕ ناکات، بۆچی؟ چونکە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا ستراکتۆرێك هەیە کەستراکتۆرەکانی تر دروست ئەکات، کەپێی دەوترێت ستراکتۆری باڵا، کەلێرەوە تەماشای خوارەوە ئەکات.

ئەم ستراکتۆرەش ستراکتۆرێکی ئاینییە سەد لەسەد، ئایینی پوختە هیچ شتێکیتری تێکەڵ نییە. ئەم ستراکتۆرە لەئەمڕۆو دوێنێو سبەینێو ئەمانەدا دروستنابێت، بەدەساڵو پانزەساڵو بەسەد ساڵ دروستنابێت، لەمێژوویەکی هەزار ساڵەدا دروستبووە ئەم ستراکتۆرە، مێژوویەکی کۆمەڵایەتی سیاسی هەزار ساڵەدا بووە بەستراکتۆرێکی دروستکەری ستراکتۆری تر، یانی دروستکەری ستراکتۆری ئەخلاقیو کولتوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەوانە، سەیربکە ئەگەر بتەوێت ببی بەحزبێکی سیکۆلار تاکەڕێگە لەبەردەستدا بریتییە لەهاتنە دەرەوە لەم مێژووە. تائێستا پارتیو یەکێتی نەیانتوانیوە لەم مێژووە بێنە دەرەوە، بۆیە وەڵامەکە نەخێرە، پارتیو یەکێتی لەکوردستانداو بەشێوەیەکی گشتی حزبی سیکۆلارمان نییە، بەڵام حزبمان هەیە لەناو پرۆسێسی خۆ سیکۆلاریزەکردندان.

**سەلام عەبدولکەریم: لەگوتاری عەلمانیدا بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی کوردی، دوو دیدی جیاواز هەیە، یەکێکیان پێی وایە ئەم هێزانە نامۆن بەکۆمەڵگەی کوردیو لەدەرەوە هاتوون، ئەویتریان پێیوایە ئەو هێزانە لەدایکبووی کۆمەڵگەی کوردین، بەڵام نەتوانراوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، رای بەڕێزت چییە؟**

عادل باخەوان: ئیسلامی سیاسی کوردی نەلەدەرەوە هاتوون، نەبەرهەمێکی راستەوخۆی بێکارایی دەرەوەن. من لەدەرەوەی هەردوو ئەو بۆچوونەدا کاردەکەم، من پێموایە لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆژیا ئیسلامی سیاسی کاراییەکی راستەوخۆی دەرەوەی لەسەرە وەك فیکر، وەك ئایدۆلۆژیا، وەك جیهانبینی. بێگومان تا(برایانی موسوڵمان) لەمیسر دروستنەبێت لە(١٩٢٨)، برایانی

موسوڵمان لەکۆتایی چلەکانو سەرەتای پەنجاکان لەکوردستاندا دروستنابێتو نەشبووە، کەدروستیش بووە راستەوخۆ ئینتیمای خۆی بۆ ئەو شوناسە گشتگیرە راگەیاندووە، ئەمە وەکو جیهانبینی، بەڵام هەر لەهەمانکاتدا ئەم ئیسلامی سیاسییە کەدروست ئەبێت، مەلا عوسمان، مەلا عەلیو سدیق عەبدولعەزیزو سەلاحەدین محەمەد بەهائەدینو مەلا عومەرو ئەمانە بەپەڕەشوت لەئەفغانستانو قاهیرەوە نەمانهێناون فرێیان بدەینە هەڵەبجە، بەڵکو خۆیان بەباو باپیرو بەرەگەزی کۆمەڵایەتییاندا لەناو ئەم کوردستانەدا لەدایکبوون، گەورەبوون، یانی پشتاوپشت ئەگەڕێنەوە بۆ ئەم خاکەی کەپێیدەوترێت کوردستان. منالی ئەم کوردستانەنو لەکوردستاندا گەورەبوون، دروستبوون، بیناکراون، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، کولتوری، سیاسی ، سایکۆلۆژی، لەسەر هەموو ئاستەکان. بۆیە هەڵەیەکی گەورە ئەکەین کەپێمانوابێت ئەمانە بەپەڕەشوت فرێدراونەتە ناو(هەڵەبجەو خورماڵو سلێمانیو بیارەو تەویڵەو دهۆكو هەولێرو کەرکوكو رانیەو قەڵادزێ)وە. نەخێر، ئەمانە لەناو ئەم ئاوو هەوایەدا دروستبوون، گەورەبوون، ئەم ئاوو هەوا کۆمەڵایەتییە، ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەڵەیەکی گەورەش دەکەین لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆژیا گەر پێمانوابێت ئەم کەسایەتییانە، ئەم ئەکتەرە سیاسییانە خۆیان لەخۆیانەوە هاتوون قوتابخانەیەکی ئیسلامی سیاسییان دامەزراندووە. نا، لەژێر کارایی برایانی موسوڵماندا بووە لەسەرەتاوە، دواتر لەژێر کارای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، دواتر شۆڕشی ئیسلامی ئەفغانستان، پاشان شۆڕشی ئیسلامی سودان، دواتر ئیسلامی عەرەبی سعودی، هەموو ئەم قوتابخانانە بەشێوەیەکی گشتی چەند قوتابخانەیەك کاری کردۆتە سەر ئیسلامی سیاسی کوردی، یەکێك لەوانە قوتابخانەی میسری(برایانی موسوڵمان)، یەکێك لەوانە قوتابخانەی سەلەفی سعودی، یەکێك لەوانە قوتابخانەی ئێرانی، یەکێك لەوانە قوتابخانەی ئەفغانی، یەکێك لەوانە قوتابخانەی ترادسیۆنێلی کوردی کەکاراییەکی

راستەوخۆی هەبووە بەسەر ڕەوتی ئیسلامی سیاسییەوە لەکوردستاندا، بۆیە من ئا بەو شێوەیە هەردوولا ئەبینم.

**سـەلام عەبدولکـەریم: بیروڕایـەك لـەناو عەلمانییەکانـدا هەیـە پێـی وایـە، کەئیسلامی سیاسی کوردی مەترسی بۆسەر تێکشکاندنی ناسـنامەی نەتـەوەیی کورد هەیە، لەکاتێکدا لەئێستاداو بەپێی ئـەو گۆڕانـە قۆناغبەندییـەی کەپێشتر بەڕێزیـشت باسـتکرد، ئێـستا ئیـسلامییەکان لەعەلمانییـەکان زیـاتر خۆیـان بەنەتەوەیی تر دەزانن‌و دروشمی نەتەوایەتیشیان بەرزکردۆتەوە؟**

عادل باخەوان: ئەو قسە شەرعییەتێکی هەیەو شەرعییەتێکیشی نییە، شەرعییەتێکی هەیە، چونکە ڕاستە بەشێك لەئیسلامی سیاسی ئەنتەرناسیۆنالیزەکراوی ڕادیکاڵیزەکراو کەبریتییە لەنیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان، جیهانبینی خۆیان لەسەر شکاندنی شوناسە لۆکاڵی‌و ناسیۆنالەکان بیناکردووە، بۆ ئەم تەوژمە کەخۆی لەکەتیبەکانی "القاعیدة" لەکوردستان‌و پێشتر ئەنسارولئیسلام‌و دواتر جوندولئیسلام‌و ئەمانەدا ئەبینێتەوە، ئەوان لەسەر چەند چەمکێك کاردەکەن کەبریتییە لەچەمکی ئوممەت‌و لەسەر چەمکی شەریعەت‌و لەسەر چەمکی خیلافەت، هەموو ئەمانەش ئەگەر بێت‌و لەسەر زەمینێکی کۆنکرێت دروستنەکرێت، بەلای کەمەوە ئەوان، ئەتوانن بەشێوەیەکی ڤێرتیۆڵ دروستی بکەن(ڤێرتیۆڵ واتە لەسەر ئینتەرنێت، یاخود لەخەیاڵدانا، یاخود لەپەیوەندی ئەلیکترۆنیدا یەك یەك بەیەکترییەوە). واتە ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی لەڕابردوودا زەمین‌و زەمانێکی هەبووبێت، ئەوا لەئێستادا بۆ نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان کەئەکرێت کوردبن ، عەرەب بن، تورك بن، فارس بن، فەرەنسی بن، ئەمەریکی بن، ئەکرێت لەئێستادا ئەو ئوممەتە ئوممەیەکی ئەلیکترۆنی بێت.

وەکو چۆن ئێستا کوردستانمان نییە، دەوڵەتێکی کوردی لەم چرکەیەدا وەك فیزیك نییە، بەڵام لەسەر ئینتەرنێت دەوڵەتێکی کوردیمان هەیە کەڤێرتیۆڵە، مارشی خۆی هەیە، ئاڵای خۆی هەیە، ڕیتیۆلی خۆی هەیە، کۆمەڵێك نۆرم هەیە

ئەبیات بەڕێوە، ئەگەر بڕۆیتە سەر ئینتەرنێت ئەیبینیت لەژوورەکانی پاڵتاکدا. هەروەها ئوممەتی ئیسلامیش، ئالەم چرکەیەدا ئەم گروپانە بەڵێ ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەشوناسی کوردایەتی دەکەن، کاتێك دەڵێن کوردایەتی واتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەتەوەی دەوڵەتێکو دەوڵەتێکی نەتەوە، هەوڵدان بۆ دروستکردنی کێڵگەی سیاسی، هەوڵدان بۆ دروستکردنو گرەوو بەرژەوەندیو نۆرمو دۆگم لەناو ئەو کێڵگە سیاسییەدا هەموو ئەمانە رەت ئەکەنەوە، چونکە ئەو شوناسەی کەئەوان کاری لەسەر دەکەن، شوناسێکە هەموو ئەم سنورە تەسکانە تێئەپەڕێنێت، شوناسێکە کە لەسەر هەموو ئەمانەوەیەو بریتییە لەشوناسی ئوممەت. ئەمە ڕاستە تائێرە، بەڵام لەهەمانکاتدا مامەڵەکردن لەگەڵ(یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە) وەك ئەوەی کەمامەڵە ئەکەین لەگەڵ ئەم نیۆ-فۆندامۆنتالیستەدا هەڵەیەکی میتۆدۆلۆژییە کەهەر سیاسییەکی کورد بیکات، کۆتاییەکەی بەزیانی کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی تەواو ئەبێتو بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی پانتایی کۆمەڵایەتیو سیاسی کوردستاندا نییە، بۆچی؟ چونکە وەکو خۆت ئەڵێیت ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەسەر کەناڵی(الجزیرة) لەبەرامبەر(ئەحمەد مەنسور)ێکدا کەیان ناسیۆنالیسترین عەرەبەو زۆر بەتوندی دژایەتی کوردایەتیو کوردبوونو هەموو ئەو شتانە ئەکات کەبۆنی کوردی لێبێت، سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لەبەرامبەر ئەمەدا وەك توندترین ناسیونالیستی کوردی خۆی ئەخاتە سەر شانۆو باس لەشەرعییەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئەکات، هەروەها کۆمەڵو هەروەها بزوتنەوەش بەهەمان شێوە. بۆیە من پێتدەڵێم ئەوانەی کەئەم بۆ چوونەیان هەیە بەڕاستی بۆچوونێکە فری بەئەکادیمیاو زانستو مەنهەجو میتۆدۆلۆژیاوە نییە، بەڵکو شەڕێکی ئایدۆلۆژییە کەبەئەوانەی ئەفرۆشن. ئەگینا ئەگەر لەسەر میتۆدۆلۆژیاو زانست کاریان بکردایە لەبری ئەو شەڕە هەوڵیان ئەدا زیاتر ئەنتیگرە(ئاوێتە)ی ئەم سێ بزوتنەوە گەورەی ئیسلامی سیاسی بکەن لەناو کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالدا، بۆچی؟ چونکە بەسنوری "ئەنتیگرەکردنی"واتە ئینديماجکردنی ئەم

سیّ بزوتنەوەیە لەناو کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالدا، ئەوان دوور ئەکەونەوە لەچەمکی ئوممەتو شەریعەتو خیلافەتی ئیسلامیو لەئیسلامی رادیکاڵیزەکراو، بەسنوری تێکەڵبوونیان بەکایەکانی کێڵگەی سیاسی کوردی زەبرو زەنگی فیزیك لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کەم ئەبێتەوە، بەسنوری تێکەڵبوونیان بەکایە سیاسییەکان پشت ئەکەنە چەمکی جاهیلییەت، بەسنوری تێکەڵبوونیان بەگەمەی هەڵبژاردن ماڵئاوایی یەکجاری ئەکەن لەتۆتالیتاریسمو دیکتاتۆرییەت، هەموو ئەمانە لەبەرژەوەندی پانتاییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندایە.

**سەلام عەبدولکەریم: بیرو بۆچوونێك هەیە ئیسلامی سیاسی پۆلێن دەکات بەسەر دوو بەشدا، ئیسلامی سیاسی میانڕەو لەگەڵ ئیسلامی سیاسی توندڕەو، لەهەمانکاتیشدا رایەکی تر هەیە پێی وایە ئەمانە هەموویان هەڵگری یەك ئایدۆلۆژیاو بەرنامەن، بەڵام جیاوازییەکیان لەخەباتی سیاسی رۆژانەیاندا جیایە، ئەگەر هەر لایەکیان دەسەڵات بگرنە دەست لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئیتر میانڕەو بێت یان توندڕەو؟**

عادل باخەوان: من ئەم بۆچوونە بەبۆچونی ئیسلامۆفۆبەکان ئەزانم، "ئیسلامۆفۆب"واتە ئەو کەسەی کەهەر لەبناغەوە خۆی وەکو دژێکی ئیسلام وەك ئایین ئەخاتە سەر شانۆ، کاتێك کەئیسلامۆفۆبیشن هەموو پێوەرە میتۆدۆلۆژیو زانستییەکان ئەخەینە ئەولاوەو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەو دژایەتییە شەخسییەیە کەخۆمان هەمانە لەگەڵ بەرامبەرەکەماندا ئیتر بەرامبەرەکەمان ئاینێك بێت، کەسایەتییەك بێت، یان هەر چییەك بێت.

ئێمە دوو گروپمان هەیە فۆندامۆنتالیستەکان کەبریتیین لە(یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە)، لەگەڵ نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان کەبریتیین لەئیسلامی رادیکاڵیزەکراو،واتە جوندولئیسلام دوایی کەبووە بەئەنسارولئیسلام، ئینجا ئێستا کەبووە بەکەتیبەکان، ئینجا ئێستا کەخەریکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنسارو لئیسلام. وەرە سەیری تەفسیری ئەم دووانە بکەبۆ(خودا) یەك تەفسیریان نییە بۆ(خودا)، لەجیهانبینی ئەواندا(خودا) بەدوو شێوەی جیاواز ئەبینرێت، پێغەمبەر

بەدوو شێوەی جیاواز ئەبینرێت، قورئان بەدوو شێوەی جیاواز تەفسیر ئەکرێت، ئەخلاق بەدوو شێوەی جیاواز تەفسیر ئەکرێت. ژیان بریتییە لەچی؟ ژیان بریتییە لەو شتانەی کە لەئێستاو لێرەدا منو تۆ ئەژین، بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی بریتییە لەچی؟ بریتییە لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فینۆمێنە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فینۆمێنە سیاسییەکان وەك پەرلەمانو حکومەتو دەسەڵاتو هەڵبژاردنو چۆنییەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ فینۆمێنە ئابورییەکان وەکو بانكو ئەوانیتر.

وەرە باتەماشای جیهانبینی نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بکەین لەگەڵ جیهانبینی فۆندامۆنتالیستەکاندا، زۆر جیاوازن، جیاوازییەکەیان جیاوازییەکی رادیکاڵە، بەڕادەیەك کەتەکفیکردنی گروپە فۆندامۆنتالیستەکان لەلایەن نیۆفۆندامۆنتالیستەکانەوە بووە بەشتێکی ئاسایی، وەکچۆن ئەوان ئامادەن تاڵەبانیو بارزانی تەکفیر بکەن، ئاواش ئامادەن سەلاحەدین بەهائەدینو عەلی باپیر تەکفیر بکەن. لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا یەکناگرمەوە، لەراستیدا ئەو بۆچوونە مەترسییەکەی لەوەدایە کەدیسانەوە لەکوردستاندا پەنابەرینەوە بەر جەنگی ناوخۆ. بانموونەیەکت بدەمێ لەکۆمەڵگەی فەرەنسیدا بزوتنەوەیەکمان هەیە بەناوی بزوتنەوەی "بەرەی نیشتمانی"، بەرەی نیشتمانی پێمانوایەو هەست بەوە ئەکەین ئەگەر بێتە سەر حوکم، ئەمڕۆ بێتە سەر حوکم، سبەینێ هەرچی رەشو عەرەب هەیە هەمووی ئەنێرێتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئەگەر لەناویان نەبەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئالەم چرکەیەو لەئێستاو ئێرەدا ئەم بزوتنەوەیە رێزی گرتووە لەستراتیژیو گرەوو بەرژەوەندییەکانی کێڵگەی سیاسیو فەرەنسی هیچ فەرەنسییەك نابینیت بڵێ ئەبێت(جامالی لۆپێن) حزبەکەی هەڵبوەشێتەوە، یان ئەبێت لەناوی بەرین، چونکە مەترسییە بەسەر داهاتووی فەرەنساوە.

لەوەش زیاتر مرۆڤی موسوڵمانی سەلەفی ئەبینیت بەئەوەندە ریشەوە تائێرە، دەرقاچەکەی هەڵکردووە تائێرە، سیواکێکی پێیە لەفەرەنسا، دێت بۆ

زانکۆ لەگەڵتا ئەخوێنێت، ناوترێ ئەمە هەرچرکەیەك رەنگە خۆی بکات بەبۆمبێكو بتەقێتەوە بەناو زانکۆدا، ناکرێت تۆ لەسەر ئەگەر ئیش بکەیت، من لەم چرکەیەدا پێموایە ئەم سێ بزوتنەوە گەورەیەی ئیسلامی سیاسی زۆر بەجوانی مومارەسەی سیکۆلاریسم ئەکەن، بۆچی مومارەسەی سیکۆلاریسم ئەکەن؟ چونکە ئەگەر بێتو بەشێك لەسیکۆلاریسم بریتی بێت لەوەی کەبەروژەوەندییەکانی گروپو تاك تەحەکوم ئەکات، چوارچێوەکانی رەفتاری تاكو گروپەکان دیاری ئەکات، نەك ئایدۆلۆژیا، نەك ئایین، ئەوە من پێت ئەڵێم ئەوەی کەئێستا(یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە) ئەیکات مومارەسەکردنی سیکۆلاریسمە لەحاڵەتە پوختەکەیدا، چۆن؟ چونکە ئایا یەکگرتوو کاتێك وەزارەتی داد ئەبات بەڕێوە، هەموو چرکەیەك ئەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام، بزانێت شەریعەت چی وتووە کاتێك ئەم وەزارەتە ئەبات بەڕێوە، کاتێك یەکگرتوو لەگەڵ ئەمەریکا دائەنیشێت بۆ ئەوەی رێککەوتننامە ئیمزا بکات، کاتێك کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن بەریتانیاوە دەعوەت ئەکرێت لەسەر ئاستی ئەمیرەکەیان بۆ لەندەنو شارەکانیتر، ئایا بەردەوام ئەگەڕێنەوە بزانن شەریعەت رێگەیان پێدەدات یان نا؟ کاتێك کەژنێکی ئەمەریکی کەقونسولگەری ئەمەریکا ئەبات بەڕێوە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەعوەت ئەکات لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا لەشوێنێکدا یەکتری ئەبینن، ژنێکی سەر رووتی قول رووت، روبەڕووی یەکتری دائەنیشنو قسە ئەکەنو نان ئەخۆن بەیەکەوە، دواییش لەسەر شەرەفی ئەوان پێکەوە نان ئەخۆن، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی بەردەوام ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا شەریعەت رێگە بەمە دەدات یان نا؟ نا، ئەوەی تەحەکوم دەکات بەکۆمەڵی ئیسلامی یان یاکگرتوو، یان بزوتنەوەوە، هەروەها پارتیو یەکێتی ئالەم چرکەیەدا، ئەو بەرژوەندییە سیاسییانەیە کەحزب داوای ئەکات، کەحزبی پێدەبرێت بەڕێوە، نەك بنەماکانی شەریعەت. ئینجا بۆ ئێمە بێین ئەم تەوژمە فۆندامۆنتالیستانە،وەك ئەو نیۆ–فۆندامۆنتالیستانە تەماشا بکەین کە لەسەر ئینتەرنێت یەکەیەکەخەڵك سەر ئەبڕن، تا ئەوکاتەی

یەکگرتووی  ئیسلامی لەڕێگە مەدەنییەکانەوە ئامادەیە دێباو گفتوگۆ لەگەڵ تۆدا بکات لەسەر ئەو شتانەی کەناکۆکە لەگەڵ تۆدا، تۆ مافی ئەوەت نییە دەستی بۆبەریت، بەڵام کاتێك پەلاماری زەبرو زەنگی فیزیکی دا، ئەوکاتە تۆبۆت هەیە ڕێگاکانی لێبگریت.

**سەلام عەبدولکەریم: بەڵام بیروڕایەك پێی وایە لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتدا هەندێ لەو هێزانە بڕوایان بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیو جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەت هەیە تۆ بیروڕات چییە؟**

عادل باخەوان: ئەوە پەیوەندی بەو هەلومەرجە  سۆسیۆپۆلەتیکییەوە هەیە، کەئەوان تیایدا ئەگەنە دەسەڵات. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەڵگری چ ئایدۆلۆژیایەکە؟  هەڵگری ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکراتەو لەسەر ئەوە دامەزراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر چی دامەزراوە؟ لەسەر لیبراڵیسم، حزبی شیوعی کوردستان لەسەرچی دامەزراوە؟ لەسەر کۆمۆنیسم. هەر یەکێك لەمانە جیهانبینییەکیان هەیە، ئایا تۆ قبوڵی ئەکەیت سبەینێ حزبی شیوعی بگاتە دەسەڵاتو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دروست بکات لەکورستاندا؟ پێموانییە. ئایا تۆ قبوڵی ئەکەیت پارتی دیموکراتی کوردستان  بگاتە دەسەڵاتو هەموو کوردستان بکاتە بازاڕ، بازاڕێکی گەورە؟ قبوڵناکرێت، ئایا هێزەکانیتر قبوڵی دەکەن، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بگاتە دەسەڵاتو بڵێت من سۆسیال دیموکراتی پیت بەپیت جێبەجێی ئەکەم بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا؟ پێموانییە قبوڵی بکات، بۆچی قبوڵی ناکات پانتایی کۆمەڵایەتی کوردی؟ چونکە ئەم پانتاییە تازە لەوە دەرچووە کەگروپێك لەگروپەکان، حزبێك لەحزبەکان بتوانێت ئەو ئایدۆلۆژیایەی کەهەیەتی بیسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا.(هەرچەندە من وشەی کۆمەڵگە بەکاردێنم، لەگەڵ ئەوەشدا قەناعەتم بەوەنییە کە لەکوردستاندا کۆمەڵگە هەبێت، بەڵام بەکاریدێنم بۆ ئەوەی لەیەکتری تێبگەین) پێموانییە هیچ حزبێك بتوانێت ئایدۆلۆژیای خۆی فەرز بکات بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆچی؟ چونکە ئەو گرەوو ستراتیژو نۆرمو دۆگمانەی کەکێڵگەی

سیاسی ئەبەن بەڕێوە، هێزێکی وایان پەیداکردووە، جێگیرییەکی وایان پەیداکردووە کەهەر هێزێکی کۆمەڵایەتی  یان سیاسی بیەوێت لەناو چوارچێوەکەی بێتەدەرەوە بەگورزی پۆڵایین وا لێیدەدات کەکۆتایی بەخۆی دێت. نموونەیەکت بدەمێ، ئالەم چرکەیەدا بۆچی یەکگرتووی ئیسلامی زۆر حەزەر دەکات لەوەی بەرەیەکی ئیسلامی دروست بکات؟

خۆ یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەر بەرە دروستبکات لەگەڵ کۆمەڵو بزوتنەوە لەبەرئەوە نییە کەهەموویان خوداناسن، لەبەرئەوەیە یەکگرتووی ئیسلامی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەحاسیبە ئەخوێنێتەوە، یەك زائیدەن یەك لای یەکگرتوو ئەکاتە دوو، ناکاتە سێ. ئینجا ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵدا یەك زائیدەن یەك کردییە دوو، ئەوکاتە لەگەڵ کۆمەڵدا هاوپەیمانێتیو بەرە دروست ئەکات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ(پارتی)دا بوو لەگەڵ(پارتی)دا ئەیکات، ئەگەر لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندابوو لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا ئەیکات، ئالەم چرکەیەدا کەنایەوێت لەگەڵ کۆمەڵو بزوتنەوە دروستی بکات، چونکە ئەو حاسیبەیەی کەبەرژەوەندییەکانی یەکگرتوو زەربو تەقسیم ئەکات رێگەی پێنادات هاوپەیمانی دروست بکات لەگەڵ بزوتنەوەو کۆمەڵی ئیسلامیدا، بەڵام دێت هاوپەیمانی دەکات لەگەڵ سێ حزبەکەی تری کوردستان، بۆچی؟ چونکە لەنا حاسیبەکەدا ئەم هاوپەیمانییەتییە دەردەچێت، نەك ئەوانیتر.

ئینجا من پێتدەڵێم نەخێر بەسنوری جێگیربوونی نۆرمەکانو بەرژەوەندییەکانو ستراتیژەکانو دۆگمەکانی نێو کێڵگەی سیاسی کوردی، ئایدیۆلۆژیای حزبە سیاسییەکانی کوردستان دائەبەزێت، کۆتایی پێدێت، ئەخرێتە نێوان کەوانەوە، چوارپەلی ئەکێشرێت، ئەوکاتە حزبی کوردی تەنها لەیەك رێگاوە ئەگاتە دەسەڵات، ئەویش رێگەی پێشنیارکردنی خزمەتکردنە بەجەماوەر. چەند خزمەت ئەکەیت بەجەماوەر ئەوەندە کورسی ئەهێنیت. ئێستا با سەرلەنوێ لەفەلەستین هەڵبژاردنێکیتر بکرێتەوە بابزانین حەماس ئەیباتەوە یان فەتح یان هیچکامیان. چونکە مومکینە لەقۆناغێکدا جەماوەر دەنگێك بدات

بەحزبێك، بەڵام ئەم دەنگە دەنگێکی جەوهەرگەرا نییە کەهەتا ماوە ئاوا بەردەوام بێت. جەماوەر جەماوەرێکی ئایدۆلۆژیزەکراو نییە، جەماوەرێکە بەرژەوەندی هەیە، پێویستی بەئاو هەیە، پێویستی بەکارەبا هەیە، پێویستی بەنەوت هەیە، پێوستی بەماڵ هەیە، ئەمانە بەردەوام ئەگۆڕێن، ئینجا هەر ئەمانەشن دوایی لەکاتێکدا حزبی جمهوری تورکی فڕێ ئەدەنە تەنەکەی زبڵەوەو "ئاکەپە" سەر ئەخات، رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا "ئاکەپە"ش فڕێ بدەنە تەنەکەی زبڵەوەو حزبێکی تر سەربخەن. کێ وەڵامی باشتری ئەم پرسیارە جەماوەرییانە ئەداتەوە، ئەوە یارییەکە ئەباتەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: لەنێو هێزە ئیسلامییەکانیشدا، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ تیۆری دەسەڵاتخوازی ئیسلامیو گرتنە دەستی دەسەڵاتدان، کاتێك قسە لەسەر چەمکی دیموکراسی دەکرێ بڕوایان بەهەموو رەهەندەکانیدیموکراسی نییە، ئەو هێزە ئیسلامییانەی تریش کەزیاتر هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ مۆدێلی بەشداری سیاسیو خەباتی مەدەنیدابوون بڕوایان بەدیموکراسی هەیەو تارادەیەکی زۆر ئەیچوێنن بەچەمکی شورا لەقورئاندا، تۆ لێکدانەوەت بۆ ئەم دوو دیدە جیاوازە چییە؟ لەلایەکیتریشەوە تاچەند بڕوات بەلێکچونی نێوان شوراو دیموکراسی هەیە؟**

عادل باخەوان: هیچ باوەڕم بەو شتانە نییە. ئەوەی باوەڕم پێیەتی ئەوەیە کەبەدرێژایی هەزار ساڵ مەسیحییەکانی فەرەنسا دەسەڵاتیان ئەبرد بەڕێوە، دەوڵەتیان ئەبرد بەڕێوە، بەدرێژایی هەزار ساڵ ڕۆژێك لەڕۆژان مەسیحییەکت نەئەبینی بڵێ لەئینجیلەکاندا ئایەتێك هەیە پێی ئەوترێت(ئەوەی بەشی قەیسەرە بۆ قەیسەر، ئەوەی بەشی خودایە بۆ خودا) ئەبێت ئێمە واز لەدەسەڵات بهێنین ئەمە ئیشی ئێمە نییە، نا، بەڵام کاتێك ناچار دەکرێین واز لەسیاسەت بهێنینو واز لەدەسەڵات بهێنیت ئەو دوو کێڵگە لەیەك جیائەبنەوە بەناچاری.

ئەوکاتە قبوڵی سیکۆلاریسمو لایستێ ئەکەن.(پاپا) لەڤاتیکانەوە ئەڵێ ئێمە لەناو ئینجیلەکاندا ئایەتێکمان هەیە ئەڵێت﴿ئەوەی بەشی خودایە بیدەنەوە

بەخودا، ئەوەی بەشی قەیسەرە بیدەنەوە بەقەیسەر﴾ ئەمانیش لەهەموو شوێنێکدا، بۆنموونە لەکوردستانی ئێمەدا کاتێك جیهان ئەگۆڕێت، راپەڕین رووئەدات، بزوتنەوەی ئیسلامی شکستدێنێت لەڕووی سەربازییەوە لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانیدا، دوای ئەوە گۆڕانکاری گەورە لەکوردستاندا روو ئەدات، ئینجا شەڕی ئازادی عێراق دروست ئەبێت، ئەمەریکا دێتە ناوچەکەوە، هەلومەرجێکی سۆسیۆپۆلەتیکی تازە دروست ئەبێت. لەناو ئەم هەموو هەلومەرجەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری رادیکاڵ بەسەر ستراکتۆری بزوتنەوە گەورەکانی ئیسلامی سیاسیدا دێت. ئینجا لێرەوە ئەوان تێکەڵ بەکێڵگەی ناسیۆنال ئەبن، بەگۆشتو ئێسقانیانەوە، کەتێکەڵ ئەبن ئینجا ئەگەڕێنەوە بۆ قورئانو فەرمودە، بۆ سەرچاوە ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی چەند ئایەتێكو چەند فەرمودەیەك بدۆزنەوە کەشەرعییەت بدات بەمومارەسە کردنی سیاسەت لەناو پەرلەماندا، چوونە ناو حکومەت، بەشداریکردن لەدەزگاکانی حکومەتدا. جاران هەموو بەرەی کوردستانی لەبزوتنەوەی ئیسلامی ئەپاڕایەوە کەبێتە ناو بەرەی کوردستانییەوە، نەدەچوو، بەڵام ئێستا هاوپەیمانێتییەکان نەك هەر لەسەر ئاستی بەرەی کوردستانییە، بەڵکو هەر لەسەری سەرەوە هەتا خوارەوە هەمووی هەر بەدوای هاوپەیمانتییەوەیە. جاران هێزی ئیسلامی هەبوو لەکوردستاندا ئامادە نەبوو پارەی گومرگ وەربگرێت. چونکە بەحەرام ئەزانرا، ئێستا ململانێ ئەکرێ لەسەر ئەوەی کەبۆچی ئێمە کەمتر وەرئەگرین، گروپەکەی تر زۆرتر وەرئەگرێت. لەبەرئەوە شتەکان ئەگۆڕێت لەچرکەی مومارەسەکردنی سیاسەت لەلایەن هێزەکانەوە. ئایا ئەوە راستە ئەوان بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێن، کەبڵێن دیموکراسی لەشوراوە نزیکەو شورا لەدیموکراسییەوە نزیکە؟ هەر گەڕانێك بەدوای پاساو هێنانەوە بۆ چوونە ناو دیموکراسی ئەبێت قبوڵ بکرێت، ئیتر بەشورات ئەزانی، لەقورئاندا ئایەتت بۆ ئەهێنا، لەفەرمودەدا بۆت ئەهێنا، لەهەر شوێنێك بۆی ئەهێنیت بیهێنە. ئەوەی بۆمن وەك سۆسیۆلۆگ

گرنگە، ئەوەیە کەئەم بزوتنەوە سیاسییە ئیسلامییانە ئێستا مومارەسەی سیاسەت ئەکەن، نەك زەبرو زەنگ.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کەئێستا(جان ماریلۆپێن) تێکەڵ بەسیاسەتی ناسیۆنالی فەرەنسی بووە، حەقم نییە بەوەی لەپشتی سەریەوەیەتیو نایەتە ئەمدیوی سەرییەوە، واتە نایەتە ناو پراکتیکی ژیانی هەموو رۆژێکییەوە، باکۆمۆنیستێکی کورد هەتا ماوە هەر خەون ببینێت بەدیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە، بەڵام تائەم چرکەیەی کەڕێز لەکۆی ئەو پرەنسیپانە ئەگرێت کەکێڵگەی سیاسی ئەبات بەڕێوە، بەخێربێت، گرفتێکم نییە لەگەڵیدا، با تائێوارە بگەڕێت بەدوای دەقەکانی مارکسو ئەنگلسدا بۆ ئەوەی شەرعییەتێك بدات بەحاڵەتی ئێستای، بۆ نا، کارێکی چاك ئەکات.

**سەلام عەبدولکەریم: بیروڕایەکیتر لەنێو گوتاری عەلمانیدا، لەمەڕ ململانێی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، والێکدەدرێتەوە مەترسی ئیسلامییەکان لەوەدایە کەهەڵگری پرۆژەی ریفۆرمخوازیو رێنسانسی نینو رەهەندە شارستانییەکەی ئیسلامییان ونکردووە؟**

عادل باخەوان: ئەمە حوکمدانێکی ئەخلاقییە، ئەخلاقی لەسەر ئیسلامی سیاسی کوردی. ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا بزوتنەوەیەك نییە هاتبێت شۆڕشو رێنیسانسو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو شارستانیو کولتوری ئەنجامبدات. لەناو ئیسلامی سیاسیدا ئێمە سێ بزوتنەوەی گەورەمان هەیە "کۆمەڵ، یەکگرتوو، بزوتنەوە" ئەمانە حزبن، بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتوریو شارستانی نین، ئەم حزبە بۆیە دروستبووە بۆئەوەی بگاتە دەسەڵات، پرۆژەیەکی چوارچێوە دیاریکراوی فیکری سیاسی هەیە، تێکەڵبووە بەکێڵگەی ناسیۆنالی کوردی.

ئەم کێڵگەیە کۆمەڵێك بەرژەوەندیو نۆرم ئەیبات بەڕێوە، تۆ بێیت بەپێوەرەکانی شارستانییەتو پێشکەوتنی شارستانییەتو ریفۆرمو رێنیسانسی فەرەنسی ئەم بزوتنەوە سیاسییانەی ناو ئیسلامی سیاسی بخوێنیتەوە، ئەمە چ

هەڵەیەکی گەورە دەکەین. ئێمە چ هەڵەیەکی گەورە ئەکەین، بێین بەو میتۆدۆلۆژیایەی کەپارتی سۆسیالیستی فەرەنسی پێئەخوێنینەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بخوێنینەوە، بەو میتۆدۆلۆژیایەی کەناوەندە کۆمەڵایەتیو پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی ئەخوێنینەوە، بێین ناوەندی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵگەی کوردی بخوێنینەوە. ئەمە چ هەڵەیەکی گەورە ئەکەین، ئەو برادەرانەی کەباس لەوە ئەکەن کەئیسلامی سیاسی لەوەدا شکستی هێناوە کەنەیتوانیوە ببێت بەهەڵگری پرۆژەی رێنیسانسێکی نوێ، ئەو لەسەرەتاوە بۆ ئەمە دروستنەبووە، تۆ لەسەرەتاوە هاتویت ئۆتۆمبیلێك دروست ئەکەیت، کەچی من بەتەمای ئەوەم ئۆتۆمبیلەکەی تۆ بفڕێت وەك فڕۆکە، تۆ لەخەیاڵدانێکدایت، تۆ لەیۆتۆپیایەکدا ئەژیت کەیۆتۆپیای ئیسلامی سیاسی خۆی نییە. ئیسلامی سیاسی لەو چرکەوەی کەتێکەڵ بووە بەکێڵگەی سیاسی کورد ئەیەوێت وەك هەر حزبێکی ناو ئەو کێڵگەیە مومارەسەی سیاسەت بکاتو بگات بەدەسەڵات. بەقەدەر ئەوەندەی کەپارتیو یەکێتی هاتوون ریفۆرمیان کردووە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر ئەوەندەش یەکگرتوو، کۆمەڵ دێن، ریفۆرم بکەن. یانی ئەم قسەکردنێکە لەڕاستیدا قسەکردنێکی زۆر یۆتۆپیە بەمشێوەیە لەئیسلامی سیاسی کوردی، ئەزانی قسەکردنی کێیە؟ قسەکردنێکەکە لەفەلسەفەی مۆراڵەوە سەرهەڵئەگرێت، فەلسەفەی مۆراڵ هەمیشە لێرەیە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت تۆ خراپی یان چاك، چونکە ئاواتکردو ئاوات نەکرد، ئەمە قسەی زانست نییە. ئێمە پێویستمان بەزانست هەیە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئیسلامی سیاسی لەم چرکەیەدا چۆن کار دەکات، چی وادەکات ئیسلامی سیاسی بەمشێوەیە کار بکات، نەك بەشێوەیەکیتر. نەك بێم بڵێم ئیسلامی سیاسی ئەبێت وا کار بکات، کەوتم ئەبێت وا کار بکات، ئیتر من پشت ئەکەمە جیهانی زانست.

**سەلام عەبدولکەریم: هەندێك جار بەگوتاری بەعەلمانی کوردی دەوترێت پرۆژەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگەو بەپێچەوانەشەوە بەپرۆژەی ئیسلامی**

**سیاسی کوردی دەوترێت پرۆژەی بەئیسلامکردنی کۆمەڵگە، تاچەند ئەمە ناونانێکی مەنهەجیو زانستییە؟**

عادل باخەوان: من پێموایە پارتیو یەکێتی بەسنوری ئەوەی کەهەوڵ ئەدەن سیکۆلاریسمو لایسیتێ مۆبیلیزە بکەن بۆ ئەوەی شەرعییەت بدەن بەپرۆژە سیاسییەکانیان، هەر ئەوەندەش "یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە" ئیسلام مۆبیلیزە ئەکەن بۆ ئەوەی شەرعییەت بدەن بەچالاکیو پرۆژە سیاسییەکانی ئێستاو ئێرەیان. واتە ئەوە ئیسلام نییە کە"یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە" مۆبیلیزە ئەکات، بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو، ئەوە یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوەیە کەئیسلام مۆبیلیزە ئەکەن بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراوی سیاسی. ئەوە سیکۆلاریسم نییە کەپارتیو یەکێتی مۆبیلیزە ئەکات بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراوە، ئەوە(پارتیو یەکێتی)یە کەدێن سیکۆلاریسم وەك سەرچاوەیەکی شەرعی بەکاردێننو مۆبیلیزەی دەکەن بۆ شەرعیەتدان بەپرۆژە سیاسییەکانی خۆیان. چەند شەڕمان کردووە بەناوی سیکۆلاریسمەوە ئەمرۆ لەکوردستاندا، شەڕی سامبۆلیك، لەکاتێکدا سیکۆلاریسم لێرە نییە. چەند شەڕی دیکەش کراوە بەناوی ئیسلامەوە لێرە، لەکاتێکدا ئیسلام هیچ گرفتی لەگەڵ ئەو روداوانەدا نییە. هەر هیچ نەبێت هێرشکردنە سەر موسوڵمانێك لەلایەن موسوڵمانێکی ترەوە، ئایا ئەمە موشکیلەی ئیسلامە؟ ئایا ئیسلام شەرعییەت ئەدات بەمە؟ بێگومان نەخێر. ئیسلام هەرگیز شەرعییەت نادات بەوەی موسوڵمانێك هێرش بکاتە سەر موسوڵمانێکیتر، بەڵام چەند موسوڵمانمان هەیە کەئیسلامیان مۆبیلیزە کردووە بۆئەوەی شەرعییەت بدەن بەو هێرشەی خۆیان بۆسەر موسوڵمانێکی تر؟ چەند سیکۆلارمان هەیە کەسیکۆلاریسمیان مۆبیلیزە کردووە بۆئەوەی بەناوی ئەوەوە هێرش بکەنە سەر سیکۆلاریستێکی تر؟ زۆر.

لەبەرئەوە راستییەکەی ئابەمشێوەیە ببینرێت باشترە. واتە لەئەکتەری کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە بڕوانین بۆ سەرچاوەکان، نەك لەسەرچاوەکانەوە بڕوانین بۆ ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان.

**سەلام عەبدولکەریم: هەروەها بەشێکی گەورەی ترسی عەلمانییەتی کوردی لەئیسلامی سیاسی ئەوەیە، کەپێیانوایە بەدەسەڵاتگرتنە دەستی ئیسلامییەکان، ئیدی مەسەلەکانی ئازادی تاکەکەس، ئازادی ژن، مافە مەدەنیو دیموکراسییەکان، فرە رەنگیو جیاوازی، ئازادی سیاسی کۆتایی دێت، بەو حوکمەی بەشێك لەئیسلامییەکان بڕوایان بەحوکمی ئیسلامیو جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی هەیە؟**

عادل باخەوان: وەڵامی پرسیارەکە بەمشێوەیە ئەدەمەوە، سەرەتا ئەم ترسە ترسێکی نامەشروعە، ترسێکی نایاساییە، چونکە ئەگەر نایاسایی نییە، بۆچی بەیاسا ڕێگەت پێداون هەبن. کەیەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە هەیە بەیاسا هەیە، کەواتە ترسەکەی تۆ ترسێکی نایاساییە، ئەمە یەك. دووەم، ئەگەر لەپانتاییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی کوردستاندا ئازادییە شەخسییەکان، ئازادییە کۆلێکتیفەکان ئەوەندە لاوازبن بەگەیشتنە دەسەڵاتی هێزێکی سیاسی هەموویان بپوکێنەوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەو ئازادیانە هێشتا هەر لەسەرەتاوە جێگیر نەبوون، دروستنەبوون، تابتوانن لێرە بمێننەوە، یان بەرگری بکەن. کاتێك نیکۆلا سارکۆزی ئەگاتە دەسەڵات لەفەرەنسادا بەشێك لەئایدۆلۆژیا پەرستەکانی فەرەنسا ئەیانگوت:"ئەوە قۆناغی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ فەرەنسا دەستپێکرد"، چونکە"نیکۆلا سارکۆزی" پیاوێکی توندە، پیاوێکی سوڵتەوییە، پیاوێکە ئەیەوێت خۆی فەرز بکات، بڕیاری خۆی فەرز بکات بەسەر هەموو لایەکدا. ساڵی یەکەم تێنەپەڕی بەسەر دەسەڵاتیدا کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەندە بەهێز بوون"نیکۆلا سارکۆزی"واهێنا بەچۆکدا کە لەبەشێکی زۆر لەپرەنسیپەکانی پەشیمان ببێتەوە. ئەگەر لەکوردستاندا ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەبێت بەمافەکانەوە، بەئەرکەکانەوە، بەئازادییەکانی تاكو گروپەکانەوە، کەچەقیبن بەناوەڕاستی کۆمەڵگەکەدا، بەناو دڵو ناخی کۆمەڵگەکەدا. واتە مێژوویەکی کۆمەڵایەتییان هەبێت نەك بەهێزێکی کۆنسێرڤاتۆر یان فۆندامۆنتالیست بەدەیان هێزی

کۆنسێرڤاتۆر یان فۆندامۆنتالیست کۆتاییان پێنایەتو ناجولێت، بەڵام ئەوەی کەئێستا ئێمە ئەترسین لەوەی کەئەگەر هێزێکی کۆنسێرڤاتۆر یان فۆندامۆنتالیست بگاتە سەر دەسەڵاتو ئەو ئازادییانە کۆتایی پێبێت. ئەوە بەڵگەیە لەسەر لەرزۆکی ئەو ئازادییانە. ئەوە خۆی پرسیارە لەتۆ ئەکرێت بۆچی تائێستا ئەو ئازادییانەت وا نەچەسپاندووە کەبەهیچ هێزێکی سیاسی دەستکاری نەکرێت. ئەوە پرسیارەکە راستەوخۆ روبەڕووی خۆت ئەبێتەوە، رەخنەکە راستەوخۆ روبەڕووی خۆت ئەبێتەوە. ئینجا کەئازادییەکانت ئەوەندە لاوازنو جێگیر نەبوون بۆ رێگە ئەدەیت بەو هێزانەی کەدژە ئازادین، لەسەر ئاستی یاسا بوونیان هەبێت؟ کەتۆ مافی ئەمەت داوە بەم هێزە سیاسییە کۆمەڵایەتییە کەبوونی هەبێت، چۆن ئێستا رێگەی پێنادەیت کەبەهەمان ستراتیژ، بەهەمان سیستم کەتۆ ئەگەیتە دەسەڵات ئەویش بگاتە دەسەڵات؟ پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتوو لەبادینان یەکێك بوو لەو هەڵە سیاسییانەی کەئەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان هەرگیز نەیکردایە لەمێژووی خۆیدا. هەروەها لەسەر ئاستی سیاسی بۆ مێژوویەکی درێژ، مێژووی پەنجا ساڵی داهاتوو پارتی دیموکراتی کوردستان باجی ئەو ئەکشنە ئەدات کەئەبوو بەرهەمی نەهێنایە، چونکە تۆ خۆت بەدەستی خۆت، بەو یاسایانەی کەخۆت بەرهەمت هێناوە وەك هێزێکی هەیمەنەدار لەناو کێڵگەی سیاسیدا رێگە ئەدەیت بەم هێزە هەیمەنە لەسەرکراوە کەبوونی هەبێت، بوونێکی یاسایی، بەڵام دوایش زەبرو زەنگی فیزیك بەکارئەهێنیتەوە بەرامبەری بۆ ئەوەی لەناوی بەریت. واتە تۆ راستەوخۆ شەرعییەت ئەدەیت بەئەو، بۆئەوەی ئەویش نەبێت بەمۆدێلی(ئاکەپە)، واتە مۆدێلێکی مەدەنی، بەڵکو ببێت بەمۆدێلی(حەماس) کەمۆدێلێکی عەسکەرتارییە، واتە تۆ بەدەستی خۆت پاڵی پێوە ئەنێی بەرەو تیرۆریست، لەکاتێکدا ئەم هێزە فۆندامۆنتالیستە لەگەڵ ئەوەشدا پەلاماری نەبرد بۆ کەرەستە تیرۆریستییەکان.

**سەلام عەبدولکەریم: بڕوات وایە ئیسلامی سیاسی لەفەزای دیموکراسیدا گەشە دەکاتو پێشدەکەوێت، یاخود لەفەزای زەبرو زەنگو تۆتالیتاریزمدا یان**

**بەپێچەوانەوە؟ بەو حوکمەی بیرورایەك پێیوایە کەهێزە ئیسلامییەکان لەفەزای دیموکراسیدا دەوەستنو سست ئەبن نەك گەشەکردنو پێشکەوتنو بەپێچەوانەشەوە فەزای زەبرو زەنگ یارمەتی زیاتر گەشەکردنیان دەدات؟**

عادل باخەوان: باوەلامێکی وردو کورت بدەمەوە لەدەرەنجامی توێژینەوەی خۆم، پێموایە لەناو ولاتێکی دیموکراتیزەکراودا، لەپانتاییەکی دیموکراتیزەکراودا ئیسلامی سیاسی گەشە ئەکات، بەلام بەتالیش ئەبێتەوە. ئیسلامی سیاسی لەو شوێنانەدا بریقو باقیان هەیەو وتارەکانیان هەیمەنە پەیدا ئەکات کەستەمکاری تێدابێت، کەدیکتاتۆریەتی تێدابێت، کەئەمان وەکو هێزی بەرەنگاریکار دەرئەکەون، ئەمان وەکو هێزی ئومێد دەرئەکەون، وەکو هێزی مانابەخش دەرئەکەون، بەلام لەو پانتاییانەدا کەئیسلامی سیاسی تیایدا مومارەسەی دیموکراسی ئەکات، مومارەسەی بوونی خۆی ئەکات تێناپەرێت. سەیرکە لەهەموو پاکستاندا لەسەدا پێنج تێناپەرێت.

لەکوردستاندا ئەم هەموو هەراو ورپایە هەیە پانزە کورسی هەیە، من چەندین چاوپێکەوتنم کردووە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا لەهەردوولایاندا خۆیان پێیانوانییە هەر زۆر زۆر تێپەری لەسی کورسی زیاتر بهێنن، پێموایە بەدرێژایی دیموکراتیزەکردنی پانتایی سیاسی کوردی ئەوان تێکەڵ ئەبن بەخودی یارییەکە، ئاخر تێکەڵبوونت بەیارییەکە، واتە دادۆشینت لەئایدۆلۆژیاو لەجیهانبینییەکەت. بەسنوری دادۆشینت، بەتاڵکردنەوەت، دوورخستنەوەت لەئایدۆلۆژیاکەت مەترسیشیان کەم ئەبێتەوە. تۆسەیرکە لەساڵی(١٩٩٢)دا خۆ زۆر دوورنییە نایەتە ناو پەرلەمان بەشیرکو کوفری ئەزانێت، لەئێستادا ئەبێت بەپەرلەمان، ئەمە وردە وردە تۆ لەکۆنسێپتەکەی دایئەدۆشیت، بەتاڵی ئەکەیتەوە، دووری ئەخەیتەوە، ئەوەی بەفەرەنسی پێی ئەوترێت(بەنالیزاسیۆن)، واتە بەنالیزەکردنی گروپێکی کۆمەلایەتی. واتە ئەم گروپە تا لەدەرەوەیە بەعەبایەکی موقەدەس داپۆشراوە، پیرۆزییەکی هەیە لەو دوورەوە ئاوا تەماشای کۆمەڵگە ئەکات بەهەیبەتو ویقارێکەوە، بەلام کاتێك تێکەڵ بەکۆمەڵگە ئەبێت

ئیتر ئەو عەبایەی لەسەر ئەکەوێت، ئەو قودسییەتەی نامێنێت. کەئەو قودسییەتەی نەما دێت تێکەڵ بەشەڕە شەقی پەرلەمانو بگرەو بەردەی هەڵبژاردنو سەرکەوتنو دۆڕاندنو قسە پێوتنی ڕۆژنامەکانو بەرگری لەخۆکردنو وردە وردە وای لێدێت ئەبێت بەبزوتنەوەیەکی ئاسایی.

**سـەلام عەبدولکـەریم: پـڕۆژەو گوتـاری ئیـسلامی سیاسـی کـوردی بـەرەو کرانەوەی زیـاتر ئـەڕوات، یـاخود هێـشتا دەنگی موحافیزکارانـە بـوونی هەیـە؟ ئەگـەر بـوونی هەیـە، بەمانایـەکیتر پێتوایـە لـەناو ئیـسلامی سیاسـیدا دەنگـی مۆدێرنخوازو ترادیسیۆن بەمانای ململانێ بوونی هەیە؟**

عادل باخەوان: وەکو وتم نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکان تادێت دوورئەکەونەوە لەوەی کەتۆ ناوی ئەنێیت کرانەوە، من ناوی ئەنێم ناسیۆنالیزم بوون. فۆندامۆنتالیستەکان بەسنوری رادیکاڵیزەبوونو کردنی ئەوان، فۆندامۆنتالیستەکان تێکەڵ بەکێڵگەی سیاسی ناسیۆناڵ ئەبن. بەسنوری تێکەڵبوونیشیان ئەکرێنەوە، بەسنوری کرانەوەشیان پشت ئەکەنە بەشێکی زۆر لەو زاراوەو چەمکو کۆنسێپتانەی کەپێشتر هەڵگری بوون، شاش کرابوون پێی. لەناو ئەم فۆندامۆنتالیستانەدا بێگومان دوو تەوژمی بەهێز هەن: تەوژمێك کۆنسێرڤاتۆر، کەئەیەوێت بەهەموو شێوەیەك باوەش بکەن بەنۆرمە ئەخلاقییەکانی ئیسلامی سیاسیدا، تەوژمێکی تریش ئەکرێت ناوی بنێین سیکۆلار، یان مۆدێرن، یان مۆدێرنیزەکراو بەزمانێکیتر، ئەمانەش ئەیانەوێت هەرچۆن بووە دەعوەو سیاسەت لەیەك جیابکەنەوە، ئەخلاقو سیاسەت، ئەوەی جاران لەفەرەنسا پێی ئەوترا ئاینو سیاسەت لەیەك جیابکەنەوە. ئەم ململانێیە بەسنوری دامەزراندنو سەقامگیری نۆرمو ستراتیژو بەرژەوەندییەکانی کێڵگەی سیاسی ئەم تەوژمە یارییەکەئەباتەوە. واتە تەوژمی مۆدێرنیزەکراوەکە، بۆچی؟ چونکە ئەگەر وانەبن ئەیدۆڕێنن، چونکەسیاسەتیش بریتییە لەحاسیبەو زەربو تەقسیم، بەڵام بەسنوری ناجێگیربوونی ئەم پانتاییە کۆنسێرڤاتۆرەکان ئەیبەنەوە.

بۆیە لەکاتێکدا ئەبینین تورکیا دێت هەڕەشە ئەکات لەهەرێمی کوردستان ئەم پانتاییە سیاسییە ناجێگیر ئەبێت، کەناجێگیر ئەبێت دەنگێك بەرز ئەبێتەوە لەناو قوڵاییەکانی ئیسلامی سیاسییەوە، دیسانەوە وردە وردە باس لەچەمکی جیهاد دەکات، جیهاد لەپێناو پارێزگاریکردن لەخاكو نیشتمان دژی تورکیای داگیرکەر، بەڵام هەموومان چاکتر ئەزانین ئەم جیهادە دواتر بەکاردێتەوە بەرامبەر بەهێزە سیاسییەکانی تری کوردستان. واتە بەقەدەر هەڕەشەکردنێکی دەرەکی لەم پانتاییە سیاسییەو ناجێگیربوونی کۆنسێرڤاتۆرەکان دەسەڵاتیان ئەبێت، بەڵام بەسنوری جێگیربوونی ئەم پانتاییە سیاسییە مۆدێرنیزەکراوەکانی ناو"یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنەوە" بەرەو پێشەوە ئەڕۆنو هەیمەنە پەیدا ئەکەن.

**سەلام عەبدولکەریم: دواجار ئایندەی ململانێی نێوان گوتاری عەلمانیو گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردی لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەسودی کێ ئەبێت؟ بۆچیو چۆن؟**

عادل باخەوان:وەڵامەکە زۆر ئاشکرایەو لەچەندین چاوپێکەوتنیتردا وەڵامم داوەتەوە، ئەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەخواستو پرۆژەو چالاکییەکانی ئەو ئەکتەرانەوە هەیە، کە لەپێناوی لایسیتیو سیکۆلاریسمدا لەکوردستاندا تێدەکۆشن، وەکچۆن پەیوەندی بەخواستو پرۆژەو تواناى مۆبیلیزەکردنی ئەو ئەکتەرانەوە هەیە کە لەدژەکەی ئەم پرۆژەیە تێئەکۆشن.

لەکورستاندا ئێستا دوو جۆر ئەکتەر کار ئەکات، ئەکتەرێك کەئەیەوێت کوردستان سیکۆلاریزە بکات، ئەکتەرێکی تریش کەئەیەوێت پێچەوانەکەی ئەمە ئەنجام بدات، بەڵام گرنگی لەوەدایە هەریەك لەم دوو ئەکتەرە باوەڕیان بەوە نییە کەزەبرو زەنگی فیزیك بەرامبەر بەیەکتر بەکاربهێنن، داهاتووی کوردستان بەچی ئەگات؟ دەرەنجامی ململانێی سیڤیلیزەی ئەم دووانە، ململانێی بەمەدەنیبوونی بەمەدەنیکراوی ئەم دووانە پێمان ئەڵێت کوردستان بەکوێ ئەگات. هەموو جارێك ئەڵێم کوردستانی ئەم چرکەیە، نەدیموکراتییە، نەتۆتالیتار، نەئیسلامییە، نەعەلمانی، نەترادیسیۆنێلە، نەمۆدێرنە، ئێمە لەناو

پرۆسێسێکداین، ئەم پرۆسێسە ئیرادەی ئەکتەرەکان، سنوری خۆ مۆبیلیزەکردنی ئەو ئەکتەرانە، چۆنییەتی پرۆژەکانی ئەوان داهاتووی ئەم ململانێیەمان بۆ دیاری ئەکات، نەک هەرشتێکیتر.



## وتوویژ لەگەڵ(شوان ئەحمەد)

**شارەزا لەبواری ئیسلامی سیاسی**

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجار ئەو رەخنەیە لەجەنابت دەگیرێ، کە لەلێدوان‌و قسەکردنەکانتدا دەربارەی ئیسلامی سیاسی بەگشتی‌و ئیسلامی سیاسی کوردی بەتایبەت بەدیدێکی ئایدۆلۆژییانەوە دەڕوانی‌و دەدوێیت، وەڵامت بۆ ئەمە چییە؟**

شوان ئەحمەد: ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، ئەوانەن کەسەر بەهێزە ئیسلامییەکانن‌و هەواداری ئەوانن.. من سەرەتا وامدەزانی ئیسلامییەکان ئەم شتە تەنیا بەمن دەڵێن، بەڵام دواتر تێگەیشتم کەئەمە سیاسەت‌و ستراتیژێکی نەگۆڕی ئیسلامی سیاسییەو لەهەر جێگەیەکدا کەسێك رەخنەو گازندەی لەئیسلامییەکان هەبێت، ئەوان راستەو راست کۆمەڵێك شتی دەدەنە پاڵ وەك:(ناحەز بەئیسلام، نەخوێندەوار، بێئاگا لەئیسلام‌و مێژووی ئیسلامی، رەخنەگرتن بەدیدگایەکی ئایدۆلۆژییەوە)، تادەگاتە ئەوەی زۆرجارانیش تۆمەتی(سیخوڕی‌و بەکرێگیراویشی) سەربار دەخەن.

ئیسلامییەکان وا راهاتوون ئەوانەی مەدحو سەنایان دەکەن، بەکەسانی بەویژدانو خوێندەوارو بابەتی وەسف بکەن، ئەوانەشی رەخنەیان دەکەن بەئایدۆلۆژیستو نەخوێندەوارو ناحەز ناونووسی دەکەن.

باوەك نموونەیەكو سەلماندنی راستی قسەکانم، هەندێ حاڵەتت بەردەست بخەم، کەبێگومانم تۆو زۆرێکی تریش ئاگادارن لێی، ئێستا هیچ کەس هێندەی(رۆجێ گاردۆیو نعۆم چۆمسکیو ئیدوارد سەعیدو گراهام فۆلەر) بەویژدانو خوێندەوارو بیریاری قورسو سەنگین نییە، بەڕای ئیسلامییەکان. ئەمانە کەسانێکن بەقوڵی لەئیسلامو لەخواستو ویستی ئیسلامییەکان تێگەیشتوون، هەر تەنیا لەبەرئەوەی ئەمانە لەبری ئیسلامی سیاسیو تیرۆری فێندەمێنتالیزمی ئایینی، رووی رەخنەیان لەسیاسەتەکانی خۆرئاواو هەژمونگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. وەك ئاشکراشە ئەمانە سیانیان مەسیحینو یەکێکیان جووە.

لەبەرانبەردا هەموو ئەوانەی رووی رەخنەیان لەئیسلامی سیاسییە،وەك(دانیال بابیس، سەلمان روشدی، ئۆریانا ڤالاچی، نەسر حامد ئەبو زەید، عەبدولوەهاب موئەدەبی، بێرنارد لویس، ساموئێل، محەمەد ئەرگۆن، فەرەج فۆدە، ئێرشاد مێخجی، تەسلیمە نەسرین)، ئایدیۆلۆژیستو نەخوێندەوارو داخ لەدڵو بەکرێگیراون.

من تائەم ساتەوەختە کەسێکم نەدیووە رەخنەیەکی ئاراستەی ئیسلامو ئیسلامی سیاسی کردبێتو وەکی خۆی وەرگیرابێتو تۆمەتو تانەی نەدرابێتە پاڵ، بڕوانە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمو چارەنووسی کەسانی وەك(عەلی عەبدورازقو تەها حسێنو قاسم ئەمین) لای خۆشمان بڕوانە حاڵی(جەمال عیرفانو میرزا مەنگوڕیو عەبدولخالق مەعروف).

ئەم هەموو ناوەم بۆیە ریزکرد، تا بێبەڵگە قسە نەکەم، ئەوەی ئێستاش بزوتنەوەی نەهزەی ئیسلامی تونسیو کەسی یەکەمیان(راشد غەننوشی) بەنوسەرێکی مەزنو ئیفلیجی وەك(عەفیف ئەخزەر)ی دەکەن، دەریدەخات

کەئیسلامی سیاسی لەبەرانبەر ئەوانەدا کەبەچاوی رەخنەگرانە سەیریان دەکەن، زیاد لەچەکو ئامرازێکیان لەبەردەستدایە بۆ دژایەتیکردن، هەر لەتیرۆرو تۆقاندنەوە تا دەگاتە ناوبانگ زڕاندنو سوکایەتیپێکردنی وەك:(نەخوێندەوارو داخ لەدڵو نەخۆشو... هتد).

ئیسلامییەکان بەو کەسانە بڵێن ئایدیۆلۆژیستو نەخوێندەوار، ئیتر دەبێت بەبابایەکی وەکی من چی بڵێن؟ ئەوان ئێستاش نەخوێندەوارترین کادیریان لاقرتێ بەخۆرهەڵاتناسو مێژوونووسێکی گەورەی وەك(بێرنارد لویس) دەکات.

من دەزانم وەك(د.نەسر حامد ئەبوزەید)یش بنوسم، مادامەکی ستایشی ئیسلامی سیاسیو تیرۆر ناکەم، برادەران هەر دەڵێن ئەم پیاوە چاویلکەیەکی رەشی لەچاودایەو بەدیدێکی ئایدۆلۆژییەوە سەیری ئێمە دەکات. من لەم گەمەیە گەیشتووم، بۆیە ئێستا وەك سەرەتا هیچ خەمی پێوە هەڵناگرمو گوێی نادەمێ، من کاری خۆم دەکەمو بەردەوامیش دەبم، ئەوانیش باهەمان قەوانی سواوی خۆیان لێ بدەنەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: بیروڕایەك پێیوایە شوان ئەحمەد لەروانگەی تیۆری پیلانگێڕیی(موئامەرە)وە قسە لەسەر کارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا دەکات، نەك لەروانگەی زانستەوە، بەو مانایەی جیاوازی لەنێوان هێزە ئیسلامییەکاندا نابینێ، لەرووی ناوەڕۆکی گوتاری ئەو هێزانەو پرۆژە سیاسیو ئاینییەکانیاندا؟**

شوان ئەحمەد: رەنگە وەڵامی پرسیاری پێشوو بۆ ئەم پرسیارەش دەستبدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم کەم تاکورتێك هەندێ شتی تریش بڵێم:

ئەوانە کێن وا لەسەرەوە بەراستەو پرگاڵ پۆلێنکاری دەکەنو تیۆریای موئامەرەو روانگەی زانستی جیادەکەنەوە؟ ئەو بیریارو تیۆرسینانە کێن مافی شتێکی وا بەخۆیان دەدەن؟ ئەو ئەکادیمیستو زانستخوازانە کامانەن، کەئەوەندە بەوردیو بەقوڵیو کار لەسەر بەرهەمی نوسەران دەکەنو نوسینی

زانستیو لۆژیکیو ئەکادیمی لەپۆخەڵەواتو شەڕ نوسینو جیا دەکەنەوە؟ من دەزانم ئەم قسانە سەرچاوەکەی بارەگای هێزە ئیسلامییەکانە، لەبەرئەوە بەبێ ئیعتبارترین قسەی دەزانم، سەبارەت بەوەش کەمن جیاوازی نابینم لەنێوان هێزە ئیسلامییەکاندا، ئەوا دەڵێم:"بەڵێ لەرووی تاکتیكو سیاسەتی رۆژەوە، جیاوازی لەنێوان هێزێكو هێزێکی دیکەی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام لەستراتیژدا هەموویان یەك شتن"، من کەئەمەش دەڵێم پشت ئەستوورم بەخوێندنەوەو ئاگاداریم لەئیسلامی سیاسیو لەمێژووی ئیسلامی.

**سەلام عەبدولکەریم: پێتوانییە لەقسەکردنو روانینت لەسەر کارو پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا کەمتر کار بەمیتۆدی جیاکاریو سیستمی پۆلێنکردن دەکەیت، وردتر بڵێین بۆ نموونە لای تۆ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیدا نییە؟ بەواتایەکیتر جەنابت تاچەند ئیعتیبار بۆ جیاوازییە فیکریو مێژوویيو کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەو هێزانە دادەنێیت؟**

شوان ئەحمەد: بەرای من بونیادی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندەی لێکچوون بەرهەم دێنێت، ئەوەندە جیاوازی دروستناکات، ئێمە کوڕی کولتورێکین کە لەدێر زەمانە لەسەر لێکچونو کوشتنی جیاوازی کار دەکات، لەدونیای سیاسی کوردیشدا ئەم حاڵەتە زۆر بەزەقی دەبینین، تۆ سەیربکە پارتیو یەکێتیو سۆسیالیستو شیوعیو زەحمەتکێشانو تەنانەت دیموکراتو کۆمەڵەو یەکەکەش چەند لەیەك دەچن، من دەزانم ئەمانە وەك دروشمو وەك تاکتیکی رۆژانەو وەك سیماو گوفتار زۆر جیاوازن، بەڵام جەوهەریان یەکەو بیرکردنەوەیان وەك یەك وایە، هێزە ئیسلامییەکانی کودستانیش وەهان، کۆمەڵو یەکگرتوو رەنگە لەرووکەشدا جیاوازی نێوانیان زۆر بێت، بەڵام لەجەوهەردا یەك شتن، ئێمە لەسەرەتای راپەڕیندا بینیمان هێزێکی وەك پاسۆك کەخواستی رزگارکردنی چوار پارچەکەو دروستکردنی کوردستانی گەورە بوو، چۆن لەژێر باڵی حزبێکی وەك

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا کـه لـهئۆتۆنۆمی زیـاتری داوا نـهدهکرد، خـۆی تواندهوه.

مـن جیـاوازی نێـوان هێـزه بـهناو عهلمانییـهکانی کوردسـتان چـهند دهبیـنم، بهههمان چاو لهجیاوازی نێوان هێزه ئیسلامییهکانیش دهڕوانم، ئهوهی دهتوانێت ئهو جیاوازییه قوڵانهش کهشف بکات، بابیکاته نوسینێکی تۆکمهو پێشکهشمان بکات، کێ ناڵێت ئـهوکات هـهموومان قهناعـهت نـاهێنین. مـن جیـاوازی رووکـهش فریـوم نـادات، کـهجیاوازی قـوڵیش نـهبینم، بـۆ بهیـهك چـاو سـهیری هـهردوو بهرهکهناکهم.

**ســهلام عهبدولکــهریم: بــهڕای ئێــوه هێــزه ئیــسلامییهکانی کوردســتان ئۆپۆزیـسیۆنی سیاسـین یـاخود ئـایینی، شـیکردنهوهت بـۆ ئـهو دوو چـهمکه لهروانگهی هێزه ئیسلامییه کوردییهکانهوه چییه؟**

شــوان ئهحمــهد: لهراســتیدا ئیــسلامییهکانی کوردســتان نهئۆپۆزیــسیۆنی سیاسـینو نـهئایینی، ئهمانـه لـهو تایپـهن، کـهدهکرێت ناویـان بنـێین(درۆزنـه ئۆپۆزیسیۆن)، لهکوردستانی دوای راپهڕیندا گـهر ئۆپۆزیـسیۆنێکی جدیو کـاراو راستهقینه ههبووایه، دۆخهکه بهمجۆرهی ئێستا نهدهبوو.

لێـرهدا گلـهییو رهخنـهی گـهوره روبـهڕووی کۆمـهڵو یـهکگرتوو دهبێتـهوه، لهبهرئـهوهی ئـهوان وهك سـێههم هێـزی سـهر سـاحهکهو بـههۆی ئـهو بنکـه جهماوهرییهی ههیانه، دهیانتوانی رۆڵـی چاکتر ببینـنو جیـاواز لـههێزهکانی دی ئۆپۆزیسیۆنی سهر گۆڕەپانهکه بوونایه، بهڵام ئهوان ئهمهشیان نهکرد.

**سهلام عهبدولکهریم: پێتوایه ئاڕاستهو هێزی عهلمانی بهکردهوه لهکوردستاندا بهگشتی بوونی ههبێت، بهتایبهت یهکێتیو پارتی لهسهر ئاستی سیاسیو گروپ؟ ههروهها لهسهر ئاستی گوتارو پرۆژەی ههمهلایهن بۆ کۆمهڵگه؟**

شوان ئهحهد: واقیعی حاڵی کوردستانی دوای راپهڕین پێمـان دهڵێـت:"هێـزی عهلمانی بهکردهوه بوونی نییه"، ئهم شتهش زۆر ئاشکرایهو پێویـستی کهشـفو هـهڵکۆڵینو سـۆراخکردن نییـه، هـهموو کهسـێکی ئاسـایی دهتوانێـت ببینێـت،

لەراستیدا ئەم حاڵەتە هەر تایبەت نییە بەکوردستان، بەڵکو زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی ئیسلامی(تورکیاو تونس)ی لیٚ بەدەر، هەموویان هێزی عەلمانی شەرمنو پاسیڤنو عەلمانی بوونیان تەنیا وەك دروشمو وەك شتێکی رووکەش هەڵگرتووە، بەڵام لەجەوهەرداو لەسەر ئاستی گوتارو پرۆژەی هەمەلایەن بۆ کۆمەڵگە شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین، عەلمانییەتی هێزە سیاسییەکانی ئێمە زیاتر بەعەلمانییەتی(ناسری) دەچێت، کەنەپرۆژەیەکی دیاریی هەیەو نەخاوەنی گوتارێکی تۆکمەشە، ئەم عەلمانییەتە زیاتر لەسەر موجامەلەکردنی ئاینو هێزە تەقلیدیو کۆنەخوازەکانی کۆمەڵگە کار دەکات، بێگومان ئەم جۆرە سیاسەتەش ئاکامی کوشندەو خراپی لێدەکەوێتەوە، هەلومەرجی سیاسی وڵاتی میسر لەدوای مردنی(عەبدولناسر)و جەزائیر دوای مردنی(هەواری بۆمیدیەن)، نیشانمانی دەدەن، کەعەلمانییەتێکی شەرمنو بیٚ پرۆژە، عەلمانیەتێك کە لەسەر موجامەلەکردنی ئاینو هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان وەستابێت، چ دەرەنجامێکی خوێناویو تاریکی دەبێت، تائێستاش سیاسەتی هێزە بەناو عەلمانییەکانی کوردستان، ئێمە راپێچی ناو دۆزەخستانێکی وادەکات، ئەوەی تائێستاش دۆخەکەی راگرتووە لەوڵاتی ئێمەدا، بوونی ئەمریکایە لەعێراقدا، نەك شتێکی تر، من دڵنیام پاشەکشەی ئەمەریکاییەکان بۆ ئێمە چارەنوسی خێر نابێت، هەم لەبەرانبەر دەسەڵاتی ناوەند لەبەغداو، هەم لەبەرانبەر هێزی ئیسلامییەکان لەناوخۆی کوردستاندا.

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجار هێزە ئیسلامییە کوردییەکان پاساویان ئەوەیە، کەدۆخێکی دیموکراسی راستەقینە لەکوردستاندا بوونی نییە، بۆیە توانای بوون بەئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارایان نییە؟**

شوان ئەحمەد: رەخنەی بێبناغە هەمیشە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت، ئیسلامییەکان لەسیاسەتدا گەمەکارێکی لێزانن. بێتوانایی خۆیان لەوەی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی کارا ببینن، بەوە پاساو دەدەنەوە کەدۆخێکی دیموکراسی راستەقینە لەکوردستاندا بوونی نییە، ئەمە قسەیەکە مایەی

پێکەنینە، ئەوانە خۆیان هێزگەلێکن هیچ سەروکارێکیان لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، سەرەتای راپەڕین بوو کە(عەلی باپیر) بەپیتی درشت نووسی ئێمە باوەڕمان بەدیموکراسی نییە، بۆ یەکگرتووش بەدرێژایی پازدە ساڵەی تەمەنی، ژمارەیەکی زۆری کادیرە خوێندەوارەکانی بۆ ریزەکانیان بەجێهێشت، کەکەمترین رووبەری دیموکراسی لەو هێزەدا نەبوو، هێز گەلێك کەئەوە رەفتاریان بێت، ئیتر چۆن دەبێت باس لەدیموکراسی بکات، بەدیوێکیتردا خۆ لەتورکیا ئەوەی هەیە دۆخێکی دیموکراسی راستەقینە نییە، لەتورکیا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی تا ئەوپەڕی لیبراڵیزمو دیموکراسی هەیە، بەڵام لەرووی سیاسییەوە وانییە، راستە لەویَ ئاڵوێری دەسەڵات هەیە، بەڵام تا هەنوکەش ئەوەی حوکم دەکاتو ئەوەی بڕیاری یەکلایکەرەوە دەدات ژەنەراڵەکانی سوپان، نەك دەستەو لایەنێکی تر، کەچی لەناو ئەم دۆخەشدا پارتی دادو گەشەپێدان دێت بەچاکترین شێوە رۆڵی خۆی وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی وازی دەکاتو دەگاتە کورسی دەسەڵات.

نموونەی تورکیا، هەموو ئەو ئیدیعا بێبناغانەی ئیسلامییەکانی ئێرە بەتاڵ دەکاتەوە، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کارا، چاوەڕێی دۆخی دیموکراسی راستەقینە ناکات، گەروا بووایە تاهەنوکەش لەتورکیا(دەنیز بایکاڵ)و(تانسۆ چیللەر)و(حیکمەت چەتین)و(مەسعود یەڵماز) حوکمڕانیان دەکرد.

**سەلام عەبدولکەریم: بیروڕات لەسەر دروستبوونو سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی کوردیی لەکوردستاندا چییە، ئایا وەك زەرورەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەدایکبوو، یان وەك درێژکراوەی گوتاری ئایینی ئیخوان موسلیمینی جیهانی لەمیسرەوە؟ دەتوانیت خاڵە باشو خراپەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی روونبکەیتەوە؟**

شوان ئەحمەد: مێژووی دروستبوونی یەك بەیەکی ئەم هێزە ئیسلامییانەی کوردستان ئاشکرایەو لەبەردەستدایە، کەس پێویستی بەوە نییە رەنجێکی زۆر بەخەسار بدات تا بزانێت ئاخۆ ئەمانە چۆن دروستبوون، ئیسلامی سیاسی

لەکوردستاندا، ئیسلامێك نەبووە بۆ کورد، بەڵکو ئیسلامێك بووە لەکورددا، واتە ئیسلامی سیاسی بەرهەمی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی نییە، بەڵکو لەکوردستاندا چێنراوە، هەڵقوڵاوی زەروورەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی نەبووە، ئەوەندەی درێژکراوەی هێزگەلێکی ئیسلامی بووە لەدەرەوەی کوردستان، سەبارەت بەم مەسەلەیە مێزگردێکی کاك(بەختیار عەلیو مەریوان وریا قانعو ئاراس فەتاح) هەیە، لەژمارە دووی گۆڤاری(رەهەند)دا، کەتیایدا زۆر بەوردی باسی ئەم مەسەلەیە دەکەنو بەشێوەیەکی زۆر لۆژیکیانە شێوازی دروستبوونو کارکردنی ئیسلامی سیاسییمان لەکوردستاندا پێ دەڵێن.. بەڵێ من پێموایە یەکگرتوو درێژکراوەی گوتاری ئایینی ئیخوان موسلمینەو باڵێکی ئیخوانە لەکوردستاندا، بزوتنەوەو کۆمەڵیش بەرهەمی شۆڕشی ئیسلامی بوون لەئێرانو زادەی قۆناغی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران—عێراقن.

هەرچی جوندولئیسلامو ئەنسار ئیسلامیشە، ئەوا پڕ ئاشکرایە کەدروستکراوی دەستی رێکخراوی قاعیدەی تیرۆریستی بوون.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند پێتوایە ململانێی نێوان ئاڕاستەی عەلمانیو ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا ململانێیەکی تەندروستە؟ بەڕای ئێوە ئایندەی ئەم ململانێیە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ سەرکەوتنی ئاڕاستەی عەلمانیو شکستهێنانی ئاڕاستەی ئیسلامی یاخود بەپێچەوانەوە؟**

شوان ئەحمەد: ململانێی تەندروست زادەی کۆمەڵگەو کولتورێکی تەندروستە، کۆمەڵگەی ئێمەش تاسەر ئێسقان کۆمەڵگەیەکی بیمارو نەخۆشو سەرگەردانە، کۆمەڵگەیەکەرۆحی فەردەکانی پڕیەتی لەرقو لەبوغزو لەلاموبالاتیو نابەرپرسیارێتیو خوێن ساردی، کۆمەڵگەیەکە لەناوخۆیدا پەیوەندی تەندروستی نییە، ئیتر چۆن دەتوانێت ململانێکانی بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەبەرێت.

سەبارەت بەوەش ئایندەی ئەو ململانێیە بەکوێ دەگات؟ ئەوا دەرگا بەرووی هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە، یەکێتیو پارتی ئەگەر ئەزموونی عەلمانییەکانی جەزائیرو فەلەستینو تورکیاو میسر دووبارە نەکەنەوە، ئەوا بەئاسانی

کوردستان ناکەوێتە ژێر چنگی ئیسلامییەکان، سیاسەتی یەکێتیو پارتی لەئێستاو داهاتوودا ئایندەی ئەم ململانێیانە دیاری دەکات، کە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچوونێك والێکیدەداتەوە، کەئایندەی سیاسی لەکوردستاندا لەقازانجی ئیسلامی سیاسیدایە بەحوکمی ئەوەی تاوەکو ئێستا هێزە عەلمانییەکان گەر زانستیبێ بڵێین یەکێتیو پارتی نەیانتوانیوە ئەدایەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی لەروانگەی چەمکی عەلمانییەتەوە پێشکەش بکەنو یەکێك لەئامانجە بنەڕەتییەکانی عەلمانییەت، کەخۆشگوزەرانییە نەیانتوانیوە بۆخەڵکی کوردستانی دابین بکەن؟**

شوان ئەحمەد: منیش دەڵێم سیاسەتی یەکێتیو پارتی لەحەڤدە ساڵی رابوردوودا، خزمەتێکی زۆری بەئیسلامییەکان کردووە، ناشیرینی یەکێتیو پارتی، خەریکە ئیسلامییەکان دەکاتە فریشتەو فریادڕەس، خەڵکی ئێمە بەگشتی حەزیان بەچارەی ئیسلامی سیاسی نییە، کۆمەڵگەی ئێمە نایەوێت ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا بەدەستی هێناوە، لەسەدەی بیستو یەکدا تەسلیم بەئیسلامییەکانی بکاتەوە، بەڵام ئەدای سیاسی یەکێتیو پارتی بەجۆرێك جاڕسکەرە کەرەنگە بەئەندازەیەك کۆمەڵگەی کوردی تووڕە بکات، لەهەر هەڵبژاردنێکی داهاتوودا دەنگ بەئیسلامییەکان بدەن.

سەروەختێك حەماس هەڵبژاردنەکانی فەلەستینی لەفەتح بردەوە، رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی پرسیاری ئەوەیان لە(مەحمود دەروێش)ی بەهەشتی کرد کە(ئەو هەڵبژاردنانە دەریانخست میللەتی فەلەستین ئیسلامینو هەموویان هەواداری بزوتنەوەی حەماسو سیاسەتەکانی ئەون؟)، لەوەڵامدا(مەحمود دەروێش) دەڵێت:"نەخێر من میللەتی خۆم دەناسمو ئەوانەی دەنگیان بەحەماسدا هەموویان هەواداری ئەو بزوتنەوەیە نینو ئیسلامی نین، ئەوانەی دەنگیان بەحەماس دا، بەشێکی زۆریان ئەوانەن، کە لەئەدای سیاسی فەتح بێزار بوونو وەك تۆڵەکردنەوەیەکیش دەنگی خۆیان بەخشیوەتە حەماس". هیوادارم

ئـەم سـيناريۆيە لەكوردسـتاندا دووبـارە نەبێتـەوە، دووبـارە نەبوونەوەشـی لەدەستی یەكێتیو پارتیدایە بەشێوەیەكی سەرەكی.

**سەلام عەبدولكەریم: پێتوانییە هێزە خۆ بەعەلمانیزانەكان لەكوردستاندا تەنیا لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لەململانێدان، نەك لەسەر ئاستی پرۆژەی بەرفراوانو هەمەلایەن؟**

شـوان ئەحمـەد: ئـەم پرسـیارە بڕێكـی زۆر لەراسـتی تێدایـە، چـونكە(هێـزە عەلمانییـەكانی كوردسـتان) تائێـستاش خـاوەن پـرۆژەی فیكـریو سیاسـیو كۆمەڵایـەتی بـەرفراوانو هەمەلایـەن نـین، هــەر بۆیــە ململانێیەكــەیان كورتكردووەتەوە بۆ ئاستی ئایدۆلۆژیا.

**سـەلام عەبدولكـەریم: بۆچـی زۆرجـار بەچـاوی ترسـەوە بـۆ دەسـەڵاتگرتنە دەستی ئیسلامییەكان دەڕوانی؟ ئەم ترسە بەچییەوە پەیوەستە؟**

شـوان ئەحمـەد: مـن بـۆ خـۆم فۆبیـام لەهـەموو هێزێكـی تۆتالیتـارو هـەموو دەسـەڵاتێكی شمـولی هەیـە، مێـژوو پڕیـەتی لەئـەزموونی ترسـناكو دۆزەخـی حوكمرانی هێزە عەقائیدییەكان، ئیسلامییەكان كەدێنە سەر حوكم، هـەر بەتـەنیا سیـستمی سیاسـی نـاگۆڕن، ئـەوان یەكسەر دەسـتكاری نەخـشەی كۆمەڵایـەتی دەكەنو سستمێكی كۆنترۆڵو چاودێری ورد پەیڕەو دەكەن، سـەیری حـوكمڕانی تاڵیبان بكە لەئەفغانستان، بەعس بـەو هـەموو دزێـویو ناشـیرینییەوە، سـەفەرو سەیرانو سەیركردنی تەلەفزیۆنو سینەماو گوێگرتن لەمۆسیقاو گۆرانی قەدەغـە نـەكردبوو، قـەرەی هەنـدێ ئـازادی شەخـسیو تایبـەتی نەدەكـەوت، بـەڵام ئیسلامییەكان دەست بۆ هەموو شوێنێك دەبەن، تەنانەت بۆ خەیاڵدانو فانتازیاو وەسوەسـەكانی ناخیـشت. ئـەزموونی حـوكمڕانی ئیـسلامییەكان لەناوچـەی هەڵەبجەو خورماڵ تەوێڵەو بیارە، نموونەیەكی ترە، ئەو ناوچانە جگە لەخۆیانو لەنموونـەی خۆیـان جێگـەی كەسـێتری تێـدا نـەبووەوە، ئـەوان كـەبێن نموونـە خورماڵ دەكەنە نموونەی هەموو كوردستان، من هەرگیز ناتوانم لەفەزایـەكی وادا بژیم، ترسی من لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

**سەلام عەبدولکەریم: پێتوایە هێزە ئیسلامییەکان بەکرداری بڕوایان بەمافە مەدەنیو دیموکراسیو ئازادییە تاکەکەسییەکان هەبێ، بەتایبەت لەکاتی باڵادەستیو نزیکبوونەوە لەتەختی دەسەڵاتدا؟**

شوان ئەحمەد: هەرگیز، ئەوان کە لەپەراوێزی کۆمەڵگەدان بڕوایان بەو مافانە نییەو دژایەتی دەکەن، چ جای بگەنە دەسەڵات، ساڵانێك لەمەوبەر ڕێکخراوێکی هۆڵەندی هاتە سلێمانیو کۆرسێکی ڕۆشنبیری بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی شارەکە کردەوە، کەتیایدا باسی ژیاندۆستیو هەندێ مەسەلەی ویژدانیو ڕۆحیو سێکسی تێدا دەکرا، بەشێوەیەکی زانستیو بەبەرنامە، یەکگرتوو ئەمەی پێ قبوڵ نەکراو ژێر بەژێر ئەم کۆرسەی بەدەسەڵاتدارانی یەکێتی راگرت.

خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەو هێزانەش، وێنەیەکی بێرتوشمان دەداتێ گەر هاتوو گەیشتنە دەسەڵات چی دەکەن، خۆ نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێرانو سودانی سەردەمی(تورابی)و(بەشیر)یش شایەتحاڵێکی ترە.

**سەلام عەبدولکەریم: دواجار پێتوایە گرفتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا پەیوەندی بەوە هەبێت، کەئەم هێزانە هێزی کراوەو لیبراڵ نینو بڕوایان بەمۆدێرنەو عەلمانییەت نییە، یاخود ئەم هێزانە پرۆژەی حکومڕانییان ناڕۆشنەو لەهەندێ باردا بەرەو دامەزراندنی قەوارەی ئایینی هەنگاو دەنێت لەسەر شێوازی پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی؟**

شوان ئەحمەد: لەراستیدا ئیسلامی سیاسی لەوڵاتی ئێمەدا وەکو باقی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانو ناوچەکە، دونیایەك کێشەو گرفتی هەیە، هەر لەکێشەی بێبەرنامەییو کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە، تادەگاتە کێشەی بێپرۆژەییو نەبوونی دیدگایەکی روون لەسەر مەسەلەکانی رۆژو ئیدارەدانی کۆمەڵگەو پەیوەندیگرتن لەگەڵ جیهانی مۆدێرنو سەوداکردن لەگەڵ سەردەمی تازەی جیهانگیریدا.

ئەم هێزانە موبتەلای کۆمەڵێك کێشەی زۆرن، چ لەناو خۆیاندا چ لەئاست دەرەوەدا، سەیری حاڵی بزوتنەوەی ئیسلامی بکە، کەکۆنترین ڕێکخراوی

ئیسلامی سیاسی ئەم وڵاتەیە، ئەوسا تێدەگەیت کەئەمانە نوقمی چ کێشەو قەیرانێکن، هێزێکی وەك بزوتنەوە حاڵی ڕێکخراوەکەی خۆی پێ چاك ناکرێتەوە، کە لەسنووری هەڵەبجە تێپەڕ ناکات، ئیتر چۆن کۆمەڵگەیەکی پڕ کێشەو قەیرانی وەك کۆمەڵگەی کوردی پێ ڕاستدەکرێتەوە؟!



## وتوویژ لەگەڵ ئەیوب نیعمەت(ئارام قادر)

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کەسایەتی ئەکتیڤیستی ئیسلامی**

**سەلام عەبدولکەریم: سەرهەڵدانی جموجوڵی ئیسلامی لەکوردستاندا دەکەوێتە چ کاتێکەوەو بۆچی؟**

ئارام قادر: جموجوڵی ئیسلامی لەکوردستاندا دەکریتە سێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم، بریتییە لەپێش کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەسەڵات لەعێراقدا لەلایەن بەعسییەکانەوە، کەکۆمەڵی برایان(اخوان المسلمین) لەساڵی(١٩٤٧) بەسەرپەرشتی شیخ محەمەد مەحمود صەواف دروستبوو، ئەو کۆمەڵەیە لەژێر چەند ناوێکی جیاجیادا کاریانکردووە، لەوانەش(جمعية الاخوة الاسلامية)وە ئەم ریکخراوە پەلی هاویشتوەتە کوردستانو چەند بنکەیەکی رێکخستنی لەکوردستاندا پێکهێناوە، لەوانەش لەهەڵەبجەی شەهید، کەبەڕیزان مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو مامۆستا صدیق عەبدولعەزیزو مامۆستا عومەر رێشاوی‌و مامۆستا جەعفەر موستەفا لەشانە سەرەتاییەکانی ئەو رێکخراوەدا کاریانکردووە. لەسەردەمی کۆماریدا کۆمەڵەی برایان پێگەیەکی سیاسییان

بۆخۆیان پێکهێنا بەناوی حزبی ئیسلامی عێراقیو بەشێوەیەکی سنوردار خەڵکی کوردستانی تێدا بەشداربووە، لەوانەش مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز مامۆستا مەلا عومەرو مامۆستا شێخ محەمەدی موفتیو مامۆستا مەلا نورەدین، کەئەمەش بەیەکەم قۆناغی کاری ئیسلامی دادەنرێت لەکوردستان. لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەعێراقدا لەلایەن حزبی بەعسەوە لەساڵی(١٩٦٨)و بەشداربوونی برایان بەدوو وەزیر لەیەکەم کابینەی حکومەتداو پاشان دەرپەڕاندنی نوێنەرانی حزبی ئیسلامی لەو حکومەتەداو بڕیاردانی هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامی بووە هۆی وەستاندنی کاری کۆمەڵەی برایان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاری سیاسی ئیسلامی لەکوردستان رابگیرێت، ئەمەش بەقۆناغی دووهەم دادەنریتو ئەم قۆناغەش زیاتر کەسایەتییە ئیسلامییەکان وەك تاك بەردەوام بوون لەکاری بانگەوازو رۆشنبیرکردنی لاوانو هاندانی خەڵك بۆپابەندبوون بەبانگەوازی ئیسلامییەوەو هەندێك کەسایەتیش لەبواری راگەیاندن لەنوسینو لەچاپدانی کتێبو وەرگێڕان جێگە دەستیان هەبووە لەو بوارەدا لەوانەش مامۆستا عەبدولعەزیز پارەزانی، مامۆستا عومەر رێشاوی، مامۆستامەلا محەمەدی شارەزوری. قۆناغی سێهەم بەدروستبوونی رێکخستنو کاری سیاسی دەستپێدەکات ئەویش بەرێکخستنی کۆمەڵی برایان لەسەر دەستی مامۆستا صدیق عەبدولعەزیزو بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بەسەرپەرشتی مامۆستا شێخ عەبدولەتیفو مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی، پاشان لەساڵی(١٩٨٧) بزوتنەوەی ئیسلامی پێکهات لەئەنجامی یەکگرتنی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیو زانایانی ئیسلامی، کە لەکوردستانەوە کۆچیان کرد بۆئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بەعس. لەئێران لەلایەن کۆمەڵێك لەمامۆستایانی کوردستان، کە لەبەر ستەمی بەعس کۆچیان کردبوو، بزاڤێکیتر دروستکرابوو بەناوی برایانی موسڵمان لەلایەن مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین. سەبارەت بەوەی بۆچی بۆ هەرسێ قۆناغەکە ئیسلامییەکان کاری ئیسلامیو دروستکردنی پارتو گروپو بەیەکەوەبوونو غەمخواردن

بۆبەرگریکردن لەئایین‌و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام بەئەرکێکی سەر شانی خۆیانی دەزانن‌و خواپەرستییەکی بەردەوامەو پەیوەست نییە بەکات‌و شوێنەوە دەبێت موسڵمان لەهەرکات‌و شوێنێکدا بێت‌و بەهەر شێوەیەك بۆی بکرێت ئەنجامی بدات. (وماخلقت الجن والانس الا ليعبدون).

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا جوڵانەوەی ئیسلامی لەکوردستان لەگەڵ دروستبوونیدا تاچەند تایبەتمەندێتی کوردی‌و کێشەی کوردی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو؟ واتە ئایا لەساڵانی شەست‌و حەفتاکاندا جوڵانەوەی ئیسلامی داواکاری نەتەوەییانەی هەبووە بۆچارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لەعێراقدا یان تەنها ئامانجی ئیسلامییانەی هەبوو؟**

ئارام قادر: پێویستە ئێمە واقعبینانە کاری ئیسلامی لەکوردستان هەڵسەنگێنین، چونکە گەر وردبوونەوەیەك بکەین کاری ئیسلامی لەپێش کودەتای(١٧–٣٠) تەمموزی بەعس، ئیسلامییەکان لاوازو کەم توانابوون، نە لەحزبی ئیسلامی عێراقی‌و نە لەکۆمەڵی برایان کورد سەرکردایەتیان نەبووە، کوردیش بەسەربەخۆیی خۆیان هیچ گروپ‌و رێکخراوێکی سەربەخۆیان نەبووە، جوڵانەوەی ئیسلامی بەبەراورد لەگەڵ باشورو ناوەڕاستی عێراق کەم ئەزمون‌و دواکەوتوو بووە، بەڵام گەورەترین بەڵگە کەئیسلامییەکانی کوردستان غەم‌و کێشە نەتەوەییەکەیان زۆر بەلاوە گرنگ بووەو شان بەشانی پارت‌و حزبە نەتەوەییەکان بەشداربوون لەدڵسۆزی نواندن بۆ نەتەوەو بەرگریکردن لەمافەکانی کورد زانایانی کوردستان بەتێکڕاو بەجیاوازی دیدو بۆچوونەکانیان هەستاون بەپێکهێنانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لەسەردەمی شۆڕشی کورددا، کەماوەیەك مامۆستا حەمدی سەلەفی‌و ماوەیەك مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز رێبەری ئەو رێکخراوە بوون. ئەو رێکخراوە زۆربەی زانایانی کوردستانی لەخۆگرتبوو، بەئۆرگانێکی زیندوو پشتیوانی شۆڕشی کورد ناسێنرابوو، لەگەڵ شۆڕشگێڕانی تری کورد بەگیان‌و ماڵ لەگەڵ شۆڕشدا بوون، پاشان دروستبونی چەند رێکخراوێکی ئیسلامی بۆ بەرگریکردن لەمیللەتی کوردو

دژایەتی حزبی بەعس واتای ئەوە دەسەلمێنێت، کەئیسلامییەکانی کوردستان ڕۆڵی خۆیان نواندووە بۆ بەرگریکردن لەمافە نەتەوەییەکان، لەوانەش لەشکری قورئان، کەیەکەم هێزی ئیسلامی چەکداری بوو لەکوردستان، پاشان بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی ، پاشتریش بزوتنەوەی ئیسلامی.

**سەلام عەبدولکەریم: مەرجەعی تەوجیهو ئاراستەو بڕیاری جولآنەوەی ئیسلامی بۆبڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگو هەستیارەکان کێ بووە؟**

ئارام قادر: جولآنەوەی ئیسلامی لەکوردستان لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانەوە، کەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوتی سیاسی ئیسلامییەکانی کوردستان بووە لەدوو ڕەوتدا خۆی دەبینێتەوە، بزوتنەوەی پەیوەندی، کەبزوتنەوەیەکی سەربەخۆ بووەو ڕێنماییو ئاراستەی کوردستانی بووەو زانایانی ئیسلامی کوردستان ڕێبەرو سەرچاوەی فیکریو ڕۆشنبیری ئەو بزوتنەوە بوون. کۆمەڵی برایان، کەمامۆستا صدیق لەخۆشەویستی ناوبانگی کۆمەڵی برایان گروپەکەی بەوناوەوە ڕاگەیاند، زیاتر لەقوتابخانەی کۆمەڵی برایان سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام ئەم پەیوەستبوونەش زیاتر پاڵنەری عاتیفیو خۆشویستنی ئەو قوتابخانەو سەرکردەکانی بووە بەتاییەت حەسەن بەنناو سەید قوتب، نەك پەیوەستبوونێکی سیاسیو ڕێکخراوەیی، ئاراستەو سەرچاوەی کۆمەڵی برایان لەکوردستان زۆرتر لەئەدەبیاتو نوسینی سەرکردەو ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵەی برایانی دەرەوە بوو. هەموو ئومێدێكو هیوایەکمان بەسترابوو بەرێکخراویکی نێودەوڵەتی ئیخوان بێئەوەی یەك ڕێنموونی سیاسیو پەیوەندی ڕێکخراوەییمان هەبێت لەنێوان کوردستانو دەرەوەی سنور، لەراستیدا خۆمان کردبوو بەماڵ بەسەر ئیخوانەوە بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی سیاسیو ریکخراوەیی هەبێت.

سەلام عەبدولکەریم: سەرەتاکانی کاری ئیسلامیو جولآنەوەی ئیسلامی چۆنو بەچی دەستیپێکردووە؟ بەتاییەت شێوازی ڕێکخستنی نهێنی؟

ئارام قادر: سەرەتای ڕێکخستنەکان بەپەیوەندی تاکی دەستی پێکرد، واتە هەموو تاکێك پەیوەستبوو بەتاکێکی ترەوە، کادرو بانگخوازانی ڕێکخستن چەندین کۆبوونەوەو پەیوەندی تاکییان سازدەکرد بێئەوەی کەس بەکەسی تر بزانێت. زیاتر ماڵو باخچەو سەیرانگاو مزگەوتەکان بووبوونە لانەی ڕێکخستنەکان. کارو چالاکییەکانی ڕێکخستن زیاتر چینی لاوانی گرتبوویەوە، بەهۆی فروانبوونی ئیشی ڕێکخستەنەکان لەساڵی(١٩٨٣)وە لەپەیوەندی تاکییەوە ناچار شانەی ڕێکخستنمان دروستکرد بەناوی(خێزان)، کە لە(٢-٥) ئەندام پێکدەهاتو هەموو شارێك بەرپرسی خۆی هەبوو، نهێنی پاراستنو کاری ڕێکخراوەی زۆر سەرکەوتووانە دەڕۆیشت تایەکگرتنی خەتی کۆمەڵی برایانی کوردستانو باشور، کەپاش یەکگرتنو بوونە یەك ڕێکخستن کاری ئیسلامی لەکوردستانو ڕێکخستنەکانی برایان بۆ حزبی بەعس ئاشکرابوو.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکاری ڕاوەستانی کاری ئیسلامی لەعێراقو کوردستان لەلایەن سەرکردایەتی ئیخوان موسلیمینەوە چی بوو؟**

ئارام قادر: هۆکاری وەستاندنی کاری ئیسلامی لەعێراقو کوردستان بڕیارێکی ستەمکارانەی حزبی بەعس بووە، کەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو پارتو ڕێکخراوێکی ئیسلامیداوە، چونکە بەعس باوەڕی بەحزبی سەرکردەو تاك حزب بووە لەدەسەڵاتی عێراقداو لەپەیڕەوو پرۆگرامو بەرنامەیدا ئاماژەی پێکردووە، کەڕێگە نەدات حزب بەناوی دینەوە دامەزرێت. پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیو تیرۆرکردنو لەسێدارەدانی سەکردەکانی لەوانەش(ناصر ئەلحانی، محەمەد فەرەج، عەبدولعەزیز ئەلبەدری)و دەستگیرکردنو ڕاوەدونانی کادرەکانی حزبی ئیسلامیو سەرکردە مێژوویەکانی کۆمەڵی برایان لەوکاتەدا ئەوەیان بەلاوە پەسەندبووە بۆ خۆپاراستن لەدڕندەیی بەعسو خوێن نەڕشتنی لاوانی ئیسلامی پەنایان نەبردۆتە بەر دروستکردنی ڕێکخستنی نهێنی، بەڵکو بەشێوەیەکی کردەیی کار وەستاوەو زۆرێك لەسەرکردەکانیان کۆچیان کردووە بۆدەرەوەی عێراق لەوانەش(دکتۆر فلیح سامەڕائی، دکتۆر نوعمان سامەڕائی،

دکتۆر تەها جابر ئەلعانی)و کادرو بانگخوازان لەناوخۆدا روویان کردووەتە چالاکی تاکی لەچوارچێوەی بانگەوازکردنو بڵاوکردنەوەی زانستە شەرعییەکانو نوسینی کتێب.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکاری دامەزراندنی هێڵی دووی ئیخوان بەسەرکردایەتی سدیق عەبدولعەزیز بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لەسەرەتاوە زیاتر کێ بوون ئەو کەسانەی چوونە نێو ئەو رێکخستنە نوێیەوە؟ بۆچی ئەو رێکخستنە نوێیە نەیتوانی خۆی لەئیخوانی جیهانی دابڕێ بەیەکجاری تاوەکو دوای راپەرینی(١٩٩١)مایەوە؟**

ئارام قادر: هۆکاری دامەزراندنەوەی کۆمەڵی برایان لەکوردستان لەلایەن مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسیو رێکخراوەییە ئیسلامییەی، کەهەبوو لەکوردستان، وەڵامدانەوەیەکی زەرورەتی مەیدانی کوردستان بوو، کەپێوستی بەبزوتنەوەو رێکخستنێکی ئیسلامی هەبوو لەوکاتەدا، کەسە دیارەکانی ئەو رێکخستنە، کەبوونە سەرەتای پێکهێنانی رێکخستنەکان(نازم عەبدوڵڵا، ئەحمەد شافیعی، مەلا فەرەیدون، عەلی عەبدوڵڵا، محەمەد عومەر، مەولود باوەمراد، محەمەد نەزیف، تۆفیق کەریم، مەحمود حەمەئەمین، ئیکرام کەریم، ئارام قادر)، هۆی نەتوانینی خۆجیاکردنەوە لەئیخوانی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆدوو هۆ: یەکەمیان بێئاگایی لەجیهانی دەرەوەو وابیرمان دەکردەوە، کەرێکخستنی ئیخوانی نێودەوڵەتی حەقیقەتی هەیەو سەکردایەتییەك هەیە هەموو بزوتنەوە ئیسلامییەکان رێنوێنی دەکاتو ئاگای لەهەموو جوڵەو کێشەو ئازارەکان هەیە، بەڵام دوای ئەوە دەرکەوت، کەنەرێکخراوی نێودەوڵەتی هەیەو نەکەسایەتییە تاکەکانیش ئاگایان لەکوردستان هەیەو هیچ زانیارییەکیشیان نییە سەبارەت بەجوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان. هۆی دووهەم سەرسامبوونمان بەرۆشنبیریو تێڕوانینەکانی کۆمەڵی برایان بەتایبەت ژیانو نوسینو خەباتی پێشەوا حەسەن بەنناو هەروەها ئاگانەبوون لەوەی، کەرەوتو تێڕوانینی تر هەیە لەجیهانداو دووربوون لەواقیعی

ململانێ سیاسی نێوخۆی ئیسلامییەکان لەدەرەوەی کوردستان وایکردبوو بۆماوەیەکی زۆر باجی زۆر بدەین بۆکەس و لایەنێك، کەبوونی نەبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا هێڵی دووی ئیخوان هیچ ئۆرگان و بڵاوکراوەیەکی هەبوو بۆگوزارشتکردن لەخۆی لەڕووی راگەیاندن و ئاراستەکردنی تەوجیهو کاری سیاسیی و بانگەوازییانەوە، هیچ شتێك وەك بەڵگەنامە لەوبارەیەوە هەیە؟**

ئارام قادر: ئێمە ناوی هێڵی دوو مان لەخۆ نەناوە، ئەمەش یەکێکە لەعەجایباتی کاری سیاسی ئیسلامی لەکوردستان، ئەو ناوە مامۆستا کرێکار براندی بەسەر مانداو بووە نازناو بۆجیاکردنەوەی کاری مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لەکاری مامۆستا سدیق. سەبارەت بەبڵاوکراوە بەڵێ.. بڵاوکراوەی رۆشنبیری ئیسلامی هەبوو لەسەرەتای هەشتاکانەوە، کەپاش ژمارە سفرو یەك و دوو ناوەکەی گۆڕا بۆ(نیگا)و بەدەست دەنوسرایەوەو لەسەر لاپەڕەی رایزو بەبەکارهێنانی کاربۆن نوسخەی لەبەر دەگیرایەوەو دەنێردرا بۆشارەکان و بڵاودەکرایەو چەند نوسخەیەکیشم لەلاماوە، کەمێژووی نوسینەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٨٣)وە. هەروەها زنجیرەیەك بڵاوکراوەی ترمان هەبوو بەناونیشانی(زنجیرەی ناودارانی ئیسلام، زنجیرەی هەڵکەوتووانی ئیسلام، زنجیرەی دوژمنامی ئیسلام)، کەکۆمەڵە نامیلکەو کتێبێك بوون و زۆربەی نوسراوی نوێ بوون یان وەرگێڕان بوون و بڵاودەکرایەو چەند نوسخەیەکیشم لەو زنجیرانە لەلاماوە، کاتیك کۆچمان کرد بۆئێران بڵاوکراوەیەك دەرچوو بەناوی (پێشەوا)، بەڵام تەنها یەك ژمارەی لێدرەچوو، هەندێك نوسینی تر دەردەچوون، زیاتر لەچوارچێوەی کاری ئیسلامیی و رێنوێنی لاواندا بوو.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی هێڵی دووی ئیخوان تاوەکو دوای راپەڕینی بەهاری(١٩٩١) لەکوردستان خۆی رانەگەیاندو لەسەرەتاوە وەك رێکخراوێکی رووناکبیریی خۆی دەرخست و پاشان لەساڵی(١٩٩٢)وەك رێکخراوو حزبێکی سیاسی بەناوی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامییەوە خۆی راگەیاند؟**

ئارام قادر: ئێمە رێکخراوێکی ڕووناکبیری نەبووین، بەڵکو حزبێکی سیاسی بووین، بەڵام بەهۆی ستەمی بەعسو لەترسی گرتنو ئاشکرانەبوونی رێکخستەنەکان. هەروەها نەبوونی ئەزمونی پێشتر لەکاری رێکخراوەی ئیسلامی لەکوردستان نەماندەتوانی پەیکەری حزبی دابڕێژینو پەیکەری سەرکردایەتیو ئۆرگانەکان پێکبهێنین، بەڵگەشم بۆ ئەمە یەکەم بەیانی دامەزراندنی رێکخراوەکە بوو، لەلایەن خودی مامۆستا سدیقەوە نوسرابووەوە بەزمانی عەرەبی، کەچەند ئاماژەیەکی تێدابوو لەوانەش ئەم کارە ئەنجامدراوە وەڵامدانەوەیەکی سروشتی ئەو بۆشاییە سیاسیو رێکخراوەییە، کە لەعێراقو کوردستاندا هەبووە. هەروەها ئاماژەی بەوە کردبوو، کەهەرکات سەرکردایەتی گشتی کۆمەڵی برایان دەستبەکاربوویەوە ئێمە سەربازی گوێڕایەڵ دەبین. ئێمە خاوەنی پرۆگرامی پەروەردەیی بووین بەشێوەی نوسراو، کەمادەو کتێبو مەرجو شێوەی وتنەوەی پرگرامەکەشی لەخۆگرتبوو، دابەشکرابوو بەسێ قۆناغ، کاتێك رێکخستنەکەمان یەکیگرت لەگەڵ رێکخستنێکی تری کۆمەڵی برایان لەناوەڕاستو باشوری عێراق پەیکەرێکی سەرەتای بۆدروستکرا لەوانەش دکتۆر عەبدولمەجید سامەڕائی دەستنیشانکرا بەسەرۆکی رێکخراوەکە، مامۆستا عوسمان عەبدولعوزیز سەرۆکی بەشی کوردستان بووە، مامۆستا سدیق جێگری مامۆستا مەلا عوسمان بوو. لەساڵی(١٩٨٧) ئەم رێکخستنە ئاشکرابووە کۆمەڵێکی زۆر لەسەرکردایەتیو کادرەکانی دەستگیرکران، لەوانەش مامۆستا حەسەن شەمێرانی، دکتۆر عیسام ئەلڕاوی، دکتۆر محەمەد ئیبراهیم، دکتۆر عەبدولمەجید سامەڕائیو مامۆستا سدیقو مەولود باوەمرادو محەمەد نەزیفو ئەحمەد شافیعیو کاك زوهەیرو برایەکی تر خەڵکی هەولێر بوو ناوەکەیم لەیادنەماوە کۆچیان کرد بۆئێران لەقۆناغی یەکەمدا.

منو کاك تۆفیق کەریمو سدیق ئەحمەد لەزانکۆکانمان هەڵهاتین، چونکە ناوماندرابوو بۆدەستگیرکردنو تاماوەیەك لەشارەزوور بەنهێنی ماینەوە تارەمەزانی(١٩٨٧)و لەگەڵ ڕوودانی خۆپیشاندانی هەڵەبجە بڕیارماندا بەوەی،

کەبزوتنەوەیەکی چەکداری زەرورەتێکی واقیعییەو پێویستە هەوڵی پێکهێنانی بدەین هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە پێشتر هەندێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابوو، بەڵام خۆپیشاندانی هەڵەبجەو روخاندنی گوندەکان لەلایەن بەعسەوەو دەستگیرکردنی لاوەکانو زیندە بەچاڵکردنی زیندانییەکان هەنگاوەکەمانی پێشخست، ئێمەش رێکخستنەکانمان هانداو پاش پرس‌وڕا بەمامۆستا مەلاعوسمانو گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بەرەو ئێران کۆچمان کرد. لەئێران پاشئەوەی کێشەو ناکۆکیمان بۆدروستکرا لەسەر پێکهێنانی حزبێکی چەکداری لەنێو خۆمانداو لەگەڵ باڵی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدینو بەهۆی خۆپەیوەستکردنمان بەئیخوانەوە ئەو بیرۆکەیەمان لەباربرا، هەرچەندە ماڵو نیشمانو خوێندمان بەجێهێشتبوو، بەڵام رومانکردەوە پێکێهێنانی رێکخستنو بەردەوام بووین لەسەر کاری سیاسیو رێکخراوەی خۆمانو لەئۆردوگای کامێران پەیکەری حزبی بەتەواوی پێکهاتو سەرکردایەتییەك پێکهات لە(٢٧)ئەندام، پرۆگرامێکی پەروەردەیی بەپێنج قۆناغ دانراو لەئۆردوگاکانی ئێرانو لەناو ئاوارە کوردەکاندا دەستبەکاربووینەوە بۆکاری بانگەوازو رێکخستن، بەڵام سادەیی پەیکەرو جۆری ئۆرگانەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزمونیو سەرەتایی بوونی کارەکان. ئەوەی روویداوە لە(٢٢-١١- ١٩٩٢) ناو گۆڕین بوو لەکۆمەڵی برایان بۆ بزوتنەوەی راپەرینو خۆ رزگارکردن بوو لەناونیشانێك، کەکردبوومانە ماڵ بەسەر خۆمانەوە بێئەوەی سودێکی سیاسی یان مادی هەبوبێت.

**سەلام عەبدولکەریم: جۆری رێکخستنو کاری سیاسیو بانگەواری بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی چۆن بووە؟ سەرچاوەی داهاتو ئابووریيان کێ بوو؟ جۆری پەیوەندییەکانتان چۆن بووەو لەسەر چ بنەمایەك بوو؟**

ئارام قادر: پاش ناو گۆڕینی خۆمان لەکۆمەڵی برایان بۆ بزوتنەوەی راپەڕین ئۆرگانەکانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی پێکهێنراوە کاری رێکخستن پەیکەرەکەی بەمشێوەیە بوو(لقو ناوچەو رێکخراو پۆلو شانە) پاشان گۆڕا بۆمەڵبەندو ناوچە رێکخراو پۆلو شانە، هەروەها مەکتەبەکانی راگەیاندنو

ڕێکخستن‌و کاروباری ئافرەتان‌و کۆمەڵایەتی‌و عەسکەری‌و بەشی چاودێری دامەزرا، چەند ڕێکخراویکی پیشەیش پێکهێنرا لەوانەش یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی ڕۆشنبیرانی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی ئیسلامی کوردستان، توانرا دوو کۆنگرەی سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت تاساڵی(١٩٩٨)و پێش پرۆسەی یەکبوون لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی، کاری سیاسی بزوتنەوەی ڕاپەڕین تاساڵی(١٩٩٦) روون نەبوو بۆ جەماوەرو خەڵکی کوردستان، چونکە بارەگاو بنکەی ئاشکرای نەبوو هەرچەندە وەك ڕەوتێکی ئاشکرا کارمان دەکرد، بەڵام پاش(٣١ ئاب) بنکەو بارەگانمان لەزۆر شوێن کردەوە بەتایبەت لەهەولێرو سلێمانی هەڵەبجەی تازەو هەڵەبجەی شەهیدو چەمچەماڵ‌و ڕانیە، سەرچاوەی ئابوریمان تەنها ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی دەرەوەی کوردستان بوو.

کۆمەکی ناوخۆی خۆمان‌و هاوکاری دەوڵەمەندەکانی کوردستان، لەپێش پرۆسەی یەکبوون بەماوەیەکی کورت حکومەتی پارتی بڕیاریدا، کەبودجەیەکمان بۆ دابین بکات بە(٢٥٠٠٠٠)دیناری چاپی سویسری. پەیوەندی سیاسیمان لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی لەئاستێکی سادەدا بوو، بەڵام لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی‌و بزوتنەوەی ئیسلامی چەندین ڕێکەوتننامەو هاوپەیمانێتی نوسراو هەبوو لەنێوانماندا. لەئاستی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها نوسینگەیەکمان هەبوو لەمەریوان‌و لەتورکیا نوسینگەیەکمان هەبوو لەئەستەمبوڵ.

**سەلام عەبدولکەریم: لەنێو بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیدا بیروڕای جیاواز بوونی هەبووە بەتایبەت لەسەر جۆری کارکردنی سیاسی ئیسلامی‌و گوتاری ئاینی‌و ئیسلامیيانەو دواتریش لەبەرامبەر بەشداری سیاسی‌و بابەتە پەیوەندیدارەکانیدا؟**

ئارام قادر: نەخێر لەناوخۆی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی یەك ئاراستەو یەك بڕیارو یەك سەرکردایەتی‌و یەك ڕێنوێنیکردن هەبووە، هەرئەوەش بوو هۆی

سەرکەوتنو بەردەوامبوونی راپەڕین لەگەڵ بوونی کێشەی زۆری ئابوریو سنورداربوونی پەیوەندییە سیاسییەکانو کێشە فیکرییەکان، بەڵام یەکگرتووی ناوخۆمانو یەکڕیزیو یەك ئاراستەیی هۆی هێزو مانەوەمان بوو. گەورەترین سەروەری بزوتنەوەی راپەڕین لەگەڵ بوونی رەخنەو تێبینی لەناو ریزەکانی سەرکردایەتی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بواری غەیبەتکردنو تەشهیرکردنی یەکترو ناوزڕاندنی یەکترمان نەدەدا، بەڵکو رێزگرتنو حورمەت نواندو تۆکمەیی ئامانجی سەرەکی ئەو رێکخراوە بوو، کێشەو ناکۆکییەنمان لەناوخۆماندا چارەسەر دەکردو فەزڵیش لەوەدا بۆ بەڕێز مامۆستا سدیق دەگەڕێتەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی زۆر بەدەگمەن بڕوای بەبەشداری سیاسی لەگەڵ حزبە عەلمانییەکانی کوردستان(یەکێتیو پارتی)دا نەبوو؟**

ئارام قادر: تاساڵی(١٩٩٦)و دانانی بارەگا زیاتر بزوتنەوەی راپەڕین بایەخی بەبانگەوازو پەروەردەو کاری رێکخستنو ئاراستەی حزبی دەدا، تاکاری سیاسیو پەیوەندییەکان، پاشئەوەی کەبارەگا دانرا پەیوەندی دروستکرا لەگەڵ زۆربەی حزبو لایەنەکانو بەشداری هەموو بۆنەو کۆبوونەوەکان کراوەو مەسەلەکە ئەوە نەبووە، کەباوەڕمان بەپرۆسەی سیاسی نەبووە، بۆنمونە لەهەڵبژاردنی(١٩٩٢) ئێمە پاڵێوراویشمان هەبوو لەلیستەکەدا لەوانەش کاك(جەمال قەرەداغی)م، لەبیرماوەو هەروەها چالاکانە کارمان کردووە بۆ سەرخستنی لیستی ئیسلامی، چ لەهەڵمەتی هەڵبژاردن یان لەکاتی دەنگدان، بەڵام کەم دەرکەوتنمان لەمەیدانی سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە فیکرییەی لەئەنجامی ناوی ئیخوانەوە بۆمان دروستبوو، درەنگ رزگاربوونمان لەمۆتەکەی رێکخراوی نێودەوڵەتیو کێشە دروستبوون لەئەنجامی کارکردنمان بەناوی برایانەوە، پاشتریش بەهۆی ناو گۆڕینەوە چەندین کێشەو ئازارمان توشبووە. بۆیە هۆی دواکەوتنمان لەپرۆسەی سیاسی.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی چ رۆڵو بەشدارییەکی لەشەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامیو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەبوو؟**

ئارام قادر: لەشەڕی کۆتایی ساڵی(١٩٩٢) زیاتر لە(١٨) شەهیدمان داوە لەوانەش(کاك ئیبراهیمو کاك نورەدینو کاك تەهاو کاك ئازاد)و هاوکاری مادیو مەعنەویو سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامیمان کردووە، زۆرێك لەئەندامان دەستگیرکرانو ئاوارەبوون بەهۆی پشتیوانیو هاوکاریو هاوسۆز بوون لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا، هەڵوێستەکەشمان لەمیانەی هاوسۆزی بوو بۆبزوتنەوەی ئیسلامی لەسۆنگەی برایەتی ئیسلامیو سەرخستنی موسڵمانو هاوکاری لەکاتی تەنگانەو لاوازیدا، بەڵام پاش دروستکردنی بارەگاکانو راگەیاندنی بزوتنەوەی راپەڕین لەکوردستان بەشێوەیەکی کردەیی هەڵوێستمان ناوبژیکردن بووەو نوێنەرمان لەهەموو شەڕەکانی نێوان پارتیو یەکێتیو بزوتنەوەو یەکێتی هەوڵدان بووە بۆ ئاشتەواییو دوورکەوتنەوە لەمۆتەکەی شەڕو یەکڕیزی میللەتەکەمان بووەو بەیاننامەو بڵاوکراوەو بەڵگەنامەکانیشمان ماوە لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**سەلام عەبدولکەریم: فیکری ئیسلامی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی وەك تێبینی دەکرا زیاتر کاریگەر بوو بەبیرکردنەوەی سەلەفییەتی ئاینی ئەمە تاچەند وایەو چ قوتابخانەیەکی ئیسلامی تر کاریگەری هەبوو لەسەر بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی؟**

ئارام قادر: لەسەرەتای بزوتنەوەی راپەڕین زۆرترین رۆشنبیریو تێڕوانینەکانمان لەنوسینەکانی حەسەن بەنناو دکتۆر یوسف قەرزاوی، فەتحی یکنو محەمەد غەزالیو سەید قوتبو محەمەد قوتبو ئەبوعەلای مەودودی، سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام پاش کۆچکردنمان بۆ ئێرانو تێگەیشتن لەهەندێك بارودۆخی دەرەوەی کوردستانو پاشان ناو گۆڕینو دوورکەوتنەوەمان لەخۆبەستنەوە بەقوتابخانەی برایان بزوتنەوەی راپەرین بەشێوەیەکی کردەیی ئازاد بوو بەخۆبەستنەوە بەهیچ رەوتو قوتابخانەیەکی دەرەوەی سنوری

کوردستان، خۆمان دەستمانکرد بەداهێنانێکی نوێ ئەویش بەسود وەرگرتن لەهەموو قوتابخانە فیکریو ئەزمونە سیاسییەکان بێخۆ پەیوەستکردن بەقوتابخانەیەکی دیاریکراوەوە، زۆر داکۆکیمان دەکرد لەسەر ئەوەی، کەدەبێت سەربەخۆ بینو نابێت پابەندی هیچ بەرنامەو قوتابخانەیەك بین، چونکە باجی زۆرماندا بەهۆی خۆپەیوەستکردن بەئیخوانەوە. هەروەها سەربەخۆیی بوون بەیەکێ لەهۆکارەکانی سەرکەوتنمان دادەنا. سەبارەت بەرەوتی سەلەفی ئێمە خۆمان بەدرێژکراوەی ئەو قوتابخانەیە نەدەزانی، بەڵام سەرچاوەیەکی بەهێز بوو بۆمان بۆ پەروەرکردنو رۆشنبیرکردنی ئەندامان، بەڵام لەهەمانکاتدا سودیشمان بینی لەرۆشنبیرو تێڕوانینەکانی کۆمەڵی ئیسلامی میسرو نوسینەکانی عەبدوڵڵا عەززامو حەسەن تورابی.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی بزوتنەوەی ئیسلامی کردنەوەی مەکتەبی سەربازی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی پێقبوڵ نەبوو، چەند جارێکیش ناوچەی خورماڵی راپەڕینی ئیسلامییان دادەخست؟ مەسەلەی ئەو تێزە ئیسلامییە بوو، کەبوونی دوو بزوتنەوەی ئیسلامی جیهادی لەشوێنێکدا جائیز نییە؟**

ئارام قادر: ئەو تێڕوانینانە هەمووی بۆدوو هۆکار دەگەڕێنمەوە: یەکەمیان هۆکارێکی سیاسی، کەزۆرێك لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیو کادرە پێشکەوتووەکانیان ئەوکاتە لەو قەناعەتەدا بوون، کەبەکردنەوەی مەکتەب عەسکەریو پەیدابوونی هێز بۆ بزوتنەوەی راپەرین، زۆرێك لەئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی واز لەبزوتنەوە دێننو دێنە ناو بزوتنەوەی راپەڕین، چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی لەوکاتەدا کێشەو ململانی ناوخۆی زۆر زەقو بەهێزبوو بوویەوەو ئەگەری لێکترازانو لەتبوونی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبوو. بوونی سەربازگەو هێزی چەکداری گەورەترین فاکتەری مانەوەو بەردەوامبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی بوون، بۆیە زۆرێك لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی زۆر بەتوندی دژ وەستانەوە لەنەخشەو پلانی بزوتنەوەی راپەڕین بۆدروستکردنی هێزو سەربازگە، چونکە بەلایانەوە وابوو دروستبوونی هێزی سەربازی لەلایەن

بزوتنەوەی راپەڕین کاریگەری دەکردە سەر بوونو قەوارەی بزوتنەوەی ئیسلامی. هۆکاری دووهەم سادەییو سەرەتای لەکاری ئیسلامیدا، چونکە زۆر ئەندامو لایەنگرو کادری بزوتنەوەی ئیسلامی هەبوو تا ئەوکاتەش بەلایانەوە دروستنەبوو دوو هێزی چەکداری هەبێت، گەر هەردووکیشیان بانگەشەی کاری ئیسلامی بکەن، ئەم جائیزنە بوونەش بەلایانەوە وابوو، کە بەزەبری هێزیش بێت دەبێت لابدرێتو بوار نەدرێت بۆ سەرهەڵدانو دروستبوونی ئەو هێزە، بۆ پشتیوانی بیروڕاکەشیان رای هەندێك زانایانیان هێنابوو. دەستبەسەراگرتنی ناوچەی خۆرماڵو هەندێك کێشەی لابەلا، کەدروستبوو لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان لەئەنجامی ئەو تێڕوانینانەوە سەرچاوەیان گرتبوونو هەروەها زۆر ئاشکرا دیار بوو، کەزۆربەی ئەو هەڵوێستو کارانە زۆربەی سەرکردایەتیان بەتەواوی ئاگایان لێنەبووە، گەر ئاگاداریش بوونایە پێی رازی نەبوون، بەڵام واقیعی بزوتنەوە وابوو، کەئەو کارانە ئەنجامدەدراو نەدەتوانرا رێگریشی لێبکرێت.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکاری یەکگرتنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی پەیوەندی بەسۆزو فشاری قاعیدەو قەواعیدەوە هەبوو، یاخود رەوشێکی سروشتی هاتبووە پێشەوە، یان فشاری وڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەت ئێران؟**

ئارام قادر: بەهیچ شێوەیەك دەستو فشاری لایەنی دەرەوە لەرێکەوتنی بزوتنەوەی ئیسلامیو بزوتنەوەی راپەڕیندا نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێك دەزگا لەئێران زۆر نارەحەت بوون بەیەکگرتنەکەو هەوڵی جددیشان دەدا بۆئەوەی سەرنەگرێت. سۆزو عاتیفە زۆر دەوری هەبوو بۆ پێکهێنانی یەکبوون، چونکە قیادەو قەواعیدی هەردوولا جۆشبوون بەسۆزو خۆشەویستی ئیسلامو کاری ئیسلامیو تامەزرۆ بوون بۆ یەکڕیزییو کاری بەکۆمەڵکردنو عاتیفەو سۆزیش مەرج نییە هەمیشە هەڵەو نادروست بێت، بەڵام ئالییەتو شێوەو بنەماکانی یەکبوونەکە هەڵەو کەمو کورتی تێدابوو، پێویستی

بەزەمینەسازییەکی زیاترو رۆشنبیرکردنی زیاتر هەبوو بۆ پتەوکردنو بەردەوامبوونی یەکبوونەکە. ئێمە یەکبوونەکەمان بەپرسو ڕای ئەندامانی خۆمان کرد، کە لەوکاتەدا ئەنجومەنی ئیستیشاریمان هەبوو، کەپاش گفتوگۆکردن لەسەر پرۆسەکە بەزۆرینەی دەنگ پرۆسەکە پەسەندکرا.

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجار باس لەوە دەکرێ، کەهۆکاری سەرەکی یەکگرتنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامی، بەبنبەست گەیشتنی جوڵەو کاری بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بووەو لەگەشە وەستانی بووە بۆیە بۆئەوەی نەمرێ لەپرۆسەی یەکبوونی ئیسلامیدا خۆی زیندوو کردۆتەوە؟ رات لەسەر ئەمە چییە؟**

ئارام قادر: سەرەتای یەکبوون بەنامەیەکی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز، کەئەوکات رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی بوو دەستییپکرد، کە لەلایەن مامۆستا عومەر تریفەییەوە هێنراو لەسەرکردایەتی خوێنرایەوە. پاشان گفتوگۆی لابەلایىو رەسمی زیاتر لەشەش مانگی خایاند، پاشان بزوتنەوەی یەکبوون لەدایکبوو. سەبارەت بەوەستانی گەشەکردن زۆر بەپێچەوانەوە بوو، چونکە بزوتنەوەی راپەڕین لەچڵەپۆپەی گەشەو گەورەبووندا بووە، بارودۆخی ئابوری زۆر لاواز بووین ئەوە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکاتو لاوازی ئابوریمان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتە هەر لەسەرەتای دروستبوونمان، کەبەناوی کۆمەڵی برایان کارمان دەکرد تایەکبوون ئێمە بەکێشەی ئابورییەوە تلاوینەتەوەو قەیرانێکی بەردەواممان ئابوریو کەمی لایەنی دارایی بووە، بەڵام هەردوولا لەوکاتەدا پێویستمان زۆر بەیەکتر هەبوو، راپەرین لەبەرئەوەی بنکە جەماوەرییەکەی لەسەر رۆشنبیری خۆشویستنی جیهادو مومارەسەی جیهادو خۆئامادەکردن بۆ روبەڕوبوونەوە ئامادە دەکردو لەهەمانکاتدا زەمینەیەك نەبوو ئەو چەمکانە بکەینە واقیع، لەبەرئەوە پێویستمان بەو واقیعەی بزوتنەوە هەبوو بۆ تەرجەمەکردنی ئەو چەمکە ئیسلامییانەی باوەڕمان پێی هەبوو. لەڕاستیدا بوونی دوو بزوتنەوەو رابەڕایەتیکردنیشی لەلایەن دوو براوە زۆر ئازاری دەروونی

دەداینو بووبووە پرسیاری شەوو رۆژی ئەندامانو جەماوەرو هەمیشە لەخولیای ئەوەدابووین ئەم کێشەیە یەکلاببێتەوەو بکرێتە یەك ماڵ. بزوتنەوەش لەقەیرانی لێکترازانو خەتو کوتلەدا دەتلایەوەو لەلایەکیتریشەوە پێویستی بەو هەموو کادرو لاوەی راپەڕین هەبوو بۆ پراکتیزەکردنی بنەما رێکخراوەییەکانو پرنسیپەکانی رێکخستنو تۆکمەکردنی کار لەناو یەك رەوتو بزوتنەوەدا.

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجار پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆجەنابتو راپەڕینە دێرینەکان رادەکێشرێ، کە لەگەڵ باڵی م.عەلی باپیر لەکۆنگرەدا کارتان بۆئەوە کردووە، کە(م.عەلی عەبدولعەزیز)و هەوادارانی باڵی ئەو دەرنەچنو خۆتان کۆنترۆڵی بزوتنەوەکە بکەن، وەك ئەمە لەلایەن ئەندامێکی شورای پێشووی بزوتنەوەی راپەڕینەوە بۆئێمە پشتڕاستکراوەتەوەو خودی(م.عەلی باپیری)یش لەکتێبی(سنورە قەدەغەکان مەشکێنن)دا جەختی لێدەکاتەوە؟**

ئارام قادر: من ئەوە بۆ مێژوو دەڵێم سەرەتای یەکبوونو تاتێپەڕبوونی شەش مانگ زیاتر کوتلەی مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ راپەڕین ناکۆك بووینو زیاتر ئێمە لەگەل کوتلەی مامۆستا مەلاعەلیدا رێکتر بووین، هەرچەندە ئێمە زۆر هەوڵمان دەدا تەرازووی هیچ لایەك قورس نەکەین، بەڵام وەزعی ناوخۆی بزوتنەوەو ناکۆکییەکان ئەوەندە قورسو بەردەوام بوون ئێمەشیان بەرەو ناکۆکیەکان پەلکێشکرد، بەڵام گۆڕانگارییەکانی دەوروبەرو مامەڵەی رۆژانە هەڵوێستەکانی بەسەرکردایەتیو ئەندامانی راپەڕین گۆڕی، بەتایبەت فەلاقەکردنی کەمال غەفار لەبەردەم مەکتەب سیاسیداو پاشان نەبوونی هەڵوێستێکی روون لەلایەن مامۆستا سدیق بەرانبەر بەرووداوەکانی پاش ئەو رووداوە، کەسەر تۆپکەی رووداوەکان بووەو تەقییەوەو هەموو برینەکانی رابردووی زیندوو کردەوە. سەبارەت بەململانێی کۆنگرەش تەنها راپەڕینو باڵی مامۆستا عەلی باپیر نەبووین، بەڵکو لەسێ کوتلە پێکهاتبووین ئەویش(باڵی مامۆستا عەلی باپیر، راپەڕینەکان، باڵی حاجی قاسم) بەیەکەوە کارمان کردووە بۆ یەکخستنی تواناکان بۆ گۆڕانکاری لەکۆنگرەدا. سەبارەت بەخۆشم بەحوکمی

لەپێشەوە بوونم لەهەموو رووداوەکانو بەشداربوونم لەزۆربەی لیژنەکان، بەهۆی ئەوەی لەزۆربەی قەیرانەکانو گفتوگۆکاندا بەشداری راستەوخۆم هەبووە بێگومان ئەو قسە هەر دەکرێتو دووبارەش دەبنەوە.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی شارۆچکەی تەوێڵە دانرا بۆبەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی؟ ئەمە بڕیاری شورای بزوتنەوەی یەکبوون بوو، یاخود سەپێنرابوو؟**

ئارام قادر: پێشنیاری لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بوو، کەبریتی بوو لەکامیلی حاجی عەلی، عەبدولرەحمان عەبدولرەحیم، ئاسۆ هەولێری، شێخ موحسین حسێن، ئارام قادرو پیشنیارەکەمان خستە بەردەم شوراو ئەوانیش رازیبوونو هیچ پەیوەندی بەلایەنو دەستی دەرەکییەوە نەبووەو کەسیش نەی سەپاندووە، چونکە خۆم لەیادمە، کەگفتوگۆمان لەسەر شوێنەکان کردو خۆمان تەوێڵەمان بەباشزانی لەبەر زۆر هۆکاری ئابوریو حەوانەوەو ئاوهەواو پاشئەوەش، کەبڕیارمان لەسەردا بۆ دڵنیابوون لەشوێنەکە، خۆم سەردانی تەوێڵەم کردو پاشتر بڕیارەکە جێبەجێکرا، چونکە پێشبینیمان دەکرد کۆنگرەکە زیاتر لەچەند رۆژێکی دەوێت بەهۆی زۆری ئەندامانی کۆنگرەوە، کەزیاتر بوو لە(٨٥٠) ئەندامو شوێنێکی واگونجاو نەبوو بۆ بەستنی کۆنگرەکە، جگە لەتەوێڵە، لەبەرئەوە پاش لیکۆڵینەوە لەهەموو ناوچەکان تەوێڵەمان دیاریکرد، کە لەزۆر رووەوە گونجاو بوو.

**سەلام عەبدولکەریم: باس لەوە دەکرێ لەکۆنگرەدا کوتلەو باڵی جیاواز پێکهێنراوە لەململانێی باڵەکانی ناو بزوتنەوەدا، بەجۆرێ باڵی زۆربەی راپەڕینە دێرینەکانو باڵی م.عەلی باپیر پێکەوە بوون لەبەرامبەر باڵی م.عەلی عەبدولعەزیزدا؟ تاچەند ئەنجامەکانی کۆنگرە بەسروشتیو رەوا دەبینی؟ پاشان ئاکامەکانی هەڵوەشانەوەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەئەستۆی کام گروپی نێو بزوتنەوەیەکەدایە؟ لەدواتریشدا چ کاریگەرییەکی کردە سەر جوڵانەوەی ئیسلامی بەگشتیو کوتلەکانی نێو بزوتنەوەکە؟**

ئارام قادر: بڕیاربوو له(٢١-٨-٢٠٠٠)دا كۆنگره بگیرێت بەپێی ئەو ڕێكەوتننامەیەی نێوان بزوتنەوەی ڕاپەڕینو بزوتنەوەی ئیسلامی. ئێمه وەك ڕاپەڕینەكان دەمانویست بەهاوكاری كادرو ئەندامه دڵسۆزەكانی نێو بزوتنەوەی یەكبوون كاروانی یەكبوون بەرەو سیستمی دامەزراوەیی ببەینو لەقەیرانه فیكرییەكان ڕزگاری بكەین، بەڵام زوو بەستنی كۆنگرەو جیاوازی تێڕوانینمان بۆكۆنگره دەروازەی كێشەكانی والاكردەوە، چونكه هەر لەسەرەتای گفتوگۆ لەسەر بەستنی كۆنگره كێشەو ناكۆكی دروستبوو لەسەر چۆنێتی بەستنی كۆنگرەو ڕێژەی بەشداران‌و سیستم‌و ئالییەتی كۆنگره، پاشان سەرهەڵدانەوەی كێشه كۆنەكانی نیو بزوتنەوه نوێبوویەوەو بووه هۆی ئەوەی، كەئەمجاره قەیرانی لێكترازان زۆر نزیك ببێتەوە.

بەڵگه نەویسته، كەناكۆكی زۆر قوڵ لەنێوخۆی باڵەكانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەبوو، كۆنگرەی یەكەمی بزوتنەوەی یەكبوون ناكۆكییەكانی نوێكردەوە، بەڵێ باڵو كوتلەی جیاواز هەبوون لەناو كۆنگرەی یەكبووندا، لەوانەش( باڵی مامۆستا مەلا عەلی، باڵی مامۆستا عەلی باپیر، باڵی مامۆستا كرێكار، باڵی هێزی سۆران، باڵی مامۆستا سدیق، باڵی ڕاپەرینەكان، باڵی حاجی قاسم)و ئەم باڵانه هەر كۆمەڵێكو لەگەڵ چەند باڵێكی تردا هاوپەیمانێتیان بەست بۆ سەرخستنی لیستو كاندیكەكانی خۆیان. ئێمه پاشئەوەی لەگەڵ مامۆستا سدیق لێكترازاین‌و ڕاپەرین بوو بەدوو بەشەوه زۆرینەی لەگەڵ ئێمەدا بوون‌و هاوپەیمانێتیمان كرد لەگەڵ خەتی حاجی قاسم‌و مامۆستا عەلی باپیر بۆگۆڕانكاریكردن لەنێو بزوتنەوەی یەكبووندا. مامۆستا سدیق‌و ئەوانەی لەگەڵێدا مابوون لەگەڵ خەتی مامۆستا مەلاعەلی‌و هێزی سۆران بووبوونه یەك خەت. پێویسته ئاماژەش بەوه بكەین، كەئێمه زۆر هەوڵماندا ئەو وەزعه نەگاته لێكترازان‌و بارودۆخەكه بەو ئاقارەدا نەڕوات بۆ ئەو مەبەسته دووجار سەردانی ئێران كراو گفتوگۆو وتووێژی زۆر كرا بەناوبژیوانی نوێنەرانی ئێران‌و زۆر دانمان

بەخۆماندا گرتو زۆر نەرم كێشیمان كردو زۆر لەخۆمان بوراین بۆ بەردەوام بوون لەسەر یەكبوونو چەندین پێشنیارو پرۆژە گەڵاڵە كراوە.

هەروەها لەكوردستان چەندین جار كۆبوونەوەی رەسمیو نارەسمی كرا، كەچەندین دڵسۆزان لەئاستی ریكخراوەییو لەئاستی كەسایەتییەكان بەشداربوون بۆساڕێژكردنەوەی كێشەكان، بەڵام لەكۆتاییدا ئێمە گەیشتینە بنبەست. رای من وایە، كەیەكخستنو یەكڕیزیو برایەتی لەسەروو هەموو ئامانجێكەوەیە، بەڵام دەبێت ئالییەتو شێوازێكی وابەكاربهێنرێت مەبەستی یەكبوونو یەكڕیزییەكە ون نەكات، كەبریتییە لەگەشەكردنو هێزو فراوانبوون، بەڵام هیچ چارەمان نەما، بۆیە ئێمە كۆمەڵمان راگەیاند لە(٣١/٥/ ٢٠٠١)، كەكۆتا چارەسەر بووە هیواخواز بووین یەكبوون بەیەكڕیزی بمێنێتەوەو لێكترازانو ناكۆكیو بەشبەشبوون روو نەدات.

**سەلام عەبدولكەریم: كۆمەڵی ئیسلامی لەسەرەتاوە تاچەند بڕوای بەچەمكی بەشداری سیاسی هەبوو؟ بەشداریكردنی ئێستای كۆمەڵی ئیسلامی لەعێراقو كوردستاندا دەرئەنجامی گۆڕانی رەوشی سیاسییە یاخود قەناعەتی فیكری ئیسلامی؟**

ئارام قادر: كۆمەڵی ئیسلامی هەر لەسەرەتای راگەیاندنییەوە زۆرێك لەچەمكو تێڕوانینەكانی پێشووی بزوتنەوەی یەكبوونی گۆڕیو بەفیكرو قەناعەتێكی نوێوە هاتە مەیدان، لەوانەش مەسەلەی بەشداری سیاسی بوو، بەڵام لەسەرەتاوە نەمانتوانی دەستبەجێ ئەو هەنگاوە هەڵبگرین بەهۆی بارودۆخی تازەی راگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامیو توندی ناكۆكییەكان لەنێو كۆمەڵی ئیسلامیو ئەنسارولئیسلامو بزوتنەوەی ئیسلامی، كەكێشەكان زۆر توندو بەهێز بوون، بواریان نەدەدا تابتوانین پرۆژەكانی خۆمان بچەسپێنین.

هەروەها تێكچوونی بارودۆخی ناوچەكە بەهۆی شەڕی نێوان یەكێتیو ئەنسار كاریگەری خۆی هەبوو، كەئێمە نەتوانین هەنگاوی جددی هەڵبگرین بۆ پیادەكردنی بەرنامەكانمانو بەشداری ئێستاشمان قەناعەتێكی فیكرییەو

باوەڕمان وایە کارکردن لەپەرلەمانو حکومەتو ئەنجومەنەکاندا مەیدانێکی تری خزمەتگوزاریو دڵسۆزی نواندنە بەرانبەر بەدینو بەخەڵکی کوردستان. موسڵمان دەبێت پێشەنگ بێت بۆ ململانێی سیاسیو رۆشنبیری لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەی ئیسلامیدا. دەمەویت ئەو چەمکەش راستبکەمەوە، کەحزب بەمردوو وەستاو دادەنرێت، گەر وەڵامدانەوەو کاردانەوەی نەبێت بۆگۆڕانکارییەکانی دەوروبەر، چونکە حزبو پارتی زیندوو ئەوەیە، کەبتوانێت بەخێرایی وەڵامی داخوازییەکانی قۆناغە جیاجیاکان بداتەوە، چونکە ئیسلام بەرنامەیە بۆهەموو قۆناغە جیاوازەکانو گونجاوە بۆهەموو کاتو ساتو شوێنێکو چارەسەرو بنەمای کاری هەموو قۆناغەکانی دەستنیشانکردوە.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایندەی ململانێی سیاسی نێوان ئیسلامی–عەلمانی لەکوردستاندا چۆن دەبینی، کێ براوەی ئەم ململانێیە دەبێت؟**

ئارام قادر: بەهۆی ئەوەی، کەجیهان گۆڕانکاری خێرا بەخۆیەوە دەبینێتو ماوەی زیاتر لەنیو سەدەیە حزبە عەلمانییەکان لەدەسەڵاتدان لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەموو دروشمو بەرنامە عەلمانییەکان خرانە تاقیکردنەوەی رۆژگارەو زۆوربەی خەڵك عەلمانییەتی چوەك سیستم یان بیروڕا بۆ تاقیبۆتەوە، کەنەیانتوانیوە مەینەتیو گرفتەکانی کۆمەڵانی خەڵك چارەسەر بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە چەندین جۆرو شێوازی نوێی کێشەو گیروگرفت دروستبووە، هەرئەمەش وایکردووە لەزۆربەی جیهانی ئیسلامیدا جەماوەرو کۆمەڵانی خەڵك هیواو ئومێدیان بۆ دروستبووە بەپارتو گروپە ئیسلامییەکانو ئێستا دەنگ دەدەنە ئیسلامییەکانو پرۆسەی ئیسلامییەکان لەزۆربەی وڵاتان بەرەو سەرکەوتن دەڕوات وەك لەتورکیاو مەغریبو کوەیتو بەحرەینو یەمەنو مالیزیا، کەئیسلامییەکان سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە لەزۆربەی هەڵبژاردنەکانداو هەمان شەپۆل بەرەو کوردستان بەڕێوەیە، بەڵام ئەوەش دەکەوێتە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی ململانێکان لەلایەن ئیسلامییەکانەوەو

رادەی خۆگۆڕینو گۆڕان لەناو  خودی ئیسلامییەکاندا بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی پێویستو داواکراو، بۆ ئەوەی بتوانن سەرکردایەتی ئەم بارودۆخە بکەن.



## وتوویژ لەگەڵ محەمەد بازیانی

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی سیاسی**

**سەلام عەبدولکەریم: سەرهەڵدانی جموجوڵی ئیسلامی وەکو چ پێویستییەکی کۆمەڵی کوردی سەریهەڵدا، بەتایبەت جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار لەدەرەوەی بیرو شێوازی کارکردنی ئیخوان موسلیمین لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا؟**

محەمەد بازیانی: باکگراوندێك هەیە ئەم جموجوڵە ئیسلامییەی سەریهەڵداوە ناگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەشتاکان، لەوکاتەوە ئەو ئینقیلابەی، کەئیتیحادو تەرەقییەکان کردیان بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیداو بانگەشەی ئەوە بەکوردستاندا هەبوو لەلایەن شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوەو لەلایەن شێخ مەحمودی حەفیدەوە، کەبا بڵێین شەریعەت حاکم بێتو زۆربەی زۆری دەوڵەتەکان داوای دروستبوونی دەوڵەتێکیان بۆ کیانی خۆیان دەکرد، ئەوانیش لەزیهندا داوای ئەوەیان دەکرد کوردستان دەوڵەتێکی

سەربەخۆ بێتو لەهەمانکاتدا شەریعەت حاکم بێت. لەمبارەیەشەوە یەکەمین دۆکیۆمێنت، کەدەست ئەکەوێتوءباسی سەرهەڵدانی حزبی ئیسلامی بکات. حزبی ئیسلامی، کەدامەزرا لەلایەن کۆمەڵێك پیاوماقوڵانی شاری سلێمانییەوە بوو. لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك جەنراڵی عەسکەری کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا رۆڵی گەورەیان هەبوو، ئیلتیزاماتیان بەئیسلامەوە هەبوو، ئەوان داوای ئەوەیانکرد لەکوردستاندا دەوڵەتێك ببێت لەساڵی(١٩١٩). کاتێ کەشێخ مەحمودی حەفید لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیلگیرا، ئەوان داوای ئەوەیان کرد شێخ مەحمودی حەفید ئازاد بکرێت لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو ئامانجەکانی ئەو حزبە، کەپێی دەوترا(حزبی ئیسلامی) دەوڵەتێك بۆ کورد دروستببێتو تیایدا شەریعەت حاکم بێت، بەڵام ئەڵبەتە بزوتنەوەی نەتەوەیی پاشئەوە زاڵتربوو.

بزوتنەوەی رزگاریخوازای کورد لەلایەنە قەومیو لەلایەنە چەپەکانەوە زیاتر لەچلەکاندا، کەحزبی هیوا دروستبوو، بەنزیکەیی تاڕادەیەك رەوتی چەپیشی هەبوو، پاشان کەحەرەکەی کوردی هاتەکایەوە، سەرکردەکەی مەلا مستەفای بارزانی بوو. ئەو وەختە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەم لەلایەنی رۆحییەوەو هەم لەلایەنی نەتەوەییەوە، پێویستی بەوە نەدەکرد میللەتی کورد حزبێکی ئیسلامی سەرهەڵبدات، چونکە ئەو تەمسلیی هەردوو لایەنەکەی دەکرد، لایەنە ئاینییەکەو لایەنە میللییەکە، بەڵام پاش نسکۆی ساڵی(١٩٧٥)، کەکۆمەڵێك پارتو حزبی تر دروستبوون، زۆربەی زۆری ئەو حزبو پارتانە چەپ بوون، لەبەرئەوەی ئەو وەختە بلۆکی رۆژهەڵات هەمیشە زۆربەی زۆری بزوتنەوە رزگاریخوازەکان تەبەنی فیکری چەپیان کردبوو، بزوتنەوەی کوردی پاشئەوەی چەند حزبێك دروستبوو، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەئارادا بوو، کۆمەڵێك ئەحزابی عەلمانی یان چەپ دروستبوونو بوون بەزەرورەتێك.

ئیدی وایکرد بزوتنەوەیەکی ئیسلامیش دروستببێت، چونکە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکانە گلەییان دەکردو ئەیانووت ئیسلام بوونی نییە لەبزوتنەوەی

رزگـاریخوازی میللـەتی کـورددا، لەکاتێکـدا وەکـو ئامـاژەم پێـدا مـەلا مـستەفای بارزانی تەمسیلی هەردوو لایەنەکـەی دەکـرد، کاتـێ بـەو ئاراسـتەیەدا ئەڕۆیـشت زەرورەت ئەوە بوو، کۆمەڵێك گەنجو لاو لەگـەڵ کۆمـەڵێك عـالمو زانـادا لـەفیکری دامەزراندنی پارتێکی ئیسلامیدا بوون یان بزوتنەوەیەکی ئیسلامیدا بوون بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لەسـاڵەکانی(١٩٧٨) بزوتنـەوەی پەیوەنـدی ئیـسلامی دروسـتبوو لەلایـەن کۆمـەڵێك پیـاوی ئـەکادیمیو هـەروەها پیـاوی رۆشـنبیر، کەتـەیاربوون بەفیکری ئیسلامی. لـەو وەختـەدا کۆمـەڵێك عـالمو زانـا جـەنابی مامۆسـتا شـێخ لــەتیف بــەرزرنجی، کەئوســتادێکی جامیعــەبوو، پیــاوێکی ئــەکادیمی بــوو لەهەمانکاتدا مامۆستا عەبدولڕەحمان نەورەسی، کەرۆشـنبیرێکی ئیـسلامی بـوو. ئــەو وەختــە لــەوەزارەتی ئــەوقافیش ئیــشی ئــەکردو لەهەمانکاتــدا کۆمەڵــە خەڵکانێکی وەکو جـەنابی مامۆسـتا عوسمـان عەبدولعـەزیز، کەئـەو لەسـاڵەکانی پەنجادا لەگەڵ مامۆستا مەلا عەلیو مامۆستا عومەری برایو لەگـەڵ مـەلا سـاڵحدا چوونە ناو رێکخراوی ئیخوان موسـلیمین. ئەمـە بـوو بـەزەرورەتێك هـەتا فیکـری ئیسلامی لـەناو گۆرەپـانو مەیـدانی کوردسـتاندا وجـودو بەرقـەراربوو. ئـەوەبوو ئەوان بەفیکری ئیسلامی هەوڵیاندا ئەو ئەزیيەتو ئازارە لەسەر میللەتەکەیـە لای بەرن. بۆیە دۆڵو شیوو شاخەکانی کوردستان ئاڵای(لااله الاالله محمد رسول الله)ی تێکەوتو چەکیش هـەڵگیرا بـەهۆی ئـەوەی رژێمـی سـەدام لەسـاڵەکانی(١٩٨٠)و سەرەتای هەشتاکاندا سیاسەتێکی دڕندانەی گرتەبەر.

**سەلام عەبدولکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو جموجوڵە ئیسلامییە بەگشتی لەگەڵ پارتە سیاسییە کوردییەکان لەو قۆناغەدا چۆن بوو، کەهەموویان لەبەرەی بەرهەڵستیکاری رژێمی بەعسدابوون؟**

محەمەد بازیانی: خۆی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوەی رزگـاریخوازی کوردەوە خەڵکەکـە فیکرێکـی ئـاینی هـەبوو، بـەڵام دوای نـسکۆکە زیـاتر بـەرەو فیکری چەپ رۆیشت،واتە بـەرەو فیکـری سۆسیالیـستی، لەبـەر ئـەوەی تـەوژمی سۆسیالیزمی ئەوکاتە هەموو دنیای گرتبۆوەو هـەموو بزوتنـەوە رزگاریخوازەکـان

بـەزیهنی ئەبووایـە چـەپ بوونایـەوە، ئـەوە واقیعێکـی حـاڵبوو، هـەتا ئـەو بزوتنەوانـەش، کەبـەناوی دیموکراتیەتیـشەوە بـوون، سـەیر ئەکـەیت سـودیان لـەمارکس‌و لیـنین وەرئـەگرت‌و لەپـەیڕەو پرۆگرامیانـدا بەئاشـکرا ئاماژەیـان پێدەکرد.

پەیوەندی بزوتنـەوەی ئیـسلامی هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە بۆنموونـە لەگـەڵ حزبـی سۆسیالیـستی کوردسـتاندا ڕۆژێـك لـەڕۆژان نـاجۆر نـەبووە، لەبەرئـەوەی ئـەو حزبانـە لەناوچـەی شـارەزوورەوە هـەڵقوڵابوون. حزبـی سۆسیالیست بەتایبەتی کاك محەمەدی حاجی مەحمود بەڕاستی لەوناچانە بـوو، پەیوەندییـەکی زۆر تۆکمـە هـەبووە لـەنێوان ئـەوان‌و بزوتنـەوەی ئیـسلامیدا لەسەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی ئیـسلامییەوە، چـونکە گۆڕەپـان‌و مەیـدانی ئیشیان نزیکبوو لەیەکترییەوەو ڕێزو تەقدیرێکی تایبەت هەبوو لەنێوانیاندا.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند پەیوەندییەکانی هەریەك لەو حزبانە بەئێرانـەوە کاریگەری هەبوو لەنزیکبوونەوەی بزوتنـەوەی ئیـسلامی‌و حزبـی سۆسیالیـست، بەحوکمی ئەوەی بزوتنـەوە خـۆی لەئێرانـەوە دامـەزرابوو، وەکـو ئیعلانکردن‌و لەولاشەوە ئێران‌و سۆسیالیست هاوپەیمانیبوون، واتە تاچەند ئەو پەیوەندییەی ئێـران کاریگـەری‌و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر پەیوەندییـەکانی نێـوان بزوتنـەوەو سۆسیالیست هەبوو؟**

محەمـەد بازیـانی: حزبـی سۆیالیـست لەهەشـتاکاندا دروسـتبووە، ئـەوە حاڵەتێکـەو بزوتنـەوەی ئیـسلامیش لەهەشـتاکاندا دروسـتبووەو لەحەفتاکانـدا دروستبووە، واتە ڕەگو ڕیشاڵێکی دوورو درێژی هەیەو لەناو واقیعی کوردسـتانی خۆماندا دروستبووە. بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی وەکـو ئامـاژەم پێـدا لـەناو ئـەرزو خـاکی کوردسـتاندا ڕێکخـستنی دەسـتپێکرد. پاشـان لەسـاڵی(١٩٨٦)و بەتایبـەت(١٩٨٧)دا ئـەو خۆپیـشاندانەی لەشـاری هەڵەبجـە کـرا، ئـەوەبوو بەسەرکردایەتی جـەنابی مامۆسـتا مـەلا عـەلی‌و ئـەو زانایانـەی کـە لـەو ناوچـەیە بوون، ئەوە بوو ئەوجا کەچوونە ئێران پێشوەخت مامۆستا شێخ لەتیف رابـوونی

بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بوو واتە رەگو ریشالێکی دوورتری هەیە لەوە، کەبڵێین بزوتنەوەی ئیسلامی لە(١٩٨٧)دا دروستبووە. بەپێی پەیڕەوو پرۆگراممان ئێران رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لەدروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامیدا. واتە من تەسەور ناکەم ئەو فاکتەرە هۆکارێك بوویێت، کەپەیوەندی ئەو دوو حزبە بەهێز بوویێت، لەبەرئەوەی لەئێران دروستبوون، چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی لەئێران دروستنەبووە.

**سەلام عەبدولکەریم: من زیاتر مەبەستم بزوتنەوەی ئیسلامی وەکو دامەزراندنو راگەیاندنی بوو لەئێران، بەتایبەت لەیەکگرتنی پەیوەندی ئیسلامیو کۆمەڵێك کەسایەتی تر؟**

محەمەد بازیانی: بەڵام سیاسەتدارێژەرەکەی بزوتنەوەی ئیسلامی خودی مامۆستا بەرزو بەڕێزو خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمان بوو، مامۆستا مەلا عوسمان هەمیشە ئێمە کە لەخزمەتیدا بووین، هیچ کاتێ قبوڵی نەئەکرد نەئێران، نەهەر دەوڵەتێکی تر تەداخولی کاری سیاسی بکات.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند نزیکی ئەو حزبانە لەئێرانەوە کاریگەریی هەبوو، لەوەدا کەئەم دوو حزبە(حزبی سۆسیالیستو بزوتنەوەی ئسسلامی) لەیەك نزیکببنەوە؟**

محەمەد بازیانی: ئێمە وەکو هاوپەیمان، هاوپەیمانی ئێران نەبووین، بەڵکو ئێمە بارودۆخێك وایلێکردبووین، کەبچینە ئێران. ئێرانیش ئەو وەختە موعارەزەی حکومەتی عێراقبوو لەجەنگێکی دژواردا بوو، شەڕی عێراقو ئێران. لەبەرئەوە ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو، کەهیجرەت بکەین بۆ شوێنێكو ناچار بووین هیجرەت بکەین، ئەگینا ئێمە زەمینەی خاکی خۆمانمان زۆر لەلا مەبەستر بوو، لەوەی بچین بۆ ئێرانو لەوێ خۆمان رێکبخەینەوەو پاشان جارێکی تر بێینەوە، بەڵام واقیعی کوردستانی ئێمە هەموو حزبە سیاسییەکان، تەنانەت حزبی دەعوە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، پارتی، یەکێتی، هەمووی چووە ئێران

دوای ساڵی(١٩٨٨)و دوای کارەساتی بەناو ئەنفالەکانو جینۆسایدی میللەتی کورد.

سەلام عەبدولکەریم: تاچەند مەسەلەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو مەسەلەی جیهادی ئەفغان لەهەشتاکاندا کاریگەری هەبوو لەسەر گوتاری سیاسیو سەربازیو جیهادی بزوتنەوەی ئیسلامی لەدواترو لەقۆناغەکانی کاری سیاسیو چەکداریدا؟

محەمەد بازیانی: دوو فاکتەری زۆر گەورە هەبوو بۆ ئەوەی لایەنە ئیسلامییەکان لەکوردستان بەگشتیو بزوتنەوەی ئیسلامی بەتایبەت کارەکانی کارا تر بکات، سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە فاکتەرێکی گەورە بوو، لەوەی کارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیو بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی زیاتر کارا بێت. هەروەها بوونی سەرکەوتنی موجاهیدانی ئەفغان لەئەفغانستان ئەوەش فاکتەرێکی تر بوو، چونکە زۆرجار ئەوترا، کاتێ کەئێمە گەنج بووین موناقەشەمان ئەکرد لەزانکۆکانداو چ نموونەیەکتان هەیە لەوەی کەوا شۆڕش بەئیسلام بکرێ؟ ئێمە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی نمونەیەکمان هەبوو، وتمان ئەوە شۆڕشی ئیسلامییە بەعەقیدەو بیروباوەڕێکی ئیسلامەتییەوەو توانیویەتی شۆڕشێك بکاتو ڕژێمێکی چەند هەزار ساڵە بڕوخێنێو ڕژێمو دامودەزگاو دامەزراوەیەکی تازە دابنێ. جیهادی ئەفغانیش ئەوەبوو بەهێزترین دەوڵەتی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بەچۆکدا هێنا، دەوڵەتێکیان دانا لەگەڵ ئەوەی کەعومری دەوڵەتەکەیان زۆر درێژ نەبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا دەرکەوت، کەئەتوانن بەرگریکاری بکەن بەفیکرێکی ئیسلامی.

سەلام عەبدولکەریم: کاتێ بەرەی کوردستانی لەساڵی(١٩٨٧)دا، دائەمەزرێ بۆچی بزوتنەوی ئیسلامی بەشداری لەم بەرە کوردستانییەدا ناکات؟ هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کەبزوتنەوەی ئیسلامی خۆی بەحزبێکی ئایینی ئایدۆلۆژیا ئیسلامی ئەزانیو ئامانجەکانی، تێڕوانینی، بیرکردنەوەی جیاوازبوو لەحزبە

پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی، کەکۆمەڵێك ئەحزابی چەپ، یاخود چ هۆکارێکی تر هەبوو؟

محەمەد بازیانی: ئەو ڕێکەوتنامەیەی، کە لەنێوان بزوتنەوەی ئیسلامیو بەرەی کوردستانیدا لەساڵی(١٩٨٨)دا مۆرکرا، بەڵگەو دەلیلبوو لەسەرئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی پانتاییو مەیدانێکی گەورەو فراوانی هەبوو، بزوتنەوەیەکی دژ بەسەدام حسێنیش بوو، ئەمە بوو بەبەڵگەو دەلیلی ئەوەی هەموو بەرەی کوردستانی لەلایەكو بزوتنەوەی ئیسلامی لەلایەکی تر بێت بۆ مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە، ئەوەش بەڵگەنامەو دکیۆمێنتەو ماوەو تیایدا ئەوە هاتبوو، کەڕێز لەئایینی ئەو میللەتە بگیرێو هەماهەنگی بکرێ بۆ ئەوەی مافەکانی میللەتی کورد دەستبەر بێت. سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی وای بەباش ئەزانی، کەنەچێتە ناو بەرەی کوردستانییەوە، لەبەرئەوە قەناعەتی ئەوکاتەی وابوو، چونکە لەمەسڵەحەتو بەرژەوەندنی میللەتیشدا بوو کەنەڕواتە ناوییەوە، ئەمە بەدیدو بۆچونی خۆی، بەڵام ئەگەر وەکو توێژەرێك سەیری بکەیت زۆر زەرەر مەندبوو، بەنەچوونی بۆ ناو ئەو بەرەیە، بەڵگەو دەلیلیشمان لەسەر ئەوە ئەوەیە، کەمەحرومبوو لەزۆر خێرو بێری ئەم کوردستانە بۆماوەیەکی زۆرو درێژ، کەئێستاشی لەگەڵدا بێت. ئەوە حاڵەتێکە ئەگەر بێتو ئەوکاتە بەشدار بووایە لەوانەیە شتێکی باش بووایە، بەڵام بەڵگەی ئەو سەردەمە ئەوەبوو، کەکۆمەڵێك حزبی تر لەناو بەرەی کوردستانیدایە، کەچەپی تۆخنو زۆر وەکو پێویست ڕێز لەئاین ناگرن لەبڵاوکراوەکانیاندا. حەقیقەتێك بوو، ئەترسان لەوەی پێکەوە نەژین لەگەڵ یەکتریدا.

سەلام عەبدولکەریم: بەشداریکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکۆمەڵێك چالاکی سەربازی ئەو قۆناغە بۆنموونە لەگرتنی شاری هەڵەبجە ساڵی(١٩٨٨)دا بەهاوکاری هێزەکانی ئێران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو دواتر بەشداریکردن لەراپەرینی بەهاری(١٩٩١)دا، ئەمانە بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی هاوکاری نێوان بەرەی کوردستانیو بزوتنەوەی ئیسلامیدابوو، واتە لەلایەك بزوتنەوە

نەچووە ناو بەرەی کوردستانییەوەو لەلایەکیتریشەوە لەگەڵ ئەواندا بەشداربوو لەم چالاکییە سەربازیانەدا، ئەم دوو شتە جیاوازە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

محەمەد بازیانی: بزوتنەوەی ئیسلامی پشکی نەبووە لەگرتنی شاری هەڵەبجە لەساڵی(١٩٨٨)دا، لەبەرئەوەی من دیکۆمێنتم لایە، کەجەنابی رابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی(مامۆستا مەلا عوسمان) بەڕەحمەت بێت ئاماژە بەوە دەکاتو تەوجیهی مامۆستا(مەلا عەلی) برای دەکات، کەبەشداری مەکەن لەو هێزەی، کەبەهەماهەنگی لەگەڵ ئێراندا ئەیانەوێت هەڵەبجە رزگار بکەن، چونکە ئاکامەکەی ئاکامێکی خراپەو تەنانەت نەك هەرئەوە، بەڵکو جەنابی مامۆستا مەلا عەلی فەرمویەتی ئێمە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداریمان نەکرد، چونکە تەسەورمان ئەکرد بەدڕندەترین شێوە رژێمی بەعس وەڵام بداتەوە، ئەو تەسەوراتە لای جەنابی مامۆستاو سەرکردایەتی بزوتنەوە زۆر راستبوو، پاش چەند رۆژێك کیمبارانی شاری هەڵەبجە کرا، ئەمە بەڵگەنامەیەکی مێژووییە، کەبزوتنەوەی ئیسلامی هەڵوێستی زۆر حەکیمانەی نواند بەوەی کەبەشداری نەکات، بەڵام کاتێ کەکیمباران کرا راستەوخۆ دوایی کیمیابارانەکە هێزەکانی نارد بۆرزگارکردنی بەرکەوتووانی کیمیابارانەکەو بەخاکسپاردنی قوربانییەکان.

سەلام عەبدولکەریم: دوای سەردەمی راپەڕین تێبینی ئەکەیت، کەبەشداریکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەئەزمونی حکومڕانی دەسەڵاتی کوردیدا بەحوکمی ئەوەی لەکۆمەڵێك باڵو تەکەتولو بیرو بۆچونی جیاواز پێکهاتبوو بەکۆدەنگو بڕیاری مەرکەزی نەبووە، بۆ نموونە مامۆستا عەلی بابیر لەشوێنێکدا بەنوسین باس لەوە دەکات، کەبەشداریکردنی محەمەد بازیانیو مامۆستا عەبدولغەنی تەها لەحکومەتەکەی پارتی لەساڵی(١٩٩٣)دا ئەوەندەی بۆ قازانجی شەخسی خۆیان بوو، هێندە ئەو بەشداریکردنە بەقازانجی بزوتنەوەی ئیسلامی نەشکاوەتەوە؟ ئەمە پەیوەندی بەبوونی تەکەتولو باڵی جیاوازە هەبوو، یان لەبنەڕەتدا بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ چەمکی بەشداری سیاسیدا نەبوو، بەڵکو لەهەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیسلامیدا بوو؟

محەمەد بازیانی: ئاسایی من وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەی پێشووتم نەدایەوە، حەزدەکەم وەڵامی بدەمەوە، بەنیسبەت هەڵەبجەوە ئێمە ڕۆڵێکی ئەوتۆمان تێدا نەبوو، بەکرداریش بەشداریمان تیادا نەکردووە، ئەوەش مێژوو نووسیویەتییەوە، ئێوە ئاگادارنو حزبە کوردستانییەکانیش ئاگادارن، بەڵام لەراپەڕینەکەدا بەهەقەت ئێمە نەخشەیەکمان هەبوو، کەچۆن بەشداری لەراپەڕینەکەدا بکەین وەکو بینیشمان ئەو هەموو شەهیدەمان دا، بەتایبەت لەمەعسکەر سەلامو لەسجنی ئەمنە سورەکەی سلێمانی.

ئەوە کۆمەڵە بابەتێکەو کۆمەڵە خەڵکێکمان پێشوەختیش لەناو سجنەکاندا بوون، لەهەولێریش بەهەمان شێوە خانووەکانیان تەختکراوەو شەهید بوون. لەراپەڕینەکەدا بەشدارییەکی فیعلیمان هەبوو لەزمانحاڵی هەموو لایەنەکانو هەتا لەکۆڕەوەکەشو لەبەرگری گردی(کۆڕێ)دا مەشهورە، جەنابی مامۆستا مەلا عومەر شەهید بووو یەکێك لەقارەمانەکانی داستانی کۆڕێیە. حاڵەتی دووەمیان بۆ ئەوەی کەبەشداربوونمان بەشداربوونێکی بەقەناعەتی بووە یان نا؟ ئەوەش بەڵگەو دەلیلەکان ئەوە دەسەلمێنن، کەئێمە بەقەناعەتەوە بەشداریمان لەهەڵبژاردنی ساڵی(١٩٩٢) و دواتریش لەحکومەتیشدا کردووە، بەپێچەوانەی ئەو فەرمودەیەی جەنابی مامۆستا عەلی باپیر، کەباسیکردووە، چونکەمامۆستا عەلی باپیر ئەو سەردەمە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە بوو، کەئێمە بەکۆی(٢٣)کەس،(١٩) کەس ئیتیفاقمان لەسەرئەوە بوو بەشداریبکەینو تەنها چوار کەس ئیتیفاقیان لەسەر نەبوو، واتە بەزۆرینەی دەنگەکان لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیدا بەشداریمان لەحکومەتدا کرد. من ئەوکاتە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی بوومو کۆکبووین لەسەر ئەوەی، کەئێمە بەشداریبکەین لەحکومەتەکەی پارتی لەساڵی(١٩٩٣)دا، بەپێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی مامۆستا عەلی باپیر ئەفەرموێت بەشداریکردنی ئێمە بۆ بەرژەوەندی شەخسی بووە، ئینجا ئەوە بۆ بەرژەوەندی شەخسی بێت دیارە دوو کەس توانیویەتی قۆرخی حزبێك بکات، ئەوە بەڵگەو دەلیلی زەعیفی ئەوانە،

کـاتی ئێمـه هـەردووکمان ئەنـدامی سـەرکردایەتی بـووینو ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسیش نەبووین. ئیحتیماله من تەسەورم نەئەکردو من ئـەوەم نـەبینیوە، ئـەو قسەیەی مامۆستا عـەلی بـاپیر پێـچەوانەی هەقیقـەتو واقیعـەو خەلەلـەو ئەگـەر وابێت، ئەوە بێدەسەڵاتی خۆی پیشاندەدات، لەگـەڵ رێـزو تەقـدیری زۆرمـان بـۆ جەنابی مامۆستا عەلی باپیر ئەگەر وای وتبێت بێدەسـەڵاتییە، ئـەگینا چـۆن دوو کەس ئەتوانێت قـۆرخی ئـەوە بکـاتو بـچێتە نـاو وەزارەتـەوە بـۆ مەسـڵەحەتو بەرژەوەندی خۆی ئیشبکات. قەت قبوڵ نییە حاڵەتی وا.

حاڵەتی دووەمیان ئێمە بەیـەك لیـستی ئیـسلامی دابـەزین، واتـە قەناعـەتمان بەهەڵبژاردن هەبوو، جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان خۆی کاندیدکرد بۆ سـەرۆکی کوردسـتان لەگـەڵ جـەنابی کـاك مەسـعود بـارزانیو دکتـۆر مـەحمود عوسمـانو ئەواندا.

سەلام عەبدولکەریم: لەهەڵبژاردنەکانی(١٩٩٢)دا باس لەوە دەکرێت، کەبۆ دەنگدان بەسەرۆکی کوردستان ئیخوانەکانی هێڵی یەك، کەهەتا ئەوکاتە خۆیان وەك حزبو رێکخراوی سیاسی ئیعلان دەنگیان بەمەسعود بارزانی داوە، بەپێی رێکەوتنامەیەکی نهێنی نێوانیان. ئەمە تاچەند راستی تێدایە؟

محەمەد بازیانی: بۆ ئەوە ئەکرێت زیاتر پرسیار لەخۆیان بکەیت باشترە، ئێمە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی بەیەك لیست دابەزین لەگـەڵ ئیخـوانی هێڵـی یـەك ئـەو کاتە دوو هێڵ هەبوو هێڵی یەكو هێڵـی دوو. هێڵـی یـەك بەسەرپـەرشـتی جـەنابی مامۆستا سەلاحەدینو هێڵی دوو بەسەرپـەرشـتی جـەنابی مامۆسـتا مـەلا سـدیق، هێڵی یەکی ئیخـوان لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون دیـدو بۆچـوونی خۆیـان وابـوو، کـەبۆ سـەرۆکایەتی دەنـگ بـۆ کەسـێکی تـر بـدرێت غـەیری مامۆسـتا مـەلا عوسمـانو مامۆسـتا مـەلا عوسمـان خـۆی کاندیـد نـەکات، بـەڵام ئـەوە بـوو مامۆسـتا مـەلا عوسمان رەئی وابوو، دیدی وابـوو سـەرکردایەتی سیاسـی بزوتنـەوەی ئیـسلامی رەئیان وابوو، کەئەمە ئیختیلاف بووەو لـەوە زیـاتر نـەڕۆین ئێمـەو هێڵـی یـەکی ئیخوان ئیتیفاقمان ئەوەبوو، بەیەك لیست دابەزین، ئیتر دەنگ بۆ کێ بـدەین بـۆ

کێی نەدەین لەسـەرۆکایەتیدا ئـەوە مـەجالی ئیجتیهـادی هـەردوو لایـەنی تیـابوو، هەردوولاش ئازادبوو لـەو مەسـەلەیەدا. ئەمـەش بەڵگـەو دەلیلـە لەسـەر ئـەوەی، کەلایەنە ئیسلامییەکان توانای ئەوەیان نییە بەیەك لیست دابەزن لەگـەڵ ئـەوەی خیلاف هەیە.

سەلام عەبدولکەریم: کۆتا پرسیارم دوو پرسیارە بۆچی ئیسلامییەکان بەگشتیو بزوتنەوەی ئیسلامی بەتایبەتی جگە لەوەی، کە لەسالآنی نەوەدەکان هێزێکی سیاسیو سەربازی گەورە بوون، کەچی نەیتوانی ئەو رۆڵە ببینێت، کەتێببینی ئەکرا هێندەی قەبارەی خۆی بیگێرێت؟ ئەمە بۆئەوە دەگەڕایەوە کەبزوتنەوەی ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە لەنێوان دوو بۆچووندا بوون، بەشێکی لەگەڵ بەشداری سیاسیدا بوونو بەشەکەی تر لەگەڵ ئەوەدابوون، کەبزوتنەوە قەوارەیەکی جیاواز لەوقەوارەی بچووکەی دەسەڵاتی کوردی بەجیا دابیمەزرێنیو خۆی بتوانێ بەگوێرەی پەیڕەوو پرۆگرامی ئیسلامی هەڵسوکەوتی بکاتو بیبات بەڕێوە،واتە فەرمانڕەوایەتی ئەو ناوچەیە بکات؟
پرسیاری دووەمم ئەوەیە بۆچی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بەیەکگرتنی بزوتنەوەی ئیسلامیو بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، بۆکۆنگرەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی رژێمی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دەرەوە بانگکراو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی نەیتوانی سود لەو دەرفەتە وەربگرێتو دواتر ئەمە تەوزیف بکاتەوە لەواقیعی ئێستای کۆمەڵی کوردیدا؟

محەمەد بازیانی: بەڵگەو دەلیل هەیە لەسـەر ئـەوەی کەبزوتنـەوەی ئیـسلامی ئەیویست بەشداری سیاسی هەبێتو شەریکێکی سیاسـی کارابێـت لـەناو واقیعـی کوردستانداو هەر کاتێك دەرفەتێکی بۆ رەخسابێت هەوڵی ئەوەیـداوە لـەناو ئـەم حکومەتـەدا بێـتو لەسـاڵی(١٩٩٢)دا ئـەوە بـوو بەگـشتی حـەزی دەکـرد لـەناو حکومەتی کوردستان بێت ئەوە بوو وەزارەتێکی دانراو زۆر لـەیادم نییـە، بـەڵام ئامـــاژەم پێکـــردووە لەماســـتەرنامەکەمدا، وابـــزانم ئـــەوەبوو وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـەوە بـدرێت بەبرایـەك، پاشـان هەماهـەنگی هـەبوو کـەوەزارەتی داد

بدرێت بەجەنابی بەڕێز مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی ئێستا، ئەمە هەمووی لەدانیشتنەکاندا هەبوو لەنێوان ئێمەو ئەواندا، واتە لەبەرئەوە ئێمە باوەڕمان بەپرۆسەی سیاسیو بەشداری لەپرۆسەی سیاسیدا هەبوو.

سەلام عەبدولکەریم: بەڵام ئەگەر کەوانەیەکم بدەیتێ، ئەی مەسەلەی خۆکەنارگیرکردن لەسنوری هەڵەبجەو لەساڵەکانی دواییشدادا بوار نەدان بەدەسەڵاتی یەکێتی، کەخۆی ئیدارەی سلێمانی بەڕێوە ئەبرد، ئەمە مانای ئەوەنەبوو، کەبزوتنەوە بەتەمای جیاکردنەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ بوو؟

محەمەد بازیانی: نەخێر لەبەرئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی توشی شەڕێکبوو، شەڕێکی دژوار، کەخوازراو نەبوو، لەبەرژەوەندیو مەسڵەحەتی ئەویشدا نەبوو. شەڕێکبوو کەزۆرجار یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش زۆرجار باسی ئەوە ئەکەن، ئەو شەڕە نەخوازراو بووەو ئەو شەڕە دروستبوو. ئیحتیمالە دەستی دەوڵەتە ئیقلیمیو دەرەکییەکانیشی تێدا بووبێتو تێدا بێت، کەبووە مایەی لاوازی بزوتنەوەی ئیسلامیو لەهەمانکاتیشدا بووە مایەی لاوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. یەکێتی پێگەیەکی زۆر گەورەتری هەبوو پێش شەڕەکە، دوای شەڕەکە لەسەر حسابی ئەو شەڕە پێگەی(پ.د.ك) گەورەتربوو لە(ی.ن.ك)، واتە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانو(ی.ن.ك) زەرەمەند بوون لەو شەڕە دژوارە نەخوازراوە، کەجەنابی مامۆستای رابەرمان مامۆستا مەلا عوسمان لەگەڵ ئاشتیدا بوو، دژ بەشەڕ بوو ئەمە حاڵەتێکیانو هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بوو ئێمە تێکەڵاوی خەڵکبین، هەروەها هەرکاتێ دەرفەتێکی بۆئەڕەخسا ئەهاتە پایتەختی هەرێمی کوردستانو لێرە ژیانی ئەبردە سەر، لەناو سلێمانیدا ژیانی ئەبردە سەر، بەڵام ئێمە کەناگیرکراین نەخشەیەك هەبوو، چونکە ئێمە هێزێکی چەکدار بووینو لەسەردەمی شاخدا دروستببووینو بەرکەنار کراین، واتە ئەو چرکانەی بەرکەنار کراین، ئەگینا ئێمە هەرکاتێ دەرفەتێکمان بۆ رەخسابێت هاتووینەتە ناو شار. بۆ نمونە لە(١٩٩٤) سادەترین دەرفەتمان بۆ رەخساو هاتینە ناو

شـــارەکان. بـــۆ نمونـــە مەســـەلەن مـــن مەســـئولی مەڵبەنـــدی ســـلێمانی بـــووم حەزماندەکرد ئێمە بچینە ناو خەڵکەوە، بەڵام ئەو کەنارگیرییەو ئەو ئابلۆقەیـەی، کەخرایە سەرمان، ئێمەو خەڵکان ئەو شەڕە دژوارەی کەدروستبوو لەنێوان ئێمەو یەکێتیـدا وایکـرد ئێمـە ناوچـەیەکی خۆمـان هـەبێت، ناوچـەیەکی شـاخاوی، ناوچەیەکی سنوری بەتەیبعەتی حـاڵ تـۆ هـەوڵی ئـەوە ئـەدەیت خـۆت بمێنیـتو وجودی خۆتو کیانی خۆت بمێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئێمە مـدیر ناحیەیـەکمان هـەبوو، قائیمقامـان هـەبوو، ئەمانـە هـەمووی سـەر بەمەرکـەز بـوونو سـەر بەکوردستان بوون، نەك ئەوە، بەڵکو بودجەکەی لـەوێوە ئـەهات بـۆ پۆلیـسەکان بۆ ئاسایشەکان.



## وتووێژ لەگەڵ د.سەباح بەرزنجی

**رووناکبیرو کەسایەتی ئیسلامی**

سەلام عەبدولکەریم: جوڵانەوەی ئیسلامی بەچ مەبەستێك لەکوردستاندا دروستبوو؟ وەك کاتو مێژوو، شوێن دەکەوێتە چ کاتو شوێنێکەوەو بۆچی؟

د.سەباح بەرزنجی: جووڵانەوەی ئیسلامیی کوردستان لەبەر ئەم ئامانجانەی خوارەوە دروستبوو :

– بانگەواز بۆ ئیسلامو پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ لەسەر تێگەیشتنێکی تێرو تەواوی بەرنامەی ئیسلام وەکو مەنهەجی ژیان.

– بەرگریو داکۆکی لەمافە رەواکانی گەلی کوردستان بەتێگەیشتنو مومارەسەیەکی ئیسلامییانە.

– بەشداریکردن لەشۆڕشی رەوای گەلی کوردستان لەدژی رژێمی بەعسی فاشی، وکو کەسانی هەڵگری بیرو بڕوای ئیسلامەتی، بۆ ئەوەی ئیسلامییانی

خاوەن بڕوای کوردستان، ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن‌و ساحەی سیاسی تاپۆ نەبێت لەسەر بیرو بڕوای نەتەوەیی‌و چەپ‌و ئەوانی تر.

– بۆکۆکردنەوەی هەوڵ‌و کۆششی کەسایەتی‌و تەوژمە جیاجیاکان لەبۆتەی کارێکی سیاسی سەربازی‌و ڕێکخستنێکی جەماوەریدا.

کات‌و مێژووی ئەم جووڵانەوەیە تۆوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کەخەڵکانێك بەئەدەبیاتی رابوونی ئیسلامی ئاشنابوون‌و لەشەستەکاندا کەسانێکی لەسەر پەروەردە بوون‌و لەحەفتاکاندا کەوتە دۆخی بانگەوازو پەروەردەی تەنزیمی‌و دارشتنی شانە یەکەمەکانی ڕێکخستن‌و دواتر بەڕەخسانی هەلو مەرجی سیاسی گونجاوو کۆچکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لەقیاداتی پێگەیشتوو بۆ ئێران زەمینەی راگەیاندن‌و کاری زیاتری بۆ دەرەخسێت.

شوێنی ئەم جولانەوەیە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوو، بەڵام دیارە لەهەڵەبجەو سلێمانی‌و هەولێر چڕتر بوو، لەبەر پێکهاتەو هەلومەرجی بابەتییانەی ئەم شوێنانەو بوونی ناوەندی ئاینی‌و دەعەوی‌و کەسایەتی جەماوەری زیاتر.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی جولانەوەی ئیسلامی لەکوردستاندا تاوەکو ساڵانی هەشتاکان کەمتر ئاوڕ لەمەسەلە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان دەداتەوەو زیاتر لەدروستبوونی پەیوەندی ئیسلامی‌و راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە تێبینی دەرکەوتنی باسکردنی مەسەلە نەتەوەییەکان لەنێو گوتاری ئەو جولانەوەیەدا دەکەین؟**

د.سەباح بەرزنجی: پێموانیە بەڕەهایی گریمانەی پرسیارەکە راست‌و دروستبێت، چونکە لەهەموو قۆناغەکانی جولانەوەی ئیسلامیدا، هەڵسوڕاوانی کارەکە کەسانی دڵسۆز بەکوردو کوردستان‌و خاوەنی تەرێزی پاکبوون، بەڵام دیارە ئەم راستییە وەکو پێویست باس‌و تۆمار نەکراوە، لەلایەکەوە ئەم جولانەوەیە بۆ خۆی جولانەوەیەکی نەتەوەیی نییە بەچەمکە ئایدۆلۆژییەکەی‌و لەلایەکی ترەوە بوونی شۆڕشی کوردستان بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کەبۆ

خۆی پارتێکی نەتەوەیی فەراگیر بوو، هەموو چالاکییەکانی خستبووە ژێر کاریگەریی‌و رکێفی خۆیەوەو لەو ساتەوەختەشدا(پەنجاو شەست‌و حەفتاکان) مەسەلەی داغ‌و گەرمی میدیاو سیاسەت ئەو شۆڕشە بوو نەك ئەوەی ئیسلامییەکان دەیانکرد، کەبریتی بوو لەپەروەردەو بارهێنان‌و کارکردن لەسەر عەقڵ‌و تێگەیشتنی خەڵك، بەڵام لەدۆخی ئیعلانی پەیوەندی ئیسلامی‌و بزوتنەوەی ئیسلامیدا شۆڕشی کورد شکستی خواردبوو تازە بەتازە قیادەی پارتی‌و یەکیتی خۆیان رێکدەخستەوە بۆ کاری سیاسی‌و سەربازی.

**سەلام عەبدولکەریم: شێوازە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنی جوڵانەوەی ئیسلامی لەکوردستاندا چۆن دەستپێکردووەو جۆری چالاکی‌و کارکردنی سیاسی چی بوون؟**

د.سەباح بەرزنجی: ئەم جوڵانەوەیە سەرەتا بەکاری بانگەوازو پەروەردەو تێگەیاندنی نوخبەی رۆشنبیر دەستیپێکرد ، ئینجا روویکردە رێکخستن‌و پێکەوە بەستنی کارو چالاکییەکان لەتەنزیمێکی بنکەفراوانی مەبدەئی‌و لەخۆ بوردوودا، دواتر کارکردن بۆ پەیوەندیکردن بەبزاڤو تەوژمە ئیسلامییەکانی دیکەی جیهانەوە بۆ گەیاندنی دەنگی رەوای گەلەکەمان‌و هەروەها بۆ ئەزموون وەرگرتن لەشۆڕشەکانی ئێران‌و ئەفغان‌و ئەوانی تر، پاش راگەیاندنی پەیوەندی‌و بزوتنەوەش هەوڵی هاریکاری لەگەڵ هێزە فیعلییەکانی کوردستان وەك پارتی‌و یەکیەتی‌و سۆسیالیست دراو پرۆژەی کاری هاوبەش‌و لێکحاڵیبوونیش لەنێواندا هەبوو، بەشداری لەچالاکی‌و کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کرا.

**سەلام عەبدولکەریم: راوەستانی کاری ئیخوان موسلیمین‌و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران‌و جیهادی ئەفغان چ کاریگەرییەکی لەنێو جوڵانەوەی ئیسلامی لەکوردستاندا دروستکرد؟**

د.سەباح بەرزنجی: بێگومان هەرسێ رووداوەکە کاریگەری هەبوو لەسەر جوڵانەوەی ئیسلامیی کوردستان، لەلایەکەوە راگرتنی کاری ئیخوان خەڵکانێکی خستەسەر ئەو قەناعەتەی، کەخەڵکی کوردستان پێویستە بۆ خۆی بڕیار لەسەر

چۆنییەتی کاری سیاسی خۆی بداتو چیدی خۆی نەبەستێت بەبڕیاری کەسانێکەوە، کە لەهەلومەرجێکی جیاوازدا دەژینو بەنەفەسێکی ترەوە کار دەکەن، هەرچەندە لەخاڵەگشتییەکانی هزرو بیرو بڕواو عەقیدەشدا لێمان نزیك بن، لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانو مقاوەمەتی گەلی مسوڵمانی ئەفغانیش ئەو بڕوایەی لەناو ئیسلامییەکاندا بەهێز کرد، کەدەکرێت لەسەردەمی نوێدا بەپشتیوانی هێزی جەماوەر بەگژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریو گەورەترین زلهێزدا بچینەوە. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەئەم ڕووداوانەکاریگەر نەدەبوون ئەگەر لەبنەڕەتدا کاری ئیسلامی ریشەی لەمێژووی کۆنو تازەی کورد لەناو بیرکردنەوەی خەڵکدا نەبایەو زووتر کەسانی زاناو ڕۆشنبیر زیهنیەتێکی ڕۆشنیان لەسەر بەرنامەی ئیسلامو زەرورەتی کارکردن بۆ ئیسلامیان لەناو جەماوەردا نەچاندبا.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی هێڵی یەكو دووی ئیخوان وەك خۆیان مانەوە تاوەکو دوای ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١) لەکوردستان، ئەوکات وەك ڕێکخراوو حزبی سیاسی خۆیان ڕاگەیاند، یەکەم لەسەرەتاوە وەك ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەناوی ڕابیتەی ئیسلامی کوردو دواتر یەکگرتووی ئیسلامیو دووەمیان وەك ڕێکخراوێکی ڕووناکبیری بەناوی یەکێتی ڕۆشنبیرانی مسوڵمانی کوردو دواتر بەناوی بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامییەوە؟**

د.سەباح بەرزنجی: دیارە هەردوو باڵی ئیخوان لەو ساتەدا ویستوویانە وردە وردە بێنە سەر ساحەی سیاسی کوردستانو پێموایە باشیانکرد، کە لەقوڵی ڕۆشنبیریو خزمەتگوزارییەوە دەستیان هێنایە دەرەوە. بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین ساحەکە ئەوەندە ئاڵۆزو پەشێو بوو لەوە باشتر نەدەکرا کەکردیان.

**سەلام عەبدولکەریم: لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامیدا، کەجەنابتان نزیکبوون لێیەوە بیروڕای جیاواز بوونی هەبووە بەتایبەت لەسەر جۆری کارکردنی سیاسی ئیسلامیو گوتاری ئایینیو ئیسلامییانەو دواتریش لەبەرامبەر بەشداری سیاسیو بابەتە پەیوەندیدارەکانیدا؟**

د.سەباح بەرزنجی: بزوتنەوەی ئیسلامی بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر کۆی موفرەداتی کاری سیاسی هەبوو، ئازادییەکی تەواوو فرەچەشنییەکی باش هەبوو، کەبێگومان ئەگەر زیرەکانەو وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ کرابا، دەکرا ببێتە رەسیدێکی باش بۆ حزبەکە، بەڵام بەداخەوە ئەم حاڵەتە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، تا سەرەنجام بووە هۆی لێکهەڵوەشانو دواتر لاوازبوونی.

**سەلام عەبدولکەریم: بەشداریکرنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی(١٩٩٢)و دواتریش لەحکومەتەکەی پارتیدا لەساڵی(١٩٩٣) بەدووەزیر، پەیوەندی بەقەناعەتی فیکری ئیسلامییەوە هەبوو، وەك بەشداری سیاسی یاخود رەوچاوکردنی رەوشی سیاسی ئەو قۆناغە بوو؟**

د.سەباح بەرزنجی: هەم بەشداریکردنی(١٩٩٢) لەهەڵبژاردنو هەم موشارەکەی(١٩٩٣) بەدوو وەزیر لەکابینەی حکومەت، هەم دەرهاویشتەی واقیعی ئەوکاتەو هەم قەناعەتی بەشێکی زۆر لەقیادەو قەواعیدی بزوتنەوە بوو، کەپێیانوابوو لەکوردستان پێویستە موشارەکەی حکومەت بکرێت نەك موتارەکە. ئەڵبەتە کەسانێکیش هەبوون تێبینییان لەسەر خودی بەشداریکردن یان جۆری بەشداریکردن هەبوو، کەئەم جیاوازییەش زۆر بەسروشتی وەرگیرا لەکاتی خۆیدا.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکارەکانی تێوەگلانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەشەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دەرئەنجاکانی ئەو شەڕە لەسەر رەوشی جوڵانەوەی ئیسلامی بەگشتیو دۆخی نێوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامیو گوتاری سیاسی بزوتنەوە لەقۆناغەکانی دواتردا چی بوو؟**

د.سەباح بەرزنجی: ئەو شەڕانە جۆرەها تەفسیرو لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، چ لەڕووی ئەسڵی سەرهەڵدانییانەوە چ لەرووی ئامانجو ئەنجامییانەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو شەڕانە ئیبتیلایەکی خودایی بوون بۆ ئەم جوڵانەوەیەو حەق وایە دیراسەی دوورو درێژو واقیعییان لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە، چونکە زۆر هێزو تواناو زۆر کاتو هەلومەرجی گونجاویان لەبار برد، کەبێگومان ئەگەر ئەو شەڕانە نەبان، بزوتنەوە پێگەو کاریگەرییەکی زیاتری

لەکوردستاندا دەبوو، بەڵام وەك دەوترێت(وللرحمن الطاف خفية)، بێگومـان ئـەم شـەڕانە بوونـە ئـەزموونی گـەورەش بـۆ كـۆی جوڵانـەوەی ئیـسلامیو بوونـە مەدرەسـەیەكیش بـۆ تێگەیـشتن لەعەقڵییـەتو زیهینییـەتی زۆر كـەسو كاریگەریشی لەسەر جۆری گوتاری سیاسی بزوتنەوەش دانا.

**سەلام عەبدولكەریم: پەیوەندییەكانی بزوتنەوەو هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان لەشەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەكێتی نیشتمانیدا تەنها وەك هاوپەیمانێتی دۆخی شەڕ بوو، یاخود بنەمای سیاسی هەبوو؟**

د.سـەباح بـەرزنجی: ئـەو هاوپەیمانێتییـە لەراسـتیدا لەهـەناوی ئـەو كـاتو سـاتانەی شـەڕی نـاوخۆوە سـەریهەڵدا ، بـەحوكمی ئـەوەی بزوتنـەوەو پـارتی دوژمنێكی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام پەیوەندی بەحساباتی هەڵـەی یەكێتیشەوە هەبوو، كەپێی وابوو دەتوانێت یەك لایەنە كۆنترۆڵی كوردستان بكات. بۆیە پـاش گـرتنی بارەگاكـانی سـەركردایەتی بزوتنـەوە لەبێتواتـە بڕیاریـدا بـوو رێگـا بەسـەرهەڵدانەوەی نـەداو بیانكـات بەبەشـێك لەمێـژوو، بـەس كـەجارێكی تـر بزوتنەوە سەریهەڵدایەوە بـەلێبڕانی كـادیرو پێشمەرگەكانیو هـەروا بەپـشتگیری پـارتیو بەدەمـەوەهاتنی ئـای ئـێن سـیو پـشتگیری كۆمـاری ئیـسلامی ئێـران، هاوكێـشەكە هەڵگەڕایـەوەو بزوتنـەوەو پـارتی خۆیـان لەبەرامبـەر یەكێتیـدا بینییـەوە. كەواتـە هاوپەیمانێتییەكـە بۆخـۆی یـەكێتیو رەفتـاری سیاسـی ئـەو دروسـتیكرد، نـەك ئـەوەی بنەمایـەكی سیاسـی هـەبێت، چـونكە ئێـستاشی بەسەرەوەبێت، یـەكێتی زیـاتر رێگـا بـەكاری حزبـی ئیـسلامیی دەدات تاپـارتی، ئازادیی ئیسلامییەكان لەناوچەكانی یەكێتیدا زیاترە لەهی پارتی.

**سەلام عەبدولكەریم: دروستبوونی بزوتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی دەرئەنجامی گەشەكردنی زەمینەیەكی سروشتی بوو یاخود سۆزی قاعیدەو قەواعید، فشاری وڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەت ئێران، پلانو نەخشەی بەشێك لەكوتلەكانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی لەلایەكو بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لەلایەكیترەوە لەپێناوی ئامانجی تایبەتی خۆیاندا، یان چ هۆكارو پاڵنەرێكیتر؟**

د.سەباح بەرزنجی: دروستبوونی یەکبوون وەڵامدانەوەی ئەو سۆزو ویستەی ناو قیادەو قەواعیدی هەردوولا بوو، لەهەمانکاتدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەردوو مامۆستا مەلا عەلی مامۆستا مەلا سدیق بوو، دوای ئەوەی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان بزوتنەوی بەجێهشتبوو. لەو قۆناغەدا ئەم یەکبوونە بەبێ دارشتنی بەرنامەی پێویستو رێخۆشکردنی تەواو راگەیەنران بەڵام زۆری نەخایاند هەرەسی هێنا، چونکە هەر لەسەرەتاوە بێبەرنامەو بێ ستراتیژ بوو، پێش یەکبوونەکە بزوتنەوە بۆ خۆی یەك نەبوو، تەوژمی جیاوازو باڵی جیاوازی تێدا بوو، لەئەنجامدا هەر ئەم جیاوازییە بوو، کەیەکبوونی بەرەو لەتبوون برد. لەبارەی فشاری وڵاتانی ئیقلیمی من زانیاریم لەسەر ئەوەنییە، کەئەم یەکبوونە بەفشاری هیچ کەسێك دروستبوو بێت یان هەڵوەشابێت، هەر چی لەمبارەوە بڵێم بۆچوونەو بۆچوونیش بەبێ سەنەد وەرناگیرێت.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکارەکانی شکستهێنانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بەتایبەت لەدوای یەکەمین کۆنگرەی ئەو حزبەوە پەیوەندی بەچییەوە هەبوو، نەگونجانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بزوتنەوەکە، یاخود هەست نەکردن بەبەرپرسیارێتی ئیسلامیو مێژوویی ئەو قۆناغە، فێڵکردن لەیەکتریو هەوڵدان بۆپەراوێزخستنی ئەویتر؟ یان چ هۆکاریکیتر؟**

د.سەباح بەرزنجی: ئەوەی لەئەنجامی کۆنگرەی یەکەمی یەکبووندا روویدا ئەنجامێکی سروشتیو چاوەروانکراوی ئەو پێکهاتە ناتەبایە بوو،کەنەیدەتوانی بەکراوەییو لێبوردنەوە مامەڵە لەگەڵ فرەییو جیاوازیدا بکات، لەلایەکەوە سروشتی کاری سیاسی واتە تەکەتولاتو باڵی جیاوازو بوونی دەنگی نارازیو دەنگی یاخیش، ئەوەی شتێك لەحزبایەتی بزانێت دەزانێت، کە لەیەکبووندا باڵ باڵێنو مونافەسەو تەنانەت هەوڵی ئیحتیواو شکستپێهێنانی ئەوی تریش هەبوو، هەرکەسێکیش خۆی بەنوێنەری شەرعو شەرعییەت دەزانی، هەربۆیە نەتوانرا لەسەر سیغەیەکی میانە رێکبکەون، ئەوانەی کە لەهەڵبژاردندا دۆرابوون دەیانویست ئاقارەکە بگۆرنو ئەنجامەکان هەڵبوەشێننەوەو بەپیلانی ناوزەد

بکەن، سەرکەوتووانیش بەماف رەوای خۆیانیان دەزانی بەرگری لەو دەنگو لەو سەرکەوتنە بکەن. من بۆ خۆم لەدوورو نزیکەوە بەشداری پرۆسەی یەکبوون نەبوومو لەهیچ ئۆرگانێکیدا کارم نەکرد، بەڵام تا ئەندازەیەك ئاگاداری کۆنگرەو تەنگژەکانی بوومو هەر لەسەرەتاوە پێم باشنەبوو بەو کتوپڕییە دوای ساڵێك لەیەکبوون کۆنگرە ببەسترێت، بڕوام وابوو کەئەم یەکبوونە پێویستیان بەتەفاعولو جۆشخواردنی زیاتر هەیە لەناو یەکدا، ماوەیەکی زیاتر پێویستبوو بۆ ئەوەی ئەو باڵە جیاوازانە یەکتر قبوڵ بکەنو لەچوارچێوەیەکی گونجاودا کاری بەرەییو کاری حزبی بکەن، ئەم یەکبوونە بەئاسانی دروستبوو بۆیە بەئاسانیش هەڵوەشا.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند راستی تێدایە، کە لەکۆنگرەدا تەکەتولو باڵی جیاواز هەبووە بۆخستنی بەرامبەرو کۆنترۆڵکردنی پێکهاتەی سیاسیو سەرکردایەتی بزوتنەوەکە لەرێگەی بەدەستهێنانی دەنگو ئەنجامەکانی کۆنگرەوە؟**

د.سەباح بەرزنجی: بێگومان لەکۆنگرەدا باڵی جیاوازو تەکەتوول هەبووەو ئەمە بۆ خۆی سروشتییەو مایەی گلەیی نییە، رابەری گشتیو مەکتەبی سیاسی بۆ خۆیان دەبوو ئەم حاڵەتە پێشبینی بکەنو ئیحتمالاتی کۆنگرەش بخوێننەوە، جا ئەگەر وابوو بێت ئەوە دەبێت گلەیی لەخۆیان بکەن ئەگەر واش نەبووبێت دیسان هەر خۆیان خەتابارن، کەحسابیان بۆ حاڵەتی دوای کۆنگرە نەکرد بوو.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەرئەنجامێکی سروشتی پاكو بێگەردی پرۆسەی دەنگدانی نێو کۆنگرەکە بوو، یاخود بەرهەمی پێکهێنانی کوتلەی بەهێز بۆبچووك کردنەوەی کوتلەی بەرامبەر؟ بەمانایەکیتر تۆ چ تێبینییەکەت هەبوو لەسەر ئەنجامی کۆنگرە، کەباڵی م.عەلی عەبدولعەزیز قبوڵیان نەکردو بەپلانو نەخشەیان زانی دژی ئەوان؟**

د.سەباح بەرزنجی: من لەناو کۆنگرەدا نەبووم ، بەڵام هەواڵەکانی ئەوکاتەش باسیان لەهەندێك كێشەو گرفتی ناو كۆنگرە دەكردو هەر لەسەرەتاوە ئەوەی پێوە دیار بووەن کەتەحالوفێك لەدژی باڵی مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز لەئارادا بووە، ئەم تەحالوفە لەکاری سیاسیو لەکاری حزبیدا هەمیشە واریدە، ئەوانیش بۆ خۆیان تەحالوفێکی لەو شێوەیان هەبووە، بەڵام نەك بەو فراوانیو نەك بەو بەهێزییە، بۆچی ئەگەر تەحالوفی بەرامبەر سەرکەوتبا کارەکە شەرعی بوو؟ بەڵام ئێستا شەرعی نییە؟ لەراستیدا کەس بۆی نییە خۆی بەپێوەری شەرعییەت بزانێت نە ئەوساو نەئێستاش، هەر ئەوەندەیە دەتوانیت بڵێیت کاری خۆم بەشەرعی دەزانم نەك هی تۆ، بەڵام بۆت نییە بڵێیت هەر کاری من شەرعییەو بەس، مەگەر لەو حاڵەتانەدا کەئیجماع دروستدەبێتو کەس بۆی نییە موخالەفە بکات، کەئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنەو کەم روودەدات.

**سەلام عەبدولکەریم: راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی لەرووی شەرعییەوە تاچەند رەوایەتی هەبوو، ئایا ئەوەندە بەسبوو کەئەوان زۆرینەی سەرکردایەتی دەرچووی یەکەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی یەکبوون بوونو ئەو بەڵگە شەرعییانە تاچەند تەوزیفکردنو تەئویلکردنی سیاسییانە بوو بۆخۆجیاکردنەوە؟**

د.سەباح بەرزنجی: حزبایەتی بۆ خۆی عەقدێکی سیاسییە بۆ پێکەوە کارکردن، ئەم عەقدە عەقدێکی جائیزەو لەهەلومەرجی پابەند نەبوون بەمەرجەکانی نێوان لایەنەکانی قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە. هەربۆیە دوای کۆنگرەکە هەوڵی زۆر درا بۆ پابەندبوونی لایەنی بەرامبەر بەو مەرجانەی کەدانرابوون، کەئامادەنەبوون دیارە ئەمانیش ماڤی خۆیان بوو درێژە بەو یەکبوونە نەدەنو بیر لەعەقدێکی سیاسی تازە بکەنەوە، ئەم کارەش نەتاوان بوو نەکوفر، بەڵکو بەلای منەوە درێژەدان بەو یەکبوونە لەگەڵ بوونی ئەو نەگونجاوی پێکەوە نەبوونەی باڵەکانی بۆ خۆی کارێکی ناشەرعی دەبوو. هەر ئەو بەڵگە شەرعییانەی دەهێنرێنەوە بۆ یەکبوونو یەکپارچەیی کاری ئیسلامی دەبنە بەڵگە بۆ رەوایەتی جیابوونەوە، ئەگەر مەرجەکانی یەکبوون فەراهەم

نەبوونو هەموو كەسێكی زاناش بۆی هەیە تەئویل بۆ كاری خۆی بكات چ ئەو كارە سیاسی بێت یان ئابوری یان كۆمەڵایەتیو...هتد.

**سەلام عەبدولكەریم: بۆچی باڵی م.شێخ محمەدی بەرزنجی باوكی بەرێزتانو م.عەبدورەحمان نەورەسیو جەمال ئەشرەف قارەمانیو مەلا مەحمودی ئازادیو لایەنگرانیان لەسەرەتاوە بێلایەن مانەوە تاماوەیەك لەدوای كۆنگرەی یەكەمی بزوتنەوەی یەكبوون؟ ئەوان چ تێبینییەكیان لەسەر ئەدای بەڕێوەچوونی كۆنگرەو دەرئەنجامەكانی هەبوو؟**

د.سەباح بەرزنجی: بێلایەنەكان كەسانێك بوون دەیانویست هەرچۆنێك بێت شیرازەی بزوتنەوەی یەكبوون تێكنەچێتو هەوڵێكی زۆریاندا بۆ رێگرتن لەو هەڵوەشانە، بەڵام دیارە سەركەوتوو نەبوون، چونكە ئیرادەی یەكبوون لەلایەن دوو باڵە دژ بەیەكەكەوە لاوازبوو، ئەمان لەو روانگەوە سەیری كارەكەیان دەكرد، كەرێگا چارەی میانە بۆ هەردوولا بدۆزنەوە، تائەوەندەی مومكین بێت یەكبوون وەك چەترێك بمێنێت، سەرنجیان لەسەر كۆنگرە نەبوو وەكو بەڕێوەچوونو ئەنجامەكانی، بەڵام نەشیاندەویست سەر بەلایەكی دیاریكراوبن بۆ ئەوەی بتوانن ئەڵقەی پەیوەندی نێوانیان بن.

**سەلام عەبدولكەریم: بۆچی كۆنگرە برایە شارۆچكەی تەوێڵە؟ ئەمە بەپرسو رای شوراو سەركردایەتی بزوتنەوەی یەكبوون بوو، یاخود بڕیاری كوتلەیەك بۆبەژەوەندی خۆی؟**

د.سەباح بەرزنجی: چوونە تەوێڵەی كۆنگرە لەبەر ئەوەبوو كەتەوێڵە نەسەر بەهەڵەبجە بوو نەسەر بەخورماڵ، لەهەمانكاتدا بۆ ئەوەش بوو، كەكۆنگرە دوور لەچاوو گوێی حزبەكانی تر بەڕێوە بچێت بەتایبەت لەرۆژەكانی كۆتاییدا، كەهەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرا. بڕیارەكەش بەتەوافوقی هەموولایەك بوو، نەك كوتلەیەكی تایبەت.

**سەلام عەبدولكەریم: بۆچی بزوتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی نەیتوانی سود لەو قۆناغە بەهێزەی خۆی ببینێ بەتایبەت لەكاتی بانگهێشتكردنی لەلایەن ولاَتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە بۆكۆنگرەی هێزە بەرهەڵستیكارە عێراقییەكان؟**

د.سەباح بەرزنجی: بزوتنەوەی یەكبوون لەبەر كێشەی ناوخۆییو مونافەسەی باڵەكانی، نەیتوانی بیپەرژێتە سەر ئەو پرۆژە سیاسییە گەورانەو تەنانەت بەشداریكردنیشی لەو ساتەوەختانەدا لەكاری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تەنها بەشدارییەكی رەمزی بوو.

**سەلام عەبدولكەریم: چ سەرنجو تێبینییەكت لەسەر ئایندەی ململانێی ئیسلامی- عەلمانی لەكوردستاندا هەیە، بەرای ئێوە ئایندە لەبەرژەوەندی كێ تەواو دەبێت؟**

د.سەباح بەرزنجی: لەمەولا ئیسلامیو عەلمانی كوردستان بەشێوەیەكی جددی تر ووردتر روبەرووی یەكتر دەبنەوە، لەمڕۆ بەدواوە ئەم دوو تەوژمە ناچارن پێكەوە بدوێنو خاڵی هاوبەش بدۆوزنەوەو دان بەبوونی یەكتردا بنێن، هەردوولا پێویستە لەسەر یاساكانی كایەی سیاسی رێكبكەونو ئایندەش هی ئەو لایەنەیە، كەووردترو زیركانەترو بەشمەكی پێویستو فەنیاتی زیاترەوە بێتە مەیدان، بەندە بۆ خۆم گەشبینم بەتەوژمی ئیسلامخوازی كوردستان، كە لەبوارەكانی بانگەوازو پەروەردەو سیاسەتو بەڕێوەبردنی ولاَتدا هەنگاوی باش بنێت بەرەو پێشەوە، ئەویش بەكارو چالاكیو لێبڕان، هیوادارم عەلمانییەكانی كوردستانیش بەخۆیانو بەرنامەكانیاندا بچنەوەو بەرامبەر ئیسلامو ئیسلامییان بەئینساف بن.



## وتوویژ لەگەڵ(م. عەلی باپیر)

**ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان**

**سەلام عەبدولکەریم: ئەگەر بکرێت کورتەیەك لەژیانو دەسپێکی کاری سیاسی خۆت باسبکەیت، پاشان جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار لەکوردستان وەکو چ پێویستییەك لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا؟**

م. عەلی باپیر: بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى وسلم على محمد واله وصحبه. سەرەتا بەخێر هاتنت دەکەم، بەخێر بێیت، خۆشحاڵم بەدیدارت، من لەدایکبووی هاوینی(١٩٦١)م لەگوندی(کەنجارە) سەر بەناحیەی سەنگەسەر، سەر بەقەزای قەڵادزە ناوچەی پشدەر سەر بەپارێزگای سلێمانی. قۆناغی یەکی سەرەتاییم لەسەنگەسەر خوێندووە، دوایی تاشەشی سەرەتاییم لەرانیە تەواوکردووە، پاشان یەکی ناوەندیی پەیمانگای ئیسلامیشم هەر لەرانیە خوێندووە. دوایی ساڵێك بەهۆی رووخانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دابڕام، دووبارە

لەسلێمانی لەدووی ناوەندییەوە دەستمپێکردەوەو پەیمانگای ئیسلامی تاشەشی ئامادەییم لەوێ تەواوکرد. دوایی چوومە کۆلیژی شەریعەو علومی ئیسلامی لەنەجەف، ساڵێکم خوێند بۆ ساڵی دووەم هەر ساڵەکەش زۆر بەزەحمەت تەواومان کرد، زۆر تێیان هەڵپێچام بۆ ئەوەی کەببمە سوپای میللی(الجیش الشعبی) هەمیشە چاودێریشمان لەسەر بوو، ناچار بووم خوێندنم بەجێهێشتو لەوکاتەوە لەڕژێم قاچاخ بووم تاروخاندنی ڕژێم. بەنیسبەت خوێندنمەوە، خوێندنی ڕەسمیم ئەوەندە بووە، دوایی لای کۆمەڵێك لەزانایان لەودیو(بەئیزافەی ئەوەی، کە لەپەیمانگەی ئیسلامیش لای کۆمەڵێك لەمامۆستایانی ئایینی خوێندبووم، خوا دەرەجەیان عالی بکاتو سەلامەتیان بکات)، لەکوردستانی ئەودیویش شەش مانگێك هەر علومی شەرعیم خوێند. دوای تاقیکردنەوەیەکی ئیمامەتو خەتابەتم دا لەشاری هەولێر بەرەسمی ئەوە بوو دەرچووموو یەکەمیش بووم، وەك لەیادم بێ، بەئیمامو خەتیب لەمزگەوتی نۆڕسی لەرانیە دامەزرام، ئەوە لەساڵی(١٩٨٣)دا ئەوکاتە یاسایەك هەبوو پێیان دەگوت ئینتیداب واتە لەجیاتی بچی بۆ سەربازیی(من سەربازیم نەکردووە) بەئینتیداب دادەمەزرایت بەئیمامو خەتیب، ئەوەی کەخوێندنی شەرعی خوێندبوو، بەس من لەو وەزیفە ڕەسمییەکەمدا نەمتوانی دەوام بکەم، چونکە لەئەسڵدا لەڕژێم هەر قاچاخ بووم، بەڵام و ەکو شتێکی ئیستیسنائی ئیمتیحانەکەم داو بووم بەئیمامو خەتیب، بەڵام دوایی نەمتوانی دەوامەکەم لەڕانیە بکەم، هەم لەبەر ڕژێمو هەم ئەو کاتە لایەنێکی سیاسی زۆر لەگەڵمان ناکۆك بوو.

چونکە ئەوکاتە تازە کتێبی(ئیسلامو ڕێچکان)م نوسیبوو، زۆر هەڕەشەو گوڕەشەیان لێکردمو پێیان ناخۆشبوو، دیارە ئەوکاتە گەرمەی بازاڕی مارکسیزم بوو، ئەوانیش زۆر پێی قەڵسبوون، هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم، ئەوە بوو من ناچار بووم رانیە بەجێبهێڵم، دوایی یەك دوو گوندی دیکە هەروا بەمەلایەتیو قاچاخی هەم لەڕژێمو هەم لەهەندێ خەڵکی دیکە مامەوە، تاساڵی(١٩٨٧)

ئەڵبەتە لەو نێوانەشدا من لەگەڵ کۆمەڵێك لەبرایان لەگەڵ(پەیوەندیی ئیسلامی) لەسەروکاردا بووم هەر لەسەرەتاوەش یانی لەسەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامییەوە، لەساڵی(١٩٨٣) من بەنوێنەرایەتی ئەوان چووم بۆ تارانو لەکەرەج لەگەڵ حاجی شێخ قادری سۆتکەکە(حاجی شێخ قادری سەرگەڵوو)شیان پێدەگوت، خوا لێی خۆشبێ دانیشتین، کەئەوکاتە تازە یەکێتی لەشکری ئیسلامییان لێ هەڵوەشاندبۆوە، لەگەڵ ئەو دانیشتم، کەچی بکەینو چۆن بکەین؟! دیارە ئێمە وەکو پەیوەندیی ئیسلامی، ئەڵبەتە من ئەوکاتە زۆر زەقنەبوو بوومەوە، بەس منیان بەنوێنەرایەتی ناردبوو، ئەگەرنا من نەچوومەدەر، تا لەدوایی لەساڵی(١٩٨٧) ئەوە بوو کەبارودۆخەکە وابوو من ئەو دێیە کەلێی بووم رژێمو جاش هاتن بمگرن، خۆم پەنهان کرد ماڵو منداڵەکەم پەنهان کرد، ئەڵبەتە جارێکی دی لەگوندی(سەر سیان) ویستیان بمگرن، ئەوە لەساڵی(١٩٨٥)بوو لەوێش هەر دەربەدەر بووم، سەرەنجام ئەوە بوو، کەمن دوای سێ چوار مانگ خۆشاردنەوە ناچار بووم بچمەدەر لەگەڵ کۆمەڵێك لەبرایانی ناوچەی خۆمانو مامۆستایان. لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمانیش بەرەحمەت بێت لەپەیوەندیدا بووین، ئەوان لەناوچەی شارەزوور چوونو ئێمەش لەناوچەی رانیەو پشدەرو بیتوێنەوە، ناوی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیشمان گۆڕی بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی، گوتمان ئەو پەیوەندییەی بۆ چییە؟ هەر بابڵێین بزوتنەوەی ئیسلامی ناوەکەی کورت بێت، وەکو بزوتنەوەی ئیسلامی لەسودان، بزوتنەوەی ئیسلامی لەفلان شوێن، بائەو پەیوەندییەی لێبکەینەوە. بەهەرحاڵ ئەوکاتە ئەو وشەیەی لێکرایەوە، بەڵام بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧) دانەمەزرا وەکو زۆرجار دەگوترێ، بەڵکو(١٩٨٧)دا ئەو وشەی(پەیوەندیی) لێکرایەوە، ئەگەرنا پێش(١٩٨٧) لەشکری قورئان، کەباڵی سەربازی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بوو لەساڵی(١٩٨٤و ١٩٨٥)ەوە هەبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار چی بوو؟**

م. عـەلی بـاپیر: ئەوکاتـە پاڵنـەری سـەرەکی بـۆ پەیـدابوونی جموجـوڵێکی ئیسلامی بەتایبـەتی، کـەباڵێکی چـەکداری هـەبێت، ئـەو زوڵـمو سـتەمو زەخـتو فشارە بوو، کەڕژێم لەمیللەتی ئێمەی دەکرد، دوای راگواستنی دێهاتو دوای ئـەو هەموو مەرگەساتو ناڕەحەتییانـەی، کەبەسـەر میللـەتی ئێمـەدا هـاتن، ئەڵبەتـە پـێش ئـەنفال دێهـات راگوازرابـوو، خـەڵك زۆر لـەژێر زەخـتو خەفەقانـدا بـوو، لـەئۆردوگا زۆرەملێکانـدا خـەڵك زۆر بەناڕەحـەتی ژیـانی دەگوزەرانـد، دیـاردەی جاشایەتی زۆر پەرەی سەندبوو، چەك هەڵگرتن بۆ ڕژێم زاڵبوو بوو، ئیدی ئەوانـە هەمووی زیـاتر پاڵنـەری بنـەڕەتی بـوون، کەئێمـە ئەوکاتـە بـیر لـەوە بکەینـەوە چەکمان پێ بێت شان بەشانی ئەو خەڵکەی دیکە بەرگریی بکەین لەمەزڵومییەتی میللەتی کورد.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند لەلایەن ئێرانەوە بەحوکمی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیو شوێنی راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامیو دواتریش شەڕی عێراقو ئێران کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەدای سیاسیو سەربازیو گەشەکردنی جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار؟**

م. عەلی باپیر: جەنگی نێوان عێـراقو ئێـران زەمینـەی زیـاتر خۆشـکرد بـوو، کەئۆپۆزیسیۆنی عێراقـی بەگشتیو بەتایبـەتی ئێمـە لەکوردسـتان زیـاتر گەشـە بکەین، وەك کوردەواری دەڵێ:"دوژمنی دوژمنەکـەم دۆسـتمە"، ئێـران یارمـەتی هەر کەسێکی دەدا دژی ئـەو رژێمـە بووایـە، ئێمـەش هـەر بۆخۆمـان دژی بـووین وەکو چۆن رژێمیش یارمەتی هەر کەسێکی دەدا کـەدژی ئێـران بووایـە، بۆوێنـە: یارمەتی موجاهیدینی خەڵقی دەدا، بۆیە هاوکـاری ئێـران زەمینـەی گەشـەکردنو فراوانبوونو بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی زۆر خۆشکرد. ئەوکاتە لەراسـتیدا چـیاکانی کوردسـتان، پێـشئەوەی باسـی ئێـران بکـەین، چـیاکانی کوردسـتانو سنوورەکانی کوردستان، شوێنی حەوانەوەی ئێمەو بنکەو بارەگایەکانمان بـوون، چونکە لەوێ بووینو چالاکیمان لەوێ بـوو، بۆخـۆم هـەر مـاڵم لەقـەڵاتوکان بـوو، بەڵام مامۆستا مەلا عوسمانو ئەوان خوا لێیان خۆشبێت ماڵیان لەسنە بوو، هەتا

ڕژێمیش ڕووخا هەر نەهاتنەوە، بەس ئێمە ماڵمان هەر لەسەر سنورەکان بوو، ماڵمان لەقەلاتۆکان بوو. دوایی ماڵمان لەنازاوا بوو، دوایی هاتینە خدراوا لەسەر سنوری قاسمەڕەش‌و ئێمە هەر نەچووینە شارەکان بێجگە لە(سەردەشت) کەشارێکی سنووریی بوو، خۆم‌و ئەوانەیش کە لەگەڵمدا بوون، بڕوامان بەوە نەبوو بچین لەئێران لەشارەکاندا بژین. جا بەکرداری جەنگی نێوان عێراق‌و ئێران زەمینەی زۆر خۆشکرد، ئەویش لەو دیدو مونتەلەقەوە، کەئێمە دوژمنی ڕژێم بووین‌و ئێران هاوکاری دەکردین.

**سەلام عەبدولکەریم: ئێران چ کاریگەرییەکی هەبوو لەهاوکاریکردنی ئێوەدا وەك چۆن ڕژێمیش هاوکاری نەیارەکانی ئێرانی دەکرد؟**

م.عەلی باپیر: دیارە کاریگەرییەکی ئیجابی هەبوو، ئنجا دوای ئەوەی ئێمە لەناوچەی بتوێن‌و پشدەر چووینەدەرو مامۆستا مەلا عوسمان‌و ئەوان خوا لێیان خۆشبێ لەناوچەی هەڵەبجەو شارەزوورەوە چوونەدەر، بزوتنەوەکە فراوانتر بوو، بەلام بلێی ئەوکاتە بزوتنەوەی ئیسلامی دروستبوو‌بێت، وەکو زۆرجار هەندێك کەس وادەڵێن، ئەوە ئەمە ئەسڵ‌و ئەساسی نییە، بۆ؟ چونکە ئەوکاتە کۆمەڵێك شەهیدمان هەبوو، وەك پێشتر باسمکرد من لە(١٩٨٣) بەنوێنەرایەتی بزوتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی چووم لەگەڵ(شێخ قادری سەرگەڵوو) دیدارمان کردبوو، وە ئەوکاتە ئێمە ژمارەیەك شەهیدمان هەبوون، ئەوکاتە چەند هێزێك هەبوون، هێزی شافیعی هەبوو، هێزی خالید هەبوو، هێزی فاروق هەبوو، لەقەرەداخ هەبووین، لەمەلەکان هەبووین. ئەوە بەرلەوەی کەمامۆستاو ئەوان بچنەدەرێ. چەند هێزێك هەبوون ڕۆڵیان بینیبوو، شەهیدمان هەبوو، بەلام دوایی بەتەئکید فراوانتر بوو خەڵکی زیاتر هات، دیارە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانیش کەسایەتییەکی ناسراوبوو. هەروەها ئەو مامۆستایانەی دیکە، مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکەمەحمود، مامۆستا مەلا عەلی برای مامۆستا عوسمان، پاشان کۆمەڵێك مامۆستای دیکە، کۆمەڵێك خەڵکی دیکە، ئێمەش خۆمان‌و هەندێك مامۆستاو برایانی دیکە، کە لەهەولێرەوەو لەناوچەکانی دیکەوە، خەڵکی تازە چووە نێو

بزوتنەوەوە، هەم لەڕووی ڕێکخستنەکانەوەو هەم لەڕووی چالاکییەکانەوەو هەم لەڕووی سیاسییەوە، بزوتنەوەکە گەشەی کردو فراوان بوو، ئێمە ئەوکاتە سێ ڕێکەوتننامەمان ئیمزا کردن: لەگەڵ یەکێتی، لەگەڵ پارتی، لەگەڵ سۆسیالیست، کەمن لەهەرسێکیاندا وەك ئەندامی و ەفد بەشدار بووم.

**سەلام عەبدولکەریم : ئەو ڕێکەوتننامانە وەك بەڵگەنامە ماون؟ بەتایبەتوەکو شتی نوسراو؟**

م. عەلی باپیر: بەڵێ دوای ئەوەی مامۆستا مەلا عوسمان بوو بەڕابەر، ئێمە لەگوێزێ لەگەڵ یەکێتی دانیشتین‌و ڕێکەوتننامەمان ئیمزا کرد، موناقەشەی زۆرمان کرد لەسەر هەندێ لەبڕگەکان، بەڵێ وەکو نووسراو ماومانە، بەس دەبێ لەشوێنی خۆیان لەشوێنی پارێزراو بۆیان بگەڕێین، وە لە(کاولان) لەگەڵ سۆسیالیست دانیشتین، لەگەڵ کاك ڕەسوڵ مامەندو ئەوان، وە لە(راژان) لەگەڵ کاك مەسعودو ئەوان دانیشتین‌و لەگەڵ پارتی ڕێکەوتننامەمان ئیمزا کرد.

**سەلام عەبدولکەریم: مامۆستا ئەو پەیوەندی‌و ڕێکەوتنەی ئێوە بەتایبەتی لەگەڵ سۆسیالیستدا، هۆکارەکەی جگە لەوەی هەمووتان بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس بوون، تاچەند پەیوەندییەکانی ئێوەو سۆسیالیستیش لەگەڵ ئێران کاریگەری هەبوو لەسەر نزیکبوونەوەی هەردوولاتان؟**

م. عەلی باپیر: هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوو، ئەگەر وابووایە لەگەڵ ئەوان، ئەدی لەگەڵ یەکێتی چۆن بوو؟ لەگەڵ پارتی چۆن بوو؟ مەسەلەکە ئەوە بوو، کەئێمە لایەنێکی تازەکار بووین، تازە هاتبووینە گۆڕەپانەکەوە، تازە دەرکەوتبووین، ئەگەرنا وەکو وتم بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی، وەکو ناوکێکی ڕێکخستن لەساڵی(١٩٧٨)ەوە هەبووە، وە من ئەوکاتە لەگەڵیان لەسەروکاردا بووم، برایانی وەکو مامۆستا عەبدوڕەحمانی نەورەسی، کاك حاجی کامیل، کاك حەسەنی حەمە خالید، کاك کەمالی دۆڵپەمووی، مامۆستا مەحمودی ئازادی، کەدیارە ئەمانە ئێستا هەندێکیان لەکاری حزبیدا نین، بەڵام کەسایەتی ئیسلامین، بەڵام لەکەیەوە زیاتر دەرکەوت؟ لە(١٩٨٤و ١٩٨٥)و

پاشان وەکو وتم لە(١٩٨٧)، ئەگەرنا پێش جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان، ئێمە دوو رابەری گشتیمان هەبوون، هەر بەناوونیشانی رابەری گشتی، مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی، کە لە(١٩٨٥)ەوە رابەری گشتی بوو، دوایی مامۆستا شیخ عەبدوللەتیف خوا دەرەجەی عالی بکات، کە لەسالّی(١٩٨٦)، مامۆستا شیخ محەمەد شوێنەکەی خۆی بۆ ئەو چۆلّکرد، جا ئەوە هیچ پەیوەندی نەبوو بەپەیوەندی لەگەلّ ئێراندا، مەسەلەکە ئەوە بوو کەئێمە وەك لایەنێکی کوردستانیو وەکو بەرگریکردن لەمەزلۆمییەتی میللەتەکەی خۆمان، ئەوانیش بەرەی کوردستانی تازە خەریکبوو شکلّی دەگرتو قسەیان لێدەکرد، بیرمان لەوە کردەوە کەبەیەکەوە بین، کەپێکەوە هاوکار بین، بەراستی ئەوانیش باشبوون، هەم یەکێتیو هەم پارتیو هەم سۆسیالیست پێیانخۆشبوو، لێمان هاتنەپێشو رێکەوتننامەشمان پێکەوە کرد، هەتا لەو شاخو داخانەیش بووین گرفتێکی وامان نەبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: مەسەلەی لەشکری ئیسلامی، یەکێتیو حسك لێیاندان، بەتایبەت یەکێتی چەکیان کردنو لێیاندانو لێشیان کوشتنو سۆسیالیستیش هەندێکیان لێچەك کردن، بۆچی لەئەوانیاندا، بەلّام لەئێوەیان نەدا لەو قۆناغەدا کەوەك هێزێکی چەکدار دەرکەوتن، هۆکار ئەوە بوو کەئێوەیان بەکوردستانی دەزانیو لەشکری ئیسلامییان بەدروستکراوی ئێران دادەنا؟**

م. عەلی باپیر: شەڕی یەکێتی لەگەلّ لایەنەکانی دی نابێت وا راڤە بکرێت، بەلّکو دەبێت واشیبکرێتەوە، کەیەکێتی دەیویست بەس بۆخۆی لەمەیدانەکەدا بێت، ئەویش واپێدەچێت مەرجی رژێم بووبێت بۆ وتوویژ لەگەلّیان، خۆ پێشئەوەی لەوان بدەن لەگەلّ شیوعیو سۆسیالیستو ئەوانیدیش بەشەڕهاتنو کەس نەما شەڕی لەگەلّ نەکات، هەتا تەنانەت باو بوو دەیانگوت ئەگەر بوو بەشەڕ پێویست ناکات لەتەرەفی یەکەم بپرسن، تەرەفی یەکەم هەر یەکێتییە، بەلّام بپرسن: لەگەلّ کێ شەڕ دەکەن؟ ئەوە مەشهور بوو، دیارە لەگەلّ ئێمەش یەك دووجار خەریکبوو شەڕ دروستبێ، ئەوەبوو لەبەرامبەر یەك دامەزراینو نامە

لەنێوانی منو جەنابی مام جەلالدا ڕەدو بەدەل بوو، من نامەیەکم بۆ نوسیبوو بۆ مام جەلال ئەوەی تێدا بوو:(والسلام علی من اتبع الهدی)، ئەویش نامەیەکی نوسیبوو بۆ مامۆستا مەلا عوسمان وتبووی:"بۆخۆت دەزانیت ئەو قسەیە کێ بەکێی گوتووە؟ "، واتە مووسا بەفیرعەونی وتووە، دیارە من مەبەستیشم ئەوە نەبوو، بەهەرحاڵ، ئیدی لەیەك دامەزراین، ئەوان(٢٤) کاتژمێریان بۆ ئێمە دانا ئەگەر ئەو شوێنانە چۆڵ نەکەن واتە:(ناوزەنگ)و(نۆکان)، ئێمە لێتان دەدەین،(٢٤) سەعاتەکە بوو بە(٤٨) کاتژمێرو هیچ دیار نەبوو، ئیدی ئێمەش بەهەرحاڵ دوایی م.مەلا عوسمان لەسەر ئەوە هاتو تەدەخولی کردو دوایی ئێمەش هێزەکانی خۆمان لەوێ گۆڕی، ئەوانەی لەئێمەوەو لەمنەوە نزیکتر بوون گۆڕی بۆ هەندێکی دیکە، بەڵام مقەڕەکانمان هەر چۆڵنەکرد، بەڵام کوشتارمان لەنێواندا نەبوو، بەئیستیسنای سێ برامان لەسەردەمی بزوتنەوەی پەیوەندییدا کە لەلای پێنجوێن ناوی دێیەکەم لەبیر نییە، لەوێ سێ برامان کەوتنە کەمینی یەکێتییەوە یاخود دەوریاندانو بەهەرحاڵ سێ برامان شەهید بوون،(سەید تەهاو عەلی سیوەیلیو شەهید فاروق) ئەو سێیەمان ئەوکاتە شەهید بوونو سێ چوارێکیان لێ بریندار بوون، هەڵەبوو کرا، بەس ئایا بۆخۆیان چۆن پینەیان دەکرد؟س بەڵێ شەڕەکانی ئەوکاتی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، لەو مونتەلەقەوە بوو، کەئەوان دەیانویست تەنها خۆیان لەساحەکەدا هەبن، ئەوە دیار بوو، ئێمە جارێك کەئەوە شتێکی مێژووییە بۆت دەگێڕمەوە: لەقەڵاتووکان من فەرماندەی هێز بوومو ئەندامی سەرکردایەتیش بووم، ئەوکاتە لەساڵی(١٩٨٧) پێش ئەنفال برادەرێکی ئەوان، کەئێستا لەگەڵ پارتییەو مەسئولییەتی هەیەو پێویست ناکات ناوی بهێنم، ئەوکاتە مەسئولی سەربازیی بوو لەو شوێنە، واتە: هی یەکێتی، شەوێك هەندێك لەبرادەرانی ئەوان، کەدیارە ئێمە لەناوچەکە بەیەکەوە بووین، پارتی بوو، سۆسیالیست بوو، پارتی گەل بوو، هەمووومان پێکەوە بووین لەگوندەکانی قەڵاتووکانو ڕەزگەو مارەدوو، لەبناری قەندیل، لەوێ نهێنیمان بەیەکەوە دادەنا، بۆ ئەوەی شەو ئەگەر جاشو جەیشو

هات بزانین، نهێنیمان دانابوو بەیەکەوە، کۆمەڵێکی ئەوان هاتبوون بەسەر هەندێ لەبرایانی ئێمەدا، تێیان خوڕی بوون، چەخماخیان لێ ڕاکێشابوون، کێن؟ نهێنی شەو بڵێن، لەبیریان چووبووەوە، لەوکاتەدا لەبیریان چووبووەوە، کاکە نهێنی نەڵێن دەتانکوژینو لێتاندەدەین، ئێوە کێن؟ کاکە ئێمە یەکێتین، باشە نهێنی شەو بڵێن، پاشان باشبوو یەکیان نهێنییەکەی شەوی هاتبووە بیر، گرفتەکە چارەسەر بوو بوو، دوایی ئەو برادەرە هات بۆ لام بۆ بەیانیەکەی، وتی:"مامۆستا جەنابت مەسئولو فەرماندەی هێزی حەمزەیت؟"وتم:"بەڵێ فەرموو، وتی:"دوێنێ شەو شتێکی وا بووە، جا بەڕاستی من هاتووم بائەو شتە دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر ناقورستان لەسەر دەکەوێ"؟ وتم: "جا چ بووە، برادەرانی ئێوە بەسەر برایانی ئێمەدا هاتوون، تێیانخوڕیونو نهێنیمان پێکەوە هەبووەو ئەوانی ئێوە لەبیریان چۆتەوە"وتی:"من هاتووم یەك شتت پێبڵێم یەکێتی خۆی بەکوێخای کوردستان دەزانێت"وتم: "ئێ"، وتی:"جا بەڕاستی هەرکەس لەم کوردستانە بێت، دەبێت بەکوێخایەتی ئێمە ڕازی بێت، ئەوە ناکرێ ئێوە لەئێمە بخوڕن"، وتم:"ئەدی ئەگەر شەو بێتو نەشیان ناسن وابزانن جەیشو جاشن؟"وتی: "ئەوە من پێم وتیت"وتم: "جا بۆ خۆت قەناعەتت بەو قسەیە هەیە؟"

وتی:"من سیاسەتی یەکێتیت پێدەڵێم"، وتم برادەر گوێت لێبێت:"بەپێشمەرگەیەکم وت بچۆ ئەو نامیلکەم بۆ بێنە، نامیلکەیەکم نوسیبوو بەناوونیشانی:(کۆمەڵی خوا کێیە؟!)؟ وتم با بزانیت سیاسەتی ئێمە چۆنە؟ برگەیەکم بۆ خوێندەوە کەدەڵێ:هەرکەسێك تەبابیمان لەگەڵدا بکات، ئێمە دەستی برایەتیمان درێژترە لەهی ئەو، بەڵام هەر کەسێك چاوی لەزوڵمو ستەمیش بێت با زۆر چاك بزانێ لێی قبوڵ ناکەینو خوای بەگژدا دەکەین، وەبا بشزانێت بەدەندووکێ پێوە دەبێت"، ئەویش وتی:"لەوەیان تێناگەم"، وتم:"کوترێك یان چۆلەکەیەك دەنوکی بگریت چیدەکات؟ وتی:"هەر کلکی رادەوەشێنێت"، وتم: "دەجا هەر کەسێك لەگەڵ ئێمە پێوەبێت ئاوای لێدێت،

ئێوە رەنگە لەلەشکری ئیسلامی خراپ حالیبووبن"، وتی:"دەجا کاکە ئەگەر ئاوا بن تێگدەگیرێین"، وتم: "باشە بایەك شتت پێ بڵێم، باشە ئێستا هەموویان لەو شاخو داخەین، بۆیە لەم شاخو داخە نین دژی بەعسین‌و دەڵێین دژی میللەتی مەزلوومی ئێمەیەو زوڵم دەکاتو خۆی بەکوێخا دەزانێت؟"وتی: "وایە"، وتم:"ئەدی باشە ئێمە بەسەر یەکتردا ببین بەکوێخا چۆن دەبێت؟" وتی:"وەڵڵاهی قسەکەت مەنتیقییە، منیش سیاسەتی یەکێتیت پێدەڵێم ئاوایە"، دیارە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش بوو، کەیەکێتی توشی ئەو شەڕانەکرد، ئەو نەوعە بیرکردنەوە هەڵەیە بوو، کەدەبێ کوردستان هی من بێت، ئێستاش هەرکەسێك بیر لەوە بکاتەوە کوردستان پاوان بکات بۆخۆی، بەخوا چارەنووس‌و سەرەنجامی باش نابێت.

**سەلام عەبدولکەریم: پەیوەندی ئێوە بەر لەدامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەگەڵ حزبی سۆسیالیست چۆن بوو؟ لەکەیەوە دەستپێدەکات؟**

م.عەلی باپیر: هەر لەوکاتەوەی، هێندەی من ئاگادار بم، کەڕێککەوتنمان پێکەوە کرد لە(١٩٨٧)ەوە، کە لە(کاولان) ئیمزاکراو، ئەوکاتە کاك رەسول مامەند مابوو، وەهەرکام لەخاڵە سەید کاکەو، مامۆستا سەعد عەبدوڵڵاش هەبوون.

**سەلام عەبدولکەریم: ئەی شێوازو جۆری ئەو پەیوەندییەی نێوانتان چی بوو؟ بۆ نموونە لەبەڵگەنامەیەکی ئێوەو سۆسیالیستدا باس لەهاوکاری سەربازیش کراوە؟**

م. عەلی باپیر: ئەوە رەنگە هی دوایی بێت، لەقۆڵی م. مەلا عەلییەوە بەڕەحمەت بێ لەگەڵ کاکەحەمەی حاجی مەحمود، ئەوان بەحوکمی ناوچەو جوگرافیا، رەنگە هەندێ شت بووبێ، چونکە جارێك رێکەوتننامەیەك ئیمزا کرابوو، ئێمە هەر ئاگاشمان لێنەبوو، م.مەلا عەلی بەشەخسی لەگەڵ کاکە محەمەدی حاجی محمود کردبووی، ئەمما ئەوەی یەکەم هیچ خسوسییەتو تایبەتمەندی هەبوو، وەکوو چۆن لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی پەیوەندی‌و

ڕێکەوتننامەمان هەبوو، لەگەڵ سۆسیالیستیش هەمان بووە، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش پەیوەندیمان هەبووە، بەڵام شتی نوسراومان نەبوو، بەڵام بڕوامان بەوە هەبوو کەپێکەوە بژینو پێکەوە تەبابینو ڕێزی یەکتری بگرین.

**سەلام عەبدولکەریم: کاک ئیدریس سیوەیلی لەکتێبەکەیدا(ڕەوتی ئیسلامی لەباشوری کوردستان) لەشوێنێکدا، کە لەگەڵ بەڕێزت چاوپێکەوتنی کردووەو هەندێ لەقسەکانتی هێناوەو پرسیویەتی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆچی بەشداری بەرەی کوردستانی نەکردووە، بەڕێزت لەوێدا زۆر روونت نەکردۆتەوە هۆکارەکانی ئەو بەشدارینەکردنە چی بوون؟ هۆکارەکە ئەوە بوو(ئێوە خۆتان بەحزبێکی ئایینیو ئیسلامی دەزانیو ئامانجتان ئیسلامی بوو، ئەوانیش چەپ بوونو ئامانجی جیاوازیان لەرووی بەرنامەی فیکرییەوە لەگەڵ ئێوەدا جیاواز بوو؟ پاشان ئەم بەشدارینەکردنەی بزوتنەوە دوای ڕاپەڕین بەخراپی کاریگەری نەبوو لەوەدا، کەبزوتنەوە بێبەشبێت لەهەندێ دەستکەوتی سیاسیو ئیداری؟**

م. عەلی باپیر: ئەوەی کەمن ئێستا دێتەوە یادم، نە ئەوان خولقی ئێمەیان کرد، بڵێن کاکە وەرن بەشدار بن،وە بەڕاستی نەئێمەش پێمانخۆشبوو، چونکە ئێمە ئەوکاتە هەندێ تەسەروفاتو شتمان دەبینی لەلایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانی، وەك: ئاودیوکردنی مەکائینو کارگەو هەموو کەلو پەلی ژێرخانی ئەم وڵاتە، بۆیە بەپێویستمان نەدەزانی بەشداری تێدا بکەین، بۆ زانیاری جەنابت ئەوانە بۆیە پێویستییان بەو بەرەیە هەبوو، تاکو شەڕ پێکەوە نەکەن، خۆت دەزانیت پارتیو یەکێتی سۆسیالیستو راو راوێنی دونیایان بەیەکدی کرد، هەر بۆ خۆشی بۆتدەگێڕمەوە، جارجار پیاو قسەیەکی خۆشی بهاوێتە نێو باشە، (جارێکیان کاك محسن بایز) هەیە کەکاتی خۆی ئەندامێکی سۆسیالیست بوو ئێستا لەنێو یەکێتیدایە، وتی:"مامۆستا" گوتم: "بەڵێ" {بەردێکی گەورەی لێبوو لەنۆکان لای قاسمەڕەشو ئەوانە، بارەگای هەموومان لەوێ بوو، جارجار سەردانی یەکترمان دەکرد}وتی"مامۆستا ئەو بەردە گەورەت دیوە؟" گوتم:"بەڵێ"وتی: "لەبن ئەم بەردەوە ئێمەو یەکێتی یەکترمان ڕاونا بەو

دەشتانەداو ڕۆیشتین بەقەندیلدا هاتینەوە، وەکو گەشتەکەی ماجەلان ئیسپاتمان کرد زەوی خڕە، بەلام سەرەنجام هیچمان دەستگیر نەبوو" جا من پێموایە بەرەی کوردستانی پالنەرەکەی ئەوە بوون کەچیدیکە یەکتری نەکوژن‌و پێکەوە شەڕ نەکەن، بەلام ئێمە پێویستیمان بەوە نەبوو، کۆسپێکی دیکەش ئەوەبوو، کەئێمە ئەوکاتە زۆرێکمان قەناعەتمان بەوە نەبوو گومرك وەربگرین، ئەوکاتە گومرك وەرگرتنیش بۆ ئێمە گرفت بوو، ئەلبەتە، وەنەبێ هەمو شتێکی خۆمانم هێ ئەوسام پێ ڕاستبووبێ، ئێمەش جۆرێك لەتەسکی‌و وشکی‌و جۆرێك لەکاردانەوەو توندیی‌و ئەوانەمان هەبووە، چونکە مرۆڤ وردە وردە گەشە دەکات، بەلام هەمووشی هەر کرچ‌و کال‌و وشکی نییە، ئەو هەلومەرجەی ئەوکاتە ئێمەی واناچار دەکرد کەوا ئەوە بکەین، لەلایەکەوە دەمانوت ئاخر ئێمە شەڕمان لەگەڵ کەس نەکردووە تائەوە بکەین، ئەوانە بەناچاری بەرەیان پێکەوەناوە، وەکو چۆن ئێستا ڕێکەوتننامەی ستراتیژییان هەیە، دیارە وەك گوتم وەنەبێ ئەوانیش پێیانخۆشبووبێ‌و بۆیان پێشنیار کردبین! یانی وەك پەندەکە دەڵێ: "گا جووتی نەدەکردو جوتیاریش منەتی دەبرد"، نەئەوان پێیانخۆشبوو لێیان نزیکبینەوە، نەئێمەش پێمانخۆشبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: لەو وەفدەی بەرەی کوردستانی کەدوای ڕاپەڕین چوون بۆ بەغدا، ئێوەیان بانگهێشت نەکرد، یان بانگهێشتیانکردن‌و ئێوە پێتانوابوو وتووێژ لەگەڵ بەعس هیچ سودێکی نییە، بۆیە بەشداریتان نەکردووە؟**

م. عەلی باپیر: ئەوەی بێتەوە یادم، ئەوان ئێمەیان بانگهێشت نەکرد، بەلام ئەگەر بانگهێشتیشیان کردباین، ئەو کاتە قەناعەتمان وابوو بەشداری نەکەین، چونکە ئێمە دەمانوت خۆ ئەو ڕژێمە هەر ئەو ڕژێمەیەو هیچ شتێکی خۆی نەگۆڕیوە، چیکردووە؟! خۆ دەبێت دەستپێشخەرییەکی لێدەرکەوێت کەئەوەی پێشێ نەماوە بەو عەقلییەتەی پێشی بیر ناکاتەوە، ئێستا بچین لەگەڵ کێ دابنیشین!، نەخێر ئێمە قەناعەتمان پێی نەبوو، تاجارێك جەنابی کاك مەسعود لەگەرمەی وتووێژدا بوو، هاتە ڕانیە، ئێمەش سەردانمان کرد، لەو بارەوە هەندێ

قسەمان كردو وتمان پێمان وانییە ئەوە جەدوای هەبێ، ئەوانیش دیارە بارودۆخەكە وابوو كەهەوڵدانەو شتێكیان دەستدەكەوێ، بەڵام هیچ دەستگیر نەبوو، بەڵام پێم وایە هەر سوودێكیشی بۆیان هەبووە، جۆرێك پەیوەندی بازرگانیو مەسەلەی كارەبای دوكانو دەربەندیخانو ئەوانە هەر هەبوون، ئیتر چ بۆ بەرژەوەندی حزب بەكار هاتبێ، چ بۆ بەرژەوەندی گشتی بەكار هاتبێ، یانی هەندێ شت دروستكرا لەئەنجامی ئەو وتووێژانە ئەگەر هەر نەگەیشتنەوە یەكیش، بەڵام بەهەرحاڵ هەندێ سوودی هەبوو، بڕێك نەوت لێرەوە رەوانە دەكراو گومركیان وەردەگرتو سودی هەر هەبووە.

**سەلام عەبدولكەریم: لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی(١٩٩٢) لەكوردستان، مەسەلەی دەنگنەدانی هێڵی یەكی برایانی موسڵمان، واتە یەكگرتووی ئیسلامی ئێستا، بەمامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بۆ پۆستی سەرۆكی كوردستان، ئەمە شكاندنی ئەو بەڵێنە نەبوو، كە لەنێوانتاندا هەبوو، یان لەمەسەلەی دەنگدان بەسەرۆكی هەرێم ئەو مافە درابوو، كەهەركەس سەر پشك بێت، بۆ نموونە باس لەوە دەكرێ كەبەنهێنی رێككەوتن لەنێوان پارتی دیموكراتی كوردستانیو ئەواندا هەبووە، كەدەنگ بدەنە مەسعود بارزانی لەبەرامبەر هەندێ ئیمتیازو دەستكەوتدا؟**

م. عەلی باپیر: وەكو من بێتەوە یادم، ئەوە گرفتێك بوو، پێم وابێت تەنیا بۆ دەنگدان بەلیست بەڵێن هەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی كێ سەرۆكی هەرێم بێت، رەئیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، واتە مافی جیاواز دەنگدان لەو مەسەلەیەدا هەبوو، رەئیشیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، كەم.مەلا عوسمان خۆی كاندید بكات، من بۆخۆشم هەر رام نەبوو.

**رێگا : هۆكارەكەی چی بوو تۆ رات نەبوو؟**

م. عەلی باپیر: من دەمزانی م.مەلا عوسمان دەنگ ناهێنێت، تۆ شتێك بزانیت دەنگ ناهێنیت، چونكە ئەنجامەكەی دیارە، تۆ بزانیت ئەنجامت نابێت، بۆچی بیكەیت؟! بەكرداریش م.مەلا عوسمان بەقەدەر كەسایەتی خۆی دەنگی نەهێنا،

ڕەنگە نەك هەر برایانی ئیخوان دەنگی بۆ نەدابێت، خەڵکی خۆشمان هەبوو هەر قەناعەتی پێی نەبوو، من یەکێك بووم لەوانەی خۆم قەناعەتم نەبوو، ڕێزم بۆ م.مەلا عوسمان هەیە.

**ڕێگا : تۆ خۆت دەنگت پێدا؟**

م.عەلی باپیر: نەخێر من هەر لەدەنگدانەکەدا بەشداریم نەکرد، ئەوکاتە گرانەتام گرتبوو لەجێگادا کەوتبووم‌و هەر نەچووم، نەك لەبەر ئەوەی قەناعەتم پێنەبوو خەڵکی خۆمانم هاندەدا بەشداریی بکەن، دیارە ڕێزمان بۆ م.مەلا عوسمان هەبوو، مامۆستاو براگەورەمان بوو، بەس دەمانگوت دیارە دەنگ ناهێنێت‌و ئێمە ئیشی دیکەمان زۆر لەپێشەو زەمەنمان لەپێشە، دەبێ خەڵك تێبگەیەنین، گوتمان: خۆت نەخەیتە ئەو گرەوەوە باشە، بۆیە من پێموایە ئەوە هەڵەیەك بوو، چونکە، کەجەنابی م.مەلا عوسمان دوایی دەنگی کەمی هێنا، شتێکی باش نەبوو بۆ تەوژمی ئیسلامی ئەوکاتە.

**سەلام عەبدولکەریم: دامەزراندن‌و پێکهاتنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧)وەك تێبینی دەکەین، کە لەکۆمەڵێك کاراکتەری جیاواز پێکهاتبوو، بەجۆرێ(مەلاو مامۆستایانی ئایینی، گەنج، خوێندەوارەکان، کەسی سەربازی... تاد)، کەئەمانە دیدو تێڕوانینیان بۆ کاری سیاسی‌و ئایینی لەیەك جیاواز بوو، ئەمەش لەکاری سیاسی بزوتنەوەدا ڕەنگیدا بوویەوەو لەدواجاریشدا ئاماژەیەك نەبوو بۆ ئەوەی کە لەداهاتوودا پارچە پارچە ببێت؟**

م. عەلی باپیر: مامۆستا کتێبەکانی منت خوێندونەتەوەن کە لەوبارەوە نووسیومن؟

**ڕێگا : بەشێکیانم خوێندونەتەوە، بەتایبەت ئەوانەیان، کەپەیوەندییان بەمەسەلە فیکریی‌و سیاسییەکانەوە هەبێ.**

م. عەلی باپیر: وەك(دەردو دەرمانی بزوتنەوەی ئیسلامی، بزوتنەوەی ئیسلامی لەدووڕیانی مان‌و نەماندا، بزوتنەوەی ئیسلامی‌و ئایندەیەکی گەش‌و ڕوون)، من لەهەر قۆناغێکدا هەوڵمداوە دەربارەی ئەو کۆمەڵەی کەتیایدا بووم،

تێبینیو سەرنجی خۆمم هەبێ، دەربارەی حاڵەتی ئیسلامیش بەگشتی شتی خۆم هەبووە، وا بکەین چاکەو وا نەکەین چاکە، لەو کتێبانەی خۆمدا ئاماژەم پێداوەو ئەوکاتە وتوومە ئێمە ئێستا جەماعەت نین، ئێمە خەڵکێکین خڕبووینەتەوە سەر یەك، بەڵام خەڵکێك نین بەرێکخستنێكو پەروەردەکردنو تێگەیاندنێکی توندو تۆکمە دروستبووبین، دیارە لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامییدا ئەو تەوژمەی ئێمە، کەزیاتر من تەوجیهم دەکرد تاڕادەیەك وابوو، ئیعتمادمان لەسەر پێگەیاندنی خەڵك بوو، کاری زۆرمان لەسەر ئەوە دەکرد، کەخەڵکەکە وەکو یەك بیر بکەنەوە لەشتە سەرەکییەکاندا، چونکە ناکرێ هەرکەسە بەدوڵێکدا بڕوات، بەڵام بەداخەوە کەهەندێ لەمامۆستایانی بەڕێزمان زۆر لێیان نەدەزانی لەئیشەکەو بەراستی ئەو عەتا فیکریو تەوجیهەشیان پێنەبوو، کەخەڵکێکی پی ئیقناع بکەن، بۆیە من ئەو کاتە پەندێکم دانا دەمگوت:"کاری ئیسلامی دەبێ ریشی تێدا سپی بکەیت، نەك بەڕیشی سپی دەستپێبکەیت"، هەر کەسێك بەریشی سپی دەستپێکردبێ سەری لێدەرناچێ، دیارە بەکردەوەش هەروا دەرچوو!

**سەلام عەبدولکەریم: لەدوای ڕاپەڕینەوە بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ چەمکی بەشداری سیاسیدا بوو، وەك ئەوەی ئێستا(کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامی) لەحکومەتدا بەشدارن، یاخود هەر لەسەرەتاوە بەحوکمی ئەو هزرە ئیسلامییە جیهادییە چەکدارەی، کەهەیبوو لەهەوڵی دروستکردنی قەوارەیەکی ئیسلامیدا بوو، تاوەکو بەرنامەو پرۆگرامی تێدا جێبەجێ بکات؟ لەلایەکیترەوە بەڕێزت لەبەشدارییەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٩٣) لەحکومەتەکەی پارتیدا، کەدوو وەزیرتان هەبوو(محەمەد بازیانی وەزیری کشتوکاڵو مەلا عەبدولغەنی تەها وەزیری هەرێم) دەڵێیت ئەوانە هێندەی سودی تاکەکەسییان هەبوو بۆخۆیان، هێندە سودیان بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی نەبوو؟**

م. عەلی باپیر: ئێمە بەگشتی لەگەڵ بەشداری سیاسیدا بووین، بۆ خۆشم یەکێك لەوانەم، بەس دەمگوت بەشدارییە سیاسییەکە بابۆ حزبو خەڵك بێت،

بابۆ شەخس نەبێت، خیلاف من هەر ئەوە بوو دەمگوت برایەك دەكەینە وەزیر دەبێ ئاگامان لێی بێت، دەچێتە پەرلەمان دەبێت ئاگامان لێی بێتو تەوجیهی بكەین، هەڵەیەكی كرد، یان بۆ بەرژەوەندی خۆی شتێكی بەكار هێنا، ئاگامان لێی بێت، ئێمە كابرامان دەكردە وەزیرو لێی دەگەڕاین، ئیتر خۆیو ویژدانی خۆی.

**سەلام عەبدولكەریم: وەكو پرسو رای شوراو بەبڕیاری سەركردایەتی دەتانكردە وەزیرو دەستنیشانتان دەكرد؟ واتە كۆدەنگی هەبوو؟**

م. عەلی باپیر: نەخێر مەرج نییە، جاری واهەبوو مامۆستایەك دەیگوت ئەوە فلان كەسم دانا، ئیدی ئەگەر بمانگوتبا وانابێ، دەبووە كێشەو دەمانگوت بالێگەڕێین تازە دایناوە، چاك چاك لەیادمە تێبینیمان هەبوو دەمانگوت، كاكە ئاخر ئەو فلان كەسە ئێمە دەیكەنە وەزیر، خەڵكی باشترمان هەیە، زیاتر پێی رادەبینین، بەهەرحاڵ ئێمە زۆربەمان رامان لەگەڵ بەشداری سیاسیدا بوو، بەلام بەدیسپلینو زەوابیتەوە، وە بەوەی كەبەبەرژەوەندی خەڵكو جەماعەت تەواو ببێت، نەك بەرژەوەندی شەخسی، بەلام هەشبووە كە لەگەڵ بەشداری سیاسیدا نەبووە، بگرە رەنگە هەشبووبێ بەشداری پێ شیرك بوو بێت، جالەوبارەوە هەندێ كەس باسی كتێبێكی من دەكات بەناوی:(چارەسەری كێشەی كورد لەنێوان ئیمانو پەرلەماندا).

**سەلام عەبدولكەریم: بەڵێ زۆرجار ئەو سەرنجە بەرامبەر بەڕێزت هەیە كەبۆچی لەنەوەدەكاندا ئەو كتێبە دەنوسیو بەشداریكردن لەپەرلەماندا سنوردار دەكەیتو بەگشتی بەمەرج لەگەڵ بەشداری سیاسیدایت، بەلام من دەڵێم بۆچی لەدۆخی ئێستادان كەجەنابت ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامیتو بەشدارن لەحكومەتدا، كتێبی تر یان روونكردنەوەیەكت نەنووسی لەسەر شەرعییەتی بەشداری سیاسی، چونكە خەڵك پەیگیری راكانی تۆ دەكەن؟**

م.عەلی باپیر: با، كتێبی دیكەشم هەیە لەو بارەوە، بەلام با جارێ بۆت باسی ئەو كتێبە بكەم:(چارەسەری كێشەی كورد لەنێوان ئیمانو پەرلەماندا) ئەوە

بەڕاستی وەڵامێك بوو بۆ تەوژمی عەلمانی، کەدەیانگوت گرفتی ئێمە بەس ئەوەیە حکومەتو پەرلەمانێکمان هەبێت، ئیتر تەواو لەخەم دەرەخسین، بەڵام من دەمگوت: کاکە بەڵێ ئێمە مافی خۆمانە قەوارەو کیانی خۆمانمان هەبێت، بەپەرلەمانەوە، بەحکومەتەوە، بەڵام گرفتی ئێمە بەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێت گۆڕانکاری ریشەیی بکەین لەخۆماندا، دەمگوت دەبێ دووبارە ناسنامەی خۆمان لەسەر ئەرزی واقیع بدۆزینەوە بەرجەستە بکەینەوە، وەدەبێ میللەتەکەمان پەروەردە بکەینەوە، ئێستا فەرموو، پەرلەمانت هەیە، حکومەتت هەیە، دەسەڵاتی دادوەرییشت هەیە، کەچی خەڵکیش زۆر ناڕەحەتو بێزارو زۆر گرفتار، پەرلەمان گیری خواردووە بەدەست حزبەوەو حکومەت گیری خواردووە بەدەست حزبەوەو دەسەڵاتی دادوەریی گیری خواردووە بەدەست حزبەوەو حزبیش گیری خواردووە بەدەست شتێکی لەخۆی بچووکترەوە، دەی کەواتە کێشەکە بەوەندە چارەسەر نابێت، هەڵبژاردنێك بکەیتو پەرلەمانێکت هەبێت، من مەبەستم ئەوە بوو، کەدەبێت قوڵتر تەماشای چارەسەری کێشەکانی خۆمان بکەین، ئەگەرنا لەوێشدا هەرچەندە گوتومە پەرلەمانێك مافی حەڵاڵو حەرامی بدرێتە دەست، ئەوە وەکو بتێکی لێهاتووە، دیارە ئێستاش هەروا دەڵێم، کە لەجیاتی خوا دەپەرسترێ، وەکو خواوەندێك، بەڵام لەوێشدا گوتومەو ئێستاش دەیڵێم کەسێك کەدەچێتە نێو ئەوپەرلەمانەوەو بۆ ئەوەی فەرمان بەچاکەو ڕێگریی لەخراپە بکات، بۆ ئەوەی ئیقامەی بەڵگە بکات لەسەر خەڵك، ئەوە هیچ ناشەرعییەکی تێدا نییە، ئینجا ئەگەر گریمان شتێکیش هەبووبێ لەرابردوودا و ئێستا راستی بکەینەوە، ئەوە ئەگەر مرۆڤ گەشە بکاتو بەرەو پێشەوە بچێت، بۆ دەبێ گلەیی لێبکرێت؟ بەڵام لەحەقیقەتدا لەریشەدا مەسەلەکە هەروەك خۆیەتی، حاڵەتی ئاسایی ئەوەیە کەمسوڵمانان پەرلەمانێك دابنێن، هیچ بڕیارێکی ناشەرعی، هیچ یاسایەك دەرنەکات کەپێچەوانەی شەریعەت بێت، بۆیە ئێستاش ئێمە لەرەشنوسی دەستوری هەرێمدا پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەین کەدەبێ ئەو بەندەی تێدا بێت، کەنابێت هیچ یاسایەك دەربچێت کەپێچەوانەی

بنـەما نـەگۆڕەکانی شـەریعەت بێـت، واتـە: دژی ئایـەتێك، یـان فەرمایـشتێکی پێغەمبەر بێت، ئەوە حاڵەتی ئاسـاییە، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەت بـۆ نەهاتـە پـێش‌و پەرلەمانێك هەبوو کەیاسـاو بڕیـاری دەردەکـرد ئەگـەر پێـچەوانەی شـەریعەتیش بێت، ئایا دروستە بچیتە نێو ئـەو پەرلەمانـەوە؟ دەڵـێن: ئەگـەر بـۆ ئـەوە بـچیت کەفـەرمان بکـەی بەچـاکەو ڕێگریـی بکـەیت لەخراپـە، بـۆ ئـەوە بـچیت کەبەڵگـە لەسەر خەڵك دابنێی، ئەوە دروستە، بەڵام ئەگەر تەنیا بـۆ ئـەوە بـچیت کـەژیانی خۆت مسۆگەر بکەیت، یان بـۆ ئـەوە بـچیت کەپـشتگیریی ناحـەق بکـەیت، ئـەوە دروست نییە، ئنجا ئەگەر هەر لەماڵیشەوە کـابرا پـشتگیریی بڕیـارێکی ناشـەرعی بکـات، کەپێـچەوانەی یـەکێك لەبنـەما نـەگۆڕەکانی شـەریعەت بێـت، ئـەوە هـەر لەماڵەوە پێی کافر دەبێت، پێویست ناکات بچێتە نێو پەرلەمانەوە، بـەڵام لـەنێو جەرگەی پەرلەمانیشدا بێت مادام فەرمان بەچاکەو ڕێگریی لەخراپـە بکـات، ئـەو لەرووی بیرو باوەڕەوە هیچ زیانێکی پێناگات.

**سەلام عەبدولکەریم: بەڕێزت لەو گفتوگۆ درێژەی کە لەگەڵ(د.حوسێن محەمەد عەزیز)دا کەکراوە بەکتێبێك بەناوونیشانی(سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن) تیایدا لەباسی مەسەلەی ئازادییە گشتییەکان‌و ئازادییە تاکەکەسییەکان‌و مەسەلە دیموکراسییەکاندا ئەوە دەڵێیت: کەسبەی ڕۆژ لەکوردستاندا دەسەڵاتمان هەبێت، ئەگەر خەڵك لەگەڵمان بێت ڕێگە نادەین ئافرەت بێ جلو بەرگ شەرعی بێتە بازاڕو شوێنە گشتییەکان‌و شەراب بخورێتەوە؟ پرسیارێکی تریشم ئەوەیە بۆچی نەتوانرا سود لەبزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەکاتی خۆیدا وەربگیرێت، لەکاتێکدا لەلایەن ئەمریکاوە وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی گەورە مامەڵەی لەگەڵدا کراو بانگهێشتی کۆنگرەی بەرەی بەرهەڵستیکاری ڕژێمی بەعس کرا، کاردانەوەی ئەم حاڵەتە چی بوو لەسەر مەسەلەی بەئۆپۆزیسیۆن نەبوونی ئیسلامییەکان لەقۆناغی ئێستادا؟**

م.عەلی باپیر: با لـەهی دووەمیانـەوە دەسـتپێبکەم، یەکـەم: لەبـەر ئـەوەبوو کەئەوکاتە ئەوەندە بووین، قیادەو ڕەوشەکە ئەوەندەی لـەتوانابوو، دووەم: مـن

پێموانییە ئەمریکا هیچ خێرێکی پێوە بێت بۆ تەوژمی ئیسلامی، ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێتو بەدوای دەستوپێوەندا دەگەڕێت، بەدوای هاوکاردا ناگەڕێت بەدوای خەڵکێکدا دەگەڕێت لەخزمەتیدا بێت، بەدوای کەسێکدا ناگەڕێت هاوبەشی بێت، بەڵام دیارە ئەو کاتەش توانا ئەوەندە بوو، لەو بارودۆخانە ئەوەندەمان پێبوو، ئەوەندەشمان لەتوانادا بوو، واتە: ئەگەر گریمان ئەمریکا خێرێکیشی پێوەبایە، ئێمە هەرنەماندەتوانی ئەوە بکەین، وەکو چۆن دەرفەتی دیکەشمان هاتۆتە بەردەمو نەمانتوانیوە سودی لێوەربگرین، لەبەرئەوەی ئەوکاتە توانامان هەرئەوەندەبوو.

لەبارەی مەسەلەی دووەمیشیانەوە دەڵێم: ئەوەی کە لەو چاوپێکەوتنەدا گوتومە ئێستاش دەیڵێم، ئێمە ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت، ناهێڵین دیاردەی دزێوو ناشیرین هەبن، ئێستا تەماشا بکە تەوژمی عەلمانی دەسەڵاتی هەیە، شەڕاب وەك ساردی دەفرۆشرێ لەبازاڕ، دیارە ئێمەش ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێ، ناهێڵین بفرۆشرێ، شتێکی ئاساییە، هیچ سیستمێك نییە لەدونیادا کۆمەڵێك ئادابی گشتی نەبێت کەخەڵکی پێوە پابەند بکات، ئەوان بەئادابی گشتی دەزانن ئافرەت خۆی رووت بکاتەوە، ئێمەش دەڵێین نابێت خۆی رووت بکاتەوە، باوەك مرۆڤ بێتە بازاڕ نەك وەکو بابایەکی مێینایەتی خۆ بەر جەستەکەر، بەڵام ئێمە ئەوکاتە مەرج نییە هەر ئافرەتێك پرچی دیار بوو بچین زیندانی بکەین، بەس ئێمە دەڵێین پێمانخۆشە ئافرەتان پۆشتە بن، ئەگینا ئەوە لەنێوان شەرعزانەکاندا جیاوازی هەیە لەسەر ئەوە، کەئایا کەسێك پێچەوانەی شەرع کارێکی ئەنجامدا، لەو بوارانەی کەدێتەوە سەر ئازادیی تاکەکەسی، ئایا دەوڵەتو دەسەڵاتی ئیسلامی بۆی هەیە کەس سزا بدات لەسەر ئەوە؟ لەشاری مەدینەدا نەمبیستوە، کەهیچ ئافرەتێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرابێت لەسەر ئەوەی کەسەری رووت بووە، بەڵام دیارە هۆکارەکەی ئەوە نەبووە کەبەزۆرو فشار سەر رووتکردنی ئافرەتان قەدەغە کرابێ، بەڵکو لەبەر ئەوەبووە کەخەڵکەکە پێشتر پەروەردە کراوەو ئەوکاتە دابو نەریتی خەڵکیش وابووەو بەشێك بووە

لەکولتورو نەریتی خەڵك، کەخۆیان داپۆشن، بەڵام ئایا بواری تێدایە وەکو چۆن ئێران ڕێگە نادات ئافرەت خۆی ڕووت بکاتەوە؟! من پێم وایە بواری تێدا هەیە لەڕووی سیاسەتی شەرعییەوە، چونکە تۆ ئەو کاتە تەماشا دەکەیت بەکام باردا بەرژەوەندی گشتی باشتر دەستەبەر دەبێ؟! گرنگ ئەوەیە بزانین کەهیچ کۆمەڵگاو هیچ سیستمو هیچ وڵاتێك نییە، کەکۆمەڵێك ئادابی گشتی نەبن کەخەڵکیان پێوە پابەند بکات، کەواتە ئەگەر لەچوارچێوەی ئادابی گشتیدا بڵێیت با ئافرەتان خۆیان ڕووت نەکەنەوە، ڕێی تێدەچێ، بۆ نموونە خەڵکی نەسرانیی لەگەڕەکی خۆیان کەیفی خۆیانە، بەس کەدێنە بازاڕی مسوڵمانان بۆیان نییە لەگەڕەکی خۆیان گۆشتی بەراز دەخوات، شەراب دەخواتەوە، خۆی ڕووت دەکاتەوە، کەیفی خۆیەتی، بەڵام کەدێتە نێو خەڵکەوەو خەڵکەکەش مسوڵمانو ئایینی خەڵکەکەش ئیسلامە، بۆی نییە شتێك بکات پێچەوانەی ئادابی گشتی بێ، بەڵام ئەگەر کەسێك سەرپێچی کرد، وەك وتم بواری تێدایە کەلێیگەڕێیت، بەڵام لەڕووی پەروەردەو ئاراستەکردنەوە چاکی بکەیت،وە دەشگونجێت کەڕێی نەدەیت ئەوە بکات، بەکورتی من پێم وایە مەسەلەکە بواری قسەکردنی تێدایە، بەڵام کەوتۆتەسەر ئەوە بەکام باردا بەرژەوەندی زیاتر دەستەبەر دەبێت.

**ڕسەلام عەبدولکەریم: ئێوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی ئەگەر وەکو پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا لەهەڵبژاردنە پەرلەمانی پەرلەمانیدا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنن و بەتەنها حکومەت پێکبهێنن، تاچەند ڕێگە بەم ئازادیو پلورالیزمە سیاسییە دەدەن کەئێستا یەکێتیو پارتی بەکۆمەڵێك سەرنجو ڕەخنەوە لەسەری، دەستەبەریانکردووە؟**

م. عەلی باپیر: بەشبەحاڵی خۆم وا لەئیسلام تێگەیشتوومو قەناعەتم وایە، کەئێمە بواری بیروڕاو بۆچوونو دینو فیکرەی جیاواز دەدەین. بەڵێ بڕادەران بوار دەدەن، بەڵام زۆری بەمەجازە، چۆن؟ بەڕواڵەت ڕێگا دەدەن کەحزبو ڕێکخراوی دیکە هەبن، بەڵام لەبنەوەڕا وەلام بۆ ئەندامەکەی دەنێرێو دەڵێ

ئەوەنـدە پـارەت دەدەمـێ لـەحزب جیاببـەرەوەو حـزبێکیتر دروسـتبکە، چـەند حزبێك لەسەر ئـەوە هەڵوەشـاونەتەوە، بۆخۆیـان هـاتوون دەڵـێن:"فـلانو فـلان لایەن لەتیانکردینو ئەندامەکانیان بـانگکردووینو پێیانـدەڵێن ئەوەنـدە پارەتـان دەدەیـنێ، ئێمـەش دەڵـێین بودجـە بـدەن بـەخۆمان، نـەخێر دەیـدەن بـەو سـێ نەفەرە کەلێمان یاخیبوون، هی چـەند مانگیـشیان پێـشوەخت دەدەنـێ، کەچـی ئێمـە هـی خۆشمـان نـادەنێ". جـامن پـێم وایـە مەسـەلەی پلـوراليزم(التعددیـة) لەئیـسلامدا زۆر قوڵــە دەبــێ تەماشــا بکــەین: خــودا مرۆڤــی دروســتکردووە کەجێنـشینی بێـت لەسـەر زەویو سـەرزەوی ئاوەدانبکاتـەوە، وەخـوا(سـبحان وتعالی) مرۆڤی بەوە تاقیکردۆتەوە، کەبەو شێوەیەی بۆخۆی حـەز دەکـات بـژی، دیـارە خـودا پێـی ناخۆشـە مرۆڤـەکان پێـچەوانەی ئـەو شـێوەیەی، کـەخۆی دیـاریکردووە بـژینو پێیڕاگەیانـدوون، کـە لـەدوارۆژدا تووشـی سـزاو نارەحـەتی دەبن، بەڵام بەمەبەستی تاقیکردنەوەیان دەرفەتی پێداون، ئنجا ئەگەر تەماشای دەوڵەتی ئیسلامی بکەیت، دەبینی هەموو کەمایەتییە فیکرییو ئاینییەکان بۆیان هەبووە لەسایەیدا بژینو پێکهاتەی خۆشیان پارێزگـاریی لێبکـەن، بـەڵێ ئیـسلام نەهاتووە بۆ ئەوەی بەزۆر مرۆڤەکان بگۆڕێـت، بـەڵکو مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردوون وەکو خۆیان،وە من پێموایە کەمرۆڤ بۆ ئەوە کەمرۆڤ بێتو جێنشینی خوا بێـت لەسەر زەویدا، دەبێ ئازاد بێ،وە من پێموایە بەڕاستی مرۆڤ بێ ئـەوەی کـەئازاد بێت، مرۆڤبـوونی نـامێنیو جێنـشینایەتی خودایـشی پێنـاکرێ هیچیـشی لەسـەر زەوی پێنــاکرێ، چونکەبەدەســتی بەســتراو هــیچ نــاکرێو ســپاردەی خــواش هــەڵناگیرێ، ئنجـا لێپرسـینەوەی خـەڵك لەسـەر ئیمـانو کـوفرو گوێڕایـەڵیو سەرپێچی، ئەوە پەیوەنـدی بـەخوداوە هەیە،وەلـەڕۆژی دواییـدا ئـەنجام دەدرێ نەك لەدنیادا، وەك خـوا دەفـەرموێت:﴿إِنَّ إِلَيْنَـا إِيَـابَهُمْ. ثُـمَّ إِنَّ عَلَيْنَـا حِسَابَهُمْ﴾ الغاشية –٢٥،٢٦، واتە:"بێگومان بـۆلای ئێمـە دەگێڕرێنـەوەو لێپرسینەوەشـیان لەسەر ئێمەیە".

لەبەر ئەوە من بەهەموو قەناعەتەوە دەڵێم: ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان هەبێت ئەگەر حزبێك هەبێو بتبپەرستێ، یان هەر شتێك بپەرستێ، دەبێ بواریان پێبدەین، بەڵام لەچوارچێوەی ئادابی گشتیداو بەرێككەوتن لەسەر چەند بنەمایەكی هاوبەش، كە لەبەرژەوەندی هەموولایەك دانو مایەی تەبایین، بۆ نموونە:

١- نابێ هیچ حزبێك بیربكاتەوە لەكودەتاكردنو بەزۆر خۆی بسەپێنێ بەسەر خەڵكدا.

٢- نابێ خەڵك جنێو بەیەكتری بڵێنو سوكایەتی بەپیرۆزییەكانی یەكتر بكەن، رەخنە باهەبێت، بەڵام جنێوو ناوزڕاندنو تەشهیرو ناشیرینكردن نەبێت، دەبێت كۆمەڵێك پرەنسیپی وا هەبن كەبۆ هەموان قازانج بنو لەسودی هەموان بن، دیارە دەزانم فیكری ئیسلامی واش هەیە دەڵێ: نابێ هیچ حزبێك دروستبێ، ئەگەر مەرجەعییەتی شەریعەتی ئیسلامی نەبێت، بەڵام من تێبینیم هەیە لەسەر ئەو جۆرە فیكرە، چونكە ئەوە وادەكات كەبۆ نموونە خەڵكی مەسیحی، خەڵكی ماركسی، خەڵكێك كەفیكرەیەكی دیكەی هەبێت، نەتوانێ حزب دروستبكات، ئێ كەنەتوانێ حزب دروستبكات، ئەو ئایەتە چی لێدێت كەدەفەرموێت:﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾، البقرة -٢٥٦-، ﴿...فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن ومَن شَاء فَلْيَكْفُرْ...﴾ الكهف -٢٩-، باشە كەكافر دەبێ، چ یەك كەس بێ، چ زیاتر وەك یەكە، لەبەر ئەوە من بەهەموو قەناعەتەوە دەڵێم: ئەوەی پێی دەڵێن پلۆرالیزم، فرەیی، جۆراوجۆریتی لەفیكردا، لەسیاسەتدا، لەشەریعەتی ئیسلامیدا هەتا ئەوپەڕی سنوور رێی پێداوە، تۆ تەماشابكە: ئایا لەئیسلامدا هیچ شەرعزانێك هەبووە ماف ڤیتۆی هەبێ لەبەرامبەر شەرعزانیتردا؟! ئیمام مالیك كاتێ كتێبی(الموطأ) دەنووسێ، ئەبوو جەعفەری مەنسور دەڵێ با كتێبەكەت بگشتێنین بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام ئیمام مالیك دەڵێ: وامەكە، دەڵێ بۆ؟ دەڵێ چونكە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بڵاوبوونەوەو زۆر بوونو هەر ناوچەیەك زانایانێكی لێیەو زانستێكی لێیە كە لەوانی دیكە نییە، بەڵێ ئیسلام بڕوای بەوە

هەیە کەجیایی‌و فرەیی لەهەموو شتێکدا هەیە، وەك دەفەرموێت{وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ واخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ} الروم-٢٢-، مرۆڤ تەنیا کاتێك وەك مرۆڤ دەمێنێ، کەئازاد بێ، ئەگەرنا کاتێك دەیانکەیتە کۆرس‌و یەك دەنگو شێوە، ئەوکاتە مرۆڤ، وەك مرۆڤ نامێنێ، دەگونجێ وەکو مێگەلێك تەماشای بکەیت، بەلام بێگومان مرۆڤێك نامێنێ کەخودا ڕێزی لێناوەو کردوویەتییە جێنشینی خۆی! !



## وتوویژ لەگەڵ نەجمەدین فەرەج(م.کرێکار)

**ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام لەکوردستان**

**سەلام عەبدولکەریم: سەرەتاکانی جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار بۆ کەی دەگەڕێتەوەو وەکو چ پێویستییەك سەریهەڵدا؟**

م.کرێکار: بسم الله الرحمن الرحيم، لەبزاڤی ئازادیخوازی کوردستانیدا فەراغێکی ئیسلامی هەبوو، چونکە بەرەی کوردستانی(٧ حزب بوون) هەموو عەلمانی بوون‌و واگۆشکرا بوون، کەئیسلام هۆکاری دواکەوتنی کوردەو ئاڵقەیەکی نەپساوەی پەیوەندی کوردە بەعەرەبەوە، هیچیان نەیاندەویست ئیسلام بدوێنن، ئامادەش نەبوون رێبدەن ئیسلام ببێتە ووزەیەکی ئیزافی بۆخەباتی ئازادیخوازی کورد. ئیسلامییانی کوردیش، کەتاکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو هەر لەسەر لایەنی تیۆرییانەی فیکری سیاسی ئیسلامی(بەدیدی لێڵی ئیخوان) گۆشدەکران، ئەو جورئەتەیان بۆ دروستنەدەبوو ئیسلام بکەنەوە

بەووزەی خەباتێکی سەربەخۆ یان گروپێکی خۆخزێنی ناو خەباتی کوردستانی. هەرچەندە زەمینە لەبار دەبوو، بەڵام ئیخوان لەوڵاتی ئێمەدا زۆر بەمعەووقی لەدایکبوو. تەسەورکە لەفلیپین(لای دەیانی وەکو سەلامات هاشمی رەحمەتی) سەدای ئیخوانیزم کاریگەرتربوو لەڕووی عەمەلییەوە وەك لەکوردستانی هەتیوی ئێمە. بۆیە سەرەتای سەرهەڵدانی چەکداریی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی ئێران، کەهەر لەسەرەتاوە لە(١٩٨٠)دا لەشکری ئیسلامی دروستکرد.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند جوڵانەوەی ئیسلامی چەکدار کاریگەر بووە بەئەزمونی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو جیهادی ئەفغان دژی سۆڤییەت؟ ئەگەر کاریگەر بوو، لەکوێی گوتاری ئیسلامی چەکداردا دەتوانین ئەو کاریگەرییانە بدۆزینەوە؟**

م.کرێکار: لەو سەردەمەی شۆڕشی ئێرانی سەرکەوت لەوڵاتی ئێمەدا زەمینەیەکی وەعی فیکریی سیاسیی باش هەبوو، چاوەڕوانی تەوزیفکردنی دەکرد، کەئیخوان نەیوێرا بیخاتەگەڕ، ئێران قۆستییەوە. ئێرانییەکان وایانزانی هەنگیان لەداردا دۆزیوەتەوە. هەر لەو کاتەشدا جیهادی ئەفغان برەوی سەندو راگەیاندنی وڵاتی سەرمایەداریی‌و شوێنکەوتووانیان کردیانە ساحەیەکی جیهادی سوننی. ئەمەش گومانی تێدانییە کاریگەرییەکەی بەقەدەر شۆڕشی ئێران لەموسوڵمانانی مولتەزیمی کورد کرد، چونکە هەم سوننین‌و هەم قەومێکن زۆر بەکورد دەشوبهێن. ئاسانیش لەتارانەوە دەمانتوانی بیانگەینێ. لە(١٩٨٤)دا مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین‌و مامۆستا حەسەن شەمێرانی‌و مامۆستا بورهانی ئەمینی‌و من‌و چەندینی تر دەچووینە لایان. کاك سەلاح دەیووت بانانیان بۆ تەبەڕوك لێوەرگرم. ئەو کاریگەرییانەش لەلاساییکردنەوەکانماندا دەردەکەوت، وەکچۆن کۆمۆنیستی کوردی لەبودەڵەیی خۆیدا لاسایی جیڤاراو شۆڕشگێڕانی ڤێتنامی دەکردەوەو شانازی پێوە دەکردن، ئێمەش لەبودەڵەیی خیتابماندا پێمانخۆشبوو خۆ بەشۆڕشی ئێران‌و جیهادی ئەفغان‌و کوشتنی

ساداتەوە بادەین! ئەوەی لەسەرماندا نەبوو، خیتابێکی ئیسلامی کوردستانییانە بوو. ئێمە هەموو دەروێشانە بۆ ئیسلام گۆشکرابووین، دوور لەخەباتی کوردی، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە، کە تائێستاش دەبینی حزبێکی وەکو یەکگرتوو، کۆمەڵ نازانن داوای چی بۆ کورد دەکەن. وەکو خیتابێکی سەربەخۆ، کەمۆرکی ئیسلامی پێوە بێت، نیانە. ئەوە خیتابی کوردستانی نییە، کەبڵێ دەمەوێت مافەکانی کورد بەدەستبهێنین. ئەمە لەچلەکانی چەرخی رابردوودا ئەحمەد سولەیمانی کۆمۆنیستی سودانی(حدتو) لەکتێبی(**مشيناها خطى**)وای بۆ کورد ویستووە! یەکێکی تر لەو کاریگەرییانەی شۆڕشی ئێرانی لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی دروستکردبوو، مەسەلەی پێشەوایەتی بوو، کە لەرابیتەدا بوو بوو بەکۆپی! بۆیە ئێستاش کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ئیمامیشی هەیە، کەمامۆستا شێخ محمدی بەرزنجییەو ئەمیریشی هەیە، کەمامۆستا عەلی باپیرە! کە لەئەدەبیاتی سوننیدا شتی وا نەبووەو نییە.

**سەلام عەبدولکەریم: دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکۆمەڵێك کاراکتەری وەك(مەلا، شێخ، گەنج، خوێندەوارەکان، بنەماڵە)، چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر ئاراستەو شێوەو جۆری گوتاری سیاسی ئیسلامییانەی ئەو بزوتنەوەیە لەقۆناغەکانی تەمەنی کارکردنیداو دواجار لەسەر هەڵوەشانەوەی لەپرۆسەی یەکبوونی ئیسلامیدا(یەکگرتنی راپەڕینی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامی)؟**

م.کرێکار: لەسەرەتای دروستبوونی رابیتەی ئیسلامیدا(مەبەست لەبزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامییە–ئامادەکار) کەمێك نەزمو تەرتیبات هەبوو، لەساڵی یەکەمو دووەمی چوونەدەرەوەی رابەری رەحمەتیو یارانیدا پشێوی زۆرتر بوو وەك لەرێکخستن. بزوتنەوە لەکاری کۆمەڵکاریی نەدەچوو، هەر لەئیشی مەلا دەچوو. سەرکردایەتی ئەوکاتەی بزوتنەوە لە(٢١) ئەندام(١٨)ی مەلا بوو. ئەو هەموو گەنجە بەهیممەتە ئازایە لەو ئیسلامە بەرزەی بەردەستی ئەو مەلایانە کۆبووبوونەوە، ئەمان نەیاندەتوانی سازمانانە رێکیان خەن، چونکە خۆیان

ئەوەیان نەدەزانی. حەزیان بەتەقلیدی پلەو سەلاحییەتی ئیمام خومەینی دەکردو پێشەوای ئەو بزاوتە خوێناوییەشی نەبوون.

مەگەر نابینیت ئامانجی ئەو کاتەی بزوتنەوەی ئیسلامی چی بوو؟! رماندنی رژێمی عێراقیو دامەزراندنی حوکمی ئیسلامی لەعێراق! دوو عەریفیشمان نەبوو نەك ئەفسەری پلەدار تاهەوڵی ئینقیلابێکی فاشیلیشمان بۆ بدەن! ئەمە ئامانجی ئێران بوو نەك بزوتنەوەیەکی داماو، کەتازە سەری لەهێلکە جوقابوو. پێکهاتەی بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەرەتایدا دەقاو دەق وادێتە پێشچاو: کە لەرۆژێکی هەینیدا پاسی بەتاڵ بهێنیتەبەر مزگەوتێكو بڵێی خەڵکینە سوار بن دەڕۆین بۆ چیا بۆ سەرخستنی ئیسلام، ئێرانیش بەڵێنی داوە پشتگیریمان دەکات! ئیتر خەڵکی خواناسو بەغیرەت خۆی تێفرێدەنو تۆش بیانهێنیتە ئەو شاخە، لەوێ سەیر دەکەیت یەکێك مەلای دوازدە عیلمە، یەکێك شێخە پەڕۆیە، یەکێك سەلەفی کەلارییە، یەکێك دەروێشی شێخ مستەفای باقلانی رانیەیەو زەرگی پێیە، یەکێك قوتابی زانکۆیەو فیقهی لەسەر قەرەوێڵەی بەشی ناوخۆیی خوێندووە! یەکێکی تەنیشتیشی کوڕە عەشایرێکی دوژمندارە، یەکێك مامۆستای سەرەتاییە، ئەوی تەنیشتی عەسکەری فیرارە، یەکێك دەڵێ ئیمام خومەینی پێشەوای موسوڵمانانە، یەکێکی تر دەڵێ ئیمام خومەینی کافرە. ئێ کێ ئەمانە رێکدەخات؟! بەتایبەتی کەئیخوانیش پاشەکشەی لەبزوتنەوە کردبوو، تاشکست بهێنێت. نوعمان سامەڕائی نامەی بۆ مامۆستا مەلا عوسمانی رابەر نووسیبوو، کەسەرکردایەتی بزوتنەوە بدە بەمامۆستا عەلی براتو خۆت وەرەوە ریزی ئیخوان! ئەم پێکهاتە دوور لەیەکانەو نەبوونی دیدێکی فیکرییو خیتابێکی سیاسیو بەرنامەیەکی پەروەردەکردنو نەبوونی ئەقڵیەتێکی تەنزیمی وای کردبوو، کەهەر کەس چۆن بەباش دەزانێتوا ئاڕاستە بکات! تەنانەت لەساڵی(١٩٩٧)دا، کەمن بووم بەبەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامی، بەمەکتەب سیاسیم وت: ئەرێ باشەوا من دەچمە ئەو شارەو بەرامبەر عومەری سەید عەلی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی کار دەکەم، یاساو تەعلیماتێك

هەیە بمدەنیٚ؟! وتیان خۆت باشدەزانیو شاری خۆتەو ئەگەر ئارەزووت لێبێت زۆر چاك دەیبەیت بەڕێوە! مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی وتی:" كوڕە تۆ خۆت بەتوانای دەتوانیت هەڵكەی"!!

**سەلام عەبدولكەریم: بۆچی بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری لەپێكهێنانی بەرەی كوردستانی لەساڵی(١٩٨٧)دا نەكرد؟**

م.كرێكار: لەبەرئەوەی بەشەرعی نەدەزانی لەبەرەی حزبانێكدا بێت، كەئیسلامیان پێقبوڵ نییە.

**سەلام عەبدولكەریم: پەیوەندییەكانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵانی هەشتا لەگەڵ چ حزبو لایەنێكی سیاسی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتاندا بوو؟ لەسەر چی بنەمایەكیش بوو؟**

م.كرێكار: لەساڵانی هەشتاو حەوتەوە بزوتنەوە پەیمانی دۆستانەی لەگەڵ پارتیو یەكێتیدا هەبوو. هەرچەندە پارتی لەوە ئیزعاج بوو، كەحزبێكی ئیسلامی هەبێت، دەیانووت:"وەرنەوە یەكێتی زانایانی ئیسلامی دروست كەنەوە، ئیتر بۆچی بزوتنەوەی ئیسلامی رادەگەیەنن". یەكێتیش گەمەكەی باشتر دەخەملاند، كەپێشتر رێی بەلەشكری ئیسلامی دابوو، پاشان هێرشی غەدری كردبووە سەری. دەیویست لەبزوتنەوەش بخواتو پاشان لەكاتی پێویستدا بیداتەوە بەر قەپاڵ! بەڵام بارودۆخەكە بەویستو حەزی ئەوان نەهاتەوە. لەدەرەوەش پەیوەندی بزوتنەوە بەهەندێك كۆمەڵە ئیسلامییە غەیرە ئیخوانییەكانەوە هەبوو، بەڵام كاریگەر نەبوو. ئەوان حەزیان دەكرد لایەنگیری بن، بزوتنەوەش ئەفرادی پەیوەندی كەم بوو، هەنگاوی بۆ هەر كوێیەك هەڵدەهێنا ئیخوانی دەریٚ بەنامەو هەڵوێستی نهێنیانەی كاك سەلاحو مامۆستا عەلی قەرەداغی دەبوونە كۆسپی بێبەزەیی. بنەمای پەیوەندییەكان لەبازنەی سۆزی گشتی برایەتی ئیسلامییانە تێنەدەپەڕیی. ئەو ناسیاوییو هاتوچۆ كەمە عاتیفییە ئیسلامییە لەگەڵ هیچ گروپێكدا نەبووە تەفاعولو كاركردنی هاوبەش.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی لەساڵەکانی(١٩٩٣) بزوتنـەوەی ئیـسلامی کەوتـە نێو شەڕی نێوخـۆوە لەگـەڵ یەکێتیـدا، هۆکـارە بابەتییـەکانی ئـەو شـەڕە چـی بوون‌و دواجار ئاسەوارەکانیشی چۆن لەسەر بزوتنەوە رەنگیدایەوە؟**

م.کرێکار: دوای راپەڕین خەڵکانێکی بێشومار بەبزوتنەوەی ئیسلامییەوە لکان، چونکە بزوتنەوە تاکە واجیهەی ئیسلامییەکان بوو، هێشتا خەتەکانی ئیخوان(نەهزەو یەکگرتوو) دەرنەکەوتبوون، بزوتنەوە هەر لەوکاتەوە کەوتبووە رەواج پێدانی ئاشکرای فیکریی سیاسی ئیسلامی، هەرچەندە تائێستاش لەکورددا لەتیۆرێکی رۆشندا نەخراوەتە بەرچاو، ئەم فیکرە سیاسییە بزاڤێکی چەکدار دەیپاراست‌و لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا تەشەنەی دەکرد، یەکێتی زۆر پێی ئیزعاج بوو، چونکە ئێمە بەگشتی پەیوەندی باشترمان لەگەڵ پارتی هەبوو، بەبزوتنەوەو پارتی پێکەوە پارسەنگی سیاسی‌و عەسکەریی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی رادەگیرا. بزوتنەوە سەرباری ئەمانە فێرگەی سەربازی هەبوو، کەبۆیەکەمین جار بوو، کە(٦٨) ئەفسەری ئیسلامی لێتەخەرۆج کرد! بزوتنەوە یەکەمین هێزی کوردستانی بوو تەلەفزیۆنی دامەزراند، تادەهات ووزەی باشتر لەبزوتنەوە کۆدەبۆوە، یەکێتیش کەفێری مومارەسەی حزبێکی دیکتاتۆریی بوو بەهیچ کلۆجێك نەیدەتوانی ئەمە قووت دا. نەشیدەوێرا بەتەنها بچێتە شەڕی بزوتنەوەوە، بەتایبەتی دوای شەڕەکەی کەلار، کە لە(١٩٩٢/٧/٢٨) روویدا، بزوتنەوە(٨٩) چەکداربوون‌و بەسەر(٣) زۆنی شەڕدا دابەش بووبوون، گەمارۆدرابوون، یەکێتی زیاتر لە(٣٥٠٠) چەکداری لێخڕکردبوونەوە،(٢٧) ئەندامی سەرکردایەتی‌و فەرماندەی سەربازی سەرپەرشتی سێ رۆژ شەڕیان کرد،(٨٧) کوژراویان دا بەرامبەر بە(١٩) کوژراوی بزوتنەوە. دواتریش گەمارۆکەیان پێ شکێنراو سەرکەوتنێکی مەعنەوی گەورە کەوتە دەست بزوتنەوە. ئەمەش هەردوولای خستە سەر بارودۆخێکی دیکە. شەڕی دووەمی یەکێتی لە(١٩٩٣/١٠/١٨) لەپێنج شوێن بوو(کەلار، کفری، دەربەندیخان، چەمچەماڵ‌و تەکیە، بازیان). دیسان شەڕ دوای چەندین

رۆژوەستاو بەقازانجی یەکێتی نەهاتەوە. ئیتر دەبوو بیر کاتەوە لەرێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ پارتی بۆ لاشەڕکردنی تەواوی، پاشان رەزامەندی دنیای دەرێ تاچاوپۆشی لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ بکەن، کەدەچێتە جەولەی سێیەمی شەڕەوە، کە لە(١٩٩٣/١٢/١٧)ەوە دەستیپێکردو تا(١٩٩٤/١/١٤)ی خایاند، لە(٢١) ناوچە شەڕ بوو، سەرکردایەتی بزوتنەوە گیراو مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتی کەوتە دەست جەبار فەرمانو(١٩٩) کەسی لێ شەهید بوو، زیاتر لە(١٧٤) بریندارو(٣٨٠) دەسگیرکراوو دیلی کەوتە دەست یەکێتی. لەگەڵ سەختی ئەم شەڕە سەراسەرییەشدا بزوتنەوە هەر مایەوەو هاتەوە سەرپێ، چونکە هەموو سەرکردایەتییە کاریگەرەکانی مابوو، ئێرانیش پشتیوانی لێکردو نەیهێشت بەیەکجاریی بکەوێت، یان پەرتەوازەبوونی توول بکێشێت.

شەڕەکانی یەکێتی، کەشەڕی ساحەو مەساحە بوون، شەڕی دەسەڵاتو رێگرتن لەتەشەنەی ئیسلامو مونافەسەی هێزیی ئیسلامی بەدەردی خۆیان دەڵێن سیاسی بوو، زۆر ناعادیلانە بوو، یەکێتیو ئەوانەی پشتییەوە دەیانەویست بزوتنەوە بکەوێتە ئەو قاڵبەوە، کەبۆیان دیاری کردبوو، بزوتنەوەش نەیدەهێشت، بەڵام مامۆستا عەلی باپیر بەئینشیقاقە تاریخییەکەی خۆی، خۆشیو بزوتنەوەو هەموو ئیسلامییەکانی خستە ئەو قاڵبەوە، کەئێرانو یەکێتی دەیانوویست!

**سەلام عەبدولکەریم: بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگری بیرۆکەی دامەزراندنی قەوارەی ئیسلامی بوو یان لەگەڵ چەمکی بەشداری سیاسیدا بوو؟**

م.کرێکار: بزوتنەوەی ئیسلامی هیچ بیرۆکەیەکی دەربارەی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیسلامی لەناوچەکەدا نەبوو، زۆرجار ئەوەم لای مامۆستایانی بزوتنەوەی ئیسلامی تەرح دەکرد، کەبۆچی ناتوانین ناوچەکەی ژێر دەستی بزوتنەوە، کە(١١٢) گوندو(٤) شارۆچکەبوو وەکو دارولئیسلامێکی سەربەخۆ راگەیەنین؟ لەوەڵامدا دەیانووت:" ناکرێت، چونکە ئیمتیدادمان لەشارەکانی تردا هەیەو ناتوانین لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆبین". ئەوکاتو ئێستاش پێموایە

ئیسلامییەکان(جگە لەتاك تاکەیان) پەی بەرێی دروستکردنی قەوارەی وا نابەن، ئەگەر پەییشی پێببەن وانازانم جورئەتی ئەوەیان هەبێت وەکو پرۆژەو ئامانجێك رایگەیەنن، ئێمە لەئەنساردا ئەو جورئەتەمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو برایانەی جوندولئیسلام ئەوەی لەئەقڵی باتینیاندا بوو، ئیمارەتەکەی تالیبانی ئەفغانستان بوو، نەك شێوە ئیمارەتەکانی بەدرخانی گەورەو شێخی نەهری‌و شێخی حەفیدو ئەوانە، جورئەتی راپەڕاندنی ئەحکامی ئیسلامەکەیان تەواو بوو، بەڵام ئیستیعابی بارودۆخ‌و ساحەی کوردو کوردستانیان لاواز بوو. لەبەر ئەم ساواییە فیکرییە بوو، کەبزوتنەوەی هەر تابیعانە کاری دەکرد، ئێستاش هەر ئەوەیە لەیەکگرتوو، کۆمەڵیشدا بەزەقی دیارە، ناچارن لەگەڵ رەوتی کوردایەتیەواناندا بڕۆن، هەوڵی هیچی تریان نەداوە. بۆیە هەر دەیانەوێت ئەوە بسەلمێننن، کە لەبەشدارییە سیاسییە پاشکۆکەیاندا دڵسۆزی دەسەڵاتدارانی کوردن! ئاواشن‌و هێشتا نەیارانی ئیسلام لێیان رازی نین!

**سەلام عەبدولکەریم: باس لەوە دەکرێ، کەبەشداری بزوتنەوە لەحکومەتی پارتی لەساڵی(١٩٩٣) بەدوو وەزیر(محەمەد بازیانی، م.عەبدولغەنی تەها) بەکۆی دەنگی شورای بزوتنەوە نەبووەو تاڕادەیەك بەدانان بووە لەلایەن کەسە باڵاکانی بزوتنەوەوەو(م.عەلی باپیر) لەکتێبی(رەوتی ئیسلامی لەباشوری کوردستان)ی ئیدریس سیوەیلی دا دەڵێ:"ئەوانە سودی تاکەکەسی خۆیان زیاتر هەبووە،وەك لەوەی بۆبزوتنەوە هەیان بێت" رای تۆ لەمبارەیەوە چییە؟**

م.کرێکار: لەو سەردەمەدا رەوتی سەلەفییەکانی ناو بزوتنەوە بەهێز بوو، لەناویاندا موناقەشەی ئەوە هەبوو، کەبەشداربوونی حکومەتی عەلمانییەتی کوردی کوفرە یان نا؟ ئەمە هۆی سەرەکی ئەوە بوو، کەهەندێك برای سەرکردایەتی ئامادەی موناقەشەی ئەو مەسەلەیە نەبن، بەمەسیرییشیان نەدەزانی، بۆیە تەعینبوونی ئەو دوو وەزیرە هەر بۆ نواندنی بەشداریی حکومەتەکەیان بوو، ئێران‌و یەکێتی بەزۆر بزوتنەوەیان لەو حکومەتەی یەکێتی پەستاوت، تائەو پەیمانە ستراتیژیەتییەی نێوان پارتی‌و بزوتنەوە

هەڵوەشێننەوە، توانیشیان. ئەمما ئەوەی، کەئەو دوو وەزیرە سودییان لەپلەکانیان زیاتر بۆ کەسایەتی خۆیان هەبووە، وەك لەبزوتنەوە، لەسەدا سەد راستە، بەڵام هۆی سەرەکی ئەوە بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو بەڕێزە، بەڵکو بۆ شلو شێواوی خودی بزوتنەوەش.

**سەلام عەبدولکەریم: پێتوایە شەڕو دۆخی نائاسایی بزوتنەوەی ئیسلامی راگرتبوو، ئەگەرنا بەهۆی بوونی باڵی جیاوازو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە بزوتنەوە ئاماژەکانی پارچە پارچە بوونی لەگەڵ دروستبوونیدا لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو؟**

م.کرێکار: پێموایە هەر لەسەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەوە، ئێران بزوتنەوەی ئیسلامی لەدابڕان‌و ئینشیقاق دەپاراست، لەسەردەمی شەڕی عێراق–ئێراندا، نەدەکرا بهێڵێت ئیختیلافاتەکانی هەردوو مامۆستا عەلی بزوتنەوە هەڵوەشێنن! کەشەڕ تەواوبوو، ئێران دەیویست بزوتنەوەی لەکۆڵ بێتەوە! کەراپەڕین روویداو هەموو هاتینەوە وڵات، ئێران ناچاربوو مامەیی بزوتنەوە بکاتەوە بۆ ئەوەی وەکو ژمارەی خۆی لەناوچەکەدا بزاوتی پێبکات، بەڵام کەکۆنگرەی شەشەم لەبێتواتە لە(١٩٩٢)دا کراو باڵی وەهابییەکان(وەکو ئەوان‌و یەکێتی دەیانووت) سەرکەوت، مەترسی ئەوەی لێنیشت، کەدەبێ زوو فریا کەوێتەوە بۆئەوەی بەیەکجاری بزوتنەوەی لەدەست دەرنەچێت! ئاوا ئێران هەوڵیدا بزوتنەوەی بەدەستەوە بمێنێت، بۆیە سەبری لەسەر ئەو هەڵوێستە توندانەی ئێمە گرت، کەدژی دەوەستاینەوە، ئینجا لەشەڕەکانی(١٩٩٢و ١٩٩٣)ی بزوتنەوەو یەکێتیدا هەلی بۆ رەخسایەوە، کەبەناوی پشتیوانیکردن لەبزوتنەوە دەستبخاتەوە ناو بزوتنەوە، بەڵام بواری زۆری نەبوو، ئەوکاتە من بەرپرسی مەکتەب عەسکەری بووم، بەڵام دواتر، کەیەکێتی شەڕە سەرانسەرییەکەی بەبزوتنەوە فرۆشت‌و لەهەموو لایەکەوە هێزی بزوتنەوەی رادا! ئێران بەتەواوی هاتە ساحەکەوەو دەستێوەردانی تەواوی لەسەرکردایەتی بزوتنەوەوە دەستپێکرد! هەر ئەوکاتەش بزوتنەوە خەریکبوو لەت ببێت، بەڵام

هەر ئێران نەیهێشت، چونکە دەیزانی بەلەتبوونی بزوتنەوە هیچ ئامێرێکی توندی واکاریگەریی لەسەر پارتیو یەکێتی بۆ دروست نابێتەوە. ئەوەی کەزۆر لەسەرکردایەتی بزوتنەوەو رابوونی ئیسلامی پەییان پێ نەدەبرد ئەوەبوو، کەهەر ئێران هۆکاریی ئیختیلافاتەکانی ناو بزوتنەوەبوو، ئێران نەیدەهێشت رەنجی ئاشتبوونەوەکان بەر بگرێت، ئێران نەیدەهێشت پەیوەندی دەرەوەمان لەگەڵ پیاوانی بزاوتە ئیسلامییەکاندا بەهێزتر کەین، بۆئەوەی بزوتنەوە تۆوی مردنی خۆی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرێت، تائەگەر رۆژێك لەرۆژان بڕیاری مردنیدا، ئەو لۆمەکراو نەبێت. بۆیە لەوەودوا بەشەڕەکانی(١٩٩٤و ١٩٩٥و ١٩٩٧) ئێران زۆر زیرەکانە توانی ئەوەندە بزوتنەوە بەسەری یەکێتی بکێشێتو رایکێشێت تا بەتەواوی لەرۆژئاوای کردەوەو لە(١٩٩٧) بەدواوە کردییە ژمارەی خۆی لەخەباتی کوردایەتی کوردستانیانی باشوردا. ئێران بەبزوتنەوە یەکێتی بردەوەو بەیەکێتیش دیموکراتی ئێرانی خەساند! کەرۆڵی بزوتنەوەش تەواوبوو، بۆئەوەی نەکەوێتە دەست ئێمەی"ئیفراتی" توندڕەو! خێرا بزوتنەوەکەیان هەڵوەشاندەوەو لەتێکی فشەڵیان دایە مامۆستا عەلی باپیر تاوای حاڵی کەن، کەبۆتە رابەرێکی گەورەو بزوتنەوەیەکی گەورەتری دەسکەوتووە!

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی بزوتنەوە، کەهەستیکرد راپەڕینی ئیسلامی مەکتەب عەسکەری پێکهێناوە کەوتنە هەڕەشەی لێدانیان. بۆنمونە چەند جارێك چۆڵکردنی ناوچەی خورماڵ؟ ئەمە پەیوەندی بەململانێوە هەبوو، یان کاریگەری ئەو تێزە ئایینیە بوو، کەبوونی دوو بزوتنەوەی ئیسلامی چەکدار لەشوێنێکدا شەرعی نییە، هۆکارەکە بەوردی چی بوو؟**

م.کرێکار: پێکهێنانی مەکتەب عەسکەریی لەلایەن بزوتنەوەی راپەڕینی ئەو سەردەمەوە لەئیدیعایەی حزبی دەچوو وەك لەحەقیقەت، پاشان دەویسترا لەژێر باڵی مامۆستا مەلا عوسمانی رابەری رەحمەتییەوە خۆیان وەك بزوتنەوەیەکی چەکدار بسەلمێنن! ئەوەش قابیلی قبوڵی کەس نەبوو لەناو بزوتنەوەدا، لەلایەکەوە لەبەر دیدە دینیەکە، کەدوو گروپی ئیسلامی چەکداری لەشوێنێکدا

قبولْ نەدەكرد، لەلایەكی تریشەوە بزوتنەوە پێی وابوو ئەو ناوچانەی بەخوێنی عەزیزانی خۆی گرتۆتەوە چۆن هەروا بەئاسانی رێدەدات گروپێكی تر نەشەڕیان دیوە، نەمەشق بێنە سەر حازری!

**سەلام عەبدولكەریم: یەكگرتنی بزوتنەوەی ئیسلامیو راپەڕینی ئیسلامی بۆهۆكاری بابەتیو ئیمانی دەگەڕێتەوە یان بۆكاریگەری سۆزی ئیمانی؟ لەلایەكیترەوە ئەندامانی باڵای راپەڕینی ئیسلامی ئەوە دەڵێن، كەیەكبوون پرۆژەی كودەتاكردن بووە بەسەر ماڵی كۆچكردوو م.عەلی عەبدولعەزیزداو دوورخستنەوەیان بووە لەرابەرایەتیكردنی جوڵانەوەی ئیسلامی چەكدار بەچەند قۆناغێك؟**

م.كرێكار: هاتنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی(نەهزە) بۆ ناو بزوتنەوەی ئیسلامی لە(١٩٩٩) دا لوغمێكی بیّ رەحم بوو، ئینقیلابێكی شوم بوو، ئاگری فیتنەیەكی بێئامان بوو! بەهەر نییەتێك هاتبن، بەتەئكید لەبەر خاتری خوا نەهاتبوون. بۆیە خۆشیان رسوا كردو ئێمەشیان هەڵتەكاند! خوێندنەوەیان بۆ بزوتنەوەو باڵەكانی ساویلكانە بوو، زۆر سەیر بوو، هاتنیان لەترسی حەملەی یەكێتی بوو، لەفولكەی كاوەی ئاسنگەر مفەوەزێكی یەكێتی چوار سەركردایەتیانیانی ماشییەوەو چەندی رۆژ بزر كران! كەچی كەهاتنە ئەشكەوتە بیّ ساحێبەكەی بزوتنەوە، كەوتنە شرە خۆریی! بەدارو بەردی مەكتەبەكانمان بەربوونو هەر یەكەیان داوای لاندكرۆزەرو حیمایەی دەكرد! لەكاتێكدا شێخ فەخرەدینی سەركردایەتیان بۆ چارەسەری پشتی چوو بووە بەغدا! حاجی سمكۆیان بەپاسی نەفەرات لەهەڵەبجەوە دەهاتەوە بۆ سلێمانی، كەچی دەشیانووت دەبیّ وەكو مامۆستا عەلی باپیرو كرێكار حیمایەمان هەبێت! لەیەكێتی هەڵاتبوون كەچی كەهەڵاتنە ناو بزوتنەوە خۆیان هەڵدایە قەڵان دۆشكانمان! لەفاكو فیكی ئێراندا هەتا بڵێیت نەخوێندەوار بوون، بۆیە واسادە بەفیكەیەك بۆ دژایەتی باڵە سەلەفییەكەی ئێمە رایانكێشانە باڵی مامۆستا عەلی باپیرەوەو ئێستاش دەیانبینی دوای بەكارهێنانی ئەو سەردەمەیان پێیان رەوا

نابینن یەکێکیان بکەنە مدیری تەلەفزیۆنی پەیامی ئێرانیزمەکە! نەهزەکان شایانی دادگایی کردنن!

**سەلام عەبدولکەریم: پێکهێنانی مەکتەبو دامودەزگاکانی یەکبوونی ئیسلامی لەسەر چ بنەمایەك بوو پێش کۆنگرە؟**

م.کرێکار: لەسەر ڕێکەوتنێك کەسەروبەری دیار نەبوو، نەدەزانرا بۆچی هەموو شتێکیان لەگەڵدا بەنیوەیی بەش دەکەین، هەزار کەسیان بۆ راتب وەرگرتن هێنا، کەچی سێ سەد پێشمەرگەیان بۆ مەشقکردنیش پێ پەیدا نەکرا! بڕیاریش بوو پێنج سەد پێشمەرگە بهێنن!

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کێشەو گرفتی تێکەوت؟ هۆکار ئەوەبوو کەباڵی راپەڕینەکانو م.عەلی باپیر کاریان کردبوو بۆئەوەی خۆیان دەربچنو نەهێڵن باڵی م.عەلی عەبدولعەزیز دەربچێت، وەك م.عەلی باپیر لەکتێبی(سنورە قەدەغەکان مەشکێنن) دا وادەڵێ، یاخود هەموو لایەك نەگەیشتبوونە ئەوەی بنەمای بردنەوەو دۆڕاندنی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن، پێشوەخت؟**

م.کرێکار: دوای ئەوەی یەکێتی بووە ژمارەی ئێران لەخەباتی کوردایەتی باشوری کوردستاندا، یەکێتی داوای لەئێران کرد، کەتەگبیرێکی حاڵی بزوتنەوە بکرێت، نەبادا ئەو خەتە سەلەفییەی بەهیچ باڵێکی ئەو دوو مامۆستا عەلییە ئیحتیوا ناکرێت، لەمەڵبەندەکانی بڕیاردا زۆرترو زووتر بچێتە سەروتر، نەبادا ئەوانە کەژێر زەمینی کار دەکەن گەیشتبنە قۆناغێك کەنەیەنەوە دواوە، بۆیە راپۆرتێکی هاوبەشی ئێران–یەکێتی لەسەر هەموو وردەکارییەکانی بزوتنەوە لەڕووی سەربازییەوە نوسرا(کاتی خۆی نوسخەیم دەسکەوت). شەڕی(١٩٩٧) دژی ئەو باڵە سەلەفییە بوو، مامۆستا عەلی باپیر لەئێرانەوە نامەی بۆ مامۆستا حەسەن بابەکر نووسی کە"بەشداریی لەو شەڕەیدا مەکەن، ئەوە شەڕی ماڵی کاك مەلا عەلی هەڵەبجەیە"! لەهەمانکاتیشدا ئێران مامۆستا مەلا عەلی بەناوی سەرۆکایەتی وەفدی دانوستانەوە برد بووە کرماشان، جەلال تاڵەبانیش

لەتارانەوە موتابەعەی شەڕەکەی دەکردو ئیعازی دەدا! هێرشی سەختی یەکێتی بەپاڵپشتی ئێران لەگوڵەخانەوە لەباکوری بەرەکەوە دەستیپێکرد، ئینجا لەباشورەوە لەگوندی ئیمام زامنەوە! بەڵام دوای چەند هەفتەیەکی شەڕی سەخت، یەکێتی نەیتوانی بێتە پێش، ناچار رێکەوتنێکی ستراتیژیی لەتاران لەنێوان هەردوولادا مۆر کرا، ئەوی شەڕەکەی کردو سەرکەوت راستە هەموو بزوتنەوە بوو جگە لەباڵی مامۆستا عەلی باپیر، بەڵام ئەوی قورسایی گەورەی کەوتە سەر باڵی سەلەفییەکان بوو، ئەمەش ئەوەندەی تر مەترسی یەکێتیو ئێرانی لەداهاتووی بزوتنەوە زیاتر کرد، بۆیە بەهەردوولا بڕیاریان دا ئەوەی لەشەڕدا نەیانبردۆتەوە لەکۆنگرەدا بیبەنەوە، بەڵام لەکۆنگرەی حەوتەمیشدا هەرچەند تینو فشاریان هێنا هەر نەیانبردەوەو باڵی سەلەفییەکان لەوێشدا گرەویان بردەوەو یەکەمین دەنگ دکتۆر ئیبراهیم بوو، دووەمیش من مامۆستا عەلی باپیریش حەوتەم دەنگی هێنا! ئائەمانە هەمووی زەنگی خەتەریان لێدەدا، زەنگو رەنگی قرمزیش ئەو کاتەبوو، کەهێزی دووی سۆران پێشئەوەی ببنە جوندولئیسلام مانۆڕێکی سەربازییان بەساروخو تۆپی راستیکرد، دەسبەجێ بۆ ئێوارەی دووەم رۆژ هەشت فەرماندەی سوپاو موخابەراتی ئێرانی گەیشتنە هەڵەبجە تا لەنزیکەوە دیراسەی مانۆڕەکە بکەن، کەمەکتەب عەسکەری نەیهێشت بچنە هەندێ جێگا، مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود سوێندی دامو وتی: بن لادن لەو ناوچانە نییە؟! ئیتر تادەهات ئێرانو یەکێتی پشێوتر دەبوون، کەنەهزەکان ویستیان بێنە ناو بزوتنەوە، سەرەتا ئێران دژیان قسەی دەکرد، ئێرانییەکان دەیانوت : بۆچی بۆ پێنج سەد کەس خۆتان وا لێکرد؟! بەڵام دوایی کەئاسان توانیان کەسبیان بکەنو لەخەتە سەلەفییەکەیان بکەنەوە، ئیتر زەمینەیان بۆ خۆشکردن بۆ ئەوەی ئینقیلابەکەیان قاڵبی رەسمێتی وەرگرێت! ئیتر ئەوەبوو لەکۆنگرەکەی تەوێڵەدا خۆیان تەقاندەوە، خۆشیان کوشتو ئێمەشیان هەلا هەلا کرد!

**سەلام عەبدولکەریم: یەکبوونی ئیسلامی لەگەڵ دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیسلامیدابوو، یان لەگەڵ بەشداری سیاسیو ژیانی دیموکراسییانە لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا؟**

م.کرێکار: یەکبوونیش هەر ئیمتیدادی ئەو ساوایەتییەی بیرو فیکر بوو، دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی لەبەرنامەدا نەبوو، یەکبوون لەبزوتنەوە زیاتر هەوڵی بەشداریی سیاسی دەدا، ماشەڵڵا نەهزەکان بۆوەرگرتنی پۆستی حکومەتی سەریان پێوە نەبوو، پێیانوابوو ئەوە تێگەیشتنی دینە، کەدەبێت لەگەڵ یەکێتیدا بچینە حکومەتێکەوە، پێیانوابوو کەئەوە ئێمەی سەلەفی توندڕەوین کەئەقڵی سیاسییمان بەو ئیجتیهادە چارەنوسسازە ناشکێت!

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی یەکبوونی ئیسلامی نەیتوانی سود لەبەهێزی ئەو قۆناغە وەربگرێت، بەتایبەت کاتێك لەلایەن ئەمریکاوە بانگهێشتی کۆنگرەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی عێراق کرا؟ ئەو سود نەبینینە چ زیانو کاریگەرییەکی لەسەر جولانەوەی ئیسلامی بەتایبەت پاشماوەکانی یەکبوونی ئیسلامی جێهێشت؟**

م.کرێکار: ئەو بانگێشتەی ئەمریکا لەکاتی بەفیڕۆداچوودا بوو، بۆیە دەبینی خودی بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکا، کە لەبەردەم کۆنگریسدا ناوی ئەو حەوت حزبەی هێنا، کەئەمریکا دەتوانێت یارمەتییان بدات بۆ رماندنی رژێمی سەددام، وتی:"بزوتنەوەی ئیسلامی، کە لەهەڵەبجەیەو شێخ عەبدولعەزیز رابەریێتی"، چونکە ئەوکاتە ئێمە لەمشتومڕی لادانی مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتیو دانانی مامۆستا مەلا عەلی رەحمەتیدا بووین! کلینتۆنی داماویش نەیدەزانی رابەرمان کێیە! ئەوکاتەی جەنابت بەهەلی دەزانی وەفدی ئێمە چووە ئەمریکا لەوەفدەکەدا دکتۆر ئیبراهیمو کاك نازمو کاك ئیحسانی مامۆستا مەلا عەلی وەکو نوێنەری سێ باڵەکە بەشداربوون، بەڵام گەڕەلاوژێی وەفدەکەو نارێکی وادەی دانیشتنەکانو هەوڵدانی پەراوێزکردنی بزوتنەوە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بەتینو فشار خستنەسەر ئەحمەد چەلەبی، کە لەدەرکەوتنی ئەو پرۆژە

ئەمریکاییەدا دەمڕاستی کۆنگریس بوو! لەگەڵ جددی نەبوونی کۆمارییەکانی جۆرج بۆش کەنوێ هاتبوونە سەرکار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی دیموکراسییەکان دابوویان، هەموو ئەمانەو لەوانەیە هۆی تریش هەبووبن، کەپێکەوە بوونە هۆی ئەوەی ئەو هەلەو هەلانی تریش لەدەست بچن.

**سەلام عەبدولکەریم: دروستبوونی جوندولئیسلام بۆچی هۆکارێك دەگەڕایەوە؟ ئاکامەکانی شکستی کۆنگرەی یەکی یەکبوونی ئیسلامی، یاخود بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە کەسە لەپێکهێنانی قەوارەی ئیسلامیو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا؟**

م.کرێکار: لەدوای شەڕی نەکسەکەو شەڕەکانی(١٩٩٥)ەوە مقۆ مقۆی ئەوەمان لەناودا دەرکەوتبوو، کەئەم سەرکردایەتییە لەجێبەجێکردنی ئیسلامو شەریعەتەکەیدا دەستە پاچەیەو جورئەتی ئەوەی نییە هەنگاوێك بەرەو دامەزراندنی دارولئیسلامێك بنێت، بەڵام ئەمە هەر گلەییو گازاندە بوو، دوای ئەوەی لە(١٩٩٦)دا بزوتنەوەی تاڵیبان سەرکەوتو کابولی خستە ژێر رکێفی خۆیو بن لادن لەوێوە دەرکەوتەوە، هەندێك برای رەوتی سەلەفییەکانی ئێمە(لەئیسلاحو هێزی دووی سۆران) چوونە ئەفغانستانو بەهیممەتێکی واوە گەڕانەوە، کەدەبێت هەوڵی قەوارەیەکی سەربەخۆ بدەینو خۆمان شەریعەتی ئیسلام بکەینەوە بەدەستورو یاساو داوەریی خەڵکی بهێنینەوە لا، ئەمە وایکرد برایانی هێزی دووی سۆران(کەدوایی بوونە جوندولئیسلام) خۆیان تۆکمەتر کەنو پەیوەندی دەرەوەیان چڕتر کەنو لایەنگریی هەندێك زانای دەرەوەیان دەسکەوێت، لەگەڵ وادەی هاوکارییو پشتگرتنیان، ئێران ئەمەی دەزانی، بۆیە دەیویست خێرا کێشەکان وەك جاران حەل کات، بەڵام کار لەکار ترازابوو، کەمامۆستا عەلی باپیر لە(٢٠٠١/٥/٣١) دا ئینشیقاقەکەی راگەیاند، رێ بۆ برایانی هێزی دووی سۆرانیش خۆشبوو، کەجوندولئیسلام راگەیەنن، راگەیاندنی جوندولئیسلام پەیوەندی بەکۆنگرەی تەوێڵەوە نەبوو، ئێمەش لەباڵی ئیسلاح بڕیارماندابوو، مەشقی تەواو بەسێسەد پێشمەرگەی کارامەی خۆمان لەسەر

هەموو چەكەكان بكەين‌و بچينە شارباژێڕو سەربەخۆ كار بكەين، هەرچەندە تائەو ساتەش مانەوەی بزوتنەوەمان هەر بەباشتر دەزانی ئەگەرچی لەچاكبوونیشی بێهیوا بووبووین.

**سەلام عەبدولكەریم: هۆكارەكانی یەكگرتنی باڵی ئیسلاح‌و جوندولئیسلام‌و دروستكردنی پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستان چی بوون؟**

م.كرێكار: ئێمە بەحوكمی لێكنزیكی رۆحی‌و فیزیكییەوە دەمانزانی برایانی هێزی دووی سۆران خەریكی پێكەوەنانی كۆمەڵێكن‌و بەم نزیكانە رایدەگەیەنن، بەڵام نەماندەزانی كەی دەبێت،(١/٩/٢٠٠١) ئەو رۆژەی ئەوان جوندولئیسلامیان راگەیاند، بەیانییەكەی كاك ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی‌و كاك ئەییوب‌و ئەبو وائیل هاتنە لام بۆ گوڵپ، بەڵام هیچیان نەدركاند، كەچی سەعات چواری ئێوارە بەیانێكیان لەو شاخە بەعەرەبی بڵاوكردەوە، كەجوندولئیسلامیان تێدا راگەیاند! دوای(١٢) رۆژیش شەڕەكەی خێڵی حەمە روویدا كەبەزیانی یەكێتی تەواو بوو، دوای یەك مانگ لەویش شەڕی شنروێ روویدا، كەبەزیانی جوند تەواو بوو. جوند تینێكی زۆری كەوتەسەر، یەكێتی‌و ئێران هەوڵی زۆریاندا لەرێی كۆمەڵی ئیسلامییەوە ئیحتیوایان كەن، بەڵام فەشەل بوون، لەو ساتەوەختانەدا منیش هانی یەكگرتنیانم لەگەڵ كۆمەڵ دەدا، بەو هیوایەی ئێمەش لەگەڵ ئەوان یەكدەگرینەوەو هەموومان دەبینە بەردەوامبوونی بزوتنەوە، بەڵام دیاربوو مەرجەكانی كۆمەڵ قورس بوون، چونكە مەرجی یەكێتی–ئێران بوون، جوندولئیسلام زۆر بێكەس مابوونەوە، زۆریش قەرزار بوون، منیشیان بەكەسی خۆیان دەزانی. منیش هەر دەبوو نەهێڵم بكەون، بۆیە شەوی واهەبوو زیاتر لە(٢٥٠) پێشمەرگەی خۆمانم بۆ دەكردن بەكەمین‌و لایەكی بەرەكەیانمان بەشەو بۆ دەگرتن، لەبەرئەوەی پێش راگەیاندنی جوندولئیسلامیش دانیشتنی هاوبەشمان پێكەوە هەبوو. دوای ئەو تین‌و فشارەی كەوتە سەریشیان دانیشتنەكانمان بەردەوام كردەوەو لەشەشەمین دانیشتندا بڕیاری ئەوەمان دا ببینە یەك. ئێمە پێشتر یەكترمان دەناسی. من دەرسم لە(١٩٨٨) دا بەزۆرینەیان

وتبوو. کاك ئاسۆی فەرماندەی هێزی دووی سۆران قوتابی فێرگە سەربازییەکەمان بوو، کە لەکاولان(لای ڕەواندز) لە(١٩٩٢)دا دامان مەزراندبوو، ئەوانی تری شوراشیان هەروەها، بۆیە چەند مەرجێکمان لەگەڵ یەکتریی گۆڕییەوەو لەسەر کۆمەڵێك خاڵ ڕێکەوتینو بڕیارماندا لە(٢٠٠١/١٢/١٠) پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستان(ئەنسارولئیسلام) ڕاگەیەنین.

**سەلام عەبدولکەریم: ئامانجەکانی پشتیوانانی ئیسلام چی بوو، دیسان ئەمانیش لەگەڵ بەشداری سیاسیدا بوون، یاخود دامەزراندنی قەوارەی ئسلامی؟**

م.کرێکار: یەکەمین خاڵێك ئیسلاحو جوند لەسەری ڕێکەوتن چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام بوو، بایەخدان بوو بەو قەوارە بچووکەی کە(٢٢) گوند بوو کەوتبووە بەردەستمان، بەشداریی حکومەتی عەلمانیمان پێ ڕەفز بوو، جێی موناقەشەمان نەبوو، بەڵام وەکو کۆمەڵێکی کوردستانییانە بووین، چونکە ئێمەی ئیسلاحیش یەکەمین مەرجمان لەسەر جوند ئەوەبوو، کەنابێت سەر بەهیچ لایەنێکی دەرەکی یان ناوەکی بن. نابێت لەهیچ لایەکەوە پارەیان بێپرسو ئاگاداریی من بۆ بێت، ئەو هێرشەش کەدوای شەش مانگ ئەنسار کردییە سەر یەکێتی، بەهیوای دەرکردنیان بوو لەناوچەکە. بڕیارمان دابوو هەڵەبجەو سیروان بگرینەوەو حوکمی ئیسلامی ڕاگەیەنین.

**سەلام عەبدولکەریم: ئەو تەوەرەو باسو خاڵانە چی بوون، کە لەوتووێژی نێوان پشتیوانانی ئیسلامو یەکێتیدا لەدانیشتنەکانی نێوانتاندا باسدەکران؟**

م.کرێکار: ئەو خاڵانە لەدوو دۆکۆمێنتدان، یەکەمیان باس لە(٨) خاڵ دەکات، لەوانە:

١ ـ تەقەبەس(مەبەستی ئاگربەستە– ئامادەکاری وتووێژ) لەهەردوولاوە.

٢ـ وەستاندنی دژە ڕاگەیاندن.

٣ ـ ئازادکردنی گیراوەکان.

دووەم دۆکۆمێنتیش(١١) خاڵ بوو، لەوانە:

١- كشانەوەی هێزی هەردوولا لەو شوێنانەی ئێستا تێیدان بۆ ئەو شوێنانەی کەپێش(٢٠/٨/٢٠٠١) تێیدا بوون.

٢ - قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەزیانی ئەندامانی پشتیوانانی ئیسلام، کەبەهۆی هێرشی یەکێتییەوە بۆ سەریان لێیان کەوتووە.(تەنها لەناحیەی سیرواندا ٦٧ماڵی ئیسلاح و جوند فەرهوود کرابوو، کەهەیانبوو گەرمیانی بوو دوو جاری تر ماڵی فەرهوود کرابوو!)

٣- هاوکاریکردنی پشتیوانانی ئیسلام بەبڕی هەشت سەد هەزار دیناری عێراقی(کەئەوکاتە دەیکردە چل و دوو هەزار دۆلاری ئەمریکایی، ئەمە شتێکی ئاسایی بوو، چونکە حزبێکی وەکو حزبی شیوعی کوردستانی بڕی(٢٢٠ر٥٠٥) دیناری لەیەکێتی وەردەگرت، یان زەحمەتکێشان کەبڕی(٧٠٠ر٠٠٠) دیناری وەردەگرت.

٤ - بایەخدان بەناحیەی بیارەو ئەو بیست گوندەی لەژێر حوکمی پشتیوانانی ئیسلامدایە.

٥ - جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری(٩٨٦) دەیانکات کەشەش وەزارەتی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوەو بوجەی تەواوی بۆیان تەرخانکردووە، کەسەرجەمیان دەکاتە(١٥٣) سەدو پەنجا ملیۆن دینار واتە(٧ر٩٥٥ر٠٦٦) دۆلار.

بەڵام یەکێتی کەئەم خاڵانەی بینی پشێو بوو، چونکە وایدەزانی پشتیوانانی ئیسلام کۆمەڵێك چەکداری سەلەفی توندڕەون و ئەقڵیان بەو شتانە ناشکێت، لەوە ئیزعاج بوون، کەئێمە هەموو دۆکۆمێنتی ئەم پرۆژانەمان لابوو، داوامان دەکرد ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ ناوچەکە ئەنجام دەن! لەوە دەترسا خۆمان بکەینە دەمڕاستی ئەو خەڵکە مەحرومە!

**سەلام عەبدولکەریم: باس لەوە دەکرێن نەگەیشتنە ئاکامی گفتوگۆکان، کە لەسلێمانی پالاس بەڕێوەچوو لەبەر زۆری ڕێژەی ئەو برە پارەیە بووە، کەئێوە**

**دەستنیشانتان کردبوو یەکێتی بتانداتیٰ؟ تۆ چیترت هەیە زیادی بکەیت لەمبارەوە؟**

م.کرێکار: نا، پارە نەبوو بووە کێشەی نێوانمان، چونکە ئێمە داوای مانگانەی(٤٢) هەزار دۆلارمان کردبوو، خۆ هەر لەو ساتەدا بوو بەیەك سەفقە بایی(٥٠) هەزار دۆلارمان چەك کڕیبوو، ئێمە هەژار نەبووین، پارەش نەبووە خاڵی ناوکۆیی، مەگەر جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبێتە خاڵێك، ئەمەش هیچ لایەکمان باسمان والێنەکردبوو، کەناوکۆیی بێتو چارەسەر نەکرێت، چونکە جێبەجێکردنی پرۆژەی واساڵانی دەوێت.

**سەلام عەبدولکەریم: لەئێستادا بەرزکردنەوەی دروشمو بەرگریکردن لەمەسەلە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان لەئێستاداو لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە بەرئەنجامی قەناعەتی فیکری خۆیانو چوونە ناوەوەی ئەم هێزانەیە بۆناو کێڵگەی ناسیۆنالیزمی کوردی، یاخود بۆچی تر دەگەڕێتەوە؟**

م.کرێکار: ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەئینتیمایان بۆ سێ مەدرەسەی ئێرانیزمو ئیخوانیزمو سەلەفی جیهادی جیاوازن، بۆیە دەربارەی ئەم خاڵە قەومییەش جیاوازن. هەیانە لەقەناعەتەوە کێشەی کوردی لەخۆ دەگرێتو هەیانە ریابازیی تێدا دەکات، هەیانە بەراستێتیو بەدوای چارەسەری ئیسلامیدایە بۆی، هەشیانە بۆ خۆبردنە پێش کێشە قەومییەکە باس دەکات، بەڵام هەموویان بەبێ ئیستیسنا خیتابی سیاسیی کوردێتییان نییە. تۆ نابێت سەیری خیتابی دوای ئیحتیلالیان بکەیت، ئەوە هەموویانی خستە ژێر رکێفی عەلمانییەتی کوردیی. ئیسلامیو چەپو راست هەر دەبێت ئەوە بچڕن کەکوردایەتییە وانان ئاوازی بۆ دادەنێن، بەڵام گرنگە دیدی ئەمان پێش راپەڕین بخوێنینەوە، تا لەدۆکۆمێنتی ئەو سەردەمەدا ببینین کێ کوردستانییەو کێ ئێرانیزمەو کێ ئیخوانیزمی عارەبییە؟!

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا ئیسلامییەکان دەتوانن ببنە بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا لەکوردستاندا؟ بۆچی تائێستا نەیانتوانیوە ببن؟**

م.کرێکار: ئەگەر بیانەوێتو بوێرن، دەتوانن، ئەگەر ئیسلامو داواکاریی میللەتەکەیان زیاتر لەحزبایەتی بووێت، دەتوانن ببنە پێشەنگی گۆڕانکارییو کوردایەتییەوانانی هەڵاوساو ناتوانن ڕێیان لێبگرن، بەڵام لەگەڵ ڕێزمدا ئیسلامییەکان ترسنۆکو لووتبەرزن، ترسیان لەشکستە، ترسیان لەروبەڕووبوونەوە هەیە، ترسیان لەتێنو فشاری دەسەڵاتداران زۆرە، لەحەنای یەکتریشدا زۆر لووت بەرزن. یەکگرتوو نایەوێت لەگەڵ کۆمەڵدا بەرە دروست کات، کۆمەڵ نایەوێت لەگەڵ بزوتنەوەدا بێت، کەسیان کەسییان ناوێت! سەروەری شەرعو مافی میللەتان چۆن بەپیاوی ترسنۆکو حزبی لەرزۆك دێتەدی؟

**سەلام عەبدولکەریم: ئایندەی ململانێی ئیسلامی– عەلمانی لەکوردستاندا چۆن دەبینی؟ کێ ئایندەی ئەم ململانێیە دەباتەوە؟**

م.کرێکار: پێموایە تادەساڵی تریش ململانێی نزیکی ناو کوردی باشور هەر عەلمانی–عەلمانی دەمێنێت، چونکە ئیسلامی خاوەن سەنگەر کەوتووەو وازوو نایەتەوە هاوکێشەکەوە. ئەم بێچەکانەش(یەکگرتوو کۆمەڵو بزوتنەوە) هی ئەوە نین هەبوونێکی کاریگەر بۆ خۆیان بیچڕن. بۆیە پێموایە ئێستا ململانێی جەولەی دووەمی ناوخۆی عەلمانییەکانی کوردستانە. باڵێکی تری قەومی وەکو نەوشیروان مستەفا تادوو خولی تری پەرلەمان هەر لەکێشمەکێشدا دەبێت، ئیسلامییەکانیش دوای دوو خولی دیکە دەتوانن خیتابێکی سیاسی کوردستانییانە لەسەر بنەمای فیکرێکی رەسەنی ئیسلامی داڕێژنو نموونەی پیاوچاکی بخەنەڕوو، تائەوکاتەش پێگەی جەماوەرییەکەیان بەئیسلامەکە بەهێزتر دەکەن، بەڵام هەر پێموانییە ئەوانە لەو کوردستانەدا ئەگەر بارودۆخ هەروا بمێنێتەوە بێچەك ببنە خاوەنی هیچ دەسەڵاتێك، مەگەر لایەنی عەلمانییەکان ئەوەندە لاواز بن توانای سوتاندنی بارەگاکانی ئەمانیان نەمێنێت! من وادەڵێمو جەنابیشت هەقتە بپرسیت: ئایا هیوا درۆزنەی وا لەسیاسەتدا هەیە؟!



## وتوویژ لەگەڵ نیاز سەعید عەلی

**پسپۆڕ لەبواری ئیسلامی سیاسیو تیرۆر**

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی سەرهەڵدانی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا دەکەوێتە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوەو زیاتر مەلاو پیاوی ئایینی دەبنە کاراکتەرو نەوەی یەکەمی کاری ئیسلامی سیاسی؟**

نیاز سەعید: سەرهەڵدانو دەستپێکردنی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراق، لەساڵی(١٩٥٤)دا، لەبنەڕەتدا لەدەرئەنجامی هەوڵو کۆششی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراقو بەدەستپێشخەرییو سەردانی چەندین سەرکردەو کەسایەتی ئەو رێکخراوە بۆ شاری هەڵەبجەو گەشەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوو مەلاعەبدولعەزیزی پریسدا دروستبوو.

ئیخوان موسلمین لەعێراقدا، ئەیویست خۆی بکاتە هێزێکی جەماوەریی بەرفراوان، ئەم ویستو هەوڵە لەکشان بەرەو ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستو باشوری عێراقدا نەئەهاتەدی، بەڵکو لەهەڵکشان بەرەو هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی تری باکوری عێراقدا ئەهاتەدی، چونکە ئیخوان موسلمین لەبنەڕەتدا، رێکخراوێکی سیاسییە لەناو ئیجتیهادێکی ئایینزا(مەزهەب)ی سوننەدا، هەرگیز ئایینزا(مەزهەب)ی شیعە، نەك ئامادە نییە ئینتیما بۆ ئەو ئیجتیهادە بکا، بەڵکو

باوەڕیشی پێناکاو ناکۆکە لەگەڵیدا، هەر بۆیە ئایینزای شیعە لەعێراقدا، بەپشتبەستن بەچەندین ئیجتیهادی تری ناو ئایینزاکەی خۆیان لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، چەندین حزبو رێکخراوی ئیسلامی سیاسی جیاجیایان بۆ خۆیان دروستکردووە، کەبەدامەزراندنی پارتی دەعوەی ئیسلامی، لەساڵی(١٩٥٧)دا، دەستپێ ئەکا. لەم سۆنگەیەوە ئەتوانین بڵێین رێکخراوی ئیخوان موسلمین بۆ رەچاوکردنی هاوسەنگی ئایینزایی، لەبەرامبەر ئایینزای شیعە چاوی هیواو ئومێدی بڕیبووە کوردستانی عێراقو هەوڵی بۆ بەئیخوان موسلمینکردنی کۆمەڵگەی کوردی داوە.

ئەمە پێشەکییەك بوو بۆ خوێنەران تاکو بەرچاویان روونبێ، لەسەر هۆکاری سەرەکی پەلهاویشتنی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق بۆ کوردستان لەهەمانکاتدا بەپێویستی ئەزانم ئاماژە بەهۆکاری سەرەکیو بنەڕەتی بایەخپێدانو تێڕوانینی رەوتی ئیسلامی سیاسی بەگشتیو رێکخراوی ئیخوان موسلمین بەتایبەتی بکەم بۆ توێژی مەلاو پیاوی ئایینیو ئەو رۆڵەی، کەئەیانەوێ پێیان بگێرن. یەکێك لەمیکانیزمو کەناڵە سەرەکییەکانی کارکردنی ئیخوان موسلمین عێراقو لەولآتانی تردا بریتییە لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ مەلاو پیاوانی ئایینیو هەوڵدان بۆ راکێشانیان، تاکو بەناوی ئەنجامدانی کاری بانگخوازیی ئیسلامییەوە تێوەیان بگلێنن بەکاری سیاسییەوەو بیانکەنە کادیرو هەڵسوڕاوی کارا، بۆئەوەی بەهۆی ئەوانەوە رووخسارو دیمەنێکی ئایینییانە ببەخشنە رێکخراوەکەیان، واتە بیانکەنە دەمامك بۆ شاردنەوەی شتێكو پیشاندانی شتێکی تر، بەدەر لەم هۆکارە سەرەکییە هۆکارێکی تریش رۆڵی هەبووە لەبوونی مەلاو پیاوانی ئایینی بەکاراکتەرو نەوەی یەکەمی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا ئەویش بریتییە لەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئایینی لەنێوان شێخ ئەمجەد زەهاوییو شێخ محەمەد مەحمود سەوافو چەندین سەرکردەو کەسایەتی تری ئیخوان موسلمین، لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوو مەلاعەبدولعەزیزی پریس.

مزگەوتی پاشا لەهەڵەبجە ئەو مزگەوتەیە، کەتیایدا بۆ یەکەمجار لەساڵی(١٩٥٤)دا، یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمیو ئاشکرای نێوان رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق بەسەرکردایەتی دامەزرێنەری رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق، شێخ محەمەد مەحمود سەواف‌و کوڕەکانی کۆچکردوو مەلاعەبدولعەزیزی پریس‌و هەندێ مەلاو ژمارەیەك لەگەنج‌و خوێندکاری حوجرەی ئایینی تیا سازدرا، لەو کۆبوونەوەیەدا شێخ محەمەد مەحمود سەواف وتارێك پێشکەش ئەکاو داوای بەیعەتدان بۆ ئیخوان موسلمین ئەکاو بەدوایدا هەر چوار کوڕەکەی کۆچکردوو مەلاعەبدولعەزیزی پریس(کۆچکردووان هەر سێ مامۆستا مەلاعوسمان‌و مەلاعەلی‌و مەلاعومەرو مامۆستا سدیقی رابەری گشتی ئێستای بزوتنەوە ئیسلامی)و مەلا ساڵەحی گەورەو هەندێ مەلاو خوێندکاری حوجرەو گەنجی ئایینپەروەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەیعەتیانداو بڕیاریاندا ببنە ئیخوان موسلمین، دواتر رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەساڵی(١٩٥٥)دا، شانەیەکی لەو مەلاو کەسایەتییانە دروستکرد بەناوی(شانەی هەڵەبجە)، کۆچکردوو مەلاعوسمان عەبدولعەزیز بووەتە لێپرسراوی ئەو شانەیە.

(شانەی هەڵەبجە) راستەوخۆ پەیوەندی ئۆرگانیکی بەسەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمینەوە هەبووە لەعێراقدا، ئەو شانەیە بەشداری لەکۆبوونەوەی راگەیاندنی پارتی ئیسلامی عێراق کردووە لەبارەگای(خانەی خوشکانی موسڵمان)ی سەر بەرێکخراوی ئیخوان موسلمین لەگەڕەکی(کسرة وعطش) لەبەغدا، لەکۆتاییەکانی ساڵی(١٩٥٩)دا، لەدوای ئەو کۆبوونەوەیە رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەسەرەتای ساڵی(١٩٦٠)دا، پارتی ئیسلامی عێراقی راگەیاند.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا دەستپێکردنی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا بەزادەو لەدایکبووی کۆمەڵگەی کوردیو بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیی لەقەڵەمدەدرێ، یاخود بەدرێژبوونەوەی فۆرمێك لەرێکخراوی ئیخوان موسلمین لەمیسر؟**

نیاز سەعید: دەستپێکردنی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا، بریتییە لەدرێژبوونەوەی فۆرمێك لەرێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق، کەئەوکاتە بەناوی(جمعیة الاخوة المسلمة) کاریان ئەکرد، ئەو کۆمەڵەیە بەدرێژبوونەوەی فۆرمێك لەبزوتنەوەی ئیخوان موسلمین لەمیسر لەقەڵەمئەدرێ، بەتایبەتی کەدامەزرێنەری رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق(شێخ محەمەد مەحمود سەواف)، ئەوکاتەی کەخوێندکاری زانکۆی ئەزهەر بووە لەمیسر، بەیعەتی بەئیخوان موسلمین داوەو بووەتە ئەندامی ئەو رێکخراوە، دواتر لەگەڵ خوێندکارێکی تری عێراقی لەزانکۆی ئەزهەر، کەبریتییە لە(عەبدولرەحمان ئەلسەید مەحمود)و دوو پیاوی ئایینی تری عێراق، کەبریتین لە(شێخ ئەمجەد زەهاویی، شێخ فواد ئالوسی)، لەمیسر لەگەڵ(حەسەن بەننا)ی دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین کۆبوونەتەوەو توانیوویانە(حەسەن بەننا) قایل بکەن بەدامەزراندنی لقێك لەئیخوان موسلمین لەعێراقدا، ئەوەبوو ئەو لقە لەساڵی(١٩٤٦)دا راگەیەنرا، بەڵام لەبەر هۆکاری لێکچوونی ناوی رێکخراوەکە وەزارەتی ناوخۆی عێراق رەزامەندی نیشان نەدا بەراگەیاندنی رێکخراوێك بەناوی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق، چونکە لەوڵاتی میسر رێکخراوێکی تر هەبوو بەهەمان ناو، لەسەر ئەو بنەمایە سەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق، ناوی رێکخراوەکەیان گۆڕی بۆ(جمعیة الاخوة المسلمة)، بەڵام پەیوەندی ئۆرگانیکییان هەر بەردەوام بوو لەگەڵ رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەمیسر.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی کاری ئیسلامی سیاسی تاوەکو ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، نەیتوانیوە خۆی مانیفێست بکاتو لەچوارچێوەی رێکخراوو پارتی سیاسییدا خۆی رێکبخات؟**

نیاز سەعید: دواکەوتنی دروستبوونی رێکخراو، یان پارتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا، تاوەکو کۆتایی حەفتاکانو نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەگەڕێتەوە بۆ یەك هۆکاری سەرەکی، کەپەیوەندی بەخودی

خۆیانەوە هەیە، چونکە کارکردنی ئەوان تاکاتی بەڕەسمی هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراقو دوای هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە، تاکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، تایبەتمەندێتی سەربەخۆیی کارکردنی تیانەبووە، بەڵکو کارەکەیان گرێدراوو وابەستەبووە بەڕێکخراوێکی عەرەبی عێراقییەوە، کەبریتییە لەڕێکخراوی ئیخوان موسلمین، ئەبوایە هەموو بڕیارو ڕێنمایی‌و فەتوایەکیان لەئەوانەوە وەربگرتایە، واتە بەشێك بوون لەئەوان‌و ئەوان مەرجەعیان بوون.

سەرکردایەتی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لەعێراق، چ تاکاتی خۆهەڵوەشاندنەوەیان‌و جاڕدانی هەرەس بۆ ڕێکخراوەکەیان، لەرۆژی(٤/٤/١٩٧١)دا، چ لەپاش خۆهەڵوەشاندنەوەو هەرەس، هەرگیز دروستبوونی ڕێکخراو، یان پارتێکی ئیسلامی سیاسی کوردییان لەکوردستانی عێراقدا، بەکارێکی شیاوو رەوا نەزانیوە، هەربۆیە بەتوندی دژی هەر بیرۆکەو هەوڵو دەستپێشخەرییەك راوەستاون، ئەگەر بۆ دروستکردنی ڕێکخراو، یان پارتێکی ئیسلامی سیاسی کوردی بوو‌بێت، چونکە ئەم بیرۆکەیەیان بەدەمارگیریی نەتەوەیی‌و دروستکردنی کۆسپ بۆ یەکگرتنەوەی گەلانی ئیسلام‌و لەمپەر لەبەردەم گێڕانەوەی سیستمی خەلافەت لەقەڵەمداوە، کارگەیشتبووە ئەو رادەیەی، کەسەرکردایەتی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین پاش چوونە دەرەوەیان لەعێراق بڕیاریان دابوو، لەدوای هەرەسی ساڵی(١٩٧١) هیچ کەس‌و هیچ دەستەو تاقمێك مافی بووژانەوە، یان کارکردنی نەبێ بەناوی ئیخوان موسلمین. بڕیاری هەرەس‌و بڕیاری نەبووژانەوەو قەدەغەکردنی کارکردن بەناوی ئیخوان موسلمین، ئەو ئەندامە کوردانەی ئیخوان موسلمینیشی گرتۆتەوە، کە لەناو(شانەی هەڵەبجە)دا خۆیان ڕێکخستبوو، ئەو ئەندامە کوردانە تاکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، پابەندبوون بەبڕیاری هەرەس‌و بڕیاری راگرتنی کارو بڕیاری نەبووژانەوەو کارنەکردن بەناوی ئیخوان موسلیمن. بەمجۆرە سەرکردایەتی ئیخوان موسلمین لەعێراق لەدەرەوەی وڵات، بەپشتگیریی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی

ئیخوان موسلمین بەهیچ شێوەیەك رازی نەئەبوون، لەناو عێراقدا، رێکخراوی ئیخوان موسلمین ببووژێتەوە، یان درێژەی پێبدرێ، هەر هەوڵو دەستپێشخەرییەك بۆ ئەو مەبەستە درابێ، رەتیان کردۆتەوەو لەباریان بردووە.

بەڵام لەکاتێکدا لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا، روو لەبووژانەوەو خرۆشانو بەرزبوونەوەی وورەو تەشەنەسەندن ئەکا، هەندێ لەئەندامەکانی پاشماوەی رێکخراوی ئیخوان موسلمین، لەپاش هەرەسی ساڵی(١٩٧١)، لەناو شاری هەڵەبجە ناتوانن چیتر لەوە زیاتر دان بەخۆیاندا بگرنو بەئارامی بمێننەوە، سەرەنجام ئەگەنە ئەو بڕواو بڕیارەی کەهیچ حسابێك بۆ بڕیاری هەڵوەشانەوەو هەرەسی ئیخوان موسلمینی ساڵی(١٩٧١) نەکەنو خۆیان لەژێر پابەندیی‌و وابەستەیی بەبڕیارو ئاراستەو رێنماییەکانی سەرکردایەتی ئیخوان موسلمین لەدەرەوەی عێراقو رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین دەربازبکەن. لەم سۆنگەیەوە بڕیاری کارکردنی سەربەخۆ بدەنو رێکخراوێك بەناوی ئیخوان موسلمین بەنهێنی دروستبکەن.

ئەم هەڵوێستە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان ئەندامەکانی پاشماوەی(شانەی هەڵەبجە)ی ئیخوان موسلمینو بەهۆیەوە بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان زۆرایەتی بوو، پێکهاتبوو لەئەندامە بەتەمەنو دێرینەکانی نەوەی یەکەم، ئەمان دژی بووژانەوەی کارکردن بوون، پێیانوابوو ئەبێ درێژە بەپابەندبوون بەبڕیاری هەرەسی ساڵی(١٩٧١)ی ئیخوان موسلمین بدرێ، بەشی دووەمیان کەمایەتی بوونو پێکهاتبوون لەئەندامە گەنجەکانی نەوەی دووەمی ئیخوان موسلمین ئەمانە دژی پابەندبوونو وابەستەبوون بوون بەبڕیارو ئاراستەو رێنماییەکانی سەرکردایەتی ئیخوان موسلمین لەدەرەوەی عێراقو رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین، هەر بۆیە لەساڵی(١٩٧٩)و لەناو شاری هەڵەبجەداو بەکارکردن لەناو ژمارەیەك لەگەنجو لاوی خوێندکار بەناوی رێکخراوی ئیخوان موسلمین بەسەرپەرشتی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز

دەستیان کردۆتەوە بەکارکردن، ئەم کارکردنە دواتر قۆناغی تەشەنەسەندنی بڕیوەو بەرەو هەندێ لەناوچەکانی تر پەلیهاویشتووەو بووەتە بنەمایەك بۆ بووژانەوەی کاری ئیخوان موسلمین لەعێراقدا، بەدوایدا بەشی یەکەم ئەوانەی، کەباوەڕیان بەبووژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسی نەبوو، لەسەرەتای هەشتاکاندا هاتنە سەر ئەو بڕوایەی، کەرێکخراو دروست بکەن، ئەوەبوو ئەو بەشە لەساڵی(١٩٨٢)دا، بەسەرکردایەتی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدینی ئەمینداری گشتی ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رێکخراوێکی چەکداریان لەناو ئێراندا بەناوی(کۆمەڵەی ئەنساری ئیسلامی)دامەزراند.

هەرچەندە مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی، جەخت لەوە ئەکاتەوە، کەئەو بەر لەمامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، دەستیکردوە بەبوژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسیو بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوێکی نهێنی دروستکردووە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە، کەرێکخراوەکەی مامۆستا سدیق زووتر چۆتە قۆناغی کاری سیاسییەوە، رێکخراوەکەی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی، تاکو ساڵی(١٩٨٤)، لەقۆناغی بانگخوازیی ئایینی نهێنیدا بووە. لەکۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەمەوێ ئاماژە بەخاڵێك بکەم، ئەویش ئەوەیە، کەجارێکی تر ئەو رێکخراوی ئیخوان موسلمینەی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، لەساڵی(١٩٧٩)دا دروستیکردووە، لەساڵی(١٩٨٥)ەوە، بەهۆی مۆڵەتپێدانو بەرەسمی ناساندنو دانپیانان بەرەوایی ئەو کارکردنە بەناوی ئیخوان موسلمین، جارێکی تر ئیخوان موسلمینە کوردەکان خۆیان خستۆتەوە ژێر مەرکەزییەتی سەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەو رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمینو خۆیان گرێداوەتەوە بەبڕیارو رێنماییو ئامۆژگارییەکانی ئەوان.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند شۆڕشی ئیسلامی لەئێرانو جیهادی ئەفغانستان کاریگەریان هەبووە لەسەر چالاکبوونی کاری ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامیو لەکوردستانی عێراقدا؟ هەروەها ئەو دوو رووداوە چ جۆرە**

**كاریگەرییەكیان هەبووە لەسەر جۆرو شێوازی گوتاری ئایینی رەوتی ئیسلامی سیاسی؟ پاشان گرنگترین كاریگەریی ئەو دوو مۆدێلەلەچیدا بەرجەستە دەبێ؟**

نیاز سەعید: هەردوو رووداوی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران‌و شەڕی ئەفغانستان كاریگەریی جۆراوجۆری هەبوو، لەسەر بوژانەوەو تەشەنەسەندنی رەوتی ئیسلامی سیاسی نەك هەر لەكوردستانی عێراقدا، بگرە لەجیهانی ئیسلامییدا. شۆڕشی ئێران، یەكێكە لەرووداوە گەورەكانی سەدەی بیست، كەتیایدا لەپاش هەڵوەشانەوەی سیستمی خەلافەتی ئیسلامی، بۆ یەكەمجار دەوڵەتێكی پەیڕەو سیستمی عەلمانی ئەڕوخێ‌و دەوڵەتێكی پەیڕەو سیستمی ئیجتیهادی ئایینزایی(دەوڵەتی ئایینی) جێگای ئەگرێتەوە(هەرچەندە دەوڵەتی ئێران لەچوارچێوەی سیستمی خەلافەتی ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانییدا نەبوو).

ئەم رووداوە بووە هۆی خرۆشان‌و جۆشدانی بیروباوەڕو بەرزبوونەوەی وورەی چەندین رێكخراوو پارتی ئیسلامی سیاسی لاوازو تەریك لەجیهانداو ئومێدێكی پێ بەخشین، لەهەمانكاتدا دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە ئایینییە، لەسەرەتاكانی دەستەبەكاربوونیانەوە، بەئاشكرا بانگەوازیان بۆ ناردنە دەرەوەو كۆمەككردن‌و پشتگیریكردنی شۆڕشی ئیسلامی لەجیهانی ئیسلامییدا ئەكردو ئامادەییان نیشاندا بۆ پێشكەشكردنی هەر جۆرە هاوكارییەكی مەتریاڵی‌و وورەیی، بۆ بەجیهانیكردنی شۆڕشی ئیسلامی. لەدوای ساڵی(١٩٧٩)ەوە، لەژێر كاریگەریی ئەزموونی شۆڕشی ساڵی(١٩٧٨–١٩٧٩)ی ئێران، كەتیایدا(دامەزراوەی ئایینی) لەشاری قوم توانی جڵەوی شۆڕشەكەبخاتە ژێر ركێفی خۆی‌و شۆڕشەكەبەئاراستەی باڵادەستكردنی رۆڵی پیاوانی ئایینی بەسەر هێزە سیاسییەكانی تردا بەرێ‌و پیاوانی ئایینی بكاتە سەرمەشق‌و شۆڕەسواری شۆڕشەكە، تاكو دەسەڵات بگرنەدەست‌و ببن بەفەرمانڕەوا ئەوەبوو بەرەبەرە لەدوای سەركەوتنی ئەو شۆڕشە چەندین رێكخراوو پارتی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا دروستبوون، لەم سۆنگەیەوە شیعەكانی عێراق كەوتنە ژێر كاریگەریی ئەزموونی شۆڕشی ئێران‌و لەساڵانی(١٩٧٨و١٩٧٩و١٩٨٠)دا چەندین

جموجۆڵو راپەرینی سنووردارییان ئەنجامدا، بەهۆی ئەو کاریگەرییەوە پارتی دەعوەی ئیسلامی وەکو دێرینترین پارتی ئیسلامی سیاسی شیعە رووی لەبووژانەوە کرد.

هەروەها پاش چوونی ژمارەیەك لەپیاوانی ئایینی ئایینزای شیعەی عێراق بۆ ئێران، چ وەکو پەنابردن، چ وەکو بەرەو پیرەوەچوونی بانگەوازی شۆڕشی ئیسلامی، لەساڵی(١٩٨٢)دا، لەناو ئێران(ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق)یان راگەیاند، کەسەرەتا وەکو ئەنجومەنێکی بەرەیی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دامەزرێنرا، بەڵام دواتر بەئاراستەیەکی تردا رۆیشت، ئەویش بریتی بوو لەبوونی بەرێکخراوێکی سەربەخۆ. لەساڵی(١٩٨٢)دا، حزبوڵڵای لوبنان لەژێر کاریگەریی ئەزموونی شۆڕشی ئێرانو بەپشتیوانی دەوڵەتی ئێران دامەزرا، هەر لەهەمان ساڵدا بەشێك لەکۆنە ئیخوان موسلمینە بەپیرەوەچووەکانی دروشمی شۆڕشی ئیسلامی، بەسەرکردایەتی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لەئێران رێکخراوێکی چەکدارییان بەناوی(کۆمەڵەی ئەنساری ئیسلامی) راگەیاند، بەهەمان نەریت لەساڵی(١٩٨٤)دا، هەر لەناو ئێران، رێکخراوێکی تر بەناوی(بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) راگەیەنرا. هەروەها چەندین رێکخراو، یان پارتی تریش بەکاریگەریی هەمان ئەزموونو بەپشتگیریی دەوڵەتی ئێران لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لەناو هەندێ وڵاتانی تری ئیسلامییدا دامەزران، بەتایبەتی لەناو پێکهاتەی ئایینزای شیعەدا، لەنموونەی شیعەکانی عێراقو ئەفغانستان.

شایەنی باسە هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران، هۆکارێکی سەرەکیتر بوو بۆ پاڵپێوەنانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ پشتگیرکردنو کۆمەککردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بەگشتیو لەناویاندا هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەتایبەتی، ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامی سیاسیە، لەچوارچێوەی ئایینزای سووننە، یان لەچوارچێوەی ئایینزای شیعە، یان لەناو نەتەوەی کورد، یان لەناو نەتەوەی

عەرەبدا بێ گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەبوو ئەو هێزە باوەڕی بەدۆستایەتیو بەرنامەی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەبێ لەدژی عێراق.

لەبەرئەوەی شۆڕشی ئێران، پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی رادیکاڵی بوو لەسیستمی فەرمانڕەواییداو تیایدا بەسازدانی شۆڕش سیستمێکی فەرمانڕەوایی عەلمانی کۆتایی پێهێنرا، هەندێ رێکخراوو هێزی تر کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو ئەزموونە، لەناویاندا شیعەکانی عێراق، رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەسوریا، رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراق، شیعەکانی بەحرێن، شیعەکانی لوبنان، کۆمەڵی ئیسلامیو بزوتنەوەی جیهادیی ئیسلامی لەمیسر، شیعەکانی ئەفغانستانو... هتد. سەبارەت بەکاریگەریی شەڕی ئەفغانستان ئەتوانین بڵێین شەڕی ئەفغانستان، کە لەئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیدا بە(جیهادی ئەفغان)ناسراوە بووە ئەزموونی دووەمی کۆتاییهێنان بەسیستمێکی تری فەرمانڕەوایی عەلمانی، کەئەویش بریتی بوو لەسیستمی فەرمانڕەوایی عەلمانی لەئەفغانستان.

سوپای یەکێتی شۆرەویی، بەهۆی ناکۆکیو ململانێکانی جەنگی ساردو بۆ ئامانجی شکاندنی ئەو تەوقو ئابلۆقەیەی، کەپەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ) لەسەری دروستکردبوو، هەروەها بۆ گەیشتن بەئاوە گەرمەکان(کەنداوی عوممان، دەریای عەرەب) هەوڵیدا سوود لەپێگەی جیۆپۆلەتیکی ئەفغانستان وەربگرێ، توانی بەگوێرەی(پەیمانی هاوڕێیەتیو ئاشتی)، لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان، سوپای یەکێتی شۆرەویی بباتە ناو خاکی ئەفغانستان. لەچوارچێوەی ململانێکانی جەنگی ساردا چوونی سوپای یەکێتی شۆرەویی بۆ ناو ئەفغانستان، لەلایەن پەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ) بەگەورەترین هەڕەشەو مەترسیو روبەرووبوونەوە لەقەڵەمدرا. پەیمانی باکوری ئەتڵەسی بەگشتیو ئەمەریکا بەتایبەتی، بەقۆستنەوەو سود وەرگرتن لەرەوشو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ئایینی ئەفغانستان، کەسیستمی کۆمەڵایەتی تیایدا لەسەر بنەمای تیرەگەریی دامەزراوەو کۆمەڵگەکەی کۆمەڵگەیەکی ئایینی دەمارگیرە توانییان

لەسەر بنەمای جەنگ لەبریی(الحرب بالنیابة)، بەناوی جیهادو شەڕی کوفرو ئیلحادەوە شەڕی دەرپەراندنی سوپای یەکێتی شۆرەویی‌و شەڕی رووخاندنی حکومەتی ئەفغانستانی وابەستە بەیەکێتی شۆرەویی بەتیرەو هۆزەکان‌و پیاوانی ئایینی ئەفغانستان بکەن. پاشئەوەی کەتوانییان چەندین تاقم‌و رێکخراوو پارتی سیاسی میلیشیا لەسەر بنەمای ئتنیکی‌و تیرەگەریی‌و ئایینی‌و ئایینزایی، بەهاوکاری‌و پشتیوانی وڵاتانی پاکستان‌و سعودیە دروستبکەن‌و مەشقیان پێبکەن‌و چەکداریان بکەن، سەرەڕای پێشکەشکردنی کۆمەکی مەتریاڵی‌و دارایی.

شەڕی ئەفغانستان، لەبنەڕەتدا جەنگێك بوو، هێزی تر لەگەلانی ئەفغانستان‌و عەرەب ئەفغانەکان لەبری ئەمەریکا بەناوی جیهادەوە بەرپایان کرد، ئەو شەڕەی کە لەلایەن دەوڵەتی سعودیەوە بەهۆی چەندین فەتواو سەدان ملیۆن دۆلارەوە خزمەتی ململانێکانی جەنگی ساردی پێکرا، بەبەرژەوەندی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. ئەتوانم بڵێم لەسەر ئەم بنەمایەو بەهۆی کاریگەریی فەتواکانەوە هەزاران لاوو گەنج لەئەندام‌و کادیری رەوتی ئیسلامی سیاسی، لەناوچەکانی تری جیهانەوە، بەناوی بەشدارییکردن لەجیهادی ئیسلامی لەئەفغانستان، روویان کردە شاری پیشاوەر لەپاکستان، کەشارێکی هاوسنوری ئەفغانستانە‌و لێوەی ئەچوونە ناو ئەفغانستان بۆ شەڕکردن لەدژی حکومەتی ئەفغانستان‌و سوپای یەکێتی شۆرەویی.

لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو کەسانەی کەبۆ بەشدارییکردن لەشەڕی ئەفغانستان لەناوچەکانی تری جیهانەوە روویان کردبووە ئەفغانستان عەرەب بوون، زاراوەی عەرەب ئەفغان وەکو ناسنامەیەك بۆ ناسین‌و جیاکردنەوەیان بەسەر هەموویاندا سەپێنرا. بەمجۆرە شەڕی ئەفغانستان بووە ئەزموونێکی ترو کاریگەری زۆری لەسەر بوژانەوەو تەشەنەسەندنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا دروستکرد، کەئەتوانین لەم خاڵانەدا چڕیان بکەینەوە:

١- شەڕی ئەفغانستان بووە هۆی راچڵەکین‌و بەرزبوونەوەی گیانی وورەو جۆشدان‌و خرۆشان‌و تەکانپێدانی چەندین رێکخراو، یان پارتی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا.

٢- عەرەب ئەفغانەکان بوونە خاوەنی ئەزموون، لەو ئەزموونەدا شارەزاییان لەشەڕو ململانێی چەکدارییدا پەیداکرد، بەشێکیان هەوڵیاندا هەمان ئەزموون بۆوڵاتەکانی خۆیان بگوازنەوەو شەڕی رووخاندنی حکومەت‌و دەوڵەتی عەلمانی لەوڵاتەکانی خۆیاندا دووبارە بکەنەوە. ئەو ئەزموونە بریتییە لەئەزموونی رێبازی میلیتاریزم‌و بەکارهێنانی چەك بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکی‌و ململانێ بۆ رووخاندنی سیستمی عەلمانی‌و بۆ روبەرووبوونەوەی دەوڵەت. ئەتوانین بڵێین لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، لەپاش رووخاندنی حکومەتی ئەفغانستان‌و کشانەوەی سوپای یەکێتی شۆرەویی ئەم ئەزموونە لەسەر دەستی عەرەب ئەفغانەکان، بۆ چەندین وڵات‌و ناوچەی تر گواستراوەتەوە، لەنموونەی جەزائیر، سۆدان، کوردستانی عێراق، میسر، بۆسنە، چیچان، داغستان، یەمەن، کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست‌و...هتد.

٣- بەهۆی شەڕی ئەفغانستانەوە تێزو ئیجتیهادێکی تری تازە لەکاری ئیسلامی سیاسیدا سەریهەڵداو تەشەنەی سەند، ئەویش بریتییە لەرێبازی(سەلەفیی جیهادیی)، ئەم رێبازە ئێستا رێبازی ئایدیۆلۆژیی ئەو رێکخراوانەیە، کەزۆرینەیان سەر بەڕێکخراوی قاعیدەن‌و پەیڕەوی ئەنجامدانی کاری تیرۆرو توندوتیژیی‌و بەکارهێنانی هێزو زەبرو زەنگ ئەکەن لەبەڕێوەبردنی ناکۆکی‌و ململانێکانیان لەگەڵ حکومەت‌و نەیارەکانیاندا، یان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان.

٤- بەهۆی شەڕی ئەفغانستانەوە زەمینە رەخسا بۆ دروستبوونی رێکخراوێکی تری نێودەوڵەتی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا، لەپاش رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین، ئەویش بریتییە لەرێکخراوی قاعیدە. رێکخراوی قاعیدە سەرەتا لەساڵی(١٩٨٨)دا، وەکو دەزگایەکی کارگێڕیی‌و داتایی‌و خزمەتگوزاریی،

لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە، لەشاری پیشاوەر لەپاکستان بەناوی(سجل القاعدة) دامەزرا، ئامانج لەدامەزراندنی(سجل القاعدة) بریتی بوو لەتۆمارکردنی ناوونیشانو زانیاری تایبەتیو زانیاری کەسایەتی لەسەر عەرەب ئەفغانەکانو دیاریکردنی چارەنووسیان لەشەڕی ئەفغانستاندا. پاش هاتنەسەرکاری بزوتنەوەی تالیبانو راگەیاندنی میرنشینی ئیسلامی تالیبان لەئەفغانستان، لەساڵی(١٩٩٦)داو پەنابردنی ئوسامە بن لادن بۆ ئەوێ، دوای ئەوەی کەسۆدانی بەجێهێشت، لەهەنگاوی دووەمدا ئوسامە بن لادنو ژمارەیەك رێکخراوی تری ئیسلامی سیاسی بەشداربووی شەڕی ئەفغانستان، رۆژی(١٥/٢/١٩٩٨)، رێکخراوێکی نێودەوڵەتیان راگەیاند بەناوی(بەرەی ئیسلامی جیهانیی بۆ جیهادکردن بەسەر جولەکەو خاچپەرستاندا). ماوەیەك دوای ئەو راگەیاندنە ناوی ئەو بەرەیە گۆڕا بۆ رێکخراوی قاعیدە، سەرانی رێکخراوی قاعیدە توانییان بەپشتبەستن بەزانیاریو ناونیشانە تۆمارکراوەکانی ناو(سجل القاعدة) پەیوەندی بەبەشێك لەو رێکخراوو عەرەب ئەفغانانە بکەن، کەبەجیهاندا بڵاوبوونەتەوە بۆ بەیعەتدان بەرێکخراوی قاعیدەو بۆ دروستکردنی تۆرو شانەکانی رێکخراوی قاعیدە لەجیهاندا بەنهێنی.

**سەلام عەبدولکەریم: بۆچی سەرجەم گروپو کەسایەتییەکانی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا، نەیانتوانیوە لەناو یەك قەوارەی سیاسیدا کۆببنەوەو پێکەوە کاربکەن؟**

نیاز سەعید: لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لەناو شاری هەڵەبجەو دەوروبەریو لەناو شارۆچکەی سەیدسادقدا، کاری ئیسلامی سیاسی، بەجیاوازتر لەقۆناغی پەنجاکانو شەستەکانو حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بێجگە لەدوو ساڵی دوایی حەفتاکان، دەستپێکرد، بەڵام لەسەرەتادا بەبێ بوونی پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ رێکخراوێکی عێراقی، بەڵکو وەکو کارێکی سەربەخۆو دابراو لەرەوتی ئیسلامی سیاسی عێراق، ئەویش پاشئەوەی، کەپاشماوەی رێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین، بەنهێنیو بەخاوییو لەسنورێکی تەسکدا

کەوتنە بوژانەوەو خۆرێکخستن، بەڵام نەک کتومت وەک رێکخراوێکی سیاسی، بەڵکو وەکو کاری بانگەوازو پەروەردەی ئایینی، ئەویش بەپچر پچریی‌و بەشێوەی دەستەو تاقمو گروپی بچووکی جیاجیای ناکۆک‌و ململانێکەر لەگەڵ یەکتریی، هەندێ جاریش هەوڵەکان بۆ بوژانەوەو خۆرێکخستنەوە لەسەر ئاستی خێزان‌و لەسەر ئاستی تاک ئەنجامدراوە، هەندێ جاریش ئەو دەستەو تاقمو گروپ‌و تاک‌و ئاستە خێزانییانە چوونەتە پاڵ یەکتری.

رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، هەر لەسەرەتاکانی بوژانەوەو سەرلەنوێ کارکردنیانەوە، نەیانتوانیوە بەتەبایی‌و بەیەکهەڵوێستی‌و بەیەکڕیزیی ریزەکانی خۆیان لەناو یەک رێکخراو، یان یەک قەوارەی سیاسیدا رێکبخەن، چونکە چەندین جیاوازی لەدیدو بۆچوون‌و هەڵوێست‌و لێکدانەوەیاندا هەبووە، بۆ نموونە بەشێک لەپاشماوەی ئیخوان موسلمینەکان، کەبەئیخوان موسلمینە پیرەکان ناسرابوون، دژی بوژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا راوەستاون، پێیانوابووە ئەبێ درێژە بدرێ بەپابەندیی بەبڕیارو رێنمایی سەرکردایەتی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەی وڵات‌و رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین، هەروەها لەسەر چۆنیەتی بوژانەوە، لەسەر رابەرایەتی، لەسەر ئامرازو فۆرمی کارکردن، لەسەر ئیجتیهادی ئایینی، لەسەر هەڵوێستەکان، چەندین جیاوازیی‌و ناکۆکی تر لەنێوانیاندا سەریهەڵداوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی کەدیاردەی تیرەگەریی‌و بنەماڵەگەریی‌و ناوچەگەرێتی رۆڵی هەبووە لەزەقکردنەوەو تەشەنەپێسەندنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، هەروەها جیاوازی لەئاست‌و جۆرو بڕوانامەی خوێندن‌و جیاوازی لەتەمەندا کاریگەریی هەبووە لەسەر دروستکردنی چەندین کۆسپ‌و لەمپەر لەبەردەم یەکگرتنیان‌و دوورخستنەوەیان لەیەکتریی، لەهەندێ قۆناغیشدا بووەتە هۆی دروستبوونی لێکترازان‌و جیابوونەوە لەیەکتریی.

ئەم هەموو جیاوازیی‌و ناکۆکیی‌و ململانێ‌و فرە گروپ‌و فرە رێکخراوەییە، لەکاتێکدایە کەرەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، لەچوارچێوەی یەک

ئایینزادا کارئەکەن کەئەویش ئایینزای سوننەیە، هەروەها لەچوارچێوەی یەك نەتەوەدا، کەنەتەوەی کوردە، ئەمە بەدەر لەوەی کەسەرەتای کاری ئیسلامی سیاسی لەساڵی(١٩٥٤)ەوە، تاهەرەسی ساڵی(١٩٧١)و دواتر لەقۆناغی بووژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسی لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، کە لەیەك ناوچەوە سەریهەڵداوەو دواتر دەستیپێکردۆتەوە، ئەو ناوچەیەش ناوچەیەکی جوگرافی هاوبەشە بۆ هەموویان بریتییە لەشاری هەڵەبجەو دەوروبەریی، لەلایەکی تر ئەتوانین بڵێین رابەرانی ئەو گروپو رێکخراوانە، یەك مێژووی کارکردنی هاوبەشو یەك ئایدۆلۆژیای هاوبەشیان هەبووە، بگرە لەرووی کۆمەڵایەتیو خێزانییەوە، بەشێکی دیار بەتایبەتی لەلێپرسراوە باڵاکانو کادیرە پێشکەوتووەکان براو خزمو کەسوکارو زاواو هاوتیرەو هاوبنەماڵەی یەکترین، ئەمە لەکاتێکدا کەبەشێکیشیان مامۆستاو خوێندکاری یەکتری بوونو ئیجازەی مەلایەتییان بەیەکتری بەخشیوە، لەهەموو ئەو راستییانەش گرنگتر، بوونی ئایەتی(واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا) بۆ ئەوانی خۆناسێنەر بەهێزی سیاسی راستەقینەی ئایینی ئیسلامو هێزی پەیرەوکەری قورئان، کەچی لەسەر ئەو چەندین بنەما هاوبەشانە، کەفاکتەری زۆر بنەڕەتیو بەهێزن بۆ یەکبوونو یەکریزیی، ئەوان نەیانتوانیوە لەچوارچێوەی یەك رێکخراوی یەکگرتوودا خۆیان یەکبخەنو خۆیان رێکبخەنو بەیەکگرتوویی کار بکەن، زۆر بەکورتیو بەسادەیی ئەڵێین هۆکارە سەرەکییەکەی بریتییە لەناکۆکی لەسەر دەسەڵات.

**سەلام عەبدولکەریم: ئەکرێ ئاماژە بەو گروپو رێکخراوە جیاوازانە بکەیت، کە لەسەرەتای بوژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا، سەریانهەڵداوە، دواتر ئاماژەش بەو جیابوونەوەو لێکترازانانە بکەیت کەبەسەر رەوتی سیاسییدا هاتووە لەکوردستانی عێراقدا؟**

نیاز سەعید: هەروەك لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێكرد، سەرەتای بوژانەوەو سەرهەڵدانەوەی كاری ئیسلامی سیاسی لەكوردستانی عێراقدا، بەپچڕ پچڕیو بەدابڕاوییو بەماڵجیایی(خۆیان وتەنی) دەستیپێكردووە.

هەرچەندە تاكو ئێستا مێژووی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەكوردستانی عێراقدا، بەرێبازێكی زانستیو بەبێلایەنانە نەنووسراوەتەوە، لەهەمانكاتدا ئەوان نەهاتوون مێژووی خۆیان بنووسنەوە، لەسەر ئاستی تاكیش، كەسیان نەهاتووە بیرەوەرییەكانی بڵاوبكاتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكیتر تاكو ئێستا كەمترین بەڵگەنامەو زانیاری تۆماركراو وتاری نووسراو لەسەر ئەو مێژووە لەبەردەستدایە، هەربۆیە نووسینەوەی ئەو مێژووە هەوڵو كۆششو كاتو پشوو درێژییو سۆراخو بەدواداچوونی زۆری ئەوێ، ناكرێ كەسێك بەمیزاجی خۆی، بەبەرژەوەندی خۆی، بەبۆچوونو لێكدانەوە تایبەتییەكانی، ئەو مێژووە بەخزمەتی هێزێك لەهێزەكانی ئیسلامی سیاسی، لەدژی هێزێكی تری ئیسلامی سیاسی بنووسێتەوە، وەك ئەوەی لەناو هەندێ هەوڵی ناو خودی رەوتی ئیسلامی سیاسی كوردستاندا روویداوە.

(بەندە) بەپشتبەستن بەئەرشیفو سەرچاوەو بەڵگەنامەو ئەو زانیارییانەی كە لەبەردەستمدایە، ئەتوانم بڵێم زنجیرەی دروستبوونی گروپو رێكخراوەكانو ئەو جیابوونەوەو ئەو لێكترازانانەی، كەبەسەر رێبازو كاری ئیخوان موسلمیندا، لەكوردستانی عێراقدا هاتووە، لەرووی ریزبەندیو زنجیرەی مێژووییەوە، لەكۆتایی حەفتاكانی سەدەی رابردووەوە تاكو ئێستا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- بەڕێز شێخ محەمەد بەرزنجی رابەری ئێستای(كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان)، وارائەگەیەنێ، كەئەو لەرۆژی(٢ / ١١ / ١٩٧٨)، لەسنوری شارەزووردا، بەنهێنی رێكخراوێكی دروستكردووەو تیایدا ژمارەیەك مەلاو پیاوی ئایینی بوونەتە ئەندام، ناوبراو دواتر ئەو رێكخراوەی لەرۆژی(١٩٨٤/١٢/٦)دا، لەئێران، بەناوی(بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) راگەیاندووە، پاشان ئەو

ڕێكخراوه لەڕۆژی(١٤/٩/١٩٨٥)دا، باڵی سەربازیی خۆی بەناوی(لەشكری قورئان) ڕاگەیاندووه.

ئەم ڕێكخراوه لەڕۆژی(١٥/٥/١٩٨٧)، لەگەڵ باڵی كۆچكردوو مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیزی ناو ڕێكخراوی ئیخوان موسلمین یەكئەگرنو ڕێكخراوێكی تازه بەناوی(بزوتنەوەی ئیسلامی لەكوردستانی عێراق) ڕائەگەیەنن.

٢- بەڕێز مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزی ڕابەری گشتی ئێستای بزوتنەوەی ئیسلامی، وارائەگەیەنێ، كەئەو لەسەرەتای ساڵی(١٩٧٩)ەوە، بەشێوەیەكی نهێنی، لەناو شاری هەڵەبجە، ڕێكخراوێكی ئیخوان موسلمینی دامەزراندووەو توانیویەتی ژمارەیەك لەخوێندكارو گەنجو لاو، لەریزەكانیدا كۆبكاتەوەو ڕێكیان بخاو پەروەردەیان بكا.

ئەندامانی ئەم ڕێكخراوه، لەنیوەی یەكەمی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا، پاشئەوەی كه لەزانكۆو پەیمانگا ئایینییەكان، لەپارێزگاكانی تری عێراقدا وەرگیراون، توانیویانه ئەندامو لایەنگری تر، لەخەڵكی ناوچەكانی تری كوردستان ڕابكێشنو بیانخەنه ریزی ڕێكخراوەكەیانەوه، هەروەها هەندێ لەئەندامەكانیان، توانیویانه هەندێ گروپو كەسایەتی تری عەرەبی ئیسلامی سیاسی ئایینزای سوننه كەهەندێكیان لەرووی ڕێبازی ئایدیۆلۆژییەوه، خۆیان بەئیخوان موسلمین زانیوه بدۆزنەوەو پەیوەندییان لەگەڵدا دروستبكەن، دواتر پێكەوه بڕیاربدەن، هەموویان یەكبگرنو یەك ڕێكخراوی عێراقی یەكگرتوو بۆ ئیخوان موسلمین لەعێراقدا بەنهێنی دابمەزرێنن، بەڵام لەسەرەتاكاندا توشی ناكۆكی بوون لەسەر ڕابەرایەتی ئەم ڕێكخراوه عێراقییە، چونكه ئیخوان موسلمینه عەرەبەكان، كەسایەتییەكی كوردیان بەشایستەی پۆستی ڕابەر نەئەزانیو ئەیانووت ئەبێ ئەو پۆسته بدرێته كەسایەتییەكی عەرەب، بەڵام دواتر ملیانداو ڕازی بوون كۆچكردوو مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیز ببێته ڕابەری ئەو ڕێكخراوه، ئەمه لەساڵی(١٩٨٥)دا ڕوویدا.

پاش خۆنیشاندانەکانی مانگی(٥) ساڵی(١٩٨٧)ی شاری هەڵەبجە، کۆچکردوو مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیزو براکانیو هەندێ لەمەلاو پیاوی ئایینیو هەندێ خوێندکاری حوجرەو کەسوکارو ئەندامەکانی ئیخوان موسلمین لەهەڵەبجەو دەوروبەری ڕوویانکردۆتە ئێران، پێشووتر بەهۆی دزەکردنی دەزگای ئاسایشی ڕژێمی پێشووی عێراق بۆ ناو ریزەکانی ئەو ڕێکخراوە لەبەغدا، چەند ئەندامێکیان دەستگیرکرابوون، هەروەها چەند کەسێکیان بۆ خۆدەربازکردن ڕۆشتبوون بۆ ئێران، لەناویاندا مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز.

دوای ئەو کۆچکردنە بۆ ئێران بیرۆکەیەك هاتبووە ئارا، ئەویش بیرۆکەی یەکگرتنی سەرجەم گروپو کۆمەڵو ڕێکخراوو کەسایەتییە بێلایەنەکان، لەچوارچێوەی یەك ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی یەکگرتوودا، دەوڵەتی ئێران پشتگیریی لێکردونو ئامادەیی نیشانداوە بۆ کۆمەککردنو هاوکاریکردنیان، لەسەر ئەم بنەمایە ڕۆژی(١٥/٥/١٩٨٧)، (بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق) ڕاگەیەندراوە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە نەیتوانیوە هەموو گروپو ڕێکخراوو کەسایەتییەکان بگرێتەخۆو کۆیان بکاتەوەو لەژێر چەتری بزوتنەوەدا ڕێکیان بخا.

سەرەتا بڕیار بووە باڵی بەڕێز سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین، کەئەوانیش خۆیان بەئیخوان موسلمین زانیوە بەشداری لەپێکهێنانی ئەو بزوتنەوەیەدا بکەن، بەڵام لەسەر داوای سەرکردایەتی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراقو سەرکردایەتی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین، مامۆستا سەلاحەدینو باڵەکەی، بەشدارییان لەپێکهێنانو ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامییدا نەکردووە، لەلایەکی تر باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، کەخۆیان بەخاوەنی ڕاستەقینەی بوژانەوەو خستنەوەگەڕی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین زانیوە، سەرەتا بەشدارییان لەپێکهێنانو ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامییدا کردووە، بەڵام پاش گەیشتنی ڕێنماییو بڕیاری سەرکردایەتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمینو هەڕەشەکردن بەدەرکردن لەڕێکخراوی ئیخوان موسلمین ئەوانەی

بوونەتە(بزوتنەوەی ئیسلامی)، مامۆستا سدیقو زۆرینەی کادیرو ئەندامانی باڵەکەی کشاونەتەوەو چوونەتە دەرەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی، وەکو رێکخراوێکی ئیخوان موسلمین، درێژەیان بەکاری خۆیانداوە، بەڵام پابەندو وابەستە بەبڕیارو رێنمایی سەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەو سەرکردایەتی رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین.

٣- بەرێز سەلاحەدین محەمەد بەهائەدینی ئەمینداری گشتی ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وارائەگەیەنێ کەئەوو گروپەکەی لەژێر کاریگەریی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، کەوتوونەتەخۆو بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەجێبەجێکردنی خزمەتی سەربازیی، لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق- ئێران روویانکردۆتە ئێرانو لەوێ بڕیاری دروستکردنی رێکخراوێکیان داوە، لەم سۆنگەیەوە لەساڵی(١٩٨٢)دا رێکخراوێکی چەکداریان بەناوی(کۆمەڵەی ئەنساری ئیسلامی) لەئێران راگەیاندووەو لەساڵی(١٩٨٥)دا پاشئەوەی، کەسەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەو رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین، بەهۆی رۆڵو کۆششو کاریگەریی محەمەد ئەحمەد راشدی سەرکردەی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوە رازیبوون بەپێدانی مۆڵەتی رەسمی بەرێکخراوی ئیخوان موسلمین، بەڵام تەنها لەناو ئێرانداو بۆ هەموو نەتەوەکانی عێراق، نەك هەر بەتەنها بۆ ئەندامە کوردەکان، مامۆستا سەلاحەدینو هاوکارانی، ئەو رێکخراوەیان هەڵوەشاندۆتەوەو چوونەتەوە ناو چوارچێوەی کاری ئیخوان موسلمین.

لەسەرەتاکانی بوژانەوەی کاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، ناکۆکیو ململانێ لەنێوان رێکخراو، یان باڵەکەی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزو رێکخراو، یان باڵەکەی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدیندا سەریهەڵداوەو تەشەنەی سەندووە، بەتایبەتی پاش چوونی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزو ژمارەیەك لەکادیرانو ئەندامانی باڵی مامۆستا سدیق بۆ ئێرانو نیشتەجێبوونیان لەئۆردوگای ئاوارە عێراقییەکان لەوێ.

لەپاش پێکهێنان‌و ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧)دا، ناکۆکی‌و ململانێی نێوان ئەو دوو باڵەی ئیخوان موسلمین زیاتر تەشەنەی سەندوەو ڕووی لەگرژیی‌و ئاڵۆزیی کردووە، چونکە هەردوو باڵ، وەکو دوو ڕێکخراوی سەربەخۆی جیاواز، نەك یەك ڕێکخراوی یەکگرتوو کاریان کردووە، هیچ باڵێکیش ئامادە نەبووە، قایل بێ بەرابەرایەتی باڵەکەی ترو دانی پیابنێ، تائەوکاتەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەو سەرکردایەتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین کەوتوونەتە هەوڵی ناوبژیوانی‌و یەکخستنەوەیان، ئەویش پاشئەوەی‌ن کە(نوعمان عەبدولرەزاق سامەرائی)، کۆنە سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق لەساڵانی(١٩٦٠ – ١٩٦١)، لەلەندەنەوە نێردراوە بۆ ئێران بۆ لای هەردوو باڵ، سەرەنجام هەردوو باڵ، لەژێر گوشاردا، ملیانداوە بۆ یەکگرتن، ئەویش بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك بۆ ئەنجومەنی شورای ناوەندی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینی ئاوارەکانی عێراق لەناو ئێران.

لەم هەڵبژاردنەدا زۆرینەی ئەندامانی لیستی باڵەکەی مامۆستا سەلاحەدین، بۆ ئەندامێتی شورای ناوەندی هەڵبژێردراون، باڵی مامۆستا سدیق تەنها سێ کەسیان هەڵبژێردراون، باڵی مامۆستا سدیق هەرچەندە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵام ڕەخنەی زۆریان ئاراستەی ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە کردووە، کەبەنهێنی لەناو ئۆردووگاکانی ئاوارە عێراقییەکاندا ئەنجامدراوە، لەم ڕووەوە باڵی مامۆستا سەلاحەدینیان تۆمەتبار کردووە بەئەنجامدانی تەزویرو فرتو فێڵ‌و چەواشەکاریی.

پرۆسەی یەکگرتنی ئەو دوو باڵە، ڕۆژی(١٩٨٨/١١/٩)، لەناو ئێراندا ئەنجامدراوە، بەڵام لەپاش ڕاپەرینی ساڵی(١٩٩١)، ئەوکاتەی کەبەشێك لەسەرکردایەتی‌و کادیرو ئەندامەکانی هەردوو باڵی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین بڕیاریانداوە بەیەکجارەکی بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئازاد، پاش گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین سەرلەنوێ ناکۆکی‌و ململانێی

تێکەوتۆتەوە، ئەتوانم بڵێم باڵی مامۆستا سدیق وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆو جیاواز کەوتوونەتەوە کارکردن، هەروەها لەسەر دوو بنەما ڕابەرایەتی مامۆستا سەلاحەدینیان ڕەتکردۆتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کەمامۆستا سدیقیان بەشایستەتر زانیوە، چونکە پێش مامۆستا سەلاحەدین دەستیکردۆتەوە بەبوژانەوەی کاری سیاسیو دروستکردنی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین، لەلایەکی تر باڵی مامۆستا سدیق، باڵی مامۆستا سەلاحەدینیان بەوە تاوانبار کردووە، کەبەپێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕەفتارو مامەڵە ئەکا، کەکاتی خۆی بەر لەراپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، لەئاوارەییدا، لەئێران، لەنێوان هەردوو باڵدا ئیمزا کراوە، بەوەی کەئامادەنییە، لەناوەوەی کوردستان پۆستی ڕابەری گشتی بداتە مامۆستا سدیق، لەسەر ئەو بنەمایەی کەکاتی خۆی لەئێران، هەردوولا ڕێکەوتوون لەسەر پرانسیپێك، ئەویش ئەوەیە کەهەتا ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لەناو ئێراندا بێ، ئەوا مامۆستا سەلاحەدین ڕابەری گشتی ئەو ڕێکخراوە بێ، ئەگەر بارودۆخ گۆڕاو گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەوا مامۆستا سدیق ببێتە ڕابەری گشتی ڕێکخراوەکە.

بنەمای دووەمیش پەیوەندی بەو هەڵبژاردنەوە هەبووەن کە لەمانگی(١١)ی ساڵی(١٩٨٨)دا، بەنهێنی، لەناو ئۆردووگای ئاوارە عێراقییەکان، لەئێران بۆ هەڵبژاردنی شورای ناوەندی ئیخوان موسلمین ئەنجامدرابوو، لەم ڕووەوە پێیانوابووە باڵی مامۆستا سەلاحەدین تەزویرو فرتوفێڵیان لەو هەڵبژاردنەدا کردووە، بەبیانووی ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە لەدەسەڵاتدارانی ئێران ئەشارنەوە، چونکە بەهۆی بەشدارینەکردنی ئەو دوو باڵەی ئیخوان موسلمین لەپێکهێنانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا، ئێرانییەکان کەوتبوونە دژایەتیو تەنگپێهەڵچنینی ئیخوان موسلمینەکان لەناو ئۆردوگاکاندا باڵی مامۆستا سەلاحەدین ئەمەیان قۆستۆتەوەو وایان نیشانداوە کەئەم هەڵبژاردنە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ئۆردوگاکانەو تیایدا خەڵکێکی زۆری ناسیاوو نزیك لەخۆیان هێناوە بۆ دەنگدان کەئەندامی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین نەبوونو

تیایاندا بووه ئەندامو لایەنگر، یان چەکداری پارتە عەلمانییەکان بووەو هێناویانن بۆ ئەو هەڵبژاردنەو دەنگیان پێداون بۆ لیستی مامۆستا سەلاحەدین، بەناوی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ئۆردوگاکانەوە، هەروەها بەهۆی زیاتر ناسراویی ئەندامو کادیرەکانی باڵەکەی مامۆستا سەلاحەدینن کە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، چوو بوونە ناو ئێرانو لەو ئۆردوگایانە گیرساونەتەوەو توانیویانە ئیش بۆ خۆیان بکەنو سود لەو چەند ساڵە وەربگرن، کە لەناو ئۆردوگاکاندا، خەریکی کاری بانگەوازی ئایینیو پێشنوێژییو پێشکەشکردنی وتاری ئایینیو وانە وتنەوەو نوێنەرایەتی ئۆردوگاکان بوون، ئەمە لەکاتێکدا ئەندامو کادیرانی باڵەکەی مامۆستا سدیق، لەساڵی(١٩٨٧)و(١٩٨٨)دا، چوونەتە ئێرانو کەمتر ناسرابوون، لەم سۆنگەیەوە باڵەکەی مامۆستا سدیق، ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی(١٩٨٨)ی ناو ئۆردوگاکانی ئێران، بەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ئۆردوگاکان لەقەڵەمئەدەن، نەك هەڵبژاردنی شورای ناوەندی رێکخراوی ئیخوان موسلمین.

کادیرو هەڵسوڕاوو ئەندامانی ناوەوەی کوردستانی باڵی مامۆستا سدیق، هیچ ئامادەییەکیان تیانەبوو بۆ کارکردن لەژێر رابەرایەتی مامۆستا سەلاحەدینو ئەو شورای ناوەندییەی کەبەو شێوەیە هەڵبژێردرا بوون، هەر بۆیە گوشاری زۆریان کردە سەر مامۆستا سدیق بۆ جیاکردنەوەی باڵەکەیان، لێرەوە بیرۆکەی هێڵی(١)و هێڵی(٢)ی ئیخوان موسلمین سەریهەڵدا، هێڵی(١) باڵی مامۆستا سەلاحەدینو هێڵی(٢) باڵی مامۆستا سدیق، بەڵام سەرکردایەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمینی عێراق لەدەرەوەو سەرکردایەتی نێودەوڵەتی رێکخراوی ئیخوان موسلمین بەسیستمی دوو هێڵی رازی نەبوونو پشتگیریان لەباڵی مامۆستا سەلاحەدین کرد، لەکاردانەوەدا باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، رۆژی(١٩٩٢/١١/٢٢) لەشارۆچکەی هەڵەبجەی تازەو لەناو بارەگای یەکێتی رۆشنبیرانی موسڵمانی کورد(یەرموك) بەیەکجارەکی بڕیاری وازهێنانیان

لەرێکخراوی ئیخوان موسلمین داو رێکخراوێکی تازەیان بەناوی(بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی) راگەیاند.

٤- بەر لەراپەڕین لەئێران، بزوتنەوەی ئیسلامی کەوتۆتە بەردەمی لێواری جیابوونەوەو لێکترازان، ئەویش پاش تەشەنەسەندنی ناکۆکیو ململانێکانی نێوان بەڕێز مامۆستا عەلی باپیرو رابەرایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی، مامۆستا عەلی باپیر بەناوی(شورای شەرعی)، یان بەناوی(شورای یەکگرتوو)، هەوڵی خۆجیاکردنەوە " لەرابەرایەتی(بزوتنەوەی ئیسلامی) داوە، بەڵام لەژێر گوشارداو لەبەر چەند هۆکارێك، مامۆستا عەلی باپیر(شورای یەکگرتوو)، یان(شورای شەرعی)، کەئێستا نەیارەکانی پێی ئەڵێن(تەکەتوول)و بەسەرەتای سەرهەڵدانی دیاردەی تەکەتوولی ناو ریزەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەقەڵەمئەدەن، هەڵئەوەشێنێتەوەو خۆی ئەپارێزێ لەترازان لەبزوتنەوەی ئیسلامی.

٥- بەر لەراپەڕین لەئێران، لەساڵی(١٩٩٠)دا، لەناو ریزەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یداو لەسەر دەستی مەلا کرێکار، جیابوونەوەیەك لەریزەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا رووئەداو رێکخراوێکی تازە رائەگەیەندرێ بەناوی(کۆمەڵی ئیسلامی)، ئەم رێکخراوە بەیەکەمین رێکخراوی رێبازی سەلەفیی جیهادیی کوردی لەقەڵەمئەدرێ، کە لەژێر کاریگەریی ئیجتیهادو بیروڕاکانی سەید قوتبو ئەدەبیاتی بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی میسرییو بەسود وەرگرتن لەئەزموونی شەڕی ئەفغانستان، لەناو ژمارەیەك لەکادیرو چەکدارە گەنجو لاوەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەئێران، دروستبوو بوون ئەوانەی کەکەوتبوونە ژێر کاریگەریی مەلا کرێکار.

ئەم رێکخراوە پاش راگەیاندنی روبەڕووی ناکۆکیو گوشارو فشاری سەرکردایەتی(بزوتنەوەی ئیسلامی) بووەوە، لەسەر ئەو رێسایەی کەنابێ لەناو یەك کۆمەڵگەی موسوڵماندا، دوو رێکخراوی ئیسلامی سیاسی جیهادیی هەبێ، ئەبێ هەریەك دانە هەبێ، لەم سۆنگەیەوە(کۆمەڵی ئیسلامی)، لەلایەن(بزوتنەوەی ئیسلامی)یەوە دوو رێگای خرابووە بەردەم، یان ئەبێ خۆیان

هەڵوەشێننەوەو بەتەواویی وازبهێنن، یان ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ ناو بزوتنەوەی ئیسلامی.

پاش ناوبژیوانی هەندێ کەسایەتی ئیسلامی سیاسی ناوخۆییو هەندێ کەسایەتیو رابەری ئیسلامی سیاسی دەرەکی، لەناویاندا عومەر عەبدولرەحمانی رابەری(کۆمەڵی ئیسلامی) لەمیسر، کەئێستا لەئەمەریکا بەتۆمەتی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆر زیندانیکراوە، مەلاکرێکارو(کۆمەڵی ئیسلامی)، لەپاییزی ساڵی(١٩٩١)دا، رێگای دووەمیان هەڵبژارد، رێکخراوەکەیان هەڵوەشاندەوەو گەڕانەوە بۆ ناو(بزوتنەوەی ئیسلامی).

٦–لەساڵی(١٩٩٢)داو لەکۆنگرەی شەشەمی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەسەرئەشکەوتان لەبێتواتە، باڵێك بەناوی باڵی(مەلائەمینی جیهاد–مەلا ئەمین پیرداود خۆشناو) لە(بزوتنەوەی ئیسلامی) جیابووەوەو رێکخراوێکی تازەی بەناوی(کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی) راگەیاند، شایەنی باسە کۆچکردوو مەلائەمین، بەر لەراپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، ئەو رێکخراوەی بەنهێنی لەناو شاری هەولێردا دامەزراندبوو، لەراپەڕیندا چووبوونە ناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یەوە.

مەلا ئەمینو کوڕێکیو ئەندامێکی شورای ناوەندیو سێ چەکداری ئەو رێکخراوە، رۆژی(٩/٤/١٩٩٧)، لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا، لەگوندی(هەناران)ی نزیك(بەستۆرە) لای شارۆچکەی سەلاحەدین، بەناخافڵیو لەپشتەوە تیرۆرکران.

(کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی)و بنەماڵەی مەلا ئەمین، لەدوای ئەو رووداوە چەند لێپرسراوێکی ناو رێکخراوێکی ئیسلامی سیاسییان تاوانبارکرد بەدارشتنو ئامادەکاریی پلانی ئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە.

ئەو رێکخراوە لەدوای تیاچوونی مەلا ئەمینی جیهاد تووشی سستیو لاوازییو لێکترازان بوو، دواین گروپ کەبەناوی(کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی)ەوە، درێژەیان بەکاری خۆیاندا، لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٢)دا چوونە ناو ریزەکانی(کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق)، ئەم رێکخراوەی دوایی(کۆمەڵی ئیسلامی)

له(٢٠٠١/٥/٣٠)دا، بەسەرکردایەتی مامۆستا عەلی باپیر، له(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) جیابووەوەو خۆی راگەیاند.

٧- له(١٩٩٤/٢/٦)دا، باڵی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین، ڕێکخراوێکی راگەیاند بەناوی یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان، وەکو درێژەپێدەری ڕێبازی ئیخوان موسلمین، دواتر لەکۆنگرەی دووەمی یەکگرتوودا، ناوەکەیان گۆڕی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەم ڕێکخراوە تاکو ئێستا بەردەوامەو درێژە بەکاری خۆی ئەداو تەنها ڕێکخراوە، کەتاکو ئێستا لەسەر ڕێبازی ئیخوان موسلمین ماوەتەوەو پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی ئیخوان موسلمیندا ماوە، سەرەڕای پەیوەندی بەهێزو ستراتیژیی لەگەڵ پارتی ئیسلامی عێراق، کەپارتی ئیخوان موسلمینە عەرەبە سوننەکانی عێراقە.

٨- ڕۆژی(١٩٩٧/٩/١٥)، گروپێك له(بزوتنەوەی ئیسلامی)، جیابووەوە بەناوی(ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی کوردستان)، ئەم گروپە لەدژی ڕێککەوتننامەی تارانی نێوان(ی.ن.ك)و(بزوتنەوەی ئیسلامی) ساڵی(١٩٩٧) راوەستان، وەکو کاردانەوەیەك لەبەرامبەر وەرچەخانو گۆڕانی هەڵوێستی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەتەکفیرکردنی حکومەتی هەرێمو(ی.ن.ك)ەوە، بۆ ڕێککەوتنو هاوپەیمانێتی لەگەڵ(ی.ن.ك)و بەشداریکردن لەحکومەتی هەرێمدا، هەروەها وەکو کاردانەوەیەك بەهۆی ڕەتکردنەوەی پارەی حکومەت، کە لەدیدو بۆچوونو ئیجتیهادی ئەواندا پارەیەکی حەرامو ناشەرعییەو بزوتنەوەی ئیسلامی ئەو ئیجتیهادو بۆچوونەی لەساڵانی(١٩٩٢-١٩٩٧)دا پەیڕەو کردووە، چونکە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی تاران، (بزوتنەوەی ئیسلامی) مانگانە دوو ملیۆن دینار لەحکومەتی هەرێم وەرئەگرێ، ئەوانە پێیانوابوو کە(ی.ن.ك)و حکومەتی هەرێمو داهاتەکەی، هیچ وەرچەرخانو گۆڕانێکی لەرووی کفرو ناشەرعیو حەرامییەوە بەسەردا نەهاتووە بەرەو ئیمانو حەڵاڵبوونو شەرعیبوون، ئیتر چۆن سەرکردایەتی(بزوتنەوەی ئیسلامی) مامەڵەو هەڵوێستو سیاسەتی خۆی ئەگۆڕێ، چۆن ئەتوانێ لەبری کافرکردنو

بەناشەرعی لەقەڵەمدانی داهاتی حکومەتی هەرێم ئەوە بخاتە مێشکمانەوە، کە(ی.ن.ك)و حکومەتی هەرێم ئیماندارن‌و پارەو داهاتەکەیان شەرعی‌و حەڵاڵە، هەروەها پێیانوابوو سەرکردایەتی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، چۆن ئەتوانێ قایلمانکا، ئیتر خۆمان بەهێزێکی جیهادکەر نەزانین بەسەر هێزێکی کافری وەك(ی.ن.ك)دا، لەسەر ئەو بیروڕا جیاوازانە، ئەو رێکخراوە لە(بزوتنەوەی ئیسلامی) جیابووەوە.

دوای جیابوونەوە ئەم رێکخراوە لەرووی رێبازی ئایدۆلۆژییەوە، داشکابوونەوە بەلای رێبازی سەلەفیی جیهادیی‌و کاریان بەو رێبازە کردووە، بەم هەنگاوە نزیکبوونەتەوە لەرێکخراوی قاعیدە.

رابەری ئەم رێکخراوە(حەسەن سۆفی)، لەشەوی(٨/٩-١-١٩٩٩)و لەمانگی رەمەزاندا، لەناو ماڵی کادیری رێکخراوێکی سیاسییدا، لەشاری هەڵەبجە تیرۆرکرا، (رێکخراوی حەماسی ئیسلامی کوردستان)، رێکخراوێکی تری ئیسلامی سیاسییان تاوانبارکرد بەئەنجامدانی ئەو کردەوەی تیرۆرە.

شایەنی باسە ئەو گروپە توانی درێژە بەمانەوەی خۆی بداو لەسەرەتای ساڵانی دووهەزارەکاندا، نوێنەریان بنێرن بۆ سەردانی ئەفغانستان بۆ بەیعەتدان بەئوسامە بن لادن، پاش بەیعەتدان لەسەر رێنمایی ئوسامەو رێکخراوی قاعیدە، ئەم رێکخراوە لەگەڵ گروپێکی تر، کەبریتبوو لە(کۆمەڵی تەوحیدی ئیسلامی)، یەکیانگرت‌و بەرەیەکیان راگەیاند بەناوی(بەرەی تەوحیدی ئیسلامی).

پاش گەڕانەوەی نوێنەری هەردوولا لەئەفغانستان بۆ کوردستان ئەو بەرەیەیان لەرۆژی(٢/٧/٢٠٠١)، لەگوندی عامورای بانیشار لەپشتی شارۆچکەی خورماڵ راگەیاند.

٩-(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی)، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو خاڵە هاوبەشە سەرەکییانەی، کە لەنێوانیاندا هەبووە بەگشتی‌و لەنێوان هەردوو رابەری رێکخراوەکەدا بەتایبەتی، کەچی پاش چەندین فشار، لەناویاندا فشاری ناوخۆیی تەکەتولە نەیارەکانی دژ بەرابەرایەتی هەردوولا پاڵی نا

بەهەردوو سەرکردایەتی بزوتنەوەوە بیر لەیەکگرتن بکەنەوەو بڕیاری یەکگرتنی ئەو دوو بزوتنەوەیە بدەن، ئەوەبوو هەردووکیان یەکیانگرتو ڕۆژی(٢١/٨/١٩٩٩)، ئەو یەکگرتنەیان لەژێر ڕۆشنایی ئایەتێك کەتەمەنی زیاتر لە(١٤٠٠) ساڵ بوو، بەڵام جێبەجێکردنەکەی لای ئەوان تازەبوو ڕاگەیاندو کردیانە دروشمی یەکگرتنەکەیان، ئەو ئایەتە بریتییە لەئایەتی(واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا)، یەکگرتنەکەش ناونرا(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی).

١٠- لەبەهاری ساڵی(٢٠٠٠)دا، ژمارەیەك لەکادیرە کۆنەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەناو شاری هەولێر، ڕێکخراوێکیان لەناو(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)یدا ڕاگەیاند، کەپێشووتر بەنهێنی دروستیانکردبوو، ئەو ڕێکخراوە ناوی(کۆمەڵەی تەوحیدی ئیسلامی) بوو، پاش فشاری سەرکردایەتی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) بۆ خۆساغکردنەوەو خۆیەکلاییکردنەوە، ئەم ڕێکخراوە بەتەواویی لە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) جیابووەوە.

(مەرکەزی ئیسلامی لەکوردستان) دەزگایەکی ڕاگەیاندنو پەروەردەیی بوو لەسەر ڕێبازی سەلەفیی جیهادیی، بەپشتیوانیو کۆمەکی ڕێکخراوی قاعیدە، لەساڵی(١٩٩٨)دا، لەبیارە دامەزرا بوو، ئەم مەرکەزە لقێکی لەناو شاری هەولێردا هەبوو، بەهۆی چالاکیو بڵاوکراوەو خولەکانی ئەو مەرکەزەوە، هەروەها بەهۆی کاریگەریی(ئەبوخوبەیب)ەوە کەدامەزرێنەری ئەو مەرکەزە بوو، ئەو ئەندامو کادیرانەی کەئەو ڕێکخراوەیان دروستکردبوو، پێشووتر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتو ڕێبازی ڕەوتی سەلەفیی جیهادییو نزیکبوو بوونەوە لەڕێکخراوی قاعیدە، سەرەنجام نوێنەری(کۆمەڵی تەوحیدی ئیسلامی)، بەنهێنی لەساڵی(٢٠٠١)دا، بۆ بەیعەتدان بەئوسامە بن لادنو ڕێکخراوی قاعیدە سەردانی ئەفغانستان ئەکاو ڕێکخراوەکەیان وابەستە ئەکا بەڕێنماییو فەتواو ئاراستەکانی ڕێکخراوی قاعیدە، لەبەرامبەردا ڕێکخراوی قاعیدە بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی هەوڵەکان داوا لەم ڕێکخراوە ئەکا لەگەڵ ڕێکخراوێکی تردا یەکبگرن، ئەو ڕێکخراوەی تریش بریتییە لە(ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی کوردستان)، پاش

چوونی نوێنەری هەردوولا بۆ ئەفغانستان، بۆ لای ڕێکخراوی قاعیدە، هەردووکیان یەکئەگرن بەناوی(بەرەی تەوحیدی ئیسلامی)، پاش گەڕانەوەی نوێنەرەکانیان بۆ کوردستان، ڕۆژی(٢/٧/٢٠٠١)، ئەو ڕێکخراوە تازەیە ڕائەگەیەنن، دواتر ئەم بەرەیە لەرۆژی(١/٩/٢٠٠١)دا، لەگەڵ هێزێکی کۆنە بزوتنەوەی ئیسلامی بەناوی هێزی(٢) سۆرانو ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادیی ئوردنیو ڕێکخراوێکی تری سەلەفی جیهادی عێراقی یەکئەگرنو ڕێکخراوێکی تازە لەشارۆچکەی بیارە، بەناوی(جوندلئیسلام فی کوردستان) ڕائەگەیەنن.

١١- پاش ئەنجامدانی کۆنگرەی یەکبوونی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)، لەمانگی(٨)ی ساڵی(٢٠٠٠)دا، ئەو بزوتنەوەیە لەو کۆنگرەیەدا، بەهۆی دیاردەی تەکەتوولو بەهۆی برنەوەی لیستی تەکەتوولی نەیار بەتەکەتوولی ڕابەرایەتی لەهەڵبژاردنی شورای ناوەندییدا کێشەی دووبەرەکێتیو ناکۆکی گەورەی تێکەوت، ڕابەرایەتی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) بەو ئەنجامە ڕازی نەبوو، کەوتە تاوانبارکردنی تەکەتولی نەیار بەپیلانگێڕان لەدژی بزوتنەوە بەپیلانو دەسیسەو دەستلەپشتدانی دەرەکی.

تەکەتولی نەیار بەتەکەتولی ڕابەرایەتی، بەتەکەتولی هاوپەیمانێتی ناسرابوو، بریتی بوو لەهاوپەیمانێتی دوو تەکەتولی سەرەکی نەیارو دژ بەدەسەڵاتی ڕابەرایەتی لەناو هەردوو بزوتنەوەکەی پێشوو، کە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) لێپێکهاتبوو، ئەو دوو تەکەتوولە بریتین لەتەکەتوولی مامۆستا عەلی باپیر لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)و تەکەتولی بەڕێز ئارام قادر لەناو(بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی).

پاش چەندین هەوڵو ناوبژیوانی بێئەنجام بۆ پێکهێنانەوەو چارەسەری ناکۆکییەکان، چ هەوڵو ناوبژیی ناوخۆیی، چ هەوڵو ناوبژیی دەرەکی، تەکەتوولی هاوپەیمانێتی بێئومێد بوون لەگەیشتن بەچارەسەر، دەرەنجام ڕۆژی(٣٠/٥/٢٠٠١)، نەك(٣١/٥/٢٠٠١)، بەیاننامەی جیابوونەوەیان لە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکی تازە بەناوی(کۆمەڵی ئیسلامی

لەکوردستان) بڵاوکردەوە، دواتر لەکۆنگرەیەکی داهاتووتری ڕێکخراوەکەیاندا، ناوەکەیان گۆڕی بۆ(کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان).

شایەنی باسە، لەدوای ڕوودانی جیابوونەوەو لێکترازانەکان، لەناو ریزەکانی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)دا، ئایەتی(واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا) پشتگوێخراو لەبری ئەو ئایەتە دوو ئایەتی تر بەکارهات بۆ شەرعیەتپێدان بەو جیابوونەوەو ناکۆکییانە، کەبریتین لەئایەتی(ولو شاء الله لجعلكم أمه واحدة)و ئایەتی(ولا تعاونوا على الاثم والعدوان).

١٢- ڕاستەوخۆ پاش جیابوونەوەی(کۆمەڵی ئیسلامی) لە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)، گروپێکی تر بەناوی(بێلایەنەکان) خۆیان ڕاگەیاندو خۆیان جیاکردەوە لە(کۆمەڵی ئیسلامی) تازە ڕاگەیەندراو، هەروەها خۆیان جیاکردەوە لەو بەشەی ترن کەبەناوی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)یەوە مابووەوە، لەژێر ڕابەرایەتی کۆچکردوو مامۆستا عەلی عەبدولعەزیزدا.

(بێلایەنەکان) لەسێ باڵ پێکهاتبوون، کەبریتین لەکۆمەڵێك کەسایەتیو لێپرسراوی بێلایەن بەسەرپەرشتی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی، هێزی(٢)ی سۆرانی(بزوتنەوەی ئیسلامی) پێش یەکگرتن لەگەڵ(بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی)، تەکەتوولی ئیسلاح، کەبریتی بوو لەتەکەتوولی مەلا کرێکار.

١٣- پاش سێ مانگ بەسەر خۆجیاکردنەوەی(بێلایەنەکان)، گۆڕان بەسەر هەڵوێستی(بێلایەنەکان)دا هاتو لێکترازان، ئەو باڵەی کەمامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی سەرپەرشتی ئەکرد، لەمانگی(٩) ساڵی(٢٠٠١)دا چوونە ناو(کۆمەڵی ئیسلامی)، بەهۆی ئەو چوونەوە، مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی کرایە پێشەوای(کۆمەڵی ئیسلامی)، لەولاوە هێزی(٢)ی سۆران، لەگەڵ(بەرەی تەوحیدی ئیسلامی)و دوو ڕێکخراوی تری سەلەفیی جیهادیی، لەڕۆژی(٢٠٠١/٩/١)، لەشارۆچکەی بیارە ڕێکخراوێکی تازەیان بەناوی(جوندلئیسلام فی کوردستان) ڕاگەیاند، باڵی مەلا کرێکار وەکو دوایین باڵی پاشماوەی(بێلایەنەکان)، بۆماوەی زیاتر لەسێ مانگ لەدوای

راگەیاندنی(جوندلئیسلام فی کوردستان) بێخۆساغکردنەوەی ئاشکرا بەهیچ لایەکدا، لەگوندی(گوڵپ)ی نێوان شارۆچکەی خورماڵو بیارە مانەوە، بەڵام دواتر لەگەڵ ڕێکخراوی جوندولئیسلامدا یەك ئەگرنو ڕێکخراوێکی تازە رائەگەیەنن بەناوی ڕێکخراوی(ئەنسارولئیسلام فی کردستان).

١٤- رۆژی(٢٠٠١/٩/١)، لەشارۆچکەی بیارە، ڕێکخراوی(جوندلئیسلام فی کوردستان) راگەیەندرا، لەئەنجامی یەکگرتنی(بەرەی تەوحیدی ئیسلامی)و هێزی(٢) ی سۆرانو دوو ڕێکخراوی سەلەفیی جیهادیی، یەکێکیان ڕێکخراوێکی عێراقیی بەناوی(کۆمەڵەی ئەلموەحەدوون) بەئەمیرایەتی ئەبو وائیل(سەعدون مەحمود عەبدوللەتیف ئەلعانی)، ئەوی تریان ڕێکخراوێکی ئوردنی بەناوی(ڕێکخراوی جوندلشام) بەئەمیرایەتی ئەبوعەبدولرەحمان ئەلشامی(رائید عەبدوڵلا خرێسات)، ئەمەی دواییان ڕێکخراوێك بوو، ئەبومەسعەبی زەرقاویی لەئەفغانستان لەناو عەرەب ئەفغانە ئوردنییەکاندا دروستیکردبوو، ئەبومەسعەب بەشێك لەو ڕێکخراوەی بەئەمیرایەتی ئەبوعەبدولرەحمان ئەلشامی ناردبوو بۆ لای هێزی(٢) ی سۆران لەبیارە.

١٥- پاش ئەو جیابوونەوەو لێکترازانانەی کەبەسەر(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)یدا هات، کۆچکردوو مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیز، رۆژی(٢٠٠١/٩/١٢)، لەبەیاننامەیەکدا(بزوتنەوەی ئیسلامی) راگەیاندەوە، ئیتر بەو بەیاننامەیە(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) بەرەسمی هەڵوەشایەوە.

١٦- پاش رزگارکردنی شاخی شنرویّ لەژێردەستی هێزە چەکدارەکانی(جوندلئیسلام فی کوردستان)، لەشەوی(٢/٣-١٠-٢٠٠١)و دەرکەوتنی لاوازییان لەشەری بەرەییدا، سەرانی ڕێکخراوی جوندلئیسلام کەوتنە گۆرینی شێوازی شەڕو شێوازی بەڕێوەبردنی ناکۆکیو ململانێ لەگەڵ(ی.ن.ك)، بۆ ئەم مەبەستە بەسود وەرگرتن لەهەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەو قۆستنەوەی باری جوگرافیای سەربازیی ناوچەکانی شەڕو روبەرووبوونەوە لەگەڵ(ی.ن.ك)دا بڕیاری گۆڕینی شێوازی شەریان، لەشەڕی بەرەییەوە، بۆ شەڕی پارتیزانیدا،

هەروەها بیریان لەدارِشتنی پلان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆر، لەدژی ئامانجە گەورەو گرنگو کاریگەرەکانی(ی.ن.ك) کردەوە، بەتایبەتی تیرۆرکردنی کەسایەتی پایەدارو لێپرسراوی بالاَ لەناو(ی.ن.ك)و حکومەتی هەرێمو چەندین ئامانجی سەربازییو مەتریالّی تری(ی.ن.ك).

لەبەرئەوەی رێکخراوی جوندلئیسلام، لەرووی پێکهاتەی دیمۆگرافییەوە، بێبەش بوو لەخەڵکی سلێمانیو دەوروبەری، کەپێویسی زۆریان بەئەندامو کادیرو چەکداری خەڵکی سلێمانیو دەوروبەری بوو بۆ سود لێوەرگرتن بۆ کاتی دارِشتنو جێبەجێکردنی پلانەکانی تیرۆر، یان بۆ جموجۆلّو ئامادەکارییەکانی شەڕی پارتیزانی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەمەلا کرێکارو گروپەکەی، کەزۆرینەیان خەڵکی سلێمانیو دەوروبەریین ئەتوانن ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە، لەم سۆنگەیەوە بڕیاری یەکگرتنیان دا لەگەڵ گروپی ئیسلاحی مەلا کرێکارو رازیبوون مەلا کرێکار ببێتە ئەمیری ئەو رێکخراوە تازەیەی، کەبەکردار لەرۆژی(٥/١٢/٢٠٠١)دا پێکهاتو رۆژی(١٠/١٢/٢٠٠١) ئەو رێکخراوە تازەیەیان بەناوی رێکخراوی(ئەنسارولئیسلام فی کوردستان) راگەیاند.

١٧- لەپاش پاکسازیی ناوچەی هەورامان لەرێکخراوی(ئەنسارولئیسلام ڤ کوردستان)، لەنیوەی دووەمی مانگی(٣)ی سالّی(٢٠٠٣)دا، پاشماوەی ئەو رێکخراوە، لەئاوارەییو لەخۆسازدانەوەدا بوونە دوو بالّ لەگەڵ هەندێ کادیرو چەکداری پەرتەوازە، بالّێکیان کەزیاتر لەکۆنە چەکدارەکانی(بەرەی تەوحیدی ئیسلامی)و(رێکخراوی جوندلشام) پێکهاتبوو لەگەڵ ئەبومەسعەبی زەرقاوییو چەندین گروپی سەلەفیی جیهادییو ژمارەیەك عەرەب ئەفغان، لەمانگی(٩)ی سالّی(٢٠٠٣)دا رێکخراوێکیان بەناوی(کۆمەڵی تەوحیدو جیهاد) بەرابەرایەتی ئەبومەسعەبی زەرقاویی لەفەلووجە راگەیاند، بالّەکەی تریان کەزیاتر لەکۆنە چەکدارەکانی هێزی(٢)ی سۆرانو(کۆمەڵی ئیسلاح)ی مەلاکرێکارو بەشێك لە(کۆمەڵی ئەلموەحەدوون) پێکهاتبوون لەگەڵ هەندێ گروپو کەسایەتی تری سەلەفیی جیهادیی یەکیانگرتو لەیەکەم رۆژی جەژنی قوربان، لە(١/٢/٢٠٠٤)دا،

بەهۆی ئەنجامدانی هەردوو کردەوە خۆکوژییە تیرۆریستییەکەی ناو مەڵبەندی(٣)ی(ی.ن.ك)و لقی(٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەولێر خۆیان راگەیاند بەناوی(رێکخراوی ئەنسارلسوننە).

١٨-(کۆمەڵی تەوحیدو جیهاد)، پاش دووپاتکردنەوەی بەیعەت بۆ ئوسامە بن لادن، لەسەر داوای رێکخراوی قاعیدە، ناوی رێکخراوەکەیان گۆڕی بۆ(قاعیدەی جیهاد لەوڵاتی رافیدەین)، ئەم رێکخراوە، لەدوای ئەو بەیعەتدانەوە کاری بۆ کۆکردنەوەی ئەو رێکخراوانەی تر کرد لەبەرەیەکدا، کە لەناو عێراقدا پەیڕەوی رێبازی سەلەفیی جیهادیی ئەکەن، یان خۆیان بەبەشێك لەرێکخراوی قاعیدە ئەزانن، یان هاوسۆزن بۆ رێکخراوی قاعیدە، لەم رووەوە(ئەنجومەنی شورای موجاهیدان)، بەسەرپەرشتی رێکخراوی(قاعیدەی جیهاد لەوڵاتی رافیدەین) راگەیەندرا، دواتر ئەم بەرەیە،(دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی) لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٦)، لەناو شاری رومادی راگەیاند.

١٩- بەشێك لەچەکدارە کۆنە دابڕاوو پەرتەوازەکانی رێکخراوی(ئەنسارولئیسلام فی کوردستان)، لەرۆژی(٢٢/٣/٢٠٠٧)دا، لەو دیو سنوورەکانەوە کەتیبەکانی کوردستانی سەر بە(دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی) یان راگەیاند.

٢٠- لەقۆناغی پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر راگەیاندنەوەی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەلایەن کۆچکردوو مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز، مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزی برای کەجێگری بوو، لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامی شوراو کادیر وازیان لەبزوتنەوەی ئیسلامی هێناو دانیشتن.

دوورکەوتنەوەو دانیشتنی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز چەند ساڵێکی خایاند، دواتر بەبڕیارێكو دوور لەبڕیاری کۆنگرە، داوا لەمامۆستا سدیق کرا بگەڕێتەوە بۆ ناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)و ببێتە رابەری گشتی، ئەویش ئەو داوایەی لەنیوەی یەکەمی ساڵی(٢٠٠٩)دا پەسەند کرد، ناوبراو ئێستا رابەری گشتی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یە.

٢١– لەقۆناغی پاش ڕاگەیاندنەوەی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەلایەن کۆچکردوو مامۆستا عەلی عەبدولعەزیزەوە، لەبەهاری ساڵی(٢٠٠٥)دا، ژمارەیەك کادیر لەبزوتنەوە جیابوونەوەو ڕێکخراوێکی تازەیان بەناوی(پەیوەندی ئیسلامی کوردستان) ڕاگەیاند، ئەم ڕێکخراوە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی(٢٠٠٩)دا چوونە ناو ڕێکخراوی(کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان).

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا بەدەر لەو ڕێکخراوو پارتو گروپانەی، کە لەڕێکخراوی ئیخوان موسلمینەوە سەرچاوەیان گرتووە، هیچ ڕێکخراوو گروپێکی تری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا سەریهەڵداوە، ئەگەر سەریهەڵداوە، بەڵکو ئاماژە بەئەوانیش بکەیت؟**

نیاز سەعید: ئەو ڕێکخراوو گروپانەی، کە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا، ئاماژەم پێکردنو تیشکم خستۆتەسەر چۆنیەتی دامەزراندنو لێکترازانو یەکگرتنەوەو جیابوونەوەکانیان، بریتین لەو ڕێکخراوو گروپانەی کە لەمنداڵانی ڕێبازو ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینەوە هاتوونەتە دەرێ، یان ئیخوان موسلمین دایكو داپیرەیانەو ئەوانیش ڕۆڵەو نەوەی ئیخوان موسلمینن، مەرج نییە ڕۆڵەو نەوە وەکو دایکیان، یان وەکو داپیرەیان بمێننەوە، بەڵکو ئەگۆڕێن، بەڵام ناتوانرێ نکووڵی لەئەسڵو بنەچە بکرێ، هەروەها ناکرێ کاریگەرییو نەخشو ڕۆڵی دایكو داپیرە بەنادیدەبگیرێ لەبواری پەروەردەو پێگەیاندنی ڕۆڵەو نەوەکانو کاریگەریی ئەو پەروەردەیە لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتارو داهاتووی ڕۆڵەو نەوەکان.

بێجگە لەو ڕێکخراوو گروپانەی، کە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکردوون، ژمارەیەك ڕێکخراوو گروپو تاقمی تری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، سەریانهەڵداوە تیایاندایە خۆی هەڵوەشاندۆتەوە، تیایاندایە تەنها لەکاتی بەیاننامەی ڕاگەیاندنەکەیدا دەرکەوتووەو دواتر دیار نەماوە، تیایاندایە ژمارەی ئەندامەکانی لەپەنجەکانی دەست تێنەپەڕیوە، تیایاندایە دەزگایەکی هەواڵگریی

بۆ ئامانجێکی کاتی دروستیکردووە، تیایاندایە دامەزرێنەرو بەرپرسەکانی بەشێنەیی خۆیان کێشاوەتەوەو دوورکەوتوونەتەوە، تیایاندایە خۆی کردووە بەناو پارت، یان رێکخراوێکی تردا.

لەنموونەی ئەو رێکخراوانە(بزوتنەوەی موجاهیدانی کوردستانی عێراق)، ئەم رێکخراوە لەساڵی(١٩٧٩) دا لەلایەن شێخ تاڵیب بەرزنجییەوە لەئێران راگەیەندراوە، ساڵانێکی زۆرە، ئەو رێکخراوە لەبەرچاو ونبووە،(لەشکری ئیسلامی کورد) ئەم رێکخراوە لەساڵی(١٩٨٠) لەئێران دامەزراو لەدوای تێکشکانێکی سەربازیی، کەبەسەریاندا هاتووە، هەڵوەشاوەتەوەو ناوی نەماوە،(بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد) ئەم رێکخراوە لەساڵی(١٩٩٠) لەئێران دامەزراوەو تاچەند ساڵێك بەر لەئێستا، لەناو شاری هەولێر تەواجودێکی زۆر سنوردارو بچووکی هەبووە،(جوندوڵلا)، ئەم رێکخراوە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەئێران دامەزراوەو دواتر دیار نەماوە،(بزوتنەوەی ئەنساروڵلا)، ئەم رێکخراوە لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو لەئێران دامەزراوەو هەر زوو ونبووە، (پارتی ئیسلامی کوردستان)، ئەم پارتە پارتێکی ئیسلامی سیاسی نەتەوەییە بۆ چوار پارچەی کوردستان، لەساڵی(١٩٨٠) دامەزراوە، ئەم پارتە لەناوەوەی هیچ یەکێك لەپارچەکانی کوردستان بوونو پێگەی نەبووەو نییە، بوونیان زیاتر لەئەمەریکاو ئەوروپایە،(حزبوڵلای شۆڕشگێری کورد)، ئەم پارتە لەرۆژی(١٩٨٣/١٠/٣) لەئێران دامەزراوەو رۆژی(٢٠٠٣/٥/١٤) لەلایەن شێخ ئەدهەم بارزانی سەرۆکی پارتەکەوە، ئەو پارتە بەرەسمی هەڵوەشێنراوەتەوە، (پارتی ئیسلامی نەتەوەیی کورد)، ئەم پارتە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لە(بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد) جیابۆتەوەو هەرزوو لەبەرچاو ونبووە، سەلەفییەکان(سەلەفیی لاحیزبیی)، ئەمانە بەشێوەی نارێکخراوو بەپچرپچریی لەهەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، لەبواری بانگەوازو پەروەردەی ئایینیدا کار ئەکەن، قۆناغی جیاجیایان بەخۆیانەوە بینیوەو تاکو ئێستا

بەردەوامن، خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی، یان ڕێکخراوەیی نین، بەڵام خاوەنی گۆڤارو ناميلكەو مزگەوتی تایبەت بەخۆیانن.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەو لێکترازانەکانی ناو(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا هۆکارەکان ململانێی ناوخۆیی بوو، یان دەستێوەردانی ئێران، یان دەستتێوەردانی(ی.ن.ك)و پارتی؟**

نیاز سەعید: بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین چەندین هۆکاری سەرەکی، کەهۆکاری ناوخۆیی بوون، لەگەڵ چەندین هۆکاری لاوەکیو ناڕاستەوخۆ کەهۆکاری دەرەکی بوون بوونە هۆی پەرەسەندنو زەقبوونەوەی جیاوازیو ناکۆکیو ململانێ ناوخۆییەکانی ناو(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)و بردنی ئەو بزوتنەوەیە بەئاراستەی لێکترازانو جیابوونەوە.

ئەزموونی لێکترازانو جیابوونەوەکان لەناو پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێ، کەهەمیشە دیاردەی دروستبوونی تەکەتوول ئەکەوێتە پێش قۆناغی لێکترازانو جیابوونەوە، هەروەها دیاردەی دروستبوونو سەرهەڵدانی ناکۆکی لەسەر دەسەڵات ئەکەوێتە پێش قۆناغی دروستبوونو سەرهەڵدانی دیاردەی تەکەتوول، لێرەوە تەکەتوول وەکو میکانیزمەیەك لەبەڕێوەبردنی ناکۆکیو ململانێی ناوخۆیی، لەناو پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا کاری پێکراوە، ئەوکاتەی کەدیاردەی تەکەتوول تەشەنە ئەسەنێو پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکان لەناو پارت، یان لەناو ڕێکخراوەکەدا ئەگاتە ئاڵۆزییو بنبەست، ئیتر لێکترازانو جیابوونەوە ڕووئەدا.

لەم سۆنگەیەوە، ئەتوانین بڵێین، یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی لێکترازانو جیابوونەوەکانی ناو(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی دیاردەی تەکەتوولو پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە، لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا.

دیاردەی تەکەتول لەناو(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) درێژبوونەوەی دیاردەی تەکەتوول بوو، لەناو هەردوو(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(بزوتنەوەی

راپەرینی ئیسلامی)، چونکە ئەو دوو بزوتنەوەیە بەهەموو ناکۆکیو گیروگرفتەو کێشەو تەکەتوولەکانیانەوە یەکیان گرت، بێئەوەی هیچ لایەکیان پێشووتر هیچ هەنگاوێکی چارەسەرکردنی نابێ ، وەك دەرئەنجامیش دەریخست ئەو یەکگرتنە نەبووە هەوێنو تیمار بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکان.

ئەزموونی ئەو یەکگرتنە دەریخست، پرۆسەی یەکگرتن لەنێوان ئەو دوو بزوتنەوەیەدا، بەگوێرەی چارەنووسەکەیو بەکردار بریتی بوو لەپرۆسەی پارچە پارچە کردن، چونکە بەگوێرەی پرۆسەی یەکگرتن دوو رێکخراو یەکیانگرت، بەڵام بەگوێرەی پرۆسەی پارچە پارچە کردنی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی)، ئەو بزوتنەوەیە لێکترازاو بووە زیاتر لەدوو رێکخراوو گروپ، کە لەوەڵامی پرسیاری شەشەمدا بەووردی ئاماژەم پێکردون.

لەناو ریزەکانی(بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) بەگشتیو(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی) بەتایبەتی چەندین کێشەو گیروگرفتو ناکۆکیو جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە ناکۆکیو جیاوازییەکان لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا بوارەکانی دیدو بۆچوونو تێگەیشتنو ئیجتیهادو فەتواو هەڵوێستو کاردانەوەو بڕیارو پەیوەندیو سەرچاوەی دارایيو رێکخستنو ئۆرگانو هێزی چەکداریی جیاوازی لەناو خودی قەوارەی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا گرتبۆوە، بۆ نموونە رادیۆی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەشاری هەڵەبجەی شەهید لێدانی مۆسیقای بەکارێکی ناشەرعیو حەرام نەئەزانیو لەپەخشی رادیۆکەیاندا مۆسیقای لێئەدا، کەچی کەناڵێکی رادیۆیی تری سەر بە(بزوتنەوەی ئیسلامی) کەرادیۆی مەڵبەندی کەرکوکی بزوتنەوە بوو لەشارۆچکەی خورماڵ لێدانی مۆسیقای بەکارێکی حەرامو ناشەرعی ئەزانیو لەپەخشی رادیۆکەیاندا مۆسیقای لێنەئەدا، هەروەها چەندین بڕیار، لەلایەن تەکەتولێك رەتکراوەتەوە، یان چەندین فەتوای مەکتەبی فەتواو دیراساتی شەرعی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، لەلایەن تەکەتولێك بەناشەرعی لەقەڵەمدراوەو کاری پێنەکراوە، ناکۆکیو ململانێکان گەیشتبووە ئاستێك ئەگەر تەکەتولێك،

یان باڵێك پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێك، یان لەگەڵ پارتێکی تر بەهێزو گەشەسەندوو بووایە، لەبەرامبەردا، تەکەتوول، یان باڵەکەی تر پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵات، یان لەگەڵ پارتێکی تری جیاوازدا، گەشە پێئەدا، کەناکۆك بێ لەگەڵ ئەو وڵاتە، یان ئەو پارتە سیاسییەی، کەپەیوەندی بەهێزو گەشەسەندووی هەیە لەگەڵ باڵ، یان تەکەتوولە نەیارو ناکۆكو رکابەرەکەی خۆی لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا.

ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە، بەمێژووی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا، بۆمان دەرئەکەوێ هەر لەسەرەتاکانی راگەیاندنی بزوتنەوەوە چەندین کێشەو ناکۆکیو دیاردە، لەناو ریزەکانی ئەو رێکخراوەدا هەبووە، ئەو کێشەو ناکۆکیو دیاردانە بوونەتە هۆکاری یاریدەدەرو رەخسێنەری زەمینەی بەپیتو بەبەرەکەت بۆ تەشەنەسەندنی دیاردەی تەکەتوول لەناو بزوتنەوەدا، ئەتوانم بڵێین دیاردەی تەکەتوول توانیبووی کار لەسەر ئەو کێشەو ناکۆکیو دیاردانەی تر بکا، کە لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا هەبووە، تەکەتوولەکان توانیبوویان باسکی خۆیانی پێ ئەستوورو پێ بەهێز بکەن، لەناو بزوتنەوەدا لەدژی یەکتریی.

ئەزموونو مێژووی(بزوتنەوەی ئیسلامی) دەریخست، لەکاتی راگەیاندنی ئەو بزوتنەوەیەدا پەلە پەلکراوە، بەوردی تاوتوێی باری رێکخراوەییو چۆنیەتی دامەزراندنەوەی هەیکەلی رێکخراوەیی ئۆرگانەکان نەکراوە، بەڵکو رێکخراوەکە زیاتر لەسەر بنەمای دەسەڵاتی رەهاو مەرکەزییەتی توندو ملکەچیو گوێڕایەڵی سۆزدارییانە دامەزراوەو براوە بەرێوە، نەك هەر بەتەنها بۆ خودی رابەری گشتی، بەڵکو بۆ لێپرسراوە باڵاکانی تر، بەتایبەتی لێپرسراوە سەربازییو سیاسیو ئاینیەکان، هەربۆیە ئەم بزوتنەوەیە کە لەسەرەتاکانییەوە ناکۆکیو ململانێی تیادا دروستبووە لەسەر دەسەڵات، ئیتر بەرەبەرە دیاردەی تەکەتوول گەیشتۆتە ترۆپكو بەدوایدا لێکترازانو جیابوونەوە لەو رێکخراوەکەدا سەریهەڵداوەو پەرەیسەندووە.

ئەتوانم بڵێم بەشێك لەو دیاردەو كێشەو ناكۆكیو جیاوازییانەی، كە لەسەرەتاكانی دامەزراندنییەوە، لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا هەبووە،(بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی)یش، بەشێوەیەكی سوكترو بچووكترو بەرتەسكتر، پیایا تێپەڕیوە.

لەكاتی یەكگرتنی هەردوو بزوتنەوەدا، هەردوولا بەو رەوشە رێكخراوەییەوە یەكیانگرت، بۆیە(بزوتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی)، نەیتوانی بەرگەی زیاتر لە(٢) ساڵ بگرێو لێكترازاو هەڵوەشایەوە بۆ زیاتر لەدوو رێكخراو.

سەبارەت بەرۆڵی هۆكاری دەرەكی بەشێوەیەكی گشتی لەلێكترازانو جیابوونەوەكانی ناو(بزوتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی)، ئەتوانم بڵێم كاریگەرییەكەی زۆر سنوردارو كەمو ناسەرەكی بوو، ئەگەر هەبووبێ ئەوا لەناو ئۆرگان، یان لەناو بازنەیەكی تەسكدا بووە، سەبارەت بەرۆڵی ئێرانو(ی.ن.ك)و(پارتی) ئەتوانم بڵێم ئێرانو(ی.ن.ك)و(پارتی)، نەك هەر دەستو رۆڵیان نەبوو لەهەڵوەشانەوەی(بزووتنەی یەكبوونی ئیسلامی)، بەڵكو هەوڵی زۆریشیاندا بۆ ناوبژیو پێكهێنانەوەی باڵو تەكەتوولە ناكۆكەكان، بەتایبەتی ئێران.

ئەگەر ئەوان لەنێوان خۆیاندا تەباو یەكڕیزو یەك هەڵوێستو هاوپشتی یەكتریی بوونایە چ هێزێك، چ زەبرێكو چ لایەنێك ئەیتوانی لێكیانبترازێنێو پارچە پارچەیان بكا.

**سەلام عەبدولكەریم: بۆچی لەساڵی(١٩٨٧)و لەكاتی دروستبوونی(بەرەی كوردستانی)دا، بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری ناكا، هۆكاری ئەم بەشدارینەكردنە دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

نیاز سەعید: سەركردایەتی سیاسی(بەرەی كوردستانی)و رێكخراوو پارتە سیاسییە بەشداربووەكانی ناو(بەرەی كوردستانی) خوازیاری بەشداریكردنی(بزوتنەوەی ئیسلامی)بوون، لەپێكهێنانی(بەرەی كوردستانی)دا، بەڵام(بزوتنەوەی ئیسلامی) مەیلو ئامادەیی تیانەبوو، بۆ بوونە ئەندامی(بەرەی

کوردستانی)، پێیوابوو ئەم بەرەیە بەرەیەکی علمانییەو ئاراستەیەکی ناسیونالیستی هەیە، لەبەرامبەردا سەرکردایەتی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، خۆی بەناکۆك ئەزانێ لەگەڵ رەوتی عەلمانی، هەروەها بزوتنەوەیان بەبەشێك لە(بزوتنەوەی ئیسلامی لەجیهان) لەقەڵەمئەدا، زیاتر بڕوایان بەهاوخەباتیو هاوپشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ هێزو رێکخراوو پارتەکانی تری ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا هەبوو، راگەیاندنی(بەرەی کوردستانی)، هاوکات بوو لەگەڵ گەرمبوونی شەڕ لەئەفغانستان لەدژی سوپای یەکێتی شۆرەوییو حکومەتی ئەفغانی سەر بەیەکێتی شۆرەویی، کەتیایدا ژمارەیەك لەرێکخراوو هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، خۆیان بەهاوکارو پشتیوانیکەری هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی لەئەفغانستان ئەزانیو لەگەڵیاندا ئەچوونە بەرەکانی شەڕو شەڕیان لەگەڵدا ئەکردن لەدژی سوپای شۆرەوییو سوپای ئەفغانستان، سەرکردایەتیو کادیرو چەکدارەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، لەژێر کاریگەریی شەڕی ئەفغانستاندا زیاتر باوەڕیان بەهاوکاریو کاری هاوبەشو هاوخەباتی لەگەڵ هێزی ئیسلامی سیاسیتر لەجیهاندا ئەزانی، نەك لەگەڵ هێزو رێکخراوەکانی رەوتی عەلمانی لەکوردستاندا.

**سەلام عەبدولکەریم: هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕی(ی.ن.ك)و بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵانی نەوەدەکاندا دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

نیاز سەعید: لەپێش راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی(١٩٨٧)دا، لەناو هەندێ لەرێکخراوو گروپەکانی سیاسیدا بۆچوونێکی تەکفیرییانە، سەبارەت بە(ی.ن.ك) هەبوو، لەهەمانکاتدا ئەشێ ئەم هەڵوێستە بەیەکێك لەهۆکارە ناراستەوخۆو لاوەکییەکانی بوژانەوەی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانو دروستبوونی گروپو رێکخراوی ئیسلامی سیاسی لەکۆتایی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەقەڵەمبدرێ.

لەگەڵ گەیشتنی ئەدەبیاتو بڵاوکراوەکانی رێبازی سەلەفیی جیهادییو دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی ئەو ئەدەبیاتە لەناو ریزەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)

ڕۆژبەڕۆژ دیاردەی تەکفیرکردنو ئاستی ڕقو داخلەدڵی لەناو هاوسۆزانو پەیڕەوکەرانی ڕێبازی سەلەفیی جیهادیی کەتاقمێك بوون لەناو بزوتنەوە، نەك هەموو(بزوتنەوەی ئیسلامی)، زیاتر تەشەنەی ئەسەند لەدژی(ی.ن.ك)، ئەو تاقمە، نەك لەقۆناغی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵکو بەر لەڕاپەڕینیش، ڕۆڵو کاریگەرییان هەبووە لەدروستکردنو تەشەنە پێسەندنی ناکۆکی لەنێوان(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(ی.ن.ك).

لەدوای ڕاپەڕینو پاش هەڵوەشانەی ئەو ڕێکخراوەی، کەمەلا کرێکار لە(بزوتنەوەی ئیسلامی) جیای کردبووەوە بەناوی(کۆمەڵی ئیسلامی)و دوای گەڕانەوەیان بۆ ناو(بزوتنەوەی ئیسلامی) لایەنگرانو هاوسۆزانو پەیڕەوکەرانی ڕێبازی سەلەفیی جیهادیی، دەستیان ئاوەڵاتر بوو کەوتنە کارکردن بۆ خۆبەهێزکردنو پاوانکردنی باڵی سەربازیی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، لەسەر ئەم بنەمایە لەساڵی(١٩٩٢)دا، مەلا کرێکار بووە لێپرسراوی مەکتەبی سەربازیی(بزوتنەوەی ئیسلامی)و کەوتە هەوڵی زیادکردنی ژمارەی چەکدارەکانو مەشقپێکردنیانو پەیداکردنی چەکی قورسو کردنەوەی دەیان سەربازگەو بارەگای سەربازییو بەهێزکردنی مۆڵگەو سەنگەری سەربازیی، لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر دروستکردنی هێزێك کە لەگەنجو لاو پێکهاتبوو، بەناوی هێزەکانی بەرگریی میللیو مەشقپێکردنیان بەلەسەرکردنی هەمان کڵاوی شەڕکەرەکانی شەڕی ئەفغانستان، کەخودی مەلاکرێکار بڕیاری دروستکردنی دابوونو ژمارەیان زیاتر لە(پێنج هەزار) چەکدار ئەبوو، زۆرینەی ئەو گەنجانە لەمزگەوتەکانەوە ڕێکخرابوونو بریتی بوون لەو گەنجانەی کەکەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕێبازی سەلەفیی جیهادییو وتارە ئاگرینو توندو پڕ لەجۆشو خرۆشەکانی مەلا کرێکار، کە لەساڵانی(١٩٩٢)و(١٩٩٣) لەمزگەوتەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیو هەولێرو گەرمیانو بنکەکانی مەشقو ڕاهێنانی سەربازییدا، پێشکەشیکردوون.

لەلایەکیتر ئەو ئەنجامە نەخوازراوەی، کە(بزوتنەوەی ئیسلامی)، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی(١٩٩٢)، بەرێژەی(٥٪)ی دەنگەکان بەدەستیهێنا، بەمەرجێ ئەو دەنگانە، هەر بەتەنها دەنگی لایەنگرانی خۆی نەبوو، بەڵکو دەنگی ئەندامو لایەنگرانی رێکخراوی ئیخوان موسلمینیشی تیابوو، لای بەشێك لەئەندامانی(م.س)و شورای ناوەندییو مەکتەبی سەربازییو فەرماندە سەربازییەکانو زۆرینەی چەکدارو ئەندام بووە هۆی دروستبوونی بێئومێدییو رەشبینی لەچەسپاندنی(دار الإسلام) لەکوردستان بەرێبازی ئاشتیو بەهەڵبژاردن، هەربۆیە لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتو رێبازی سەلەفیی جیهادییو پاش هەوڵو فشارو گوشارێکی زۆری مەلاکرێکار هاتنە سەر ئەو باوەڕەی، کەبیر لەچەسپاندنی(دار الإسلام) بکەنەوە، ئەویش بەرێگای سەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیایی سەربازیی لەدوو ناوچەداو کردنی بەدوو قەوارە بەناوی(دار الإسلام)، دواتر هەوڵدان بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوییو ناوچەی جوگرافی ئەو دوو(دار الإسلام)ە.

بیرۆکەی دامەزراندنی دەسەڵاتی(دار الإسلام)، بەزەبری دەسەڵاتی میلیشیایی سەربازیی، لەناو کۆبوونەوەیەکی شورای ناوەندی(بزوتنەوەی ئیسلامی) تاوتوێکراوە، کە لەرۆژی(١٩٩٢/٩/٢٠)، لەسەرئەشکەوتان لەبێتواتە، سازدراوە، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی دامەزراندنی دوو ناوچە بەناوی(دار الإسلام) کراوە، بەزەبری قەوارەی میلیشیا، یەکێکیان لەناوچەی پشدەر، ئەوی تریان لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامان، لەم رووەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەزموونی حزبوڵڵای شیعە لەلوبنانو چاویان لەئەوان کردبوو، کەدوور لەدەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت، بەزەبری میلیشیا قەوارەیەکی فەرمانڕەواییان بۆ حزبوڵڵا، لەباشوری لوبنان سەپاندبوو.

مەلا کرێکار یەکەم کەس بووە لەو کۆبوونەوەیەدا، کەبیرۆکەی چەسپاندنی(دار الإسلام)ی، بەسەر(دار الکفر) لەکوردستاندا خستۆتەڕوو، داکۆکی لێکردووە، چەندین ئەندامی شورای ناوەندییش پشتگیریی ئەو

بیرۆکەیەیان کردووەو تیایاندا بووە داوای کردووە لەسبەینێوە، واتە لەرۆژی(١٩٩٢/٩/٢١)ەوە دەست بەجێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە بکرێ، دواتر ئەو بیرۆکەیە کاری لەسەر کراوە، هەر لەچوارچێوەی ئەم بیرۆکەیەدا بوو کەبزوتنەوە ئامادەیی نیشانندەدا بۆوازهێنان لەمیلیشیای سەربازیی‌و یەکخستنی هێزەکانی لەناو هێزەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لەساڵی(١٩٩٢) دا، کەداوایەك بوو حکومەتی هەرێم ئاراستەی(بزوتنەوەی ئیسلامی) کرد بوو، بەڵام بزوتنەوە نەك بەپیرییەوە نەهات، بەڵکو کەوتنە هەوڵی بەهێزکردنی میلیشایەکەیان‌و هەوڵی بەهێزکردنی پێگەو قەبارەی چەکدارییان لەرووی ژمارەو جۆری چەکەوە، لەناوچەکانی پشدەرو هەڵەبجەو هەورامان، لەهەمانکاتدا رەتکردنەوەو ناپابەندیی خۆیان بەیاسای پارتە سیاسییەکان راگەیاند، کەپەرلەمانی کوردستان، لەو کاتەدا بڕیاری لێدابوو.

لەساڵانی(١٩٩٢)و(١٩٩٣)، مەکتەبی سەربازیی بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەو کاتەی کەمەلا کرێکار لێپرسراوی بوو، هەوڵی خۆ پڕچەککردن‌و خۆقایمکردن‌و زیادکردنی ژمارەی چەکدارەکان‌و مەشقی سەربازیی‌و پەروەردەکردنی ئایدۆیۆژییانەی چەکدارەکانیان لەسەر رێبازی سەلەفیی جیهادیی داوەو ئامادەیان کردوون بۆ سەپاندنی قەوارەی میلیشیایی بەناوی(دار الإسلام)و سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی فەرمانڕەوایی(بزوتنەوەی ئیسلامی) تیایدا، هەروەها بۆ بەرگریکردن لەو قەوارەیە، یان بۆ راگەیاندنی جیهادو بەرپاکردنی شەر بەسەر هەر هێزێکدا کەببێتە رێگرو کۆسپ لەبەردەم جێبەجێبوونی نەخشەو پلانەکانی(بزووتنەوی ئیسلامی) بۆ سەپاندنی قەوارەی میلیشیایی لەکوردستاندا.

رۆژبەرۆژ رێبازی سەلەفیی جیهادیی، مێشك ورەو دەروونی چەکدارەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)ی دەمارگیرترو توندترو خرۆشاوترو رقئەستوورتر ئەکرد لەدژی(ی.ن.ك)، چونکە ئەو دوو قەوارە میلیشیاییەی، کەئەیانوویست دروستی بکەن کەوتبوونە ناوچەی نفوزو قەڵەمڕەویی‌و ناوچەی

بنکەی جەماوەریی(ی.ن.ك)، ئەوان(ی.ن.ك) یان بەکۆسپو رێگر ئەزانی لەهاتنەدی ئەو نەخشەو پلانەیاندا، هەر بۆیە لەهەموو ساتێکدا باڵی میلیشیای(بزوتنەوەی ئیسلامی)و چەکدارەکانیان، ئامادەبوون بۆ روبەڕووبوونەوەی سەربازییو پەلاماردانو پێشێلکردنی یاساو پابەند نەبوون بەرێنمایی بازگەکان لەکاتی هاتوچۆدا، لەرووی دەروونیشەوە پڕو ئامادەبوون بۆ بەرپاکردنی شەڕ لەدژی(ی.ن.ك)، لەم سۆنگەیەوە لەساڵانی(١٩٩٢)و(١٩٩٣)دا چەندین روبەڕووبوونەوەو وردە شەڕی سنووردار لەسنوری گەرمیانو لەبازگەکاندا لەنێوان چەکدارە توندڕەوەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، کەبەسەلەفییە جیهادییەکانی گەرمیان ناسرا بوون، روویئەداو کۆنترۆڵ ئەکرا، بەڵام لەدواجاردا لەمانگی(١٢)ی ساڵی(١٩٩٣)دا، باڵی سەربازیی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، کەپەیڕەوکەرانی رێبازی سەلەفیی جیهادیی تیایا باڵادەستبوون هەڵگیرسانی شەڕیان لەدژی(ی.ن.ك)، کردە ئەمری واقیع بەسەر رابەرایەتی گشتیو مەکتەبی سیاسیو سەرجەم پێکهاتەی(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا، پاش ئەوەی کەناشتنی تەرمی کوژراوێکی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، کە لەروبەرووبوونەوەیەکی چەکدارە سەلەفییە جیهادییەکانی گەرمیاندا لەشارۆچکەی کفری کوژرابوو قۆستەوەو بەناوی مەراسیمی ناشتنەوە لەشاری رانیە، هێزێکی سەربازیی بێشوومariان ئامادەکردبوو لەناکاودا پەلاماری کۆمیتەی رێکخستنی(رانیە)ی(ی.ن.ك) یاندا، دواتر شاری رانیەو چوارقوڕنەو حاجیاوایان بەزەبری سەربازیی کۆنترۆڵکرد، بەدوایدا شەڕی سەرتاسەرییان لەدژی(ی.ن.ك) راگەیاندو دەستپێکرد، ئەوەبوو شەڕی سەرتاسەریی هەڵگیرساو ئەنجامەکەی بەپێچەوانەی پێشبینی ویستو ئارەزووی باڵی سەربازیی(بزوتنەوەی ئیسلامی) هاتەدی.

**سەلام عەبدولکەریم: بەشداریکردنی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەحکومەتی سلێمانی(ی.ن.ك)، دەرئەنجامی قەناعەتی فیکریی خۆیان بوو، یاخود کاریگەریو فشاری کۆماری ئیسلامی ئێرانیان لەسەر بوو؟**

نیاز سەعید: ئەتوانم بڵێم، هەردوو فاکتەر رۆڵی هەبوو، لەبەشداریکردنی(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەحکومەتی هەرێم لەساڵی(١٩٩٧)، فاکتەرێکیان لەقەناعەتی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبوو، هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی بۆشاییەکی کارگێڕیی حکومەت، لەدوای نەمانی هێزەکانی پارتی لەهەڵەبجەو هەورامان لەساڵی(١٩٩٦)دا، چونکە پێشووتر بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، شاری هەڵەبجەو ناوچەی هەورامان، لەساڵی(١٩٩٤)ەوە کەوتبووە ژێردەستی(پارتی)و(بزوتنەوەی ئیسلامی)،(پارتی) ئەرکی کارگێڕیی حکومەتی لەوێ گرتبووە ئەستۆ، بەتایبەتی لەرووی دابینکردنی بودجە بۆ مووچەی فەرمانبەرانو خەرجی فەرمانگەکان، ئەوەبوو پاش جێهێشتنی هەڵەبجەو هەورامان، لەلایەن هێزەکانی(پارتی) لەکۆتایی ساڵی(١٩٩٦)دا بۆشاییەك دروستبوو بوو،(بزوتنەوەی ئیسلامی) لەلایەك ویستبووی دەسەڵاتی خۆی بەپشتیوانی میلیشیاکەی بەتاکڕەوانە بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، لەلایەکی تریش بۆ دابینکردنی بودجە پشت بەحکومەتی هەرێم ببەستێ، ئەمە لەکاتێکدا کەزۆرینەی رەهای لێپرسراوانو چەکدارەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی)، بەخێزانەکانی زۆرینەیانەوە روویانکردبووە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامانو پێویستیان بەخانوو، مووچەو بژێوی هەبوو، بزوتنەوە دابینکردنی بودجەی فەرمانبەرانو دامودەزگای کارگێڕییو خزمەتگوزاریی ناوچەکەو دابینکردنی بودجە بۆ خۆیو بۆ موچەی چەکدارەکانی پێ جێبەجێنە ئەبوو، هەربۆیە ئەم هۆکارە رۆڵی هەبوو لەپاڵپێوەنان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ(ی.ن.ك)و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی تاران لەگەڵیدا، لەهاوینی ساڵی(١٩٩٧)دا.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر باڵی توندڕەوی رێبازی سەلەفیی جیهادیی، کەبڕوای بەخۆسەپاندنی زۆرەملێو تەکفیرکردنو شەڕکردن هەبوو، لەدوای شەڕی کۆتایی ساڵی(١٩٩٣)ەوە، بچووکبووبوونەوەو کەوتبوونە پەراوێزەوەو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ناوەندی بڕیارو دەسەڵات، لەناو بزوتنەوەدا نەمابوو، هەروەها

مەکتەبی سەربازییشیان لەژێر دەست دەرکرابوو، لەلایەکیتر بزوتنەوە، بەهۆی شەڕی(ی.ن.ك)ەوە، بووبووە خاوەنی ئەزموونێکی تاڵو ناخۆش، هەربۆیە لێپرسراوانی باڵای(بزوتنەوەی ئیسلامی)، ئەیانویست ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان بکەنە قەوارەیەکی میلیشیایی بەناوی(دار الإسلام) تاکو ببێتە ناوچەیەکی ئارامو ئاسایش، بۆ خۆیانو تیایدا درێژە بەقەوارە میلیشیاییەکەیان بدەن.

دەوڵەتی ئێران، وەکو فاکتەری سەرەکی دووەم، ڕۆڵی هەبوو، لەبردنی(بزوتنەوەی ئیسلامی) بەئاراستەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ(ی.ن.ك)داو ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی تاران لەگەڵیدا.

دەوڵەتی ئێران مەبەستی بوو بەچەسپاندنی ئاشتیو ئاسایش لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامان، بەر بگرێ بەهەر دۆخو ڕەوشێك، کەبەخراپی کار بکاتە سەر ڕەوشی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەناوچەکەدا، لەهەمان کاتدا ئەو ئاشتییەی بەپێویست ئەزانی بۆ بەهێزکردنی پێگەو نفوزی خۆی لەناوچەی هەڵەبجەو هەوراماندا، هەروەها ئەیویست لەبەرامبەر ڕۆڵی ئیقلیمی تورکیاو عێراقو دەستتێوەردانەکانیان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەویش کاربکا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا، نەبادا ناکۆکیو ململانێو دەستێوەردانەکان دەرئەنجامو کاردانەوەو دەرهاویشتەی نەخوازراویی بۆ دەوڵەتی ئێران لێبکەوێتەوە.

ئەتوانم بڵێم،(بزوتنەوەی ئیسلامی) هێزێکی سیاسییە، وەکو سەرجەم هێزە سیاسییەکانی تر، ئەو هێزە ماف بەخۆی ئەیا، بۆ مانەوەو بۆ بەرگریکردن لەتیانەچوونو بۆ خۆبەهێزکردنو گەشەکردنو بۆ باڵادەستبوون ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسی خۆی بکاو بەگوێرەی بەرژەوەندییە سیاسییەکان ڕەفتارو مامەڵە بکاو هەڵوێست وەربگرێ.

ئەو ڕۆژگارە(بزوتنەوەی ئیسلامی) پێیوابوو، کەبەهۆی لەبەرچاوگرتنو بەهەندوەرگرتنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان ئەبێ بەخۆیدا بچێتەوەو وازبهێنێ

لەتەکفیرکردنی(ی.ن.ك)و جیهادکردن بەسەریدا، هەروەها پیاچوونەوە بکا بەهەڵوێستی ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی بودجە لەحکومەت بەبیانووی ناشەرعیبوونو حەرامێتی داهاتی حکومەتو ناونانی حکومەتی هەرێم بە(دار الکفر)، بۆ ئەوەی ئیتر واز لەو تێگەیشتنو بۆچوونە تەسکبینو دەمارگیرو ناواقیعییانە بهێنێ، کە لەساڵی(١٩٩٢)و(١٩٩٣)دا، بەهۆی ڕێبازو ئەدەبیاتی سەلەفیی جیهادییەوە، لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا بڵاوبووبۆوەو دەماودەمی ئەکردو زاڵبووبوو، بێجگە لەزەرەرو تێکشکانو بچووکبوونەوە، هیچ ئەنجامێکی باشو بەسودی بۆ بزوتنەوە نەبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: شەڕی ناوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامیو(ی.ن.ك)، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا بەجێهێشت؟**

نیاز سەعید: شەڕی ناوخۆی نێوان(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(ی.ن.ك)، چەندین کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەگشتیو(بزوتنەوەی ئیسلامی) بەتایبەتی دروستکرد، کەخۆی لەم خاڵانەدا ئەبینێتەوە:

١- ئەو شەڕە بووە هۆی نادیدەگرتنی ڕێگای چەکداریو سەرهەڵدانی ڕێگای تر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، لەلایەن ڕێکخراوێکی تری ئیسلامی سیاسی، ئەویش لەڕێگای ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی خاوەن دامودەزگای جۆراوجۆر، تاکو بەهۆی چالاکیو کاریگەریی ئەو دامودەزگایانەوە، خۆیان لەکۆمەڵگەدا بەهێزبکەن، بەجۆرێك پێش گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی، جڵەوی کۆمەڵگەی پێبکەنو سودیان لەزەمینەی ئازادی سیاسیو دیموکراسی وەرگرتبێو چووبێتنە ناو پرۆسەکانی هەڵبژاردن. لەم ڕوانگەیەوە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لەکوردستانی عێراقدا، ڕاستەوخۆ پاش تێپەڕبوونی یەك مانگو نیو، بەسەر شەڕی(بزوتنەوەی ئیسلامی)و(ی.ن.ك)دا، هەلەکەی قۆستەوەو ڕێکخراوێکی تازەی بەناوی(یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان)، لە(١٩٩٤/٢/٦)دا ڕاگەیاند.

٢- ئەو شەڕە بووە هۆی لاوازبوونی پرۆژەی ئایدۆلۆژیی ڕێبازی سەلەفیی جیهادیی، کەپرۆژەیەکی تەکفیریی خۆسەپێنەرو شەڕخواز بوو، لەناو ڕەوتی

ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا. هەروەها بووە هۆی ئاوابوونی خۆری مەلا کرێکارو درەوشانەوەی ئەستێرەی کەسانیتر، لەناو(بزوتنەوەی ئیسلامی)یدا.

٣- هەڵگیرسانی ئەو شەڕەو ئەنجامەکانی، بووە هۆی پەرەسەندنی جیاوازیو ناکۆکیو ململانێ ناوخۆییەکانی ناو ریزەکانی(بزوتنەوەی ئیسلامی).

٤- یەکێك لەئەنجامەکانی تری ئەو شەڕە بریتی بوو، لەپەکخستنی سەپاندنی پرۆژەی دوو قەوارەی میلیشیایی، بەزەبری شەڕو ململانێی چەکداریی، بەناوی(دار الإسلام)، کەپەیڕەوکەرانی ڕێبازی سەلەفیی جیهادیی لەناو بزوتنەوەدا، لەو ساڵانەدا کاریان بۆ ئەکردو توانیبوویان پشتگیریی چەندین لێپرسراوو ئۆرگانو زۆرینەی فەرماندەی سەربازییو چەکداری(بزوتنەوەی ئیسلامی) بۆ بەدەستبهێنن، پاشئەوەی کەکاریان لێکردبوونو هێنابوویاننە سەر ئەو باوەڕەی، کەئەبێ بەزەبری سەربازیی قەوارەی(دار الإسلام)، لەکوردستاندا بسەپێنرێ.

٥- ئەو شەڕە بووە هۆی لاوازبوونو بچووکبوونەوەی قەوارەی میلیشیایی یەکێك لەهێزە میلیشیا بەهێزو گەورەکانی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا، مەگەر حزبوڵڵای لوبنانی ئێستا، لەرووی جۆری چەكو داراییەوە، نەك لەرووی ژمارەوە، لە(بزوتنەوەی ئیسلامی) ساڵانی(١٩٩٢-١٩٩٣) بەهێزتربێ، لەکاتێکدا ژمارەی چەکدارەکانی ئەوسای(بزوتنەوەی ئیسلامی)، لەسەروو(٢٠) هەزار چەکدارەوە ئەبوو.

**سەلام عەبدولکەریم: بەشداریکردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەئێستای ژیانی پەرلەمانییدا، دەرهاویشتەی قەناعەتی فیکرییو گۆڕانیانە لەبیرکردنەوەدا، یاخود تاکتیکێکی قۆناغە بەرەو گرتنە دەستی دەسەڵات؟**

نیاز سەعید: مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامی، کەبەناوی سیستمی خەلافەتەوە، پەیڕەوکراوەو دەوروبەری(١٣٠٠) ساڵ درێژەی کێشاوە، ئەزموونێکە لەرووی پیادەکردنی ئازادیو دیموکراسییەوە، زۆر نەدارو هەژارە، نەبوونی ئازادیو دیموکراسی لەسایەی سیستمەکانی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلامدا، بووەتە

رەخنەیەکی سەرەکیو جدیی، لەلایەن رەخنەگرانو نەیارانی ئەو سیستمەوە، هەربۆیە زۆرینەی رەخنەلێگرانی ئیسلامی سیاسی پێیانوایە، کەرەوتی ئیسلامی سیاسی، لەپاش هەڵوەشانەوەی سیستمی خەلافەت نەیتوانیوە بەخیتاب(گوتار)ێکی جیاوازتر، بانگەشە بۆ خۆی بکاو خۆی بناسێنێ، هەربۆیە متمانەیان بەبوونی مەیلو ئاراستەی دیموکراسی لای رەوتی ئیسلامی سیاسی، دوای هەڵوەشانەوەی سیستمی خەلافەت نییە. لەلایەکی تر چەندین ئەزموونی ئیسلامی سیاسی دژە دیموکراسی لەجیهانی ئیسلامییدا هەیە، کەتیایدا پێشێلی ئازادیو بنەما دیموکراسییەکانو مافەکانی مرۆڤو مافی ژنانی تیائەکرێ، چ وەکو دەوڵەتی ئایینی، کەچەند دانەیەك هەیە، چ وەکو رێکخراو، یان پارتی ئیسلامی سیاسی، کەژمارەیەکی زۆر هەیە، تیایاندایە تەکفیری دیموکراسی لەسەر بنەمای لێکدانەوەی مانای وشەی دیموکراسی ئەکا، کەبەمانای(فەرمانڕەوایی گەل)دێو پێیانوایە ئەبێ فەرمانڕەوایی بۆ(خوا)بێ، نەك بۆ(گەل)، لەم رووەوە خۆیان بەهێزە پیرۆزەکەی نوێنەری(دەسەڵاتی خوا) لەسەر زەوی لەقەڵەمئەدەنو نەیارەکانیش بە(زەوتکەری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خوا)، تیایاندایە بەئاشکرا رایگەیاندووە ئەوەندە باوەڕی بەدیموکراسی هەیە، تاکو بەهۆی چەکی دیموکراسییەوە، خودی دیموکراسی رەتبکاتەوە، تیایاندایە کەئۆپۆزیسیۆن بووە، هێزێکی دیموکراسخواز بووە، بەڵام کەبووەتە فەرمانڕەوا، یان کەچووەتە قۆناغی پراکتیککردنی دەسەڵاتەوە نەیتوانیوە ببێتە هێزێکی پەیڕەو دیموکراسی.

بۆچوونێکی سەرەکیو زاڵ هەیە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ئیسلامی سیاسیو دیموکراسی، ئەم بۆچوونە پێیوایە هەڵوێستی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەسەر دیموکراسی بەشێوەیەکی سەرەکی دابەش ئەبێ بەسەر دوو جۆر هەڵوێستدا، هەڵوێستێکیان لەسەرەتاوە تاکۆتایی دیموکراسی تەکفیر ئەکاو رەتی ئەکاتەوە، پەیڕەوانی ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی خۆیان راگەیاندووەو کاری پێئەکەن، هەڵوێستەکەی تر، بریتییە لەدووپاتکردنەوەی هەمان هەڵوێست، بەڵام

بەشاراوەییو رانەگەیەندراوییو لەسەرنانی دەمامکێك لەسەری، ئەم جۆرە هەڵوێستە هەوڵئەدا سود لەزەمینەی دیموکراسی وەربگرێ، تاکو بەهۆی دیموکراسییەوە تەشەنە بسەنێو باڵادەستببێ. لەم رووەوە خۆی بەهێزێکی دیموکراسی پیشانئەدا، ئەم هەڵوێستە لەبنەڕەتدا هەڵوێستێکی دیموکراسیخوازانەیە لەقۆناغی ئۆپۆزیسیۆنیدا دیموکراسی بۆ خۆی ئەوێ تائەوکاتەی، کەدەسەڵات ئەگرێتە دەست، کەدەسەڵاتی گرتەدەست لەبری هێزێکی پەیڕەو دیموکراسی ئەبێتە هێزێکی پێشێلکەرو رەتکەرەوەی دیموکراسی. هەڵگرانی ئەو بۆچوونە پێیانوایە، هەڵوێستی دووەم لەرەوتی ئیسلامی سیاسی لەسەر دیموکراسی بەهۆی ئەو پرۆژەی گۆڕانکارییەی، کەهەڵیگرتووە هەوڵئەدا بەناوی بانگەشەی ئایینیو پەروەردەی ئایینیو گەڕانەوە بۆ دابونەریتی رەسەنو کارکردن بەفەتواو پاکردنەوەی ئاین لەبیدعەو گێڕانەوەی رەوشتی ئایینیو جێبەجێکردنی رێبازی راستەقینەی ئایینی ئیسلامو گەڕانەوە بۆ رێبازی پێشینەی پیاوچاکانو بەرەنگاربوونەوەی عەلمانیو بەگژاچوونەوەی کولتورو مەعریفەی رۆژئاواییو پاراستنی ناسنامەوە بنەماو کولتوری دیموکراسی لەکۆمەڵگەدا هەڵبتەکێنێو ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی وابخاتە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیاکەی خۆیەوە، کەتاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە خۆیان بەخۆرسكو بەسروشتی، بەئارەزوو، بەمەبەست، بەمەیلی خۆیان باوەڕیان بەدیموکراسی نەمێنێو رەتیبکەنەوە.

لەبەرانبەردا بۆچوونێکی تر هەیە، پێیوایە کەهەندێ لەرێکخراوو هێزەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسی، پاش خۆهەڵسەنگاندنو بەدیدەگرتنی ئەزموونەکانو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دیموکراسی، ئەیانەوێ ببنە بەشێك لەسیستمی دیموکراسی لەهەندێ وڵاتدا، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی نەبوونەتە جێگای متمانەو دڵنیایی، چونکە گومان لەسەر ئەم هەڵوێستەیان هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی، کەئەو رێکخراوو هێزانە شانبەشانی بڕوابوون بەرێبازی دیموکراسی، نەهاتوون ریفۆرمی فیکریی لەناو پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکەیاندا ئەنجامبدەن،

ئیسلامی سیاسی ئەبێ ئەو ترسو گومانە بڕەوێنێتەوەو پرۆسەی ریفۆرمو گۆڕانکاریی لەچۆنیەتی تێگەیشتن لەئاینو پەیوەندی نێوان ئاینو کۆمەڵگەو پەیوەندی نێوان ئاینو دەسەڵات ئەنجامبداو ریفۆرمەکە تەنها لەروخسارو رواڵەتی ئەندامەکانیدا قەتیس نەکات، لەنموونەی لەملکردنی بۆینباخو لەبەرکردنی قاتو هێشتنەوەی ریش بەتەنکیو بەرێککراوەییو بەکارهێنانی فلچە لەبری داری سیواکو...هتد، بەڵکو ئەبێ ریفۆرمەکە شۆڕ بکاتەوە بۆ بواری ئایدۆلۆژییو عەقڵ بکاتە سەرچاوەی بیرکردنەوەو بڕیارو بڕوا بهێنێ بەئازادی رەهایانەی عەقڵ لەبیرکردنەوەدا، نەك عەقڵ کۆتو بەند بکا بەپابەندبوونی دۆگماییو نەقڵانیو دەمارگیرییو شمولییو پیرۆزیی بەدەقەکانەوە. هەروەها ئەبێ کۆمەڵگە دڵنیابکاتەوە لەو ترسو گومانو نیگەرانییانەی کەهەیانە بەهۆی ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی، کەدیاردەی ئیسلامی سیاسی لەزۆرینەی دەوڵەتو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەسەر دەوڵەتو کۆمەڵگەو تاکەکان دروستیانکردووە.

لەم سۆنگەیەوە ئەتوانم بڵێم، هێشتا ماویەتی، زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی متمانەو باوەڕ بەرەوتی ئیسلامی سیاسی بکا لەبەرزکردنەوەو هەڵکردنی دروشمی دیموکراسی. رەوتی ئیسلامی سیاسی چانسو دەرفەتی زۆری لەبەردەمدا ماوە، بۆ سەلماندنی پەیڕەو دیموکراسیبوونی خۆی، نەك سەلماندنی دیموکراسیخواز بوون، چونکە دیموکراسیخواز بوون بۆ خۆیەتی، بەڵام پەیڕەو دیموکراسیبوون بۆ خۆیو بۆ کۆمەڵگەیە.

**سەلام عەبدولکەریم: ئایا لەتوانای رەوتی ئیسلامی سیاسییدایە ببێتە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا، بەرەو گرتنە دەستی دەسەڵات لەکوردستاندا؟**

نیاز سەعید: لەقۆناغی(١٨) ساڵی رابردوودا، رەوتی ئیسلامی سیاسی لەدوای(ی.ن.ك)و(پارتی)، هێزی سێیەم بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا لەکوردستاندا، هۆکاری ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەناویاندا نائامادەیی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەخەباتی رزگاری نەتەوەیی، دابڕانیان لەواقیعی کوردستانو بوونی پەیوەندی ئۆرگانیکی

هەندێکیان بەدەرەوە، تەقلیدییەتی پرۆژە ئایدیۆلۆژیی‌و سیاسییەکەیان، کێشەو ناکۆکی‌و ململانێکانی نێوان خۆیان، بەهێزی رەگو ریشەی رەوتی عەلمانی لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا، کەمئەزموونی‌و نەشارەزایی لەکاری سیاسی‌و رێکخراوەییدا، ئەگەر وانییە بۆچی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەقۆناغی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا نەیتوانی ببێتە ئەلتەرناتیفی رەوتی عەلمانی، یان نەیتوانی ببێتە هێزی دووەم، یان نەیتوانی ببێتە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان، کەرێژەکەی خۆی(٢٥٪)ی کۆمەڵگەی کوردی بدا، لەکاتێکدا قۆناغی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، قۆناغێکی زێرین‌و زەمینەیەکی زۆر بەپیت‌و بەبەرەکەت‌و پڕ لەهەل‌و چانس بوو بۆ تەشەنەسەندن‌و باڵادەستبوونی رەوتی ئیسلامی سیاسی، بەتایبەتی بەهۆی ئابلۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتی‌و ئابلۆقەی ئابووریی عێراق‌و بەهۆی ئەو هەموو کێشەو گرفتە ئابوری‌و کۆمەڵایەتییانەی کە لەو قۆناغەدا تەشەنەی سەندبوو؟ هەروەها بەهۆی شەڕی ناوخۆو دیاردەی کۆچ بەرەو رۆژئاوا، کەزۆرینەی نوخبەی عەلمانی کۆمەڵگەی کوردی هەڵلووشی.

ئەگەر رەوتی ئیسلامی سیاسی تاکو سەرەتای ساڵی دوو هەزارەکان نەیتوانیبێ ببێتە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا بۆ قۆستنەوەی ئەو زەمینەو بارودۆخانەی ئەگەر بەراووردی بکەی بەقۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، دەرئەکەوێ واقیع‌و رەوشی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، لەقۆناغی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو جیاوازترەو زەمینەی تەشەنەسەندنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەچەشنی نەوەدەکانی سەدەی رابردووی تیانییە، لەهەمانکاتدا جۆری کێشەو قەبارەی کێشەو ئاستی کاریگەرییەکانی کێشەکانیش، کەمترن لەجاران، ئەوا ئەتوانم بڵێم زەمینەو بارودۆخەکان لەم قۆناغەدا هاندەرو یارمەتیدەرنین بۆ بوونی رەوتی ئیسلامی سیاسی بەهێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵات، چونکە ئەو توانایە لەم قۆناغەدا لەسەروو پرۆژەو تواناو وزەو ئیستیحقاق‌و ئامادەیی ئەوانەوەیە،(بەندە) بەگومانم لەگەیشتنی رەوتی ئیسلامی سیاسی بەو قۆناغە،

چونکە قۆناغی زێرینی تەشەنەسەندنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا لەرووی زەمینەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە بەسەرچوو. کۆمەڵگەی کوردی ئەوانیشی ناسیو لەوانیش تێگەیشت. هەروەها چەندین نموونەی پراکتیکی بچووکتری ئەوانیشی بینی لەپرۆسەی فەرمانڕەوایی لەناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان. هەروەها ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنبوونو هاوبەشیکردنی ئەوانیشی بینی لەناو حکومەتی ئیئتیلافی هەرێمی کوردستان.

**سەلام عەبدولکەریم: زۆرجار هێزەکانی ئیسلامی سیاسی نەبوونی کەشو هەوای ئازادیی سیاسیو دیموکراسی تەواو لەکوردستاندا بەپاساو دادەنێن، لەوەی، کەنەیانتوانیوە ببنە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی کارا، لێکدانەوەت لەسەر ئەم بیروڕایە چۆنە؟**

نیاز سەعید: من بەپێچەوانەوەی ئەبینم، پێموایە ئەو ئازادییە سیاسیو دیموکراسییەی، کە لەکوردستاندا بەگشتیو لەم ناوچەیەی ئێمەدا بەتایبەتی بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی رەخساوە، بۆ هیچ هێزو رێکخراوێکی تری ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا نەڕەخساوە. لەزۆرینەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئەگەر رێگە درابێ بەکارکردنی ئازادانەی رەوتی ئیسلامی سیاسی، ئەوا رێگەیان پێنەدراوە ببنە خاوەنی میلیشیا، یان لەزۆرینەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەدەستورو یاسای پارتە سیاسییەکان دروستبوونو کارکردنی رێکخراو، یان پارتی ئیسلامی سیاسی قەدەغە کراوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ئەکرێ. لەهەمانکاتدا لەهەندێ لەوڵاتە ئیسلامییەکانی تردا لەپەراوێزێکی تەسکی ئازادی سیاسیو دیموکراسییدا، رێ بەکارکردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی دراوەو تیایدا مەرجی کارکردنو چوارچێوەی هەڵسوڕانو جۆری چالاکییەکانیان دیاریکراوو سنوردار کراوە. هەروەها لەچەندین وڵاتدا، رێگە بەهێزەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسی نادرێ بەشداری لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا بکەن، یان ئەگەر نموونەی حزبوڵڵای لوبنانو رێکخراوی حەماسی فەڵەستینیو هەندێ رێکخراوی تری ئیسلامی سیاسی عێراقی لێدەربکەین هیچ رێکخراوێك، یان پارتێکی ئیسلامی

سیاسی، لەجیهانی ئیسلامدا خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیو کەناڵی تەلەفزیۆنو رادیۆی ناوخۆیی نییە. بێجگە لەپاکستانو یەمەنو شیعەکانی عێراق، لەهیچ وڵاتێکیتردا رەوتی ئیسلامی سیاسی خاوەنی خوێندنگەی ئایینی مۆڵەتپێدراوو رەسمی نییە. لەهیچ وڵاتێکدا رەوتی ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە بەئاشکرا رێکخراوی خێرخواز دروستبکات، یان لقی رێکخراوی خێرخوازی نێودەوڵەتی بهێنێتە ناو وڵاتو بەکاری بهێنێ بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی. لەهەمانکاتدا بێجگە لەحزبوڵڵای شیعە لەلوبنانو بزوتنەوەی تاڵیبان لەئەفغانستان هیچ هێزێکیتری رەوتی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا، خاوەنی قەوارەی میلیشیایی نەبووە بەناوی(دار الإسلام)، یان لەهیچ وڵاتێکدا رەوتی ئیسلامی سیاسی بۆی نەبووە بەوپەڕی ئازادی بێسنورو بێئاگاداریی وەزارەتی ناوخۆ وەفدی بنێرێتە دەرەوەی وڵات، یان پشت بەسەرچاوەی دارایی دەرەکی ببەستێ بۆ بەدەستهێنانی پارە. لەهیچ وڵاتێکدا رێکخراوی خێرخوازی ئیسلامی نەیتوانیوە بەنهێنی پارە کۆبکاتەوە، یان وەریبگرێ، یان خەرجی بکات، بەڵکو ئەبێ لایەنی پەیوەندیداری لێئاگاداربکاتەوە. لەهیچ وڵاتێکدا ئیسلامی سیاسی رێگەی پێنەدراوە بەوپەری ئازادی بەناوی بانگەشەی ئایینیو پەروەردەی ئایینیەوە هەزاران منداڵو هەرزەکار لەریزەکانیدا رێکبخات، یان بۆی نەبووە ژمارەیەك لەپێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتەکان بکاتە کادیری رێکخراوەکەی خۆیو سود لەپێگەو نفوزو رۆڵی ئایینیان وەربگرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی مزگەوتەکانو قۆستنەوەی هەستو سۆزی ئایینی خەڵكو وروژاندنو جۆشدانی ناخیان لەدژی حکومەتو رێکخراوو پارتە عەلمانییە نەیارەکانو کەسبکردنیان بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی. لەهیچ وڵاتێکدا رەوتی ئیسلامی سیاسی بۆی نەبووە مزگەوت بکاتە بارەگای خۆیو کۆبوونەوەو خولی پەروەردەکردنی ئەندامو کادیرانی تیا ئەنجامبداو... هتد.

کەچی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، رەوتی ئیسلامی سیاسی، لەرووی یاساییەوە مۆڵەت بەدروستبوونو کارکردنی دراوەو قەدەغە نەکراوەو هیچ

مەرجێكیان لەسەر دانەنراوە بۆ كاركردن، ئازادانە بەشدارییان لەپرۆسەكانی هەڵبژاردنو پرۆسەی فەرمانڕەواییدا كردووە. جاری واهەبووە دوو پارتە عەلمانییەكەی كوردستان نەك دووریان نەخستوونەتەوە لەپرۆسەی فەرمانرەوایی، بەڵكو گوشارو تینیان بۆ هێناون بۆ بەشداریكردن لەپێكهێنانی حكومەتدا. هەروەها خاوەنی دوو كەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانییو ژمارەیەكی زۆری كەناڵی تەلەفزیۆنو رادیۆیی ناوخۆیین، بەئازادی چەندین رۆژنامەو گۆڤار دەرئەكەنو بڵاوی ئەكەنەوە، هەزاران نامیلكەو كتێبیان چاپكردووەو بڵاوكردۆتەوە، بەئاشكرا سەدان بەیاننامەیان بڵاوكردۆتەوە، هەزاران كاسێتی ڤیدیۆییو ریكۆردەرو سیدییان تۆماركردووەو بڵاوكردۆتەوە، خاوەنی ژمارەیەكی زۆری رێكخراوی پیشەیی تایبەت بەخۆیانن، لەهەموو شارو شارۆچكەكاندا بارەگایان هەیە، بەردەوام كۆرو چالاكی سیاسیو راگەیاندنو كولتووریی‌و كۆمەڵایەتی ئەنجامئەدەن، خاوەنی چەندین یانەو تیپی وەرزشیو هونەریین، تاچەند مانگێك بەر لەئێستا خاوەنی خوێندنگەی ئایینی مۆڵەتپێدراو بوون، وەزارەتی ئەوقاف لكاندنی بەخۆیەوە، خاوەنی چەندین رێكخراوی خێرخوازن، كەبەپلەی یەكەم بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەكاریانهێناونو لەپشتی هەر هەنگاوێكی خێرخوازییەوە هەنگاوێكی سیاسیو رێكخراوەییان هاویشتووە بۆ هێنانەدی ئامانجو دەستكەوتی سیاسیو رێكخراوەیی، بێئەوەی لایەنی پەیوەندیداریشیان لەحكومەتدا ئاگادار كردبێتەوە. بۆ زانینو ناسینی مەرجەعییەتی ئەو رێكخراوانەو بەرچاوروونی لەسەر سەرچاوەی دارایی‌و بری پارەی وەرگیراوو بری پارەی خەرجكراوو چۆنیەتی خەرجكردنی پارەكانو جۆری چالاكییەكانی ئەو رێكخراوە خێرخوازانە. هەروەها توانیویانە بەئازادی‌و بەبێئاگاداركردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ وەفدیان بنێرنە دەرەوەی كوردستانو لەناوەوەی وڵاتیش پێشوازیی لەچەندین وەفدی ئیسلامی سیاسی دەرەوە بكەن، توانیویانە بەئازادانە دەیان زەمالەی خوێندن لەسعودیەو یەمەنو سۆدانو مالیزیا، بۆ ئەندامو كادیرەكانیان بەدەستبهێننو بیاننێرنە دەرەوە، پاش

تەواوکردنی خوێندنو گەڕانەوەیان، توانیویانە لەزانکۆو پەیمانگەکانی کوردستاندا بەلیست دایانمەزرێنن. توانیویانە هێزی چەکدارو میلیشیا دروستبکەن، توانیویانە بۆ ماوەی نزیکەی(١٠)ساڵ ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان بەزەبری میلیشیا بەناوی(دار الإسلام) لەقەڵەمڕەویی حکومەتی هەرێم دابڕنو تاکڕەوانە خۆیان فەرمانڕەوایی تیا بکەن. توانیویانە بەبڕیارو مۆرو ئیمزای خۆیان بڕوانامەو ئیجازەی مەلایەتی بدەنە ژمارەیەکی بەرچاو لەکادیرەکانی خۆیانو بەهەر شێوەیەك بێ، بیانکەنە پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتەکانو بەکاریان بهێنن بۆ خزمەتکردنی سیاسەتو بەدەستهێنانی دەستکەوتو بەرژەوەندی سیاسی بۆ خۆیان. توانیویانە هەزاران منداڵو هەرزەکاری خوار تەمەنی(١٨) ساڵ، کەپێچەوانەی ناوەڕۆکی یاسای پارتە سیاسییەکانە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لەریزەکانیاندا ڕێکبخەنو بیانکەنە ئەندامو لایەنگر، توانیویانە لەیەك کاتدا بەشداربن لەحکومەتداو لەهەمانکاتیشدا ئۆپۆزیسیۆن بن لەدژی حکومەت، توانیویانە چەندین فەتوا بۆ سنوردارکردنی ئازادییەکان دەربکەن، توانیویانە موچەی بڕاوە، بۆ هەزاران لێپرسراوو کادیری خۆیان لەدەرەوەی عێراق دابین بکەن بەناوی بانگخوازی ئیسلامی موتەفەریغەوە، توانیویانە خۆنیشاندان ڕێکبخەنو ئەنجامی بدەن، توانیویانەو توانیویانە... هتد.

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کەئیدیعای نەبوونی کەشوهەوای ئازادی سیاسیو دیموکراسی تەواو لەکوردستاندا ئەکەنو پێیانوابووە نەبوونی ئازادی سیاسیو دیموکراسی تەواو ڕێگر بووە لەبەردەم بوونیان بەهێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارا، با بەراووردێ بکەن لەنێوان سنوری ئازادیو زەمینەی دیموکراسی کارکردنی خۆیان، لەگەڵ هێزو ڕێکخراوەکانی تری ئیسلامی سیاسی لەمیسرو تونسو لیبیاو مۆریتانیاو جەزائیرو سوریاو وڵاتەکانی کەنداوو ئەردەنو جەزائیرو وڵاتانی تری ئاسیا، یان کەخۆیان بەئۆپۆزیسیۆن ئەزانن، با لەرووی دەرفەتی ئازادی کارکردنو ڕەخسانی زەمینەی دیموکراسییەوە خۆیان بەراوورد بکەن

لەگەڵ رادەی ئازادی کارکردنو زەمینەی دیموکراسی رەخساو بۆ(پارتی دادو گەشەپێدان لەتورکیا)، کەپارتێکی فەرمانرەوای تاکلایەنەیە لەتورکیاو لای ئەوان بەپارتێکی ئیسلامی سیاسی ناسراوە. ئەو پارتە هەرچەندە هەر خۆی بەتەنها فەرمانڕەوایەو بەتاکڕەوانە حکومەت ئەبا بەڕێوە، کەچی چارەکی هێندەی ئەمان لەکوردستاندا ئازادی کارکردنو هەڵسوڕانو ئەنجامدانی چالاکیو جموجۆڵی نییە، چونکە لەزۆر بواردا ئەو پارتە(زۆرینە)یە لەپەرلەمانو ئەو پارتە(تاکلایەنە)یە لەبەرێوەبردنی حکومەتدا. لەلایەن(سوپا)و(دادگای باڵای دەستوریی تورکیا)وە پانتایی ئازادی کارکردنو سنوری دیموکراسییان لێتەسککراوەتەوە، تەنانەت ئازادی ناونانی پارتەکەشیان لێزەوتکراوە، مەگەر هەر خۆیان بزانن چی ئەقەومێ، ئەگەر پاشگرێکی(ئیسلامی) بخەنە پاڵ ناوەکەیانو بیکەن بە(پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی لەتورکیا).

من پاکانە ناکەمو ناڵێم هیچ پەرچە کردار، یان کاردانەوەیەکی نادیموکراسی لەبەرامبەر رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا نەکراوە، بەڵکو چەندین جار لەئاستێکی سنوردارو لەناوچەیەکی دیاریکراوو بەهۆی ئیجتیهادی کەسێك، یان لێپرسراوێك رەفتاری نادیموکراسی لەدژی رەوتی ئیسلامی سیاسی ئەنجامدراوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کەئازادی سیاسیو دیموکراسی تەواو لەرەوتی ئیسلامی سیاسی زەوتکرابێ، بەڵکو کاتیی بووە، یان چارەسەر کراوە، یان لەئەنجامی هەڵە تێگەیشتنەوە بووە، یان جاری واهەبووە لەکاردانەوەی کردار، یان هەڵوێستێکی ئیستیفزازییانەی خودی ئیسلامی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەبارەت بەئازادی رەهاو دیوکراسی بێسنور بۆ ئیسلامی سیاسی بۆچوونێکیتر لەبەرامبەردا سەریهەڵداوە، پێیوایە زەمینەیەکی دیموکراسیو ئازادییەکی رەهای بێسنورو بێ چوارچێوەی یاسایی رەخسێنراوە بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی، پێویستە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، بەڵکو سنورێکی یاسایی بۆ دابنرێ.

**سەلام عەبدولکەریم: تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە مۆدێلی ئیسلامی سیاسی لیبڕاڵ لەنموونەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا، لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا سەرهەڵبدات؟ ئایا مۆدێلی ئیسلامی سیاسی لیبڕاڵ توانای جێگرتنەوەو شوێن پێلێژکردنی ئەم مۆدێلانەی ئێستای ئیسلامی سیاسی هەیە؟**

نیاز سەعید:(پارتی دادو گەشەپێدان) لەتورکیا، پارتێکە جیاوازترە لەهەموو پارتەکانی تری رەوتی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا، ئەم پارتە زیاتر لەئەزموونی پارتە دیموکراس مەسیحییەکانی ئەوروپای رۆژئاواوە نزیکە. ئەم پارتە زادەی کۆمەڵگەو سیستمێکی مۆدێرنو پێشکەوتووە لەجیهانی ئیسلامییداو بەرهەمی واقیعی کۆمەڵگەی تورکییە، کەبریتییە لەکۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو لەدەوڵەتێکی بەئایین ئیسلامو خاوەنی سیستمی خەلافەتی ئیسلامییەوە بۆ سیستمی عەلمانی، ئەمە لەکاتێکدا کەتورکیا یەکەمین دەوڵەتی بەئایین ئیسلامەو زۆرترین گۆڕانکاریی ریشەیی بۆ چەسپاندنی سیستمی عەلمانی، لەناو دەستورو لەناو یاساکانو لەناو پرۆسەی پەروەردەو پرۆسەی خوێندنو لەناو کولتورو مەعریفەو کایە کۆمەڵایەتییەکانو سەرخانی کۆمەڵگەدا ئەنجامداوە. لەپێش هەموو وڵاتەکانی تری جیهانی ئیسلامییەوەو زیاتر لەهەموویان هەنگاوی پراکیتیکی ناوە بۆ بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەو جیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەتو لەدەوڵەت.

رەوتی ئیسلامی سیاسی لەتورکیا، هەرگیز ناتوانێ خۆی لەفۆرمو مۆدێلێکی وەکو بزوتنەوەی تاڵیبان، یان وەکو هێزو رێکخراوەکانی تری ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا بخاتەڕوو، چونکە کۆمەڵگەی تورکی ئەو جۆرە فۆرمو مۆدێلانە وەرناگرێو پەسەندی ناکاتو رەتی ئەکاتەوە. لەلایەکی تریش دەستوری تورکیا رێگە بەدروستبوونی پارتی ئیسلامی سیاسی نادات، لەهەمانکاتدا دامەزراوەی سەربازییو ژەنەڕاڵەکانی سوپا هەمیشە لەکەمینو بۆسەدان بۆ روبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەو مەترسییەك لەسەر دەستوری عەلمانی تورکیاو لەسەر پرنسیپی عەلمانی، کەیەکێکە لەپرنسیپەکانی کەمالیزم

لەتورکیا. لەلایەکیتر(پارتی دادو گەشەپێدان)، بەرهەمو زادەی ناکۆکیو ململانێی ناوخۆیی ناو ئیسلامی سیاسی بوو لەتورکیا، کە لە(٤٠) ساڵی رابردوودا لەتورکیا بەناوی جیاجیاو لەقۆناغی جیاجیادا، سەریهەڵداوەو کاریکردووە.(پارتی دادو گەشەپێدان) درێژبوونەوەی باڵی نوێخوازو نەوەی تازەی ناو(پارتی فەزیلە)بوو، ئەو نەوە نوێیەی، کەپێیانوابوو ئیتر ئەبێ بەرێبازێکی واقیعیو پراگماتیزمی دوور لەدروشمبازیی کاربکەنو خۆیان بپارێزن لەپێشێلکردنی دەستوری تورکیاو دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ دامەزراوەی سەربازییو ژەنەراڵەکانی سوپا، لەهەمانکاتدا بەپێویستیانزانی کۆمەڵگەی تورکیا ئارامو دڵنیا بکەنەوە لەو ترسو گومانو نیگەرانییەی، کەبەهۆی هەڕەشەو مەترسییەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسییەوە دروستبووە لەلایان. لەلایەکی تریش ترسو نیگەرانییەکانی یەکێتی ئەوروپا برەوێننەوەو دڵنیایان بکەنەوە، کەئەوان پارتێکی ئیسلامی سیاسی نین، لەچەشنی پارتەکانی تری ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامییدا، بەڵکو بریتین لەپارتێکی دیموکراسیو عەلمانی بۆ خەڵکانێکی ئایینپەروەر، تاکو قایل بێن تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

ئەپرسم ئایا واقیعی کۆمەڵگەی کوردیو سیستمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان، دەقاودەق لەکۆمەڵگەی تورکیو دەوڵەتی تورکیا ئەچێ، تاکو هەمان ئەزموون تیایدا دووبارە ببێتەوە؟ یان ئایا لەناو ریزەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا ناکۆکیو ململانێیەکی ناوخۆیی دیارو پەرەسەندوو لەنێوان(نەوەی نوێ)و(نەوەی کۆن)هەیە؟ یان ئایا ئیرادەیەك هەیە بۆ جیاکردنەوەی(ئیمان) لە(ئایدیۆلۆژیا)و لەخۆدامالینی شەرعییەتی ئایینیو سەپاندنی ئیرادەی عەقڵ بەسەر ئیرادەی پابەندبوون بەدەقەکان؟ یان ئایا ئیرادە هەیە بۆ رەواندنەوەی ترسو گومانو نیگەرانییەکان لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی، کەچاوەڕێ ئەکرێو پێشبینی ئەکرێ رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکۆمەڵگەدا بیخولقێنێ؟ ئایا پێشبینی ئەکرێ مەلاو کەسایەتییە ئایینیەکانو عەمامە بەسەرەکان لەناو رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا،

هەروا بەئاسانیو بەخێراییو بەبێ گرفت لەلایەن توێژی لاوانو سەر رووتو ئەفەندییەکانەوە جێیان پێلێژ بکرێ؟

لەچەند سالّی رابردوودا لەناو بەشێك لەئەندامو کادیرە گەنجو سەر رووتو ئەفەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامییدا، کە لەژێر کاریگەریی ئەزموونی(پارتی دادو گەشەپێدان)دا بوون مقۆمقۆیەك هەبوو، بۆ سوود لێوەرگرتنو گواستنەوەی رێبازو ئەزموونی کارکردنی ئەو پارتە بۆ ناو رێکخراوەکەی خۆیان، بەلاّم هەر زوو شکستیان خواردو هەولّەکەیان لەبارچوو، بەهۆی کۆسپی نەوەی دێرینو مەلاکانو خاوبوونەوەی هەندێ لەوانەی، کەئەیانوویست پێشرەوایەتی ئەو مەیلو ئاراستەیە بکەن، پاشئەوەی کەئەوانیش بوونە ئەندامی شورای ناوەندیو(م.س)و داخلی ناو بازنەی(نەوەی کۆنی ئەزموونیدەو دەسەلاّتدار)بوون. من لەم نزیکانەدا پێشبینی کارێکی لەو جۆرە ناکەم، چونکە لەبنەڕەتدا ئیرادەکەزۆر لاوازە، ئەگەر هەشبێ ئەوا لەناو خودی رەوتی ئیسلامی سیاسییدا روبەرووی نەیارو دژو کۆسپی زۆر ئەبێتەوە، لەهەمانکاتدا پێشرەوایەتیکردنەکەی کارێکی قورسە، ئەمە بەدەر لەوەی، کە لەرووی زهنیو لەرووی زەرورەی سیاسییەوە هێشتا ئەو وەرچەرخانە پێنەگەیشتووە، بەلاّم ئەگەر بۆ ئەم خولەی هەلّبژاردنو خولی داهاتوو رەوتی ئیسلامی سیاسی لەچوارچێوەیەکی پەراوێزیدا مایەوەو دەرکەوت، کە لەقەیرانی قولّدایە، ئەوکاتە پێشبینی ئەکرێ زەمینەیەك دروستببێ بۆ دروستبوونی ئاراستە، یان رەوتێك، یان پارتێك لەنەوەی نوێی ئیسلامی سیاسی، کەتیایدا بانگەشە بۆ کرانەوەو شکاندنی بەستەلّەکی بیرو جیاکردنەوەی(ئیمان) لە(ئایدیۆلۆژیا)و ئازادیو دیموکراسیو پێکەوەژیانی ئاشتییانەو خۆگونجاندن لەگەلّ رەوتو سیستمی عەلمانی بکەنو هیچ پاشگرێکی ئیسلامی نەخەنە کۆتایی ناوەکەیانو بەرگی ئایینی لەخۆیان دابمالّن.

**سەلام عەبدولکەریم: هەندێ جار بۆ تۆمەتبارکردنی بەڕێزتان دەوترێ، کەزانیارییەکانتان لەسەر ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، زانیاری هەواڵگریین نەك زانستیو بابەتی، وەڵامی تۆ بۆ ئەم تۆمەتبارکردنە چییە؟**

نیاز سەعید: هەر نوسەر، یان توێژەرێکی پسپۆڕ، لەکاتی ئیشکردن لەبوارەکەی خۆیدا یەکێك لەئەرکەکانی بریتییە لەپەیداکردنو کۆکردنەوەی زانیاری پێویستو ڕێکخستنی ئەو زانیارییانەو بەکارهێنانیان بۆ کاتی نوسینو توێژینەوە، یان بۆ کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنو پێشکەشکردنی کۆڕو موحازەرە. ئەمڕۆ باوی نووسینی ووتاری ئینشائییو نوسینی وتاری پەخشانئامێزی دوور لەناوەڕۆکی زانیاریو مەعریفە نەماوە. پێموایە ئەو جۆرە نووسینو وتارانە لەئێستادا کەمترین خوێنەریان هەیە، چونکە نووسینی وتاری ئینشائییو پەخشانە وتار هیچ ئیزافەیەك ناخاتە سەر خەرمانی کولتورو مەعریفەو هیچ زانیارییەك ناخاتە ناو گەنجینەی زانیاری خوێنەران.

خوێنەری ئەمڕۆ چاوەڕێی خستنەڕووی زانیاری راستو ورد لەنووسەرانو توێژەران ئەکا، یان چاوەڕێی شیکردنەوەی زانستیو لێکدانەوەی بابەتیو لۆژیکی ئەکا لەسەر بنەمای زانیاری راستو دروست. ئەگەر نووسەر، یان توێژەر نەتوانێ زانیاری ووردو مەعریفەی راستو ووردەکاریی رووداوو هەواڵە کاریگەرەکان، لەبوارەکەی خۆیدا کۆبکاتەوەو تاوتوێ بکات، چۆن ئەتوانێ شیکردنەوەی زانستی ئەنجامبدا؟! شیکردنەوەی زانستی بەدەستەواژەی(رەنگە)و(پێدەچێ)و(پێدەچوو)، ئەنجامنادرێ، کەئەمڕۆ هەندێ نووسەر، لەپرۆسەی شیکردنەوەدا پەیڕەوی ئەکا، ئەگەر پرۆسەی شیکردنەوە، لەسەر بنەمای زانیاری هەڵە، یان هەبوونی کەمو کوڕییو کەلێنی زانیاری ئەنجامدرا، بەدڵنیاییەوە ئەو نووسینە، یان ئەو توێژینەوەیە بەو شیکردنەوە هەڵەیەوە ئەبێتە نووسینێکی نابابەتیو نازانستیو کرچوکاڵو بێپێز.

لەم سۆنگەیەوە نووسەر، یان توێژەر، ئەبێ هەوڵبدا بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییو هەواڵو مەعریفەو بەڵگەنامەو بڵاوکراوەو سەرچاوەو ئەدەبیاتێك،

کەپەیوەندی بەو بوارەی خۆیەوە هەیە، کەکاری تیا ئەکات. لەم رووەوە دوو رێگای سەرەکی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵو مەعریفەو بەڵگەنامەو بڵاوکراوەو ئەدەبیات، رێگایەکیان بریتییە لەپشتبەستن بەهۆکارو سەرچاوە ئاشکراکان، لەنموونەی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبی بڵاوکراوەو تەلەفزیۆنو رادیۆو ئینتەرنێتو... هتد، واتە ئەو هۆکارانەی، کەبەئاشکرا لەبەردەستو لەبەرچاوی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەو هەموو کەس ئەتوانێ دەستی پێیبگاتو بەکاریبهێنێو راستەوخۆ سوودیان لێوەربگرێ. رێگای دووەمیش بریتییە لەرێگای پشتبەستن بەهۆکارو سەرچاوەی نهێنی، رێگای دووەم زۆر پێویستە، بەتایبەتی بۆ ئەو کاتەی کەنووسەر، یان توێژەر ناتوانێ ئەو زانیاریو بەڵگەنامەو هەواڵو مەعریفەو ئەدەبیاتەی، کەمەبەستێتی لەهۆکارو سەرچاوە ئاشکراکانی زانیاریو مەعریفەدا بەدەستیبهێنێ، لەبەر پێویستێتی ناچار ئەبێ پشت بەهۆکارو سەرچاوەی نهێنی ببەستێ بۆ بەدەستهێنانیان، بەتایبەتی کەهەندێ زانیاریو بەڵگەنامەو ئەدەبیاتو هەواڵی ناوخۆیی پێویستی بەشاردنەوە هەیە، یان لەچوارچێوەو سنوورێکی زۆر تەسکو دیاریکراودا تەداوول ئەکرێن، نەبوونیان لەنووسینو توێژینەوەدا کەلێنو بۆشایی ئەخاتەوە.

سوودوەرگرتن لەزانیاری سەرچاوە نهێنییەکانی زانیاریسو مەعریفە ناچێتە خانەی تۆمەتبارکردنەوەو مایەی نیگەرانی نییە، بەڵکو ئەبێتە ئاماژە بۆ ماندوویيو پەرۆشییو جدییەتی نووسەرو توێژەر، لەهەمانکاتدا ئەم رێگایە رێگایەکی رەوایە بەتایبەتی بۆ ناسینو تێگەیشتن لەدیوی ناوەوەو دۆزینەوەی رووی راستەقینەی شتەکان، بۆ نموونە ئەگەر من گوێ لەدەیان کاسێتی ڤیدیۆییو کاسێتی ریکۆردەری وتاری مەلاکرێکار نەگرم، کە لەزۆربەی هاوسۆزو لایەنگرەکانی خۆی زیاتر گوێم لێگرتووە، سەرەرای خوێندنەوەی زۆرینەی نووسینو چاوپێکەوتنەکانی، چۆن ئەتوانم لێی تێبگەمو لێی شارەزابمو ئاشنابم بەدیدو بۆچوونو بیروراکانی، یان ئەگەر هەرچی بڵاوکراوەو ئەدەبیاتێکی رەوتی ئیسلامی سیاسی، کەهەیە لەکوردستاندا نەخوێنمەوە، یان چاوی پیانەخشێنم،

لەهەمانکاتدا هەڵینەگرمو کۆی نەکەمەوە، چۆن ئەتوانم لێیان شارەزاببم؟ من هەر بەتەنها لەسەر دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان نانووسمو چاوپێکەوتن ناکەم، بەڵکو لەسەر ئاستی گشتی بایەخم بەتوێژینەوە لەدیاردەی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا داوەو چەندین کتێبو ناملیکەو نووسینو چاوپێکەوتنو ژمارەیەکی زۆری موحازەرەم لەسەر لایەنی مێژوویی‌و لایەنی ئایدیۆلۆژیی‌و ناوەندەکانی ئیسلامی سیاسی لەجیهان لەنموونەوەی رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمینو رێکخراوی نێودەوڵەتی قاعیدەو دەوڵەتی سعودیە هەیە، بەهەمان شێوە لەسەر سیستمی عەلمانی‌و لەسەر دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەعێراق سوونەو شیعە هەریەکەیان بەجیا. هەزاران دەرچووی خولەکانی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالانو دەرچووانی چەندین خولی تر لەشوێنانی ترو تەنانەت لەناو هەندێ لەپارتو رێکخراوی عەلمانی تر، کەموحازەرەم پێشکەشکردوون ئاگادارنو شایەدیم بۆ ئەدەن، ئەگەر وانییە بایەکێك لەو هەزارانە، هەڵوێستەیە بکاتو بڵێ وانییەو وەڵامم بداتەوە.

لەلایەکیتر ئەتوانم بڵێم من هەموو جارێك بەبەردەوامی‌و بەرەهایی پشتم نەبەستووە، بەزانیاری هەواڵگریی، بەڵکو تەنها لەو کاتانەدا، کەزۆر پێویستم پێی بووە. ئەو زانیارییانەش بەپوختەکراویی‌و بەئامادەکراویی نەهاتۆتە بەردەستی من، بەڵکو بریتین لەزانیاری خامو پەرشوبڵاوو نارێکخراوو ناتەواوو هەمەجۆر، خۆم سۆراخووردبوونەوەو پشکنینو بەدواداچوونی زیاترم بۆ کردوونو لێکجیاکردوونەتەوەو رێکمخستوونو پوختەم کردوونو تێکەڵاومکردوون لەگەڵ ئەو زانیارییانەی تر، کە لەسەرچاوە ئاشکراکاندا کۆمکردۆتەوە، ئینجا بەشێوەیەکی بابەتی‌و زانستی بەکارمهێناوە، چ لەکاتی نووسین، یان لەکاتی چاوپێکەوتن، یان لەکاتی پێشکەشکردنی موحازەرەدا. هەروەها هیچ کاتێکیش ئەو زانیارییانەم بەپوختەکراویی‌و بەرێکخراویی‌و بەجیاکراوەیی‌و بەئامادەکراویی نەهاتۆتە بەردەست، بەڵکو خۆم پرۆسەی پشکنینو جیاکردنەوەو رێکخستنی ئەو زانیارییانەم ئەنجامداوە. لەم رووەوە

هەرکەسێك، ئەگەر بەڵگەیەك، یان زانیارییەکی لایە، کەگوایە(بەندە) ئەو زانیارییانەی بەئامادەکراویی‌و بەپوختەکراویی هاتۆتە بەردەست‌و هەوڵ‌و کۆششی کەسانی ترە، با بێمنەت بێ‌و دەریبخات‌و روونی بکاتەوە، بەپێچەوانەوە هەندێ جار زانیاری پوختەکراوو جیاکراوەو رێکخراوو سەر لەنوێ دارێژراو، کە لەسەردەستی(بەندە)وەکو راپۆرت، یان وەکو توێژینەوەی تایبەت، کەتەداوولکردنەکەی زۆر تایبەت‌و دیاریکراوو سنوورداربووە خراوەتە بەردەستی کەسانی تر. نووسەر هەیە لەگەڵ نووسینی تردا مۆنتاژی کردوون‌و بەکاری هێناون، بەڵام لەبەرئەوەی کەبەرهەم یان بابەتی ئامادەکراوی خۆی نەبووەو بەحازری خراوەتە بەردەستی لەمۆنتاژکردنی وتار، یان نووسینەکەدا کەوتووەتە ناکۆکی‌و هەڵەی زەقەوە.

ئەتوانم بڵێم ئەو تۆمەتبارکردنە زیاتر قسەی هەندێ لەو کەسانەیە، کە لەبواری ئیسلامی سیاسییدا، خۆیان بەرکابەرو ململانێکەری(بەندە)ئەزانن، با ئەو کەسانە هەوڵ بدەن بەململانێیەکی رەوا، بەپێشکەشکردنی بەرهەمی بەپێزو ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی بابەتی‌و زانستی بەسوود، نەك بەوەرگێران‌و تەقلیدو مۆنتاژکردنی چەندین نووسین‌و گواستنەوەو جووینەوەی بیروراکانی هەندێ لەنووسەرە عەلمانییەکانی جیهانی عەرەب بێنە مەیدانەکە، گۆرەپانەکەفراوانە، جێگای هەمووانی بەزیاوە تیا ئەبێتەوە، کەسیش دەستی کەسی کە لەپچە نەکردووە، تانەنووسێ، کەسیش زمان‌و دەمی کەسی تری قفڵ نەداوە تا لەوبارەیەوە نەدوێ، ئەگەر هەر کەسێکیش بیەوێ رەخنە لە(بەندە)بگرێ، ئەوا ئەو مافەی هەیەو با بەئازادانە رەخنەبگرێ‌و هەڵەکان راستبکاتەوە، یان هەڵەو نازانستێتی شیکردنەوەکان، لەناو چاوپێکەوتن‌و نووسین‌و توێژینەوەکاندا، بسەلمێنێ، یان کەلێن‌و کەموکورییەکان لەناو نووسین‌و چاوپێکەوتنەکاندا بخاتەروو، منیش لەپێشەکییدا سوپاسی ئەکەم‌و لەپاشەکییشدا لەکوێدا راستیکردبوو، دانی پیائەنێم‌و لەکوێشدا ویستبووی راستییەکان بەئاراستەی هەڵەدا بەرێ، ئەوا ناچارم بۆی راستبکەمەوە. مافی من‌و هەموو خوێنەرێکیشە

ئەگەر هەر کەسێکیتر وتارێکی بڵاوکردەوە، ئەو وتارە ئەگەر شایەنی رەخنەبوو، رەخنەی لێبگرین، بەتایبەتی ئەوکاتەی، کەوتارەکەپەیوەندی بەبوارە تایبەتمەندییەکەی منەوە هەبێو پربێ لەزانیاری هەڵەو کەموکوریىو کەلێنی زانیاریو شیکردنەوەی هەلەلەسەر بنەمای زانیاری هەڵەو لەسەر بنەمای رمڵ لێدان بە(رەنگە)و(پێدەچێ)و(پێدەچوو).

## بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نوسەر

– بزوتنەوەی شعوبیەت(گەلانی ناعەرەب)لەمێژووی ئیسلامدا، هۆكاری سەرهەڵدانو كاریگەرییەكانی، لێكۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوكردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیریی، سلێمانی، ٢٠٠٤ز.

– عوسمانییەكان، لەعوسمانی كوڕی ئەرتغرولەوە تاسوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم، پەیماننامەو جەنگەكان، وەرگێڕان، چاپی یەكەمو دووەم، بڵاوكراوەكانی خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

– مێژووی پێكهاتنو پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، لێكۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەكانی پرۆژەی كتێبی(كۆچ)، بەشی روناكبیریی سەنتەری روناكبیریی ئێلبەگی جاف، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

– موقەددەسو كولتور، ئیشكالیەتی بەریەككەوتنی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا، لێكۆڵینەوەی فیكری، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

– دەربارەی فەلسەفەی مێژوو... زانستی مێژوو، كۆمەڵە وتار، ئامادەكردنو وەرگێران. چاپی یەكەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩.

– ئازادی رادەربرین لەنێوان ئاینو ئازادیدا، گرفتی بەریەككەوتنی نێوان رۆشنبیرانو مامۆستایانی ئاینی لەكۆمەڵی كوردیدا، چاپی یەكەم، خانەی چاپو پەخشی سایە، سلێمانی،٢٠٠٩.

– سیستمی پەروەردەیی لەوڵاتانی ئەسكەندەنافیا، سوید، نەرویژ، دانیمارك،وەرگێران، خانەی چاپو پەخشی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩.

– چەردەیەك لەوكولتوری دیموكارسیی ئەمریكا، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩.

–گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، لێكۆڵینەوەو وتووێژ، چاپی یەكەم، لەبڵاوكراوەكانی خانەی رەهەند، ٢٠٠٩.

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆچاپ

– لەبارەی رۆژهەڵاتناسییو كوردناسییەوە، ئامادەكردن.
– گوتاری دەسەڵاتخوازی ئیسلامیو گرفتی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئاینی، لێكۆڵینەوە.
– هەوڵە روناكبیرییەكانم لەبارەی رۆژهەڵاتناسییەوە، ئامادەكردنو وەرگێڕان.